
# ڕێگایەك بە كوردستاندا

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ا. م. هاملتن

# رێگایەك بە كوردستاندا

پێشەكی: مێجەر جەنەرال رەوان رۆبنسن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
د. عەلی عەبدولڕەحمان عەسكەری

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٣

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **رێگایەك بە کوردستاندا**
- ا. م. هاملتن
- پێشەکی: مێجەر جەنەراڵ رەوان رۆبنسن
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری
- نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر
- بەرگ: هۆگر صدیق
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٣
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەراتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٨٣٢) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٧٤٩)**

**هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست

سوپاس و پێزانین......................................................................... ٩

پێشەکی وەرگێڕ........................................................................... ٢٥

پێشەکیی مێجەر جەنەراڵ رەوان رۆبنسن ........................................................ ٣١

پێشەکی نووسەر بۆ چاپی نوێ ................................................................ ٣٣

بەشی یەکەم: وڵاتێکی پڕ لە ئاشوبی ئەبەدی...................................................... ٣٣

بەشی دووەم: دیوانیە ...................................................................... ٣٣

بەشی سێیەم: بەرەو باکوور بۆ شاخەکان........................................................ ٣٣

بەشی چوارەم: رێگاکە ..................................................................... ٣٣

بەشی پێنجەم: کامپەکەی سپیلك ............................................................ ٣٣

بەشی شەشەم: حەمەدەشینی جەردە .......................................................... ٣٣

بەشی حەوتەم: پیاوانی خۆرهەڵاتی ناوی‌ڕاست .................................................. ٣٣

بەشی هەشتەم: قشڵەکانی سەر سنوور ......................................................... ٣٣

بەشی نۆیەم: پیاوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ...................................................... ٣٣

بەشی دەیەم: قوڵایی دۆڵەکە ................................................................ ٣٣

بەشی یازدەیەم: کاری ...................................................................... ٣٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣
بەشی ........ ٣٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سوپاس و پێزانین

لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە دڵەوە زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە بکەم کە هاوکاریی بێ دریغیان کرد لە بە چاپگەیاندنی ئەم کتێبەدا، بە تایبەتی هەردوو برایانی بەرێزم نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵاو حەسەن یاسین، کە دڵسۆزانە لە رووی زمانەوانییەوە بە دەستنووسەکەدا چوونەوەو ئەوەندەی دەرفەتیان هەبووبێ راستیان کردۆتەوە. بێ گومان ئێستاش هەر هەڵەیەک بەرچاو بکەوێت لە ئەستۆی خۆمدایە. هەروەها زۆر سوپاسی کاکە چێنەر وەفایی هونەرمەند دەکەم، کە شەونخوونی کرد لە تایپ کردنی کتێبەکەدا. سوپاسی تایبەتیش ئاراستەی کاکە هاوار نەسرەدین دەکەم، کە لە لایەکەوە وردبینیو هەڵەچنی لە ئەستۆگرت، لە لایەکیتریشەوە چووە ژێر باری سەرپەرشتیو بە چاپ گەیاندنی کتێبەکە. لێرەدا جێگای خۆیەتی سوپاسی دڵسۆزانە ئاراستەی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی بکەم، کە ئەرکی لە چاپدانو بڵاوکردنەوەیان لە ئەستۆگرت. لە کۆتاییدا سوپاسی تایبەتیم ئاراستەی بەرێز ئەحمەد کاکەحەمە (هۆشمەند) دەکەم، کە دەربەستانە بووە رێگا نیشاندەر بۆ بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە.

**هیوادارم نموونەی ئەو دڵسۆزانە هەمیشە زۆر بن**

**دکتۆر عەلی عەسکەری**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکیی وەرگێڕ

چۆن‌و بۆچی ئەم کارەم ئەنجامدا؟

لەو چەند ساڵەی لە هۆڵەندا بووم وەک پەنابەر لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانماندا من‌و خوالێخۆشبوو د. خەسرەو غەنی شاڵی باسی ئەوەمان کرد چۆن کات دەبەینە سەر. لە وەڵامدا د. خەسرەو گوتی:

"ـ من خەریکی وەرگێڕانی پەرتوکم بۆ کوردی."

منیش گوتم:

"ـ بەلامەوە ئەمە باشترین کارە بۆ خۆ خافلاندن‌و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، چونکە گەنجانی کورد وردە وردە کەمتر فێری زمانی عەرەبی دەبن، کە کتێبخانەکانیان گەلێک لە هی کورد دەوڵەمەندترن."

لە سەر بابەتەکە رۆیشتین‌و گوتم:

"ـ خۆزگە شتێکی وەهاش دەبوو، کە من خۆمی پێوە خەریک بکەم."

د. خەسرەو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "ـ من پەرتوکێکی زۆر چاکم هەیە بۆ دەستی پێناکەی؟"

ئەوەش پەرتوکە بەناوبانگەکەی هاملتنە، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٢ لە عێراقدا کاری ئەندازیاریی کردووە، رێگا بەناوبانگەکەی هاملتنی ئەنجامداوە، کە لە هەولێرەوە بۆ حاجی ئۆمەرانە. ئەم پەرتوکە لە سەر چۆنێتیی دروستکردنی رێگاکەیەو ژیانی کوردەواریی ئەو کاتەیە. بە سوپاسەوە پەرتوکەکەم لێ وەرگرت‌و کۆپیم کردو دەستم بە وەرگێڕانی کرد. لە ساڵی ٢٠٠٥دا گەڕانەوەم بۆ کوردستان‌و بۆ زانکۆی سلێمانی‌و دەستپێکردنم بە دامەزراندنی کۆلێجی دەرمانسازی، سەرقاڵیم دەرفەتی نەدام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ كاری رۆشنبیریی. دوای خانەنشینیم لە ساڵی ٢٠٠٨دا سۆزی كار جارێكیتر بە هانامەوە هات، بە گوێمدا چرپاندی:

"- با شتێك لە دوای خۆتدا بۆ نەتەوەكەت بەجێ بهێڵیت، بە دوور لەوانەی كردووتنو نادیارن."

سەد هەزار سڵاو لە گیانی پاكی دكتۆر خەسرەو شاڵیو ئەندازیار هاملتن بێت.

ئەم رەنجە بچووكەش پێشكەش بە گەنجانی كورد دەكەم بۆ ئەوەی لە سەرچاوەیەكی پاكەوە بەشێك لە مێژووە تاڵەكەی نەتەوەو نیشتمانەكەیان بزاننو بۆیان دەركەوێت، كە ئەو قسەو قسەلۆكانەی دەربارەی شێخی نەمر كراون، لە لایەن ناحەزانو نەفامەكانەوە هەڵبەستراون؛ هەمووی پووچو پووچەڵن.

هیوادارم بەم كارەم توانیبێتم بەردێكم لە سەر تەلاری رۆشنبیریی كوردی دانابێت.

**دكتۆر عەلی عەسكەری**

**سلێمانی - ٢٠١٢**



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکیی مێجەر جەنەراڵ روان رۆبنسن

رێگای هاملتن لە ئەربیلای ئەسکەندەرەوە دەست پێدەکاتو بە نیشتەجێی سەلاحەدیندا تێدەپەڕێت ((دیارە نوسەر مەبەستی هەوارگەی سەلاحەدینە. وەرگێڕ)) هەتا دەگاتە بەرزاییەکانی ئێران. جێ پێگەیەکی ئەندازیاری نایابەو دۆڵی رەواندوزو بەرسرین دەبڕێت، کە دوو بەرگری لە ئەندازە بەدەرن‌و لەوانەیە ئەو سەرکێشانەی ترساندبێت، کە هەرچەندە بە نوێ‌ترین چەک‌و کەرەستەی ئەو سەردەمەوە بە پاڵپشتی لەشکرێکی کاریگەرو لێزانەوە هەوڵی بڕینیان دابێت.

بەڵام هێژا هاملتن، کە تەنها ئەوروپایی بوو لە ناو تاقمێکداو بەکەرەستەیەکی زۆر ساکارەوەئەبوو تاقمەکەی فێری تەقاندنەوەی گردەکان‌و دروستکردنی رێگاکە بکات. ئەو بە تەنها توانی قووڵیی دۆڵەکان بپشکنێت‌و رێگای دەرباز بدۆزێتەوە. بەتەنها ئەبوو سەرپەرشتیار بێت‌و پارەو خواردن‌و پێداویستییەکانی تاقمەکەی دابین بکات. ئەو لە هەمان کاتدا سەرکردەو باوک‌و میکانیکی بوو. نزیک بە پێنج ساڵ لە ژێر گەرمای خۆرەتاویهاویندا‌و زوقم‌و سەرماو سۆڵەی زستاندا بە تەنها لە ناو خێڵە دڕندەکاندا توانی رۆڵێکی باش ببینێت لە تەواوکردنی ئەم کارە مەزنە. من بەختەوەرم بە ناسینی لە کاتی شەڕەکانی کوردستاندا. لە کاتێکدا لە هەموو ناوچەیەک زیاتر سەرکێشی‌و ئاژاوە لەوێدا پەرەیان سەندبوو، کە کوردەکان دژی عەرەبەکان لە شەڕدا بوون‌و کورد کوردی دەکوشت‌و لە کاتێکدا لە دەرەوە کامپێک یان گوندێک هەموو پیاوێک دڵی لە سەر دەستی بوو، هەتا ددانیشی ببوو بە چەک، ئا لەو کاتانەدا ئاشتی‌و ئاسوودەیی باڵیان کێشابوو بەسەر درێژایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگاکەی، کە هاملّتن دروستی دەکرد. ئەو کۆکراوە هەڕەمەکییەی لە ئێرانیو کوردو ئاسوریو عەرەب پێک هاتبوو، بەبێ چەک دەسوڕانەوە. بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت ئەو توانی لە ڕێگای ئامانجە ماددیەکەیەوە بەسەر شەڕێکی ئەخلاقیدا سەرکەوێت.

سەرکردەییو لێزانینو هەستی دادپەروەریو خەمخۆریو پێویستییەکانی تاقمەکەی بوونەتە هۆی ڕێزلێگرتنی، کە بەبێ ئەمەش کارەکەی سەرنەدەکەوت. بەڵام لە سەرێکیشەوە، کە هیچ نەبێت سەرپەرشتیکردنی ئەو کارێکی زۆری کردە سەر ئەو خێڵە دڕندانە. نیوزلاند دەبێت سەربەرزبێت بە کاری یەکێک لە ڕۆڵەکانی لەدەرەوەی سنوری وڵاتەکەیاندا. بەشەکانی xxو xxlپێویستە هەندێک بە جیاوازیەوە بخوێندرێنەوە، چونکە هاملّتن لە نزیکەوە لەگەڵ ئاسورییەکاندا دەژیاو بە قوڵی هەستی بە لێقەوماویان دەکرد. چارەسەرکردنی کێشەی ئاسورییەکان پەیوەندی بە دەوڵەتی عێراقو بەریتانییەوە هەیە، بەڵام ئێمە بە روونیی بەرپرسیارین بەرانبەر ئەو هاوپەیمانە کۆنانەمان. ئێستا، کە نەخشەی ئۆرۆنتیس(Orontes) ((خۆرهەڵاتی ناوەراست . وەرگێر)) تێک شکاوە، ئێمە هەست بە ئارامی ناکەین هەتاکو وڵاتیکی بەجێیان بۆ دروست دەکەین.

**هـ روان. روبنسن**
**١٩٣٧**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی نووسەر بۆ چاپی نوێ

من دەمەوێت وەهای بهێنمە پێش چاوی خۆم، کە پەرتووکی ڕێگایەک بە کوردستاندا، کە بیست ساڵ لەمەو پێش چاپکرا، بووە هۆی تەقینەوەیەکی تەکنەلۆجیو باشکردنی باری ژیانی خەڵکان، کە ئێستا لە عێراقدا دەستی پێکردووە، ئەویش دوای دەرهێنانی نەوتو بەکارهێنانی. وابزانم ئێستا برسیێتی لە عێراقدا شتێکی بەسەرچووە، مەترسیی لافاو دابینکراوە، ئەگەر بێتو ئێستا سەردانی ڕێگای ڕەواندوز بکەیت، پێویست ناکات لە چادردا، یان لە خانوویەکی بەردو قوڕدا بژییتو مارو دووپشک ئارامت لێ هەڵبگرن. ئێستا ئوتێلی پڕ کەرەستەو توفاق دروست کراون. لەو شوێنە دوورانەی لە جیاتیی گوێدرێژو هێستر ئێستا ئۆتۆمبێل بە خێراییو بە ئیسراحەت خەڵک دەگوازێتەوە، بیابانی چۆڵو خۆرەتاوی هەڵقرچێنەرو بای گڕە ئێستا هیچتر جێگای ناڕەحەتیو مەترسی نین.

چرای عەلائەدین دەستی لێهەڵگیراوەو ئەو کانزای نەوتەییە، کە دایکە زەوی بەمرۆڤی بەخشیووە، ئێستا بە فیچقە دێتە دەرێو بیابانیش بە ناچاری سەری خۆی شۆڕکردووەو رووی کردۆتە بەخشەکانی سروشتو بووەتە باخێکی پڕ لە گوڵو گوڵزار.

موعجیزەیەکی ئەم ڕۆژانەیەو ئێمەش، کە لەگەڵیاندا دەژینو لە هێنانە کایەوەیدا بەشدارین، کەچی ناتوانین لە روویەکی راستیەوە ببینین. بەڵام ئەگەر بێتو خۆمان دوور بگرینو تەماشای ئێوەی گشتی بکەین، لەوەش زیاتر، کە بەریتانیا هەوڵی بۆ دەدات، دەبینین کەوا بەکارهێنانی ئەو سامانە بەشداری بەریتانیا دەردەخات بۆ کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی عێراق، کە چۆن پێکەوە کار بکەنو بەری سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیان بە ئاشتی پێکەوە بخۆن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سامانێکی بێسنوورو توانای پێکەوە ژیانی هەردووک سوود بەخشن‌و بێ ئەندازەن‌و ئەم دوو موعجیزەیە پێکەوە شێوەیەکی مۆدێرن دەردەخەن، کە لە مێژوودا تاکە. من، کە لە ساڵی ١٩٢٧دا چووم بۆ عێراق، دیتم لە دوژمنایەتییەکی سەدەییدان‌و لە سەر عەردێکی وێرانە شەڕدەکەن. ئەم فەلسەفەیە بەری توسە کۆنەکانە، کە داوای تۆڵەی چاو بە چاوو ددان بە ددان دەکات‌و هەمیشە دوبارە دەبێتەوەو باسی لێوە دەکرێت.

ئێستا لە عێراقدا هەست بە سووانێکی ئایینی‌و خێڵەکی دەکرێت. ئەمەش جێ خۆشکەرێکە بۆ هەستی یەکێتی نێوان مەسیحییەکان‌و موسوڵمانەکان، کوردەکان‌و ئاسوورییەکان‌و کوردەکان‌و عەرەبەکان. جولەکەکان ئێستاش لە بازرگانە کاراکانی عێراقن، کە هەموویان نەیانتوانیوە کۆچ بکەن بۆ فەلەستین‌و لە ژێر سێبەرێکی ترسدا دەژین، چونکە خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێ بڕوان‌و مەترسییان هەیە لە دەوڵەتی سەهیونی ئیسرائیل. لە سەردانێکی نوێدا بۆ عێراق گفتوگۆم لەگەڵ چەند وەزیرو سەرکردەیەکی عێراقدا کرد، کە زۆر جار دڵتەنگی خۆیان دەردەبڕی بەرامبەر ئەو کۆمەڵگا نوێیەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. من لێرەدا هەستی گشتی عەرەب دەست نیشان دەکەم، چونکە ئەمە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر پەیوەندی ئێمەو عێراق‌و خاڵێکی گرنگە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

تۆ ناتوانیت بچیت بۆ عێراق ئەگەر بێت‌و لە سەر پاسەپۆرتەکەت ڤیزەی ئیسرائیلت هەبێت. ئەمەش بەشێکە لە شەڕی سارد دژی ئەوانەی، کە بە هێزێکی نامۆ لە قەڵەم دەدرێن. یەکێک لە سەرکردەکانی عێراق، کە خۆی کورد بوو، هەموو هەستەکەی لە یەک رستەدا کۆکردەوەو گوتی: "ئەگەر بەریتانیا یان هەر دەوڵەتێکی‌تر بیەوێ دۆستی عەرەب بێت دەبێ یارمەتی ئیسرائیل نەدات". دوای لە سەری رۆشت‌و گوتی: "بەریتانیا خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لە دەستداوە بەهۆی یارمەتیدانی ئیسرائیلەوە". ئەمەش بۆچوونێکی توندو ئاشکرایە. من پرسیم: ئایا هەر یارمەتی چەک بووەتە هۆی مەترسی یان کاری بازرگانیش؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵامی ئەوەبوو، کە بڕواپێکردنو بەتایبەتیش هەرچی یارمەتیدانێک بێت، چەک بێت یان شتێکیتر، کە ببێتە هۆی زیادکردنی توانای شەڕی ئیسرائیل دژی یەکگرتویی عەرەب. هەروەها روونی کردەوە، کە ئەم دژایەتییە پەیوەندی نییە بە نا مەژی نێوان بەشە جیاجیاکانی جیهانی عەرەبەوە.

هەرچەندە ئێمە هیوامان پێچەوانەی ئەوەش بێت، بەڵام ئەم هەستە هیچ پەیوەندیەکی نییە بەسەرکردەیەکی دیاریکراوی فەرمانڕەواوە، ئایا سەرکردەی جیاوازی وەک کۆلۆنێل ناسری میسربێت یان جەنەڕاڵ نوری سەعیدی عێراق، یان هەرکەسێکیتربێت جێگەیان بگرێتەوە. ئەم هەستە هی خەڵکی عەرەبە.ترسەکەیان ئەوەیە، کە دەوڵەتی نوێی زایۆنی بە پاڵپشتی سەرمایەی خۆرئاواوە، هەوڵی ئەوە دەدات، کە سوپاکەی باڵاتربێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دەست بەسەراگرتنی سامانە نوێیەکەی نەوتو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها میسریش ترسی لەوەیە، کە دابینکردنی کەناڵی سوێسی بچێتە ژێر دەستی ئیسرائیلەوەو ئەمەش وەها دەگەیەنێت، کە عەرەبەکان یەکڕان لە سەر ئەوەی ((دەبێت توانای سوپای ئیسرائیل لە پلەیەکی دەست بەسەردا گیراودا بێتو ئامانجی ئیسرائیل روون بکرێتەوەو کۆچ بۆ ئیسرائیل کۆنترۆڵ بکرێت)).

لەوانەیە بۆ گەلێک لە ئێمەمانان ئەم ترسەی عەرەب وەک دەردەکەوێت بێ مەعنا بێتو عەرەبەکانو دۆستەکانیان دواکەوتوونو کەللە ڕەقن، بەڵام ئایا هیچی تێدا هەیە، کە ئەوان وەها هەست بکەن؟ هیچی تێدا نەبوو کاتێک، کە سەدەیەک لەمەو پێش بەریتانیا سەرچاوەی جیهان بووو پشتی بە خەڵوزی بەردینی خۆی قایم بوو بۆ سوتەمەنی، بەڵام وەرچەرخانی رۆژگار لەگەڵ کاری کوشندەی ئەوانەی نەوتیان دۆزییەوەو هێنایانە کایەوە وەهای کرد، کە ئەو هەستەی عەرەب، کە باسمان کرد، ئەمڕۆ بتوانێت کاریگەر بێت لە سەر ئەوروپاو وڵاتانی کۆلۆنویال. عەرەب ئەمە باش دەزانێت هەرچەندەش ئێمە خۆمانی لێ گێل بکەین.

داخستنی کەناڵی سوێس زیاتر لەوەی، کە داڵخەی ناسر بێت، نیشانەی توڕەیی عەرەبە، کە ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەستی پێ دەکرێت.هەروەها نیشانەی توانای عەرەبە بۆ یەکگرتن لە سەر ئەو شتانەی، کە کاری مەترسیدارن. پەلاماردانی ئیسرائیل بۆ کەنالی سوێس لە ساڵی ١٩٥٦دا بە پاڵپشتی خۆرئاواوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووه هۆی بەرەنگارییەکی تەواوی عەرەب‌و پاشەکشێی هێزی بەریتانی‌و فەرەنسی. ئەم پاڵپشتیەی ئیسرائیلیش بووە هۆی ئەوەی، کە بۆ یەکەمجار روسیا جێ پێی خۆی خۆش بکات لە سوریاو میسردا. خاڵە تاڵەکە ئەوەیە، کە ئاژانسی دەنگوباسی خۆرئاوایی بە شێوەیەکی ئاسایی هەر بۆچونێکی خۆی هەبێت زۆر بە واڵایی ئاشکرای دەکات، خەڵکانیش بێ ئاگان لەوەی، کە پێویستە بۆچونی عەرەب بزاندرێت. دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە ئەمڕۆ ئێمە زیاتر لە جاران پشتمان بە ئالوگۆڕی بازرگانی بەستووە لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا، لەبەر ئەوەی نەوتی ئەوان بەکاردەهێنین‌و هاوکارن لە گەلماندا بۆ گوزەری کەشتیەکانمان لە دەریاو زۆربەی ڕێگەوبان‌و گواستنەوەی شەمەندەفەرو بابەتی نوێی کارخانەو کشتوکاڵ‌و ئارامی‌و خۆشی ناوماڵ‌و دروستکردنی پلاستیک‌و پێداویستی پاکژی‌و بابەتی زۆر، کە هەمووی بەهۆی نەوتەوەیە. جودا لەو پەڵە هەورەی ئیسرائیل، کە باڵی کێشاوە بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا لە لەپی دەست گەورەتر بووەو بەریتانیاش هەر بە ئەوە خەتابار دەکرێت، کە لە پرەنسیپی خۆی لایداوە بەرامبەر بە عەرەب. من بڕوام وایە، کە یارمەتی‌و ئامۆژگارییەکانی بەریتانیا بۆ عێراق بەفیڕۆ نەچووەو پێڕەوی دەکرێت‌و عێراقییەکان خەڵکانێکی زیرەکن‌و فێری ئەو توانای خۆڕاگرتنە بوون، کە شێوەی ژیانی ئێمە هێناویەتە کایەوە.

نابێت ئەوە لە بیر بکەین، کە دوورگە بچوکەکەی بەریتانیا کلیلی جادوویی لە هیندوستان‌و میسرو عێراقدا بەکارهێنا. حوکمی کۆلۆنیالی‌و ئیمپریالی بێت یان نا، راستییەکەی ئەوەیە، کە رۆڵی بەریتانیا زۆر کاریگەرەو سود بەخشێکی هەمیشەییەو بۆتە هۆی پێشکەوتنی جیهان.

ئەمانەش ئێستا سێ وڵاتی بەناوبانگن‌و ئەگەر ئەم پەرتوکە نمونەیەکی هەڵسوکەوت پیشان بدات، کە گەیشتۆتە پلەیەکی پێگەیشتوو لەگەڵ ئامانج‌و بیروڕای بوونمان لەم وڵاتانەدا، ئەوا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بیروڕایەکە سەرکەوتوو بووە. دەبێت ئێمە سەرمان لەوە سوورِ نەمینێت، کە پاشگەزبوونەوەیەک هەبێت لە دژە وەستانی کۆلۆنیالی‌و داوای زیادکردنی بکرێت نەک کەمکردنەوەی، چونکە من هیوام وەهایە ئەم پەرتووکە ئەوە دەربخات، کە کاری ئێمە خزمەتێکی عادیلەنە بوو. ئەگەر کۆلۆنیالیزم نەبووایە کۆمەڵگا وەک ئێستا پەرەی نەدەسەند. لە هەموو تەنگو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەڵمەیەکدا، هاوکاری بێ ئەندازە لە نێوان پێشڕەوو کۆمەڵدا بەدی دەکرێت، لە بڕینی شاخو دەرخستنی سامانەکانی ژێر زەویدا. لە هەموو سامانێکیش بەرزتر ئەو تێگەیشتنەیە، کە دوستایەتی نێوان مرۆڤ سنوری دوورو نزیکی وڵاتان دەبڕێت. ئەمەش یەکێکە لە قسەکانی کپلنگ kipling، کە هەستێکی فەلسەفی قووڵ نیشان دەدات. ئەوانەی خزمەتی ئیمپراتۆری کۆلۆنیالییان کرد هیچ گوێیان نەدایە ستایشو زۆر جاریش هەر لەبەر خاتری کارەکانیان بوو، هەندێک لەو رۆحە تەکنیکیەی لە عێراقدا سەریهەڵداوە، توانای بێ هاوتای وەزیرانو پیاوانی دەوڵەتی ئێستا دەردەخات. زۆربەی ئەو لێپرسراوانەپیاوی گەنجو گەلێکیشیان دەرچووی زانکۆکانی بەریتانیان لە ئەندازیاری زانستو کشتوکاڵدا. هەندێکیش پەروەردەی تەکنیکی ئەمریکیو ئەوروپایین. زۆر کەم لە دەوڵەتانی جیهان توانیویانە وەک عێراق لە تەکنیکو زانستدا پێگەیشتووو سەرکەوتووبن. ئەم پێشکەوتنەش پێدەچێت هەر لە پەرەسەندندا بێت نەک کەم بوونەوە، بە مەرجێک ئەگەر بێتو ئارامیی ئابووریو ئاشتی لە جیهان بەردەوام بێت. بەڵام دەبێت لە بیرمان نەچێت، کە زۆربەی زۆری ئەو پرۆژانەی لە عێراقدا دەستیان پێکراوە، لە سەر فرۆشتنی نەوت راوەستاون، ئەمەش لە سەر ئاسایشی بۆڕییەکانی نەوتو ئەسکەلەی پالپێوەنەر راوەستاوە، کە بە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا تێدەپەڕن پێش ئەوەی بگەنە دەریای سپی ناوەڕاست. دەبێت ئەوەش بزاندرێت، کە بۆ عەرەبەکان چەند شتیک بە پارە ناکڕدرێت (جێنشینو جموجۆڵیان تێبداو مافی بە بەرهەم هێنانی سامانە سروشتیەکانیان) ئاو بۆ عەرەب مردنو ژیانە، چونکە وڵاتەکەیان ووشکو بیرونەو مافی خۆیانە ئاوی خۆیان بەکاربهێنن. عەرەبەکان دەیانەوێت، کە ئەو دەورەی ئەوان هەیانە لەگەڵ ئێمەدا، لە جیهاندا هەستی پێبکرێت، چونکە نەوت بووەتە پێویستییەکی سەرەکیو ئەوانیش رێیان لە فرۆشتنی نەگرتووە.

ئەگەر بێتو ئێمە رای خەڵکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست تێبگەین ئەوا ئێمەی خۆرئاوایی ئەگەر بمانەوێت دەتوانین پەیوەندی چاکترمان هەبێت لەگەڵ هەموو لایەکیاندا.

**A. M. Hamlton**

**Seven oaks. Kent. U.K 1958**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی یەکەم

## وڵاتێکی پڕ لە ئاشوبی ئەبەدی

ئەگەر بێتو پیاو لە هەر سوچێکەوە بەرەو شاری بەغداد بچێت، دیمەنی شارەکەی هەرگیز لە بیرناچێتەوە، کە لە ئاسۆیەکی بەریندا دەردەکەوێت. منارەی بەرزو لوولەی هەواکێشی کارگەکان بەسەر دارخورماکانو گومەزی مزگەوتاکاندا دەڕوانن. زۆر جاریش دووکەڵی خەست باڵی بەسەر شارە کۆنەکەدا دەکێشێت. لولەی هەواکێشی کارگەکانو منارەکان دیمەنێکی سەیریان پێکەوە هەیە، هەموو لارن، هەر یەک بەلایەکدا ((ئەو هەواکێشانە لولەی کارگەی دروستکردنی خشتی سوورەوەکراون، کە لە کاتی خۆیدا دەوروبەری بەغدادیان تەنیبوو.وەرگێڕ)). کاتێک گەرمای خۆر لە بیابان دەدات، سەراب هەموو شتێک بە ئاسماندا دەوەشێنێتو لە سەر هێڵی ئاسماندا دەلەرێتەوەو شەپۆل دەدات، وەک دورگەیەکی بەسەر ئاو کەوتوو دیار دەکەوێت، کە بەسەر زەویدا لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەسووڕێتەوە. هەتاکو ئەمڕۆش بەغدادبە نیوە نوێو بە نیوە کۆن وەک شارێکی سیحراوی کۆن دێتە بەرچاو.

کاتێک، کە پیاو وردە وردە نزیک دەبێتەوە ئەم کارتێکردنی بینابیە کەم دەبێتەوەو کاتێک دەگاتە قەراغ شار، ئەم رۆمانسیەتە لە هەراوهوریاو قەرەباڵغیو پیسی جادەکاندا ون دەبێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەغداد تەنها دوو شەقامی سەرەکی هەیە. شارەکەش بریتییە لە خانووی لێرەو لەوێی سەربان تەخت، کە وەک لانە کەروێشک لەم بەرو ئەوبەری دیجلە دروست کراون. ئەو ڕێگایەی لە خۆرئاواوە دێتە ناو شاری بەغدادوە، هێڵی شەمەندەفەر دەبڕێت، کە بریتییە لە هێڵە بەناوبانگەکەی بەرلین-بەغدادو لە کاتی خۆیدا پلانێکی ئەڵمانی بوو بۆ داگیرکردنی هیندوستان، کە خەوێکی قەیسەری ئەڵمانی بوو، بەڵام نەهاتە دی.

لە ساڵانی کارکردنم لە عێراقدا، چەند جارێک سەردانی بەغدادم کرد. من، کە لە بیابانەکانی باشوورەوەو لە شاخەکانی باکوورەوە دەهاتم، زۆر جار ئەوەندە نەخۆش بووم 'تا' دایدەگرتم، هەر دەمتوانی لە چارەسەر بگەڕێم لە نەخۆشخانە پاکوتەمیزەکەیدا.

هەر وەک هاتوچۆکەرانی ڕۆژانی ڕابردوو، کە بە سواری حوشترەوە لە بیابانەکانەوە دەهاتنە ناو شارەوە، ئاوا بەغداد هەمیشە هەستی منی ڕادەکێشا. بەغداد جوانییەکی ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام دڵتەنگی هەیەو، کە لەگەڵ دەشتی چۆڵو هۆڵی دەوروپشتیدا دەگونجێتو لە خەیاڵی عەرەبدا بەغداد خۆی بەهەشتی سەر رووی زەمینە، بەڵام فریشتەکانی سەر ئەم بەهەشتە تێکەڵاوو هەڕەمەکین. لە بازاڕدا کۆمەڵی قەرەباڵغو دەمەقاڵەکەری دوکاندارەکان قۆشمە لەگەڵ منداڵە رووتەی بێ نەریتی سەر جادە دەکەن لە سەر فرۆشتنی کاڵاکانیان. ئەو منداڵە رووتە بێ نەریتانەی، کە خۆیان بە سەردانکەری نوێی بازاڕەکەدا هەڵدەواسن، هەر وەک داڵاش وای لێدەکەن خۆزگە بخوازێت بە مانەوە لە بیابانی بێدەنگو چۆڵدا.خۆ ئەگەر بێتو بیەوێت دەربازی بێت لەو باڵندە ڕاوکەرانەی خەریکی شەڕن لەگەڵ یەکتردا بۆ ئەوەی وەک چاو ساغو تەرجومان لەگەڵیدابن، ئەوا سواری عەربانەیەک دەبێت، کە بە دوو ئەسپی پیری لە غەری زەنگوڵەداررایدەکێشن تا لە دواییدا کۆڵانیکی تەنگەبەرو بێدەنگ دەدۆزێتەوەو مافوور فرۆشێکی خەواڵوی ئینگلیزیفەرمووی لێ دەکات، دادەنیشێتو جگەرەیەک لە نێوان بەرە شرە بەبۆن قانگدراوەکاندا دەکێشێت. یەکێک بێدەنگی بوێت لەم شارە پڕ لە بریقو باقەدا دەتوانێت بیدۆزێتەوە، چونکە ناوە کۆنەکەی بەغداد خانەی ئاشتییە. ((نووسەر لەبیری چووە، کە کۆنترین ناوی بەغداد،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باغیداد بووە، ئەوەش لە کوردیو فارسییەوە هاتووەو دوایی ابو جعفر المنصور ناوی ناوە دارالسلام. وەرگێڕ)).

زێیە بەرینەکەی دیجلەش زۆر ئارامە، بەڵام کاتێک، کە شەماڵ هەڵدەکات پردە سەر ئاوینەکەی، کە لە چەند قایەخێکی بەیەکەوە بەستراو پێک هاتووە، دەلەرێتەوەو جەمسەرەکانی دێنە هەژین.

دیمەنی شەوانی بەغداد کاتێک لە باڵکۆنە بەرزەکانی سەر زێیەکەوە دەبینرێت، ئەوەندە جوانە تەنانەت لوولەی هەواکێشی کارگەکانیش نایسڕنەوە. بەغدادییەکان زۆر حەز بە دانیشتنی باڵکۆنەکان دەکەن بۆ قسەو قسەلۆک. بە شەو شەوقی چراکان کاتێک، کە لە ئاوی شڵەقاوی زێیەکە دەدات دەدرەوشێتەوە. کەڵەکی کوفەی ((کوفە بریتیە لە تلانەیەکی گەورەی خڕ، کە لەگەڵای دارخورما دروست دەکرێتو دەرەکەشی بە قیر سواغ دەدرێت.وەرگێڕ)) پڕ لە شوتی سامەڕا، بە خشکەیی دەگاتە رۆخی زێیەکەو بەلەمی پڕ لە خورمای باشوریش بە لایدا تێدەپەڕێت. کەشتییەکی هەڵمینیش شاورەکەی لێدەداتو بە سەڵبە چەرخێنەکەی، قوڕی بنی زێیەکە دەشڵەقێنێتو هاوارو جنێو لە راوکەری ماسی هەڵدەستێتکە لەشە رووتەکەی پەیکەرە برۆنزییەکەی شەوق دەداتەوە لە کاتێکدا لە سەر لوتی بەلەمەکەی راوەستاوە خەریکی بڵاوکردنەوەی تۆڕەکەیەتی.

ژنان بەسەر پردەکەدا هاتوچۆ دەکەن. کۆمەڵە ژنێکی خێڵەکی بەرهەمی رۆژانەیان لە سەر سەریان هەڵدەگرنو دەیبەن بۆ بازاڕ. ژنانی ئەرمەنیش بە عەبای سپیەوە، هەندێکی پۆشتەو هەندێکی جلکۆن، هەندێک جلی رۆژئاوایی لەبەرکردووەو هەندێکیش پەچەی گردۆتەوە. ژنانیان دەنگ کلۆرو بۆڵەبۆڵکەرن، یانیش لە ژێر پەچەوە بە دیمەنێکی پڕ سۆزی ئەوین دێنە بەرچاوی پیاوان، کە بە لایاندا تێدەپەڕن، بەڵام زۆربەیان گیانداری بێدەنگو پێسوکن وەک گیانێکی پەچەپۆش بە تیژی رەت دەبنو سەرقاڵی کاری خۆیانن.

لێرەو لەوێ لە سەر رۆخی زێیەکەدا کابارییەدەبینرێت، کە بە گڵۆپی رەنگاوڕەنگ رازاێندراونەتەوە. دەنگی بەرزی ناخۆشی ساکسەفونو لەرەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی هونەرمەندەکان تێکەڵ بە تەقوهوڕو لرپەلرپی کارگەی بەفری نزیک بەو شوێنە دەبن.

لەوبەری ئاوەکەوە لە چایخانەکانەوە، دەنگی مۆسیقای سەیری دوکانەکان بەرز دەبێتەوە، کە هەر تروسکەی سووری ئاگری مقەڵیيەکان دیارە. لەو جادەیەوە، کە لە پردەکە دوایی دێت، پیاو گوێی لە هاتوهاواری جگەرە فرۆش‌و شیرینی فرۆش دەبێت، کە بە عەرەبی هاوار دەکەن‌و دەڵێن: (جگەرە سیانی بە فلوسێک سیانی بە فلوسێک)، جار بە جاریش هاوارو قیژە پەیدا دەبێت‌و تێکەڵ دەبێت بە دەنگی شاوری پۆلیس، بەڵام زرینگەی زەنگۆڵی ئەسپ‌و کەرو قوورەی حوشترو هاوارو قیژەی ماسی گرەکان‌و دەنگی مەکینەی بەلەمە بار هەڵگرەکان تێکەڵ دەبن‌و دەگونجێن‌و نارێکی لە ناویاندا بزر دەبێت.

لەبەر شەوقی چراخانی جار جار کزو جارجاریش بە شەوقی رۆخی ئەوپەڕی زێیەکەوە، پیاو هەست بە جموجۆڵ دەکات‌و ژنانی کارکەریش بەرەو رۆخی زێیەکە دێن‌و جەرەو کولەکە ((چەشنێک لە کولەکە پێی دەڵێن کولەکە ئاوی یان کولەکە رەشە، کاتی کامڵ بوونی کولەکەکە، بەقەدەر دەمی جامیلکەیەک لە تەپڵی سەریەوە کون دەکرێت‌و ناوەکەی پاکژ دەکرێت‌و دوای خۆشەکردنی بە خۆڵەمێشاو، بەکاردەهێنرێت وەک دەفرێک بۆ ئاوهێنان.وەرگێڕ)). پڕ دەکرێن لە ئاو لە مەنداوێک نزیک بە پردەکەو کوڵ(( خۆشوشتن‌و جل شوشتن لە سەر رۆخی زێ‌و رووبارەکان. وەرگێڕ)) بۆ خۆیان‌و منداڵەکانیان دەکەن‌و لە ژێر باڵی تاریکیدا خۆیان بەرەو ماڵ دەدزنەوە. کاتێک شەو درەنگ دەبێت‌و جادەکان‌و پردەکەو کەبارییەکان‌و چایخانەکان لە گەرمەی خەودان‌و بێدەنگن، هەر زێیە کۆنەکەیە، کە بە کش‌و ماتییەکی ئەبەدییەوە دەڕوات‌و هەر دەڕوات.وەک ئەندازیارێک لە ساڵی ۱۹۲۸دا هاتم بۆ بەغداد بۆ کارکردن لەگەڵ فەرمانگەی رێگەوبانداو یەکەم ئەسکەلەم لیوای دیوانیە بوو. دیوانیە بە سەدو نەوەد کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشووری بەغدادوە. فەرمانم پێدرا بوو، کە دەست بەجێ دەست بە کار بکەم‌و پێداویستییەکانی دانانی ماڵێک لەگەڵ خۆم بەرم. لە بەغدادئۆتۆمبێلیکی شۆفرلێتم کڕی‌و بە حەسەنیان ناساندم. چارلی برادەری حەسەن، حەسەنی هێناو ئەوساش حەسەن خزمەتکاری ماڵی لێپرسراوی بەشەکەی من بوو. حەسەن شرە ئینگلیزییەکی دەزانی‌و جلێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەورووپی شڕی لەبەردا بوو، زەردەخەنەیەکی بەرینی بەسەر لێوەکانیەوە بوو، کە ددانە زێڕینەکەی دەردەخست وزۆریش دلی بەو ددانە زێڕینەی خۆش بوو. حەسەن دۆکیۆمێنتی سوپایی خستە پێش چاوم، کە وێنەی خۆی بە لاپەڕەی یەکەمەوە بوو (گەنجێکی قۆزو سمێڵێکی رەشی، کە دیمەنە ناشرینەکەی ئێستای شاردبووەوە). حەسەن رایگەیاند، کە ئەو مواسلی چەند ئەفسەرێکی هێزی پاشایی ئینگلیزی بووە. لە بڕوانامەکانیدا دیاربوو حەسەن خاوەنی نەریتی زۆر باشە، وەک دیاربوو زۆر بە دلگرانییەوە ئەم ئەفسەرانە دەستیان لێی بەرداوە. بەڵام ئایا بۆچی توانیویانە دەست لەم پیاوە بێ هاوتایە بەر بدەن، ئەمەش هێشتا نهێنیەکی سەرسوڕهێنەرە. حەسەن لە کوردەکانی بەتلیس بوو. ئەیگوت، کە ئاواتی ئەوەیە لە تەک مندا سەفەر بکاتو من وەهای بۆ نەچم، کە ئەو بۆ موچە کارم بۆ دەکات. بەڵام بۆ ئەوەی لەم وڵاتە پایە بەرزی من نیشان بدات، دەبێت چەمکێک پارەی بەدەستەوە بێت، خۆی پێ پۆشتەو پەرداخ بکات، چونکە خۆی وەها دادەنا، کە مامۆستای وەرگێڕی زمانو باڵیۆزی منە. حەسەن گوتی:

"- یەکەم شت ژیانی منو دووەم سامانی من بە هی خۆی دەزانێت."

حەسەن راستی گوت لەبارەی دووەمەوە. من وەهام لێکدایەوە، کە چل روپی ( وابزانم لەو رۆژانەدا روپییەک ٧٥ فلوسی عێراقی بوو. وەرگێڕ) موچەیەکی مانگانەی باش بێت. بەڵام من پەنجا روپییەم ئەدایە بۆ ئەوەی راسگۆ بێت. لە بیابانی دیوانیەدا حەسەن رۆژانێکی زۆر خزمەتی کردم.

حەسەن رۆڵێکی باڵای هەبوو لە کڕینو ئامادەکردنو بارکردنی پێداویستییەکانی ناوماڵدا. خاوەن ئۆتۆمبیلێکی خۆرئاوایی هیچ بۆچونێکی نییە لە سەر توانای ئۆتۆمبێل بۆ بار هەڵگرتن. بۆ مێشکی خۆرهەڵاتیش بە ئۆتۆمبیل ناشێت ئەگەر نەیاتو خانەی دواوەی پڕ نەکرێت هەتا بنمیچەکەیو بە پەت شتومەک هەڵنەواسرێت بە چامولخەکەیدا هەتا دەگاتە بۆنیتەکەیو تەنەکە بەنزین بە لاوانەکانیەوە قایم نەکرێتو چمچەکەی دانەگیرێت بە تایەی سپێرو قەرەوێڵەی ئاسنو چەند کورسییەک. بۆچونی سەرەکی ئەوەیە، کە چەند بتوانێت شتومەک هەڵبواسێ بە لاقەدی ئۆتۆمبیلەکەوە. ئەم کارەش دەبێتە هۆی رێگری لە ئۆتۆمبێلەکانی سەر رێگا. ئەم کارەش هەتا بێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قۆشمەیی سەر ڕێگا لە نێوان ئۆتۆمبێلەکاندا خۆش دەکات، بە تایبەتی ئەگەر بێتو جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلێکبە سوچی قەرەوێڵەی ئاسنینی سەر ئۆتۆمبێلێکیترەوە بشکێت. من نەفەری عەرەبم دیوە، کە حەز دەکەن خۆیان بە لاوانەی ئۆتۆمبێلەوە هەڵبواسن. ئەم کارەش زۆرجار دەبێتە هۆی پەڕینی نەفەرەکە بە هۆی لێکەوتنی شتومەکە هەڵواسراوەکان. بەسەرهاتی وەهاو جەردەییو روتکردنی سەر ڕێگاکان زۆر سەرنج راکێشن، هەروەها زۆر بەکارهێنانی بوقو هۆڕنی جۆراوجۆر، کە دەبنە دەنگێکی ناساز.

که لە بەغداد ئۆتۆمبیلەکەم کڕی، بڕیارمدا زۆر بە قوڵییەوە بچمە ناو گیانێکی خۆرهەلاتییەوە، جا بۆیە بە هەوەسی حەسەن شۆفرلێتەکەمان پڕکرد لە شتومەک. سندوقێک پەرداخ بوتڵو قاپ لە خانەی دواوە شوێنی ئارامیان هەبوو. من وەها تێگەیەندرابووم، کە فەوتانی خواردنەوەو پێداویستییەکانی دەبنە هۆی تەنگژی، ئەنجا لەبەر ئەوە ئەو ئۆتۆمبیلە بچوکەمان پڕکردبوو، هەتاکو لە لاوانەکانیشیەوە شتومەک دەرپەڕیبووو بەو شوێنانەشەوە شتومەکی کەیان پیادا هەڵواسرابوو، وەهای لێهاتبوو ئۆتۆمبێلەکە بە داری کریسماسی سەر پاچەکە دەچوو.

دوای تاقیکردنەوەی بەنزینو ئاوو رۆن، سەرکەوتمو حەسەنیش لەتەنیشتمەوە دانیشتبووو قیسێکی سوری لەسەرنابو پاشای بە سەپانی خۆی ناگرت.

دەستمانکرد بە سەفەرەکەمانو ڕێگەمان گرتەبەر، کە ڕێچکەیەکی قوڕی لیخ بووو پێیان دەگوت ڕێگای دیوانیە. کات زستان بووو ڕیگاکانی عێراق لەم وەرزەدا هەمووی قوڕنو وەهاش ڕێکەوت، کە دوو ڕۆژ پێش سەفەرەکەمان بارانێکی زۆر باریو ئەو سەدو نەوەد کیلۆمەترەی ڕێگەی دیوانیە لە ڕێچکەیەکی زۆر ناخۆش بەولاوە هیچیتر نەبوو، هەر گلێکی رووتی بێ لێوار بووو کاتێک، کە باران دەباری دەبوو بە قورە لیتەیەکی لینجو لێخوڕین تێیدا زۆر گرانبوو. لە ڕۆژانی وەها ئۆتۆمبێل زۆر کەم دەیتوانی بێتە سەر ڕێگاو دەربچێت، بەڵام ئێمە پشتمان بە زنجیری تایە قایم بوو دەستمان کرد بە کێڵانی زەویو پەڕاندنی قوڕە لیتە بە هەردوو لای ڕێگاکەدا. بە چەند دێیەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەرەبدا تێپەڕ بووینو منداڵەورتکە کەوتنە قیژوهوڕو کەستنەک پیاکێشانمانو خۆهەڵواسین بە پاشی ئۆتۆمبێلەکەدا هەروەک باوە لە هەموو سوچێکی جیهانداو حەسەن ناچاربوو دابزێتو راویان بنێت.

لە نیوەی رێگای بەغدادو دیوانیە بەولاوە، گەیشتینە بابل. ئەو رێگا ناخۆشە بووە هۆی دواکەوتنمانو هێشتا هەشتا کیلۆمەترمان مابوو بگەینە دیوانیە، بۆیە بڕیارمدا سەردانێک پێویستە بۆ پشکنینی ئەم کەلاوانە. کاتێک، کە بە تەنیشتیدا تێپەڕ بووین، ئەم شارە دێرینو کۆنە، کە هەر بیابانەکانی دەورو پشتی دیار بوو دیوارەکانی، کە بە نیوە چڵی هەڵدرابوونەوە، هێشتا نیشانەی جوانی نەخشی سەر دیواری پێوە دیار بووو هەر وەک کۆمەڵە ئێسکو پروسکێک باشتر ئەوەیە لێی بگەڕێینو بە نێژراوی بمێنێت لە ژێر کۆمەڵە لمدا.

باخچە هەڵواسراوەکانی بابلو کۆشکی نیبوخادنیزار، ئێستا بریتین لە کۆمەڵە خشتێکی خەمگین. من هیوادارم، کە دوای ئەوەی ئارکیۆلۆجیستەکان توانیان ئەوەی دەیانەوێت بیزانن، سروشتی دڵسۆزیش جارێکیتر ئەم شوێنەوارانە داپۆشێتەوەو ئەم کارەش زۆر لە گوینە، چونکە تەپوتۆزی بیابان قەت لە بن نایەت.

حیللە دوای بابل دێتو یەکێکە لە شارۆچکە گەورەکانی عێراقو لە سەر لکێکی فورات دامەزراوە، کە بە بەربەستێک دابین کراوە کاتی خۆی بەڵێندەری ئینگلیز دروستی کردووە لە کاتی دەوڵەتی عوسمانیدا پێش جەنگی یەکەمی جیهان. وەک شارۆچکەیەکی عەرەب، حیللە زۆر جوانەو لە ناوەڕاستی باخی دار خورمادایە. لە نێوان باغەکاندا چەند بینایەکی گەورەی قڵشت بردووی تێدایە، کە بۆ حەوانەوە ناگونجێنو کاتی خۆی تورکەکان دروستیان کردبوون. ئەم بینایە زۆربەیان بەو خشتانە دروست کراون، کە لە شوێنەواری بابلەوە هێناویانە. با بزاندرێت ئەم خشتانەی بابل باشترین خشتن هەتاکو ئێستا دروست کرابنو زۆر نایابترن لەو خشتانەی، کە ئێستا لە عێراقدا دروست دەکرێن لە لایەن رەقییو بێخوێیەوە، چونکە خوێ زۆر زیانبەخشە بۆ توانای مانەوە. یەکێک ئەگەر بە ناو حیللەدا بە ناو سەرادا پیاسە بکات، پێی بەو نەخشە مێخیانەدا دەنێت، کە هێشتا هەر دیارن لە سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خشتەکان. لەوانەیە هەندێک لەو خشتانە یاساکانی حامورابی لە سەر تۆمارکرابێت زۆر جیاوازیان نەبێت لەو یاسایانەی، کە ئێستا دادپەروەران پێڕەوی دەکەن دوای چوار هەزار ساڵ، کە کۆدە بنەڕەتییەکەی درا بە خەڵکانی سۆمەر.

دوای حیللە ڕێگاکە خراپتربوو نەک وەک ئەوەی ئاواتەخوازی بووین. من بە هەڵەدا چووبووم، کە زۆرمان نەماوە بگەینە دیوانیەو پشتیشم بە زنجیری تایەکە قایم بوو. لە سەر گێڕی یەک وردە وردە ڕێگای قوڕمان دەبڕیو قوڕمان بەملاولادا فڕێ دەداو جاروباریش لە ناو گۆلی قوڕی لیخندا دەچەقین. لەم حاڵەتانەدا حەسەن ناچار دەبوو دابەزیتو بە نقەنق پاڵی بە ئۆتۆمبێلەکەوە دەناو تا لە بۆشیدا دەسوڕایەوەو گەرم دەبوو. دیارە ئۆتۆمبێلی ئەمریکی بەری کاری وەها سەخت دەگرێت، هەروەها بزنسی ئەمریکی هیچی نەهێشتۆتەوەلە ئاسان بە دەستکەوتنی پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلەکانیانو لە بازاڕدا بە ئاسانی دەست دەکەون. خزمەتگوزاری ئۆتۆمبێلی ئینگلیزی لەم سەردەمەدا نەگەیشتۆتە پلەی ئەمریکی. هەرچۆنێک بێت سی کیلۆمەترێکمان بڕیو دڵخۆش بووین بەوەی کەوا وردە وردە نزیک دەبینەوە، بەڵام گەیشتینە کوناوێک، کە زۆر ئاسان دیاربوو بەسەریدا بڕۆینو سەری کوناوەکە بەقەدی دارخورماو گڵ گیرابوو بەشێوەیەکی کوڕو چوار پێ بەرز دەبوو. کاتێک، کە بە سەریدا ڕۆشتین قەتیس بووینو کونێکی گەورە لە ناوەڕاستی بانی کوناوەکە دروست بوبووو تایەکانی دواوەی تێدا چەقیو لە بۆشاییدا دەخولانەوە. لە دوورەوە بە لای ڕاستدا گومەزی مزگەوتێک دیاربوو، بەڵام نە نیشانەی هێڵی شەمەندەفەرو نە شاری دیوانیە دیار بوو. خۆ ئەگەر بهاتایەو شتومەکی داگرتایە ئەوا زۆر گران دەوەستا، کە هەر خۆمان بتوانین ئۆتۆمبێلەکە دەرباز بکەین. کات بەرەو تاریکی دەچوو ناوچەکەش ناوبانگی بە خراپی دەرکردبوو. حەسەن دڵنیای کردم لەوەی جەردە لەوانەیە ڕوتمان بکەنەوەو بە دوورو درێژی باسی چۆنێتی کارەکەی دەکرد. ئەو بە ڕاستی فەیلەسوفێکی خۆرهەڵاتی بووو بە "خوا گەورەیە" دوایی بە قسەکانی دەهێنا. لەم قسانەدا بووین ئەوەندەمان زانی چوار عەرەب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له دووره‌وه ده‌رکه‌وتن به ناو زه‌رعاته‌کاندا روویان کرده ئێمه‌،. که گه‌یشتنه لای ئێمه گوتیان "سه‌لام عه‌له‌یکم" حه‌سه‌نیش وه‌ڵامی دانه‌وه به "عه‌له‌یکم سه‌لام". له‌و تاریکیه‌دا سه‌یری یه‌کترمان ده‌کرد. یه‌کی عه‌بایه‌کیان به سه‌ردا دابوو، که ده‌گه‌یشته ئه‌ژنۆیان به شێوه‌که‌ی هه‌موو جۆره چه‌کێک له ژێریدا ده‌شاردرایه‌وه. پێخاوس بوون‌و لاوازیان له لۆچی دشداشه‌کانیانه‌وه دیاربووو بێ هه‌ستو دڵڕه‌ق دیاربوون هه‌ر وه‌ک بیابانه‌که‌ی خۆیان،. که لێمان پرسین کاریان چییه، گوتیان:

"- عه‌ره‌بی خێڵه‌کین‌و خه‌ڵکی گونده‌که‌ن، که گومه‌زی مزگه‌وته‌که‌یان له دووره‌وه دیاربوو". ئه‌وانیش پرسیان: "- ئایا ده‌مانه‌وێ له‌وێ بمێنینه‌وه یان هه‌ر پشوویه‌ک ده‌ده‌ین، خۆ ئه‌گه‌ر وه‌ها نییه رووه‌و کوێ ده‌چن". من له خۆمه‌وه حه‌زم له چاره‌یان کردو له دڵی خۆمدا گوتم: خۆ ئه‌گه‌ر جه‌رده‌ش بن بتوانین قه‌ناعه‌تیان پێبکه‌ین، که هیچ نه‌بێ جزمه‌کانمان لێ نه‌ستێنن (چونکه عاده‌ت وه‌هابوو، که رووتت بکه‌نه‌وه له هه‌موو به‌رگێک) حه‌سه‌ن گوتی:

"- که به‌ره‌و دیوانیه ده‌ڕۆین‌و ئێستا عاسی بووین." یه‌که‌میان، که عه‌ره‌بێکی مۆن بوو گوتی:

"- ئایا ئێوه وه‌ها به‌ره‌و دیوانیه ده‌ڕۆن؟" ده‌ستی کرد به پێکه‌نین‌و دووه‌میشیان ده‌ستی کرد به پێکه‌نین، سێیه‌میش هه‌روه‌هاو چواره‌میش له‌گه‌ڵیاندا جووتبوو. حه‌سه‌ن ڕه‌نگی زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕا به‌ڵام هه‌ر گوتی:

"- به‌ڵێ بۆ دیوانیه"

. عه‌ره‌به‌کان له سه‌ر پێکه‌نینی خۆیان رۆشتن‌و گوتیان:

" ئه‌مه ڕێگه‌ی دیوانیه نییه، ئه‌مه ڕێگای کوفه‌یه‌و ده‌بوو به لای چه‌پدا لاتان بدایه"، به دڵته‌نگیه‌وه نه‌خشه‌ی ڕێگاکه‌م ده‌رهێناو ئه‌گه‌ر عه‌ره‌به‌کان راست بن ئه‌وا ئه‌وه کوفه‌یه، که به‌لای ده‌ستی راستدا دیاره‌و هه‌شت کیلۆمه‌ترێک لێره‌وه دوور ده‌بێت. ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌رده‌خات، که به راستی ئێمه هه‌ڵه‌ین‌و نزیک کوفه که‌وتوینه‌ته‌وه. ئێمه هه‌ر هه‌شت کیلۆمه‌ترێک هه‌ڵه‌بووین‌و له بێچاریدا منیش ده‌ستم کرد به پێکه‌نین. عه‌ره‌به‌کانیس لایان وه‌ها بوو، که ئه‌مه خۆشترین نوکته‌یه، که له ده‌مێکه‌وه نه‌یانبیستووه‌و په‌لاماریانداو



کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یارمەتیاندایەنلە بەرزکردنەوەو دەرهێنانی ئۆتۆمبێلەکەو رووەمانکردە حیللەو دەستمانکرد بە رۆیشتن. چۆن بەو رێگا ناخۆشە لێمانخورِیو گەرِاینەوە بۆ حیللە شتێکە هەر باس ناکرێت. ئەو خەتە چالاّنەی تایەی ئۆتۆمبێلەکە لە کاتی هاتنماندا بریبویان، سودێکی زۆر باشی هەبوو لە گەرِانەوەماندا. لە دواییدا بووم بە مەعلانی ئۆتۆمبێل لێخورِین لەو جۆرە رێگایانەداو فێربووم، کە چ قورِێک ئەکسل شکێنە. ئەمشەو من زۆر بەختیارم لەگەلێک لاوە، ئۆتۆمبێلەکەش بێ هیچ شکانێکو تەنگژەیەک توانی بمانگەیەنێتە حیللە.

دەولەتی عێراق لە شارۆچکە گەورەکاندا خانووی پشووی Rest houseدروستکردووە بۆ حەوانەوەی فەرمانبەرەکانی لە کاتی گەرِانیان لەو ناوچەیەدا، چونکە بە رەوا نەدەزاندرا، کە فەرمانبەر داوای حەوانەوە لە خەلکی ناوچەکە بکات، هەرچەندە چەندەها جاریش چارەیتر نەبووە. خانووی پشو بێرِاخەرو نوێنو توفاقە.

لە گەرِانەوەماندا بە ناو حیللەدا لەژێر بالّی تاریکیدا، ئەوەم هاتە پێشچاو ئەبێت چەند ناخۆش بێت شەوێک لەناو خانووی پشوودا بمێنمەوە، بەلاّم هەرچەندە وەهاشبێ، خۆ لەوە باشترە لە دەرەوە لە قەراغ رێگای قورِاویدا بخەوین. لە دوای گەرِانێکی زۆر بە جادەکانی شارەکەدا خانووی پشوومان دۆزییەوەو خۆمان بە حەوشەکەیدا کردو بە سەرسورِمانێکەوەو بە خۆشیەوە چاوم بە رووناکیو تروسکەی ئاگر کەوتو بە روویەکی خۆشەوە لەلایەن دوو رێبواری وەک خۆم پێشوازی کرام، بەلاّم ئەوان دیاربوون زۆر لە حەسانەوەدا بنو فەرموویان کردم بۆ ژووریو گوتیان: "- لەناو ئەو قورِەدا رامەوەستێ"، منیش هیچ پێویستم بە دووبارەکردنەوە نەبوو، چونکە قەت لە ژیانمدا هۆدەیەکی وەها تاریکو پیسو دوکەلاّویو بە فانۆسو مۆم رووناک کراوم لا خۆش نەبووە.

لە هۆدەیەکی جیاوازداشێویان ئامادە دەکردو بۆنی گۆشتی سورەوەکراوم بەسەردا هاتو سەرنج راکێشەربوو بۆ پیاوێکی وەک سەگی ماندوو برسی. خۆم پێ ناساندن، زانیشم ئەوان کێن. یەکێکیان دکتۆری نەشتەرگەری لیواکە بوو (لەوکاتەداو هەتا ئەم دواییەش ناوچەکان ناویان لواء بووو دوایش گۆرِا بۆ



کتێبخانەی دیجیتالّی
www.rabari.org

محافظە=پارێزگا. وەرگێڕ)و ئەوەیتریش ئەفسەری لیڤی بوو. دوو پیاوی کۆڵنەدەری کۆن بوونو لە دواییدا باش ناسیمن، چونکە ئەوانیش وەک من لە شوێنی دووردا کاریان دەکردو با ناویان بنێین کاپتان ماکنشو کاپتان ماکناقشو ناوە راستیەکانیان بشارینەوە، چونکە هێشتا هێشتا پەیوەندییان بە دەوڵەتی عێراقەوە هەیە. ئەم دوو کەسە خەڵکی ناوچەی سەرووی (توید)ن. یەکەمیان پیاوێکی تێکسمڕاو رەشهەڵگەڕاو بە تیشکی خۆرو سەر بە بەشی پزیشکی هێزی ئاسمانی مەلەکی بووو زۆر دەست راستو تفەنگ چی بوو، زۆر رێزیان لێدەگرتو حیکایەتی سەیری هەبوو لە ناو عەرەبەکاندا وەک پزیشکێکو عەرەبیەکی زۆر باشی دەزانی. دووەمیان پیاوێکی رووخۆشو سوورە بوو وەک مێخ رەق بووبوو بۆ گەرمای دوورودرێژی هاوینی بیابانو لە کاتی تەنگانەدا پیاوێکی زیرەکو لێهاتوو بوو. لە کاتی ئامادەکردنی شێودا لەبەر ئاگری قرچەقرچکەری حوشتر خۆرو بنگەلای دارخورمادا دانیشتبووینو بەسەرهاتی خۆمم بۆ دەگێڕانەوەو ئەوانیش بەو سەفەرە دوورو درێژەی رێگای کوفەمان تێر پێکەنینو لۆمەی حەسەنیان کرد، کە لەکاتی ئەم قسانەدا خەریکی یارمەتیدانی ئامادەکردنی خواردن بوو. راستە حەسەن وەرگێڕ بوو بەڵام من خۆم بە خەتەبار دەزانم چونکە نەخشەی رێگاکە لای من بوو. من وتم ئەو چوارپیاوە زۆر بێ زیان بوونو بڕوام وایە لەوەتەی ئەم وڵاتەمان لە چنگ تورکەکان دەرهێناوە هیچ جۆرە یاخیبوونێک رووی نەداوەو وەها دیارە قەتیش روو نادات. ماکنس گوتی: "- ئێمە زۆرمان عێراق بینیوەو ناتوانین هاوبەشبین لەگەڵ بۆچونەکانتدا، ئەو عەرەبانەی تۆ توشیان بوویت بە رێکەوت پیاوی چاک بوون. هەندێکیان چاکن بەڵام زۆرینەیان پیاوی خراپن. خواردن ئامادەکراوەو با بچین هانی چێشتکەرەکە بدەینو بۆ ئاگاداریت وەک تازە هاتوویەک ئێمە لە دواییدا چەند چیرۆکێکت بۆ دەگێڕینەوە، کە لە ناوچەکەدا روویان داوە." دوای نیو سەعاتێک زۆر بە ئیسراحەت بە پایپی پڕ لە توتنەوە لە دەوری ئاگرەکە دانیشتین هەر وەک دنیا هەمیشە پڕبێت لە ئارامیو هێمنی. من بە باشترم زانی، کە گوێی خۆم بۆ ئەم پیاوانە شلبکەمو بزانم چی دەڵێن، چونکە بۆ یەکەمجار لە کاتی دانیشتنماندا هەستم بەوەکرد، کە دەمانچەو تفەنگ نزیک دەست دانرابوونو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له دەرەوەی دەرگاکە تەقەی پێی هێشکچی دەهات. ماکنیش گوتی: تۆ بە هەڵە سەردانی شوێنێکی یەکجار گرنگت کردووە. لەو کاتەوە، کە کووتو عبجارەمان لەدەست چوو، بە رای من قورسترینو پێنەویسترین ژیانی بەریتانیامان لەم وڵاتەدا لەدەست چوو، کە لە سەر ڕێگای کوفە روویدا. ئایا دەتەوێت بزانی؟ منیش گوتم: بەڵێ دەمەوێت بزانم. ماکنیس گوتی: باشە ئەمە دەقی ڕووداوەکەیە.

لە ساڵی ١٩٢٠دا لە کاتی شۆڕشی عەرەبیدا دژی بەریتانیا، بە تالیۆنێکی هێزی مانستر نزتک بە کفل دەستگیر کرابوو، ئەوان نێردرابوون بە هاواری ئەو هێزەوە، کە لە کوفە عەرەبەکان دەوریاندرابوون بەڵام پێش ئەوەی بە فریایان بکەونو لەبەر بێئاوی ناچار فەرمانیان پێکرابوو بە تاریکی بەرەو حیللە بڕۆن. بەڵام خێلەکییە شورگێڕەکان لە دەوری هێزە بەریتانیەکەدا خۆیان دانوساندبوو نەیان دەوێرا بە ڕۆژ هێرشیان بکەنە سەر، بەڵام جوڵانەوەی هێزی بەریتانی بەو شێوەیە دەرفەتێکی باشی دایە دەست شورگێڕەکان. لە هاویندا بیابانی نێوان کوفەو حیللە بریتییەلە دەرە بەدەرەی جۆگای گەورەی وشک، کە ڕێگرێکی کاریگەرە بۆ گواستنەوەی تۆپی سەر پاچکەو ئامێری گواستنەوەی قورس، هەتا بە ڕۆژیش نەخوازە بە شەو. ڕۆژی پێشووتر زۆر درێژو گەرم بووو هەر بۆگەناو هەبوو بۆ خواردنەوە هەتا حوشتریش پێی رازی نەبوو، کە بەڕۆژ ڕێگە بگرێتە بەر. خۆ ئەگەر بهاتبایەو تا سبەینێ لەو شوێنە بمانابانەوە لەوانەیە هیچیان لێ بەسەر نەهاتبایە، چونکە بۆ سبەینێ دەیانتوانی بگەنە فورات.

لە گەلێک ڕووەوە عەرەب وەک سەگە خوێری گوندەکانیان وەهان، کە هیچ پەلامار نادەنو نامڕێنن هەتاکو نەزانن، کە ڕێبوارەکان لە تەنگانەدان. بەو شێوەیە خێڵەکییەکان خۆیان دانوساندبووو چاوەڕێی دەرفەتیان کردبوو، کە کەی پەلامار بدەن. کاتێک، کە شەو داهاتبوو لە ژێر پەردەی تاریکیدا خۆیان لە چاڵی جۆگا وشکەکان مەڵاس دابووو لە تاریکیدا دەستیان کردبوو بە دەستڕێژ لە هێزە سوارەکە، ئەمەش بوبوو بە هۆی تێکچونی شیرازەیانو بڵاوبوونەوەیان. هەوڵێکی دلێرانە درابوو بۆ هەڵکوتانەسەر عەرەبەکانو دڕپێدانیانو ڕێگاکردنەوە بەرەو حیللە. بەڵام ئەوەی مابوونەوە لەو پاشەکشێیەدا کەمتربوون لە نیوەی هێزەکە. کوشتارێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێشومار له هێزه بەریتانییەکه کرابووو له شەوه زەنگدا زۆریان ڕێگەیان وێڵ کردبووو دەستگیرکرابوون. توپێکی مەیدانی بەجێ مابوو، بەڵام سەبەتانەکەی لێ دەرهێنرابوو بۆ ئەوەی له کار بکەوێت، بەڵام ئەمه دواجار نەبوو، که له بابەت ئەم تۆپەوه ڕووداوێک بزاندرێت. سکتۆه ماکنش لەسەری ڕۆیشتو گوتی: له کاتێکدا ئەمه له کفل دەقەوما، من لەگەڵ هێزێکدا بووم به دووری پێنج کیلۆمەترێکو به شەمەندەفەر له دیوانیەوه هێزمان دەگواستەوه بەرەو باکوور. ڕۆیشتنمان زۆر هێواش بوو چونکه شۆڕشگێڕەکان به درێژایی هێڵی شەمەندەفەرەکەیان هەڵتەکاندبوو، بەڵام ئەندازیارەکانمان به پاڵپشتی هێزی ڕەشاشچییەکانەوه توانیبویان پێ به پێ هێڵەکه چاکبکەنەوەو عەرەبەکان ورده ورده لێمان دەهاتنه پێشەوه، بەڵام به تۆپەکانمان توانیمان له دوور ڕایانبگرین، هەرچەنده چەند کەسێک له هێزه هیندیەکەمان، که له دواوه بوون بریندار‌بوون. ئەو هێڵی شەمەندەفەره شتێکی نەعلەتی بوو بەهۆی ئەوەوه شەڕی بێپەروا دەکرا بۆ پاراستنیو له هەموویان پاڵەوانی‌تر شەڕەکەی سەماوه بوو، که به ١٤٥ کیلۆمەتر له خوار ئێرەوه ڕویدا. شەمەندەفەری فریاکەوتن له هێڵەکه دەرچوبووو دوو سێ کەس لەوێ مابوونەوەو ئاگاداری بوون.، که پەلاماریان دابوون، خۆیان به دەستەوه نەدابووو بەرگریەکی باشیان کردبووو به دەمانچەکانیان توانیبوویان چەند سەد عەرەبێک له دوور له شوێنی خۆیان ڕابگرن. له دواییدا ناچار بوبوون ئاگر له شەمەندەفەرەکه بەردەنو دەستیان کردبوو به شەڕه دەمانچەو لەو دەشتەدا گیانی خۆیان بەخت کردبوو. عەرەبەکان ئێستاش به سەرسوڕمانەوه باسی ئەو ئینگلیزانه دەکەن، که چۆن خۆیان به دەستەوه نەدابوو هەتا کوژرابوون.

دکتۆر ماکنیش به دەم دەستبردنی بۆ شخارتەکه پایپەکەی پێ داگیرسێنێت گوتی: ((با ماکتافیش باسی ئەوەت بۆ بکات چۆن سەنگەرەکەی کوفه دەیبردن، پاش ئەوەی به تایونەکەی مانشتر بەیتوانی به فریایان بکەوێت، چونکه ئەو پیاوه زانیارییەکی باشی هەیه له سەر ئەم بەسەرهاته)).

ماکتافش له پێشدا ملی نەدا باسی بەسەرهاتی خۆیم بۆ بکاتو ڕۆڵی خۆییم بۆ دەربخات، بەڵام لەگەڵ ئەو ئاخافتنەی ئەو ئێوارەیەدا، ورده ورده بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوەو گوتی:((ئێمه تەقەمەنییەکی زۆرمان له ژێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستابووو جێگەیەکی قایممان لە ناوەڕاستی شارەکەدا هەبووو ٥،١ کیلۆمەتر دوور بووین لە مزگەوتی گەورەی عەلییەوە. هەروەک بزانیت، کوفە شوێنێکی پیرۆزە لای موسولمانە شیعەکان، چونکە لێرە عەلی ڕێبازی شیعەی دامەزراندووەو لێرەش لە سەدەی حەوتدا کوژراوە. چەند جارێک عەرەبەکان هەڵیان کوتایە سەرمانو جارێکیشیان خەریک بوون لە ژێر حەشارگەکەمانەوە کەنەوە بکەن. دیواری حەشارگەکەمان زۆر قایمبووو بە هەرچوار دەوریدا رەشاشی زۆرمان لێ دابەستبوو بۆ شکاندنی هەرچی هێرشێک بیکەنە سەرمان. رەشاشەکان زاڵبوون بەسەر ئاوی فوراتدا، کە بە تەنیشت سەنگەرەکەماندا تێدەپەڕێتو لێواری (quay wall) چوونە خوارەوە بۆ سەر ئاوەکە، کە ڕێک لە تەنیشتمانەوە بوو. بەلەمێکی رەشاشدارمان هەبوو بە ناوی (fire fly)، کە لە دەرگای سەر ئاوی سەنگەرەکەماندا راگیرابووو ئەبوو بە کۆلانێکی قایمو پارێزراو بۆ سەر ئاوەکە بچین. ئێمە دڵنیا بووین بە بوونی ئەو بەلەمە، چونکە لە کاتی پێویستدا بەکار دەهاتوو بەسود بوو، راوەستانەکەی لە شوێنێکی قایمدا بوو نەک لە سەر ئاو بێت وەک بەلەمی (green fly) لێ بەسەر بێت، کە لە سەماوە لە دەستچووو نەشئەزانرا ئایا هۆی ئەم کارە خۆفرۆشتنی هیندییەکان بوو یان نا. ئێمە وەهامان دەزانی، کە fire fly لە شوێنێکی پەنادایەو رەشاشەکانمان باڵا دەستن بە سەر ئەوبەری زێیەکەدا. فرۆکەکانمان جاروبار بەسەرماندا دەفڕینو خواردەمەنیو نامەیان بۆ بەردەداینەوە. ئێمە بیستمان چی بەسەر مانشیستەریەکاندا هاتووە، کە ویستویانە بەفریامان بکەون. دوای ئەم کارەساتە، سەرکردایەتی داوای مانەوەو بەرگرتنیان لێ کردین. تەقەمەنیش بە سندوق بە پەرەشوت بەردەدرایەوە سەر چەندەها سەنگەری وەک ئێمە، کە دەوریان گیرابوو بە دوژمن. ئەگەر بهاتایە پەرەشوتەکە لە دەرەوەی سەنگەرەکە دابەزیایە، ئەوا دەبوو هەوڵێکی چالاکانە بدرایە بۆ دەربازکردنیو زۆر جاریش هەوڵەکان سەرکەوتووبوون.دوای بەسەرهاتەکەی مانشیستەریەکان، رۆژێکیان لە بەرەبەیاندا لەوپەری ئاوەکەوە چاومان بە بڵێسەیەک کەوتو دوابەدوای گوێمان لە گرمەیەک بوو. بۆ سەرسوڕمانو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەپەسانمان ئاگر لە fire fly بەربوو. گوللە تۆپێک یەکسەر لییدابووو ئاگری تێبەردابوو. ئێمە نەماندەزانی، کە دوژمن تۆپی هەیە. بەڕاستی لێقەومانێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، کە بە یەکەم گوللە تۆپ ئاگری تێبەربێت. ڕەشاشچیەکان چاویان لە بڵێسەکەبووو شوێنی تۆپەکەیان دیاری کردبووو تەقەیان لێکردبوون بە درێژایی ئەو ڕۆژە هیچیتر لەو تۆپەوە ڕوویندەدا. Fire fly دەبوو بە ڕەشاش نقوم بکرێت لە ترسی ئاگر تێبەر بوونیو تەقینەوەی.

دڵخۆش بە سەرکەوتنەکەیان عەرەبەکان شوێنی تۆپەکەیان گۆڕیو لە بەرەبەیاندا دەستیان کرد بە تۆپبارانمان، بەڵام دیواری حەشارگەکەمان زۆر قایم بووو هیچ زیانێکمان پێ نەگەیشتو دیسانەوە دوژمن کەوتە بەر تەقەی ڕەشاشەکانمان. دوژمن بۆ چەند ڕۆژێک لە سەر ئەم بەزمە بەردەوام بوو، بەڵام زیانێکی زۆر لە دوژمن کەوتو لە دواییدا وازیان هێنا. بەڵام یەکەم گوللە تۆپ بوو بە هۆی بەدبەختی ئێمەو لەدەستچوونی fire fly.

ئێمە لە کوفە بەرگەمانگرتو نان هاتە کزیو ناچار بووین چەند ئەسپێک سەربڕین، بەڵام گۆشت بە تەنیا خواردنێکی خراپەو توشی نەخۆشی سەخت بووینو دومەڵمان دەرکرد. دوای سێ مانگ بە هانامانەوە هاتنو زۆری خایاند هەتا هاتینەوە سەر خۆمان.

چەند عەرەبێک هاوکارمان بوون. لە کاتی دەورەگیرانەکەداو لە دواییدا یەکێک پێی گوتین: چۆن عەرەبەکان هیچیان نەدەزانی لە بەکارهێنانی تۆپەکەو هەر لوولەی تۆپەکەیان کردبووە fire flyو تەماشای ناوی لولەی تۆپەکەیان کردبوو هەتا fire flyدەرکەوتبووو گولەکەیان پێوە نابوو. بەڵام چۆن ئەو سەبەتانییەیان دەستکەوتبوو، ئەمەش هەتا ئێستا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە. دەڵێن گوایە شۆڕشگێڕەکان لە بەغداد عەمباری چەکیان بریوەو ئەو یارمەتییەیان دەست کەوتووە. ئەمەش بەلای منەوە زۆر لە گوینەکە رویدابێت. ئەفسەرە سکۆتلاندییەکە بە پێکەنینەوە چیرۆکە مێژووییەکەی بەرگری کوفەی تەواو کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی دووەم

## دیوانیە

دیوانیە شارۆچکەیەکی عەرەبی بچووکەو دەکەوێتە سەرجۆگاوێکو ناوەندی ناوچەیەکی فراوانی خێڵەکانەو هەموو بەشەکانی فورات دەگرێتە خۆی هەتا دەگاتە دەوروبەری بیابانی گەورەی عەرەب. شارۆچکەکە بازاڕێکی خراپۆکەو تەنگەبەرو بۆگەنو سەرگیراوی هەیە، لەگەڵ ئێستگەی شەمەندەفەرو سەرایەکی بە خشتی خراپ دروستکراوی شێوەی تورکی. لە ناو سەراکەدا هۆدەی فەرمانبەرانی ئاودانو ئیدارەو گومرگو دادگاو خەزێنەو بەندینخانەو ڕێگەوبانی تێدایە. بەشی ڕێگەوبانی ئێمە خرابووە دوو هۆدەی گومەزدارەوەو لە یەکێکیاندا فەرمانبەرە جولەکەکەی لێبووو کاری موچەو چاپکردنو ریپۆرت ئامادەکردنی ئەنجام دەدا. ئەم ڕەگەزی جولەکەیە لە جیهاندا بەناوبانگن لە توانای بێهاوتا یان لە بزنیسدا. لە ژوورەکەی‌تردا مێزی نەخشەکێشانو سندوقی پڕ لە پلانو ئامێری بیرکاریو پێوەر هەبوون. ئەم ئامێرانە هەموو ئەندازیارێکی دڵخۆش دەکرد لە هەرکوێیەک بن. لە دەرەوەی بیناکە لە گۆڕەپانی گشتیدا هەراو زەنای ئەو خەڵکەبوو، کە بە عەرەبی قسەیان دەکرد، ئەو زمانەی تازە خەریکم فێریبم. داواکاری چاوپێخشاندنەوە بە بڕیارەکانی دادگا بە دەنگی بەرز هاواریان دەکردو جارجاریش بێدەنگ دەبوون، کە گوێیان لە جاڕدەری دادگا دەبوو، کە بە دەنگێکی پڕ لە بێزارییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له باڵکۆنەکەوە بڕیارەکانی دادگای دەخوێندەوەو کاری نوێی دادگای جاڕدەدا. زرەی زنجیرو خرمەی تفەنگو دەنگی بەرزی تێخوڕاندنی ئەفسەرەکە هۆشیاری کردمەوە کەوا کۆمەڵێک لە بەندەکان تێدەپەڕن بە جلی بۆری بەندینخانەوەو دەستیان یان پێیان لە زنجیردایەو لە هۆدەی بەنزینخانەوە پاسەوانەکان بەرەو شوێنی کاریان دەبردن.

سەرای دیوانیە بریتییە لە بینایەکی تورکی کۆن، کە لە لایەن بەشی ئەندازیارییەوە بە شوێنێکی ناهەموار دانرابوو بۆ بەکارهێنانی، بەڵام هێشتا هەر بەکار دەهات لەبەر بێ پارەیی بۆ دروستکردنی شوێنێکی نوی. دیارە تورکەکانیش هەر هەمان هۆیان لە بەرچاوگرتووە بۆ دروستکردنی شوێنیکی نوێ. دیارە ئەوەندە ناهێنێت بە توندی رەخنە لە هەموو شوێنیک بگیرێت. یەکێک لە پاشماوەکانی دەوڵەتی تورکی، کە لای من خۆشبوو، ئەوەیە، کە ناوبەناو چایچییەکی بە ساڵا چوو قاوەو چایی بە هەموو هۆدەکاندا دەگێڕا بۆ هەموو کەسێک لەو ئارایەدا بێت. چایان لە پەرداخی بچووکی ناوقەد باریکدا (نوسەر مەبەستی لە پیاڵەیە. وەرگێڕ) پێشکەش دەکرد بە شەکرێکی زۆرەوەو بێ شیر، قاوەی خەستیش لە کوپێکی بچووکی وەک ثمبل thimble (نوسەر مەبەستی لە فنجانەو ثمبلیش بریتییە لە دەفرێکی بچوکی وەک فنجانو لە فەخفوری دروستکراو بۆ کاری کیمیا بەکاردێت. وەرگێڕ) پێشکەش دەکەن. وەک بۆم دەرکەوت چایی‌و قاوە سودێکی هێمنکەرەوەیان هەیە بۆ ئەو خەڵکانەی، کە بە شەپۆل لە بیابانەکانەوە روودەکەنە قولفەی پشکنینو تێپەڕ دەبنو خۆیان بە دەرگای سەرادا دەکەن. نەخۆشخانەکە بەوپەڕی شەقامەکەوە بوو، کە پاشماوەی تورکەکانەو لە کاتی خۆیدا بەکارهێنانی قەدەغە کرابوو. دیوارەکانی هەموو درز بردووو دارەڕایەکەی، کە بە دارچنار کراوە، زۆری زگیدابووو لێرەولەوێدا نێوانەکانیان پینەکرابوو بۆ دوورخستنەوەی دووپشکو مێرووو خۆڵ لە بەربوونەوە بەسەر نەخۆشەکاندا، کە لە سەر تەختی عەردەکە رادەکشانو بە دەنگی بەرز هاوار دەکەنو دەناڵێنن، کە نەریتێکی عەرەبە کاتێک نەخۆش دەکەوێت. کارگوزارێکی یەک چاو بە قوتوویەکی شلاوی پاکژی بە عەردەکەوە دەکرد بۆ ئەوەی بۆنی پزیشکی لێبێت یان با بڵێین بۆ شاردنەوەی بۆگەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆدەیەکی بەلاوە، هەر هۆدەیەکی بچووکو ئاسایی بووو کرابوو بە هۆدەی نەشتەرگەریو تەختەیەکی لە ناوەڕاستدا بووو پەنجەرەکەش بە تەلی هێلەک گیرابوو بۆ دوورخستنەوەی مێشومەگەز، هەرچەندە وەک دیاربوو مێروو بە ئاسانی ئەمدیو ئەودیوی دەکرد بە دەرگا نیوە پێوەدراوەکەدا، کە لەوە پتر پێوە نەدەدرا. تەختی عەردەکە بەرەو ناوەڕاستی هۆدەکە لێبووو گولاوێک لە ناوەراست هۆدەکەدا دروست بوبوو، کە لەوێشەوە ئاوەڕۆگە بەرەو چالاویکی سەرداپۆشراودا دەچوو، کە پاشماوەی مێزی نەشتەرگەریو چۆڕاوی دلۆپەی ناو هۆدەکەش رووی تێدەکرد. ئاوەڕۆگەیەکی وەهاش لە گۆڕەپانەکەدا هەبوو، بەلام ئەم گۆلاوانە ئاوەڕۆگەیان نەبووو مەند راوەستابوون، بەتایبەتی لە زستاندا یەقیان ئەدایەوەو بۆنی شلاوی پاکژیش بۆنی سەرەکی نەبوو. چەند قەرەوێلەیەکی ئاسنین لە قاوشی ژناندا بوو، بەلام زۆر کەم بەکار دەهێنران چونکە ژنانی عەرەب حەزیان بە راکشان دەکرد لە سەر تەختی عەردەکە. زانینی هۆی نەخۆشیو چارەسەرکردنیان ئاسان نەبوو چونکە ژنان پەچەیان لا نەدەدا نەخوازە عەباکانیشیان. هەر لە سەر تەختی عەردەکە رادەکشانو هاواریان دەکردو لەو بڕوایەدا بوون، کە ئەو کاری جادوویییەی نەخۆشخانە پیرۆزەکە (دیارە لەوە قەت باشتریان نەدیوە) چارەیان بکات، هەروەک سێوەکەی ئەمیر لە چیرۆکەکانی شەوانی عەرەبێکدا دەیگردن. یەکێک لە کارەکانم ئەوە بوو، کە ئەم بینایە بپشکنمو ریپۆرتێکی لە سەر بنوسم. من ئەم کارەم بە شێوەیەک هێنایە پێش چاو هەتاکو فەرمانبەرە جولەکەکەشم لە کاتی چاپکردنی ریپۆرتەکەدا زەردەخەنەیەکی بەسەر لێودا هات.ئێستا لە دیوانیە نەخۆشخانەیەکی نوێیان دروست کردووە.

لە دیوانیە چوومە ناو کۆمەلێک لە کارکەرانی ناو هەرەمەییەوە. بیجگە لە فەرمانبەرە جولەکەکە، سیخێکی هیندی لەندەهوڕ بە ناوی ناشا سنگی لێ بوو، کە لێپرسراوی کار بوو. زۆر رووخۆشو نەریت چاک بوو بەلام لەوەش چاکتر ئەوەبوو، کە بۆ کوێت بناردایەو چ کارێکت پێ بسپاردایە، قەت نەیدەبۆلاند. جگە لەمانەش فەلەیەکی بەغدادیی، کوردێکو دارتاشێکی تورکم هەبوو. هەموویان پیاوی لواو بوونبەلام هیچیان لە توانای تەکنیکیدا نەدەگەیشتنە کابرای سیخ. ئەمانە هەموو لێرەو لەوێ بلاو بوبوونەوە بۆ



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

کاری جیاجیا.هیندییەکە کۆڵەکەی دەبرد بۆ پردێک لە سەر یەکێک لە لکەکانی فوراتو ئەوانی کەشیان خەریکی خانوو دروستکردن بوون، یان ڕێگا دروستکردن. زۆر سەیربوو، کە فەلەکە سەرقاڵی قوتابخانەیەک بوو لە شاری نەجەفی پیرۆزدا، ئەو شوێنەی، کە گومەزە زێڕینەکەی مزگەوتی عەلی ئەوەندە دەدرەوشایەوە، کە لە دوورەوە لە بیابانو زەلکاوەکانیشەوە دیاربوو. لەم پەڕ بۆ ئەو پەڕی جیهانی موسوڵمانە شیعەکانەوە، تەرمی مردووەکانیان دەبەن بۆ شاری پیرۆزی نەجەف بۆ ناشتنی لەوێدا. لەمەوپێش ئەگەر فەلەیەک بچوایەتە نەجەفەوە دەکوژرا، بەڵام ئێستا جاکی تێرێسە jaegues Teresa لەوێدا قوتابخانەیەک دروست دەکات.

سەیرترین کەس لە ستافەکەماندا فەتاح بەگ بوو. ڕۆژێکیان کابرایەکی بەتەمەن هاتە ژووریو نامەیەکی لێپرسراوەکەی بەغدادی پێبووو داوای لێکردم کارێکی بۆ بدۆزمەوە. عەرەبییەکی زۆر کەمی دەزانیو هیچ ئینگلیزی نەدەزانیو بە ئەڵمانیەکی زۆر باش دەستیکرد بە قسەکردن، زمانێکە هەتا ناتوانم خۆم وەها دەربخەم، کە دەیزانم. فەرمانبەرە جولەکەکە، کە تورکی دەزانی بە فریام کەوت. بەشێک لە چیرۆکی فەتاح بەگمان گوێ لێبوو، کە کۆلۆنێلێکی ئەندازیاری تورک بووەو لێپرسراوی پێشووی بەندیخانەی بەندە ئینگلیزەکانی شەڕ بووە لە تورکیاداو ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرهەڵستی مستەفا کەمال بووە. سەیر بوو ئەم هەموو دیۆکومێنتانەی، کە لە سەر مێزەکە خستنیە بەردەمم وەک دپلۆمە لە ئەندازیاریدا لە یەکێک لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ئەڵمانیاو پارچە ڕۆژنامەو نووسراوی وەها پیشاندەدات، کە فەتاح چ ڕۆڵێکی هەبووە لە شەڕی تورکو دیوناناو نامەی سوپاسی ئەدمیراڵانی بەناوبانگی بەریتانیو ئەفسەرەکانی پێبوو کەوا هەڵسوکەوتی باشی هەبووە لەگەڵ بەندەکانی شەڕدا، کە لە ژێر دەستی ئەودا بوون. کاتێک، کە لێم پرسی بۆچی تورکیای بەجێ هێشتووە، وەڵامی ئەوە بوو، کە گەڕانەوەی تورکیای لێ قەدەغە کراوەو ئەگەر بگەڕێتەوە دەیکوژن. من ئەم پیاوە بە تەمەنەم خستە ناو ستافەکەمەوەو دەریخست، کە کارکەرێکی گوێدێرو دڵخۆشبوو بە کارەکەی. لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان تەماحی ئەوەی هەبوویێت، کە ببێت بە سەرۆکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو تورکیا، بەڵام دوو دڵ بووم لە لێپرسینیو ئەویش بێدەنگ بوو لە نهێنی هۆی قەدەغەکردنی لە چوونەوە بۆ تورکیا.

زەحمەتترین کاری ئەندازیاری، کە پێم سپێردرابێت لە لیوای دیوانیە بوو، ئەویش بەهۆی لافاوی فوراتەوە بوو. هەموو ساڵێک لافاو هەڵدەستیو ئەمەش رووداوێکی هەزار ساڵەیە. رێگاکان رادەماڵدرێنو پردو خانووبەرەو هەتاکو شارەکانیش ئەگەر رانەماڵدرانایە، توشی زیانێکی زۆر دەبوون. هۆی سەرەکی ئەم بارگرانیەش بە هۆی دیلتاکەوەیە، کە وردەوردە لم دەنیشێتو دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی تەختی چەقی زێیەکە لە ئاقار بەرزی زەویەکانی دەوروبەریدا. عەرەبەکان بە بەرزکردنەوەی لێواری زێیەکە بە قورو خۆڵ، هەوڵی ئەوە دەدەن، کە زێیەکە لە دەراوی خۆیدا بمێنێت، بەڵام لە کاتی لافاودا هەر، کە شەلگەیەک شکا، یەکسەر بەرین دەبێتو لافاو ئەو ناوچەیە دادەپۆشێت. کاتێک، کە لافاو دەنیشێتەوە، دەردەکەوێت، کە زێیەکە دەراوێکی نوێی گرتۆتە بەر، بەڵام شەلگەکان بەرز دەکرێنەوە هەتاکو لافاوێکیتر رایاندەماڵێت.

تەنانەت لە ساڵانی ئاساییدا، ئەوەندە ئاوەی، کە لەکاتی لافاودا دێت، زیاترە بە دەقات لە هی کاتی بێ لافاوی. کاتێک، کە باراناوی زۆری پێدەشتەکان تێکەڵ بە بەفراوی کتوپڕی شاخە بەرزەکان دەبێت، زێیەکان هەڵدەستنو دەبێتە هۆی لافاوێکی کتوپڕی بێشوماری دیجلەو فورات.

لافاوی ساڵی ١٩٢٨ زۆر ترسناک بووو زیاتر لە نیوەی ناوچەکە لافاو گرتبوویو بوبوو بە پارچەیەک لە دەریایەکی شلۆقاوو هەتا چاوبڕبکات، وشکانی نەدەبیندرا، رەشماڵو ئاژەڵو هەتا لاشەی بنیادەمیش ئاو رایدەماڵیو هەموو هاتوچۆیەک دەبووایە بە بەلەم بووایە. زۆر لە رێگاکانی عێراق بە بەرزی دروستکراون بۆ ئەوەی بەرزتر بن لە ئاستی لافاو.ئەمانە لەگەڵێک شوێندا دەشکانو دەبووایە پردە سەرئاو کەوتووەکانیش هەڵبووەشێندرایەوە، لە ترسی ئەوەی لافاو رایاننەماڵێت. بە بەلەمە بچوکەکەی خۆم بە ناو گۆلاوە تازە دروستبووەکاندا دەرۆشتمو لێرەو لەوێ هەر ترۆپکی دارخورما دیاربوو لەو شوێنانەی، کە جاران باخو باخاتو خانووبەرەی دێیەکان بوون (پردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر ئاو کەوتوو بریتییە لە پردی بێ پایەو لە باتی ئەوە دوبەی قایەخ لێدەدراو بە پانی زێیەکە پردەکەی لە سەر دروست دەکرا. وەرگێڕ).

هەرسێ ئایینە سامییەکان، جولەکەو مەسیح، ئیسلام، چیرۆکی لافاوی گەورەیان هەیە، کە سەرتاپای هەموو جیهانی داپۆشیوە. سێرلیونارد وولی sir leonard woolleyپێمان دەڵێت، کە ئەو لافاوەی لە بەشی حەوتی پەرتوکی پەیدابوون Book of Genesis دا باسی کراوە لە میزۆپۆتامیا رویداوە. کاتێک ئاو بەسەر زەویدا کشاوە، هەموو گردە بەرزەکانی ژێر ئاسمان نوقمی ژێر ئاو بوون. لە کاتێکدا بە کۆلکە بارهەڵگرەکەم، کە وەک کەشتییەکەی نوح بە قیر پینەکرابوو بە ناو دەشتی بە لافاوگیراودا دەگەڕامو لە نیشانەی ژیان دەگەڕام وەک ڕێگەوبانو پردو بە هاواری کرێکارەکانمەوە دەچووم‌و لەگەڵ کەمێک لەو شتانەی پێیان بوو دەمگەیاندنە شوێنی ئارام. ئەوسا تێگەیشتم، کە ئەم چیرۆکی یەکەم لافاوە دیارە راستە روویداوە.

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ لەم ناوچەیەوە دەستی پێکردووەو عەرەب‌و بەریتانییەکی زۆر لێرە گیانیان لەدەست داوە. ئێستا زۆربەی عەرەبی دیوانیە بە ئاشکرا دژی ئەو ئەفسەرە بەریتانیانە نین، کە لێرە ماون. لە راستیدا خێلەکیەکان‌و خەڵکانی هەژار جێگەی متمانەو دۆستایەتین،بەڵام خەڵکانی ناوداری شار وەک دەردەکەوێت حەسودن‌و دژی ئینگلیزن، ئەمەش روداوێکی گونجاوەو لە گوینە.

بەشێک لە عەرەبەکان هەستیان بە قازانجی هاوپەیمانی کردبوو هەرچەندە لە سەر ئێمە توشی گەلێک چەرمەسەری بوون. لە رۆژانی رەشدا سەرۆک خێڵێک یارمەتی چەند ئینگلیزێکی دابوو،. کە گەشتمە دیوانیە ئەم سەرۆک خێڵە فەرمووی کردم بۆ ماڵی خۆی. من قەت ئەو سفرە عەرەبیەم لەبیر ناچێت، کە من لەوێدا میوانی ڕێز لێگیراو بووم. خواردنەکان ئەوەندە قورس بوون، زۆری پێچوو بتوانم بێمەوە سەر خۆم، بەڵام ئەمە وەها ناگەیەنێت، کە من وەک ئەندازیارێکی تەنیا لەم وڵاتەدا، پیاوەتی‌و میهرەبانی ئەم پیاوە بەتەمەنەم لە بیر بچێت. بۆ نانخواردن لە سەر عەردەکە بە چوارمشقی لە دەوری سینەیەکی گەورە دانیشتین، بەڵام نابێت بنی پێ رووی لە کەس بێت،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە ئەمە نەریتێکی پەسەند نەکراوە. نۆکەرە عەرەبەکان لە قاپی بچوکدا خواردنیان دەهێناو دەیانخستە بەردەممان. لە پێشەوە دەستمانکرد بە خواردنەوەی بیرەی هۆڵەندیو خواردنی کاهو. لە دوای ئەوە بریانییان هێنا بریتیی بوو لە لاکی بەرخێکی ئاخندراو بە کشمشو بادامو بەهارات. بە پێی نەریتی ئەم وڵاتە، خاوەن ماڵ چنگێک لە گۆشتو ناواخنەکەی دەخستە بەردەم هەر یەکێک لە میوانەکان، چاوەکەی بەر من کەوت، کە لای ئەوان خۆشترین بەشی گۆشتەکەیەو ئەمەش نیشانەی رێز لێگرتنە، بەڵام من رەتمکردەوەو لەباتی پارچەیەکم لە کلکەکەی وەرگرت، چونکە گۆشتی کلکی مەڕی بیابان زۆر بەتامە. گۆشتو چنگێک برنج لە سەر پارچە نانێک دادەنێنو دەیپێچنەوەو دەست بە خواردنی دەکەن (عادەت وایە بە دەستی راست نان بخۆن) خواردن هەتا مڵچەی لێبێت باشترە چونکە وەها دەگەیەنێت، کە خواردنەکە بە دڵی ئەو کەسەیە. دوای برنجو گۆشت دۆڵمەو شیرینیان هێنایە پێشەوەو دوای ئەمەش خورمای دەنک گەورەی بەسرە، کە لە ماست هەڵکێشرابووو شتێکی نایابە بۆ رۆژانی گەرمای هاوین. خورماو شیریش بە خەستی پێشکەش دەکراو کاسەیەک ماستاوی خەستیان دەگێڕاو هەر کەسە یەک لە دوای یەک لێیان دەخواردەوە.

لەدوای قاوەڵتیەکە قاوەی تورکیو جگارەیان هێنا. لە عێراقدا بە کۆمەڵ نانخواردن کارێکی پەسەندەو نیشانەی دۆستایەتییە، بەڵام دەبێت ئەتەکێتی پەسەند بزاندرێت، ئەگینا خاوەن ماڵو میوانەکان دڵتەنگ دەبن. من بەختەوەر بووم، کە ئەتەکێتی زۆریان فێرکردبوومو ئەگەر بهاتایە هەڵەکانم زۆر بوونایە، ئەوا چاوپۆشیان لێ نەدەکرا، چونکە لەو کاتەوە، کە ئەم عەرەبە ناودارە بوو بە برادەرم زۆر جار ئەویش لە دیوانیە سەردانی دەکردم. پێش ئەوەی من بچم بۆ دیوانیە، دوو ئەفسەری بەریتانی لە لیواکە بوون. یەکێکیان پشکێنەری پۆلیس بوو ئەویتریشیان پشکێنەری ئیداری بوو. هەردووکیان کارەکانیان بە باشی دەبردە سەر، چونکە ئەگەر وەها نەبووایە نەدەکران بە لێپرسراو لەو ناوچە پڕ لە ئاشوبەیەدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیوانیه نزیک به هەشت سەد پۆلیس‌و سوارەی هەبووو هێزێکی سێ سەدیان لە ناو شارەکەدا لە قشڵەی خۆیاندا دامەزرابوون، کە لە پشت ئەوانەوە جێگەی دابەزینی فرۆکەبوو. دیمەنێکی سەیر بوو کاتێک، کە سوارەی پۆلیس بە ناو شاردا تێپەڕ دەبوون. عەرەبەکان سوار چاکن، هەروەها کوردەکانیش، کە پێکەوە بەشی زۆری ئەو هێزەی پۆلیس بوون. ئەفسەری پۆلیسەکان کاپتن بێنتلی بوو Bentlyو لە هێزی سوارەی بەریتانییەوە هاتبوو، بۆیە هێزەکە بە توفاق‌و هوشیار بووو هەموو مەشق‌و هەڵسوڕانێک بە ئەوپەڕی چاکیەوە بەرپا دەکران. ئەسپەکانیش هەمووی ئەسپی، کە حیلەی عەرەبی بوون Arab stallionو ولاخە بەرزەیەکی جوان بوون، بەڵام بچووکترن لە ئەسپی ئینگلیزی‌و قایمترن بۆ ئەو جۆرە کارەی پێیان دەکرا بە ئاوو ئالیکێکی کەم‌و لە سەفەری دوورو درێژی بیاباندا. بوونی ئەو ئەفسەرە بەریتانیانە بوبوونە هۆی نەهێشتنی گوێ پێنەدان‌و ئازاردانی ئەو ولاخانە، کە لە ولاتی خۆرهەلاتیدا باوە. ئەگەر پۆلیسێک ئەرکەکەی خۆی بە باشی بەجێ نەهێنایە یان خۆی نەخۆش بخستایە ئەوا لێی دەبوردن، بەلام ئەگەر بهاتایەو ئەسپەکەی بە باشی بەخێو نەکردایە ئەوا سزای توند بەشی دەبوو. بۆیە هەموو ئەسپەکانیان پاک‌و تەمیز رادەگرت‌و شاڵ‌و رنەیان دەکردن. هیچ لەوە دڵگیرتر نەبوو، کە لەو بیابانە بەرینەی فرۆکەخانەکەدا ریزێک سوارەی، کە حیلە راوەستابووو لە پێشەوە ئەفسەرەکەیان بە سواری ئەسپێکی رەسەنی بالا بەرزەوە راوەستابوو، وەک هەورە تریشقە دەردەپەڕین‌و گوێت لە حیلەو پرمەی ئەسپەکان دەبوو.

زۆر جار رێدەکەوت، کە دەچووم بۆ پشکنینی رێگاو پردەکان، کە لەشوێنی دوور بوون‌و رێگای ئۆتۆمبێل نەبوو، ئەسپێکم لە پۆلیسخانەی ئەو شوێنە دەخواست‌و عەرەبەکانیش لایان وابوو، کە هەموو ئینگلیزێک وەک پێنتلی سوارچاکە، بۆیە هەموو جارێک ئەسپێکی سەرکێشیان دەدامێ. لە منداڵییەوە زۆر کەم سواری ئەسپ بووم‌و یەکەم جار ئەسپەکەم جەنەی گرتوو دەستبەجێ دابەزیم‌و گۆڕیمەوە بە یەکێکی‌تر، دەستبەجێ ئەویش هەڵیگرتم. رێگاکە بە تەنیشت هێڵی شەمەندەفەرەوە بووو بە معجیزە توانیم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەسپەکە لە بەربەستی هێڵی شەمەندەفەرەکە دوور بخەمەوەو خۆشبەختانە وردە وردە هاتمە سەر سواری ئاسایی. لەبەر ئەوەی ئەو ئەسپانە زۆر سەرکێشن‌و دابینکردنیان گرانە زۆرجار گران دەوەستا، کە بتوانم دابینیان بکەم بە تایبەتی ئەگەر بهاتبایە ئەسپەکە بۆ چەند هەفتەیەک سوارییی پێ نەکرایە، ئەوسا زۆر بوغرا دەبوو. جارێکیان هەر، کە سوار بووم ئەسپەکە وەک بروسکە دەرپەڕیت‌و هەڵیگرتم، بەڵام خۆشبەختانە بیابانێکی بەرین‌و بێخمخۆرم لەبەردەمدا بووو بڕیارمدا جەڵەوی بۆ شل بکەم هەتا بۆ خۆی ماندوو دەبێت، بەڵام خێرا هەستم بەوە کرد، کە ئەم وڵاخە مل نادات‌و بۆ دە کیلۆ مەترێک بەو دەشتی کاکیی بەکاکییەدا فڕیم‌و هاوڕێیەکانم لە دواوە بەجێ هێشت. وردە وردە ڕەشمەکەیم توند کرد هەتا دەستم تۆقڵەی کردو پەنجەکانیشم دابڕان، ئینجا توانیم ئەو سەرکێشە لە سەر جۆگە ئاوێک ڕاگرم. دوای ئەو هەوڵ زۆرە ئەو دڕندەیە ئامادەبوو سەر لە نوێ شێتانە دەست پێ بکاتەوە. عەرەبەکان دەڵێن ئەسپی ڕەسەن لە حاڵەتی وەهادا قەت ڕاوەستانی نییە، هەر دەڕوات‌و دەڕوات هەتا دەکەوێت‌و دەتۆپێت. نیوەی تەنگژەی هەڵسوکەوتی ئەم ئەسپانە لە بەکارهێنانی لغاوی ئینگلیزیەوە دێت. چونکە ئەم ئەسپانە خوویان بە ڕێشمەی عەرەبییەوە گرتووە. خۆ ئەگەر ڕێشمەش باشتر بێت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئامێرەکانی‌تری سواری عەرەبی باشتر بێت لە هی ئینگلیزی. پۆلیسەکان زینی ئینگلیزیان بەکاردەهێنا، بەڵام زینی عەرەبی، کە من زۆر جار بەکارم دەهێنان بە ڕاستی زۆر پێ ئیسراحەتە. ئاوزەنگییەکان لە ئاسن دروست کراون‌و ئەوەندە گەورەو سوچ تیژن بەکار دێن بۆ تێوەژاندنی ئەسپەکە، بەڵام بەملاوئەولای زینەکەدا شۆڕ دەبنەوە. زینەکەش تەسک‌و نارەحەتە. بۆ ئەوەی پێتبخەیتە ناو ئاوزەنگییەکەوە دەبێت ئەژنۆت بنوشتێنیەوە. لە گەشتی دوورو درێژدا. هەتاکو لەو زینە عەرەبیانە ڕاهاتم کاتێکی زۆر ناخۆشم بردە سەر. عەرەبەکان چوارچێوەی زین لە دار دروست دەکەن‌و بە چەرمی ڕەنگدار دایدەپۆشن‌و بە ڕیشوو دەیڕازێننەوەو بە هێمنی سەرپانی زەردکە دەینەخشێنن، یان بە هی زیوو ئەگەر زینەکە بۆ ئەسپی شێخ بێت. خۆ ئەگەر پیاو بچێت بۆ ڕمبازی لەگەڵ سوارەی عەرەبدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبینێت، کە ئەسپەکانیان سەریان بەرز راگرتووەو لەگەڵ کزەبای بیاباندا، کلکو یاڵی درێژیان دەفرێت. لە کاتی رمبازیدا عەرەبەکان خۆیان کوڕ دەکەنەوە بەسەر ملی ئەسپەکانیانداو بەو عەباو عەگاڵو کوفیە رەنگاو رەنگەیانەوە، کە بەرەو دوا دەفڕن، بە ئاوزەنگی تەقین بەو بیابانەدا تاو دەدەنو ئەسپەکانیشیان حەز بەو هەراو هۆریایە دەکەن. ئەم دیمەنە جوانە ناخۆشی زینەکانی دەسڕییەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ پۆلیسو کارەکانیان لە دیوانیەدا. دڵتەنگی من بە لافاوو ئەسپەوە شتێکی وەها نەبوو بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو تەنگژیانەی، کە دەهاتنە رێگای برادەرانی لێپرسراوی ئیدارەی لیواکە. هەرچەندە بە یاسا چەک قەدەغە کرابوو، بەڵام عەرەبێکی خێڵەکی تفەنگێکی شاردبووەوەو دەیتوانی لە کاتی پێویستدا فریای بکەوێت. لەبەر ئەمە کاتێک، کە پۆلیس لە پیاو کوژو جەردە دەگەڕانو دەیان ویست بیانگرن، توشی بەرەنگارییەکی زۆر سەخت دەبوون. پیاو خراپانیان لە بیاباناو یان لە زەلکاوەکاندا دەگیران، بەڵام بە خۆ بەخت کردنێکی زۆری پۆلیسەوە. بۆ چاوترساندنی ئەوانیتر، پیاوکوژان لە سەر شەقامی سەرەکی دیوانیەدا هەڵدەواسران.دائیرەی رێگاوبان، کە من کارم تێدا دەکرد بەشداربوو لە هێنانەدی ئارامی. زیاتر لە پێنج پۆلیسخانە بە خشت دروستکرانو لەو شوێنانەی، کە هێشتا، کە ئارامی نەیگەیشتبویە، پۆلیسخانەیتریشمان بەدەستەوە بوو، کە دروستیان بکەین. شوێنی ئەم پۆلیسخانانە وەها کەوتوون، کە هەرچوار دەورەیان چۆڵبێت. نەخشەکانیان هەموو وەک یەک بوونو بریتی بوون لە بینایەکی چوارگۆشەو لە هەموو شوێنێکەوە کونە مەتەرێزی تێدا هێڵرابۆوە. لایەکی بنایەکە تەرخان کرابوو بۆ کارو ژیانی دانیشتوانی پۆلیسخانەکە. لە پشت ئەم بینایەوە، شوێنی حەوشەیەکی گەورەبوو بۆ حەوانەوەی ئەسپو حوشترو ئاژەڵو بیرێکیشی تێدا لێدرابوو بۆ ئاوی خواردنەوە. دروست کردنی پۆلیسخانە زۆر گران دەوەستا. لەبەر گرانی کرێی گواستنەوەی ئامێر وپێداویستیەکانی بنیاتنانو قەناعەت پێکردنی کارکەران لە وەستاو کرێکار بۆ چوونیان بۆ شوێنی وەها دوور لەماڵو منداڵیان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با چیرۆکی دروستکردنی پۆلیسخانەکانی بیابانی باشوور باسبکەین، کە لە سەر سنوری دیوانیەو باشووری خۆرئاوادابوون. پیاوە ئینگلیزەکەی، کە عەرەبەکان ناویان نابوو ئەبوحەنیچ، توانیویەتی شەوکەتی ریگریک بشکێنێت بە ناوی فیصل آبو الداوش‌و نەهێڵێت لەگەڵ سعودیەدا شەڕبەرپابێت. ((نووسەر بە درێژایی پەرتوکەکە ووشەی Arabia بەکاردەهێنێت بۆ شانشینی عەرەبیەی سعودی‌و منیش سعودیەم بەکارهێناوە. وەرگێڕ)). لەو رۆژانەدا سعودیە لەگەڵ وڵاتی عێراقدا تەبا نەبوون. هۆبەکەشی ئەوەبوو پاشای سعودیە ئیبن سعودی گەورەی وەهابیەکان، باوکی فەیسەل پاشای عێراقی لە پاشایەتی حیجاز دەرکردبوو. خەونی وڵاتی عەرەبی یەککگرتوو هەموو ئەو وڵاتانەی دەگرتەوە، کە لەژێر دەستی تورکەکاندا بوو، بەڵام بە عەرەبی قسەیان دەکرد. ئەم خەونە نەهاتەدی لەبەر شەڕی ناوخۆ لە سەر سەرکردایەتی. هەوڵە مێژووییەکانی لۆرێنس‌و نیوکەم‌و ئەوانیتر Lawrence، Newcome بۆ یەکێتی عەرەبەکان لە کاتی شەڕەکەدا، هەمووی بە فیڕۆ چوو. ئەمەش خەتای عەرەبەکان خۆیان بووو ئەم خەونەش نەهاتە دی ئەگەر عەقڵیەتی عەرەبەکان نەگۆڕدرێت.

هیچ سنورێک نەبوو لە نێوان عێراق‌و سعودیەدا، کاتێک، کە بەشێک بوون لە ئیمپراتۆری عوسمانی، خێڵەکانی باشوور بێ هیچ رێگرییەک لە سعودییەوە کۆچیان دەکرد بۆ ناوچەی فورات. کاتێک بەریتانیا بڕیاریدا، کە سنوری نێوان هەردوو وڵاتی عێراق‌و سعودیە نزیک بە ١٦٠کیلۆمەترێک لە باشووری خۆرئاواوە دوور لە فورات دەست پێبکات، خەتەری بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هەردووک وڵاتدا بەرپابوو. خێڵە عەرەبەکانی نزیک سنوور عادەتیان ئەوەبوو، کە بە کەیفی خۆیان سنوور ببڕن‌و بچنە ناو خاکی عێراقەوە بۆ گەڕان بە دوای لەوەڕو ئاو بۆ مەڕوماڵاتەکانیان، هیچ گوێیان نەدەدایەو بە کەیفی خۆیان بۆ کوێ هەوەسیان لێبێت بڕۆن، سەربەخۆ وەک هەوای ئەو بیابانەی، کە هەڵیدەمژن، ئەگەر بێت‌و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت پەلاماری دوژمنەکانیان بدەن. توندوتیژی لە ناوچەکەدا چاوەڕوان دەکرا، هەرچەندە کوشندە نەبوو، بەڵام بێبەختانە ئاشوبە گێڕێک بە ناوی الداوش پەیدابوو، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەی لوا موتەیرLiwah mutair و پێشەوای ئیخوانەکان بوو. فەیسەڵ دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر ناوچەی سنوورو تاڵانکردنو کوشتنی ئەو خێڵانەی، کە بڕیارەکەی بەریتانیاو عێراقیان پەسەند کردبوو. هەرچەندە جێگەی سەربەرزیش نەبێت، بەڵام ئەم جەردەیە بە دەستی خۆی هەشتاونۆ کەسی کوشتبوو.

ئیخوان بریتیبوون لە کۆمەڵێک توندڕەوی موسولمان، کە نە جگەرەیان دەکێشاو نە کحولیشیان دەخواردەوە، وەک لە موسوڵمانەکانیتر ئەمانە هەر عیبادەتی محمدی پێغەمبەریان دەکرد ((نووسەر بە درێژایی پەرتوکەکە لە باتی ئیسلام، محمد بەکاردەهێنێتو لێرەشدا دەڵێت عیبادەتی محمد دەکەن، ئەم بۆچوونەش هەڵەیە، چونکە موسوڵمان هەر عیبادەتی خوا دەکەن، محمدیش پێغەمبەری خودایە. وەرگێڕ))و ڕێ نادەن لە نەوەو خزمانی محمد، کە شیعەکان بە پیرۆزیان دەزانن، بە چاوێکی وەها تەماشای موسوڵمانەکانیترو فەلەو جولەکەکان دەکەن، کە یان سەربەستنو یان بتپەرستنو هەردوکلاش هەر بۆ سەربڕین چاکن. ئەم هەستەش دەخەنە بەرچاوو پێڕەوی دەکەن. ئیخوانەکان بە هێزی گەورەوە پەلاماری شارۆچکەکانی ناوچەی فوراتیان دەداو کوشتاریان لێ دەکردنو تاڵانیان دەکردنو بوبوونە هۆ تەنگژیو بێ ئارامی لە ناوچەکەدا. ئەمانە زۆر حەزیان بە شەڕ بوو لە کاتی شەڕدا، بە خوێنی کوژراوەکان،بە دەستیان نێوچەوانی خۆیان سوور دەکردو سنگیان بە گوللەوە دەنا.

کارەکە گەیشتە ڕادەیەکی ترسناک، کاتێک، کە فەیسەڵ الداویش چەند جارێک هەڵیکوتایە سەر ناوچەکەو دەستی کرد بە تاڵانکردنو کوشتنو بڕین. ئەم کارانە لە شوێنی دووری بیاباندا ڕویدەداو هەتا دەنگوباسی دەگەیشتە بەغداد، تاوانبارەکان دووردەکەوتنەوە بە خۆیانو تاڵانەکانیانەوە. لەو کاتەدا بەریتانیا هێزی دەستبەسەراگربوو Mandotory power لە عێراقدا. فرۆکەی جەنگی بەکارهێندرا لە دژیان، بەڵام زۆر کاریگەر نەبوو. بنکەکانیان چەند سەد کیلۆمەترێک دوور بوونو بە ئاسانی دەپێکران ئەگەر بهاتبایە ئەوەندە نزم بفڕینایە بۆ جوداکردنەوەی تاڵانکەرانو خێڵەکییە دۆستەکان. زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جاریش فڕۆکەوانەکان لە گەردەلولی بیاباندا بزر دەبوون و کاتێکیش دەکەوتنە تەنگژییەوە بەهۆی تونێتیی و گولەی دوژمنەوە، دەبووایە بە ناچاری بنیشتنایەتەوە. بۆیە بڕیاردرا لەو شوێنانەی سەرسنوور پۆلیسخانە دروست بکرێت. لە (بوسەیە) چەند بیرێکی سوێراوی لێبووو لە ناو جەرگەی بیاباندا کۆمەلێک کرێکاری عەرەب، کە لە دائیرەی ڕێگەوبان کاریان دەکرد بەسەرکردایەتی هیندییەک بۆ دروستکردنی پۆلیسخانەیەک و چەند پۆلیسێکیان لەگەڵدابوو. بۆ دەرخستنی بەرەنگاری بڕیارەکەی عێراق، کۆمەڵێک لە ڕێگرەکانی فەیسەل الداوش بە سواری حوشترەوە سنوریان بڕیبووو بە تاریکی شەو گەیشتبوونە دەوروبەری دیواری پۆلیسخانەکە، کە هێشتا تەواو نەکرابوو. حوشتر بەو پێیە پان و نەرمەی زۆر بەبێهەست دەجوڵێتەوەو عەرەبیش ئەگەر بیانەوێت، توانایەکی بێهاوتایان هەیە بۆ بێدەنگ کردنی قوڕەی حوشتر. بە چەکی چاکەوەو بە بێدەنگیی و نەبینراوی ڕێگرەکان بە خشکە گەیشتبوونە دەرگای پۆلیسخانەکەو لەو کاتەدا هێشکچییەکە خەواڵوو ببووو سەری خستبووە سەر عەمباری تفەنگەکەی و خەوی لێکەوتبووو هیچ ئاگادار نەبوبوو. کاتێک، کە ئێوارە بەسەر ئەو بیابانە بەرداوییەدا داهاتبوو، هیچ نیشانەیەکی بەدووە هێرشبەرەکان لە ئاسۆدا دیار نەبوو، هیچ نیشانەیەکی خەتەر دیارنەبوو، بەڵام هیچ کەسێک لەو کرێکارە ماندووانەی، کە لە سەر تەختی عەردەکە ڕاکشابوون و خەویان لێکەوتبوو، جارێکیتر چاویان بە خۆرهەڵاتن نەکەوتبووەوە.

بە دەستریژێک هێشکچیەکە کەوتبووو مردبووو بە چاوی پڕ لە قینەوە تاوانبارەکان هێرشیانکردبووە ناوەوەو بە دەمانچەو تفەنگو خەنجەر دەستیان کردبوو بە کوشتنی کرێکاری شەکەتی خەولێکەوتوو. کاتێک، کە ڕۆژبوبووەوە، (بوسەیە) بێدەنگو ئارامبوو هیچ کەسێک لەو پۆلیسخانەیەدا بە زیندوویی نەمابوو، سوارەی حوشتریش بە خۆیان و دەستە خوێناویەکانیانەوە دیار نەمابوون. دیارە ئێخوانەکان دەزانن چۆن دەستی خۆیان بووەشێنن و لە ناو بیاباندا جارێکیکەش خۆیان بزربکەن. هێزێکی پۆلیس بە هاواریانەوە چووبوو، کە گەیشتبوون وەهایان زانیبوو، کە هێشتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له خەودان‌و یەکێکیان پشتی بە دیوارەکەوە دابووو چاوەکانی زەق‌و ددانەکانی گڕ چووبۆوە. ئەوان بە دەنگی بەرز سەلامیان کردبوو، بەڵام بێ وەڵامدانەوە،، کە دەستیان بۆ پیاوی پەنا دیوارەکە بردبوو، بەلادا کەوتبوو. ئەوهابوو بەخێرهاتنەکەی بوسەییە.

ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی توند بوو بۆ بەریتانیاو عێراق. دەستبەجێ هەڕەشە لە پاشای سعودیە ئیبن سعود کرا، ئەویش یەکسەر خۆی لە هەموو کردەوەکانی فەیسەڵ الداوش بێبەری کرد.

لە هەمان کاتدا دەبوو شتێک بکرێت بۆ بەربەست کردنی کارەساتی وەها. بۆ ئەم کارەش لیفتونات- جەنەراڵ سێرجۆن گلوب پاشایان نارد، کە لە کاتی خۆیدا هێزەکانی پاشا عەبدوڵلای ئوردونی ڕێکخستبووو بۆ ماوەیەک سەرکردەی بووو هێزە عەرەبیەکەی ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە شەڕدا. لێرەدا ناتوانین بە درێژی باسی ژیانی ئەم پیاوە لێهاتووە بکەین. قسەکانی‌و نووسراوەکانی‌و پەرتوکەکەی بە ناوی حیکایەتی هێزی عەرەبی The story of Arab legion زۆر باش نووسراوە، دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستیندا بووە هۆی لوتکە بوونی عەرەبەکان لە گەلێک لە دۆستە بەریتانیەکانیان‌و جەنراڵ گلوبیش یەکێک لەوانە بوو، هەرچەندە ئەو کاریگەریی زۆری هەبوو لە سەر گۆڕانکاری‌و پێشکەوتنی عەرەبیدا، ڕۆژێک دێت هەموو عەرەب هەستی پێبکات.

هەڵبژاردنی گلوب پاشا بۆ ئەم کارە زۆر لە جێی خۆی بوو، چونکە ئەم پیاوە لە سەر خۆیە عەقڵیەتی عەرەبی بیابان شارەزابووو خێڵە بەدووەکان زۆر ڕێزیان لێ دەگرت‌و ناویان نابوو ئەبو حنیچ. پیاوێکی دادپەروەر بووو هەستی بە نەریتو یاسای خێڵەکییەکان دەکرد، بە هۆی چەند ساڵ ژیانەوە لە ناو خێڵەکیەکاندا، شەخسیەتێکی پێشڕەوی خێڵەکی بۆ خۆی دروست کردبوو. بە جلوبەرگێکی لێوەشاوەی عەرەبییەوە گلوب پاشا ڕووی کردە بیابانەکانی باشوور، بۆ ئەو شوێنەی، کە فەیسەڵ الداوش سنوری لێوە دەبرێت. تەنیا کەسیش لەگەڵیدا بوو، پاسەوانێکی بەهێزو ناشیرینی نوبی بوو. هەمووکات پەنجەی لە سەر پەلە پیتکەی تفەنگە تورکییە کۆنەکەی بوو، بە تفەنگچییەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێهاوتا ناوی دەرکردبوو. ئەم جوتە سەیرە بە سواری ئەسپو حوشترەوە لەو بیابانەدا دەستیان بە گەڕان کردبوو. بۆ هەر چ شوێنێک بچوونایە، خێڵەکییەکان بە پیریەوە دەچوون، ئەمەش بوو بە هۆی ورە بەرزکردنەوەی ناوچەکە. چونکە میوانەکەیان پیاوێکی ناسراوبوو. لەو بیابانەدا گلوب پاشا دەستبەجێ راستیو چەوتی لێک جوداکردبووەوە، چونکە ئەو هەموو قسەفێڵاوییەکانی ئەم خەڵکی خۆرهەڵاتەی دەزانی. لە پێشەوە زۆر بە دۆستانە باسی هەموو شتێک دەکەن، کە لە ژێر خۆردا روویدابێت، ئەوە نەبێت، کە بۆ باسکردن هاتوون. لە دواییدا دەگەنە ئەوەی، کە لە دواییدا راستییەکە بڵێن، بەڵام بە هالوشوبالوشو درۆ، هەرچی نهێنییەکیان هەبێت دەیشارنەوە، وەک ئەوەی، کە بیانەوێت خەتا بخەنە پال ئەو خێڵە بێتاوانەی، کە ئەوان دوژمنیانن. بەڵام چونکە گلوب ئەم هەڵسوکەوتانە شارەزایە، توانیویەتی بگاتە ئەوەی کێ لە ئیخوانەکان بەرپرسیارەو تاوانبارە.

پرسیار ئەوەبوو ئایا لەم کارەدا ئۆتۆمبێلی زرێپۆش Armored vehicle بەکار بهێندرێت؟ خێراییان زۆر پێویستە بۆ بەدواکەوتنی دوژمنو گوتنیانو توانای تەقەیان بێهاوتایەو توانای بێئەندازەیان هەیە بۆ گەیشتنە پۆستی تەلەگراف، ئەگەر دووسەد کیلۆمەتریش دوور بێت، بۆ ئەوەی ئاگاداری هێزی ئاسمانی بکەن بۆ لێدانی دوژمن.

بیابانی باشوور زۆر بەرداوییە (جیاوازە لە بیابانەکانیتری عێراق، کە هەمووی لماوین)، ئەمەش دەبێتە هۆی زۆر بە خێرایی خراپ بوونی تایەی ئۆتۆمبێل. بەڵام ئەو چاوپێخشانە خێرایەی، کە گلوب پاشا لەم بیابانەدا بەکەمتر لە مانگێک کردی، بە هاوکاری ئەندازیاری پاشایی بەریتانیاوە، دەریخست، کە چەند رێگایەک هەیە، بەتایبەتی ئەوەی دوای پێشتێنە بەرداوییەکەوەیە، دەتواندرێت بەکاربهێندرێت بۆ ئۆتۆمبێل لێخوڕین. بە یارمەتی خێڵە بەدووەکانەوە، کە زۆر گلوبیان خۆشدەویست، توانیی زانیارییەکانی کۆبکاتەوەو ئاگای لە شوێنی بیرە ئاو سوێرەکانو شیرنەکانی دەوروبەری رێگا هەڵبژێردراوەکە بێت، ئەمەش دەقی ئەو نەخشەیەیە، کە هەلبژێردرابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆتۆمبێلی زرێپۆش‌و لۆری فۆردی ڕەشاش هەڵگر لەگەڵ بێتەل‌و پێداویستییەکانی ژیان‌و سوتەمەنی دەبێت لەلای بیرە ئاو شیرنەکان‌و شۆفێرەکانیش دەبێ نەخشەی ڕێگا هەڵبژاردراوەکەیان لابێت‌و لەگەڵ درێژایی سنوردا بڕۆن. هێزی ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی بەریتانی بوبوو بە ناوکی ئەم پیلانە، هەتا ئەو کاتەی شۆفێری عێراقی ئامادە دەکرێن. ئەم ڕێگا نوێیەی، کە لە سەر نەخشەکەیە، لە پشتی پۆلیسخانەوە تێدەپەڕێت‌و دەبێ باش پاسبکرێت. بڕیاریش درا، کە پۆلیسخانەکە تەواو بکرێت‌و دوو پۆلیسخانەی‌تریش لە سەلمان‌و شیچە دروستبکرێن ئەمە دواییەنەی سەر بەرزی ئیخوانەکان بوو. کۆمەڵێکی پەلاماردەر دۆزرایەوە لە کاتێکدا، کە سنوریان دەبڕی، بە بێتەل فڕۆکەکان ئاگادارکران‌و لە شوعەیبەوە هەڵسان‌و پێش ئەوەی کۆمەڵە پەلاماردەرەکە بتوانێت بگاتە ئەودیوی سنور لە ئاسمانەوە بە توندی سزادران.

فەیسەڵ الداوش وازی لە پەلاماردانەکانی هێناو بەرەو باشوور گەڕایەوە، بەڵام بەهۆی هەڵسوکەوتی لەخۆ باییەوە وەهای لە پاشای سعودیە کرد، کە بگاتە سەری‌و پاشەکشێی پێبکات بۆ ناوچەی بێ لایەنی نێوان کویت‌و سعودیە، کە کردبووی بە شوێنی دەستپێکردنی گێرەشێوێنی لەو ناوچەیەدا. لە دواییدا بە ناچاری خۆی دایە دەست بەریتانییەکان ئەوانیش دایانە دەست سعودییەکان‌و زۆری پێنەچوو لە زینداندا مرد.

ئاوها ژیانی پڕ لە ئاشوبەی فەیسەڵ الداوش دوایی پێهات، کە سەرکردەیەکی لێهاتووبوو بۆ ڕۆژانی هارونالرشید نەک بۆ شەڕی ئێستای نابەرانبەر دژی چەکی کاریگەری ئەم ڕۆژانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی سێیەم

## بەرەو باکوور بۆ شاخەکان

لە سەرەتای بەهاردا لافاو نەماو بۆ یەکەم جار لەوەتەی من هاتوومەتە ئەم وڵاتە هەستم بەوە کرد، کە هیچیتر کاری پچڕ پچڕ نابنە هۆی دڵتەنگیم، کە ساڵیش بە ناودا چوو، دڵخۆش بووم بەوەی، کە هەرچەندە هاوین زۆر گەرمو وشکە، بەڵام لە توانامدا هەیە بەری ئەم جۆرە ئاوو هەوایە بگرم.

ئێستا من خەریکی راماڵی surrey سەختم، کە پێویستە بۆ پلانی ڕێگەو بانو کاری تازە. ژیانیشم بە تەنیایی دەبردە سەر، چونکە زۆربەی کات هەر خەریکی گەڕان بوومو لێرە بۆ ئەوێ کامیمانم دەگواستەوە.

بە ئۆتۆمبیل بەو ناوچە بەرینەدا دەگەڕامو تەنیا چاودێرکەری ستافەکەم لەگەڵبوو. بۆ ئەوەی لە کاتی گەرمادا کار نەکەین، بەیانیان زوو پێش خۆرهەڵاتن هەڵدەستاینو بەرچاییمان کولێرەی فەتیرەو خورما بوو لەگەڵ کوپێک چاییدا. بە سواری ئەسپ دەڕۆیشتینو لە ڕێگا بە خومانو ئەسپەکانمانەوە، بە مەلەو بە قایەخو بازدان، ئەو جۆگە ئاوە گەورەو بچووکانەمان دەبڕی، کە دەهاتنە ڕێگەمان. بۆ هەموو پرسیارێکو تێبینیەک دەبووایە دابەزینایەو لە خێڵەکیەکانمان بپرسیایە خاوەنی زەویەکان کێن، لە کاتێکدا، کە ئەوان سەرقاڵی کار بوون لە ناو مەزرای مەرەزەدا. بەم شێوەیە گەلێک شوێنمان پەیت کرد، هەتاکو گەرمای نیوەڕۆ، کە دەگەیشتە ٤٨ پلەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدی، ناچاری دەکردین پەنابەرینە بەر باخە دارخورمایەک، یان یان رەشماڵی عەرەبێکی سەغی تەبیعەت. لەم شوێنانە نیورۆژەمان دەکردوو خەڵکانی ناوچەکە بە روویەکی خۆشەوە فەرمووی کاسە ماستاوێکیان دەکردین.

بە پێی توانا قسەم لەگەڵ گەورەی دێی‌و بەرێوەبەری ناوچەکە دەکردو پلانی خۆمم لەگەڵیاندا باس دەکردو سوودی کارەکەشم بۆ خەڵکانی ناوچەکە روون دەکردەوەو داوای کرێکارم لێ دەکردن. ئەم هەڵسوکەوت‌و روونکردنەوانەش سودێکی باشیان هەبوو بۆ نەهێشتنی دژایەتی پرۆژەکەمان.

پاشنیوەرۆیانمان هەر وەک تاقی بەیانیان دەبردە سەر بە تێپەڕبوون بە ناو باخی خورمادا، یان بە بیابانی بێسنوردا هەتا دەگەڕاینەوە شوێن حەسانەوەمان لە سەرای ناوچەکە. حەسەن شێوی ئامادە دەکرد، کە بریتیبوو لە برنج‌و شلەی کولەکەو گۆشت، یان بەو تەمەڵی‌و قسە لوسانەیەوە، یەکێکی فریودەدا بۆ ئامادەکردنی خواردنەکە.

هەتا ئەوساش کاری رۆژانەم هەر تەواو نەدەبووو دەبووایە بەسەر لیستەی موچەدا بچومایەتەوە، کە چاودێری کار ئامادەی کردبوو، هەروەها ئەو زانیاریانەی، کە لە رۆژدا کۆمدەکردنەوە، دەکران بە راپۆرت، ئینجا دەستم دەکرد بە دانانی نەخشەی پردو کوناوەکانی ئەو رێگایەی، کە بە نیازبووین دروست بکرێت، زۆر جاریش خەریکی خەملکردنی تێچوونی پرۆژەکە دەبووم بۆ ئەوەی بینێرم بۆ ئۆفیسەکەم لە دیوانیەو لەوێشەوە بۆ بەغداد.

بۆم دەرکەوت، کە دەبێ بەشەکانی‌تریش ئاگادار بکرێن لەو کارانەی، کە پێیان هەڵدەستام‌و کۆپیشم بۆ گلوب پاشا دەنارد، ناوی ئەو کەسانەشم دەبرد، کە رازی نەبوون بە پرۆژەکە، هەروەها دەبوو کۆپیەکیشم بناردایە بۆ ئەندازیاری ئاوی ناوچەکەو داوام لێ بکردایە بۆ رازیبوون لە سەر دروستکردنی پردی سەر جۆگا گەورەکان. دەبووایە بنتلی سەرەک پۆلیسیش ئاگادار بکرایە ئەگەر بهاتبایە خەڵکەکە ناحەزبن بە پرۆژەکە، بەڵام خۆشبەختانە ئەمەیان زۆرکەم رویدەدا. دوای تەواوکردنی کاری رۆژانەم، فانۆسەکەم دەکوژاندەوەو هەڵدەگەرام بۆ سەربانی سەراو لە سەر قەرەوێڵەیەکی ناهەمواری سەفەری رادەکشام‌و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاسمانێکی ساف‌و روونیش بە تیشکی ئەستێرەکان جێگەی روانینم بوو. پێش ئەوەی چاوم بچێتە خەو، گوێم لە دەنگی گوندەکە دەبوو، کە لەژێر باڵای دارخورمای باخەلێر لە هێشوە خورمای پێنەگەیشتوودا شاردرابووەوە. ئەو دارخورمایانەش باڵایان لەگەڵ بەرزایی سەربانی سەراکەدا جووتبوو. لە خوارەوە دەنگی ئاوازی چوارینەی خۆرهەڵاتی غەمبار لە ئامێری تاڵداری موسیقی هەڵدەستا. هەندێک جاریش ئالاو چراخان تێدەپەڕین، ئەمانەش نیشانەی لە ئارابوونی رەوتێکی ئایینی بوون.

موحەڕەم لە هەموو فیستیڤاڵەکانی شیعەکان گەورەترە، کارێکی دڵتەزێنە کاتێک شینی حەسەن‌و حوسێن دەکەن. لە پێشەوە توندڕەوەکان بە شیر لە سەری خۆیان دەدەن‌و سەرتاپای باڵایان لە خوێنداشەلت دەبێت. بە دەنگی تەپڵ‌و چراخانەوە، کۆمەڵێکی بڕوا بە تینەکان بە هەنگاوی سستی یەکچوونەوە رەوت دەکەن (رێی پێوان)‌و هەندێکیان بە ڕستە وشەی پڕ سۆزو ئاوازی حەزینەوەو بە دەنگی بەرزەوە هاوار دەکەن‌و ناوی پێشەوا پیرۆزەکانیان دێنن"حەسەن، حوسەین، عەلی"، هەندێکیشیان بە چەند وشەیەکی دووبارە پاتەوە شین دەکەن‌و دەگرین‌و بە لاواندنەوە دەڵێن: "حەسەن، حوسەین، حەسەن، حوسەین".

حەسەنی نۆکەرم سوننەیە، لەبەر ئەوە دژی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەیە. بەڵام نەیدەوێرا خۆی دەربخاو بچێتە دەرەوەی بنایەکە کاتێک، کە شیعە توندڕەوەکان لە دەرەوە سەرگەرمی شیوەن بوون. حەسەن پاڵی بە حەساری سەربانی سەراکەوە دابوو، هاواری کردوو گوتی: گەورەم وەرە تەماشاکە وا لە خۆیان دەدەن. هەرچەندە شیوەنی موحەڕەم سەرنج ڕاکێشە، بەڵام بە لای منەوە هیچ نییە کاتێک، کە ماندوو بم، دەنگی شیوەنەکە وەک لایلایە دەمخاتە خەو، بەڵام حەسەن بە تەنیا هەر تەماشای شیوەنکەرانی دەکرد.

بەهۆی تەپوتۆزی بیابانەوە، هەندێکجار کارەکانمان رادەگرت، ئەم تەپو تۆزە بۆ چەندەها رۆژ بەردەوام دەبێت‌و وەک تەمی لەندەن بەری خۆر دەگرێت. لە کاتی تەپوتۆزی کوشندەدا ئۆتۆمبیل لە سەر رێگەوبان نامێنێتەوە، بایەکەش وەک گڕی تەنوورە (بە کوردیش پێی دەڵێن گڕە. وەرگێڕ)و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەموچاویش بە ورد بەرد دەڕوشێنێت. لە ڕۆژی وەهادا، لە ماڵانو فەرمانگەکان دەبێ چرا داگیرسێنن. خۆڵە وردەیەکی بێ ئەندازە زۆر لە هەموو کونو کەلەبەرێکەوەو لە دەرگاو پەنجەرەوە دێتە ژووریو هەموو شتێک تۆز دایدەپۆشێت، پاشاو گەدا هەموو وەک یەک، دەکۆکنو دەپژمنو خۆڵ لە دەموچاویان دەسڕنەوە. لە ڕۆژانی وەهادا من ناچار دەبووم لە ژوورێدا دەمامەوەو خەریکی ڕێکخستنو تەواوکردنی کارەکانم دەبووم، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر خۆڵاویو پیسبوونی پیلانو راپۆرتەکانم بوو.

لە دیوانیەوە هەموو کاتم بە کارەوە دەبردە سەرو دوای چەند مانگێکی تەنیایی، زۆر دلخۆش بووم بە پشوویەکی کورت، کە لەگەڵ ئەندازیاری لێپرسراوی بەشی بەسرەماندا بردمە سەر ((بالسورا ئەو شوێنەیە، کە سیندیباد لەوێوە دەستی بە سەفەرەکانی کردبوو)).

لە چاو شارۆچکەکەمەوە ئەم شارە زۆر گەورە دیاربوو، بەڵام بێ لە نەخۆشخانەکەی، بینای تازەی زۆری تێدا نەبوو. لەم شارەدا توشی ژنانی سپی پێست بوومو بەشداری ژیانی یانەی فەرمانبەرانو بازرگانانم کرد. گۆڕانێکی سەیربوو ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ژیانی دیوانیەدا. بۆ هەفتەیەک لە نێوان خۆشی پانکەو ئاوی پاڵێوراوداو تەلەفۆنو خانووی پاکو تەمیزو سەفاوەتێکی بێپایانی خەڵکەکەدا ژیام. لە سەرەتاوە حەسودیم بەو جۆرە ژیانە دەبرد، کە لە کارێکی ئۆفیسیو کاتی دیاریکراوداو پشوی کۆتایی هەفتەدا دەژیان، بەڵام من وەها ساکار رسکاوم، کە حەز بەو جۆرە ژیانە بکەم، کە لەگەڵ عەرەبە خێڵەکییەکانی بیاباندا بیبەمە سەرو دوای چەند ڕۆژێک هەستم بەوە کرد، کە دیوانیەم لا پەسەندترە لەگەڵ خانووە قورەکانیو بازارە تەسکو بۆگەنەکانیو ژنانی پەچەداریدا، کە جلەکانیان لە ئاوی جۆگاکاندا دەشۆن، لە کاتێکدا، کە منداڵە وردیلە چڵمنەکانیشیان بەسەر کۆڵیانەوەیە. کارەکەم لەوێ بێسنوور بووو هەموو شتیکی لەبیر بردبوومەوە. زۆر هەستم بە خۆشی دەکرد، کە لە کارێکدابم هەست بە لێپرسراوی بکەم. هەرچەندە دیوانیە لە ناوچەیەکی سەرکێشیدا بوو، بەڵام لە لیوادەوڵەمەندەکانی عێراق دەژمێردرا، بەهۆی مەزرای گەورەی مەرەزەوە، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هەرچوار لای فوراتدا بڵاو بووبووەوە. ئەو پارەیەی بۆ کاری ئاوەدانکردنەوە خەرج دەکرا نەک هەر سەرمایەی تازەی دروست دەکرد، بەڵکو ناوچەکەشی ئارامتر دەکردەوە.

لە دیوانیە کرام بە لێپرسراوی گۆڕانکارییەکانی لیواکەو گەلێک نەخشە ئامادەکران بۆ ڕێگاوبان‌و پردو بینایەو ئاوی خواردنەوە، هەندێکیان لە شاری دیوانیەدا. من ئاواتم ئەوە بوو، کە چەند بینایەک لە ژێر دروستکردندا بێت لەگەڵ وێستگەی کارەباو قوتابخانەو نەخۆشخانەیەک، بەڵام بێبەختانە ئەو ساڵە زۆربەی بودجەکە بۆ دابینکردن‌و بنەبڕکردنی ئیخوانەکان خەرجکرا. لەبەر ئەوە بودجەی ئەشغاڵی لیواکە کەمکرایەوە. لەبەر ئەم هۆیەش، لە ناوەڕاستی هاویندا ئاگادار کرام، کە کارەکەم بۆ کوردستان گوازراوەتەوە. ئەو شوێنەی، کە پێویستی بە دابینکردنی خێڵە کوردەکان‌و بردنی دەوڵەتە بۆ ئەو ناوچەیە. ئەمەش پێویستی بە ڕێگاوبان دروستکردن هەیە. دانرابووم بۆ دروستکردنی ڕێگایەک، کە پێی دەوترا ڕێگای ڕەواندووز، کە لەعێراقەوە هەتا بەرزاییەکانی ئێران‌و دەریاچەی قەزوین دەڕوات. ڕێگاکە بە بەرزایی زۆر سەختدا تێپەڕدەبێت‌و دەڵێن جەردەو شۆڕشگێڕی پێوەیەو بوونەتە هۆی ناهەمواری‌و تەنگژی بۆ دەوڵەتی عێراق.

وەها دەهاتە پێش چاو، کە مایەی خۆشی بێت، بەڵام دڵتەنگ بووم بە دوورخستنەوەم لە پێدەشتەکانی باشوور. دیوانیەم زۆر لا خۆش بوو، هەرچەندە تەپوتۆزێکی زۆر هەبوو، وێرانکاری ئیخوانیش لەوێ ڕاوەستێت، خێڵەکانیش ناهەموارو دڕندە بوون بەڵام بەهەنتبوو.، کە گواستنەوەی کارم بۆ باکوور بڕیاردرا، ئەوسا تەنگژی ئیخوان لە کۆتاییدا بوو. دوو پۆلیسخانەی گرنگ دروستکران‌و سێیەمیش دەستی پێکرابوو لەو زنجیرە پۆلیسخانانەی، کە بڕیاری لە سەر درابوو بە درێژایی سنوری سعودیە دروست بکرێن. ئۆتۆمبیلی زرێپۆشیش لەو ناوەدا پاسەوان بوو. بەو شێوەیە نینۆکی ڕێگرەکان لە بندا دەرهات، بەڵام لەو ڕۆژانەدا، کە من لە سەر سەفەر بووم، دە عەرەب کوژرابوون‌و دوانزەش بریندار کرابوون‌و لە بیابانەوە هێنابویانن بۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەکەو تەنگژییەکی هەمیشەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستبووبوو، کە چارەی پێویستبوو. یەکێک بوو لە کاری تۆڵە سەندنەوە بەهۆی ڕێسای خێڵەکییەکانەوە، کە لە زەمانێکی کۆنەوە بووەتە نەریتێکی ئاسایی. تۆڵەی خوێن سەندنو یاسای خێڵەکی نەنوسراون، بەڵام بووتە هۆی تەنگژەی هەتایی چارەسەر نەکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی عێراق. چاو لە جێی چاوو ددان لەجێی ددان هێشتا پەرژینی خێڵەو پیاویش ئەو پیاوەیە، کە شەرەفی خێڵەکەی بپارێزێت، هەرچەندە هێزو ئەمیریش هەن بە پێچەوانەی ئەم نەریتەوە بیربکەنەوە. بۆم دەرکەوت، کە ئەم نەریتە لە کەنداوی فارسیەوە بۆ شاخەکانی کوردستان پێڕەو دەکرێت، هەرچەندە سەدساڵێک لەمەو پێش وابزانم بابوباپیرانم لە سکوتلەندا زۆر کەم جیاوازیان هەبووە، لە نەریتو یاسای شەرەف لەگەڵ ئەم پیاوانەی، کە ئێستا من نێردراوم بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەمو شارستانیەتیان فێربکەم. منیش ناتوانم دژی کۆمەڵێک بووەستم، کە بەزەیی پێداهاتنەوەی ڕاستەقینە، تێکەڵ بە نەریتی دواکەوتووی توندڕەو بووبێت. پیاوانی خێڵەکی لە جۆرە هەڵسوکەوتێکدان هەر وەک منداڵ دڕندەییەکی ساکارانەیان تێدایە.

حەسەن چاوی گەشایەوە، کە بیستی گوازراومەتەوە بۆ ڕەواندوزو دەستی کرد بە پیاهەڵدان بە جوانی شاخەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەی کوردستانی. دڵنیایی کردم، کە ئەو ناوچە شاخاویانە، ئاووهەوایەکی سازگاریان هەیەو باسی بۆ کردم، کە ڕەزی ترێیو داری جوانی بەری بە هەزار چەشن، میوەی بەسەر کانیاوو جۆگەکاندا شۆڕ دەبێتەوە. لەم ناوچەیەدا بارانێکی زۆر بە درێژایی زیاتر لە شەش مانگ دەبارێو جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ بیابانە وشکەکانی باشووردا، کە باران بارین یەک دوو هەفتە دەخایەنێت. حەسەن نەیدەتوانی بە وشە دەریببڕێتو بۆم وەسف بکاتو منیش دەبێ چاوەڕێ بکەمو هەتا بە چاوی خۆم دەیبینم. حەسەن چەند بەسەر هاتێکی بۆ گێڕامەوە، کە کاتی خۆی لە سوپای تورکدا بوو رووياندابوو. ئەمانە وەهایان لێکردم بڵێم: ((پیاوی پیرۆزو لەعلەت لێکراو هەردووکیان پێکەوە لەم بەهەشتی کوردستانەدا دەژین)).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێپرسراوی بەشەکەمان بروسکەی بۆ کردم، کە دەستبەجێ بچم بۆ لای، ئەوکاتە ئەو لە ناوچەی رەواندوزدا دەگەڕا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ئەو ڕێگایەی، کە بەتەمابووین لەو ناوچەیەدا دروست بکرێت. لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەم لەو ناوچە شاخاویانەدا، کە بێ ڕێگاو بانە بێ سوود دەبێت، منیش لە شوێنێک قایمم کردو بە شەمەندەفەر چووم بۆ لای.

هێڵی شەمەندەفەری بەغداد- کەرکوک بەرەو باکوور دەڕواتو زۆر هێواشەو لە هەموو ئیستگەیەک رادەوەستێتو لە هەموو راوەستانێکدا پۆلیسی شەمەندەفەرەکە دادەبەزنو پاسی دەکەن نەبادا دزو جەردە نەفەرە خەوتووەکان رووت بکەنەوە، هەرچەندە لەم سالانەی ئەم دواییەدا، رووتکردنی ناو شەمەندەفەر زۆر کەمبۆتەوە. هێڵی شەمەندەفەرەکە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت تێدەپەڕێت، لە ژێر شەوقی مانگەشەودا ریکی بیرە نەوتەکان دیاربوونو بە ئاسماندا هەڵچووبوون. ئێمە بە جەبەل حەمریندا تێدەپەڕین، کە یەکەمین دامێنە گردی کوردستانەو لە سلێمان بەگ (سەلمان پاک. وەرگێڕ) بۆ چەند چرکەیەک شەمەندەفەرەکە راوەستا، کە شوێنکارێکی گەورەی کۆمپانیای نەوتی عێراقی لێیەو ئەملاولای بە بۆڕی نەوتو ئامێری پێویست هەڵچنرابووو ئامادەبوو بۆ ناردنی بۆ بابەگوڕگوڕ، کە نزیکی کەرکوکە. لەو شوێنەدا کێڵگەیەکی گەورەی نەوت دۆزراوەتەوە بە هۆی لێکۆڵینەوەو هەڵکۆڵینی ئەو شوێنە لەلایەن کۆمپانیاکەوە. چیرۆکی دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی بابەگوڕگوڕم لە نەفەرێکی ناو شەمەندەفەرەکە بیست، کە فەرمانبەرێکی گەنجی سەر بە کۆمپانیاکەبوو، کە لە پشوو دەگەڕایەوە. کاتێک لە بیر هەڵکەندندا گەشتبوونە نەوت، ئەوەندە بە توندی دەرپەڕیبوو، تەلی ریکەکە بچڕابووو ترازا بوو نەوتو گازیش بە ئاسماندا هەڵچووبووو هەورێکی رەشی دروستکردبووو دەشتو دەرو دۆڵەکانی ئەو ناوچەیەی پڕکردبوو. خۆشبەختانە ئاگر نەکەوتبووەوە، بەڵام چەند کەسێک بە هەڵم خنکابوونو ئەوانیتریش ئازایانە خۆیان رزگار کردبوو.

دەرکەوت، کە ئەم کێڵگەی نەوتە یەکێکە لە هەرە گەورەترین کێڵگەکانی نەوتی جیهانو بەو هۆیەشەوە بۆڕی نەوتی کەکوک- دەریای سپی ناوەڕاست هاتە کایەوە، کە سەدان کیلۆ مەتر ئەو بیابانە چۆڵو هۆڵە دەبڕێتو لەوێشەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به پاپۆڕی نەوت هەڵگر دەبردرێت بۆ نەوتپاڵێوەکانی ئەوروپا، بۆ جودا کردنەوەی نەوتو بەنزین بۆ ئۆتومبیلو فرۆکەکانی ئەوروپا.

بەیانی زوو گەیشتمە کەرکوک، کە شوێنێکی زۆر کۆنەو بە درێژایی مێژوو شار لە سەر شار بە دوای یەکدا لە سەر یەک دروستکراون، ئەمەش بووەتە هۆی دروست بوونی گردێکی بەرز، کە بەسەر دەوروبەرەکەیدا دەڕوانێتو بە هەرچوار دەوریدا دیوار کراوەو بووەتە قەڵاو شارۆچکەیەکی قایمو توانای بەرگری هەبووە. بەڵام ئێستا قەڵا هەر شوێنی خانوو بەرەیەو بازاڕو کۆگاو دوکانەکان یەقیان کردۆتەوە بۆ پێدەشتەکەی خواری نزیک بە ئاوەکەی خاسە، کە زۆر جار لافاو ئەوناوە دەخاتە مەترسییەوە. لە کاتی دەوڵەتی تورکدا، بە قایە پردێکی کەمەرەیی لە سەر ئاوەکەی خاسە دروستکراوە، کە توانای بەرگری تەوژمی لافاوی زۆری هەبوو. بەڵام پایەکانی ناوەڕاستی بە ئاو خوراونەتەوەو کەندڕبوون. بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە، شێلمانی ئاسنین بەمبەرەوبەری کەمەرەکاندا رایەڵکردووە بۆ پاڵپشتو رایەڵکردنی پردەکە، ئەمەش بووەتە هۆی دیمەنێکی تێکەڵەی سەیری کۆن ونوێ لە کاری ئەندازیاریدا. نزیک بە کەرکوک لە کۆنەوە گڕێک هەڵدەستێت بەهۆی دەرپەڕینی گاز لە عەردەکەوەو لە ناوچەکەدا وا باوە ئەمە بریتییە لە تەنوورە سوورەوەبووەکەی پەرتوکەکەی دانیال Book of Daniel ((ئەم شوێنە بە کوردی پێی دەڵێن بابەگوڕگوڕ. وەرگێڕ)) هەر لەو رۆژەدا دەبوو ١٤٥ کیلۆ مەترێک بەرەو باکوور بچم بۆ شەقلاوە، کە گوندێکی کوردەو کامپی سەرەکی رێگا نوێیەکەی رەواندوزی لێیە، بۆیە لە کەرکوک هیچیترم پێ نەکرا لەوە زیاتر، کە خۆم بناسێنم بە سەرەک ئەندازیار مێجەر پۆڤەر W. A. Pover، کە لەو کاتەدا خۆی ئامادە دەکرد بچێت بۆ پشوویەکی شەش مانگی. لە دواییدا ئەم پیاوەم بە باشی ناسیو رێزم لێدەگرت،و یەکێک بوو لە پیاوە بەتواناکانی بەڕێوەبەرایەتی دەستبەسەرداگری بەریتانیا British Mandtc، کە بە کاری خۆنەویستانەوە توانیان عێراق دروست بکەن. لە رۆژانی سەرەتای کارەکەمداو خەریکبوون بە دروستکردنی پردەوە ئەو پاڵپشتیەکی زۆری کردم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میجەر پۆڤەر پیاوێکی باریکی لەسەرخۆ بووو کاری گرانی رۆژانەی، چرچو لۆچی خستبووە دەموچاوییەوەو پیاوێکی خاوەن بڕیار بوو. بەرگێکی سپی لەبەردا بووو لە ئۆفیسێکدا دانیشتبوو، کە رێکوپێکی کاری پێوە دیاربوو، هەرچەندە جۆرو شێوەی کارەکەی درندانەو دواکەوتوو بێت، بەڵام هەرگیز ئەو وشانەییم لە یاد ناچێت، کە پێش ئەوەی کەرکوک بەجێ بهێڵم بۆی کردمو گوتی: ((لەیادت نەچێت لەم بەشەی ئێمەدا دەبێ ژیانی کرێکارەکان وەک ژیانی خۆمان بێتو بە دادپەروەری لەگەڵ خۆیاندا بجوڵێیتەوە. قەت ئەوە لە کرێکارەکان داوا مەکە لە خۆت زیاتر کار بکەن. ئەم وڵاتە هێشتا لە رۆژانی تاریکیدایە بۆ ژیانی کرێکاران. ئێمەش دەبێت هەوڵبدەین دژی ئەو هەڵسوکەوتە کۆنە بین کەمێک لە کۆیلەیی باشترە. من هەوڵێکی زۆرم داوە تاکو توانیم رۆژانەی کرێکارەکان ببێتە هەژدە پینس، کە هەر بەشی خواردنو جگەرەیان دەکات، ئەمەش بۆیە بەشی ئەوەندە دەکات چونکە نرخ لە کانتینەکاندا بەرز نەکراوەتەوە وەک شارەکانی دەورووبەر، کە بە دەستی بازرگانەکانو خاوەنی کاری سەربەخۆوەنو خەریکی رووتکردنی کرێکارەکانن‌و لە رۆژانی موچە وەرگرتندا لەدەرەوە بۆیان رادەوەستن. من ئێستا لەگەڵ دەوڵەتدا هەوڵدەدەم بۆ رازیبوون لە سەر نەخشەی قەرەبۆکردنەوەی ئەوانەی بریندار دەبن‌و مەسرەفی نەخۆشخانەکان لە سەر دەوڵەت بێتو قەرەبوکردنەوەی ماڵومنداڵی ئەوانەی لە کاتی کاردا دەمرن، بەڵام هەوڵەکە هێشتا هەر بەربایە. سەبارەت بە کاری ئەشغاڵەوە، ئێمە ئەو پارەیەی بۆمان تەرخان دەکرێت لە شوێنی بەجێ سەرفی دەکەین. ئێمە رۆژانەی باش دەدەینە کرێکارەکان‌و لە پاداشتدا چاوەڕوانی کاری باشیان لێدەکەین. لێرە لە باکووردا ئێمە لە ژێر هەلومەرجێکی ناخۆشداین، ئەمەش وەهامان لێدەکات، کە زیاتر هەوڵ بدەین کارەکانمان جێگەی خۆیان بگرن.)) لە دواییدا رووبتێکردمو بە پێکەنینەوە گوتی: ((خۆت بە تەنها لەو شوێنی کارە دوورە دەژیتو هیوام ئەوەیە ژیانێکی بە تەنهایی نەبینیت، چونکە رەواندوز یانەو تیاترۆی تێدانییە)). من لە دواییدا تێگەشتم مەبەستی لە تیاترۆ ئەو نوکتەیەیە، کە خەڵکانی شوێنکارەکانمان دروستیانکردووە بۆ فەرمانبەرەکانی بەغدادمان، کە وا لە ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی‌و خۆشیدان. لە دواییدا گوتی: ((لە یادتبێت، خاوەن قسەی خۆتبیت، لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارەکەتدا باشبە بۆ ستافەکەتو کوردەکان،کە لە ناویاندا کاردەکەیت. فیڵیان لێنەکەیت، ئەوانیش فێڵت لێناکەن. سەرپەرشتکەران دەبێ باشتر بزانن لەوەی، کە هەندێک جار بێگوێی دەکەن لەو راستییەی، کە کوردەکانیش هەر وەک خەڵکانیتر وەهانو زەحمەت نییە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەیت، ئەوە بۆ کەسێک ئەگەر بیەوێت متمانەی پێبکرێت. دوای ماوەی پشوودانەکەم، کە شەش مانگ دەخایەنێت، دەگەڕێمەوەو دێم سەردانت دەکەم تا بزانم کار چۆن دەڕوات. ئەمە شەش ساڵە من هیچ پشووم وەرنەگرتووە، ئێستاش نامەوێت بەڵام بەشەکەمان جەخت لە سەر ئەوە دەکات دەبێ پشوو وەربگرم. ئیتر داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم)).

کە دەستم بە لێخوڕین کردو شارە کۆنەکەی کەرکووکم بەجێهێشتو بەرەو قۆناغی ١٤٥ کیلۆمەتریم رۆیشتم، لە رێگادا توشی کابرایەکی کوێر بووم، کە لە لارێییەکدا لە سەر ئەو عەردە بەرداوییە بە تەنها هەڵقونجابوو.بە هەرچوار لادا نیشانەی هیچ گوندێک لە ئارادا نەبوو. کابرایەکی زۆر لاتو هەژار دیاربوو، لەبەر ئەوە راوەستامو روپیەیەکم دایەو ئەویش بە کوردی دوعای بۆ کردمو لە خودا پاڕایەوە، کە دەست بە باڵمەوە بگرێت. لە رێگا هەر بیرم لەو راپۆرتانە دەکردەوە، کە بیستبوومن سەبارەت بەو وڵاتەی، کە من بۆیدەچمو هەستمکرد، کە بەرەکەتی خودام زۆر پێویستە وەک یەکێک بۆ یەکەمجار بێتو لە کوردستاندا بژێتو کاربکات.

لە کەرکوکەوە بە دەستێکی بەرزدا تێپەڕیم، هەتا گەیشتمە زێی بچووکو شارۆچکەی ئاڵتوون کۆپری، کە بە تورکی واتاکەی پردی زێڕینەو لەوانەشە رۆژێک لە رۆژان پردێکی زێڕین لەم شوێنەدا بووبێت، بەڵام لەو شوێنەدا پردێکی ئاسنینی سوپایی لێدروست کرابووو لە ساڵی ١٩١٨داو لە کاتی پاشەکشێیاندا تورکەکان تەقاندبوویانەوە. ((شارۆچکەکە بە کوردی ناوی پیردێیە. وەرگێڕ)). بەشی زۆری شارۆچکەکە لە سەر دوورگەیەکی ناوزێیەکە دروستکرابوو. ئەم شارۆچکەیە بەناوبانگە بە ماسی گەورەی نزیک بە دوو مەتر درێژ. راوی ئەم ماسیانە بە خواردنی دەرماناوی دەکرێت. دەرمانەکە ماسییەکان گێژ دەکاتو دەکەونە ناو تۆری ماسیگرانەوەو رایدەکێشن بۆ رۆخی زێیەکە، ئەمەش لە خۆیدا رێگەیەکی سەیرە بۆ راوەماسی. دوای سی کیلۆمەترێک گەیشتینە ئەربیل (هەولێر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕ). ئەم شارە لە بەرزایی ٣٧ مەترەوە بەسەر دەشتەکەی بەردەمیدا دەڕوانێت. وەک دەمێکی بڕاوەی ڤۆڵگانۆیەک Volcano ((وشەی برکان ی عەرەبیش لە Volcanoی لاتینیەوە وەرگیراوە هەر وەک ئینگلیزیەکەی. وەرگێڕ)) کۆن، کە بە دیوارێکی خشت شوورەکرابێ دەردەکەوێتو پیاو کۆنترین شاری سەر رووی زەوی دەبینێت، کە هەتا ئێستاو بەردەوام ژینداربێت (Inhabitable). مارک تووین بە پیاهەڵدانەوە باسی دیمەشق دەکات، کە شارێکی کۆنە لە ناو وڵاتی شارانی کۆندا، بەڵام دیمەشق جوجەڵەیەکی باڵەفڕییە لەچاو ئەربیلدا. (ئوور)ی کلدانییەکان لەوانەیە وەک ئەو کۆن بێتو بابیلیش لەوانەیە، بەڵام هیچ کامیان لە هەموو کاتێکدا وەک ئەربیل ژیندار نەبوون. بە هەزاران ساڵ پێش مێژووو هەتا ئێستا ئەربیل دەتوانێت ئەو جۆرە داوایە بکات. کێ ئەو گردەی دروست کرد لە شاری ئەربیلی لەسەرە؟ هیچ زانیارییەک نییە، کە کردەی پاشایەک لە پاشاکان بێت، یان هی یەکێک لە داگیرکەرانی بێت. هەر بەرز بۆتەوەو شار بە دوای شاردا بوونە کەلاوەو لە سەر خۆ بە درێژایی مێژوو کۆبووەتەوەو ئەو گردە بەرزەی لێپەیدا بووە، کە دوو جار بەرزترە لە هەرچی گردێکی‌تری دروستکراوی جیهان. لە نوسراوە ئایینیەکاندا، نوسراوە، کە شاری ئەربیلا Arbela((چوار یەزدان (Araba ilu) ))یەکێک بووە لە چوار شارەکەی ئاشووری کۆن، وەک ئاشوورو نەینەواو نەمرودو ئەربیلا. ئەربیلا نزرگای ئایینی شارستانیەتێکی پێش ئاشوورییەکانیش بووە، رەنگبێ لەبەر ئەوە لە هەموویان کۆنتر بێت. هەتاکو سێ هەزار ساڵ لەمەوپێشیش، شارێکی کۆنی پڕ لە نزرگای یەزدانەکانو یەزدانە ژنەکانی (God and Goddesses) سۆمەرییەکان بوو. ئەمە چ کۆنینەیەکە، کە لەوانەیە لە تەقڵی بنی گردەکەدا، تەنانەت هی چاخی بەردینیشی تێدا بێت. ناتوانین هیچ بڵێین، چونکە ئێستا ژیندارەو هیچ شوێنەوار ناسێک (Archeologist) ئەوەی لەم شوێنەدا نەکردووە، خۆ ئەگەر بمانەوێ ئەم کارەش ئەنجام بدەین، ئەوا چەندین شۆڤڵی پێویستە بۆ لابردنی ملیۆنەها مەتری سێجا خۆڵ، کە ئەو گردەی ئەربیلی لێ دروست بووە. یەکێک لەو هۆیانەی، کە لەوەتی هەیە ئەربیل ژینداربووە، ئەوەیە، کە ئەربیل ئاوی خۆی هەیەو لە کارێزەکانەوە بۆی دێت، کە لە کۆنەوە لێدراون. هیچ داگیرکەرێکو وێرانکەرێک نەیتوانیوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارێزەکان وێران بکات وەک جۆگە ئاوەکانی بابلو ئوورو شارەکانیتری باشوور. بەڵام وەک دەردەکەوێت، یەزدانەکان زۆر ئاگایان لە هەولێر بووەو پاراستوویانەو بە زیندووی هێشتویانەتەوە. زۆر لە دوای ئەوەی، کە دژەکان ریزبوون، هەولێر هەر لە بوژاندنەوەدا بووە. نە خورساباتو نە نەینەوا لەژێر رەحمەتی سەرچاوەی دروستکراوی ئاودابوون بەڵام بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا لە ناوچوون.

کاتێک، کە ئەسکەندەری گەورە سوپاکەی داریوشی نزیک بە ئەربیل شکاند، داریوش بە ناچاری ئەربیلی بەجێهێشت. ئەسکەندەر یەکەمین داگیرکەری ئەوروپایی بوو، کە ئەو بەشانەی ئاسیای گرت. ئەم شەرە گەورەیە لە ساڵی ٣٣١ی پ. ز. بە چەند کیلۆمەترێک دوور لە شاری هەولێرەوە لە سەر رۆخی زێی گەورە بەرپابوو. دوای ئەم شارە، ئەسکەندەر قولایی شاخەکانی بری. ئێستاش لەوناوە بە ئیسکاندەر ناوی دەبرێتو لە خۆرهەڵاتدا زۆر پیایدا هەڵدەدەنو ناوی لە گەلێک چیرۆکو شوێندا هەیە.

سۆن Soane دەڵێت ئەو زیندووییەی لە رۆژانی رابردووەوە هەولێری هێشتۆتەوە، هەرگیز لە هیچ کاتێکدا دەستی لێ بەرنەداوە، لە کاتی سەربەرزی ئەو میللەتانەی، کە یەک لە دوای یەک حوکمڕانی هەولێریان کردووە لە ئاشووریو میدو فارسو یۆنانیو پارسو رۆمانیو ئەرمەنیو لەدواییدا رۆمانیو ئینجا فارسو عەرەب. دەڵێن بۆ ماوەیەک شوێنی سەلاحەدینی بەناوبانگ بووە، کە لە سەدەی دوانزەدا خاچییەکانی دەرکردووە. مەغۆلەکان زۆربەی شارەکانی میزۆپۆتامیایان وێران کردووەو دەوری هەولێریان داوە بەڵام نەیانتوانیوە شارە نەمرەکە وێران بکەن. تورکەکانیش بە هۆی گوێنەدانی خۆیانەوە زوو سەرنگوون بوون، بەڵام ئەربیل هەر هێزی بەریتانی چووە ناو هەولێرەوە.

بە رۆژ ئەربیل بەرزە وەک شاخو هەر شوێنی دیارەو بە شەویش چراخانێکە لە دوورەوە دیارەو زۆر لە جێی خۆیەتی، کە ئەم شارە مێژووییە جێگەی دەستپێکردنی رێگا نوێیەکە بێت، کە بە ناو ناخی شاخە کۆنەکانی کوردستاندا دەڕوات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی چوارەم

## ڕێگاکە

که له هەولێرەوە بەرەو شاخەکان لێمان خوڕی،بە ناو ئەو پەڵە دەغڵانەدا تێپەڕین، کە کاتی دروونەوەیان هاتبوو. ئەمە یەکەم جارە خەڵکی کوردستان ببینم لە سەر خاکی خۆیان، بەرگی خۆیان لەبەردا بێت، کە زۆر جیاوازە لە بەرگی عەرەبی، دشداشەی شۆڕی ئەو عەرەبانەی، کە چوار مانگی رابردوو لەناویاندا دەژیام. بەرگی کوردی بریتییە لە شەڕوالێک، کە وەک پانتۆڵێکی فراوان‌و فش وایە لە ریسی مووی بزن دروستکراوە. (شالۆشەیک: رانکوچۆغە لە ریسی مووی بزنە مەرەز دروست دەکرێت. وەرگێڕ)و بریتییە لە بوزویەکی زبری رەنگ خۆڵەمێشی، بەڵام بۆ جوانی پینەکرابوو بە پارچە پارچەی قوماشی شین‌و مۆرو بە دەزووی سەوزو سپی دوورابووەوە. پارچە قوماشێکیان بە چەند لۆیەکی گرێدراو لە قەدی خۆیان ئاڵاندبووو لە دواییدا زانیم، کە شەش حەوت یارد درێژەو هەڵیشدورابوو بۆ بەکارهێنانی شاردنەوەی شتومەک (پژدێن= پشتێن. وەرگێڕ). پێڵاوەکەیان بریتی بوو لە چەرمێکی رەق‌و لە سەر شێوەی بەلەم‌و لوتەکانیان هەڵگەڕابوونەوە (کەوش. وەرگێڕ)و شەبقەی دەم پانیان لە سەر دابوو (سەرکڵاو. هەر لە کاتی درەودا لە سەر دەکرێت بەسەر کڵاوەوەو لە خوری دروست دەکرێت لای وەستای تایبەت هەر وەک لبادو فەرەنجی‌و گەلێک بابەتی دیکە. وەرگێڕ) حەسەن پێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتم له کاتی درەودا لەسەری دەکەن لە شوێنی مێزەرێکی بۆر (جامەدانە=جامانە. وەرگێڕ) پاڵەکان ژنیشیان لەتەکدایەو کراسی شینی ئاودامانیان لەبەردابووو شۆڕبووبووەوە بەسەر ئاوەڵکراسەکانیاندا، کە هەتا قولە قاپیان دەهاتو لەوێدا خڕبووبووەوەو سەریان رووتبووو پرچیان بەملاولادا بەسەر شانیاندا بەردابووەوەو زۆریشیان لە خەنەیاننابوو.

راستە هەولێر کۆنە، بەڵام لەو کۆنتر شێوەی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵە، کە لە مەزرا بێشورەکانیاندا دیارە کاتێک، کە بە لایاندا تێدەپەڕین. لە زستاندا بارانێکی زۆر دەبارێنو دەشتەکانیشیان زۆر لە مێژە بەناوبانگن بۆ بەپیتیان. زەویش هەر بە شێوەی هەزاران ساڵ لەمەوپێش دەکێڵن. دارێکی دوو پەل، کە پەلێکیان کورتترەو وەک قولاپێکی دارینەی گەورە بە جوتێک گا بە زەویەکەدا رادەکێشرێت (دەسەدوو. وەرگێڕ)و بە دارێکی بارێکی نوکتیژ (نەقیزە. وەرگێڕ) گا جوتەکان هاندەدات بۆ جووتکردن. هەندێک جاریش پارچە ئاسنێکی دوو پەرەی لووت تیژ (گاسن. وەرگێڕ) بە لووتی پەلە تیژەکەی هەوجارەکەدا دەکرێتو دەبێتە هۆی کێڵانی باشترو خێراتر. وەک رۆژانی بابیل تۆوکردن هەر بە دەست دەکرێت. چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش رێگەیەکی باشتر زاندرابوو بۆ تۆوکردن، کە لە سەر پارچە بەردێک نەخش کرابوو پیشانی دەدا چۆن ئەو ئامێری جووتەی باسمانکرد بەکارهێنراوە، بەڵام لەگەڵ لوولەیەکی تۆوکردن، کە بە دوای هەوجارەکەوە تۆوەکە بەردەبێتەوە ناو خەتی جووتەکەو هەر وەک درێلی ئەم رۆژانە، کە ئێستا لە مەزراکاندا بەکاردەهێندرێ. ئەم پارچە بەردەش دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سۆمەرییەکان.

لە بەهاردا لە کاتی بارانبراندا، دەغڵودان خێرا پێدەگاتو کاتی دوورینەوەیان دێت. چەپک بە چەپک (سولە. وەرگێڕ) بە داس دەدورێنەوە. لە کاتی سەردانماندا بۆ ناوچەی هەولێر، توشی نەریتێکی سەیری کوردەواری بووم. حەسەن پێی گوتم: کاتێ یەکەم چەپکە گەنم دوورایەوە، دەبێت پێشکەشی ئەو کەسە بکرێت، کە بەوێدا تێدەپەڕێت، ئەویش دەبێت وەریگرێتو لە باتی ئەو چەپکە دراوێکی زێڕین یان زیوین بداتە سەپانەکە (پاڵەکە). ئەمە هیچ سواڵکردن نییەو نەریتێکی کۆنەو هاوبەشی شادییە لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کەسانەی بەوێدا تێدەپەڕن. لە سوچێکی پەڵە دەغڵەکەوە، تاقمێک لە پاڵەی داس بە دەستی کورد راوەستابوون‌و یەکێکیان بە راکردن لە دوورەوە بەرەو لامان هات‌و گوڵە گەنمە شامییەکی بەدەستەوە بوو (نوسەر بە هەڵە دەڵێ گەنمە شامی، چونکە ئەو باسی گەنم دەکات‌و وەرزەکەش وەرزی درووونەی گەنم‌و جۆیە نەک گەنمە شامی. وەرگێڕ)و پێشکەشی منی کرد، منیش، کە نەریتی خەڵکەکە دەزانم، لێم وەرگرت‌و چەند دراوێکی زیوم دایە. حەسەنی بڕوا بە ئەفسانە، بە دڵێکی خۆشەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ‌و گوتی: تۆ زۆر خێر دێتە رێت، لە کوردستاندا دراوو تدا بە پاڵەو سواڵکەرە کوێرەکەی کەرکوک. هەرچەندە حەسەن مەبەستی خۆی هەبوو لەم ستایشەدا، بەڵام هەروابوو خێر هاتە رێم.

لەوانەیە کورد دواکەوتوو بێت لە شێوەی زەوی کێڵان‌و دروێنەکردندا، بەڵام لە گێرەکردندا بە بۆچونی من رێگەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە. گەنم‌و جۆ بە دووراوەیی لە سەر زەوی دادەندرێت، لە سەر شێوەی کۆمەڵێکی تەخت‌و بیست یاردەیەک بەرین‌و نزیک بە شەست سانتیم مەترێک بەرز (ئەم وەسفە تەواو نییە، چونکە ئەوەی ئەو دەیڵێت قرشەکە لە خەرمانەکەوەو گێرەدەکرێت. وەرگێڕ) لە سەر ئەم کۆمەڵە دەغڵە گایەک یان هێسترێک بە دەورانده‌وریدا دەخولێتەوەو لە دوای خۆیەوە عەرەبانەیەکی سەیر رادەکێشێت، کە لە جیاتی پاچگە، باگردێنێکی دارین بە دەمە باڵتەی ئاسنینەوە، بەسەر ئەو قرشەیەدا دەسورێتەوەو وردە وردە وردی دەکات‌و دەیکات بە کاوو دانەکەشی گەنم بێت یان جۆ، جیادەبێتەوەو (ئەم هەموو وەسفە باسی جەنجەرە. وەرگێڕ)و لە رۆژێکدا با هەڵبکات، بە چەتاڵێکی دارین وردە وردە بەبا دەکرێت‌و دانەکە لە کایەکە جودا دەکرێتەوە (مەبەستی لە چەتاڵی دارین شەنەو پرۆسەکەش پێی دەگوترێت خەرمان سورکردن. وەرگێڕ) لە دواییدا خەرمان هەڵدەگیرێت‌و دەبرێت بۆ گوندەکە لەوێ یان لە چاڵ دەکرێت‌و یان لە عەمباری مەلا ئەفەندی، عەمبار دەکرێت (مەلا ئەفەندی خەڵکی شاری هەولێرەو خاوەنی زەوی‌و زارێکی زۆرە لە دەورووبەری هەولێرو زۆریش ستایشی دەکەن، کە پیاوێکی عاقڵ‌و بەڕەحمە لەگەڵ خەڵکیدا) هەرچەندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرهەمهێنانی زەویوزار زۆر دواکەوتووە، بەڵام لە ساڵانی هاتدا، کولە لێبگەڕێت، لە دەشتی هەولێردا، سەدان تۆن گەنم هەڵدەگیرێت. خۆ ئەگەر کولەش بێت خەڵکەکە توشی زەریقەتو برسێتی دەبن، چونکە هەتا قەدی داریش دەخوات، نەخوازە گەڵاو بەرو لقوو پۆپی.

به ڕێچکەیەکدا لە نێوان پەڵە دەغڵە دارەکانەوە تێپەڕینو بە هەورازەکەدا سەرکەوتین هەتا گەیشتینە زەویەکی بەردین لە دەوری خانزاد، کە گوایە ئەمە سنوری وڵاتی خانزادی میری کورد بووە. ئێرەش کرا بە شوێنی دەستپێکردنی ڕێگا نوێیەکەی، کە من لە شاخەکانەوە بۆ بەرزاییەکانی ئێران دروستی دەکەم. لەسەرخۆ چاوم بەو دەوروبەرادا گێڕا، کە سەر بەرەو خوارو پێچاوپێچ دەڕوات هەتا دەگاتەدۆڵی چیای بەستۆرە. لەم وەرزەدا وشکەو لە زستاندا زۆر سەخت دەبێت بۆ هەموو جۆرە هاتووچۆیەک. ئۆتۆمبێلە کرێکە هەتا سەر شاخی بەستۆرەی گەیاندینو لەوێشەوە بە هەورازەکەدا هەلگەڕاینو بە تەنیشت قەڵایەکی کۆندا ڕەتبووین، هەتا گەیشتینە گوندی بانەمان. لە تەنیشت ڕێگاکەوە حەوزێکی گەورەی لێبووو ئاوەکەی لە بنی حەوزەکەوە هەڵدەقوڵا. قومێک ئاوی گەڕاوەکەمان خواردەوە، کە بۆن گۆگردی لێدەهاتو لە ژێر سێبەری دار توویەکدا حەساینەوە. لەو کاتەدا توو پێگەیشتبوو هەرچی بەوێدا تێپەڕ دەبوو، حەزی لێبووایە تووی دەخوارد. ئینجا دەستمانکرد بە هەڵگەڕان بەو ڕێگا پێچاوپێچەدا، کە پڕبوو لە بەردی تیژ، هەتا گەیشتینە زنجیرە شاخێکی گەجۆڕ، کە لێرەو لەویَ دار بەڕووی سیسەڵەی لیَ ڕوابوو. لەو دە کیلۆمەترەی بڕیمان، سێسەد مەترێک بەرز بووینەوەو کزە بایەکی فێنک لێیداین، کە لە دوندی شاخە دوورەکانەوە دەهات. لە ڕاستیدا ئەمە کوردستان بوو. چەند پانۆرامایەکی کراوەبوو. بەلای باکووری خۆرهەڵاتدا، زنجیرە شاخی یەک لە دوای یەک بوو هەتا چاو بڕبکات هەر دەهاتنو بەرزتر دەبوونەوەو لە هەموویان دورتر سەرکڵاوەی بەفری سپیبوو، کە لەوەتی زریانی زستانەوە هەر نەتواوەتەوە. نەخشەکانم، کە زۆر لەو دوندانە لە سیَ هەزار مەتر بەرزترنو دوورترینیان، کە نزیک بە سنوری ئێرانە، سەدوشەست کیلۆمەترێک لێرەوە دوورە. بەلای ڕاستدا چیای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەفینەو لەلاتەنیشتی دوورییەوە گوندی شەقلاوەیەو دەبێ ئەم ئێوارەیە بیگەمێ. لە ژێرمانەوە ڕێگاکە پێچاو پێچ بە سێسەد مەترێک دەڕواتە خوارێ هەتا دەگاتە تەختی جۆگایەک، کە بە تەنیشتی گوندی کۆڕێدا تێدەپەڕێت. لەو هەوا ڕووتەی شاخەکاندا، ئەو شێوە قوڵو بەرینە وا دیار دەکەوێت، کە ئەوپەڕی بەرد هاوێژێک دووربێت. شەستو پێنج کیلۆمەترێک دوور، لە ناوەڕاستدا زنجیرە شاخێک دیاربووو حەسەن پەنجەی ڕاکێشا بۆ کەلێنێکی تاریکو گوتی: دۆڵی ڕەواندوز دەکەوێتە ژێر ئەو کەلێنەوە، کە سەیرترین شوێنە لە کوردستاندا. لە کەرکوک پێیان گوتم، کە تاقمی 63 rd هیندی خەریکی تەقاندنو هەڵکەندنی ڕێگایەکن بە درێژایی شازدە کیلۆمەترێک لەو دۆڵەداو شەش هەفتەشە دەستیان بە کارکردووە.

لەسەر ئەو شاخە بەرزو بێدەنگانەوە. بە خەیاڵمدا هات، کە چ هەلێکم بۆ ڕێک کەوتووەو ئایا قەت ئەو ڕێگایە دەبینم بگاتە ئەو شوێنە چۆڵو دوندە سەختانەی، کە زگی ئاسمانیان لە باوەش گرتووە! (وەک گۆرانی شاعیریش دەفەرمووێ: کۆمەلە شاخێکی بەرزو گەردن کەش ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش. وەرگێڕ).

هەرچەندە دەڵێن خەڵکی ئەم وڵاتە کەمێک لە دڕندە باشترن، بەڵام، کە ئاوڕێکم دایەوە بەسەر ئەو دەشتە بەرینەی هەتا هەولێرو بیابانەکانی باشوور دەڕواتو دەگاتە ئەو شوێنەی، کە لێوەی هاتبووم، خۆم فرێدایە ناو ئۆتۆمبێلەکەو هەستم بە خۆشییەکی بێپایان کرد، کە زۆر کەم لەوەو پێش هەستم پێکردووەو دڵخۆش بووم بەوەی، کە هاتوومەتە وڵاتێکەوە بۆ چوار ساڵی وا دێت دەبێت بە نیشتمانم.

کە گەیشتمە شەقلاوە، تاقمی ڕێگەوبان لەو نزیکانە کاریان دەکردو چووم بۆ لای سەرپەرشتیاری کارگە، کە لەو کاتەدا لەگەڵ سەرەک ئەفسەرێکی پاشاییەریتانیدا تازە لە ڕەواندز هاتبوونەوە. لەو ڕۆژەداو لە کاتی ڕۆژانە وەرگرتندا، شەڕێکی ناخۆش لە نێوان چەند کرێکارێکدا ڕوویدابووو چەند سەد کەسێکی تێوەگلابووو چەقۆو بەردو داری تێدا بەکار هاتبوو. کاتی ئێوارە، کە من گەیشتم، شەڕەکە تەواوبووبووو بریندارەکانیان بردبوو بۆ لای دکتۆرێکی تورک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ تیمارکردنیان. هەموو شتێک جارێکیدیکە ئارام بووبووەوە، بەڵام ناسینەکەم لەگەڵ کرێکارانی ئێرانیو هەڵسوکەوتیاندا ئاوگابوو.

رەنگبێ شەقڵاوە بەختەوەرترین گوندی کوردستان بێت، کە لە دامێنی چیا بەرزەکەی سەفینەو کانیاوی زۆرو ساردی وەک بەفراوی لێ هەڵدەقوڵێتو ئەو هەموو باخو باخاتو پەڵە چنارە ئاودەدات. باخی هەرمێو سێوو هەڵوژەو قەیسیو ترێو میوەیتری خۆشو بەتام بەشێکی زۆری ئەم باخانەن. لە سەروو ئەم باخانەوە لە قەدپاڵی شاخەکەدا، رەزی کوڵەسی ترێڕەشکەی لێکراوە، کە بەرگەی سەرمای ژێر بەفری زستانو گەرمای ووشکی هاوین دەگرێت، بێ ئەوەی هیچ ئاوبدرێتو بەرێکی بێ هاوتا دەگرێت.

زانیاریم هەبوو، کە لە چەند ساڵی رابردووەوە، شەقڵاوە شوێنێکی پڕ لە ئاشووبە بۆ بەڕیوەبەرایەتیو وڵات. قادر بەگی سەرۆک خێڵ، کە ناسرابوو بە هێنری هەشتەم نەک بۆ توندی هەڵسوکەوتی، بەڵکو بۆ ئەوەی، کە زۆر بە هێنری دەچوو لەو نیگارەدا، کە هۆڵباین بۆی نەقش کردبوو. لە دواییدا توانیم لەگەڵ قادر بەگدا هەڵکەمو بزانم، کە پیاوێکی بەدکار نییە. زۆری دانیشتوانی گوندەکە موسوڵمانن، بەڵام جەند مالێکی مەسیحی تێدایە. هەرچەندە کوردەکان ناویان بە خراپە رۆیشتبوو، بەڵام شتێکی نەشیاو نەبوو، کە جولەکەو موسیحییەکان بە شێوەیەکی ئاسوودەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا بژین. گوندی سەرتاپا مەسیحی لە کوردستاندا هەبوو یەکێک لەو گوندە گەورانە عەنکاوایە، کە نزیک بە هەولێرە. من هیچ گوندێکی مەسیحیم لە ناوچەی دیوانیە نەدیت، وەک دەردەکەوێت شیعە توندڕەوەکان دژی ئاینەکانیتر بوون، توندتر لە کوردەکان، کە پەیڕەوی ڕێبازی سوننی دەکەن.

کامپی ئەندازیاری لە سوچی باخێکی گەورەی شەقڵاوەدا بووو بریتیی بوو لە دوو چادری خەوتنو یەکێکیش بۆ ئۆفیس. ئێمە لە دەرەوە دەخەوتین، وکولەو مێشولەشمان هەبوو، هەرچەندە مێشولە زۆر کەم بوو، بەهۆی ئەوەی، کە ناتوانن لە ئاوی خوڕدا زاوزێبکەن.

سەرپەرشتیار داوای نەخشەیەکی گەورەی کردو دەستی کرد بە لێکدانەوەی ئەو کارەی بە بەشەکەمان سپێردراوە، بۆ یەکەمجار گوێم لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چیرۆکی تەواوی پرۆژەی ڕێگای ڕەواندوز بوو. لە دواییدا گوتی: ئێمە تورێکی باشی ڕێگاوبانمان لە باشووردا هەیەو زۆر کەم لەو ناوچانەی دەوری دیجلەو فورات ماون، کە هێشتا پردی سەر ئاوو ڕێگای بۆ نەکرابێت. ئەمەش بەهۆی کەمی بودجەو درێژی ڕێگاکانن، بەتایبەتی لە کاتی زستاندا ئەم هەموو ڕێگایە دروست ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئۆتۆمبیل دەتوانێت بەناو هەموو دەشتەکانی باشووردا بگەڕێت، بەهۆی ئەو پردو کوناوانەی، کە بەشی ڕێگەوبانی ئێمە دروستیانکردووە. ئەگەر لافاویش بیانبات، ئەوا خێرا چاکدەکرێنەوە. هەر لە ناوچەی بەغداددا، ڕێگاکان قیرتاو کراونو یان چەو ڕێژ کراون، بەڵام شوێنەکانی دەبێ ساڵانە ڕێکبخرێنەوە.

سەرپەرشتیار گوتی: بۆت ڕووندەبێتەوە، کە ڕێگاوبان دروستکردن لە کوردستاندا لە سەر بناغەیەکی جیاوازەو لە گەلێک شوێندا دەبێ قەد شاخێکی بەرین ببڕینو پردی ئاسنینی درێژ پێویست دەبێت بۆ سەر زێیو ڕووبارەکان. کاتیش زۆرتر دەخایەنێتو تێچوونیشی زۆرتر دەبێت.، کە تەواویش بوو ئەوا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەمێنێتو خەڵک سودی لێوەردەگرن. کاتێک پرسیم ئایا بۆچی ئەم ڕێگایە هەڵبژێردراوە، کە دروستبکرێت؟. لە وەڵامدا گوتی: دوو هۆ هەن، ئالوگۆڕو بەڕێوەبردن. تۆ دەزانی هەموو وڵاتێک بە کۆنو نوێوە، زانیویانە، کە ڕێگای زۆر پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئارامی، یاسا پەروەری. کاتێک، کە ڕێگا بە قوڵایی ناوچەیەکدا دەڕوات، هەر بە فێربوونی شارستانێتی، سەرکێشترین خەڵک هێمنو ئارام دەبن. ئەو ئیمپراتۆرەی هەر لە سەر هێزی داگیرکردن ڕاوەستابوون، نەیانتوانیبوو خەڵک بە خۆیانەوە بگرن. دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا خەڵکی ئێرە وەک وڵاتانی خۆرئاوا هەست بە پێویستی ڕێگەوبان دەکەن. چەند ڕێگایەک لەم ناوچە شاخاویانەدا دروست کراون، بە تایبەتی نزیک بە کەرکوکو موسڵو نیشانەی کاریگەریان پێوە دیارە بۆ هێورکردنەوەی ناوچەکە. ئینجا ئێستا پرۆگرامی بەرین دانراوە بۆ دروستکردنی ڕێگاوبانێکی زۆر. یەکەمین پێشنیار پلانی دروستکردنی ئەم ڕێگایەی ڕەواندوزە، کە چاوەڕوانی لێ دەکرێت ئالوگۆڕێک لە عێراقدا بهێنێتە کایەوەو پلانەکەشی وا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارێژراوە، کە شاخەکانی زاگرۆس ببڕێتو بگاتە ئەودیوی بەرزاییەکانی ئێران، بەڵام یەکەمین ئامانج، ڕێگاکەی ڕەواندوزە.

بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی ئاماژەی بۆ کردبوون بە تێری باسیان بکات، ڕوونی کردەوەو گوتی: شاخەکانی ئێران وەک تەورێزو تاران، ناتوانرێت لە کەنداوی فارسییەوە بۆیان بچێت تەنها ڕێگا، کە بە دەرەوەی ئێرانیانەوە ببەستێتەوە، هێڵی شەمەندەفەری ڕوسیایە. تەورێز دەکەوێتە خۆرهەڵاتی گۆلاوی ورمێو لە ناوچەی ئازربایجاندایەو دەڵێن بە پیتترین ناوچەی ئێرانە، کە هەر سێ سەد کیلۆمەترێک لە شەقڵاوەوە دوورە، بە باڵەفڕییەک دەیگەیتێ. لە سەدانساڵەوە، کاروانە ڕێیەک لە ڕەواندوزەوە بەرەو باکووری ئێران چووە ڕێپێگەیەکی ئاڵوگۆڕبووە. وا چاوەڕوان دەکرێت، دوای تەواو بوونی ڕێگاکە، وردە وردە ئاڵوگۆڕ بەمدیوا بێتو دزو جەردەش ڕێی لێدەگیرێت. ئەم ڕێپێگەیە هەتا ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستیش دەگرێتەوەو بۆ باشوری عێراقیش بەهۆی هێڵی شەمەندەفەری کەرکوکەوە بەرەو کەنداوی فارسیش دەچێت.

ئەگەر کات لێکبدەینەوە، ئاسانتر دەوەستێت، کە بێتو ئەم ڕێگایە بەکار بهێنرێت بۆ یەکێک بیەوێت لە ئەوروپاوە بە زووترین کات بگاتە پایتەختی ئێران. بەکارهێنانی هێڵی شەمەندەفەری ئەوروپاو تورکیا هەتا دەگاتە نسیبینو لەوێشەوە بە ئۆتومبیل بە موسڵدا هەتا دەگاتە ڕەواندوزو لەوێشەوە هەتا تاران لە دە ڕۆژ زیاتری پێناوێت، بەڵام لە بەکارهێنانی ڕێگای کەنداوی فارسییەوە ئەم گەشتە چەند حەفتەیەک دەخایەنێت.

ئەم پرۆژەیە لەگەڵ شای ئێراندا باسی لێوە کراوەو گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی، کە ڕێگاکە هیچ مەرامێکی تێدا نییە لەوە بەولاوە، کە بۆ ئاڵوگۆڕو هێورکردنەوەی خێڵە کوردەکانە، ئەوەش لە بەرژەوەندی فارسەکانو عەرەبەکانە وەک یەک. کوردستان بە پارچە کراوی دەکەوێتە نێوان تورکیاو ئێرانو عێراقەوە (نوسەر یان لە بیری چووە یان نایزانێت، بەشی کوردستانی سوریای بواردووە. وەرگێڕ) شای ئێران، ڕەزامەندی پیشانداوە، کە بەشەکەی ناو ئێران خۆیان دروستی بکەنو هەردووک ڕێگا لە سەر سنوور لە زینوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شین نزیک بە گوندی رایان بەیەک بگەن. ئێرانییەکان ئەم دەرووە نوێیەی دەریای سپی ناوەراست پەسەند دەکەن. چونکە روسیا کۆنترۆڵی زۆری هەیە لە سەر ئاڵوگۆری ژیانی ناوچەی باکووری وڵاتەکەیان. زۆر زوو دەرکەوت، کە زۆربەی زۆری سەختی رێگاکە دەکەوێتە بەری عێراقەوەو دروستکردنی بەشی رێگاکە لە ئێرانەوە زۆر ئاسانترەو لەبەر ئەوە بڕیاردرا لە هەردوو لاوە دەست بە دروستکردنی رێگاکە بکرێت.

پلانی سەرەتا ئەوە بوو، کە هێڵی شەمەندەفەری تەسک لەجیاتی رێگای ئۆتۆمبێل دروست بکرێت. یەکەم تاقمی راماڵین بە سەرکردایەتی ئەندازیاری هێڵی شەمەندەفەر، کە ناوی مەفیت (W. J. Maffatt) بوو. ئەو رێگای هەولێر بۆ شەقلاوەی دانابووو بە نیوەچڵی مابووەوە.، کە من هاتم بەسەریدا چوومەوە، بەڵام پلانی هێڵی شەمەندەفەر وازی لێهێندرابووو پرۆژەکە درایە دەست بەرێوەبەرایەتی رێگەوبانو دەستکرا بە دروستکردنی رێگاکە هەتا سنوری ئێران. ئایا ئەم کارە سەردەگرێت؟ ئێمەش چاوەڕوانین، چونکە کوردستان بە دڵنیاییەوە بە وڵاتێکی پڕ لە ئاشووبو ترسناک زاندراوە. نەخشەی رێگاکە دەریدەخات، کە لە هەولێرەوە وردە وردە بەرز دەبێتەوەو کەمتر لە پێنج زنجیرە شاخ نابڕێتو بە بەرزی ١٨٢٦ مەترەوە دەگاتە سنوری ئێران.

لە مانگەکانی هاویندا، شاخەکانی باکوور گەلێک لە ناوچەکانی باشوور فێنکترن، بەڵام سەبارەت بە زستانی کوردستان، زۆر کەم زاندراوە. لەو بڕوایەدا بووین سەرمایەکی بێئەندازە دەبێتو دڵنیا نەبووین لە وەی، کە بتوانین لە مانگەکانی یانزە هەتا دوو کارەکە هەلبسورێنین. لەوانەشە ئەو بەشە رێگایەی لەکاتی بەفرزۆریدا دروستدەکرێت، لە دواییدا ببێت بە قوراوێکی ئەوەندە قوڵو لیخ. هەتا هێستریش بە گرانی لێی دەربچێت. لەبەر ئەمە بڕینی زۆری پێویستبووو ئەندازیاریش بۆ چەند مانگێک لەو چۆڵەوانییە بەرداوییەدا گیر بێت.

لەلایەن چەند بەشێکی جۆراوجۆرەوەو لە چەند لایەکەوە بە شێوەیەکی هەرەوەزی، دەستکرابوو بە دروستکردنی رێگاکە، بەڵام بەشی رێگەوبان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێپرسراوی سەرەکی بوو. پێم ڕاگەیەندرا، کە دەبێ خۆم ئامادەبکەمو لە پاییزدا هەموو کارەکە بە دەستەوە بگرم.

ئەمەش ڕووداوێکی دڵخۆشکەرە بۆ من لە دروویەکەوە. ئەم ڕێگایە دەبێتە کارێکی ڕۆمانتیکی، چونکە بە ناوچەیەکی شاخاویدا تێدەپەڕێت، کە هیچ شارستانییەکی لەمەوپێش هەوڵی دروستکردنی ڕێگای لەم شوێنەدا نەداوە، بەشێک بە هۆی تەنگژەی تەکنەلۆجیەوەو بەشێک بە هۆی نەتوانینی دابینکردنی خەڵکی ناوچەکەوە. لەم سەدەیەدا سون Soane لە هەموو ئەوروپاییەک باشتر کورد دەناسێتو ئەم وەسفە نوێیەی کردوون: ((خوێن ڕێژن، دروستکەری ئاشووبەن، ئاژاوەچین، دزوجەردەن، هەموو موخەنەتنو پیاوی خراپی یاسا شکێنن، غەیبەت کەرن، بەرگی عاقڵی بە تورەیی دەدرێنن، بەڵام میللەتێکی چاونەترسن، سەغی تەبیعەتنو چاکەیان لەبەرچاوە، لە ڕاستگۆیی‌و شەرەفدا بێهاوتان، ڕووخۆش‌و دڵپاکن، هەموو چاکییەکی جوانی‌و شۆخیان پێوە دیارە)).

جیاوازییەکی چەند سەیرە لە نێوان پیاهەڵدانو بە خراپە ناوبردنیان، دیارە زۆر گران دەوەستێت بۆ ئەندازیارێکی وەکو من، لەم ژیانە نوێیە هەڵبکەمو دەربەرم.

لە ڕاستیدا تاقمێک لە لێزانەکانی هەڵکەندنو تەقاندنەوەی هیندی لە کاتی کاریاندا لە ڕەواندوز هەراسان کرابوون، بەڵام تاقمەکە چەکدار بووبوونو کوردەکانیش لە کاتی شۆڕشی ١٩٢٠وە ڕێزیان لێگرتبوون، کاتێک لەگەڵگورخاکاندا (Gurkhas) بەرەنگاری یەکتر بووبونەوە. دەمێنێتەوە بزانین دوای کشانەوەیان (بڕیاردرابوو تاقمە هندییەکە بگەڕێتەوە بۆ هیندوستان) خێڵەکییەکان چۆن خۆیان نیشاندەدەن هەراسانکەرن یان نا، ئەمەش تەنگژەی سەرەکییە.

لەلایەن جوانی سروشتەوە، لەوانەیە بڵێم، کە ئەم ڕێگایە شتێکی بێهاوتایە، هەتاکو ئەو شوێنەی، کە من بەسەریدا هاتم بێهاوتابوو، لەکاتێکدا دڵڕفێنی جوانی دۆڵەکە هێشتا هەر لە پێشمانەوەیە. دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕەواندوز لە جوانیدا لە هەموو ئاسیادا بێهاوتایە. لەو شوێنەدا، کە لکێکی زێی بادینان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەلێنێکی لە شاخی کۆرەک دابڕیوە، کە بەرزاییەکەی دەگاتە ٢١٣٤ مەترو لەدوای ئەمیشەوە بەرزترینە، ئەوەندە سەختە، کە بڕینو تێپەڕین نزیک بە مەحاڵە. کاروانە رێیەکەی، کە لە کۆنەوە بەو ناوەدا بەرەو ئێران رەتدەبێت، لەم شاخە دوورکەوتۆتەوەو بە پێچێکی دووری ١٣٢٣ مەتر بەرزدا هەڵدەگەڕێت لە جیاتی چونە ناو ئەو هەڵدێرە هەزار بە هەزارانەوە.

ئەو کۆسپانەی دینە رێی ئەندازیارییەوە بەهۆی دۆڵی وەها سەختەوە، لە جیهانێکی شارستانیدا بە کارێکی نەتواندراو ئەژمار ناکرێت، کە کارمەندی لێزانو مەکینەی کاریگەر لە هەموو کاتێکدا لەژێر دەستدابن، بەڵام لێرە کرێکارەکان عەرەبو ئێرانی بوون، هەر فێری بەکارهێنانی ئامێری دەستی بوونو هیچ لێزانییەکیان لە سەر مەکینەی کاری نوێ نەبوو، درێڵی تەوژمی هەوایيو رۆڵەی هەڵمین. تاقمەکە ئێستا لە رێگاکەدا بە پاچو خاکەنازو کیونو نوێڵ کاردەکەن. مەکینە داواکراوە، بەڵام چەند مانگێک دەخایەنێت هەتا بەدەستمان دەگات. دەبێت لە ئینگلتەرەوە بنێردرێت بۆ بەسراو لەوێشەوە بە شەمەندەفەر ٩٤٠ کیلۆمەتر ببڕێت هەتا دەگاتە کەرکووکو لەوێشەوە بە لۆری بۆ شەقڵاوەو لەدواییدا بەسەر پشتی کاروانی هێسترو حوشترەوە بۆ سەر کارەکە.

ئەندازیاری ئاوەدانی بەناوبانگ سێر ولیام ولکۆنSir William Wilcon جارێکیان گوتی: ((بە هێزی هەڵمو کارەبا، کە لەژێر دەستماندانو بە توانای تەقاندنەوەی پاودەری باروتەوەو لە سەر رووی هەموویانەوە بەهۆی مەکینەوە، کە پێویستبوون بە کرێکاری کەمکردۆتەوە، ئێمە دەبێت بتوانین لەم رۆژو کاتەدا، بە چەند ساڵێک ئەوەندە بهێنینە کایەوە بەقەدەر هەموو درێژایی حوکمڕانی پاشاکانی، کە بە سەدان هەزار بەندکراوەوە نەیانتوانی بیکەن. بەڵێ ئەمانە راستن ئەگەر بێتو ئەم مەکینانە بگەنە شوێنی کارو کرێکارەکانیش فێری بەکارهێنانیان ببن.

ئێمە بەختەوەرترین، کە لە لەندەن خزمەتکاری کارامەی تاجی کۆلۆنیالیمان هەبوو، کە لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵبوون، دەتوانن ئامێرو پێویستی بۆ وڵاتە پارێزراوەکانی بەریتانی بنێرن. ئێمە دەمانزانی، کە لێزانییان یارمەتیدەر دەبێت بۆ هەڵبژاردنی پردو بەنگەڵەو بەکرەی بەرزکردنەوەو رۆلەی هەڵمینو بەردشکێن. ئەوان فێرن، کە هەموو بابەتێک بنێرن، کە پێویست دەبێت، لە دەرزییەوە هەتا دەگاتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەشتی جەنگو دەزانن لە دارستانەکانی بۆرما (ئێستا ناوی گۆڕاوە بۆ ماینەمار. وەرگێڕ) یان لە بیابانەکانی سوداندا ئەندازیار چی پێویستە. زۆر جێگەی دڵتەنگی بوو، کە ئەو بودجەیەی بەڵێنیان پێدابووین هێشتا بڕیاری لە سەر نەدراوەو ئەمەش بارمان گرانتر دەکات. ئەو بودجەیەی بۆ کاری ڕێگاوبان تەرخان دەکرێت، ناتواندرێت یەکسەر بڕیاری تەرخانکردنی بدرێت، چونکە ئەم کارە لە سەر ئارامی وڵات راوەستاوەو لە هیچ کاتێکیشدا نازاندرێت چەندە، لەگەڵ ئەمانەشدا، مل لێنانی ئەم کارە هەموو هەستێکی راکێشاوەو نزیکی خستومەتەوە لەو کەسانەی، کە وامەزانی دوژمنی سەرەکی منن، کە خێڵە کوردەکان خۆیانن.

دەبووایە کارەکەم لەو پارچە ڕێگایەدا بووایە، کە بە دەربەندی سپیلک تێدەپەڕێت، کە جێگایەکی ترسناک بوو، وا ناسرابوو، کە شوێنی دزو جەردەو پیاوکوژانە، کە بە سێ کیلۆمەتر لەولای شەقڵاوەوەیەو دوای ئەم دەربەندە، دۆڵی رەواندوز دێت. ئەوەم پێکرا بچم بۆ سپیلکو خەڵکی ناوچەکە کۆبکەمەوەو کاریان پێبکەم. دوای چەند رۆژێک، بە خێوەتو پێویستیەکانی کارو دوو پۆلیسی پاسەوانی کوردەوە دەستم کرد بە کار، لەگەڵ کاتبێکی خەڵکی ناوچەکەو حەسەنو ئاشووریەک بە ناوی جۆرجەوە، کە ئامادەکردنی خواردنی خۆمو کاری یارمەتیدانی حەسەنم لە بەڕێوەبردنی کامپەکە پێسپاردبوو. لە دەربەندی میراواوە بەرەو خوار بۆ دۆڵی باتاس، وردە وردە بەرەو سپیلک چووینو لە سەر پشتی هێسترەوە کاتی زۆرم هەبوو بە هەرچواردەوری خۆمدا بڕوانم. بە لای راستمدا زنجیرە شاخێکی هەڵدێرو راست هەڵچوو، کە چیای هەریر بوو، کە بریتییە لە زنجیرە شاخێکی بەردینو رووتەن. کەیلی قەڵایەکی کۆن لە سەر لوتکە تیژەکەی چیاکەدا مابووەوە، کە قەڵای خانزاد بووەو لەوەش بە دواوە نزیک بە گوندی باتاس، پێیان گوتم، کە بەردێکی تەشوێتاش بە لاقەدی گردەکەوەیە، بەڵام من چاوم بڕیبووە ئەو ڕێگا پێچاوپێچەی، کە لە دۆڵە جوانەکەی پێیدا دەڕۆینو بەرەو ژوور دەبێتەوە بۆ تەپڵەسەری شاخەکەو بریتییە لە دەربەندی بەناوبانگی سپیلک. زۆر هەبوو بۆ ئەندازیارێک، کە لێی وردبیتەوە لەوەی تەماشای بەردێکی تەشوێتاش لە قەدپاڵی گردێک بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی پێنجەم

## کامپەکەی سپیلک

ئەگەر بێتو تەماشای نەخشەی ناوچەی رەواندوز بکەیت، پیاو بۆی دەردەکەوێت، کە ئەم دەربەندی سپیلکە تەنیا بە چیای هەریردا تێدەپەڕێتو باڵا دەستە بەسەر ئەو رێگایەی بۆ تورکیاو ئێران دەچێت. کاروانەڕێیەکە بەرەو ژوور بە قەدپاڵو هەڵدێرو بەتەنیشت شیوێکی قووڵی بێبندا هەڵدەگەڕێت وبەناو گابەردی باڵاتر لە باڵای پیاو تێدەپەڕیت، لە کاتی سەرکەوتندا، ئەم شیعرەی کیپڵنگم هاتەوەیاد:

There is rock to the left، and rock to the right، and low lean thorn between.

And ye may hear a breach- bolt anick where never a man is seen.

بەرد بە چەپداو بەرد بە راستداو دڕکو داڵیش لە ناودا بمێنیت گوێت لە خرمەی چەک دەبێت بێ ئەوەی کەسێک لەو ناوە ببینیت.

دەربەندی سپیلک لە هەموو کاتێکدا جێگەی چەتەو جەردە بووە. ئەو رۆژە گەیشتمە سپیلک، دەستم بە کار کردو زانیارییەکی زۆر کەمم هەبوو لە سەر ناوچەکەو دانیشتوانیو کوردیشم هیچ نەدەزانی، بەڵام زۆر دڵخۆشو شاد بووم بە جوانی شاخەکانو هەوا سازگارەکەی. لە سەر ئەو پێچاوپێچە درێژەوە، کە تەماشای دواوەم کرد، توانیم کاروانە رێیەک ببینم، کە بەناو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەکاندارەتدەبێتو بەسەر زۆرکە شینەکانی بابەچیکدا تێدەپەڕێت، کە لە ئاسۆیەکی دوورەوە بەرەو هەولێر دیارە، ئەمەش گەلێک لەو ڕێگایە کورتترە، کە لە هەولێرەوە پێیدا چووم بۆ شەقڵاوە. لە دوورەوە بەلای باکووری خۆرئاوادا، تاڵە زیوینەکەی زێی بادینان دیارە، کە لە دۆڵێکیتەنگەبەرەوە چیا بەرزەکەی هەریر دەبڕێتو بە تەوژم دێتە دەرێ. وەک دوو دەرییەک، ئەم زنجیرە شاخە، بەرزاییەکانی ڕەواندوزلە پێدەشتو زورگەکان جودا دەکاتەوە، هەر لە سپیلکدا، کە بەرزی زنجیرە شاخەکە لە ١٢٢٠ مەتر کەمترە، کاروانە ڕێیەکە دەتوانێت ببڕێت. بۆ سەدان ساڵ ئەمە کاروانە ڕێ بووەو بەهۆی ئەمەشەوە، چەتەو جەردە دەستیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا گرتووەو بە ئارەزووی خۆیان بوون بە پیاو ماقوڵانی کورد. من بیرم لە رووتکردن نەدەکردەوە بەقەدەر ئەوەی لە شوێنێکی باش دەگەڕام کامپی لێدامەزرێنینو خەریکی کاری ئەندازیاریی خۆم بم. لە دواییدا خێوەتەکەم نزیک بە کانیاوێک هەڵداو زۆر دوور نەبوو لە شیوێکی قووڵو بەتەنیشت گردێکی بەرزەوەو نزیک بە گوندێکی کورد بووو پێیان گووتم، کە ناوی کەڵەچینە (ڕاستی ناوی گوندەکە کەڵەکینە)و کۆمەڵە دار بەڕووو هەرمێ کێویلکە پەناگەیەکو سێبەرێکی باشیان بۆ دروست کردبووین، کە من بە باشترین شوێنم دەزانی بۆ دروستکردنی کامپ.

لێپرسراوێکی کورد بە ناوی ڕەمزی ئەفەنیان کرد بە یارمەتیدەرمو هیچی لە ڕێگاو بان نەدەزانیو ئینگلیزیشی نەدەزانیو پێش ساڵێک شۆڕشگێڕ بووو لە شەڕدا گیرابووو لەگەڵ شێخ مەحمودی بەناوبانگدا بەندکرابوو، دوای سێهەمجار هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆو جیا لە پاشایەتی عێراق. ڕەمزی بەناوبانگ بوو وەک سەرۆکێکی کوردو بەتوانا بوو لە دەرکردنی سوپای عێراق ولیڤت بەریتانی لە بەرزاییەکانی دەوروبەری سلێمانی. پیاوێکی وا لێزانو ناودار دەبێت بەسوود بێت، لەبەر ئەمە بڕیارمدا بە پێی توانا وەهای لێبکەم ملکەچ بێتو بە باشی کارەکەی فێربکەم. هەروەها لێپرسراوێکی ئاشووری هات بە ناوی بەنیامین یۆنانەوە. ئاشووریەکان مەسیحینو کوردەکانیش موسوڵمانن، لەبەر ئەوە ئەم خەڵکانەی ناو شاخ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنی یەکدی بوون هەر وەک لە کاتی شێخ مەحمودا رەمزی ئەفەندی لێپرسراوێکی ناسراو بوو، لیڤیە ئاشووریەکانو هێزی ئاسمانی، ئەم بەرەنگارییەیان دامرکاندەوە. لەبەر ئەوە نەمدەزانی چۆن وەهایان لێبکەم ئەم دووانە لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن.راماڵکەرەکە هیندۆسبووو کاتبەکەشم مەسیحییەکی کلدانی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەم تێکەڵاویەدا توانیم نزیکەی سەد کرێکار کۆبکەمەوە. رۆژانەیان روپییەک بوو، بەڵام بۆ وەستاکانو دارتاشەکان زیاتربوو. زۆربەی کرێکارەکان عەرەبو ئێرانی بوون، هەرچەندە لە سەر داوای دەوڵەتی عێراق، دەبووایە کوردە خێڵەکییەکان ببن بە کرێکار. ئەمەش فێڵێکی ئاشکرابوو، چونکە هەرچی هێزێکی هەمانبوو دوو پۆلیسبوون، بەڵام زۆر جێگەی دڵخۆشیبوو، کە خێڵەکییەکان لە خۆیانەوە هاتنەپێش بۆ کارکردن.ئەرمەنییەک لێپرسراوی تەقاندنەوە بوو، دەیگووت لە سوپای تورکییەوە فێری ئەم پیشەیە بووە. ئەم تاقمە هەمەچەشنەیە لە رەگەزو ئایین، بە یەک دەستو دڵەوە بڕیاری لابردنی گاشە بەردەکانیان دەداو بەکاریان دەهێنا بۆ بەرد ڕێژکردنی ڕێگاکەو بەشێکی زۆری کارەکە بریتیی بوو لە بڕینی بەردی شاخەکەو لەو لاقەد پاڵە سەختانەدا کاریان دەکرد. خۆشبەختانە دڵمان زۆر خۆشبوو بە هەستی نوکتەو رووخۆشی لەو تێکەڵیەدا، کە بووبووە مایەی پێکەنینو دڵخۆشیو کارەکەش بە بێ گیروگرفت بۆ پێشەوە دەچوو.

لە هاوینی ١٩٢٨ دا سپیلک زۆر گەرم بووو لە نیوەڕۆدا تیشکی خۆر لەو بەردانەی دەداو لە سێبەردا پلەی گەرمای دەگەیاندە ٤٦ی سنتیگرادو ئەمەش یەکەمجارم بوو لەژێر گەرمای وەهادا کاربکەم. بۆم دەرکەوت، باشترین چارە ئەوەیە بێ پشوو هەموو رۆژێک کاربکەین. موسوڵمانەکان رۆژی هەینی کارناکەن جووەکانیش شەممەو مەسیحیەکانیش رۆژانی یەک شەم، بۆیە بڕیاردرا رۆژی پشوو نەبێت. بەڵام لە دواییدا هەستم بەوە کرد، کە قازانجترە رۆژێک پشوو وەربگرن. لە جیاتی دوو سێ سەعات، پشووی نیوەڕۆ بوو بە یەک سەعاتو بەیانیانیش تاریکو روون دەستمان بە کاردەکردو ئێوارانیش، کە تاریک دەبوودەستمان لە کارهەڵدەگرت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوی کانیاوەکەی، کە لە سەرییەوە چادرمان هەڵدابوو، لە سەر شێوەی گۆلاوی بچوک بچوکدا بە لاقەدی گردەکەدا دەپڕژایە خواریێو لەوانەوە ئەمە شوێنی زاوزێی مێشوولە بێتو لە ئێواراندا بە ملیۆنان دەردەکەونو کەپرۆکەیان دەکردو بێ بەزەییانە پەلاماریان دەدایـن. نەخۆشی لەرزوتا لەو ناوچەیەدا زۆر بووو دیاربوو، کە رزگارم نابێت، ناچار لە سەر کنین دەژیام. لە دواییدا فێر بووم چۆن بەسەر مێشوولەدا زاڵبم. بە داگیرساندنی تەرسی وڵاخە بەرزە لەناو چادرەکەمدا، دوکەڵەکە لە ئێواراندا مێشوولەکەی دەڕەواندەوە. لە کاتی شێوکردندا، کە هێشتا دوکەڵەکە لە کاردا بوو، خۆم دەهاویشتە چادرەکەمەوەو لە ژێر کولەدا رادەکشامو بەو شێوەیە بە شەو خەوم لێدەکەوت. لەوانەشە بڵێم مێشوولە لە دوکەڵ خراپتر نەبێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەم شێوەیە دەمتوانی بخەوم. لە هیچ ناوچەیەکی کوردستاندا شوێنێکی وەهام نەدیت، کە مێشوولەی وەها خراپی لێبێت. لەوانەشە لەگەڵ مێشوولەدا راهاتبێتم بەڵام هەر پەنام دەبردە بەر مێشولەکوژ. ئینجا دەمتوانی بە ئارامی بژیم. دوپشکیش زۆربووو بە بەری ناوەوەی چادرەکەدا هەڵدەگەڕان (لەوانەیە بۆ ئەوەی باشتر تاو لە نێچیرەکانیان بهێنن)و بەردەبوونەوە سەر مێزەکەو کلکیان هەڵدەبڕیێو ئەگەر هەڵیان بۆ ڕێکبکەوتایە بە خەڵکیانەوە دەدا. ماری چەندەها رەنگو گەورەو بچوکی زۆربوو، لە مانگەکانی هاویندا جارجارەش سەردانی چادرەکەیان دەکردمو زۆرجاریش دەمبینین، کە خۆیان بە کونە بەرددا دەکرد، یان بە کلۆری داردا، لە کاتی گەڕانمدا بەو وڵاتە هەڵەتەدا، جەرجیم لەگەڵدا بوو ئەمە ناوێکی ئاشوورییە بۆ جورجێو ئامادەکردنی خواردنم پێ سپاردبوو، ئەویش بیانووی دەهێنایەوە، کە ئاگری باشو موبەقی نییەو لە جیاتی ئەوە دوو بەردو تەنەکەیەکی نەوتی بەتاڵ موبەقیبوو. جەرجیس کابرایەکی سەیر بووو خاوەنی رابردوویەکی تێکەڵاوی سەیرو تەجروبەیەکی زۆری هەبوو. لەگەڵ ئەو هێزە رووسەدا بوو، کە رەواندوزی وێرانکردبووو وەک هەموو ئاشووریەک (لە راستیدا جەرجیس فەلەیەکی ئێرانی بوو نەک ئاشووری) فێری بەکارهێنانی چەک بوو نەک قاپو قاچاخ. لە کامپەکەدا زۆر لێی دەترسان، چونکە لە هەموو شوێنێکدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمانچەی بە قەدەوە بووو دیاریش نەبوو، کە بخەوێت. فارسییەکی نیوەچڵی دەزانیو کوردیو تورکی دەزانیو چەند وشەیەکی عەرەبیشی دەزانی. خۆی وەها نیشان دەدا، کە لێی تێبگەن بەو هەموو زمانە. من بە عەرەبییە خراپەکەم قسەم لەگەڵدا دەکرد، ئەو عەرەبییەکەی لە هی من خراپتربوو بەڵام ئەم هەمە چەشنە زمانەی زۆر بەسود بوو بۆ ئەو شوێنە تێکەڵەو وەک ئاشپەزیش بەراستی سەرکەوتوو نەبوو.

لە کاتی میوەدا، کە سێ مانگ لەم ناوچەیەدا دەخایەنێت (بۆ بێبەختی من تازە دەستی پێکردبوو) بەشێوەیەکی سەرەکی لە سەر خواردەمەنی بۆنداردا دەژیام، کە جەرجیس ناوی تورکی لێنابوون، جگە لەو کاتانەدا هەر لە سەر هێلکەی کوڵاوو نانی تیری لادێ دەژیام. ئاردەکەش بریتیی بوو لە تێکەڵەی گەنمو جۆو هەتا وردە بەردیشی تێدابوو. دەکرا بە هەویر لە چاڵێکدا دەکرا بە نان. چاڵەکە بە قوڕ سواغ درابووو بە خەڵوز گەرم دەکرا (نوسەر زۆر بە هەڵە باسی تەنورو نانکردن دەکات. وەرگێڕ) پارچەیەک لە هەویرەکە پاندەکرێتەوەو بە تەنکی بە دیواری ناوەوەی چاڵەکەدا دەدرێتو بە چەند چرکەیەک دەبرژێت نانەکەش یان دەکەوێتە چاڵەکەوەو یان گڵی دیواری چاڵەکەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، هیچ کەرەش نییە پێوەی بخورێت. بەڵام پەنیری خۆماڵی زۆر خۆشەو لە شیری بزن دروست دەکرێتو تامێکی زۆر خۆشی هەیە هەرچەندە بۆنێکی سەیری لێدێتبەڵام بەری دڵ بە باشی دەگرێت.

نەمتوانی چێشتکەرێکی هیندی لەگەڵ خۆمدا بۆ ئەو ناوشاخانە بهێنمو ناچار رازیبووم بە جەرجیس، پێمخۆشە بە نەرمی لەگەڵیدا بجوڵێمەوە چونکە لەو شاخو بەندنەدا زۆر بە لێزانی دەجوڵایەوەو لە هیچ گەشتێکی دووورودرێژدا، لە کاتی گەرماو سەرماداو لە رێگەی نالەباردا، هەمیشە خواردن ئامادەبوو، بە کڕینو بە داواکردنو بە دزینیش بووایە.

کابرایەکی مۆنو بلحو هەیکەلێکی زبری هەبووو لە نێوان شتومەکی منو خۆیدا سنوری دەشکاند، بەڵام لە دواییدا توانیم نەریتە چاکەکانی جیابکەمەوە. موچەی باشم دەدایەو هیچ کاتێکیش حسابی کڕینی پێویستییەکانم لەگەڵدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدەکرد، لەبەر ئەوە بۆ ئەو باشتر بوو خزمەتی یەکێکی وەکو من بکات، وردە وردەش خوارنەکانی کەمێک باشتر دەبوون.

نە گەرماو نە مێشولەو نە جرجیش نەیانتوانی رێگریمان لێبکەن لە دروستکردنی رێگاکە وەک خێڵەکییەکانی ئەو ناوچەیە ئەگەر بیانویستایە رێگری بکەن.

لێپرسراوانم دڵخۆش بوون بە راگەیاندنی دەنگوباسی ئەو شەڕانەی، کە لەم ناوچەیەدا روویان دەدا. ناوچەی سپیلک جێگایەکی زۆر هەموار بوو، نەک هەر بۆ پیاوخراپانو شەڕی ناوخۆی خێڵەکان، بەڵکو بۆ بەیەکدا کێشانی هێزی چەند میللەتێکو دەوڵەتێک لەم ناوچەیەدا.

لە مێژەوە لەو شوێنەی رێگاکە سەرەوخوار دەبێتەوە لەو نشێوەدا، لە لاقەدی خۆرهەڵاتی سپیلکەوە، بەرەو دۆڵی رەواندوز تورکەکان قولەیەکیان لە کانی وەتمان دروستکردبوو بۆ دابینکردنو تێکشکاندنی چەتەو رێگرەکانی دۆڵی رەواندوز. وەهاش دەردەکەوێت، کە جەندرمەی تورکان بەشداری رێگرەکانیان کردبێت لە تالانکردنیاندا، چونکە ئەو قولە تەنیایە نەیتوانیوە ئەم کارە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا توانیان دژ بە هێزە رووسیەکە بەرگری بکەن، کە لە ساڵی ١٩١٥دا هەوڵی ئەوەیاندا لە ئێرانەوە بە کوردستاندا تێپەڕن بەرەو میزوپۆتامیاو مەبەستیان بوو بە بەریتانیا بگەن لە داگیرکردنی شاری بەغداد. رووسەکان بە پەلاماردانێکی سەیر توانیان بگەنە رەواندوز، بەڵام نەیانتوانی لە قولەی تورکەکان تێپەڕنو دۆڵەکە بگرن. ناچار بوون بەرەو ئێران بگەڕێنەوە، بەڵام زیاتر لە نیوەی رەواندوزیان وێرانکردبووو بە شێوەیەکی بەربەری هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکی شارەکە کردبوو.

جارێکیتریش لە ساڵی ١٩٢٠دا شۆڕشی دژی بەریتانیا دەستی پێکردەوەو لە دیوانیەوە بەرەو کوردستان پەرەیسەندو زۆر لە خێڵەکان بەشداریانکردو دابینکردنیان گرانبوو، وەک بزنە کێوی خۆیان ون دەکردو هەموو دەورو دیوێکی ناوچەکەیان دەزانیو خۆیان تێدا دەشاردەوە. لەو ناوچە بەرینو چۆڵەدا بەرگە شینەکانیان لەگەڵ رەنگی شینو خۆڵەمێشی بەردەکاندا جودا نەدەکرانەوە. ئەوانە وەک راوکەر لەدایکبوونو تفەنگچی چاکنو زۆر کەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشان دەبوێرن. چەتەکانی سپیلک لە هەموو کوردە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمە سەرنجڕاکێشتربوون و نەدەزاندرا جموجوڵیان دابین بکرێت هەتا هاتنی کاپتن لتڵ دیل Captain C. E. Little Dale لەوکاتەدا لتڵ دەیل ئەفسەرێکی لیڤی بوو، پیاوێکی تاقەتنەچوو ئازابووو لە توانای شاخەوانیدا بەرانبەر هەرچی کوردێک هەبووایە دەوەستا. بە سواری ئەسپ و دەمانچەیەک و چەند شەرکەرێکەوە، بە شەو ورۆژ بەرەنگاری شۆڕشگێڕانی ئەم ناوچەیە دەبووەوەو لە پەلاماردانێکی کتوپڕدا چەند سەرۆک شۆڕشگێڕێکی دەستگیرکردبوو، بە بەندکراوی بردبوونی بۆ هەولێر. لە چەند جارێکیدا بە شەو بە دزییەوە هەڵی دەکوتایە سەریان و دەیگرتن. زۆر جاریش لە کاتی هەڵکوتانە سەریان تەقەی ڕووناکی بۆ فڕۆکەوانەکانی K. A. Fدەکرد بۆ بەشداریکردنیان لە شەڕەکەو بۆردومان کردنی ناوچەکە. ئەم هاوبەشییەش دەبووایە زۆر بە لێزانی بکرایە بۆ ئەوەی کاریگەربێت. ئەم بەجەرگییە کاری گەورەی هەبوو بۆ لەچۆکهێنانی خێڵە ئاژاوەگێڕەکان. قەت نەتواندراوە دەوری لتڵ دەیل بگرن، هەمیشە لە سەر هەستبووە، کەمیەکی هەبووە لە داخستنی چاویدا ئەمەش بووبوو بەهۆی ئەوەی کوردەکان ئەمە بگەڕێننەوە بۆ هێزێکی سەرو سروشت، کە لەودا هەبووبێت. بە شەوو بە ڕۆژ لە ترسدا بوون لەو پیاوەی، کە چاوە سوراوەکەی گێژی کردبوون و دەیتوانی وەک بەوری بەیان بە شەو ببێنێت.

هەتا ساڵی ١٩٢٣ یش سپیلک هەر شوێنی جەنگی قورسبوو. لە دوای کشانەوەی تەواوی بەریتانی لە ڕەواندوز ساڵی ١٩٢٠، بەسەرکردایەتی ئوزدەمیر سەرکێشەوە، شارۆچکەکە لە لایەن هێزی تورکەوە داگیرکرابوو. هەرچەندە بەریتانییەکان توشی چەند بەرەنگارییەک بووبوون لەلایەن تورکەکانی دۆڵی باتاسەوە، بەڵام هیچ هەوڵێکی ئەوەیان نەدابوو بۆ دەرکردنی تورکەکان لە ڕەواندوز، هەتاکو دەست تێکەڵکردنی ئەوان و شێخ مەحمودو کوردەکانی وەک نوری باویلی ڕەواندوز. ئەم کارەش وایکرد، کە هەوڵێکی زۆری پێویست بێت. بەهۆی ترسی تۆڵەی بەشداربوونیان لە شۆڕشی ١٩٢٠داو دژایەتی فەرمانڕەوایی بەریتانی، کوردەکان لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوزدەمیردا رێککەوتبوونو ڕەواندوزو خێڵی سورچیو بە پاڵپشتی هێزێکی ئوزدەمیرەوە. هێزەکەی ئوزدەمیر لە سپیلکدا چاوەڕوانی هێرشی لیڤی دەکرد لە دۆلی باتاسەوە دەستپێبکات. دەربەندی سپیلک زۆر سەختە بۆ هێرشکردنە سەرو ئەمەش کارێکی ناهەمواربوو بۆ جێگر- مارشاڵی هێزی ئاسمانی سیر جون سالموند Sir John Salmond، کە لەو کاتەدا کرابوو بە سەرکردەی هێزی عەردو ئاسمانی عێراق. بە ستراتیجییەکی زۆر زیرەکانە کارەکەی براندەوە. بۆ ئەوەی پلانەکەی ونبکرێت، هێزێکی گەورەی لیڤی لە دەستی باتاسدا بە ئامادەیی دانا بۆ هێرشکردنو لەوکاتەدا هێزی ئاسمانی بەریتانی ناوچەی دەربەندی سپیلکیان بوردومان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا هێزێکی بەریتانی لە کویسنجەقەوە وردە وردە بەرەو سپیلک دەچووە پێشەوەو گەیشتبووە شوێنێکی وەها لە ناو شاخەکاندا، کە پشت لە دوژمن بستێننو لە ڕەواندوز تەفروتونایان بکەن. تورکەکان درەنگ هەستیان بەم موناوەرەیە کرد، کە بتوانن هێزی بەرگری دابنێن، هەرچەندە لە پەلامارێکی کتوپڕدا بۆ ماوەیەک لە دۆڵی ئاوی ئالاندا بەری هێزی بەریتانیان گرت.، کە لەم کارەدا سەرنەکەوتن تورکەکان ژیرانە هاتنە سەر ئەوەی کەمانەوەیان لە سپیلکدا ناگونجێت، هەرچەندە تورکەکان ناسرابوون بەوەی، کە زۆر بەتوانان لە بەرەنگاریکردندا، بەڵام حەزیان بەوە نەدەکرد لە سپیلکدا پشتیان لێبگیرێت، لە هەمانکاتدا هاوپەیمانیان لەگەڵ کوردەکاندا لە سەر بناغەیەکی شلۆق دانرابوو، لەبەر ئەوە دوژمن دەستیکرد بە کشانەوەی بۆ دەرەوەی دۆڵی ڕەواندوز، پێشئەوەی ڕێیان لێبگیرێت، هەتا ڕەواندوزیشیان بێ تەقە بەجێهێشتو هێزی بەریتانی شوێنەکانیان گرت.

لیڤیەکان کامپێکیان لە دیانا دانا، کە شەش کیلۆمەتر لە ڕەواندوزەوە دوورەو شوێنێکی تەختی لێیە بۆ فڕۆکە نیشتنەوەو بوو بە کامپی هەمیشەیی هەتاکو لە ساڵی ١٩٣٢دا هێزەکە هەڵوەشایەوە لەم نۆ ساڵەدا، دیانا بووبوو بە گوندێکی ئاشووری لە عێراقدا. زۆر لە ئاشوورییەکان توانای خۆیان دەرخست لە یارمەتیدانو کارکردندا لە سەر ڕێگاکەو بەرد بڕو کاتبو لێپرسراوی عەمبارو پاسەوانی باشبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامۆژگاری کرابووم، کە پیاوێکی بڕواپێکراو بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ئاگای لە خۆمو شتومەکەکانم بێت، منیش ئاشوورییەکم دانا بۆ ئەم کارە، کە عەریفێکی لیڤیبوو. لەسەرەتادا من ئەمەم بە پێویست نەدەزانیو بێزاربووم لەوەی لە کاتی خەوتندا، ئەم ئێشکگرە بە دەنگی تێخوڕینی بە زمانێکی نەزاندراوەوەو بەدەنگی تەقەی، کە بە تاریکیەوەی دەنا، بێداری دەکردمەوەو پێدەچێ کەسیش لەو ناوە نەبووبێت. بەڵام کاتێک، کە زۆر لە بابەت کوردەکانەوە فێربووم، هەڵسوکەوتیان تێگەیشتم، ئەمجا بۆم دەرکەوت، کە ئێشکگرێکی بە هیمەت باشترە لە یەکێکی خەواڵوو، بەتایبەتی لە دەربەندی سپیلکدا.

ڕەوەندەکانی کوردستان هەموو ساڵێک لە پاییزدا بەفر شاخەکانیان پێبەجێدەهێڵێتو ڕوو دەکەنە پێدەشتەکانی خوارەوو، لە بەهاردا جارێکی دیکە ڕوو دەکەنەوە بەندەنەکانو بەرەو سنوری ئێرانو دوور لە ڕەواندوز. ئەمەش بە نەریتێکی کۆنی خێڵەکییەوە یان بە زۆری چەک لەگەڵ خێڵە دراوسێکانیاندا. ئەم ڕەوەندانە بە خۆیانو مەڕوماڵاتیانەوە ڕوو دەکەنە ناوچەی خێڵە نیشتەجێکان. خۆ ئەگەر ڕێیان لێبگرن، ئەوا بە هێزی چەک، جێو ڕێی خۆیان دەکەنەوە.، کە کۆچ دەکەن، مەڕو ماڵاتێکی بێشومار ڕێچکە دەبەستنو هەرچی دێنە ڕێیان لە پاوانو کێڵگە ڕووتو وێرانی دەکەنو شوانەکانیشیان هەموو چەکدارن. لەمەشدا ئەم ڕستانەی خوارەوە گۆرانیەکی گۆرانی نوسی ئوستورالییەم دێتەوە یاد، کە دەڵێت:

ئەمە یاسای وڵاتە هەموو لە ڕۆژئاوا ملکەچین بۆی
بە پێی ماڵات پیاو دەبێ قۆناغی شەش میل ببڕێت
ئەمەش یاسایەکە ڕەوەندەکان کردویانەو ئاسا لێی تێدەگەین

قۆناغیان جێدێڵن کاتێک لەوەڕ کەم دەبێت پشوو دەدەن، کاتێک لەوەڕ باش دەبێ بارگە دەخەن، وڵات وێران دەکەن هەتا چڵە گیایەک بمێنێ لە دواییدا هەر وەک پەڵە هەورێک ئەڕۆن بە دەشتی بێ لەوەڕدا لە قۆناغێک بۆ یەکێکیتر، لە تاوێک بۆ یەکێکیتر، بە شەرە چنگ ڕێدەبڕن بۆ پەلکێ گیا مافی ڕێگا لە سەر ڕێچکەی دەشتو دەرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێک دوای ئەوەی ڕێگاکە لە شەقڵاوەوە گەیشتبووە سپیلک، لە هەولێرەوە دەگەڕامەوەو گوێم لە حیکایەتی پێکداهەڵپژانێکی سورچییەکانی ناوچەی سپیلکو ڕەوەندەکانی هەرکی بوو. هەرکییەکان ساڵانە توشی گیرو گرفت دەبن لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکانی پێدەشتدا. چەند ژنێک لەم شەڕەدا بریندار بووبوونو ئەمانیش وەک پیاوەکانیان ئازاو تفەنگ چین. کاتێک، کە گەیشتمە کامپەکەمان، ئاشوورییەکی فۆرمەتی ڕێگا بە ناوی دەروێش خۆی پڕچەک کردبوو، ئەمەش دژ بە ئامۆژگارییەکانم بوو، ئەمرم پێکرد، کە دەست بە جێ چەکەکەت دانێ. دەروێش گوتی: گەورەم لێرە شەڕێکی گەورە لە نێوان سورچییەکانو هەرکییەکاندا بەرپابوو. خدر ئاغا بە خۆیو پیاوەکانیەوە لە ناو ئەم بەردانەدا تەقەی باشیان کردو هەرکییەکانیش بە ژنو پیاوەوە لە خوارەوە تەقەیان دەکرد. من لە ناوەڕاستی شەڕدابووموو تەقەم لە هەردووک لایان دەکرد بۆ ئەوەی شەڕ ڕاگرن.لەم شەڕەدا دوانزە پیاوو چوار ژن کوژران، لە دواییدا سوارەی پۆلیس لە باتاسەوە هاتنو ناوبژییان کردن. ئاشوورییەکە لەسەری ڕۆیشتو گوتی: گەورەم خدر ئاغا شەڕی باش دەکات. دیارە ئەو دەیزانێت شەڕی ئەم ناوچانە چۆن دەبێت، منیش بە تورەییەوە پێم گوت: دەروێش تۆ باشدەزانیت من حەزم بە باسکردنی شەڕو تەقە نییەو تۆ مافی ئەوەت نییە خۆت لە شەڕ هەلقورتێنیو نامەوێ گوێم لەم بابەتە قسانە بێت، ئەگینا دەستت لە کار دەکێشمەوە. دەروێش تەمەننایەکی کردو بە زەردەخەنەیەکەوە بەرەو دوا ڕۆشتو دڵخۆشبوو بەوەی سزاکەی هەر قسەو هەڕەشە بوو.دەروێش سەر بە خێڵێکی ئاشووری شەڕکەری بەناوبانگ بوو دەیویست منو کوردەکان ئەمە بزانین. ئەمەش یەکەم جاربوو ناوبانگی خدر ئاغا ببیستم، بەڵام دواجاریش نەبوو.

هەزاران خێڵەکی بە خۆیانو مەڕو ماڵاتیانەوە، بۆ چەند ڕۆژێک بەو ناوچەیەدا گوزەرەیان دەکرد، لەو ماوەیەدا ڕێگرێکی گەورە بوون بۆ کارەکەمان. ئەو ڕێگا گەڵاڵەکراوەی دروستمان کردبوو زۆر ئاسانو نزیکبوو بۆ بەکارهێنان، لە ڕۆژانی تەڕو توشدا دەبوو بە قوڕولیتەیەکی وەها کاری تێدا زۆرگران دەبوو. ئەو ڕێگایەیان ئەوەندە لا خۆش بوو، هەتا سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگاکەو لە لاڕێیەکدا، ڕەشماڵیان هەڵدەداو ئەوەندەش تەمەڵو کەم تەرخەم بوون، ماڵانیان لانەدەدا بۆ ئەوەی ئێمە بە ئۆتۆمبیل تێپەڕین. ئەم ڕەوەندانە قەت لە ژیانیاندا ئۆتۆمبیلیان نەبینیبوو، تەقینەوەی دنیامیتیان زۆر لا سەیربوو. جاروبار لەگەڵ خۆمدا هەڵمدەگرتن، یەکێک لەو جارانە تفەنگییەکی بە شەوکەتی کورد، کە سەرتاپای خۆی لە فیشەکدا سورکردبوو وەک هەموو کوردێک، خانەی دواوەی بۆ خۆی داگیرکردبوو. لە کاتی لێخوڕیندا هەستم بە شتێکی تیژ کرد، کە لە ناو شان دەچەقێت، کە ئاوڕمدایەوە بینیم لولەی تفەنگەکەیەتی. منیش لولەی تفەنگەکەم بە شێوەیەک وەرگێڕا باش تێبگات، کە ڕووی بکاتە لایەکیتر، چونکە ئەگەرێکی زۆر هەبوو تفەنگەکەی لە سەر پێ بێت. ئەو بە کەیفی خۆی لە دواوە دانیشتبووو بە دار جگەرە باریکو درێژەکەی جگەرەی دەکێشا، کە گەیشتینە شوێنی دابەزین، هەستی بەوە کردبوو، کە هەڵسکەوتەکەی منی دڵتەنگ کرووە، وەک بڵێی داوای لێبوردن بکات، دوو هەناری دامێ، ئەمەش هەموو شتێک بوو، کە هەیبوو جگە لە دارجگەرەکەیو ئەستێو بەردەکەی، کە هەموو کوردێک حەزی لە هەڵگرتنێتی لەگەڵ تفەنگەکەیو خەنجەرەکەیدا.

ئێوارەیەک لە گەڕانەوەمدا بۆ کامپەکەی سپیلکمان، دیارییەکی ترسناک چاوەڕێی دەکردم. کەلە سەرێکی مرۆڤ لە سەر مێزەکەم داندرابوو. بنیامین یونانی خوڵامم بە زەردەخەنەیەکەوە هاتە پێشەوەو گوتی: گەورەم ئەمەمان لە ژێر بەردێکدا دۆزیوەتەوەو وامانزانی تۆ حەزت لێیە وەک سوڤنیریکی دەربەندی سپیلک. گەورەم ئەم کەسە چەند ساڵێک دەبێ مردووە. منیش زەوقم بە شتی وەکا ناکرێتەوەو ئایینەکانی خۆرهەلاتیش وەک یەک ئەمر بە ناشتنی دەکەن. ئایا دەبێ ئەمە کەلەسەری چ لێقەوماوێک بێت، دوور لە خزمو خوێشی لاشەکەی لە سپیلکدا فڕیدراوە، منیش ئەمرم کرد بە ناشتنی کەلە سەرەکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی شەشەم

## حەمەدەشینی جەردە

گوندی کەڵەکچین ((کەرەک چین بە زمانی ناوچەکە. وەرگێڕ)) دەکەوێتە سەروو کاروانە ڕێیەکەی سپیلکو بەسەر دەربەندەکەدا دەڕوانێتو لەو شوێنەدایە، کە ڕێگاکە بەتەنیشت کۆنە قەڵای کانی وەتماندا پێچدەخوات. پیاوانی کەرەکچین بەناوبانگ بوون لەخۆبایی بوونو ئازایەتیو سەربەرزیداو لەگەڵ بێیاساییاندا گونجاو بوون. ئەمانە بۆ سەدان ساڵ ڕێگرو جەردە بوونو باجیان لە ڕێبوارو کاروان چییەکان دەسەند، کە لە سەفەرێکی دوورو درێژدا لە وڵاتی عەرەبەوە بۆ باکوری ئێران، بە سپیلکدا تێپەڕ دەبوون.

سەرۆک جەردەکان ئەم پیشەیەیان بە نەریتێکی باش لە قەڵەم دەداو دەیانگوت دەوڵەمەندو خاوەن بارو بارگە لە ڕێگاکەدا یارمەتی دەدرێن بە وەرگرتنی بارگرانییەکانیان لە بارو بارگەو پارەوپوڵیان، هەتا سەعاتو جزمەکانیشیان بە کرێی ڕێگاکە حیساب ناکرێن، چونکە ئەوان بە سپیلکی بەناوبانگدا بە زیندوویی تێپەڕ دەبن. دەربەندەکە بەسەر ڕێگاکەدا دەڕوانیتو بۆ ماوەی چەند کیلۆ مەترێک کاروانەکان لە دوورەوە دەبینرێن، جەردەکانیش دەیانتوانی لە پەنابەردەکاندا خۆیان دانوسێنن، هەتاکو دڵنیا دەبوون لە کاری ئەوانەی بەسەر ڕێگاکەوەن. ئەگەر بازرگان بوونایەو بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە بدایە، ئەوا ڕووت دەکرانو بەرەڵا دەکران. خۆ ئەگەر هێزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەکدار بوونایە، یان لێپرسراوی دەوڵەت بوونایە، ئەوا دەکوژران پێش ئەوەی بزانن دەوریان گیراوە، چونکە حەشارگەی وەک گابەردەکانی سپیلک لە هەموو کوردستاندا وێنەی نییە. حەمەد ئاغا (لە کوردیدا، کە دەنوسرێت حەمەد ئاغا بەخێرایی حەمەداغا دەخوێندرێتەوە. وەرگێڕ) گەورەی گوندی کەرەکچین بوو. جاران پیاوێکی جەربەزەو بێ بەزەیی بووە، بەڵام ئێستا پیرەمێردێکی کەم تواناترە لە رۆژانی پڕ هەرای تورکەکان، بەڵام هەر وەک جاران ژیرو فێڵبازەو زاندراوە بەوەی، کە نە فیشەکێکی پلانەکانە، کە خدر ئاغای ئەفسەری کوڕی ئەنجامیان دەدات، کە جێی پیاهەڵدانی فۆرمەنە ئاشوورییەکەمبوو لە ئازایەتیو توانای تەقەکردندا لە کاتی شەڕەکەی نێوان خێڵی سورچیو هەرکیدا.

کە یەکەمجار هاتم بۆ کوردستان، کاتێکی زۆر کەمم هەبوو بۆ بیرکردنەوە لە ناوبانگی خراپی سپیلک، منیش بێئاگایانە بە بەردهاوێژێک دوور لەو گوندەی، کە ناوبانگی رۆیشتبوو بە بەدترین شوێن لە سەر عەرددا. بەڵام زوو لە لایەن یەکێکەوە هۆشیارکرامەوە، کە لەوانەیە توشی خەتەربم، داوام لە برایسون Bryson ی برادەرم کرد، کە پێشڕەوی باڵێکی هێزی ئاسمانی بوو، بۆ ئەوەی چەند رۆژێکم لەگەڵدا بەرێتە سەر لە کوردستاندا. یەکێک لە رووداوە بەپێچەوانەکانی ژیانی برایسون ئەوەبوو، کە دوای ئەم هەموو نیشانەی ئازایەتییەی، کە دوو سرەونیوەی لە سەر قەمسەڵەکەی جێگیرکردبوو، لە روداوێکی ئاسایی ئۆتۆمبێلداکە لە بیابانەکانی باشووردا روویدابوو، سمتی شکابوو. هیوام وابوو زوو بێت بۆ سەردانمو چەند رۆژێک لە کوردستاندا پێکەوە لەم شوێنە شاخاویەدا بەسەر بەرینو بۆ هاتنەوە سەر خۆی لەم هەوا خۆشەداو دوور لە گەرمای بەتینی بەغداد. بەڵام وەڵامی ئەوەبوو، کە چاکبۆتەوەو ئامادەیە بگەڕێتەوە سەر کار. ئەو نەیتوانی سەردانم بکات، بەڵام ئامۆژگارییەکی بەسوودی کردم. لە کاتی خۆیدا ئەو ئەفسەری تایبەتی ئەم ناوچەیە بوو، ئەمەش وا دەگەیەنێت، کە ئاگادارییەکی باشی هەیە لە سەر هەڵسوکەوتی خەڵکو سەرۆک خێڵەکان. بۆی نوسیبووم، کە وریای خۆتبە لە حەمەد ئاغاو نەوەکانی لە گوندی کەرەکچیندا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وریاکردنەوەکەی برایسون بە خۆڕایی نییە، چونکە ئەو لە سەرکردەی هێزی ئاسمانیو شەڕی عەرددا، وەک یاری شەترەنج بکات وابوو. لەسەرقاڵی خۆمدا ئەوەندە گوێم نەدایە نامەکەی. بە هەرحاڵ زانیاریم لە سەر حەمەد ئاغاو مێژووی تازەی سورچییەکان کۆکردەوە.

خزمەتکارو چاودێری کارەکەمان بە دڵنیاییەوە ئەمەیان بۆ باسکردم، چونکە خەڵکی خۆرهەڵات حەزیان بە گەورەکردنی باسی شەڕوشۆڕە. بەم شێوەیە زۆرم لە مێژووی سپیلک زانی، کە لە دوا بەشی ئەم کتێبەدا تۆمارم کردوون. ئاگاداری درێژەی هەستی ئەم تاقمە جەردەیە بووم بەرامبەر ئەو ئینگلیزە بێبەختەی، کە یەکەم فەرمانبەری بەریتانی بوو هاتبووە ناویانەوە.

چیرۆکەکە بەسەرهاتێکی دراماتیکی بووە، کاتێک، کە موسڵ لە ساڵی ١٩١٨دا لە لایەن هێزی نێردراوی میزۆپۆتامیاوە گیرا، ناوچەی ڕەواندوزیش بە شێوەیەکی ئاسایی کەوتە ژێر دەستی بەریتانییەکانەوەو هەی W. R. Hayئەفسەرێکی سیاسی بوو بۆ دابینکردنی ئەو ناوچەیەی پێسپێردرابوو، لەوانەشە لە هەمووی سەختتر کۆنترۆڵکردنی جەردەکانی سپیلک بووبێت. جارێکیان لە سەر خەنجەر هەڵکێشان حەمەدەشین دەگیرێت. لە تۆڵەی ئەمە، لە ڕۆژی بەرەڵاکردنیدا، خدری کوڕی هەوڵی کوشتنی هەی دابوو. لە پەنجەرەی خانوویەکەوە لە هەولێر، خدرتەقەی لە هەی کردبوو. لەو کاتەدا کاپتن لتڵ دەیل لەوێ بوبوو. هەر لە یەکەم تەقەوە، بە بێ چەک لتڵ دەیل تاوی دابووە سەر هێرش کەرەکان، ئەوانیش ناسیبوویانەوە هەڵاتبوون. چونکە لە کوردستاندا کەس بەقەدەر ئەم ئەفسەرە بۆ پیاو خراپان ترسناک نەبوو. بەم شێوەیە ئەم جارەش هەوڵی تۆڵەی حەمەدەشین سەرنەکەوتوبوو.

ئەفسەری سیاسی بەریتانی لە عێراقدا گرنگی پەیوەندی لەگەڵ خێڵەکییەکانو سەرۆکەکانیانی دەزانی، هەرچەند کارێکی خەتەر بووە، بەڵام کاپتن هەی کاتێکی زۆری بە گەڕان لە ناو وڵاتەکەدا دەبردەسەر. لەگەڵ پاسەوانێکی کەمی خەڵکی ناوچەکە، متمانەی بە زانایی هۆشیاری ئەو کەسانە دەکردو پشتی پێیان قایم بوو، ئەویش تاقمەکەی دەگەیاندە شوێنی ئارام. زۆر لە پیاوانی ئازا دلێرانە گیانی خۆیان لە ڕێگای کاری فەرمانبەرییاندا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژانی زوودا بەخت کرد، بەڵام بە هەڵسوکەوتیان لە ژیاندا، دواییش بە مردنیان، ناوێکی بەرزیان بۆ میللەتەکەیان تۆمارکرد. بە چاونەترسیو هەڵسوکەوتی دادپەروەرانەیان، ئارامیەکی باشتریان بۆ ئەو کەسانەی دوای ئەوان هاتنە ئەم وڵاتەوە، هێنایە کایەوە لەگەڵیشیاندا کاپتن هەی چەند جار بە سپیلکدا تێدەپەڕیو دەچوو بۆ سەردانی ڕەواندوز، کە شوێنێکی یەکجار ناهەموار بووەو لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا بووە. لە نووسینەکانیدا، دەریدەخات، کە ئەو ئەم شوێنە پڕ لە ئاشووبەی بە شێوەی پڕ هەستی سۆزەوە تەماشا دەکرد، وەک دایکو باوکێک تەماشای منداڵە سەرکێشەکەیان بکەن، هەرچەندەش ژیانی خۆی دەخستەتە خەتەرەوە.

لە ئابی ١٩٢٠دا جارێکیان لە سەردانی ڕەواندوز دەگەڕایەوە، کارێکی خەتەرناک چاوەڕێی کردبوو. لە کاتی تێپەڕینیدا بە دۆڵی ڕەواندوزدا لەگەڵ دوانزە سواردا، کە بە دووانەو سیانەی دوور لە یەک بە درێژی ١٦ کیلۆمەتری ڕێگا تەنگەبەرەکەدا بێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێت تاقمێک پیاوکوژ لە پەنابەردەکاندا بۆیان دانیشتبوون، لە شوێنێکدا ڕێگاکە لەگەڵ جۆگەلە ئاوێکدا پێچی دەخوارد. سێیان لە سوارەکانی هەی سەرقەرەوڵی هێزەکە بوونو زۆر پێشکەوتبوون. بە بێ ئاگاییان، تێخوڕین، کە تەسلیم بنو تێپەڕن بۆ ئەوەی ئینگلیزەکە بە دوایاندا بێت بێئەوەی ئاگای لە ڕێگرتنەکەبێت. بەڵام هەرسێ گیراوەکە دەریانخستبوو، کە نمەک حەرام نینو سوارەکەی هەرە پێشەوە هاواریکردبووو دەستی کردبووەوە، بەڵام بە فریا نەکەوتبووو لەیەکەم تەقەدا کوژرابووو دووانەکەیتر ڕووتکرابوونو تیریان لێ درابوو. تەقەکان کاپتن هەی وریا کردبووەوەو دەستیان کردبوو بە پشکنینی ئەو ناوەو وەڵامیان ناردبوو بۆ هێزێکی فریاکەوتن. لەوکاتەدا هێزە لیڤیەکەی ڕەواندوز لە ژێر دەستی لتڵ دەیلدا بوو. کاتێک، کە ئەو دەمانچە بەدەست لەگەڵ هێزێکی فریاکەوتنی بچوکدا گەیشتبووە شوێنی قەومانەکە، ڕێگرەکان ون بووبوونو تاقمەکەش بە ئارامی بە دۆڵەکەدا گوزەریان کردبوو.

شۆرەتی کاپتن هەی ئەوەندە ڕۆیشتبوو، وایکردبوو هەموو خێڵە کوردەکان بێزاری خۆیان دەربڕن لەو کارە ناڕەوایەی، کە هێرشی کرابووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرو یەکێک لە هاوەڵەکانیشیان کوشتبوو. پیاوانی کەرەکچین بە دەنگی بەرزەوە رایانگەیاندبوو، کە ئەوان ئاگایان لە کارەکە نییە، بەڵام زۆر گرانە لە کوردستاندا هیچ نهێنیەک بشاردرێتەوە، کە پیاوان هەموویان یەکدی دەناسن. لە دواییدا بڵاو بووەوە، کە سەرکردەی ئەم تاقمە تاوانبارە نەزاندراوە، کە وەک عەرد قوتی بداتو عاسمان هەڵیانکێشێت، کەس نییە لە خدر بەولاوە، کە کوڕی سەرۆکی جەردەکانەو لەگەڵ نوری باوڵی فیڵبازدا، کە هۆی خۆی هەبووە دژی بوونی بەریتانی لە کوردستاندا. بۆ جاریکێتریش بە گران کاپتن هەی لە دەستی حەمەدە شین رزگاری بووبووو جاریکیتریش لتڵ دەیل توانی پلانی جەردەکان هەڵبوەشێنێتەوە.

کە شۆڕشەکان دامرکێندرانەوە دوای ئەوەی چەند هەوڵێک درا بۆ سەر ژیانی یەکێک لە ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانی، هەموو سەرۆک شۆڕشگێڕەکان لێبووردرانو حەمەدەشینیش یەکێک بوو لەوانە، چونکە حەمەدەشین لەوانی دیکە خراپتر نەبوو.

لەبەر ئەوە بەر لێبووردن کەوتبوو، ئەم جەرد پیرە هیچ هۆیەکی نەدۆزییەوە بۆ وازهێنان لە عاسێتی، رۆژێکیان حەمەدەشین لە ئۆفیسی کاپتن چایماندا بووە، کە پشکێنەری فەرمانبەرایەتی بووو خێڵەکییەکان ناویانابوو جاکبۆ. چایمان هەوڵیدابوو چارەسەری تەنگژیەک بکات، کە لە نێوان حەمەدەشینو یەکێک لە دراوسێکانیدا روویدابوو. هەرچەندە هەڵسوکەوتەکانی حەمەدە لەبیرنەچووبووبوونەوەو هەموو لایەکی تەنگژیەکە خرابوونە بەرچاو، بەڵام حەمەدە لە توانجێکی بەرامبەرەکەیدا رقی هەڵسابووو خەنجەرەکەی هەڵکێشابووو ئەگەر چایمان نەبووایە، کە زۆر زوو مەچەکی گرتبوو، لەوانەبوو حەمەدە خەنجرەکەی لە جەستەی دوژمنەکەیدا شەتڵبکردایە. خەنجەر هەڵکێشانیش لە کوردستاندا کارێکی لێنەبووردراوەو دەبێتە هۆی دوژمنایەتیەکی هەتا مردن. فەرمانبەرە بەریتانییەکە هیچی بۆ نەمابووەوە لەوە بەولاوە، کە حەمەدە بە تاوانبار بژمێرێت.

ئەو گەورە پیاوە، کە زۆر رقی لە چاپمانو بەریتانییەکان دەبووەوە کاتێک، کە سواربووو ئەو شوێنەی بەجێهێشت، جەردەیەکی لە خۆ بایی‌و توورە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاربوو بەڵام بە شەوکەت بوو، روویکردەوە شوێنی حەوانەوەی لە شاخەکاندا. خۆیو بابو باپیرانی بەرهەڵستی رژێمی تورکەکانیان دەکردو لە سەر ئەم نەریتە دژ بە بەریتانییەکان دەڕۆیشت.

ئینگلیزەکان لە ژێرەوە سەرسام بوون بەم جۆرە پیاوە، دوور لەوەی یاسا چی دەڵێت بەرانبەر ئەم جۆرە کەسانە. چاپمانیش لەلای خۆیەوە هیچ سزایەکی ئەم پیاوە ناودارو توندو تورەیەی نەداو زۆرجار وەک میوانێکی جەردەکان دلێرانە سەردانی کەرەکچینی دەکرد. ئەوەندە رێزیان هەبوو بۆ ئەم ئەفسەرە، وردە وردە هەڵسوکەوتی پیاوەکانو سەرۆکی ئەم ناوچەیە بەرەو چاکی دەچوو.

کاتێک، کە رێگاکە دەستیکرد بە چوونە ناو ناوچە شاخاویەکانەوە، ئەو پرسیارەی، کە لە مێشکی پیاوێکی وەک چاپماندا بوو ئەوەبوو ئایا چۆن ئەم خێڵەکییە بێیاسایانە لەگەڵ ئەندازیارێکی بێچەکو تاقمێک کرێکاردا هەڵسوکەوت دەکەن؟. بێ گومان ئەوان ئەوەیان دەزانی، کە دروستکردنی رێگاکە دوایی پێهێنانی سەربەخۆییانە. دەتواندرێت بگوترێت، کە رێگاکە باشترین کاری ئەندازیاری ئەبوو، بەڵام لێرەو لەوێ، بە پێچو پەنادا بەناو ئەو گوندانەدا تێپەڕ دەبێت، کە پڕبوون لە ئاشووبو بە هیوای ئەوەی بە شارستانێتی بگەن، ئەمەش ببێتە مایەی ئارامییان. چاپمان وریای کردمەوە، کە ئەم خێڵەکیە لەخۆباییانە رەنگە دژی پرۆژەکە بوەستن.

رۆژێک زۆر لە دواوەی دەربەندی سپیلکەوە، لەگەڵ راماڵکەرە هیندییەکە خەریکی تاقیکردنەوەی لێڤڵەکە بووین. بۆ رۆژێک وەک ئەمڕۆ پێویستم بە ئەسپ دەبوو، بە کرێم دەگرتو هیچ چاوەڕێی هەڵبژاردنیم نەدەکرد. بۆم دەرکەوت، کە ئەسپی پیدەشتەکان رەوتیان خۆشەو بارگیری ناوچە شاخاویەکانیش، رێی رەوتیان نییە لەبەر چڕی ناوچەکەو وەک کەر دەبێ لێیان بخوری. ئەمە باشتریش، ئەگەر بێتو ئەو رێچکە لاپێیانە ببینیت، کە پیاو گێژ دەکەن. ئەو بەیانییە ئەسپ دەست نەکەوتو منیش چاوەڕوانم نەکردو بە تەنیایی لە کامپەکەوە بە پێ دەستم کرد بە رۆیشتنو رامسپارد، کە ئەسپ دەستکەوت بۆمی بنێرن. ئەو رۆژە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ کارم کرد،، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستم لە کار هەڵگرت، ناچار بارگیرەکەم لە رامالّکەرە هیندییەکە خواستەوەو بەرەو کامپەکە بە سپیلکدا هەڵگەرام، رێچکەیەکی چۆڵو ترسناک بووو دوای خۆرئاوا کاروان بەم ناوەدا گوزەری دەکرد. تاریکی داهاتبووو لە سرکە سرکی سیسرکەی شەو بەولاوە، هیچ دەنگێکی دیکەم گوێ لێنەبوو، دنیا کشومات بوو. دار بەڕووو دار هەرمێ کێویلکەی کلۆر ە پارچە پارچە بە هێزی وشککەرەوەو برژێنەری گەرمای هاوینو سەرماو سۆڵەی بەفری زستانەوە، وەک خێوی گیانی کوژراوانی ئەم رێپێتیلکەیە، لقو پۆپە چەوتو جیڵەکانیان پەلیان بەرەو ئاسمان بڵاوکردبووەوە. لەو روناکییە کزەی ئەستێرەکاندا، ئەو دارانە وا دەهاتنە بەرچاو، کە ئاگادارم بکەنەوە لە خەتەرێکی سەر رێگا. لە سەر خۆ رێگاکەم دەبڕی، جارجارەش داریکم لە لا قەپرغەی بارگیرەکە دەژەندو بیرم لەوە دەکردەوە، کە دەبێ چەندان رووداوی خوێناوی دڵتەزێن، لەم ناوەدا روویان دابێت. رێچکەکە بە دەوری گابەردێکدا دەسوڕایەوەکە رێبواران وردە وردە بەردیان لە سەر کۆکردبووەوە (هەندێک دەڵێن گوایە دعایە دژی گیانی خراپ کراون).، کە بە دەوری بەردەکەدا سوڕامەوە، لەناکاو چاوم بە فانۆسێک کەوت، کە بەسەر چەقی رێگاکەدا دەلەریەوەو بە دوایەوە تارمایی تفەنگ لەشانێک دیاربوو. من زۆر کەم چەک هەڵدەگرم، لە رۆژانی موچەدان نەبێت، کە پارەم لە هەولێرەوە دەهێنا. هەرچەندە خۆپیشاندانێکی بێسودبوو، بەڵام هاتمە سەر ئەو بڕیارەی، کە ئەگەر هاتو بکوژرێم، باشتر ئەوەیە منیش رووبەڕووی ببمەوە. ئینجا منیش بەرەو رووی رووناکییەکە لێمخوڕیو بە دەنگێکی بەرزەوە بە کوردی تێمخوڕی ئەوە کێیە؟ دەنگێکی ناسراو وەڵامی دایەوە، منم گەورەم، ئەسپ دەست نەکەوت منیش بە پێیان بەرەو پیرت هاتم، ئەم رێگایە بۆ تەنیا کەس بە شەو زۆر خەتەرە.

هەتاکو مەترسیو بڕوای خزمەتکارەکانم بەوەی، کە خەتەر چاوەڕوانمان دەکات، وریای کردمەوە، کە خەتەری چاوەڕواننەکراو لە گوندی کەرەکچینەوە دەردەکەوێت. ئەمەش چۆنێتی نزیکبوونەوە یەکەم جارمە لەگەڵ حەمەدەشیندا. حەسەنی موحاسیبم ئەسپە بۆرەیەکی پیری بۆ بەکرێگرتم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێش ئەوەی ئەسپەکە بەرەو ڕێگاکە ڕوو وەرسوڕێنێت پەلی لە بەردێک عاسی بووو بەدەمدا کەوت، منیش بەسەر ملیدا هاتمە خوارێو بەسەر بەردەڵانێکدا کەوتم. وامزانی ئەسپەکە تۆپیوە، بەڵام خۆشبەختانە هیچمان لەویتر خراپتر نەبووین. منیش بە تووڕەییەوە سوار بوومەوە ملم لە ڕێگاکە نا. بۆم دەرکەوت، کە ئەسپێکی بەتوانایە بۆ سەفەری دوورو درێژ، بەتایبەتی ئەگەر حیساب بۆ تەمەنی بکرێت. جارێکیان زۆر بە پەلە بوومو هەشتا کیلۆمەتر ڕێگام لەپێشەوە بوو، بەڵام دوای نۆ سەعات ڕێی بێوچان، ئەم ئەسپە ماندوێتی پێوە دیار نەبوو. لەوانەیە لە کاتی جوانیدا، ئەسپێکی یەکجار بەکاربووبێت بەڵام ئەو ڕۆژانە تێپەڕیوەو منیش پەلەمەو ئەسپێکی کەم بە کرێ گرت بۆ ئەو حەوت سەعاتە ڕێیەی، کە مابووم لەو ڕۆژە گەرمایەی هاویندا. لە کوردستان کرێی ئەسپ بە پێی جۆرو لەشساغی دەگۆڕێتو ئایا ئالیکو خاوەنەکەشی لەگەڵدا حیساب دەکرێت؟ ئەسپەکەی بە کرێم گرتبوو، زینێکی نالەباری کوڕی لێکرابوو لە قامچی بەولاوە هیچ سیفەتێکی وای نەبووکە بڵێین باشە. وامزانی، کە ڕۆژانەی ڕوپێو نیوێک زۆر باشبێت، بەڵام، کە خاوەنەکەی هات بۆ وەرگرتنی کرێکەی، کە من لەوەو پێش نەمبینیبوو، بیستو یەک ڕوپیەم دانابوو بۆ کرێی چواردە ڕۆژ. کابرا بە ڕقێکەوە تەماشای کردمو دەستی برد بۆ خەنجەرەکەیو بۆ چرکەیەک وامزانی دەمکوژێت. لە دواییدا تفێکی لە عەردەکە کرد، کە ئەمەش ڕیسواکردنێکی ئەنقەستەو ڕووی وەرگێڕاو دوورکەوتەوە.

حەسەنم بانگ کردووو پێمگوت بەو پیرەمێردە ڕەزاگرانە بڵێ هەتا ئێوارە دەتوانێ بیستویەک ڕوپیەیتر وەرگرێت، ئەگەر ڕازی نابێ با خۆیو ئەسپەکەی بچن بۆ جەهەنەمو عانەیەک چییە وەرینآگرێت. ئەگەر سبەینێ هاتەوە پێی بڵێ من نامەوێ بیبینمو حەز بە چارەی ناکەم.

بۆ ئێوارە پیرەمێردە گەڕایەوەو بە خزمەتکارەکانی گوتبوو ئەگەر لەو کرێیە زیاتری نەدەمێ، ئەوا کرێکارەکان دەکەونە نارەحەتییەوە. منیش گوتم: باشە بیهێننە ئێرەو پێی بڵێن نامەوێ ئەمجارە هیچ نارەحەتییەک بکات. ئەمجارەش چاوە پڕ ڕقەکانی تێبڕیمو منیش وەک ئەو بە ڕقەوە چاوم تیبڕی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم پیاوە ئەوەندە توڕەبوو، فیکرم لەوە دەکردەوە لەوانەیە هۆیەکی هەبێت بۆ ئەم حاڵەتە، کە من لێی تێناگەم. هێشتا پەنجەکانی لە سەر مسکی خەنجەرەکەی بوو، وەک ئامادەبێت بۆ هەڵکوتانە سەرم، بەڵام خۆی ڕاگرتبوو، ریشە بۆیاخدارە سوورەکەشی نیشتبووە سەر سنگیو ورتەیەکی لێوە هات، کە من لێی تێنەگەیشتم. حەسەن ئەوە دەڵێت چی؟ ئایا جنێوم پێدەدات؟ نەخێر هەر دەڵێت تۆ چیی دەدەیتێ وەریدەگرێت. منیش وتم زۆر باشە بیستو یەک روپیەی بدەرێو با پسوڵەی پارەکەی لێوەربگرمو پێم بڵێ ناوی چییە؟ خزمەتکارەکە گوتی: ناوی حەمەد ئاغای کەرەکچینە.منیش بە سەرسوڕمانێکەوە گوتم: چی؟ ئەمە ناشێ جەردە بەناوبانگەکەی کەرەکچین بێت!. بەڵێ گەورەم حەمەد ئاغایەو قەت نەماندیوە لەبەر ئەوەی نایەتە دەرێو پیربووەو نەخۆشە. ئەو دەڵێ: خۆزگە بمتوانیایە پیشانم بدایە، کە کێ گەورەی کەرەکچینو دەربەندی سپیلکە. ئەو با خۆی هیچ ماندوو نەکات، لەبەر خاتری جاکبۆی بەریتانی، کە برادەرێتیو داوای لێکردووە، کە یارمەتیت بدات بۆ دروستکردنی ڕێگاکەو بۆیەش ئەسپەکەی بە کرێ داویتێ. ئەو دەڵێت، کە ئەمە ریسواکردنی گەورەیەکە کرێی کرێکارێک بدات بۆ ئەسپی گەورەی کەرەکچین. ئێستا پیر بووە وەک خاوەنەکەی، بەڵام لە جوانیدا خێراترینو باشترین ئەسپ بوو لە کوردستاندا، ئەمەش گەلێک لە دوژمنەکانیشی شایەتییان بۆ دەداو پێیان لێدەنا.

کەواتە ئەمە حەمەدە شینی ئاشووب گێڕە، کە ئەسپەکەی بە کرێ داوە، لە پیاوێکی گەورەوە بۆ میوانەکەی (منی بە میوانی خۆی دەزانی، چونکە لە سەر عەردی ئەو کامپمان کردبوو). ئەمە هێسترێکی بە کرێی کاروانچییەک نییە. حەسەن لە سەر وەرگێڕانی قسەکانی ڕۆیشت، وەک خاوەن پایەیەک دەبووایە سەردانێکت بکردایە لە کاتی هاتنە وڵاتەکەی، ئەویش داوەتی دەکردیت بۆ هەنگوینو گۆشتی بزنی قەڵەوی رانەکەی. تۆ خۆیو خەڵکەکەیت ریسواکردووە، بەڵام ئەو ئەمری کردبوو خێڵەکییەکان وازت لێبێنن، خۆشی وەک جاران گەنج بووایە لەوانەبوو لە رقدا بتکوژێت، دەڵێت بەڵام ئێستا پەکم کەوتووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم قسانە زۆر لە گوێن بوون، کە راستبن، چونکە کوردەکان زۆر تورەن‌و، کە کارێک دەکەن گوێ نادەنە دواییەکەی.

منیش وەلاممدایەوەو گوتم: بە حەمەد ئاغا بڵێ، کە من نەمناسیوە، ئەگینا بە رێزەوە وەک گەورەیەک هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکرد. کرێکەش زیاد دەکەم، کە بەراورد بێت لەگەڵ ئەسپی گەورەپیاوێک. لەوانەیە ئەسپەکە پیربوو‌بێت، بەڵام وەک خاوەنەکەی هێشتا بەکارە. بەراستی من بە ناهەق ریسوامکرد، چونکە فاشی بووم، بەڵام خوا یاربێت ئەو عەفووم بکات‌و چەکبۆو من هەموو هۆیەکمان هەیە، کە بە چاوێکیبرادەرانەوە تەماشای ئەو بکەین. ئەگەر عەفووم دەکات‌و داوەت هەر ماوە ئەوا منیش سەردانی دەکەم‌و سوپاسی سەخاوەتی دەکەم. من بڕوام وابوو زۆر لە دوای ئێمەو ئەو دەمرین، خێڵە دەوڵەمەندەکەی هەر باسی حەمەدەشین دەکەن، کە چۆن بە سواری ئەسپە بۆرەیەوە شەرکەری بێهاوتا بووەو گەورەتریش بووە لە کاتی ئاشتیدا، چونکە برادەرێتی لەگەڵ رژێمی عێراقدا پەیدا کردووە. یارمەتی کاری رێگاکەی داوەو مەڕومالاتیان لە جاران زیاتر پەرەی سەندووە.

بۆ سالانێکی زۆر کاتێک بە سپیلکدا تێپەڕیم، زۆر جاریش بە پارەیەکی زۆرەوە، بە شەو لەو ناوچەیەدا دەمامەوە نە خۆم‌و نە کرێکارو نە پیاوەکانم رووت نەکراین. پەیوەندیم لەگەڵ حەمەدەو خالیدو پیاوانی کەرەکچیندا زۆر خۆشبوو، بۆم دەرکەوت کورد خاوەن سیفەتێکی دۆستایەتی بێئەندازەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی حەوتەم

## گەلی عەلی بەگ

دەستمان بە دروستکردنی ڕێگاکە کردبوو، کە دەبوو بە سپیلکدا تێپەڕبێت، لابردنی گابەردەکانو دروستکردنی دیوارێکی درێژ لەم بەردانە بە درێژایی قەدپاڵی شاخەکەدا. لەو کاتەدا سەرکردایەتی ڕێگاکە پێی راگەیاندم بکەومە تەک کاپتن فارنیک Captain T. E. Furneaux، کە پشکێنەری پۆلیس بوو، هاتبوو بۆ گەشتێکی دوورو درێژی ناوچەی ڕەواندوز، بۆ هەڵبژاردنی شوێنی دروستکردنی پۆلیسخانە لە ناوچە شاخاویەکانی نزیک بە سنوری ئێرانو تورکیا. زۆر دڵخۆشبووم بەو دەرفەتەو ئەگەر ئەندازیارێک بیەوێت دڵنیابێت لەوەی، کە ڕێگاکە بە باشترین شوێندا تێدەپەڕێت، دەبێ زانیارییەکی باشی لە سەر هەموو دەورووبەرەکەی هەبێت. ڕەواندوز بوو بە جێنشینیچەند ساڵەی داهاتوومو سەرباری کاری ڕێگاکە بەشێک لە ئەرکی سەر شانم ئەوەبوو، کە هەر چانسێک هەیە دەبێ بەکاریان بهێنم بۆ ناسینی خێڵەکان، چونکە جگە لە حەزی خۆم، زۆر پێویست بوو کورد دامەزرێنمو بزانم چۆن کرێکار پەیدا بکەم بۆ ئەو بەشانەی ڕێگاکە، کە لە پێشمانەوەیەو ئایا هیچ کام لەو خێڵانە دژ بە کاری ڕێگاکەن، لەو حاڵەتانەدا داوای هێزی پشتگیری بکەم بۆ ئەوەی ئاگایان لێمانبێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێیان ڕاگەیاندم لە کاتی گەشتەکەدا دەبێ سەردانی بەڕێوەبەری ناوچەی ڕەواندوز بکەم، کە شێخ سەید تەهای بەناوبانگ بوو، هەوڵیش بدەم لە کارەکانمدایارمەتیم بدات. دەمزانی دەبوو ئەو یارمەتیم بدات، چونکە دروستکردنی ڕێگاکە پرۆژەیەکی دەوڵەتبوو، ئەویش لێپرسراوێکی دەوڵەتە. بەڵام هیچم نەدەزانی لە بابەت بۆچوونی خۆیەوە لە سەر ڕێگاکە. لە ڕاستیدا سەید تەها خۆی حاکمی ئەم ناوچەیە بووەو هەتا ئێستاش لە بەغدادوە توندییەکی کەم بەرامبەری کراوە. بڕیاری دروستکردنی ڕێگاو پۆلیسخانە لەوانەیە وا ئەژمار بکرێت بۆ تێکشکانی شوێنە قایمەکانی ناوچە شاخاوییەکانی ئەم پیاوە زیرەکو خانەدانە بێت، کە یەکێکە لە دوا بەرەی بارۆنەکانی کوردستان (گەورە پیاوانی کوردستان. وەرگێڕ).

سەید تەها پیاوێکی بەناوبانگ بوو. وەک کوردێک سەید تەها زۆر ڕۆشنبیربوو، کەمێکیش هونەری بەڕێوەبردنی دەزانی. لە خێزانێکی شێخو بەناوبانگ بوو. شێخ ئەوە دەگەیەنێت، کە هێزێکی ئایینی هەبێتو ناوبردنیشی بە سەید وا دەگەیەنێت، کە لە نەوەی محەمەد موستەفای پێغەمبەرەو ئەمەش لە کوردستاندا جێگەی ڕێزلێگرتنە.

کوردەکان بڕوایان وابوو، کە شێخ سەید تەها توانای موعجیزەی هەیەو لە شوێنی دوورەوە خەڵک دەهاتن بۆ ئەوەی دەست بەسەریاندا بهێنێتو نەخۆشییەکانیان چاکبکاتەوە، بەڵام لای ئینگلیزەکان ئەو توانایەی ڕەتدەکردەوە. دوور لەوە، کە پیاوێکی دینداری فەقیربوو، بە هەموو مانایەک پیاو بوو. باڵای لە شەش پێ تێدەپەڕێتو بەهێزییو توانای خۆی لە سواری دوورو درێژو شاخەوانیدا پیشاندەدا. سوارچاکێکی بێهاوتا بوو، یاری پۆلۆی دەزانییو باشترین نیشانشکێنی ناوچەکە بوو. لەوەدا شانی لە ولیام تیلی William Twllدەدا. دەڵێن بە تفەنگێکی ئینگلیزی، کە لای ئەو باشتربوو لە تفەنگێکی تورکیو ڕووسی، لە دووری سی هەنگاوەوە ریزە جگەرەی یەک بە دوای یەکدا دەپێکا. من نەمدیت ئەم کارە بکاتو لەو بڕوایەشدا نیم، کە ڕاست بێت، بەڵام زۆرتر بەناوبانگ بوو وەک ڕاوکەرێکی ورچو بزنە کێوی. پاییزان چەند هەفتەیەکی لە شاخەکاندا دەبردە سەرو جارجارەش یەک دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەفسەری لیڤی بانگ دەکرد هەموو جارێکیش، کە دەهاتنەوە ستایشی تواناو لێزانی ئەویان دەکرد.

دەمزانی سەرکەوتنی کارەکەم، هەتا سەلامەتیشم لە سەر رای ئەم پیاوە بەرامبەر بە من راوەستاوە. ئەگەر بیویستایە دەیتوانی بە هەر بیانویەک بێت لەو ناوچەیە دورمبخاتەوە، یان بیزانیایە رێگاکە بۆ توانای ئەو مەترسیدارە، ئەوا دەیتوانی بە شێوەیەکی نارەسمییانە بزرم بکات. ئەو بەرپرسیار بوو لە هەڵسوکەوتو هەر سستییەک روویبدایە لە خێڵەکانو فەرمانرەواییەکەیداو دەبووە هۆی دەستخستنە ناو کارەکەی منەوە. ئەم بە هەموو شێوەیەک پیاوێک بوو دەبوو حیسابی بۆ بکرێت. منیش دەبێ بە دڵخۆشییەوە ئەو گەشتە ببەمە سەر لە وڵاتێکدا، کە سەید تەها بەهۆی کەسایەتی خۆیو لێهاتنیەوە توانیوێتی لە ئاشتیو ئارامیدا بیهێڵێتەوە. بیرم لەوە کردەوە ئەگەر بێتو بۆم بکرێت لە رێگەی خەڵکی خۆیەوە قسەی لەگەڵدا بکەمو سوودی رێگاکەی بۆ دەربخەم، کە بە وڵاتەکەیدا تێدەپەرێت، لەوانەیشە زۆر بروای بەم تێکەوتنە نەبێتو حەزی بەوە نەبێت، کە دەسەڵاتی کەمبێتەوە.

پێش ئەوەی گەشتەکە دەستپێبکات، بە رێکەوت چاوم بە سەید تەها کەوت، تفەنگچیو سوارەی ئەو پیاوە ئەو ناوەیان تەنیبوو تێکەڵبووبوون لەگەڵ کرێکارەکاندا، کە بەپیریی ئەم پیاوە گەورەیەوەچووبوون. لە قەدپاڵو شاخەکاندا گوێمان لە هاواربوو بۆ شێخ سەید تەها، ئەمەش بەرزیی ئەو پیاوەی نیشاندام.

شێخ لە سەفەرەکەی بەغدادی گەرابووەوەو جەلبەیەک هێستری بە باری پر لە تفاقی بەدواوە بوو. تفاقەکانی لە بەغداد کریبونو خەڵکی زۆری بەدەورەوە بوو لە موریدو خزمەتکارو کاتبو وەرگێر. شێخ چووبوو بۆ بەغداد بۆ ئاخافتن لەگەڵ مەلیک فەیسەڵو لێپرسراوی باڵای بەریتانیدا. زۆر کەم لەوەدا بوو، کە لە پلەی خۆی بێتە خواریو سەردانی بیابانو شارەکانی باشوور بکات، سواری ئەسپێکی کەحیلەی رەش بووبوو، لەسەرخۆ لەو رێگا بەردەڵانەدا شوێنی خۆی دەکردەوە. سەید تەها بەراستی وەک گەورە پیاوێکی ئەمریکی ئەو دەشتو دەرە دیاربوو، لەگەڵ ئەوەشدا، کە گەیشتە لام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ئەسپەکەی دابەزیو سەلامی لێکردمو بە ئینگلیزییەکی باش قسەی لەگەڵ کردم. من لە گەلێک کەس درێژترمو بۆم دەرکەوت لە عێراقدا بەسەر خەڵکدا روانین زۆر بەسوودە، بەتایبەتی لەگەڵ لێپرسراوانی ناوچەکاندا، بەڵام من لە چاو ئەم کەسە دیپلۆماسییە دڵخۆشو باڵا بەرزەوە بێخود دیاربووم. رووی تێکردمو پرسیاری بەقەدری لێکردم. رێگاکە چۆن دەڕوات؟ کەی دەگاتە رەواندوز؟من دەتوانم چی بکەم بۆ ئەوەی کارەکە بە خێرایی بڕوات؟ ئایا سەید تەها بەراستی دەیەوێت دەرگای گەورەیماڵو حاڵی بابو باپیری پارچە پارچە بێت! بۆ من جێگەی سەرسوڕمانە، لەوانەیە وا بووبێت، هەر وەک من بڕوام وەهایە، کە لە دوارۆژدا زۆر سوود بەخش دەبێت بۆ وڵاتەکەی، هەرچەندە لەوانەیە بۆ خۆی زیانبەخش بێت. ئەو لەوانەیە یان خۆی وەها پیشانبدات، یانیش یاری دۆڕێنەرەو لەوانەشە هەردووکیان بێت.

لێی دەوەشێتەوە، کە مەلیکی کوردستان بێت، ئەگەر خۆشەویستیشی نەبێت، بەڵام لە ناو خەڵکی خۆیدا سامناکەو چارەنوسیشی وەهای لێکرد، کە لە ژێر پاڵپێوەنانی بەریتانیدا، سەر بۆ دەوڵەتی عێراق شۆڕبکات. هیچ نەبێت دەبێت سوپاسمان بکات. ئەگەر تورکان بیانگرتایە، هەڵیاندەواسیو وەک سەرکردەیەکی خێڵە شۆڕشگێڕەکان چقڵی چاوی تورکان بوو، ئەگەر دەستیان پێی بگەیشتایە ئێرانییەکانیش دەیانگرت. خۆی لە لێپرساوی باڵای بەریتانی نەبووایە، وەزیرانی عەرەبی بەغدادش حەزیان بە تێکشکانی دەکرد. هەرچەند لە ناو سەرۆکەکانی کورداندا بێهاوتابوو، بەڵام تەنیابوو، چواردەوری بە دوژمن گیرابوو. بەریتانییەکان تەنیا پارێزەری بوونو خۆشی ئەوەی دەزانی. هەرچۆنێک بێت هەڵوێستی شێخ تەها زۆر گران دەکەوتە سەر ئێمە. ئەو هێزی پۆلیسی خۆی هەبوو، کە پێیان دەگوت شابانەو بە پارەی دەوڵەتی عێراق چەکو موچەیان وەردەگرت. هیچ کۆنترۆڵێک نەبوو لە سەر کۆکردنەوەی باج لە ناوچەکەدا. ئەم شابانانە لە باشکردنی عەمبارەکانماندا یارمەتییان دەداینو کارەکانیان بە باشی دەبردە سەرو هیچ هۆیەکم نەبوو نارەزایی دەربڕم، بەڵام دەڵێن گوایە لە شوێنیتردا دەستیان پاک نەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ناو عەرەب‌و کورددا، نەریت وابوو، کە یەکێک شتێکی لێبقەومایە خۆی دەهاویشتە ناو ماڵی سەرۆک خێڵێک، ئەویش وەریدەگرت‌و ئاگای لێیدەبوو. پێیان گوتم، کە لە ناو پیاوەکانی سەید تەهادا پیاو خراپی زۆری تێدایە، کە لە ناوچەکانی‌ترەوە هاتوون‌و لای ئەو حەواونەتەوە. هەرچەندە لە ناو پیاوانی شێخ تەهادا کەسانی سەیریان تێدابوو، بەڵام لە ناو کرێکارەکانی خۆشی هی وەهایان تێدابوو کەمێک لەوان باشتربن. خەڵکان، کە دەهاتن داوای کاریان دەکرد، هیچ پرسیارم لە رابردوویان نەدەکرد، دەمزانی زۆریان تاوانباربوون، بەڵام وەرمدەگرتن‌و کارەکەیان بە باشی ئەنجام دەدا. من ئەم سیاسەتەم لەهینری فۆردەوە وەرگرتووە، کە دەڵێت: ئۆفیسی کارمان هیچ لەوە ناپرسێت، کە ئەو کەسە رابردووی چۆنە، تاکو دایمەزرێنین، خوا دەکات خەڵکی سنگ سنگ بێت، یان دەرچووی هارڤارد بێت. من دوو حاڵەتی بەدەر لە پەیڕەوەکانمدا هەبوو، کە دوایی باسیان دەکەین. (ئەمە ئیدیۆمێکی ئینگلیزییە، وەک شیعرەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی، کە ناوی هەیە داوی نییە،

"سێ شت هەن بیستراون، نەبینراون

تەیری عونقا، شاری جابولقا، پلاوی خانەقا" وەرگێڕ).

دوای ئەوەی شێخ سەید تەها وشە سەنگینە دیپلۆماسییەکانی تەواوکردو هەڵسوکەوتوو زانیاریی ئەندازیاریی منی تاقیکردەوە، سواری ئەسپەکەی بووەوەو بە سپیلکدا هەڵگەڕاو منیشی وا بە جێهێشت، کە دوو دڵ بم لە هەستی ئەو بەرانبەر بە رێگاکە، کە بەرەو پێش بۆ ناو دونیاکەی ئەو دەچوو. پاش ماوەیەک، هەستی شێخ سەید تەهام بۆ روون بووەوە بەرانبەر بە خۆم‌و کارەکەم‌و زۆریش بەسوودبوون. ئەو دەیزانی چۆن لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت بکات، هەرچەندە توندوتیژ بوو، بەڵام هەر وەک پیاوانی شاخ، هەستی سەربەخۆیی توشی دەردەسەری کرد.

کاپتن فۆرنوکیش لەگەڵ هێزێکی دوانزە سوارەی پۆلیس‌و قوماندانی پۆلیسی هەولێردا، کە کوردبوو، گەیشتە لای ئێمە لە رێگایاندا بەرەو ناوچەی سنور، دەرکەوت، کە تاقمێکی رێک بووین‌و لەو چەند رۆژەی، کە پێکەوە بووین کاتێکی خۆشمان بردەسەر. زۆربەی زۆرمان، سوارەی هێستر بووین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ولاخەکەی من هێسترێکی بچکۆلەی توندو چەموشبوو، بەڵام ولاخەکەی فۆرنوکس هێسترە ماچەیەکی زل بووو جاروباریش وەک گیانێکی لە عەزابدا ونبوو دەیبۆڕاند. بۆ من گەشتێکی لەیادنەچوو بوو لەپێش هەموو شتێکەوە جوانی دۆڵی ڕەواندوز بوو. زۆر گوێم لە حیکایەتی جوانی بێپایانی بوو نەک هەر لە حەسەنەوە، بەڵکو لە هەموو ئەوانەی، کە بینیویانە. کاتێک، کە هاتم بۆ لێکۆڵینەوەی بە چاوێکی ئەوەی، کە ڕێگاکەی پێدادەبەی، وامزانی وای دەبینم، کە زۆر جیاوازییەکی وای نەبێت لەگەڵ شوێنانیتردا، بەڵام وادەرنەکەوت.

کوردستان وڵاتی زنجیرە شاخی یەک لە دوای یەکەو لە باکووری خۆرئاواوە بۆ باشووری خۆرهەڵات کەوتوون. لە گردۆڵکەکانی نزیک بە دیجلەوە دەستپێدەکەنو هەر زنجیرەیەک بەرزتر لەوەی پێشوو هەتا سەر بە بەرزاییەکانی ئێرانەوە دەنێنو دەبن بە شاخی لوتکە بەرز. لە نێوان ئەم زنجیرە شاخانەدا، شیوو دۆڵو دەشتی فراوانی تێدایەو لە ناویاندا زێو رووبارو جۆگەی ئاو دەڕوات. شێوەی تایبەتی ئەم زنجیرە شاخانە لە ژمارەی ئەو دۆڵەکیانەوە دەردەکەوێت، کە رووبارەکان لە شاخەکان دایانبڕیون لە ڕێگایاندا بۆ ڕاکردن لە دەستی ناوچە شاخاوییەکانو گەیشتن بە ئاوی دیجلە. زۆرجار ئەم شوێنانە کەلێنی ڕێک دروستناکەن، بەڵام دۆڵی پێچاوپێچ دروست دەکەنو لکی زۆریشیان لێ دەبێتەوەو لە هەر لکێکەوە رووبارێک بەرەو رووباری ڕەواندوز دەڕواتو تێکەڵی دەبێتو هەر یەک لەم لکانە دەرەیەکی سەربەخۆیە. ئەگەر بێتو چاوێک بە نەخشەدا بخشێنین، دەبینین رووباری ڕەواندوز دەچێتە ناو یەکەمین قوڵی دۆڵەکەوەو لە باکوری خۆرهەڵاتی زنجیرەی کۆڕەکەوە، نزیک بە ڕەواندوز، بەرەو خۆرئاوا دەڕوات، بەڵام بە پێچاوپێچی تیژەوە دەچێتە ناو کۆمەڵە شاخێکی ڕاست هەڵچووەوە، کە وەک دیواری بەردین ڕاوەستاون. بۆ ماوەیەک لە بن زنجیرە شاخی برادۆست دەڕواتو چەند کیلۆمەترێک دوور لە خۆرهەڵاتی گوندی کەرەکچینی جەردەکانەوە دۆڵەکە بەردینو چڕ دەبێت. لەم شوێنەدا رووباری ڕەواندوز لەگەڵ زێی بادینان یەک دەگرن، کە لە بەرزانو بەرزاییەکانی هەکارییەوە هەڵدەقوڵێت. جاران ئەم شوێنە ئاسوورییەکانی تیادا دەژیاو هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاشوورییەک بەسەر بەرزییەوە باسی جوانی ئەولاتە دەکاتو باسی ئەفسانەی فەلە نەستورییەکان دەکات، کە دەلێت زیی بادینان شوێنی راستی باخی عەدەنە.

کاتێک رووباری رەواندوزو زێی بادینان لە دووقوڵی دۆڵەکەوە رووبەڕووی یەکدی دەبن، وەک شەڕە قوچ بکەن تێکەڵ دەبنو تێکەڵەکەش رووبەڕووی دیوارێکی بەردین دەبێتو بە تیژی بە دۆلی بیخەمەدا تێدەپەڕێتو لەو دیوەوە لە دەشتی هەریرەوە دێتە دەرێ.

رووبارەکە لە شوێنێکی قولەوە هەڵدەڕژێتە خوارێو بە خوڕ بە ناو دەرەوێکی بەردەلاندا تێدەپەڕێتو ئاوەکە کەف دەکاتو وەک چۆڕی شیری لێدیت. گۆلاوی قولی گێژە ناویش، لە نێوان دیوارە تەنگەبەرەکاندا دروست دەبن، کە لە هەندێک شوێندا، ئەوەندە تەنگەبەر دەبێت وەک بە شوێنێکی سەرگیراودا بڕوات وایەو لە وەرزی لافاودا لەوانەیە زیاتر لە نیوەی ئاوی دیجلە هەڵگرێت. لە بێخەمەدا، کە ئاوەکە بەرەو پێدەشتەکە دەچێت، من پێموایە، کە شوێنێکی باشبێت بۆ دروستکردنی بەربەستێکیهیدرو ئلیکتریکو ئاودان. ئەگەر بمانەوێت لە سەر کۆنترۆلکردنی عێراق بڕۆین، لەو نزیکانەوە لە دەشتی هەریردا، دەتواندرێت هەزاران ئاشووری بێ شوێن، نیشتەجێ بکرێنو دەستبکرێت بە دروستکردنی کارگە بۆیان. ئەم جۆرە دووربینییە بۆ بەرپاکردنی ئاسایشو ئاشتییە بۆ ئەم کۆمەڵە خەڵکە، کە قەت نەهاتە دی.

لە هەشتا کیلۆمەتری دۆڵو دەرەدا، لەوانەیە بڵێم گەشتەکە بە گەورەترین دروستبووی سروشتیدا تێپەڕێت، کە لە جیهاندا بێهاوتا بێت. دۆلی بێخەمە هەرپیادە ڕێی هەیەو پیاو دەبێ وەک پشیلە سوکبێتو بە چنگەکرێ بە ناوگابەردو بە لاقەدی هەڵدێرو لێرەوارڕدا دەربازبێت، کە بەسەر گێژەنی قولەشیندا هەڵواسراون هەرچەندە ئەمە هەر رێپیلگە بوو، بەلام هیچ کەسێک بە رووبارەکەدا نەچووەو بەناو ئەو هەموو تەنگەبەرانەدا، رەتنەبووەو قەتیش ئەو شوێنە لەوەوپێش راماڵنەکراوە. چەند گوندێکی کوردی بە درێژایی دۆڵەکەداو بەو قەدپالە بلاوبوونەتەوە. لە زۆر شوێن دارستانی چڕی قەدپاڵەکان، دیمەنێکی هەتا بلێیت نایابیان هەیە خەڵکی ئەو ناوە، هەتا بە پێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردیش، زۆر دواکەوتوونو وەک کێوی دەژین. زۆریان لە ئەشکەوتو گەوڕ لەگەڵ ئاژەڵەکانیاندا دەژین، هەروەک ژیانی سەرەتایی مرۆڤ.

لە بەرزاییەکانی سەر ئەو لێرەوارو لاپێیانەدا، پیاو دەتوانێت بڕوانێتە دۆڵە قولەکانی ناوچەکە لەو شوێنەوە، کە رووبارەکان لێکدەدەن. هاڕەی لەدوا نەهاتووی ئەو ئاوە بە تەوژمە، گوێی مرۆڤ کەڕدەکات.

هەستێکی سەرنج راکێش گرتوومی، کە پاڵم پێوە دەنێت بۆ ئەوەی بڵێم دەمەویت هەموو ئەوناوە ببینم، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دوو ساڵ لە دۆلی رەواندوزدا ژیام، هەر پێش چەند مانگێک لە کۆتایی دوو ساڵەکەدا، توانیم رێگەیەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بگەمە ئەو بەشەی رێگاکەی لێوە دروستدەکرێت، هیچ نەمتوانی خۆم بگەیەنمە ئەو دەرو بەندەنانەی، کە وەک دیوار راوەستابوون.

ئەو لێکۆڵینەوەو زانیارییانەی کۆمکردبوونەوە، یارمەتیدەر بوون بۆ دۆزینەوەی کورتترین رەوت Route بەناو ئەو شوێنە سەختانەداو رێگایەکی بەرەو ژوور هەڵچووی رێک هاتەکایەوە. لە لایەن کاری ئەندازیارییەوە دەزانم، کە دەبێ وابێت، کە من دەیکەم، بەڵام ئەو کەسانەی، کە بە ئۆتۆمبێل بە ناو دۆڵەکەدا تێدەپەڕن، هیچ جوانییەکی دۆڵەکە نابینن. ئێستا، کە بە سواری هێستر لە تەنیشت فۆرنوکسەوە دەڕۆم، هەست بە بەرزیی بێئەندازەی ئەم شوێنە دەکەم.

لە سپیلکەوە بەسەر کاروانە رێگاکەدا رۆیشتین، چونکە تەنیا دەروبوو بمانگەیەنێتە رەواندوز. بەو قەدپاڵە شاخاویانەداو بە دیوی کۆنە قەڵای کانی وەتماندا، بەرەو دۆڵی ئاوی ئالان لێژبووینەوە.

زنجیرە شاخی کۆڕەک بەرز لە پێشمانەوە دیاربووو بە لاپاڵە لێژوو بەردینەکەیدا وادیاربوو، کە رێگری ئەو شێوەیە بێت ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین، بەڵام، کە نزیک بووینەوە، کەلێنیک لە رووی شاخەکانیەوەو دەرکەوت، کە ئاوی شیوەکەی لێوە دەهات. ئێمەش بەوێدا رۆیشتینو بەم دەرووە شاراوەیەدا چوینە ناو شوێنیکەوە بە هەردوو بەردا دارستانێکی چڕ بوو. بە چل مەترێک دوورلە دەرووەکە، بەلای راستدا لاماندا بێ ئەوەی گوێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بدەینێ، بەسەر پردێکی دارینی بێ لێواردا پەڕینەوە، کە لەژێر وڵاخەکاندا دەلەرییەوە. بۆم دەرکەوت، کە زۆر پردی لەمە ترسناکتر هەن.

ڕێگا رووبارەکە گۆڕابوو بۆ گەڵایەکی ڕێگا تازەکە. تاقمە هیندییە بەرد شکێنەکان، بەردەکانیان دەتەقاندەوەو عەردەکەیان تەخت دەکرد، کە بەناو دارستانەکەدا تێدەپەڕێت. ریگاکە بەناو تەختی دۆڵەکەدا پێچی دەخواردو لەگەڵ جۆگە ئاوەکەدا دەچەمیەوە. ئەو گابەردەیان پیشاندام، کە جەردەکان لە بنیدا خۆیان بۆ کاپتن هەی دانوساندبوو، کە بە بەرزایی خانوویەکی دوو نهۆم دەبووو هیندییە بەرد شکێنەکان ناویان نابوو جۆرج. لەم دواییەدا ڕێگای ئۆتۆمبیل بە ناوەڕاستیدا دابڕدرابووو دەرکەوتبوو پڕبوو لە قاوغە شەیتانۆکەی زۆر دێرین، کە بە قەد تۆپێکی پێ دەبوون. گەیشتینە پارچە زەوییەکی تەخت لە هەموو دۆڵەکەداو چەند هەزار مەتری دووجایی رووبەرەکەی بووو کرابوو بە شوێنی کامپی هیندییە بەردشکێنەکان. من دوو ساڵ لەم کامپەدا ژیام، کە بە فەرمی ناوینرابوو میلی ٦٥ یان کامپی گەلی عەلی بەگ. بەڕێگەیەکدا بەرەو دەرەوەی تەختی شیوی ئاوی ئالانو بە لاقەدێکی بەردیندا هەڵگەڕاینو هیندییەکانمان بەجێ هێشت، هەتا گەیشتینە بەرزایی زیاد لە ١٨٠ مەتر، ئا لەو کاتەدا، کە بە لاقەدی باشووردا بەرز دەبووینەوە، تێکەڵیو چڕی دۆڵە گەورەکەو لکەکانیم هاتەوە پێش چاوو هەستم بەوەکرد، کە چەند بەریان تەسکە لە چاو قوڵییانەوە. وام بە خەیاڵدا هات، کە بتوانم دەستم بگەێنمە ئەوپەڕیو دەست لە هەرەمە بەردینەکە بدەم، کە بەرامبەرم بەرز بووبووەوە. لەوانەیە هەر ٣٠٠ مەترێک بەرزبێتو زۆر نزیک دیاربوو، هەرچەندە بۆ ئەوەی بیگەیتێ دەبێ بە ڕێگایەکی دوورو درێژدا بڕۆیتو بە شاخەکەدا هەڵگەڕێیت. لە سەر لوتکەی ئەو هەرەمە بەردینەدا حەشارگەیەکی بەبەرد دروستکراوی لێیەو زۆرجار لە بەرەبەیاندا بۆ راوی بزنە کێوی لەوێدا خۆم دانوساندووە.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی شاخەکەدا، کاروان ڕێیەکەش بەرز دەبووەوەو ڕێچکەیەک جیادەبووەوە بەرەو لوتکەی شاخی کۆڕەک، بەڵام ڕێگا سەرەکییەکە رووەو رەواندوز دەچوو. بەوێدا بە لای چەپدا سوڕاینەوەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگاکەش وردە وردە هەوراز دەبووەوەو بەدەوری لوتکە شاخی هەڵدێرو تیژدا پێچی دەخوارد، کە لەوێوە رووبارەکە لەژێر ئەو زەردە هەزار بە هەزارەوە وەک پەتێکی زیوین دیاربوو. بە فورنیکم گوت ئەمە نابێت رووبارەکەی ئالان بێت !، چونکە بە پێچەوانەوە دەڕوات. پێیان گووتم ئەمە یەکەم جارتە رەواندوز چای ببینیت؟ (نووسەر مەبەستی رووباری رەواندوزە. چای وشەیەکی تورکیە بۆ رووبار. وەرگێڕ)، کە رووبارە سەرەکییەکەی دۆڵەکەیە. لە بەرزترین شوێنی ڕێگاکەوە شۆڕبووینەوەو فورنکس هێسترەکەی راگرتو دەستی بۆ ئەوبەری دۆڵەکە درێژکرد، کە دیمەنێکی سەیری چاوەڕێنەکراو هاتە پێشچاو. لە قڵشێکی شاخەکەوە سەرچاوەی ئاوی باڵەکیان هەڵدەڕژا، کە لە دوو لاوە بە دیوارێکی بەردینی بەرز گیرابوو. لە دوورەوە دەشتێکی سەوزو پردێکی کەمەرەیی رووخاومان هاتە پێشچاوو لە دوای ئەویشەوە دوور، گردێکی خڕ دیاربوو، لەوانەیە رۆژێک لە رۆژان قەڵای داریوش یان ئەسکەندەر بووبێت. دەشتێکی ساف لە ناو تیشکی خۆردا مەلەی دەکردو هیچ نیشانەی ژیانی تێدا نەبوو. شوێنێکی پڕ ئارامو خواستی دوا رۆژی تێدا دیاربوو، نەک وەک ئەم هەڵدێرانەی هەرچواردەوریان گرتووین. هەر وەک ئەوە دیاربوو، کە لە پەنجەرەیەکەوە تەماشای جیهانێکیتر بکەیت. کە بەرەو پێش چووین، لوتکەکانو رازەکان لە یەکدی نزیک دەبووینەوەو دیمەنی دەشتەکەش کتو پڕ ونبوو هەر وەک چۆن بۆ یەکەم جار هاتنە بەرچاو، لەو کاتەدا کوردێک لە تاخمەکەدا، کە شارەزای ناوچەکەبوو، روویکردە زەردەکەو هاوارێکی کردو دەنگدانەکەی گەڕایەوە، وەک دەنگی خێوێکو هەروەک رێبوارێک لە سەر ئەم رێگایە مردبێت لە دیوارە بەردینەکەدا بەندکرابێتو هاوار بکات بۆ بەرەڵاکردنی. چەند مەترێک بۆ پێشەوە هاتینە سەر لێواری دەرەیەکی خەواڵو، هەتاکو کاتێک خۆریش لە تاقی ئاسماندا بوو، قولاییەکەی هەر سێبەربوو.

بە فورنوکسم گوت ئەم شوێنەت لا چۆنە؟ وەک دەرکەوێت زۆر گران دەوەستێت، کە رێگاکە لێرەوە بەرین. ئایا دەتوانیت ئامۆژگاریەک بکەیتو چیبکەین؟ فۆرنوکس راوەستاو بە بێدەنگییەوە بۆ ماوەیەک تەماشای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمەنەکەی کردو سەری بە دۆڵەکەدا شۆڕکردەوەو تا توانی تەماشای قووڵی دۆڵەکەی کردو بە وشکییەکەوە وەڵامی دایەوەو گوتی: لە راستیدا من تەنیا یەک راسپاردەم هەیە، گۆرەپانیکی باشی گۆلفی لێدروست بکەن هەرچەندە من گوێنادەمە ئەوەی، کە رابکەم بە دوای تۆپەکەدا کاتێک، کە لە رێگاکە دەرچووو.

لە رۆیشتنماندا سەرەوخوار بەرەو دۆڵەکە، ناچار بووین خۆمان دوور بگرین لە دواوەی زینەکە، زۆر لەسەرخۆ بە وریایی خۆمان دوور دەگرت لەو لاپێیانەی، کە دەیانڕوانییە رووبارەکەی ژێرەوەمان. جارێک دابەزیمو لە سەر رێگاکە شەقم لە بەردێک هەڵدا بەرەو دۆڵەکەو دەستم کرد بە ژماردن، هەتا گەیشتمە حەوت، لەوکاتەدا بەردەکە گەیشتە بنی دۆڵەکەو گوێم لە شلّپەی ئاوەکە بوو!، هەر ئەوەندەش پێویست بوو ئەگەر پیاو لە هێسترەکەی بەربێتەوە بەرەو دۆڵەکە. هێستر وڵاخێکی لە سەر خۆیە، وەک باوەش بە زەویدا بکات خۆی بە قەدی شاخەکەوە دەگرێت. حوشترو ئەسپی بیابانەکان خۆیان بەم شوێنانەوە ناگرن، لە دوورەوە لە بنی دۆڵەکەوە، کۆمەڵە هێسترێک بەسەر بەردە تیژەکانەوە دیاربوون.

وردە وردە نشێوەکە کەمتر دەبووەوەو وامزانی دوای ماوەیەک بە تەنیشت ئاوە خوڕەکەی رەواندوزدا دەڕۆین، لە جیاتی ئەوە رووومانکرد باشوور بەرەو ژوور بۆ سەر کەلێک. هاڕەی رووبارەکە کەڕی کردبووین، کە خوڕەی سەر بەرەوخوار لەو شیوەدا دەرۆیشتو تێکەڵ بە رووباری رەواندوز دەبوو. رێگاکە چەند جار ئەو رووبارە دەبڕێتو لە شوێنێکدا، پردێکی سروشتی لە کۆمەڵە بەرد دروست بووبووو لە ژێرەوە ئاوەکە دەراوی خۆی کردبووەوە. لە سەرکەوتنماندا هاڕەی ئاوەکە زیادی کرد، لا قەد شاخەکەی لای راستمەوە هەر بریتیی بوو لە کۆمەڵە کەنێک. رووبارەکە لە شاخێکی بەردینی بەرزەوە هەڵدەڕژایە خوارێ ئەمەش سەرچاوە بەناوبانگەکەی، کە حەسەن لە دیوانیە بۆی باسکردم، کە لە هەموو سوچێکی کوردستاندا باسی دەکەن. بە کوردی پێی دەڵێن کانی بێخێر، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ ئاودان، چونکە لەو دەوروپشتە زەوی وای لێنیە. کەلاوەی کۆنە ئاشێک نزیک بە ئاوەکە بوو. ئەم مەکینە ئاویانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر سەیرن. لەلایەن پرەنسیپەوە، وەک چەرخی پیلتن وان، کە لە زۆر پرۆژە هیدرۆئیلیکتریکە نوێیەکاندا بەکاردێن. کوردەکان هەتاکو ئامێری ئۆتۆماتیکیان دروستکردووە بۆ دانپێدان بە ئاشەکە، کە لەگەڵ هەر خولێکی بەرداشەکەدا، ڕێژەیەک دان دێتە خوارێ بۆ ناو قورگی بەرداشەکە. زۆر لەم ئاشانە ئێستا لە کوردستاندا لە کاردان، بۆ هاڕینی گەنمو جۆ، بەڵام ئاشەکەی کانی بێخێر زۆر دەمێکە لە کار کەوتووە. هیچ خانوویەک یان گوندێک لەو ناوەدا دیارنەبوو سەرچاوەکەش لە سەر ئەو بەردە ڕەقانەدا خۆی بە فیڕۆدابوو.

چایخانەیەک لە سەر دوورگەیەکی ناوەڕاستی رووبارەکەدا دروستکرابوو. پشوویەکی باشمانداو چامان خواردەوەو لەژێر سێبەری کەپردا، ماندوومان حەسایەوە. پێیان گووتین، کە لە کاتی هاویندا هیچ شوێنێک وا نییە لە عێراقدا وەک ئەم شوێنە فێنک بێتو خەوی خۆشبێت. پرسیم ئایا کەس دەزانێت ئاوی ئەم کانیە لە کوێوە هەڵدەقوڵێت؟ کەس نەیزانی. لە راستیدا دەبێ سەرچاوەکە لە قەدپاڵی شاخەکانەوە بێت، چونکە لە کاتی باراندا، ئاوەکە لیڵدەبێت. هەرچەندە سەرچاوەکە هەمیشەییە، بەڵام کەمیو زۆری بە پێی وەرزە، لە هاویندا کەم دەکاتو لە زستاندا زۆر دەکات، قەتیش وشک ناکاتو پلەی گەرماشی یەکسانە. سواری هێسترەکانمان بووینو رووومانکردە دەرەوەی دۆڵەکە. دوای سەرکەوتنی سەد مەترێک بەسەر ئەو تاشە بەردانەدا، گەیشتینە ریزە شاخێکو بۆ جارێکیتر، دەستی دیانەمان هاتەوە بەرچاو، کە لە پێشدا لە پەنجەرەی دۆلی باڵەکیانەوە بەدیمان کردبوو. لە شازدە کیلۆمەتری، کە بڕیمان لە چوونە ناوەوەی دۆڵی ئالاندا، ڕێگاکە وەک نەخشەی پلەی گەرمای لەشی نەخۆشێکی سێبەڕوو، هەورازو نشێویدا تێدەپەڕێت، بۆم دەرکەوت، کە ئەم دەرووە دەست نادات بۆ پانکردنی بۆ دروستکردنی ڕێگای ئۆتۆمبیل، بەڵام بۆ پیادەڕێو کەرو بار زۆر گونجاوە.

وڵاتێکی چەند نایابە، کە ئێمە هەوڵدەدەین ڕێگای پێدا بەرین. لە سەر ریزە شاخەکە پشوویەکماندا بۆ ماندوو حەسانەوەی خۆمانو وڵاخەکانمان هەورازەکە زۆر پێچاوپێچو سەخت بووئەوەندەش تەنگەبەر بوو، بە هەزار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵ هێستری بە بارەوەی بە تەنیشتاو تەنیشت پێدا دەڕۆشت، زۆر جاریش لەو تەق تەقە لووسانە هەڵدەخلیسکان.

فۆرنوکس، نێوچەوانی خۆی دەسڕییەوە، چونکە لە هێسترەکان دابەزیبووین‌و بە دوای خۆماندا راماندەکێشان بۆ ئەوەی پشوویەک بدەین. پۆلیسەکان ئەمەیان بە شێتییەکی ئینگلیزی دەزانی، بەڵام، کە ئەمریان پێکرا، ئەوانیش وەک ئێمە دەستیانکرد بە دابەزین‌و پێ رۆیشتن.

فۆرنوکس گوتی: تۆ لەم بەشەی ریگاکە پێویستیت بە ئیسکلیتەر دەبێت چونکە من لێرە ئۆتۆمبیل لێناخورم‌و رووبەڕووی ئەو لۆفانە نابمەوە، دەبێ پەرەشوتم بۆ ئامادە بکەیت، خۆ ئەگەر باسی تاکسی ئەم وڵاتە دەکەیت، کە ئەکسلی ئۆتۆمبیلەکانیان بە سیم قایم دەکەن، خۆت دەزانیت چیت لێ بەسەر دێت ئەگەر بێت‌و لەگەڵ یەکێکیاندا سواربیت. ئەگەر ئەمریکییەکان ئەم شوێنەیان نزیک بە کۆنی ئایلاند هەبووایە، ئەوا هێڵی شەمەندەفەری پێچاوپێچیان لە سەر دروست دەکردو دەبووە شتێکی تازە بینراو لە هەموو جیهاندا، هەروەها لە سەر پەتی رایەڵکراودا، یاری ئەلکروباتیکیان دەکرد. بەراستی ئەهلی کاری سینەما نەیانتوانیوە، سیناریۆو درامای وەک شێخو ئەحواڵدارە دواکەوتووەکانی ئەم ناوە دروست بکەن. وەک یەکێکی ئاسایی، من دەڵێم، کە ئەندازیارێکی رێگەوبان دەبێ دژی دروستکردنی ئەم رێگایە بێت، ئایا تۆ چی دەڵێیت؟ منیش گوتم: ئەو رێگایەی هەتا ئێستا بڕیومانە، بۆ رێگایەکی فراوان زۆر بێسوودە. رێگا دروست دەکرێت، بەڵام بڕیاردان لە سەر ئەوە راوەستاوە دەرفەتم دەستکەوێت بگەمە تەختی بنی دۆڵەکە. لەوانەشە رێگاکە لە شوێنێکیترەوە دەستکەوێت بەرەو رەواندوز. من بیرم لە دەشتی دیانە دەکردەوەو ئەگەر بتوانین سەر لە بنی ئەم دۆڵە دەربکەین، ئەوا لەوانەیە رێگایەک بدۆزینەوە.

سواری هێسترەکانمان بووینەوەو بە تەنیشت کڵاوەی قولەیەکی تورکدا رەتبووین، کە لە بەردی ئەو ناوە دروستکرابوو. چەند خانوویەک دەرکەوت، کە بە لاقەدێکی بەردیندا دروستکرابوون. نشێوەکەی بەردەممان بە سێسەد مەترێک دەگەیشتە رووبارەکە. بەڕاستی پانۆرامایەکی لە ئەندازە بەدەر لە بەردەممان بوو لە ناو ئەو هەموو وێنانەی لە جیهاندا بینیومن، رەواندوز لە هەموویان سەختتربوو بۆ دروستکردنی رێگای ئۆتۆمبیل.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی هەشتەم

## قشڵەکانی سەر سنوور

ڕەواندوز سەیر هەڵکەوتووە، لە خۆرهەڵاتەوە بە تەواوی باڵا دەستە بەسەر دۆڵی ڕەواندوزدا، بیستو چوار کیلۆمەترێکیش لەوێوە دوورە، دەربەندی سپیلک لە خۆرئاواوە باڵا دەستە بەسەر دۆلەکەداو هیچ دەرووبەکی دیکە نییە بۆ کاروانەکان لەو ڕێگایە بەولاوە، کە بە تاشە بەردی لووس دارێژراوەو ڕوو دەکاتە بازاڕە کۆنەکەی بەتەنیشت جۆگا ئاوەکەوەیە. ڕێگاکە سەر بەرەوخوارێکی ئەوەندە لێژو خلیسکە تەنانەت هێسترەکانیش ساتمەیان لێ دەکردو هەڵدەخلیسکان.

لەم وڵاتی شاخو ڕووبارو دۆڵو بەرگری سروشتیەدا، ئەم شارۆچکەیە قەت لەم شوێنەی باشتر بۆ نەدەدۆزراوەتەوەو دەکەوێتە نێوان دوو شیوی بێهاوتاوە. ئەم شارۆچکەیە لە سەر زمانە بەردێکی تەسک دروستکراوە، کە لە زنجیرە شاخە بەرزەکەی کۆڕەکەوە دێتە خوار. ئەم زمانەیە لە هاتنە خوارێدا، دەبێت بە پارچەیەکی تەسک، بە هەزارحاڵ بەرینەییەکەی نزیکەی شەست مەتر دەبێو بە تیژی دێتە خوارێ هەتا دەگاتە تەختاییەکی بەردەڵانو بە ڕۆخی ڕووباری ڕەواندوز دوایی دێت. لێرەوە بە تیژی بادەداتەوە بەرەو دۆڵەکەی، کە لە خۆرئاواوە بەری بەرزاییەکەی گرتووە. ڕووبارەکە لە نێوان دوو دیواری سەد پێ بەرزی شاخەکەدا دەڕوات. ئەوەندە سەختە جێگەی پێدانانی لێ نییە، هەتاکو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزیک بە ئاوەکەش ئاژەڵێک گەورەتر کەم سرکتر بێت لە مەڕو بزنی شاخاویی خێڵەکییەکان، کە فێرن بەو ناوەدا بیانبەن، ناتوانێت خۆی بە شاخەکەوە بگرێت. ئەمەش سەرەتای دۆڵی ڕەواندوزە، کە پێنج کیلۆمەتر لە خوارەوە لە کانی بێخێرەوە بۆی هاتین. دۆڵی دووەم لە خۆرهەڵاتی ڕەواندوزەوەیە، کە دۆڵی هەندرێنە وەک دراوسێکەی بێ ئەندازە قووڵە.

شارۆچکەی ڕەواندوزی سەروو، کەوتۆتە نێوان دوو قەدپالی لێژی هەردوو دۆڵەکە، کەلاوەکانی ڕەواندوزی کۆنیش ((کە کەمکەسی تێدا دەژێت)) لە دامێنی زمانە بەردییەکەدایە، لەو شوێنەی هەردوو دۆڵەکە لە یەکدی نزیک دەبنەوە.

کاروانە ڕێیەکە بە نێوان هەردووک ڕەواندوزی سەرووو خوارووداتێدەپەڕێت. هەموو ئەو کاروانانەی لە تورکیاو ئێرانەوە دەهاتن دەبووایە بەم ڕێگایەدا سەرکەونو بە شارۆچکەکەدا تێپەڕبنو باج بدەن، هەتاکو خێڵەکییەکانیش، کاتێک بە دۆڵەکەدا تێدەپەڕین، دەبووایە سەرانەیان بدایە. بەم شێوەیە ڕەواندوز بودجەیەکی هەمیشەیی هەبوو، جارجار بۆ دەوڵەت دەبوو، ئەگەر دەوڵەت هەبووایە، زۆرجاریش بۆ حوکمڕانی ناوچەکە دەبوو.

لە ڕەواندوزی خواروو دوو ڕێگا جودا دەبوونەوە، یەکێکیان لە بەرزایی بیستو پێنج مەترەوە بەسەر دۆڵەکەداو لە سەر پردێکی بێ لاوێنەوە ڕووبارەکەی ڕەواندوزی دەبڕی، هەموو ئەوانەی لە تورکیاو دیانەو گوندەکانی دەورووبەریەوە دەهاتن، دەبووایە بەسەر ئەم پردەدا بپەڕنەوە. ڕێگای دووەمیان بە دۆڵەکەدا بەرەو سەرچاوەکانی جندیان سەردەکەوت، لەوێشەوە بۆ دەربەندی زینوێی شێخیو هەتا ئێران، کە سەشتو شەش کیلۆمەتر لێرەوە دوورە. ڕەواندوز لە هەموو لایەکەوە بە شاخدا دەڕوانێت، کە هەموویان لە ٢٤٤٠ مەتر بەرزترنو بە لوتکەی تیژو ناڕێکیانەوە، بە درێژیی شەش مانگ، بەفر دەیانگرێت تەنانەت لە هاوینیشدا جوانی بەرزاییە ڕووتەکانیان کەم نابێتەوە. بەو بەری ڕووبارەکەی وەک مار گینگڵەی داوەو لە خوار شارۆچکەکەوە لە سەر بەرزاییەک قەڵایەکی گەورەی لێدروستکراوە، دەڵێن پاشا کۆرەی میری ئەم ناوچەیە پێش سەدساڵێک دروستی کردووەو هەتا بەشێکی زۆری کوردستانی لەژێر دەستدابووە. وەک زۆر لە گەورە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاوانی کورد، له دواییدا به دەستی تورکان کوژراوە. لەژێر قەڵاکەدا عەمباری ئاوی لێ دروستکراوەو کاتێک، که من له هاویندا سەردانم کرد، پڕبوو له ئاو، بەڵام قەڵاکه به گوله تۆپی رووسەکان له ساڵی ١٩١٥دا زۆری رووخابوو.

رووسەکان لەگەڵ ئەرمەنیو ئاشووری، که له گەڵیاندا بوونو جەرجیسی خزمەتکارم یەکێک لەوانەبوو، زۆربەی شارەکەیان وێرانکردبووو بەشی خوارەوەی شارۆچکەکه نزیک به رووبارەکه، هێشتا هەر وێرانەیه، بەڵام رێگا نوێیەکه گرنگی شوێنەکەی دەرخستو خەڵکی شارۆچکەکه دەستیانکرد به دروستکردنەوەی.

زۆر جار له جەرجیسم بیستووه، که چۆن شارۆچکەکەیان تاڵانو وێرانکردووه. جەرجیس به له خۆباییەوه خۆی وەک یولیوس سیزەری رۆما دەهاته بەرچاو، خۆی هەڵکێشاو دەیگوت من دووجار رەواندوزم سوتاندووه. لەبەر ئەوەی لەسەرخۆیی نەریتی ئەو نەبوو، وریام دەکردەوه، که ئەم جۆره رەفتارانه بۆ ئەو خراپنو من نەمدەویست لەگەڵ کوردەکاندا بەینم تێکبچێتو تۆڵەسەندنەوه له خزمەتکارەکەم زیانبەخش دەبێت.

سوتاندنی رەواندوز هەرگیز وەک ئاگرەکەی لەندەن نەبووه. دیواری خانووەکانی رەواندوز له بەردو خشتی قوڕو قوڕ دروستکراونو هەر بانەکانیان ئاگر دەگرێتو بریتییەله دارەڕاو گەڵاو زەڵو به قوڕ سواغ دراون، یان گڵەبان کراونو به باگردێن دەگێڕدرێن بۆ نەهێشتنی دڵۆپه له کاتی بەفرو باراندا. تێکدانی سەربانەکان له کاتی بەفرو بارانی زستانداو تاڵانکردنی دانەوێڵەو زەخیرەی زستانیان، دەبێته هۆی نائارامیو بڵاوبوونەوەی هەژاریو برسێتی له شارەکەدا.

رەواندوز هیچ شێوەیەکی ئەندازیاری بەخۆیەوه نەگرتووه وەک شووره بەناوبانگەکەی شارۆچکەی ئامێدی، که شوێنێکی دێرینی قایمی کوردەوارییەو دەکەوێته باکووری شاری موسڵەوه. خانووەکانی رەواندوز ئاساییو نارێکن هەر وەک شاخەکانی. شاری وەک رەواندوز دەبووایه له مێژه ئاوی سەربەخۆی هەبووایه تا له کاتی ئابڵوقەدانیدا توانای بەرەنگاریو بەرگری هەبووایه. هەرچەنده سەرچاوەی ئاوی رەواندوز له شاخی کۆڕەکەوه هەڵدەقوڵێتو زۆر پاکو روونه وەک چاوی قرژانگ، بەڵام کاتێک، که به ناو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماڵەکاندا تێدەپەڕێتو دەگاتە بازاڕەکە، پاکییەکەی بە تەواوی نامێنێتو دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی رشانەوەو زەحیری. کاتێک هەستم بە پێویستی ئاوی پاک کرد، کە خۆم توشی نەخۆشی بووم، لەوانەشە بەهۆی خواردنەوەی ئەو ئاوە پیسانەوە بووبێت. دوای ساڵێک زۆر هەستم بە خۆشی کرد، کە توانیمان بۆڕی دابنێین بۆ ئاوی شارۆچکەکە.

شارۆچکەی رەواندوز لە هەڵسوکەوتدا زۆر بەسۆزو دلارامە چونکە هەمیشە شوێنی پێداکێشانو تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی بووە. بەڕێوەبەرانی بە گەورەو بچوکیانەوە، وەک یەک بە شێوەیەکی توندوتیژ کوژراونو هەتا ئێستاش ئەم نەریتە هەر بەردەوامە.

شارۆچکەیەکی گەورە نییەو لەوەش زیاتر جێی نییە، بەڵام شوێنێکی گرنگەو شوێنی بەرێوەبەرایەتی ناوچەکەیەو چەند بنەماڵەیەکی بەناوبانگی تێدا دەژێتو یەکێک لەوانە ئیسماعیل بەگ بوو. هەرچەندە تەمەنی نەگەیشتبووە سی ساڵ، بەڵام زۆر دووربین بووو گەلێک لە پێش رۆژانی خویەوە بوو. نۆ ساڵ لەمەوپێش، کە هێشتا هەرزەکارێک بوو کاپتن هەی دایناوو بە بەڕێوەبەری ئەو ناوچەیە. ئێستا لەبەر هۆی نەزاندراوەوە هیچ کارێکی فەرمی بەدەستەوە نییە، بەڵام ئەندامی نوێی پەرلەمانی عێراقەو لە رەواندوزدا بەتواناترین سەرەک خێڵ دەژمێردرێت. سەید حوسنی ئەفەندیش (مەبەست سەید حوسنی موکریانییە. وەرگێڕ) لە رەواندوز دەژیاو سەرنوسەری رۆژنامەی کوردی شارۆچکەکە بوو، کە خۆی نووسەرو رێکخەری پیتو چاپکەربوو، ئەم کارەش تاکە لە هەموو جیهاندا. زۆر حەزی لەوەبوو، کە لەگەڵماند بێت بۆ گەشتەکە. وەکو هەموو رۆژنامە نوسێکی جیهان، دەیویست لە هیچ رووداوێک دوانەکەوێت. لەگەڵماندا دەرۆیشتو چەکەکەشی دەفتەرێکی قەبە بوو، کە زۆر بە لێزانیو سکێچی جوانی لە ناودا دەکێشا. محەمەد عەلی ئاغا سەرۆکی شارەوانی بوو، وەک گای عەلی خۆی دەلستەوەو لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێ بوو. ئایا تورکو رووسو بەریتانی یان عەرەب بوونایەو حوکمی رەواندوزیان بکردایە، ئەو هەر سەرۆکی شارەوانی بوو. لە دواییدا وا رێکەوت یەکێک لە کامپەکانی رێگاکەمان لە نزیک ماڵی ئەوانبوو. ئەم پیرەمێردە چوارشانەیە زۆر جار داوای بینینی دەکردمو داوای شتی وەهای دەکرد، نەمدەتوانی بەجێیان بگەیەنم، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ یەکدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێک بووین. چونکە هەرچی پێمبکرایە بۆ خزمەتی خەڵکی ڕەواندوز ، کەمتەرخەمیم نەدەکرد. گەشتمان بۆ خوێندکارانی شارۆچکەکە ڕێک دەخستو سەردانی کارەکەمیان دەکرد. ئەوەشم لەبیر نەچوو خواردنێکی باشیان بۆ ئامادە بکەین،. کە شارەزای یەکدی بووین، هەموو پیاوانی شارۆچکەکە زۆر ڕووخۆش بوون لەگەڵمدا، هەرچەندە لە یەکەمجاردا خەڵکەکە ووشکو دڵڕەق دیاربوون. لەم نەریتەدا وەک خەڵکە شاخاویەکانی سکوتلەند ڕێز لەخۆگرو بێدەنگن. ئەوان وەک عەرەبەکان کراوە نین‌و وەک ئەوانیش لەگەڵ میوانی نەناسراودا، پیاهەڵدەرو زمانلووس نین. بۆم دەرکەوت، کە ئەوان زیاتر نەریتی سەنگینیان هەیە. بۆیان وەسف کردبووم، کە کورد لە عەرەب ڕەزیل‌ترن‌و کەمتریش بە پیری میوانەوە دەچن، بەڵام بۆم دەرکەوت، کە ئەم قسانە ڕاستییەکی کەمیان تێدایە. هەرچەندە دەبوو کورد قەناعەتی هەبێت‌و بە ئاسایی بژێت، چونکە وڵاتەکەیان بەردین‌و بێ پیتەو زەوی تەختی زۆر کەمە بۆ کشتوکاڵ. ئەوان هەرچەندە هەژارن، بەڵام خەڵکی سەربەرزن. لەگەڵ پیاوماقوڵانی شارۆچکەکەدا دانیشتم‌و جگەرەمان دەکێشاو قاوەمان دەخواردەوەو وەڵامی پرسیارە ڕەق‌و بەڵام دڵسافەکانیانم دەدایەوە.

جارێکیان شێخ سەید تەها بانگی کردم بۆ هاوینە هەوارەکەی کانی جندیان ئێوارە درەنگ بە ڕیزە سوارێکەوە بە دوای سوارە باڵابەرزەکەدا بەسەر قەراغی جۆگا ئاوەکەدا دەستمانکرد بە ڕۆیشتن. چەند خۆشبوو، کە دوور بکەوینەوە لەو لوتکە شاخ‌و دۆڵە تەنگەبەرانەو بگەینە شوێنێکی کراوە لەو شیوە پان‌و بەرینەدا. بەڵام تاریکی داهات‌و سوارە پەیدابوون‌و بە تەرمەغاز بەرەو ڕوومان دەهاتن‌و کتوپڕ لە دەمی ئەسپەکانیان داوو بڵێسەی پریشکی ئاگری ناڵی ئەسپەکانیان لەگەڵ لێدانی بەردەکاندا دەهات. هەندێک قسەیان لەگەڵ سەرۆکەکەیاندا کردو جارێکی‌تر لە تاریکیدا ونبوون. من لای خۆمەوە واقم وڕماو لە دڵی خۆمدا گوتم: دەبێ ئەمە نیشانەی چی بێت؟ دەبێ بۆ کوێمان بەرن؟ لە ڕاستیدا هەر خۆپیشاندانێک بوو بۆ بۆ دەرخستنی سەخاوەت‌و خۆشکردنی ڕابواردنەکەمان. لە توانامدا نییە ستایشی باشی شێخ بکەم، کە چۆن پێشوازی لە میوانەکانی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرمووویان کردین بۆ هۆدەی نانخواردن، کە بریتیی بوو لەو ئەشکەوتەی سەرچاوە سحراویەکەی کانی جندیانی لێوە هەڵدەقوڵا واتای ناوەکەش کانی جنۆکەیە. ئەم کانییە سەیرە، لەگەڵ یاسای کانییەکانیتردا ناگونجێت، کورد لە پێشینانیانەوە دەڵێن، کە لەوەتی کات دەستی پێکردووە، ئەم کانییە ئەوە پیشەیەتی. ڕۆژی پێنج شەش جار ئاوی لەبەر دەڕواتو وشک دەبێت. ئەوەی من بیزانم ئەمە تەنیا کانیاوە، کە بەم شێوەیە بێت. لە شوێنێکی شاراوەی قوڵەوە، لە بەردی رەقی هەندرێنەوەو لە ٢٤٣٠ مەتر بەرزاییەوە دێتە خوارێ. بە کەیفی خۆی هەڵدەڕژێتو رادەوەستێت، زۆر جاریش ئاوەکە هەڵدەمژێتەوەو جاریش هەیە ئەوەندە بە زۆری دێت، رێژەنەکەی زیاد دەبێتو ئەو ناوە پڕ دەکات لە ئاوو هیچ ماوەیەکی رێکی نییە. تەنیا لێکدانەوەیەک، کە من بۆی بچم ئەوەیە سەرچاوەکەی لە گولاوێکی قووڵی ژێر زەویدا بێتو لە شاخەکەوە دەرویەکی هەوایی هەبێتو تەوژمی بارۆمەتری، ئەم کارە دروست بکات. هەندێک لەو کانیاوانەی کوردستان گەڕاونو هەندێکیش گەرماون. کانی جندیان هیچ کام لەم دووانە نییە. ئاوێکی روونو بێ بۆنو سارد وەک بەفراو. ئاوەکە بۆ ئاودانی زەرعات بەکاردێتو گێڕانی ئاشێک، لەو شوێنەی ئاوەکە هەڵدەڕژێتە ناو رووباری رەواندوزەوە. دوای شێوو بە سەبەتە ترێی ساردو بەتامیان هێنا، کە لە کانیەکەدا دانرابوو. ئەمەش لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەو بە تەنیشت جۆگاکەوە خەوتین. بەیانی زوو خواحافیزیمان لە خانەخۆییەکەمان کردو دوو پیاوی خۆی لەگەڵماندا نارد بۆ رێگاپیشاندانو ئاگا لێ بوونمان.

دوای رۆژە رێیەک، لە باکوورەوە نزیک بە سنووری تورکیا بووینەوەو گەیشتینە گوندی شەیتانۆکەو بڕیاربوو یەکەم پۆلیسخانە لەم گوندەدا دروست بکرێت. گەورەی گوندەکە زۆری پێناخۆش بوو، کە پۆلیسخانە لەم گوندەدا دروست بکرێت. لە گەڕانەوەمدا بۆ سپیلک، رەمزی ئەفەندیم نارد بۆ گوندی شەیتانۆکە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کارەکە بکات، تاقمێک لە دوژمنە نوێیەکانیم لەگەڵدا نارد، یەکێکیان لیڤیەکی ئاشووری بوو. رەمزی بە ئاسودەیی توانی کارەکە ئەنجام بدات، چونکە ئەو پیاوێکی لەسەرخۆو بەڕێز بوو، ئەمەش کارێکی کردبووە سەر ئەو خێڵەکییە ناحەزو کەم بڕوایانە، گەلێک زۆرتر لەوەی هێزی چەک بیکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە ئێستا نزیکی شوێنێکی خەتەر بووینەوە، ئەویش شوێنی دەسەڵاتی شێخ ئەحمەدی بارزانەو سەرۆکێکی توندڕەوە. هەرچەندە بە ئاشکرا دژی بەریتانییەکان نییە، بەڵام لە رابردوودا رووی لەوان نەبوو. جگە لە پۆلیسخانە، دەبووایە لە ناوچەکەدا رێگاش دروستبکرێت بۆ بەستنەوەی پۆلیسخانەکان بە یەکترەوە. ئەم کارەش دەبووە هۆی ئەوەی ئەم شێخە سامناکە ناچاربێت واز لە شوێنە سەختەکەی بهێنێتو ئەم جیهانە بدۆزێتەوە، کە لە دەرەوەی جیهانە شاخاویەکەی خۆیەتیو هەڵسوکەوتی ئەو زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەمان.

هاتوومەتە سەر ئەو بڕوایەی، کە دەڵێن هیچ کەسێک هەمووی خراپ نییە. من زۆر دلخۆشبووم بەوەی، کە بەشەکەمان لە بلە دەستی بە دروستکردنی بینایەکی گەورە کردووە. بلەش کەوتۆتە خۆرئاوای ئەو شوێنەی ئەمڕۆ گەیشتبووینیو شێخ ئەحمەدیش هەتا ئێستا دژی دروستکردنی بینایەکە نییە. دەستپێکردنی ئەم کارە هەڵسەنگاندنێکی سوپایی لەگەڵدابوو. دوو هێزی ئاشووری لە دوو شوێنی جیاوازەوە، دەستیان بە جووڵە کردو ئەمریانپێکرا یەکێکیان لە خۆرهەڵاتەوەو ئەویتریشیان لە باشوورەوە بچن بۆ گرتنی شوێنی کارەکە لە بلە. لێپرسراوی کارەکەمان مێجەر پێری بوو Majer Perryو ئاگادار کرابوو، کە هاوکاری بکاتو ئامادەبێت بۆ دەست بەکارکردن کاتێک هێزەکان شوێنەکەیان گرت. لەوانەیە باشترین پلانی سوپایی بە هەڵەبچێت. لەبەر گۆڕانی کاتی دەستپێکردنی پلانەکە، ئەندازیارەکان لەپێش هێرشی هێزەکانەوە گەیشتبوونە بلە. کاتێک بەشێک لە هێزەکە لە خۆرهەڵاتەوە، بەشێکیش لە باشوورەوە گەیشتبوونو لە پێشەوە سەرقەرەوڵو هێزی پارێزەریشی لەگەڵدابوون، بۆیان دەرکەوتبوون، کە ئەندازیارەکان پێش ئەوان گەیشتوونەتە شوێنەکە وخێوەتیان هەڵدابووو لەسەرخۆ خەریکی رامالکردنی شوێنی بنایەکەن.

لە راستیدا دەرکەوتووە لە کوردستاندا تاقمێکی بچووکی وەک ئەندازیارو کرێکار دەتوانن بە هەوەسی خۆیان بسوڕێنەوە، بێ ئەوەی رێگریان لێبکرێت، لە کاتێکدا، کە هێزێکی سوپایی توشی بەرگری سەخت دەبێت. ئەمەش زۆر بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشی دەرکەوت، کاتێک، کە سوپای عێراق نێردرا بۆ دابینکردنی ناوچەکە، دەستبەجێ لەگەڵ شێخ ئەحمەدا توشی شەڕبوون. بەدڵنیاییەوە هێزی عەرەبی تێکشکێندراو لەوانەشبوو بنەبڕبێت، ئەگەر هێزی ئاسمانی مەلەکی لە کاتی خۆیدا نەچووایەو بەشداری شەڕەکەی نەکردایەو ئەوانی رزگار نەکردایە.

لە شەیتانۆوکەوە بۆ کانی رەش، قۆناغە رییەکەو دەبووایە بە رەوتێکی سی کیلۆمەتری ببڕین، بەسەر رێگایەکی ناخۆش‌و بەسەر زۆر بەندەنی چڕو دۆڵی قوڵدا. بۆ ئەوەی کاتی زۆرمان هەبێت بۆ پشکنینی ئەو ناوە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی دروستکردنی پۆلیسخانەکان، بەیانی زوو پێش خۆرهەڵات، بەڕێ کەوتین. زۆر سەیرە، پیاو بە سواری هێستر بە رێگای شاخاویداو بە تاریکی بڕوات، لە نزیکەوە بە دوای ئەوەی پێشەوە بکەوێت، کە هەر وەک سێبەر دیاربێت. بەناو داربەڕووی چەماوەو بەوشیوو دۆڵانەدا هەر هەست بەوە بکات، کە زەوی لە ژێر پێیدا رۆودەچێت‌و لەگەڵ گۆڕانی بەرزو ترسی بەندەنەکەدا سەرقاڵبێت، بێ ئەوەی هیچ ببینێت.

ئەسپ‌و ماین‌و هێستر لە تاریکیدا توانای بینینیان زۆر باشە. هیچ پێویست ناکات گوێ بدەیتێ لەوە زیاتر ئاگاداری پەلەداری نزم بیت. لە ئاوڕێکدا پیاو لێرەو لەوێ چاوی بە تروسکەی ئاگری جگەرەی کاروانچییەکان دەکەوێت، کە لەو تاریکاییەدا بە درێژایی رێگاکە جەلەیان بەستووەو گوێی لە زەنگوڵی ملی هێسترەکان دەبێت. وردە وردە شەفەق دەردەکەوێت‌و تیشکی رووناکییەکی کز لە دوندی شاخەکان دەدات‌و لە هەموو ساتێکدا جەلەی دوورودرێژی کاروانەکە، روونتر دەردەکەوێت. خۆریش وردە وردە لە کەل سەری دەردەهێنێت‌و کاتێکت زانی، تۆپێکی ئاگرین بەسەر بەرزاییەکانەوە هەڵدێت‌و بەرەبەرە بە تاقی ئاسماندا دەچێت‌و ئێمەش دەکەوینە ناو داوی گەرمای نیوەڕۆوە. ئێستا فێری رەوتی درێژ بووم، هەرچەندە فۆرنۆکس شەڕی کووت‌و عیمارەی ساڵی ١٩٢٠ی بینیوە، پیاوێکی باڵا بەرزو لەشێکی بەهێزو لێوەشاوەی هەبووو توانای بەرگرتنی زۆربووو لە ناو عەرەب‌و کورددا بەوە بەناوبانگ بوو، بەڵام یەکسەر لە ئۆفیسەوە هاتبووە ناو کارەوە. من پێی لێدەنێم لە ئاخرو ئۆخری سەفەری رۆژانەماندا، کەمێک وەک ئەو ئاڵۆز دەبووم. لە کاتێکدا ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوەو پشکنینی ناوچەکە بووین، رێمان بە بارو بارگەکانماندا، لە پێشەوە بڕۆن‌و لە سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووباری گردە بەرازدا، کە چەند کیلۆمەترێک لە کانی رەشەوە دوورە، چاوەڕوانمان بکەن. دوای ئەوەی شەو داهات ئێمە گەیشتینە رووبارەکەو زۆر شەکەتو برسی بووین. بۆمان دەرکەوت ئەوان لە ئەمرەکەمان تێنەگەیشتوونو بەرەوپێش رۆیشتوون. ئەو ماوەیە بۆ نیوەڕۆژە ماینەوە، تەنها شوتیەک نەبێ، کە وەزیرێکی ئاشووری دایبووینێ. سەربارەی ناخۆشییەکانمان، مێشوولەش گەڕی تێداین، زگیان پێمان نەسووتا، کە شوێنەکە شوێنی لەرزوتایە. فۆرنۆکس وەک ئەفسەرێکی پۆلیس هەڵسوکەوتی کردو ئەمرەکانی لەجیی خۆیاندا بوون، لە جیاتی ئەوەی وازیان لێبهێنێت، فەرمانیدا کاروانەکە بگەڕێتەوە شوێنی دیاریکراو. هەرچەندە خۆمان ماندووتر کرد، لە نیوەشەودا شوێنمان گرتو لێی خەوتین.

رووباری گردە بەراز لە کاتی لافاودا بڕناداتو نزیک بە کامپەکەمان شوێنی پردێکی کۆنی لێبوو، چەند پایەیەکی بە پێوە مابوون، چونکە بە قسڵو بەردی نەقاڕی دروست کرابوون. چیرۆکی سەیریان لە سەر ئەم پردە بۆ گێڕامەوە، کە لە کاتی خۆیدا هاروونە رەشید فەرمانی بە دروستکردنی داوە، بەناوبانگ بووە بە دروستکردنی مزگەوتو رێگەوبان ((لەوانەیە بە یارمەتی جنۆکەکانیەوە))و دەڵێن لە هەموو شوێنێک، کە سەردانی کردبێت مزگەوتێکی دروستکردووە. لە نزیک کانی رەش مزگەوتێکی لێیە وەک پردەکە بە قسڵو بەردی نەقاڕی دروستکراوە، بە پێچەوانەی خانووەکانی گوندەکە بە قوڕو بەرد دروستکراون. دەڵێن ناوی کانی رەش، لە رەشیدەوە هاتووە. نزیک بە رووبارەکە گوندێکی لێیە پێیدەڵێن هارونە، کە بەشەکەیتری ناوی خەلیفەیەو ئەمانە وامان پیشاندەدەن، کە حیکایەتەکە راستبێتو پردەکە کاری پاڵەوانی چیرۆکەکانی شەوانی عەرەبی بێت. زۆر دیارە ئەم پردەش وەک تەلارەکەی عەلائەددین بە شەوێک دروستکرابێت، بەڵام هێزی وێرانکەری دوورو درێژی مێژوو، کاری لە جادووگەرەکە تێکدابێتو دیارە لە رۆژانی خۆیدا پردێکی بەسوود بووبێت، منیش پێشنیارمکرد بۆ دروستکردنی پردێک لە هەمان شوێنداو هەر بەکەرەستەی ئاسایی، ئەگەرچی زۆریش بخایەنێت.

لە راستیدا دروستکردنی بینایەک لە کانی رەش کارێکی ئاسان نەبوو. لێرەش وەک کانی شەیتانە تاقمێک سەربازی لیڤی لێبوو. هەرچەندە نەیاندەتوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرامبەر هێرشی خێڵە بارزانییەکان خۆیان رابگرن، بەڵام بوونیان لێرە، پاڵ پشتێک بوو بۆ کرێکارەکان، لیڤییەکان سەر بە بەریتانیا بوون، ئەمەش لە کوردستاندا زۆری دەگەیاند. دوای دروستکردنی دیوارەکان شوێنێکی قایممان دەستکەوت، خۆشیان سەربازی باشبوون، هەروەک لەمەوپێش باسمکردبوو، کە زۆر گرانە ئێشکچییەکی ئاشووری لە خەودا بگریت.

هێزە بچوکەکە لەگەڵ کانی شەیتانەدا بە بروسکە پەیوەندی دەکرد، ئەوانیش لەگەڵ کامپی لیڤییەکانی دیانەدا، ئەوسا ئەوانیش دەیانتوانی دەستبەجێ هێزی پاڵپشت بنێرن. بەڵام خۆشبەختانە هیچ هێرشێک نەکرایە سەرمان، هیچ دژایەتییەک بەرانبەر کارەکەمان نەکرا. تەنگژەی گواستنەوەش لە ئارادابوو، دەبووایە لە کانی شەیتانەوە گەچمان بۆ کارەکەی کانی رەش بهێنایە ئەمەش رۆژانە کاروانێکی سەد هێستری پێویستبوو. نرخی هێستر ئەوەندە بەرز بووەوە، هەموو کوردێکی والیێ دەکرد ببێت بە جەردەو هێسترەکان بڕفێنێت، پێویستییەکانیتریش وەک دەرگاو پەنجەرەو کەرەستەی دارتاش، دەبووایە لە بەغدادوە بیان ناردایەو دەبووایە پارەش بۆ پێویستی ئێرەو کرێی کرێکارەکان بهێندرێت.

فەیسەڵ ئالداوش لە کوشتارەکەی بوسەیەوە لە باشوردا، وانەیەکی باشی فێرکردم، کە ئاگام لە خۆمبێت. خۆم چەند جارێک سەرم لە کارەکەداو پرسیارمدەکرد، ئایا خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ لیڤییەکانو کرێکارەکاندا هیچ ناخۆشییەکیان هەیە؟ خۆ ئەگەر وابووایە هۆیەکەی چییە؟ چونکە هەموو تەنگژەییەک سەرەتایەکی بچووکی هەیە. هەموو هەڵسوکەوتێکی ناشیاوی پیاوەکان چارە دەکران، بۆ ئەوەی کارەکە بە باشی بچێتە سەر. هەرچۆنێک بێت خێڵەکییە بارزانییە بەسامەکان وازیان لێهێنانو هەتاکو وڵاخیشیان دەداینێ وەک یارمەتی. دوو رۆژ دوای ئەوەی لە کانی رەش گواستیانەوە، ئێوارەیەکیان درەنگ، لە دیانا سەرمان لە سەرکردایەتی هێزە لیڤییە ئاشوورییەکان دا. من زۆر بە رێزەوە سەیری ئەم ئاشووریانەم دەکرد وچاوم بە چەند لە ئەفسەرە بەریتانییەکانم کەوت. کامپەکە ئەسکەلەیەکی بێتەلی هەبووو بە تەنیشت شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەکانەوەبوو، زۆر قایم دروستکرابووو دەوری بە تەل گیرابوو. پاسەوانەکان سەلامیان بۆ کردینو ئەو کەسەی بەرپرسیاری هێنانە خوارێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاڵابوو، وردە وردە لەگەڵ دەنگی گەڕەنادا ئاڵاکەی هێنایە خواری. لەو کاتەدا خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، لە سەر ئەو شاخانەوە، خەڵکی هەموو لە شوێنی خۆیان وەستابوون بۆ سڵاوی ئاڵا.

ئەمەش دیمەنێکی نایابی پیشاندەدا، لەم پۆستە هەرە دوورەی بەریتانیادا. دوای دامرکاندنەوەی دەنگدانەوەی دەنگی کەڕەنا، رووماکردە یانەی پۆستەکە. رێگاکە بە تەنیشت جۆگە ئاوێکەوە تێدەپەڕێتو بە هەردوو بەری جۆگاکەدا داربیی لێدرابووو هەموو سەوز بوو، لەگەڵ ریزیک گوڵەبەرۆژەدا، کە لە کاتی گوڵدابوون.

دوای چەند هەفتەیەکی تەنیایی، کە لە دەربەندی سپیلکدا بردمە سەرو دوای سەفەرێکی زەحمەت بە ناو وڵاتێکی شاخاویدا، زۆر سەیربوو، کە جارێکی دیکە فڕێدرێمە ناو شارستانییەوە. ئەفسەرێکی ئەندام ریکو دارحەیزەران بە دەستو شەپقەی سووری سوپایی لەسەر، بەرەوپیرمانەوە هات، کە لە دواییدا بووین بە هاوڕێ. لەم وڵاتە سەیرەدا، لەندەنییەک زۆر بە شێوەیەکی کۆمیدی بەخێرهاتنی کردین، دەرکەوت خۆی ئەمە هەڵسوکەوتی بووو جۆرج رووبی دەهێنایەوە یاد. هەلاو کوڕینە، تۆ تۆ فورنوکسو تۆش ئەندازیاری وابزانم، بەراست من یانگم، ئێوە بروسکەتان لە کانی شەیتانەوە کردبوو، زۆر سەیرە لەپێش ئێوەوە گەیشت، هەرچەندە برووسکە چییەکانمان ئەم کارەیان کردبوو. ئینجا ئێمە بروسکەمان بۆ موسڵ کرد بۆ بیرەی زیاتر، هێشتا نەگەیشتووە. بەڵام فەرموون پەرداخێک بیرەی دوێنێ تاقی بکەنەوە. زۆر دڵخۆش بووم بە هاتنتان، بیرەکە تەواو دەبێت، چونکە بەرگەی ئەم گەرمایە ناگرێت. وا دیارە بە هەڵم دەڕوات، بەتایبەتی ئەگەر بۆ ماوەیەک لە بەفر دوور بخرێتەوەو بە تەنیشت ئانیسکەوە داندرێت. کاپتن یانگ چەند بەچکە رێوییەکی بەدواوە بووو بۆنیان بە قاچمانەوە دەکرد، بەڵام کاتیک سێ بەچکە ورچ دەرکەوتن، بەچکە رێوییەکان وازیان لە ئێمە هێنا. بەچکە ورچەکان بە بازدان هاتنە پێشەوەو روویان کردە ئێمە، بەهیوای ئەوەی کلۆ شەکریان بدەینێ، بەڵام یانگ ئاگاداری کردینەوە، کە ئاگامان لە خۆمان بێت حەزیان لە شەڕە چنگەیە، ئێماش ئاگادارمان لە جلەکانمان بیت شیتاڵ شیتاڵ نەبن.

زۆربەی ئەفسەرەکانی دیانا سکۆتلاندی بوون، سەر بە یەک هێز بوون. دڵخۆش بووم بەوەی جارێکیکە ماکتافش ببینمەوە، کە لەکاتی خۆیدا لە حیللە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکترمان ناسی. زۆریان وەک فۆرنۆکس کاتیکی زۆریان لە عێراقدا بردبووە سەر. لیڤییەکان هێزێکی زۆربوون‌و لەو کاتانەدا هێزەکەیان وردە هەڵدەوەشاندەوەو هەر بەتالیۆنێکیان لە سلێمانی مابوو. بەشێک لە هێزەکە لە بەغداد پاسەوانی شوێنی حەوانەوەمان بوون‌و بەشێکیش لە هینەیدی Hinaidi پاسەوانی سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی مەلەکی بەریتانی بوون ((لەوانەیە نووسەر مەبەستی لە حەبانیە یان هیندییە بێت. وەرگێڕ)).

لەبەر هەڵوەشاندنەوەی هێزەکەیان، زۆر لە ئەفسەرەکان ئەوێیان بەجێدەهێشت‌و دەگەڕانەوە بۆ ناو هێزەکانی خۆیان لە شوێنەکانی جیهاندا. بە دڵتەنگییەوە سندوقە تەنەکییەکانیان لە هێستر باردەکردو سەربازگەکەیان بەجێدەهێشت، لە کانی شەیتانە لەگەڵ ئەفسەرێکی ئاشووری بەتالیۆنەکەدا لە بابەت کاپتێکەوە دووام، کە خەڵکی ئەرگیل شایرو بەرزاییەکانی سوپرلاند بوو، لە کاتی خۆیدا لە سپیلک قسەم لەگەڵ کردبوو، کە لەو کاتەدا خەریکی گەڕانەوەبوو بۆ سکۆتلاند. وەڵامی پڕ سۆزی ئاشوورییەکان ئەمەبوو، گەورەم ئێمە زۆرمان خۆشدەویست، کە بەجێی هێشتین بۆی گریاین.

هێزەکە پڕ چەک‌و ئامادەبوو بۆ هەموو جۆرە شەڕێک‌و مەشقیشی هەر بەردەوامبوو. ئەفسەرە ئاشوورییەکان لەژێر دەستی ئەفسەرە بەریتانیەکاندا بوون، ئەوان لە بنەماڵەی سەرکردەی ئاشوورییەکان بوون، چونکە ئاشوورییەکانیش وەک کوردەکان خێڵەکین. لیوتنانت کولونیڵ یانگ، تاکو ئیسماعیلی پێناساندم، کە ئەفسەرێکی گەورەبوو لەژێر دەستی لیوتنانت. کۆلۆنێل یانگدا، هەرسێکمان گەلێک هەڵسوکەوتی سەرکێشمان پێکەوە کرد.

ئاشوورییەکان پاشماوەی میللەتێکی سەیرن، مێژوویان زۆر شاراوەیە. شوێنەوارناسەکان دەڵێن دڵنیانین لەوەی وەک ئاشوورییەکان دەڵێن، لەبەرەی میللەتی سەرگۆن‌و سەنحاریب بن. هەرچۆنێک بێت زۆر باس زاندراوە، کە خەڵکی ئەم وڵاتە ناوو داوی خۆیان بۆ هەزاران سال دەهێڵنەوە. کێ دەڵێت، لەوانەیە لە گوین بێت، ئەمانە بەراستی نەوەی ئەو میللەتە بێڕەزایە کۆنەبن.

ئەمرۆ ئاشوورییەکان کوڕانی شاخن، هەرچەندە دەڵێن لە مێژدا نیشتەجێی پێدەشتەکان بوون. هیچ گومانێکی تێدا نییە، ئەوان زانایانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتایی ئیسلامەکان بوون، یەکەم زانکۆیان دامەزراندووە،و زۆرپێش ئەوروپاییەکان بوون بە مەسیحی، محەمەد بۆ پاراستنی زاناییان فەرمانی دابوو، کە ئەوان بە سەربەستی ئایینیان هەبێت. ئەوان لەو کاتانەدا بەناوبانگترین میللەتی مەسیحی بوون‌و هەتاکو چین‌و رۆخی هیندوستان ئاینەکەیان بڵاوکردۆتەوە، هەتا ئێستاش جێ پەنجەیان دیارە، نێردراوەکانیان بۆلای پاپا لە سەر کاری ئایینی لەگەڵیدا دواوون. لەوانەشە بەڵگەو بناغەیەکی باشیان هەبێت، بۆ بۆچوونەکانیان. شێوەی ریبازی نەستوری ئەوان لە هەموو رێبازەکانی‌تری مەسیحی ئاسانترو نەگۆڕاوترە، کە هەتا ئێستا لە رۆژانی مەسیح بە دواوە، هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکراوە.

زۆر سەیرە، کە توانیویانە لەژێر زەبری ئەو هەموو هێزی فەوتێنەری مەسیحیدا بمێنن. بەڵام ئەمڕۆ لەژێر پاراستنی بەریتانیادا وەک میللەتێک مەترسی نەمانیان هەیە. نە محەمەد خۆی‌و نە خەلیفەکانی‌و نە مەغۆل‌و نە تورکی سەلجوقییەکان هیچ ئازارێکیان نەداون. هەر لەم دوو سەد ساڵەی رابردووەوە، راونراون‌و پەنایان بردۆتە بەر شاخەکانی هەکاری. هەر لە بیست ساڵی رابردوودا لە کاتی شەڕەکەوە، لە میللەتێکی شەست هەزارییەوە کەم کراونەتەوە بۆ بیست سی هەزارێک‌و بێ شوێن‌و بێ سەرۆک بڵاوبوونەتەوە.

بەهۆی لێقەومانە تازەکەیان، ئاشوورییەکان ئەمڕۆ بێچارە ماونەتەوە. هەر بەهۆی ئەوەی بوون بە سەربازی بەریتانی‌و کردنیان بە چەکدارو مەشقیان پێکردن، بوون بەهێزێکی بەتواناو هەموو هەوڵێکیان ئەوەبوو، کە بەریتانیا رازیبێت لەو خزمەتەی ئەوان کردوویانن.

گوندی دیانا، بە تەنیشت کامپی لیڤییەکانەوە بووو زۆرینەی ئەو ئاشوورییانەی مابوون، لەوێ دەژیان، لەبەر ئاگاداریکردنیان، لەبەر ئەوەی گوندەکە بووبوو بە چەقی جوڵانەوەی میللیان‌و شوێنی کاریان. هەندێکیان لە گوندەکانی نزیک باتاس، دەژیان‌و هەندێکی‌تریشیان، لە ناوچەی مەلاریاوی کانی رەش جێگیربووبوون‌و لە چەند ناوچەیەکی‌تریشدا هەبوون. دیانا گوندێکی ئاشووری بووهەرچەندە زەویەکانی موڵکی ئیسماعیل بەگی رەواندوز بوو. ئەو کوردو موسوڵمان بوو، بەڵام خەڵکی نەدەچەوساندەوەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرزێرەکانی زۆر ڕێزیان لێدەگرت، هەموو ساڵێک لەدوای مانگی ڕەمەزان، دەچوون بۆ سەردانی ئیسماعیل بەگ.

سەفەر بۆ سەر سنوری ئێرانو لەوێشەوە بۆ ڕەواندوز بەقەدەر ئەو ڕێگایەیە، کە ئێمە هەتا ئێستا لە گەشتەکەماندا بڕیومانە، بەو شوێنانەدا تێپەڕبووین، کە دوای چەند ساڵێک بوون بە شوێنی کاری سەرەکیم.

دۆڵی بەرسرین ئەوەندە سەخت بوو، هەتا ڕێگەی هێستریشی نەبوو. زۆر ماندوو بووین بەسەرکەوتنی ئەو بەرزاییەی ٦٥٠ مەتر دەبێت، هەتا گەیشتینە دەربەندی دەرگەڵەو لەوێشەوە بە لاقەدی شیوەکەدا شۆڕبووینەوەو بە ڕازە شاخەکەدا سەرکەوتین، لە وێشەوە بەرەو دەربەندی رایانو زینۆێی شێخی، لەوێشەوە بۆ سەر سنوری ئێران، کە ١٨٦٠ مەتر لە رووی دەریاوە بەرزە.

لەم ناوچەیەدا سەرۆکانی گرنگ هەبوون، لەم ساڵانەی دوایدا رۆڵی خۆیان هەبوو لە دروستکردنی ڕێگاکەدا. هەستم بەوە کردبوو لەم ناوچە تەڕو توشەدا هەڵکەندنو بڕینێکی زۆرمان توش دەبێت، بڕواشم بەوە بوو، کە ئەو ئامادەییەو مەکینانەی هەمانبووو بەکارمان هێنابوون لە گەیشتنە ڕەواندوزدا، ئێستاش دەتوانن ئەم دەربەندانە ببڕن، هەرچەندە دەبێ لەسەرخۆ بێتو کاتێکی زۆریشی پێدەوێت.

ئێستا زۆر زەوقم لە سەر جوانی سروشتو خێڵەکان نەماوەو هەتاکو کاری ئەندازیاریش، چونکە دوای ئەوەی کانی ڕەشم بەجێهێشت، توشی زەحیری بووم. لەگەشتەکەمدا میوانی ئەو سەرۆک خێڵانەبووم، کە سەردانم کردن. لەژێر سایەی ئەمری فۆرنۆکسدا ژیام، ڕێگەی نەدام بە خواردنی قورس، هەر رۆن گەرچەکو براندیو ماست خۆراکم بوون.

دەرکەوت ماست سوودی باشی هەیە، بۆ تەندروستی. ئەم چارەیە کەمێک چاکی کردمەوەو لە دواییدا، کە گەڕامەوە بۆ سپیلک، لەگەڵ فۆرنۆکسدا چووین بۆ کەرکوک بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک. دەرکەوت، کە هۆی برسێتی بوو وامدەزانی چاکبوومەتەوە. ڕێگەم پێنەدرا بگەڕێمەوە سەر کار، بەڵام نەخۆشیەکەم هەر بۆ گەڕایەوەو هەتا چەند مانگێک بەرینەدام، لەگەڵ ئەوەشدا هەر وازم لە کار نەهێنا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی نۆیەم

## پیاوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

پلری یرکرمی دروستکردنی ڕێگاکە، بەسەر سپیلکدا لە تەواوبووندا بوو، بەخێرایی بەرەو دۆڵەکە دەرۆیشت، بۆ ئەوەی لەگەڵ کاری بەردشکێنەکاندا لە دۆڵەکەدا یەکبگرن. ئینجا بنیامین یۆنانم بۆ سەروکاری کارەکە بەجێ هێشتو خۆم دەستمکرد بە کار لە سەر پانکردنو قیرتاوکردنی ئەو بەشەی ڕێگاکە، کە لە هەولێرەوە گەیشتبووە شەقلاوە.

بەم شێوەیە ئەم پرۆژەیە گەیشتە لوتکەی کار. وەک ئاگر لە پووش بەربووبێت، باسی ڕێگاکە لە وڵاتدا بڵاوبووەوەو پیاو لە هەموو لایەکەوە بەرەو کارەکە دەهات، بەهیوای ئەوەی کاریان دەست بکەوێت. ڕێگاکە شاخی پیرمامی دەبڕیو لەوێدا شەش سەد کرێکارم هەبوو لەگەڵ یەک چاودێردا بۆ یارمەتی دانم. زۆر گرانبوو کۆمەڵێکی وەها بەشێوەیەکی باش سەرپەرشتی بکرێن. لە بانەمان ئۆفیسمان نەبوو، هەر خەریکی کاربووینو یارمەتیدەری جۆراوجۆرم نەبوو بۆ بەردەستی. خۆم ئەندازیارو ژمێریارو پزیشکو دادپەروەر بووم بۆ کرێکارەکان. زۆر بەختەوەر بووم، کە سەبری ئەفەندی چاودێربوو، ئەو یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودو دەرکەوت وەک ڕەمزی باش بوو. بوونی ئەو لەو شوێنەدا، ڕۆڵێکی باشی هەبوو بۆ گوێدێری کرێکارەکان، هەرچەندە تێیاندا هەبوو حەزیان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕنانەوە بوو، هی واش هەبوو، بۆی هەڵکەوتایە دەستی پاک نەبوو. لە سەرەتادا من هەموو کەسێکم نەدەناسی، جاروبار هی وەها هەبوو ناوی درۆیان دەدا بۆ ئەوەی رۆژانەی یەکێکی‌تر وەرگرن. لە حاڵەتی وەهادا، ریسواکردن لەبەردەمی هاوەڵەکانی بەس بوو. ئەو کرێکارانەی کاریان باش نەدەبردە سەر، لە رۆژانەکانیان کەم دەکرایەوە، بەڵام بە داخەوە، نەمدەتوانی پاداشتی ئەوانە بدەمەوە، کە کاری باشیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەی سزاکانمان توند بوون، کرێکارەکان خۆڕاگربوون‌و هیچ دەست هەڵگرتن لە کار رووینەدا. مایەی دڵخۆشیان بوو کاتێک دەیانبینی بەهۆی کاری ئەوانەوە وردە وردە رێگاکە بەرەوپێش دەڕوات. هەستی بەرزیان تێدا دروستبوو بۆ کارەکەیان، ئەو هەستەی، کە بەرینەدان، هەتاکو دوای چوارساڵ رێگاکە گەیشتە دەربەندی سەر سنوری ئێران.

رەزامەندیم بێپایان بوو بەرامبەر کۆڵنەدانی بێهاوتای ئەم مرۆڤە لاکارانە، بۆ فێربوونی کاری تایبەت. زوو هەستم بەوە کرد، کە ئەوان شیاوی ئەو پارەیەن، کە بۆیان خەرج دەکرێت. سەرباری ئەوەش، ئەوان کۆمەڵێکی حەز بە ئاهەنگ بوون‌و بریتیی بوون لە سێ میللەتی کوردو عەرەب‌و ئێرانی‌و با هەریەکەیان وەسف بکەم.

چەند کۆمەڵە کوردێک لەو گوندانەی ئەو دەورووبەرەوە بۆ کارکردن هاتبوون، بەرگێکی بۆریان لەبەردابوو، کە لە مەرەز دروستکرابوو، تایبەت بوو بە خەڵکی شاخ‌و بریتیی بوو لە پانتۆڵێکی پان‌و پشتێنێکی بە ناوقەدا بە چەند لۆ گرێدراوو بەکاریشیان دەهێنا بۆ هەڵگرتنی شتومەک‌و جزدانەکانیان لە ناو لۆچەکانیداو بۆ راگرتنی خەنجەریش بەناوقەدا بەکاردەهات. کوردەکان بەناوبانگ بوون بۆ هەڵکێشانی خەنجەر بە خێرایی وەک بروسکە لەکاتی بەکارهێنانیدا وەک چەک. پێیان گوتم، کە لەکاتی حوکمڕانی تورکدا خەنجەر هەڵگرتن قەدەغە کرابوو، یاساکەی ئەوەندە توندبوو ئەگەر بهاتایە یەکێک لە ملی بکرایە، سزاکەی کوشتن بوو. ئێمە لەم بابەتانە دەترساین‌و رێگەی تایبەتیمان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی. کرێکارەکان بە ئارەزووی خۆیان خەنجەریان هەڵدەگرت بێئەوەی بەرپرسیاربن. لە رۆژانی سەرەتای کارەکەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردەکان تفەنگیشیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ سەر کارەکە دەهێناو فیشەکوانیشیان دەبەست، کە بەسەر شانیاندا شۆڕ دەبووەوەو خەنجەرەکانیان بەرز لەبەر سنگیاندا ئامادەبوو. لە دواییدا، کە زانیان ئەمە هیچ پێویست ناکات، لە خۆیانەوە بێ چەک دەهاتن بۆ سەر کارەکە.

لە کاتی شەڕی نێوان خێڵەکاندا، کوردەکان جۆرە کورتەکێکی دوو بەریان لەبەردەکرد، دژی خەنجەرو شیر، هەر وەک زرێپۆش بەسوود بوو. ئەمەش لە ریسی بەرگن دروست دەکرێت ((نوسەر مەبەستی لە پەستەکە. وەرگێڕ)) یەک ئینج ئەستوورەو وەک چەرمیش قایمەو زۆر گەرمەو کوردەکان بە زستان لەبەری دەکەن. پێڵاوکانیان لە چەرمی خۆماڵی دروست دەکرێتو مێزەرەکانیان رەنگێکی بۆری مەیلەو رەشی هەبووو بەدەوری کڵاوەکانیاندا دەیانبەستەوە. بەم شێوەیە بەرگی کوردی تەواو دەبوو.

ئەم کوردە دەشتەکیانە فێری کاری گرانی دووروودرێژ نەبوون، بەڵام زوو فێردەبوونو ملیان دەدایە کارەکانیان. لە پێشەوە دەبووایە کاری ئاسانیان بدرایە، وەک بەردهێنان بۆ بەردی نەقاڕی. هەموو کرێکارە تازەکان فێری ئەوەبوون زوو زوو پشوویان بدایە بۆ نوێژکردن. من هیچ گوێم نەدەدایە، ئەوە نەبێت ئەگەر بمزانیایە خۆیان بە ئەنقەست دوادەخەنو لە کار خۆیان دەدزنەوە. زۆری پێنەدەچوو ئەوانیش وەک کرێکارە کۆنەکان وازیان لەم پشوودانە دەهێناو لەگەڵ یەکدا دەستیان دەکرد بە کاری کێبڕکێ. کرێکارە کوردەکان لە کوردی بەولاوە زمانیتریان نەدەزانی. جگە لەوەی، کە چەند زارێکی هەیە، کوردی زمانێکی ئاسان نییە بۆ فێربوون. کوردی لە فارسییەوە نزیکەو لەوانەشە زمانە ماکەکەی فارسی بێت، ئەوەندە شێوەی هەیە، کوردی شوێنانی جیاواز لە یەکتری تێناگەن. بۆ کاری رێگاکە ئەوەندەم پێویست بە وشەی زۆر نەبوو. هەر ئەوەندەم دەویست بڵێم: بەردی گەورە بێنە، زۆر بێنە. خێراکە بیانهێنە، چونکە کوردەکان میللەتێکی عاقڵنو ئەوەندە پێویستیان بە قسەی زۆر نییە بۆ ئەوەی کارەکەیان بە ئەنجام بگەێنن. ئەمەش بە پێچەوانەی عەرەبەکانەوەیە، کە نیوەی توانایان لە قسەکردنو گۆرانیدا سەرف دەکەنو پێویستیان بە قسەی رەق هەیە بۆ کارکردن. لە راستیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرێکاری عەرەبی باش هەیەو کرێکاری کوردی خراپیش، من بە شێوەیەکی گشتی قسەدەکەم.

عەرەبێکی زۆر لە سەر ڕێگاکە کاریان دەکرد، لە هاویندا دەهاتن‌و لە پایزدا دەرۆشتنەوە، چونکە حەزیان بە زستانی کوردی نەبوو. بەزۆری بریتیی بوون لە خەڵکی خێڵە هەژارەکانی دەورووبەری موسڵ، یان زەوی‌و زاریان نەبووو یانیش لەبەر تەمەڵی زەوییەکانیان بۆ خێزانەکانیان بەجێدەهێشت بۆ بەرهەمهێنان. نمونەی چینی وەرزێری هەژاری عێراق بوون. بۆ ئەوەی بگەنە لای ئێمە، ١٠٠ کیلۆمەتریان زیاتر دەبڕی. هەر وەک گەڕیدەکانی ئینگلیز، جل‌و شتومەکیان لە پریاسەیەکدا بە دارێکەوە هەڵدەواسی‌و لە سەر شانیان دەنا. بەرگیان بریتیی بوو لە هەرزانترین قوماش. دشداشەیەکی سپیان لەبەر دەکرد، کە لە ریسی زبری لۆکە بوو ((مەبەستی نوسەر جاوە. وەرگێڕ))و یان لە موی بزن، کە ژنەکانیان بە تەونی زۆر ساکار دەیان تەنی. عەبایەکی ڕەشیان بەسەر دشداشەکانیاندا لەبەردەکردو لە کاتی ڕۆیشتن‌و هەڵقونجاندا لە زستاندا، سەریان تێدادەپۆشی. مێزەریان بریتیی بوو لە جەمەدانەیەکی بۆر، کە بەسەر کەلە سەرە تاشراوەکەیاندا دەهاتە خواری‌و بەسەر ئەوەوا سێتایان دەبەست، کە بریتییە لە پەتێکی ڕەشی دوو لۆ. کەم ڕێدەکەوت، کە وا نەبێت، هەر بە پێی پەتی دەرۆیشتن‌و بنی پێیان وەک شاخی ئاژەڵ لیرو رەق بوو، هەتا دڕکی حوشتر خواری (حوشترالوک) بیابانیش بە پێیاندا نەدەچوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پێخاوس بوون، ڕۆیشتنیان بەسەر بەردە تیژەکانی شاخەکاندا زۆر گرانبوو.

عەرەبەکان، لەسەرخۆو گاڵتەچی‌و قسەکەرتر بوون لە کوردەکان‌و مەعلانی خۆلادان بوون لە کاری گران. لەگەڵ خۆیاندا خاکەنازی ئەسپەرەداری بچووکی کشتوکاڵی خۆیان دەهێنا. ئەم ئامێرە زۆر بێسوود بوو بۆ خاکی بەرداوی، کە کیون‌و نوێڵمان دەدانێ یاری پێبکەن، پێدەکەنین، بەڵام ساڵی دوایی، کە دەهاتنەوە خاکەنازە سەیرەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە. وابزانم حەزیان لەوەبوو، کە وەک داردەست بەدەستیانەوە بێت.

ڕۆژانەیان وەک کرێکارەکانی‌تر بوو، بەڵام کەمیان خەرج دەکردو هەوڵی ئەوەیان دەدا هەتا بتوانن پاشەکەوت بکەن، بۆ ڕۆژانی بێکاریان لە زستاندا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر ئەوە زۆر لاوازو بێهێز بوون، برسی بوون. هەر ئەوەندەم بۆ دەکرا، کە خواردەمەنی هەرزانتر لە بازاڕیان بۆ پەیدا بکەمو نرخەکەی لە رۆژانەکانیان دابشکێنین. لەبەر جیاوازی خۆراکی کرێکارەکان، دروستکردنی چێشتخانەی گشتی کارێکی گران بوو.

عەرەبەکان حەزیان بە ژیانی ناو شاخ نەدەکردو ئەمەشیان دەدرکاندو فێری بەرد هەڵگرتن نەبوون. لەبەر ئەوە ئەگەر شوێنێکی نەرمان لە سەر رێگاکە هەبووایە ئەوان هەڵیان دەکەند. هەموو ساڵێک لە بەهاردا، کە بەفر دەتوایەوە ئەو رێگا دوورەیان دەبڕیو دەهاتنەوە بۆ کار وام لێهاتبوو یەکە یەکە دەمناسینو لێم دەپرسین بۆچی ئەمساڵ فلانەکەس نەهاتەوە، ئەوانیش بە روویەکی خۆشەوە وەلامیان دەدایەوەو پێیان خۆشبوو، کە ئەوانم لەیاد ماوەو دەیانگوت: عەمری درێژی بۆ تۆ بەجێهێشتو پار زستان عەمری خوایکرد. هەندێ جار بە گاڵتەوە پێمدەگوتن: من پێم نەگوتن جارێکیکە نەیەنەوە! چونکە هەر کاری بەرد هەیەو ئێوە دەتانگوت لە کورد دەترسێنو لەوانەیە روتمانبکەنو بمانکوژن. ئەوانیش وەلامیان دەدایەوەو دەیانگوت راستە، بەلام ئێمە لە مێژەوە لای تۆ کاردەکەین، تۆ لێمان تورە دەبی، بەلام هەموو جارێک کارمان دەدەیتێو ئاگات لێمان دەبێت. لە راستیدا ئێمە هیچ جەردەو دزمان لە سەر ئەم رێگایە تووش نەبووە. ئینجا ناچار، لە پارچە رێگایەک دەگەڕام، کە نەرم بێتو بۆ کاری ئەوان بلوێت.

کوردەکانی ئێران لە هەموو کرێکارەکان گرنگتربوونو هەمیشە ئامادەبوون کاتێک، کە داوا دەکرانو ناویان دەخوێندرایەوە بۆ کارکردن. ئەمان بریتیی بوون لە کرێکاری لێزانو بەردەوام لە سەر ئەو رێگایە لە کاردابوون، چونکە شوێنیان نەبوو بۆی بچن. وام هەستکردبوو، کە زۆربەیان پیاوخراپ بووبن، لە گوندەکانیان دوورخرابێتنەوە، لەبەر ئەوە روویان کردبووە عێراق بۆ کار دۆزینەوە. ئەمانە بەقەدەر دوو کەس کاریان دەکردو زوو فێری بەکارهێنانی نوێڵو کیون دەبوون، بە ئاسانی سەنگی گەورەیان هەڵدەسەنگاندو دەیانبردە شوێنی لواو لە سەر رێگاکە، کە کرێکارەکانیتر لایان کارێکی گرانبوو. زۆربەی زۆریان بێژن بوون ((وەک بۆ خۆیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیانگوت))و لە عەرەبەکان پارەیان زیاتر سەرف دەکرد، ئەوەی دەمایەوە بە قومار دەیاندۆڕاند.

ئەگەر جلوبەرگی کوردیو عەرەبی سەرنج راکێش بێت، بەرگی ئێرانی سەیرترە. کراسەکانیان زۆر بە هی کوردیو عەرەبی دەچوون، بەڵام لە سەر کراسەوە، بەرگی کۆنەی هەمەچەشنەی خۆرئاواییان لەبەر دەکردو جزمەی ئەوروپیان لەپێ دەکرد هەرچەندە زۆریش دڕاو بووایە. قەت نەدەزاندرا لە کوێوە ئەم قاپوتو پانتۆڵانەیان دەهێنا. لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سیستەمی ئاڵوگۆڕی جلەکۆنە ئەوەندە ئاڵۆزەو ئەم دەستو ئەو دەست دەکات.

ئەو کرێکارەی بە بەردەممدا تێدەپەڕێت، چاکەتی ئەفسەری سوپای بەریتانی لەبەردایەو وای بۆ دەچم، کە لە شوێنێکی سوپایی دەستی کەوتووە، یان بە وەرگرتن یان بە دزین. کرێکارێک پاڵتۆیەکی مۆدێلی ١٨٥٠ی لەبەردایەو نەزاندرا چۆن دەستی کەوتووە. یان یەکێک چاکەتی ژنانەی لەبەردایەو لە پێستی دەڵەک دروستکراوە، بەڵام توکەکەی هەڵوەریوەو لەوانەیە رۆژێک لە رۆژان خاوەنەکەی لە سەر شەقامی بۆند ستریت پیاسەی پێوەکردبێت.

زۆربەی ئەو کوردانەی ئێران، جلەکۆنەی ئەورووپایی سەیر سەیریان لەبەردابوو، ((لە ئێران بەم جلە کۆنانە دەڵێن تەنەکورا. وەرگێڕ))و زۆر بە قەدروە ئاگایان لێ دەبوو، کە بدڕایە پینەیان دەکردو هەڵبووەشایە دەیاندووریەوە. بە شەوو رۆژو چوار وەرزە لەبەریان دەکرد. جلی ژێرەوەشیان زۆر کۆنو پینەکراو بوو، بەڵام زوو زوو دەیانشوشتو بە پاکی رایان دەگرت. زۆریان لەوەوپێش لە کاری ئەندازیاریدا کاریانکردووەو لە رێگەوبانو هێڵی شەمەندەفەرو کۆمپانیای نەوتدا شارەزاییان هەیە. لەبەر ئەمانە زۆر بە تێبینیو ژیرییەوە لەگەڵ کارەکانیاندا دەجوڵانەوە. هەندێکیان پسوڵەی کاریان پێبووو تواناو هەڵسوکەوتیانی تێدا نوسرابوو.

ئەگەر یەکێک لە کرێکارەکان داوای پسوڵەی کاری بکردایە، داواکەیم رەت نەدەکردەوە، چونکە ئەم پسوڵەیە بەسودبوو بۆ کارکەرو خاوەنکاری تازە. رووداوێک، کە پەیوەندی بەم قسانەوە هەبێت بەم شێوەیە روویدابوو. یەکێک لە ئەندامانی هێزی ئاسمانی پاشایی بەریتانی R.A.Fبەسەرهاتی خۆی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گێڕامەوەو دەڵێت جارێکیان لەگەڵ چەند برادەرێکدا بە ئۆتومبێل رووویانکردبووە بەشێکی چۆڵی رێگاکەمانو لە گوندێکی کوردیدا پشوویەکیان دابوو. ئەوەندەیان زانیبوولەلایەن چەند چەکدارێکی کوردە خێڵەکییەکانەوە دەوریان گیراوە. ئەوانیش راچڵەکیونو کوردیان نەزانیوەو لەو چاوەڕێکردنەدا دەمانچەکانیان خستبووە سەرڕێ. سەرۆکی تاقمە کوردییەکە لە جیاتی ئەوەی بە خەنجەرو دەمانچەو تفەنگ روویان تێبکات، پسوڵەیەکی خستبووە بەردەمیان لە پسوڵەکەدا نوسرابوو، کە عەزیز ئاغا دوو ساڵ لای ئەو کاری کردووەو ئیمزاکەش هی من بووە. لادێییەکان هەر ویستویانە، کە بزانن ئایا میوانەکان حەزیان بە ترێ هەیەو سەرۆکی گوندەکە ئەمەی بە هەل زانیوەو ئەو پسوڵەیەی پیشانداون. هەر کرێکارە ئێرانیەکان بوون شارەزای تەقاندنەوەی بەردو دروستکردنی پرد بوون هەرچەندە چەند عەرەبێکیش لەم کارەدا شارەزاییان پەیداکردبوو.

یەکێک لە پێویستییەکانمان، بەردی نەقاڕی بوو، ئەم کارەش بەدەست ئاشوورییەکانەوە بوو. کرێکارەکان بەردیان بۆ دەهێنانو ئەوانیش بە قوڵینگ رێکیان دەخستو بیرازیان دەکردو بەم بەردانەش لەو قەد پاڵانەدا هەتا گەیشتە بەرزایی شەش مەتریش، وشکە دیواریان دروست دەکرد. ئەم دیوارانە دەبووایە ئەوەندە قایم بوونایە، سەنگی رێگاکەو رۆڵەی هەڵمینی پەستێنەری رێگاکەش هەڵبگرن. دوای ئەوە ئەگەر پارە هەبووایە رێگاکە قیرتاو دەکرا.

لە بانەمان دەستمان بە کار کردو هەرچەند ئامێرێکی رێگا دروستکردنمان هەبوو، بەڵام لە ساڵانی دواییدا ئامێری جۆراوجۆرمان بۆ هات. رۆڵەیەکی هەڵمینو بەرد شکێنێکو تراکتۆرێکمان بۆ هات. تراکتۆرەکە بە رۆژ بەردی دەگواستەوەو بە شەویش بەرد شکێنەکەی کار پێدەکرد. زۆر دڵم بەو مەکینانە خۆشبوو، حەزمدەکرد پیشانی خەڵکیان بدەم چۆن کاردەکەن، هەتاکو بەدەست شۆفێری نەزانیشەوە. ئەو کەسانەی خرابوونە سەر ئەم مەکینانە، زوو زوو بریندار دەبوون. سەکنی رۆڵەکە یەکەمین یاسای زانستی لەمەڕ ستیڤن لیکوکی نەدەزانی، کە ئەگەر بێتو ئەنگوستەکانت بخەیتە نێوان چەرخی ددانەدارەوە، چەرخەکە بسوڕێتەوە ئەنگوستەکانت دەپەڕێنێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشبەختانە هەر بەشێکی زۆری دەستی ڕاستی سەکنەکە پەڕی بوو. یەکێکیتریش دەستی زۆر خستبووە ناوەوەی بەرد شکێنەکەوە. زۆر دڵخۆشبووم بەوەی مشاری چەرخیمان نەبوو، ئەگینا کەمێک لە کرێکارەکان بە ساغی دەمانەوە.

کە بەسەرهاتی وەها ڕوویدەدا، بۆخۆم بە پێی توانا برینپێچیم دەکرد، دەرمانی پێویستی زوو فریاکەوتن First Aid هەمیشە ئامادەکرابوو. لە دوایيدا بریندارەکانم دەبرد بۆ لای پزیشکە سورییەکە لە هەولێر، ئەویش درێغی نەدەکرد بۆ چاک بوونەوەیان. ئەو کرێکارانەی بریندار دەبوون، یارمەتی ڕۆژانی نەخۆشیم بۆ دابین دەکردن، ئەگەر توشی کەم تواناییو کەم ئەندامی ببونایە، بژاردنی ئەو زیانەم بۆ وەردەگرتن. دوای یەک دوو ساڵ وەزارەتی دارایی ئەم کارەی خستە ئەستۆی خۆی. وا دیاربوو، دەبووایە بڕیاری پەرلەمانی بۆ دەرچێت، بۆ هەریەک لەو ڕووداوانە. ئەمەش کاتێکی زۆری دەخایاندو پارەکەش زۆر کەم بوو، زۆر جاریش لە هەشت پاوەندی ئیستەرلینی تێنەدەپەڕی.

ڕۆژێکیان ڕووداوێکی سەیر قەوما،و یەکێک لە ڕۆڵە هەڵمینەکانمان لە دەست دەرچووبوو. چەند ئەندازیارێکی ئاودان هاتبوون بۆ سەردانم. یەکێکیان گوتی: تۆ کارەکەت زۆر پێشکەوتووە. کاری ڕۆڵە هەڵمینەکەت لەو لاقەد گردەینە ئەودیو بەبەرچاومانەوە بوو. شۆفێرەکەی بەراستی مەعلانە. لەو نشێوەدا لە سەر پەنجا کیلۆمەتر لووسی دەهاتە خوارێ. هەر بە پانزە سانتیمەتر دوور لە ئۆتۆمبیلەکەمانەوە بەتەنیشت ئێمەدا تێپەڕیبوو. بینیمان سەر بەرەوخوار خێراتر دەڕۆیشت هەتا لە سوچێکدا لەبەرچاومان بزر بوو. بەراستی بەدەستهێنانێکی ئاشکرایە. تۆ چۆن توانیت لەم ماوە کورتەدا پیاوێک فێرکەیت ئەوها مەعلان بێت؟

لە ڕقدا توکی سەرم ڕاوەستا. هیچ ڕۆڵەی هەڵمینێک بۆی نییە لە هەشت کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا خێراتر بێت ((میوانەکانم ئەم ڕاستیەیان زۆر باش دەزانی)). لە سەر ئەم ڕێگایە لەمە خێراتر بێسوودو خەتەرە. لەوەش خراپتر ئەم بەیانییە باشترین شۆفێم خستبووە سەر لیستی نەخۆشەکانو ڕۆلەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابووە دەست کابرایەک، تازە فێری شۆفێری دەبوو. دیارە نەیزانیوە کام گێبڕ بەکاربهێنێت بۆ کام کار. من وێنەکەم هێنایە پێش چاوم، کە ئێستا تایەی تێکشکاوو بۆیلەری هەڵم لەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوەو یەکێک لە ژێریاندا کەوتووە. ئەم وێنەیەم لە یادی خۆمدا هێشتەوە. لە هاتنیاندا میوانەکان گوێیان لە هیچ تەقینەوەیەک نەبووبوو، سوپاس بۆ خوا، کە بەو پانزە سانتیمەترە رزگاریان بووە.

منیش هیچ خۆم تەریق نەکردەوەو خۆم تێک نەداو لەسەرخۆ گوتم: ئا، بەڵێ دەبێ سوود لە کرێکارەکانمان وەربگرین‌و توانیمان شۆفێری باشمان دەستکەوێت، ئێوەش خواتان لەگەڵ‌و بەگەیشتنەوەتان ئاگادارم بکەنەوە. لە کاتێکدا دەستم هەڵبڕی بوو بۆ دوعاخوازیان، بە توندی بەرەو ئەو شوێنە چووم، کە ئەوان لێوەی هاتبوون. بەسەر ئەوەدا چووم، کە مەکینەکە وەستابووو چەتاڵەکەی پێشەوەی شکابوو. لە وەرشەی لۆریەکەماندا توانیمان چاکی بکەینەوە. ئەم وەرشەی لۆرییە گەلێک ئامێری کاری ئاسانی تێدابووو لە بەغدادوە ناردبوویان‌و بۆ ئێمە زۆر بەسوود بوو. ئەم رۆڵە هەڵمینە ئەنجامی بەسەرهاتەکەی پێشتربوو، لە هی ئەوەی لە کەرکوکەوە بۆیان ناردین، کە بە تازەیی لە ئینگلتەراوە ناردبوویان. شۆفێرەکەی، کە پێیان سپاردبوو ئەم رۆڵەیە لە کەرکوکەوە بگەیەنێتە هەولێر، شۆفێری رۆڵەیەک بوو لە دەشتەکاندا. پێی گوترابوو، رێگای ناوشاخ وەک هی پێدەشتەکان نییە. بەڵام خۆرهەڵات (وەک خۆرئاوا) پڕە لە خەڵکی گوێنەدەر. کاتێک ئەم ئامۆژگارییانەی پێگەیشتبوو، ددانە زێڕینەکانی بریقابوونەوە.......... . ئایا نەیدەزانی لێی بخورێت؟ ئایا چەند ساڵێکە لێینەخورێوە؟ ئایا هیچ رۆڵەیەکی ئینگلیزی هەیە ئەو لە پێنچ چرکەدا فێری لێخوڕینی نەبووبێت؟ هەڵبەت نەخێر. رۆڵەی هەڵمین! ئەو لە ناو یەکەمینەکاندا لە دایک بووبوو.

شتێکی کاریگەر هەیە لە بابەت پاراوی بەرەو پیرچوونی چاکەی راستەقینەوە. لە هەموو رۆژێکی حەفتەدا لەلایەن پیاوانی بڕوا بەخۆوە خشتی زێڕینی زۆر لە لەندەندا دەفرۆشرێت، بەڵام لە کاتی تەنگژەییدا ئاگایان لە خۆیانەو خۆیان دوور دەگرن‌و لە کارێکدا بەشداری ناکەن، کە بەرەو روویان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببێتەوە. هەر وەک رۆڵە هەڵمینەکەی پازدە کیلۆمەتر لە دەرەوەی کەرکوکدا لە سەر پشت کەوتبووە ناو دەراوی رووبارێکەوەو پارچەکانی روویانکردبووە ئاسمان‌و شۆفێرەکەش لە ژێر مەکینەکەوە بە چنگە کرێ لە قوڕەکە رزگاری بووبوو، قوڕ بەسەر بەڵام عاقڵتر بووبوو.، کە راستیان کردبووەوەو رایانکێشابووە دەرێ، ئەو رۆڵەیە قەت نەهاتەوە سەر دۆخی جارانی‌و قەت ئەو غەدرەی لێیکرابوو لە بیری نەچووبووەوەو بۆ چەند ساڵێک رقی لە ئێمەش هەڵگرتبوو.

هەرچی برینداریەک روویبدایە، یەکسەر دەبیندراو چارە دەکرا. لە ئێوارانداا چاوم بە برینداری ئاسایی‌و نەخۆشەکان دەکەوت‌و چارەم دەکردن. دەرمانەکانیشم لە سندوقێکدابوون، لە بەشی تەندروستییەوەو پزیشکە سورییەکەوە بۆم هاتبوون. بە ئامۆژگارییەکانی ناو سندوقەکە دەمتوانی هەموو بابەتێکی نەخۆشییەکان چارە بکەم‌و لە نەخۆشی ئاساییەوە هەتا وردە نەشتەرگەری. بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشەکانم زۆر بە دڵخۆشییەوە دەچوونە دەرەوەو چاک دەبوونەوە. لە سندوقەکەدا دەرمانی جۆراوجۆرم هەبوو، وەک شوشەیەک یۆدو کنین‌و ترشی بۆریک ئەسیرین‌و خوێی ئیپسم‌و موفیا ((لەسەری نوسراوە ژەهر)) رۆنی گەرچەک پڕ مەنگەناتی پۆتاسیۆم‌و مەقەست‌و لەفاف دەزوی دورینەوەی برین‌و تەتەی گرتنەوەی شکانی ئێسقان‌و گەلێک شتیتر، ئەگەر بهاتایە هەموو فارماکۆپیام هەبووایەو ئامێری هۆدەی نەشتەرگەریم لەبەردەستدا بووایە، دەمتوانی لەوە زیاتر بکەم، کە بە سندوقە بچوکەکەوە کردبوومن.

ئەمەش نمونەیەک لەو حالەتانەی چارەم دەکردن. عەرەبێک دێتە ژووریێ‌و هاوار دەکات گەورەم نەخۆشم، من: کوێت دێشێت؟ عەرەب: بەخوا زگم ((دەستی دەبات بۆ ناوگەڵی)) من: زۆرباشە ((پەرداخێک رۆن گەرچەکم دەدایەو تەماشام دەکرد هەتا هەمووی هەڵدەقوڕاند)) من، ئێستا چۆنی؟ عەرەب: زۆر باشم گەورەم. دیاربوو بەراستی چاک بووبۆوە. هێزی بڕوا ئەوها بەکارە. بەراست هەتا چارەکانم ناخۆشتر بوونایە، ئەوان بڕوایان بەهێزتر دەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو نەخۆشانەی تایان لێ بهاتایە کنینم دەدانێ ((زۆربەیان توشی لەرزوتا بووبوون)) برینەکانیانم بە ئاوی گەرم دەشوشتو بە یۆد دەمبرژاندنەوە. چاو هێشەم بە شوشتن بە ترشی بۆریک چارە دەکرد ((تەراخوما نەخۆشییەکی زۆر بەربلاو بوو)). هەرکەسێک زۆر نەخۆش دیاربووایە دەمنارد بۆ نەخۆشخانەی هەولێر، بەڵام زۆربەی کرێکارەکان تەندروستییان ئەوەندە باشبوو، هەر نەخۆشی سوکیان دەگرت.، کە لە هەولێرو داوودەرمان دوورکەوتینەوە، خێوەتێکی نەخۆشخانەم دانا، بۆ ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە مانەوە هەبوو. لەوێ خواردنی باشیان هەبوو، ئاگاداری باشیان دەکرا. جار جارەش خێڵەکییەکان لە شاخەکانەوە لە شەڕەوە بۆ تیمارکردنی زامەکانیان دەهاتنو زۆر بڕوایان بە چارەسەرە ئاساییەکەی من هەبووو جێگەی دڵنیاییان بوو.

بەسەردا چوونەوەی لیستەی ناوەکانو لیستەی کرێی رۆژانەی کرێکارەکان، بەشێکی زۆری کاتی ئێوارانمی دەبرد، لە کاتێکدا دوپشکەو قالۆنچە بە لاقەدی چادرەکەدا هەڵدەگەڕانو بەسەر لیستەی ناوەکاندا دەڕۆیشتن، ئێواران لە چادرەکەدا دادەنیشتم ((چادر زۆر گران دەستدەکەوتو چادرەکەی خۆشم وەک هی کرێکارەکان پینەکراو بوو))و کرێی هەر یەک لە هی کرێکارەکانم دەژمارد. دابەشکردنی رۆژانە هەموو بیستو چوار سەعاتێک، کارێکی هێجگار ماندووکەربوو. ئەو شەش سەد کرێکارەم دابەشکردبوو بە تاقمی بیست کەسی، هەر تاقمەش کەسێک لێپرسراوی بوو، هەر یەک لەمانەش بەرپرسیار بوو لە کاری تاقمەکەی خۆیو ئامێرەکانیان. ئەگەر شتێک بزربووایە، نرخەکەی لە کرێی ئەو دادەشکا.

هەندێ جار ئارد کەم دەبوو، ناچار لە هەولێر دەمانکڕیو بەسەر کرێکارەکاندا دابەشدەکراو نرخەکەی لە کرێی رۆژانەیان دادەشکا. هەر یەکێک لە کرێکارەکان رۆژانەی خۆی دەزانی، ئەگەر کەمی بدرایە، چارەسەر دەکراو ئەگەر یەکێک بە هەڵە زیادی وەربگرتایە ئەوا هیچ دەنگی نەدەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژانەدان کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە نیوەی لیستەکان بە عەرەبیو کوردی نوسرابوون. دەبووایە ئاگام لەوەبووایە، کە سفری (٠) ئینگلیزی پێنجی عەرەبیە (٥)و حەوتی ئینگلیزی وەک شەشی عەرەبی وایە. لای من شەستو پێنجی عەرەبی (٦٥) دەبوو بە حەفتای ئینگلیزی (٧٠)، بەڵام نەوەتویەک هەر وەک خۆی دەمایەوە (٩١).

شێوەی ناردنی پارە لە خەزێنەی هەولێرەوە، کارێکی نەشیاو بوو. عێراق چەند ساڵێکی ویست تا سکەی خۆی لێدا. لەو سالانەدا ئەو پارە شڕو پارچە پارچە بووو پیسەی هیندیان بەکاردەهێنا، کە زۆریان بە سرێشو دەرزیلە پێکەوە نوسێندرابوون. ئەوەندە پیسو شڕبوون، لەبەرڕەنگی مەرەکەبو هەتا خوێنیش، نووسراوەکانیان دیار نەبوو. چەندان دەستیان کردبوو. لەو وڵاتە پڕ لە ئاشوبەدا، بەناو ڕووداوی سەیردا، ڕەتبووبوونو ئەم دەستو ئەو دەستیانکردبوو.

دەبووایە چەندان جار ئەو پارانەم بژماردایە، پێش ئەوەی لە ژمێریارە ڕەنگ زەردەکەی وەربگرم. ژمێریارەکە نیشانەی سیلی پێوە دیاربوو، بەڵام قەد هەڵەی نەدەکردو زۆر بڕوام پێیبووو هەوڵی دەدا پاکترین پارەی کاغەزم بداتێ. بۆ ئەو زۆر ئاسان بوو فیڵم لێبکات، چونکە کاتێک پارەکەم وەردەگرت، لە سەر من ئەژمار دەکرا. زۆرجار ڕێکدەکەوت پارەی کاغەز دەست نەدەکەوت، کیسەی زۆری وردەم وەردەگرت. ئەوەندە سەنگیان زۆربوو، باری ئۆتۆمبیلەکەمیان گران دەکرد. زۆرجار هەر کاغەز هەبوو، ناچار هەر بە کۆمەڵ ڕۆژانەکانم دەدانێ، ئەوان لەناو خۆیاندا ئەژماریان دەکرد. زۆر سەیربوو، کە هیچ جۆرە نارێکییەک لەم شێوە دابەشکردنەدا دروست نەدەبوو. هەر کرێکارێک دەبوو پەنجەی لە سەر سێ لاپەڕە هەبووایە، وەرگرتنی شەش سەد پەنجە بە سێ نسخە، کاتێکی زۆری پێویستبوو، هەتاکو نیوە شەو، خەریکی ئەم کارە دەبووم. دەبووایە بە شەوو لەبەر ڕووناکی چرادا ئەم کارەم بکردایە، بزانە شەش سەد سێبەر لەبەر دەمما دەجولانەوەو لەو تاریکییەدا چاوەڕوانی نۆرەیان دەکرد بۆ وەرگرتنی ڕۆژانەکەیان. کاتێک، کە باران دەباری، ئاگام لە خۆم نەدەبوو، لیستەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەکانم تەڕ دەبوون. ئەگەر ئەم کارەم بە دەستی خۆم نەکردایە، لەگەڵ ژمێریاری بەشەکەماندا توشی کێشە دەبووم. وەک ئایا ناوی ئەحمەد موراد لە لیستەی یەکەمدا بۆچی بووە بە موراد ئەحمەد لە لیستەی دووەمدا؟ وەڵام: چونکە دوو کەسی جیاوازن. پرسیار: پێمان بڵێ بۆچی کەریم خان پەنجەی دەستی راستی داوە لە جیاتی دەستی چەپی؟ وەڵام: لەبەر ئەوەی دەستی چەپی نییەو دامان مەزراندووە بە هێشکچی عەمبار. دوای دوو ساڵ هەم دیسان پرسیار لە سەر هەمان لیستە کرایەوە. پرسیار: لاپەڕە....کات....رۆژانەکانی عەبدولقادر، راست کۆنەکراونەتەوە وهەشت عانەی زیاد دراوەتێ، دەبێ ئەم پارەیەی لێبسەندرێتەوە. جارێکیتر ئەم هەڵانە نەکەن. وەڵام: عەبدولقادر هەژدە مانگ دەبێ مردووەو ناتواندرێت پارەکە بسەندرێتەوە. پرسیار: هەڵەکان راستبکەنەوەو ئەوەی ئێرانییە دەریکەن. وەڵام: عەبدولقادر رەگەزنامەی عێراقی وەرگرتووەو عێراقییەو هەشت عانەکەش لە سەر من ئەژمار بکەن‌و خەریکین رەگەزنامەی عراقییەکان بپشکنین. زۆرجار رێدەکەوت دوای رۆژانەدان خەڵکان هەبوون، کە هەڵە هەبووە لە رۆژانەکانیانداو دوای پرسیارو لێکۆڵینەوە، دەردەکەوت داواکانیان رەوایە. ئەمان بە خۆڕایی ئەم داواکاریانەیان نەدەکرد، چونکە دەیانزانی من هەڵسوکەوتم باشبووە لەگەڵیاندا.

کات بردنەسەر هەر بۆ دەرخستنی راستی‌و درۆی داواکردنی پارەی زیاد وەرگرتن نەبوو، بەڵکو بۆ چارەکردنی دەمەقاڵ‌و شەڕی نێوان کرێکارەکان بوو. بۆ دەرخستنی راستی دەبووایە سوێندیان بخواردایە بە قورئان یان بەسەری کوڕەکەیان، یان بە تەڵاقیان، بەڵام خۆیان لە دارەتی خەتاباری نەدەدا. هەرچۆنێک بێت دوای هەوڵدانێکی زۆرو لەسەرخۆ، دەمانتوانی هەردوولا خاوبکەینەوەو پێکیان بهێنین.

لەدواییدا رۆژ تەواو دەبووو شەویش باڵی تاریکی بەسەرماندا دەکێشا، برین پێچی تەواو دەبوو، رۆژانەش دەدراو دەمەقاڵەیش دەبوو بە ئاشتبوونەوەو جێگاکەشم دەگوازرایەوە بەر ئاسمانێکی سافی پڕ لە ئەستێرە. شارستانییەکی کۆن بوون لە عەرەب‌و کوردو ئێرانی‌و ئاشووری‌و ئەرمەنی‌و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیندوستانی. کۆمەڵ کۆمەڵ لێرەو لەوێ، عەرد راخەرو ئاسمانیش سەرپۆشیان بوو لەژێر ئەو مانگە شەوە گەرمەدا لێی دەخەوتن. ئەو تێکەڵە هەڕەمەکییە، هەموو جیاوازییەکان بەلاوە داناو دەچووینە وڵاتی خەوەوەو لەدوای دوانزە سەعات کاری گران لەژێر گەرمای هاویندا، دەچوینە ناو خەوێکی شەکەتەییەوە. لە دوورەوە پیاو گوێی لە تەقە تەقی بەردشکێنەکانی تاقی شەو دەبوو، هەرچەندە ئێمە لەگەرمەی خەودا بووین بێ ئەوەی گوێ بدەینە پێوەدانی مێشوولەو ترسی کاری سبەینێ. هەرچەندە جیاوازیمان هەبوو لە جلوبەرگو زمانو نەریتو ئاییندا، بەڵام خەوتنو مردنو شێوەی سەرەکی ژیان، هەموو وەک یەکین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی دەیەم

## قولایی دۆڵەکە

لە زستانی کوردەواری ساڵی١٩٢٨دا، لە گەلی عەلی بەگدا دەکەوێتە دواییینەی دۆڵی رەواندوزەوە، کامپمان دامەزراند. دەبوو بۆ دوو ساڵ لەو دۆڵە لە رووبارو لوتکەی هەزار بە هەزارو سەختدا بمێنینەوە، بەڵام دووساڵی پڕ لە خۆشیو بەسەرهاتی سەیر بوونو نەمزانی کە سەرکەوتن یان ژێر کەوتنی پرۆژەکە لەسەر گەلی عەلی بەگ راوەستاوە. دوای چەند مانگێک لەلێکۆڵینەوە، رێگایەک لە تەختی دۆڵەکەوە دۆزرایەوە، کە بەخەیاڵدا نەدەهات ئەم رێگەیە((رێچکە)) ببێتە رێگا، لە کاتێکدا کاروانە رێیەکە بە شوێن رێگاکەماندانداربوو.کاری پشکنینی قولایی دۆڵەکە، هیچ دوور نەبوو لە خۆشییەکی بێئەندازە.لە خوار کامپەکەی رووباری ئالانەوە، ئاوەکە بە قەڵبەز بەسەر ئەو بەردانەداو بەناو گەورەیی سێبەردا دێتە خوارێ، وەک ریشوو گیاقەیتەرانی پیادا هاتۆتە خوارێ، لە دواییدا بە خوڕ وەک باوەشێن بڵاو دەبێتەوەو دەڕژێتە ناو رووباری رەواندوزەوە. ئەم شوێنە شێوە لۆکەیەکی جوانە، دارستانەکەی چڕەو جۆگەلەو کانیاوی روونی تێدایە. لە خوارەوە جۆگەلەکە پەنگاوەتەوە، بە گاشە بەرد گیراوە کە لە شاخەکەوە بەربوونەتەوە. رامالکردنی ئەمبەری دۆڵەکە، تەنگژەی خۆی هەبوو، بەڵام من



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو بڕوایەدا نەبووم کە کاری ڕێگاکە خۆی لە چەند شوێنێکدا نەبێت، ئەوەندە ببێتە هۆی دڵتەنگی.

دۆڵە سەرەکییەکە شتێکیتر بوو، لە سەرەتاوە وا دیار بوو کە چوونە ناوەوەی کارێکی نەکردە بێت. نەماندەتوانی لە خوارەوەی ڕووباری ئالانەوە بۆی بچین، چونکە لەو شوێنەدا کە هەردوو ڕووبارەکە یەک دەگرن، شاخەکە لووس هاتۆتە خوارێو قەڵبەزەی بێ هاوتای ڕووباری ئالان لەسەر بەرزایی ئەم شاخەوە هەڵدەرژێتە خوارێ. لە کاروانە ڕێیەکەوە، بە ڕێچکەیەکی مەڕو بزندا، سەر بەرەو خوار بەو هەڵدێرەکەدا گەیشتینە ڕۆخی ڕووبارەکە. لە چەند ڕوانگەیەکەوە لەم ڕێچکانەم کۆڵییەوە، بۆم دەرکەوت لەوانەیە لەیەک دوو شوێنەوە بتوانم سەر بەرەوخوار پێیاندا بچم. کە گەیشتینە خوارێ وادەهاتە بەرچاو کە لە خوارەوەی دۆڵەکەدا جێپێی باشی تێدا بڕەخسێت، بەڵام نشێوەکە زۆر ترسناک بوو، قەت ئەو سامەم لەیاد ناچێت کە گەیشتمە شیوەڵۆکەکە، نەک کەندەڵانەکە سامناکەکەی تەختی دۆڵەکە.

ڕۆژێکی لەیادنەچوو بوو کە لە قوڵایی دۆڵەکەدا دەگەڕاین، لەگەڵ تاقمێکی پاچ بەدەستەوە، لە کاروانە ڕێیەکەوە، چووینە سەر ڕێچکەیەکی مەڕو بزن، بەو لاپێیەدا چووینە خوارێ هەتا گەیشتینە لێواری کەنەی تەختی دۆڵەکەو لەوێدا ڕاوەستاینو پیرۆزباییمان لەیەکدی کرد، بەڵام دڵخۆشییەکەمان زۆری نەبرد کاتێک بۆ ماوەیەک بە ڕۆخی ئاوەکەدا ڕۆیشتین، کەندەڵانەکە وردە وردە تەسک دەبووەوە. لەڕۆیشتندا بەرەو پێش، زۆر جار دەبوایە خۆمان بە لقە دارهەنجیری پیرەڵۆکەوە بگرین کە لە درزی تلیشەبەردەکاندا ڕووابوونو لەگەڵیاندا زریچکاو دەهاتە خوارێ. ئەم زریچکاوانە سامناکی ڕێگەکەیان زیاد دەکرد بەوەی کە قەوزاویو لینجو خلیسک بوون، لە دواییدا ڕێگەکە بە گابەردێکدا تێدەپەڕێت کە دەبووایە چەندجارێک خۆمان بچەماندایەوەو لە دوایدا دەبوو بە گاگۆلکە بڕۆیشتینایە، دواجاریش بەزگەخشێ، زۆر جاریش لاقێکمان شۆڕ دەبووەوە بەسەر لێواری کەندەکەدا کە یەکسەر دەیڕوانییە سەر گۆلاوو بەردەڵانی ڕووبارەکەی خوارێ. دوای سەد مەترێک کەندەڵانەکە پانتر بووەو توانیمان جارێکیە ڕاست ڕاوەستین. بێ گومان بەوری بەیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم شوێنانە بە هێمنی دەزانێت، بەڵام کاتێک من هاتمەوە سەر خۆم کە تاقمەکەم بە سەلامەتی بینییەوە. دوای ئەوە بە بەرزاییەکەدا سەرکەوتین، کە بریتیی بوو لە سەکۆیەکی سروشتی لە کانییەکی سەرەوەیدا ئاوی بەسەردا دەپرژاو دڵۆپە ئاوەکان، لەبەر تیشکی خۆری نیوەڕۆدا کە بە قوڵایی دۆڵەکەدا هاتبووە ناوەوەو لە نێوان گەڵاو لاسکی تەڕی گیاقەیتەرانەوە، پەلکە زێڕینەیەکی دروستکردبوو. کاتێک کە نشێوبووینەوە بۆ ڕێکی ڕووبارەکە، ئەمجارەیان ڕێگاکەمان بە ئاوێکی تەوژم گیرابوو، کە لە لاقەد تاشەبەردێکەوە دەهاتە دەرێ هەر وەک ئاوەکەی کانی بێخێر. دوای هەندێک ئەملاو لا، توانیمان بە بەردەباز بپەڕینەوەو لەوێدا ئەوەندەی نەمابوو یەکێکمان ئاوەکە بیبات، ئەگەر برادەرێکی نەبووایە کە بەفریای کەوت. ئەم کانیاوە شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو بۆ ئێمە، چونکە هەفتەیەک لەوەوپێش لە کۆنە ڕێگایەکەوە تەماشای ئەم شوێنەمان دەکرد کە لە خوارمانەوە بوو، ئەم کانییە لەم شوێنەدا نەبوو. دوای مانگێک کە بەم شوێنەدا تێپەڕین، بینیمان کانییەکە وشکی کردبوو. وادیارە هەر دوای بارانێکی زۆر ئەم کانییە دەژێتەوە ((لە کوردەواریدا بەم جۆرە کانییە دەڵێن کانی بەهارە.وەرگێڕ)) چونکە دوای ئەو هەموو ئاوە زۆرە هەر زریچکاوێکی مابووەوە وەک بڵێین جادوگەرێکی شاخی، دەرگای کانییەکەی کردبێتەوە بۆئەوەی ڕێ لە ئێمە بگرێت، کاتێک زانی بێسوودە، ناچار دەرگاکەی کردبێتەوە. هیچ کانیاوێکی کوردستان نییە کە بەسەرهاتێکی سەیری نەبێت، هەروەک ئەوەی گیانێکە شاخی لە ناودا بەند بێت. ئیستا گەیشتمە شوێنێک بۆ سەرسوڕمانمان وادەردەکەوێت کە ڕێگاکە بەدەستی ئادەمیزاد دروست کرابێت، دەبێ چەند سەدەیەک کۆن بووبێت، چونکە دوو پردی لێبوو، پایەی یەکێکیان هێشتا هەر بە پێوە بووو بەشێکیشی لە دیوارە بەردەکەی ڕێگاکە مابوو، بەڵام بەشی زۆری ڕێگاکە بەهەرەسی هەڵدێرەکەی سەرەوەیەوە تێکچووبوو. لەم شوێنەدا خۆمان بەتاشە بەردەکانەوە دەگرتو خۆشبەختانە پەتو شیشی ئاسنمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو توانیمان بەوشێوەیە ڕەتبین. بەرەوسەر هەڵگەڕاین، هەتاکو گەیشتینە شوێنێکی بەردەڵان کە بە سەد مەترێک لە ژێر کاروانە ڕێیە کۆنەکەدا بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەر نیشانەکانی کۆتایی ژیاندا چووین، کە بە هۆی ڕێگا ناهەموارەکەی سەرمانەوە ڕوویاندابوو شوێنێکی زۆر سامناک بوو. بەهەر چوار دەورماندا، دوندی شاخەبەرزەکان بووو بەتەنیشتمانەوە ڕووبارە بە تەوژمەکە بوو، لەبەر دەممان ئێسکو پروسکی مرۆڤو وڵاخو ئامێری سەربازیو شتومەکی پارچەپارچە بوو بوو، کە هەمووی لە ڕێگا هەڵدێرکەکەی سەرەوە بەربووەوە. لەو شوێنەدا ڕاوەستاین، بیرمان لەو سەرکێشییە دەکردەوە، کە ئێمەی گەیاندۆتە ئەم شوێنە ناهەموارەو ئەو ڕەوتەی کە گرتوومانەو لێدەرچوونی زۆر گرانە. ئایا دەتوانین لەم دۆڵی مردنە ڕزگارمان ببێتو هەستمان بەوە کرد چۆن خۆمان خزاندۆتە ئەم بەندیخانە سروشتییەی کەوا دەردەکەوێت ڕێمان لێگیرابێتو دەربازنەبین. بەسەغڵەتی بە چوار دەورەی خۆماندا دەمانڕوانی، هۆشمان هەر لەگەڵ کاری ئەمڕوماندا بوو بۆ ئەوەی شوێنێک بدۆزینەوە بۆ ڕێگا تازەکەمان. لەوبەری ڕووبارەکەوە لە شاخەکەوە سەرچاوەی ئاوی باڵەکیان هەڵدەقووڵا. لە ڕاستیدا لەو پەنجەرە سروشتییەوە بوو کە دەشتی سەوزی دیانەمان هاتە بەرچاو. لە کاتی گەشتی یەکەمماندا بۆم دەرکەوت کە لەمبەری دۆڵەکەوە ڕێگاکەمان دەبێ لە کاروانە ڕێیەکەوە بڕوات، هەر چەند لەو لاقەدەلێژەدا، بڕینی زۆرمان تووش دەبێت. تاکە دەروو بۆ دۆڵی باڵەکیان، لە دیانەوە دەست پێدەکات، چونکە بێ پرد پەڕینەوە لە ڕووبارەکە زۆر گرانە، ئینجا ناچار بووین بەرەو دوا بە دۆڵەکەدا بگەڕێینەوە. خۆشبەختانە هیچ نارەحەتییەکی ئەوتۆمان تووش نەبوو. ناخۆشترین کاری پشکنینم لە دۆڵی باڵەکیاندا بوو. هەر وەک گوتم: دەبوایە لە دواپینەی دۆڵی ڕەواندوزەوە دەستی پێبکەین. ئەمەش وەها دەگەیەنێت کە لە دۆڵی ڕەواندوزەوە ڕێگۆڕکەیەکی دوورو درێژ بەرپابکەین. لەبەیانییەکی تەڕو تووشدا لەگەڵ مێجەر پوڤەردا دەستمان بە گەشتەکە کرد، کاتێک کە گەیشتینە دەراوی دۆڵی باڵەکیان، باران هەموو جۆگەلەیەکی کردبوو بە ڕووبارێک، لە وولاخەکانمان دابەزینو ئەو پیاوەی لەگەڵماندا هاتبوو، لای وڵاخەکان مایەوە، ئێمەیش هەردووکمان زۆر دوور ئەڕۆیشتین، هاتینە سەر دووڕییانێک بۆئەوەی هەردووکیان تاقی بکەینەوە، هەر یەکەمان بە لکێکدا ڕۆیشتین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە وادیار بوون یەکبگرینەوە، بەڵام وادەرنەچوو هەرچەندە دۆڵەکە تەنگ بوو، بەڵام یەکترمان بزر کرد. باران وەک کوندەی سەربەرەو خوار دایکردبوو، هەموو شتێکی لەبەرچاومان لێڵ کردبوو، هاژەی رووبارە لێڵەکەش کە هەر لەهاتندا بوو، گوێمانی کەڕ کردبوو، گوێمان لە یەکتری نەبوو. هەموو پەناو پەسێوێک گەڕامو سەروخواری دۆڵەکەم پشکنی، هەتا ئەو شوێنەی لەگەڵ دۆڵی رەواندوزدا لێکدەدا، بەڵام بێسود بوو. زۆر سەغڵەت بووم، چونکە پوڤەر وەک من شارەزای ئەو دەوروبەرە نەبوو. ئەو رێچکەیەی من گرتبووم لە یەک پێ پانتر نەبوو، لەو بارانە زۆرەدا هێجگار خلیسک بوو. هەنگاوێکی خراپ، نزیک بەلافاوە بەتەوژمەکە، کەس رزگاری نابێت. لە شوێنێکدا بەرزتر لە رووبارەکە، تاقمێک کوردی چەکداری ناحەز دیار بوون، لە پەنا بەردێکدا دانیشتبوون. منیش ئۆتوماتیکەکەم خستەسەر پێ، کەلە گەشتی وەهادا لەگەڵ خۆمدا هەڵم دەگرت.

جارێکیتر بە رێگاکەی خۆمدا گەڕامەوە، لە نیشانەیەکی هاورێکەم دەگەڕام، چونکە وامهەست کرد لەوانەیە بریندار بوو بێت، یان لە رێگاکەی پێیدا هاتبوو، بێهۆش بووبێتو کەوتبێت. هەموو سەروخوارێکم کرد، هەر بێسوود بوو. لە دواییدا ئەوە هاتە یادم کە لەوانەیە ئەوکوردانەی بینیمن، رووتیان کردبێتەوەو فرێیاندابێتە رووبارەکەوە، بەڵام نەدەتوانرا ئەمەش بزانرێت. کاتێک کە هاتە یادم بچم پرسیاریان لێبکەم، ئەو شوێنەیان بەجێ هێشتبوو.

بێئەندازە سەغڵەت بوومو شەو دوور نەبوو دەبێت شتێک بکرێت. ئەگەر پوڤەر بریندار بووبێت یان بریندار نە بووبێت، دەبێت پێش داهاتنی تاریکی، شتێک بکرێت. ئەگەر شتێکی خراپ روویدا بێت دەبێت گومان لێکراوان دەسگیر بکرێت. گەڕامەوە بۆ لای کرێکارەکەی لای وڵاخەکان بەجێمان هێشتبوو نامەیەکم پێدا نارد بۆ کاپتن یانگو تێیدا باسی بەسەرهاتەکەم بۆ نووسیبوو کەدەبێ دەستبەجێ بەدوایدا بگەڕێن، پێش ئەوەی تاریکی دابێت. کرێکارەکە هەستی بە گرنگی رووداوەکە کردو بە پێیان دەستی کرد بە راکردن، چونکە خێراتر بوو لە سواری وڵاخ بەو رێگا خلیسکەدا بڕوات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆری پێنەچوو دوای رۆیشتن کرێکارەکە، هاورێیەکەم لە تاریکی شیوەکەوە، سەری هەڵداو سەرتاپا تەڕو بێتاقەت بوو، بەڵام بریندار نەبوو ئەو وەهای دەزانی کە من بزر بووبێتمو بەدوامداگەڕابووو چەند کیلۆمەترێک بەناو دۆڵەسەرەکییەکەدا رۆیشتبوو، وەهای زانیبوو من بەوێدا رۆشتووم. ئایا بۆچی توشی یەکتر نەبووین‌و ئەویش وەک من سەغڵەت بوو؟ هەرچەندە توشی دەمەقالێ بووین، بەڵام هەستمان بەوە کرد کە شوێن‌و کاتی ئەوە نییە چاوشیلکێ لەگەڵ یەکدی بکەین‌و لە دوای رۆژێکی وەهادا دەبێ هەست بە خۆشی دەربازبوون بکەین. کاتێک سواری وڵاخەکانمان بووین. تاریکی داهاتبوو، رووومانکردە کامپی لیڤییەکان بۆ ئەوەی فریاکەوین واز لە نامەکەم بهێنن. باران بەردەوام بووو لافاو هەستا بوو، لە هەموو شوێنێکەوە قوڕاو فڕکەی دەهات. دوای رۆیشتنێکی کەم لەو رووناکییە کزەدا، دیار بوو نزیک ئەو جۆگە ئاوە کەوتووینەتەوە کە بە یانییەکەی لێی پەڕینەوە، دەمانزانی دوای ئەو هەموو بارانە، لافاو هەڵساوەو لەوانەشە نەتوانین لە جۆگاکە بدەین‌و بپەڕینەوە، لەو کاتەدا تێخوڕینێکی کوتوپڕو دەنگێکی ناخۆش هاتە بەرگوێم، دەنگی چەخماخەی یەک دەرزەن تفەنگ کە روویان تێکردبووین‌و هەر چوار دەورمان بە سەربازی ئاسوری گیرابوو لە هەموو لایەکەوە هەڵدەقوڵان، لە هەموو پەناو پەسیوێکەوە لە ژێر عەردەوە.

رووبارەکەی پێشمان پڕ ببوو لە لیتە، کە هەتا پشتێنەیان لە قوڕدا بوو، بەڵام پڕ بڕوا بوون گوییان نەدابووە هیچ شتێک، لەوە بەولاوە کە فەرمان بەجێ بهێنین، ئەویش بڕیاری گرتنی هەرچی کەسێک لە دەراوی دۆڵی باڵەکیانەوە، بێتەدەرێ، بەزیندوویی یان مردوویی.

دەمێک نەبوو نامەکەیان پێگەیشتبوو، بەڵام دەستەیەک((لە تاریکیدا بەقەدەر بەتالیونێک دیاربوون)). دوور کەوتبووەوە لە کامپەکەو ئامادە بوون بۆ هەموو کارێک. دەمزانی کە ئاسورییە لیڤییەکان هێزێکی بەتوانان‌و هەستم کەمتر بە دڵتەنگی کرد، لە پێشوازی نەکردنی ئەفسەرەکانیان‌و هیچ پێویست ناکات بەم شەوە ناخۆشە بمانبینییایە. لە تاریکیدا دەنگی کاپتن یانگم هاتەبەرگوێ‌و گوتی: دڵخۆشین بە بینینتان، ئەمەش یەکەم جار بوو گوێم لێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێت ئەوها بە خۆدا چووندا بە عەریف یوحننا بڵێیت بە کامپەکە راگەیەنێت کە هەردوو ئەندازیارەکە باشن. رووی کردە ئێمەو گووتی: دەزانی کە دەستەی بوونو چاوەڕوانی فەرمان بوونو دەبێت نیشانەی رووناکی بەو تاقمە بدەین کە خەریکی گرتنی ڕێگاکەی ئالانن، بەڵام من زۆر دڵخۆشم بەوەی کە هیچ کامێکتان بەشەوێکی وەک ئەمشەو سەرئاو نەکەوتووەو لە زێیەکەوە بەرەو بەغداد نەڕۆیشتوە. دیارە ئەوەندە تەڕ نەبوون نوقوم ببنو لە ئاوەکەدا بخنکێن. بابڕۆینەوە بۆ ماڵێ، بۆ بەر ئاگری قەلاشقەڵێو بیرەی کە لە دوای خۆم بە جێم هێشتووە. کاپتن یانگ جارێکیتر رووی کردەوە گاڵتەو سوعبەتی خۆی، بەسەرهاتی ناخۆش هێشکچی دەریای باکورو ئەوشتانە، کوردستانم بدەنێ بۆ خۆشیو ئارامی، ناتوانن، دەرەقەتی سەربازێکی کۆن بێین بە خزمەتێکی زۆرەوە لە کامپە شڕەکاندا دەزانێت چۆن ئاگای لە خۆی بێت. بەڵام بۆ ئێوە هاوڕێیان وەک مریشکی دڵخۆش وان کە لە گولاوی مراویدا مەلە بکەن. کاتێک کە بەرەو دیانا بەڕێکەوتین، دەستی کرد بە پێکەنینو چەند نوکتەیەکی دیکەی کردو گاڵتەی بەسەروگوێلاکمان کرد.

ئێمە دەمانزانی لەگەڵ ئەو هەموو نارەحەتییەی توشی ئەومان کردبوو، ئەو وەک برادەرێک هیچ لەگاڵتەو نوکتەی خۆی نەکەوت. هەرچەندە ئێمە ئەو رۆژە خۆمان توشی ئەو پەندە کردبوو، بەڵام خەڵکی دیکە، وەک ئێمە بەختەوەر نەبوون، دەرباز بوون لە دۆڵی سامناکی رەواندوز. تاقمێک لە پیاوەکانم هەوڵی ئەوەیان دابوو بەو ڕێگایەدا بچن کە ئێمە پێیدا چووبووین، بەڵام بەبێ عەقڵانە هیچ ئامێرێکیان پێ نەبووبووو یەکێکیان کەوتبووە ئاوەکەوەو بردبووی. دوا بەشی تاقمەکە توانییان بە شاخەکەدا هەڵگەڕێنو بگەنە کاروانە رێیەکە، بە دڵتەنگییەوە گەڕابوونەوە بۆ فریاکەوتنی برادەرەکەیان. بۆ سەرسوڕمانیان برادەرەکەیان بینیبوو دوور لە خوار سەر بەردێک لە ناوەڕاستی رووبارەکە هەڵقونجا بوو. دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیبوویان دەربازی بکەن، بەڵام ئەمە دەرسێک بوو بۆ هەموویان. یەکێک لە کرێکارەکان لە کاتی بەرد پاککردنەوەدا، لەسەر ڕێگاکە ترازابوو لەسەر بەرەوخوارییەکی زۆر خەتەرەوە هەڵیدابوو. کاتێک برادەرەکانی تەرمەکەیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنابووەوە بۆ ناشتن، ئێسکێک لە لەشیدا نەمابوو نەشکێت. هەندێک دەیانوت کە پاڵیان پێوە ناوەو لەوانەشە راست بێت، چونکە قسەکە زۆر لە گوینە لەگەڵ ئەم قەومانەشدا، لەسەر کارەکە هەست بە خۆشی زاڵبوون بەسەر دووکەڵدا دەکرا ئەمەش پاڵی بە کرێکارەکانەوە دەنا زیاتر بەرەو پێشەوە بچن. لە راستیدا رێگا دروستکردنەکە، لەسەرخۆ دەرۆیشت بێ هیچ راوەستانێک. زستان لە پێشمانەوە بوو نەمدەزانی زستانی کوردستان کاتی سەرماوسۆڵەو زریانە، زۆر پێویست بوو کە راماڵینی سەرەکی هەتا دەربەندی سەر سنووری ئێران زوو تەواو بێت، پێش ئەوەی بەفر رێمان لێبگرێت. لەبەرئەوەی گەلی عەلی بەگم بۆ سوهان سنگی هیندی چاودێرکەری باوەرپێکراوم بەجێهێشتو رووم کردە خۆرهەڵات. هەروەک گووتمان، راماڵینی دۆڵی رەواندوز کارێکی سەختبوو، بەڵام ١٦ کیلۆمەتر دوای رەواندوز، توشی بەرسرین بووین کە ئەویش وەک رەواندوز سەختبوو.کاروانە رێیەکەش نەیتوانی بەوێدا رەتبێت، لەبەر ئەوە بە بەرزاییەکی ٦٠٠مەتریدا رێگۆڕکەیەکی دووری بۆ کراوە. ئەو رێچکانەی کە لە بەرسرین دا هەبوون، زۆر سەخت بوون. لە هەندێک شوێندا نەدەتوانرا بە سواری هێستر پێیاندا رەتبێت. بۆ ئەوەی بارو بارگە بەوێدا بەرین، دەبوایە بارکردنو بارداگرتنێکی زۆرمان توش بێتو چەند جارێک لە هەمان ئاومان بدایە، بەڵام خۆشبەختانە ئەم کاتە وەختی ئاو کەمی بوو. ئەم گرانی هاتووچۆیە، رێگر بوو لە پێشکەوتنی کارەکەماندا، هەرچەند راماڵکردنەکەش کاتێکی زۆری پێویست بوو لەسەرخۆ دەرۆیشت. بەرسرین شیوو دۆڵێکی سەرنج راکێش بوو دۆڵەکەی لە هی رەواندوز کراوەترە، هەرچەندە ریزە شاخو زردی زۆر بەسەر رووبارەکەدا دەڕوانێت. هەڵتەکاندنو کردنەوەی رێگاکە هەروەک رەواندوز پێویستی بە تەقەمەنییەکی زۆرو پرد هەبوو. لەیەک دوو شوێنی قەڵبەزاویدا نەبێت، رووبارەکانی ئینگلیزی لەسەر رۆخی ئاوەکە داربیو پەلک بەسەر ئاوەکەدا لقو پۆپیان شۆرش بووبوەوەو ماسی خۆیان هەڵدەداو بەهەشتێک بوو بۆ ڕاو کردنی ماسی بە قولاپ. لە هەردوو دۆڵەکەدا، ماسی بەشێکی نایاب بوو لە خۆراکمان، هەرچەندە خواردنیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاسان نەبوو بە هۆی زۆری وردە ئێسقانەوە، بەڵام خواردنێکی زۆر بەتام بوو کاتێک بە تازەیی دەبرژێندران. جارجار کە وەختم دەبوو بە قولاپ راوە ماسیم دەکرد، لام وەرزشێکی خۆش بوو. زۆر گرانە دان بەوەدا بنێم کاتێک کە پێویستمان بە خواردن دەبوو، رێگای نا وەرزشیمان بەکاردەهێنا بۆ ماسی گرتن. ئێوەش ئەگەر لەوێ بوونایە، لە ئێمەتان دەبورد. زۆر کەم تەقەمەنی دینامیتی پێویست بوو، دەبوایە بە دوای هەموو ماسییەکی سەر ئاو بکەوتینایە، بەڵام زۆر جاریش درەنگ سەر ئاو دەکەوتو لە دەستمان دەچوون. بەهەردوو بەری دۆڵەکەدا دارستانی چڕی لێبوو، کە بە قەدپاڵی لێژو خزدا روا بوونو بەرەو سەر هەڵچوون هەتا دەگەیشتە بەرزاییە رووتەکانی کە بۆ چەند مانگێک، بەفری زستان پێیانەوە دەمایەوە. بزنە کێوی لەوکاتەدا جێگەی خۆیان کردۆتەوە بێ ئەوی کەس هاوبەشیان بێت. لە دواوەی دوورترین لوتکەشاخ کە لێمانەوە دیار بێت، زنجیرە شاخی یەک لە دوای یەک دێنو دەگەنە بەرزاییەکانی کە کەس تیایاندا ناژێت، لەو شوێنەدا سنووری هەرسێ وولاتی ئێران، عێراقو تورکیا بەیەک دەگەن. لەم کاتەدا لە شوێنێکدا لەناو ئەو ناوچە دوورە دەستەدا ئیسماعیل دەژێت((لە کوردیدا سمکۆ کورتکراوەی ئیسماعیلەو نازانرێت نووسەر بۆچی ئەم هەڵەیەی کردووە دووجار ئیسماعیل بۆ چەند ساڵێک پاشای ئەم وڵاتە بەرینە بوو، دوور بوو لە دەستی سزا بۆ تاوانەکانی کردبووی. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٠دا ئێرانییەکان بۆ سەیەکییان بۆ نایەوەو کوشتیان. ئەو کات سیاسەتمەدارانو نووسەرانی خۆرئاوایی دژی شۆڕشگێڕانو سەرۆکەکانی کورد بهوون، لەبەر بەرژەوەندی وڵاتەکانیان. وەرگێڕ)).

ئەم بەسەرهاتە لە نووسراوێکی کوردییەوە وەرگیراوەو بەم شێوەیە بوو: لە تەورێزەوە نامەیەک بۆ سمکۆ هاتووەو تێیدا لێیبووردونو کردوویانە بە فەرماندەی ناوچەی شنۆ. لەگەڵ سەرۆکی ئەو خێڵانەی کە لەوەڕی مەڕو ماڵاتیان لە ناوچەکەی ئەودا بوو، روویان کردبووە شنۆ. لە شنۆدا کرا بە سەرکردەی ئەو هێزەی لەوێبوو قنوونێکیشیان بۆ تەرخان کردبوو بەرگی ئێرانیان بۆخۆیو پیاوەکانی ناردبوو. بۆ سێ رۆژ سمکۆ حوکمی کردبوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی سەردانی کردبوو. لە هەمان کاتدا هێزەکە بە نهێنییەوە پەرەی پێسەندرا، ئێرانییەکان پلانەکەیان دەبردە سەر. هەندێک لەوانەی نزیکی سمکۆ بوون، ئاگاداریان کردبووەوە لە مەترسی فێڵی ئێرانییەکان، بەڵام گوێی نەدابوونێ. ئایا ئەو هەرچوار دەوری بە پیاوەکانی خۆی نەتەنیبوو. ئێرانییەکانیش ناردبوویان بە دوای هەموو سەرەک خێڵێکی کوردی ناوچەکە، کە بێن بۆ شنۆ، بۆبەشداری کردن لە ئاهەنگی دامەزراندنی.

نامەیەک بۆ سمکۆ هاتبوو کە پیاوێکی گەورەی ئێرانی لە ڕێگادایە بۆ سەردانی. خۆ ئامادەکردن بەرپاکرا، سمکۆ بە خۆیو سەرۆکی خێڵەکانەوە، بەرەو پیریی گەورە پیاوەکە چوو بوون. لە شوێنی دیاریکراودا چاوەڕێیان کردبوو، بەڵام سوارێک هاتبوو پێی گووتبوون کە میوانەکە ئەمڕۆ ناگات، چونکە ئۆتۆمبێلەکەی لە ڕێگا شکاوەو سمکۆش ڕووی کردەوە شارۆچکەی شنۆ. هێزە ئێرانییەکە بە تفەنگ ڕەشاشەوە خۆیان دانووساند بوو لەسەربانی خانووەکەوە، بۆی دتنیشتبوون لە گەڕانەوەدا هەستی بە مەترسی کردبوو گووتبووی بەیانی زوو ئێرە بەجێ دەهێڵێتو دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکەی، بەڵام ئەم بڕیارە ژیرانەیە درەنگی پێکەوت. کاتێک ئێوارە داهات لەگەڵ خۆیو سەرەک خێڵەکانو پیاوەکانیدا لەهەر چوار لاوە کوتوپڕ، ئێرانییەکان دەستڕێژیان لێکردبوون. بەم شێوەیە سمکۆو دوانزە لەسەرەک خێڵەکانو زۆریش لە پیاوەکانی کوژران. ئەگەر ئێوارە نەبووایە، زۆر کەم لەو کوردانەی کە روویان کردبووە شنۆ، رزگاریان دەبوو.

کوردەکان داواکارییەکیان ئاراستەی بەریتانیاو عێراق کردبوو داوای کردبوو کە میللەتێکی وەک کورد لە دەستی ستەمکاری رزگاربکەن. ئایا چ هەستێکی مرۆڤانەیە ئەم کارە نەشیاوە قوبوڵ بکرێت کە زۆر لە گەورە پیاوانی بێگوناه ئەوا بکوژرێن.

لەوکاتەدا کە ئەم کوشتارە روویدابوو، من ئەوەندە دەمێک بوو، لەو ناوچەیەدا بووم کە بتوانم دۆستایەتی لەگەڵ چەند سەرۆک خێڵێکی ئەو ناوەدا پەیدا بکەم، کە لە پایزدا دەهاتنە خوارێو لە بەهاردا سەردەکەوتنەوە بۆ کوێستانەکانو هەموو ماڵاتەکانیان بەسەر ڕێگاکەدا دەبوو. یەکێک لەوانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خورشید ئاغا بوو کە زۆر جار قسەم لەگەڵدا کردووەو ئەویش لەناو کوژراوەکاندا بوو. هەرچەندە کەسێک خەفەت بۆ سمکۆ بخوات، ئەو بە خیانەت مارشەمصونی سەرۆکی بە نزیکی ئاسورییەکانی کوشت، بەڵام من زۆر دڵتەنگ بووم بە کوشتنی ئەو سەرۆک خێڵانەی لەگەڵیدا بوون کە دۆستایەتییان لەگەڵ مندا هەبوو. بەلای منەوە ئەوە ڕێگایەکی نەگونجاو بوو بۆ بەرپا کردنی یاساو دادپەروەری، چونکە ئەم ڕەفتارە ناحەزەی زیاتر دەکات.

لەدوای بەرسرین ەوە لەگەڵ کاروانەڕێیەکدا یەکمان گرتەوە. دیار بوو لەم شوێنەدا دروستکردنی ڕێگاکە ئاسانتر بوو پردیشی کەمتر دەویست، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری زۆر هەبوو. ئەو ڕیزە شاخانەی لەپەنایاندا تورکەکان توانیان بەرامبەر بە هێزی رووسەکان بوەستن‌و لە شوێنی خۆیاندا ڕایانگرتن، ئێستاش ڕێگرن بۆ ڕێگا دروستکردنەکەو دۆڵی‌تریش هەبوو ڕێگر بوون، بەڵام لە دۆڵی ڕەواندوزو بەرسرین دا کورتتر دیار بوون، هەرچەندە لەلایەن کاری ئەندازیارییەوە زەحمەتتر بوون. لەوسەری دواترین دۆڵەکە، دیوارێکی شاخی، بەری دۆڵەکەی گرتبوو، بۆمان دەرکەوت کە بریتیی بوو لە مەرمەڕی سپی. لە دواییدا هاتینە ناوچەیەکی بەرزایی کە ڕەنوو بەفری زۆر دێرینی لێبوو گابەردی زۆری لەگەڵ خۆیدا داڕنیبووە خوارێ، لەوناوەدا بەجێیٚ هێشتبوون. لەوسەری شێوە بەرینەکەوە، کە چەند کیلۆمەترێک لێرەوە دوور دەبێت، پاشای شاخەکانی کوردستان بە ئاسماندا هەڵچووە ئەویش شاخی هەڵگوردە کە بەرزاییەکەی ٣٧٣٣،٣ مەترەو لەم کاتەدا کڵاوەبەفرینەکەی زستانی هەر بەسەرەوەیە. کاتێک گەیشتینە ڕایات بەفر دایکردبوو. ڕایات بریتییە لە شارۆچکەیەکی سەرسنوری ئێران‌و عێراق‌و پۆلیسخانەو گومرگی لێیە. لەپێشەوە بە عەلی ئاغامان ڕاگەیاند کە میوانی ئەو دەبین، چونکە خانە خوێی کورد حەزی بەوەیە ئاگادار بکرێت بە هاتنی میوان، بۆ ئەوەی خزمەتێکی باش بکرێت. عەلی ئاغا بەناو بەفرەکەدا بەرەو پیرمان هات. عەلی ئاغا پیاوێکی بەتەمەن‌و بە شەخسیەت بوو. یونس ئەفەندیم لەگەڵدا بوو کە ئەویش وەک ڕەمزی‌و سەبری کوردێکی بەناوبانگ بوو یەکێک بوو لەسەرکردەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود، ئێستا چاودێرێکی بە تواناو بڕوا پێکراوە. من دەمزانی دەتوانم پشت بەم پیاوە ببەستم بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانداو بەرپاکردنی راماڵکردنەکانمدا. یونس، عەلی ئاغای پێناساندمو سەلامامان لەیەکتری کرد. قسەکانی ئەم سەرۆک خێڵە زۆر ئاسا وخۆش بوونو لەگەڵ جوانی دەوروبەرەکەیدا دەگونجان. دەستی خستبووە سەر سنگیو سەری دانەواندو گووتی: سەلام وعەلەیکم بەخێر هاتی. ئێوە بەرێزتان کە لە دەوڵەتەوە هاتوون، فەرموون بۆ ماڵی خزمەتکارتان. خواردەمەنیو جگەرەو چایی، هەرچی هەیە چاوەڕوانتان دەکات. ئێوە لە دوورەوە هاتوونو سەرماتانەو پێویستتان بە پشوو هەیە. فەرموون بۆ ژووریو لەبەر ئاگرەکەم دانیشنو لێرە بەولاوە ئەمشەو بۆ هیچ شوێنێک مەچن.

منیش بەو کوردیەیی دەمزانی وەڵامم دایەوەو هەواڵم پرسی، ئەویش بە دڵتەنگییەوە وەڵامی دامەوە ناوەڵڵا چاوم باش نییە، تراخوما لە گوندە دوورەکانی کوردستاندا زۆر بڵاو بوو. پێشوازی کردم بۆ دیوەخانەکەی کە پڕ لە فەرش کرابوو، گەرمو وشکو خۆش بوو. لەولاشەوە سەماوەر لە جۆشدا بوو گیزەی دەهات. لە چوونە ژوورەوەدا، جزمە تەڕو قوڕاوییەکانم دانا، چونکە عادەت وایە نابێ راخەری خانەخوێیەکە قوڕاوی بێت. کە چووم بەرەو شوێنی دانیشتنم لەوسەری مەجلیسەوە، تەواوی ئەوانەی لەوێ لەسەر دۆشەک دانیشتبوون لەبەرم هەڵسان، منیش بەچوار مشقی لە تەنیشت عەلی ئاغاوە دانیشتمو جارێکیتریش بەخێرهتنی کردمو دەستمان لەسەر سنگمان بوو. ئەوانەی لەوێبوون دانیشتنەوەو باسی هاتنی ئەندازیاری رێگاکە بڵاو بووەوە. چەند کەسێک لەوانەی لەوێبوون بەرپرسی دەوڵەت بوون، لەوانە بەڕێوەبەری گومرگو بەڕێوەبەری قوتابخانەو سەرەک خێڵی ئەوناوەو شێخ عەلادین. وادیار بوو باش چاوەشی شارۆچکە کە بەم شەوەش بەرگە فەرمییەکەی لەبەردا بوو. ئەوانەی عەرەبیو تورکیان دەزانی، بەو زمانانە بەخێرهاتنیان کردم بۆ پیشاندانی خوێندەوارییان. هەتاکو یەکێکیان چەند ووشەیەکی ئینگلیزی دەزانی، بەڵام زۆربەیان بە کوردی قسەیان دەکرد، کە لەوکاتەدا خەریکبووم فێری دەبووم لەوهۆدە گەرمو خۆشەدا دانیشتبووینو چاییان لە پیاڵەدا بۆ هێناین پڕ کرابوو لە کلۆ شەکر کە بەشەکر شکێنێکی نەقشکراو کەللە شەکرەکەیان شکاند. لە ناوەڕاستی هۆدەی دیوەخاندا سۆبەیەکی دارینیان دانابوو بە داری قەلاشقەڵی دایانخست بوو، کە وەک پووش ئاگریی گرتبوو لورەی دەهات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواردنیان هێنایە پێشەوە، دوای نانخواردن دەستکرا بە جگەرە کێشان هەتا میوانەکان ڕۆیشتن. عەلی ئاغاو من دانیشتینو باسی کاری تایبەتی ئەومان کردو دواى ئامۆژگاری لێکردمو لەم بابەتو لەو بابەتەوەو کاری وەک تەندروستیو خۆییو خوێندنی کوڕەکانی.

له دواییدا شەوباشی لێکردمو بە جێی هێشتم لەگەڵ یونس ئەفەندی چاودێرمدا. زۆر زوو چوومە ناو جێگا سەفەرییەکەمەوەو خەوم لێکەوت، پێش ئەوەی هاورێکەم بە دەنگە نزمەکەی نوێژی عیشا تەواو بکات.

کە تەماشای رابردوو دەکەم زۆر لام سەیر بوو کە هەستم بەمەترسی نەدەکرد، کاتێک بە تەنیاو بێ ئێشکچی لێی بخەوم، لەوانە بوو کە هەردووک عەلی ئاغاو یونس ئەفەندی مافیان بە خۆیان بدایە تۆڵەم لێ بسێننەوە. یونس لەو کاتەدا لەوێ بوو کاتێک فڕۆکەکانمان بۆردومانی ئەو شارەیان کردو بە درێژی بۆی باس کردم چۆن فڕۆکەکانمان بۆردومانی دەکردو ئەمەش بۆنی تۆڵەی لێدەهات.

گوندە بچوکەکەی عەلی ئاغاش بۆردومان کرابوو، بۆچی؟ نەمتوانی بزانم، چونکە ئەوەندەی من بزانم ئەو شۆڕگێڕ نەبووە. لەوانەشە بەهەڵە لە جیاتی گوندێکیتر بۆردومان کرابێت. حیکایەتەکە دەڵێ بۆمبایەک لە تەنیشت خانووەکەی ئەودا بە لاقەد گردێکدا بە عەردیدا داوەو چاڵێکی گەورەی دروست کردووە، بۆتە هۆی دەرکەوتنی کانیاوێک. کاتێک پێوەندی دروست بووبووەوە، ئەفسەرێکی گەڕیدە سەردانی عەلی ئاغا دەکات، ئەو کاتە پایزێکی وشک بووەو ئەفسەرەکەی بردۆتە سەرچاڵەکە لەو کاتەدا هەر زریچکاوێک بووە. عەلی ئاغا گوتبووی ئەم چاڵەی نزیکی خانووەکەم بۆمبایەکی ئێوە دروستی کردووە. هەناسەیەک راوەستابووو بەهەر چوار دەوریاندا تفەنگچی گوندەکە بوون. ئەفسەرەکە ئەمەی پێناخۆش بوو بوو چاوەڕوانی کردبوو بزانێت چی ڕوو دەدات.

عەلی ئاغا گوتبووی من دەمەوێ بزانم ئایا ئەو کاری بومبارانە تەواو بووە؟ بە دڵنیاییەوە وەڵامەکە ئەوە بوو: بەڵێ هیچیتر گووندەکەتان بۆردومان ناکرێت. عەلی ئاغاش بە دڵتەنگییەوە گوتبووی: بەخوا حەیف من



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فکرم لەوە دەکردەوە بەڵکو چەند بومبایەک وەک ئەوەتان فرێبدایە خوارێ بۆ ئەوەی کانیاومان بۆ دروست بکەن لەم وەرزە ووشکو بێ ئاوییەدا.

دوای رایات گردێکی لێبوو لەسەر گردەکە پاشماوەی شوێنی هێزی رووسەکان بوو گۆڕی سەربازەکانی لێبوو، کە لە کاتی بەجێهێشتنی رەواندوزدا کوژرابوون. سنووری هەردوو ئێرانو عێراق لە دوای ئەو گردەوەیەو یاڵی زنجیرە شاخەکەوەیە کە هەردوو وولات لە یەکتر جیادەکاتەوە. لە کاتێکدا ئێمە خەریکی راماڵکردنی ئەو ناوچەیە بووین، ئەم ناوچەی سنوورە زۆر سامناکو چۆڵ دیار بوو. لە دوا رۆژانی مانگی نۆڤەمبەردا بەفرێکی زۆری لێکەوتبوو، لە هەڵگوردەوە زریان هەڵیکردبوو بەرەو رووومان دەهات. خۆشبەختانە راماڵکردنەکە ئەو رۆژە تەواو بوو، بەفرێکی زۆریش باری، ئەو بەفرەی هەتاکو بەهاری داهاتوو دەمێنێت. خواحافیزیمان لە عەلی ئاغا کردو بە خێرایی، بە سواری هێستر، سەربەرەو خوار لە بەرزاییەکانی سنوور هاتینە خوارێ، بارانو تەرزە لێیداین، سەرمایەک هەتا گەیشتە سەر ئێسک روی تێکردین. بڕیارمدا کە زۆر باشترە بە پێ بڕۆینو بە توندی دەستمان کرد بە رۆیشتنو لەشمان گەرم داهات، بەڵام کاروانچییەکان کەوتنە بۆڵەبۆڵ لەوەی کە پێمان ناگەن. بە درێژایی ئەو شەوە باراناوییە هەر لە رۆیشتنەکەدا بووین. شەو درەنگ بوو، هەموو لەشمان لە تەڕیدا شڵتەی لێوە دەهاتو لەسەرماندا تەزییبووینو گەیشتینە گوندێک. لە پێشەوە کەسمان نەناردبوو ئاگاداریان بکات، منیش بە باشم نەدەزانی کە بەو شەوە درەنگە بچینە گوندەکەوە. لەبەر ئەوە وام بەباش زانی کە بە وەری ئاگرێکدا کامپ بکەین. من بڕوام زۆر بە یونس بوو لە حاڵەتی وەهادا، ئەویش گوتی: لە کوردستاندا سەخاوەت بۆ رێبوار کارێکی پیرۆزە. ئێمەش لەگەڵ حەپەی سەگدا رووومان کردە گوندەکە. خەڵکانی گوندەکە لە شیرینی خەودا بوونو راپەڕی بوونو دەستیان دابووە چەک، بەڵام یونس لە پێشەوە رۆیشتبوو لە ماڵی سەرۆکی گوندی پرسیبوو. وڵامیشی ئەوە بووە کە لەماڵ نییەو چووە بۆ سەردانو خزمێکی لە شوێنی خۆی داناوە. ئەم پیاوە ئێمەی بردە دیوەخانەکەی ماڵی بەرپرسیار کە زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساردو سڕ بوو گووتی ئەگەر دەتانەوێ دەتوانن لێرە بمێننەوە. من وامزانی حەقێتی کەوا بێت، چۆن دەبێ بەو شەوە درەنگە لە خەو ئیسراحەتیان بکەین. بەڵام یونس بە توندیو تورەییەوە، پێی گووت: ئایا گەورەکەت چی دەڵێت بەم هەڵسوکەوتانەت بەرامبەر بە میوانەکانت؟ ئەمە کوردستان نییە، ئەمە چ سەخاوەتێکە؟! ئاگر بکەرەوە، خواردن بهێنە، جێگا راخەو مافورو پێخەف بهێنە. خێرا ئەگینا لێرە نامێنینەوەو دەبێت بە عالەم بڵێین چۆن هەڵسوکەوتت لەگەڵدا کردوین.

ئەمانە قسەی زۆر رەقبوون لەگەڵ خەڵکی گوندێکی نەناسراودا، بەڵام یونس خۆی کورد بوو هەڵسوکەوتو نەریتی خەڵکی خۆی دەزانی.

کابرا بەسەر شۆڕییەکەوە ملی ناو داوای لێبوردنو هەموو پێویستییەکانی ئامادە کرد بۆ ئەوەی بکەوینە ئیسراحەتەوە. ئەمانەشی سەخاوەتی سەیری ئەم خێڵەکیانە، کە هەمیشە پێڕەوی دەکەن. کاتێک کە گەڕامەوە بۆ گەلی عەلی بەگ، رامگەیاند کە ئەگەر هەر کوردێک رێی کەوتە ئەم ناوەو پێویستی بەمانەوە هەبێت دەبێ ئەو شێوە سەخاوەتەی بۆ بکرێت کە ئێمە بۆمانکرا، لە وڵاتێکدا کە نەریتی چاکو خراپ پێکەوە شان بە شانی یەکدی دەڕۆن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی یازدەیەم

## کاری ڕۆژێک

کارلە گەلی عەلی بەگدا بەشەوو ڕۆژ بێوچان بەردەوامبوو. لە پاییزدا نزیک بە هەزار کرێکار لە ڕێگاکە کاریان دەکرد، هەرچەندە لە زستاندا ژمارەیان کەمتر دەبوو، کرێکارەکان وردە وردە شارەزاییان لە کاری تەقاندنەوەی بەرد پەیدا دەکردو فێری کاری تایبەت دەبوون لە هەڵکەندنی کونی قووڵ لە بەردا. هیچ ئامێرێکیان بەکارنەدەهێنا لە نوێڵو بارییە بەولاوە. لە هاوینی دواییدا، ئامێری تایبەت بە بەرد هەڵکەندنو بەشی ئاسنی پردەکانمان بۆ هات، کە لە ئینگلتەرەوە ناردبوویانن. کارەکەمان دەستی بە خێرایی کرد، چونکە ئەوسا دەمانتوانی لە شاخە هەڵدێرکەکانەوە بڕۆینو لە ئاوی بە تەوژم بدەین، هەرچەندە لەوەوپێشیش بێ ئەم مەکینانەو بە ئامێرە ئاساییەکانمانەوە دەمانتوانی لە کارەکانماندا پێشبکەوین.

کونە بەرد هەڵکەندن بەشێکی گرنگی کارەکە بوو، بەشەکەی دیکەی چۆنێتی بەکارهێنانی تەقەمەنی بوو. لەسەرەتادا دوو کرێکار بە درێژایی ڕۆژێک بەبارییە کونە بەردێکی یەکمەتر قوڵیان هەڵکەند، کونەکە پڕ لە باروتی خۆماڵی دەکرا، چونکە هەر ئەوەمان دەست دەکەوتو پارچە پەڕۆیەکیش لە نیترات هەڵدەکێشرا وەک فتیل بەکار دەهێنرا بۆ ئاگردانی تەقەمەنییەکە. کە دینامیتی گلگنایتو فیوزی باشمان بۆ هات، توانیمان کارەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به باشی ببەینە سەرو کرێکارێک لە ڕۆژێکدا دەیتوانی کونێکی سێ مەتری هەڵکەنێت، بە مەرجێک بارییەکەی تیژ بێت.

ئەحەد ڕەحیمی تورک، ئاسنگەرێکی ئێرانی تیژ کردنی بارییە بوو. لەوانەیە نەوەی ئەو ئاسنگەرانە بێت کە تیغی دیمەشقیان جۆش دەدا، کە زۆر لای خاچەکان بە نرخ بوو. ئەم وەستایەش بەراستی مەعلان بوو، کاری پۆڵای وەک کارخانە وابوو لە جۆشدانو شێوەدا. من هەمیشە سەرسامو پاڵپشتبووم بۆ ئەم پیشەسازە ژیرانە. کاتێکی زۆرم لای وەستا ئەحمەد دەبردە سەرو نزیک بە کوڕەکەی دادەنیشمو هەوڵی پاککردنەوەی ئامێرەکانمان دەدا. بارییە بریتییە لە شیشە ئاسنێکی ئەستوری سوچدارو سەرێکی تیژی هەیە وەک دەمی مەکارە. هەڵکەندنی کونەبەرد بەوە دەبێت کە لە یەک شوێندا سەرە تیژەکەی بارییەکە لە بەردەکە بدرێت، هەتا وردە وردە چاڵێک دروست دەبێت. چاڵەکە وردە وردە قوڵتر دەبێتو هەموو جارێک خۆڵەکەی دەردەدرێت. لەم کوتانەدا بارییەکە هەڵدەبەزێتەوەو لەبەر ئەمە پێی دەڵێن شیشی بازدەر(بارییە). لابردنی خۆڵی کونەبەردەکان بە ئاوکردنە ناو کونەکەوە دەبێتو دوای بەرداوەکە بە لولەی تایبەت هەڵدەمژێت. کرێکارەکان بە یەکتری ئاویان دەکردە کونە بەردەکانەوە. دیمەنێکی سەیر بوو، چونکە ئاو باڵایان لە بەرداوی سپیدا بوو. کرێکارەکان بە پێی قووڵی کونەکان پارەیان وەردەگرت، لەبەر ئەوە گوێیان نەدەدایە لەش پیس بوون. کاتێک بە کۆمەڵ بەلاقەد بەردی بەرزەوە، کاریان دەکردو دەنگی کوتانی کونەکان لێکیان دەداو هەر دەنگەش بە پێی قووڵایی کونەکانەوە بوو، هەموویان پێکەوە وەک ئامێری موسیقای ئۆرغون لەو دوڵەدا دەنگی دەدایەوەو وەک موسیقا وابوو بۆ گوێی ئەندازیارێکی لێپرسراو. لە ڕۆژێکدا سەدان کونەبەرد هەڵکەندران لە کاژێری چواری پاشنیوەڕۆدا، کونەبەردەکان بە بارووت دەئاخنران. بەکارهێنانی بارووت ئاسان بوو، بەڵام بەکارهێنانی گلیگنایت بە ڕێژەیەک بەکاردەهێنرا دەبووە هۆی سەر ئێشەو نەخۆشی. دوای تەقاندنەوەی کونەکان، دەبووایە خۆم ئاگام لە ئاخنینی کونەکان بێت. دوای ئەوە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک دەکەوتمو نەمدەتوانی جوڵە بکەم. بەڵام نازانم چۆن کرێکارەکان گوێیان نەدەدایە نایترۆگلسرینو نەخۆش نەدەکەوتن. وردە وردە فێری ئەوە بووین لە یەک کاتدا، سەدان کونەبەرد بەیەکەوە بتەقێنینەوەو دەبوایە زۆر بەئاگادارییەوە ئەم کارە ئەنجام بدرایە. کرێکارەکان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێنی خەتەر دوور دەخرانەوە. لە هەردوو سەری ڕێگاکەوە شاوری پێویستمان بەکاردەهێنا بۆ ئاگاداریو لە هەردوولاوە سەری ڕێگاکە دەگیراو بە ئاڵای سورەوە کرێکارمان دادەنا. کاتێک کە هەموو شتێک ئامادە دەبوو، نیو دەرزەن پیاوی خێراو سوک، هەر یەکە سەلکە بزووتێک بەدەستەوە دەستیان دەکرد بە داگیرساندنی فیوزەکان، لەم کونەبەرد بۆ ئەو کونەبەرد رایان دەکرد. داگیرساندنی فیوزێک یەک دوو چرکەی دەویست، چونکە زۆر لەکونە بەردەکان بەبەرزی شاخەکەوە بوونو ڕێگاکەش تەخت نەبوو. فیوزهەڵگیرسێنەکان بە تایبەتی هەڵدەبژێردرانو فێر دەکرانو ڕۆژانەشیان لەوانی کە زۆرتر بوو. ئەگەر بهاتایە یەکێک لە فیوزەکان هەڵنەبووایە، دەبوو زۆر بە گورجی رایان بکردایەو یەکتریان ئاگادار بکردایە، چونکە کونی یەکەم لە پێشەوە دەتەقییەوەو پارچە بەردی بە دوایاندا فڕێ دەدا، هەروەک خێوێک لە شاخەوە بە دوایاندا رابکات. ئەوان لە ترسی گیانی خۆیان رایان دەکردو کوردەکان هاواریان دەکرد یا الله یا الله زوو زوو لەولاشەوە عەرەبێک بە زمانی خۆی وەڵامی دەدایەوە بلا بلا.

هەریەکێک لەوان دەبوایە ١١٥ مەترێک لە تەقینەوەکە دوور بێت، چونکە خێرا دەسوتان. لەبەر ئەوە کارەکە زۆر بە خێرایی ئەنجام دەدراو زۆریش دڵیان بە کاری تەقینەوەکە دەکرایەوە. تەقینەوەکان ئەوەندە بە توندی دەنگیان دەدایەوە، پیاویان کەڕ دەکرد. ئەو تاوێرانە پارچە بە پارچە دەبوون. بەهۆی تەقینەوەی یەک لە دوای یەکەوە، عەردەکەش دەهەژیو وەک هەوری بەهار گرمەی دەهات. لاشاخی گەورە لە شوێنی خۆی دەپچڕاو بەتل دەهاتە خوارێو لە تەختی رووبارەکەدا دەگیرسایەوە. پارچە بەرد بە ئاسماندا دەفڕیو بەسەر ئەو شوێنانەدا دەباری کە خەڵک خۆیان تێیدا خۆیان شاردۆتەوە نابێ سەر بهێنێتە دەرێ. تاقمە تەقێنەرەکان زۆردوور ناکەوێتەوەو لەوانەیە داگیرساندنی فیوزەکانیان تەواو بکردایەو لە بازداندا بووینایە بۆ شوێنی حەشارگەکەو وەک بزنە کێوی بەسەر بەرزاییەکاندا رایان دەکرد، لە ترسی ئەم دەنگە سامناکە هەڵدەهاتن، کە وەک هەرەسی بەفری زستان هاڕەی دەهاتو لەگەڵ ئەو تەپوتۆزەی کە بە ئاسماندا هەڵدەچێتو وەک هەڵمی تەقینەوەی ڤۆڵکانێک هەوا پڕ دەبێت لە هەڵمی تیژی نایترۆسی تەقینەوەکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک لە یەک رۆژدا چەند سەد کونەبەردێک دەتەقێندرایەوە، وەک شەڕە تۆپێکی قورس دەهاتە بەرچاو، دۆڵەکە هاڕەی دەهاتو دەهەژاو تەقینەوە دوای تەقینەوە، لێرە یەکێکی بچوکو لە دوای کۆمەڵێک بەیەکەوە دەتەقییەوەو بوومەلەرزەیەک دروست دەبوو، لەبەر ئەوە زۆر سەیر نەبوو کە کوردە خێڵەکییەکان ئەندازەیارەکەیان بە جادووگەر دەزانی، ئەگەر تەقینەوە وەها ئەژمار بکرێت.

هەروەک دەستیان پێدەکرد، تەقینەوەکان ئەواش دادەمرکانەوەو دوا بەردیش لە تل دەکەوتو جێگەیەکی بۆ خۆی دەگرت. لە سەر خۆ تۆزەکە دەنیشتەوەو کرێکارەکان لە حەشارگەکانیاندا دەهاتنە دەرێ، سەیری کاری رۆژێکیان دەکرد کە هێڵێکی درێژی رێگاکە پڕ بوو بوو لە بەردو هەریەکە سوچێکی بۆخۆی گرتبوو. پیاو نابێت زۆر بچێتە پێشەوە هەتا دڵنیا نەبێت لەوەی کە هیچ تەقینەوە نەماوە. لە پێش هەمووان تاقمە تەقێنەرەکە دەهاتنە پێشەوە، هەموو فیوزەکانیان تاقیدەکردەوە نەکو فیوزێک بە نەتەقاوەیی مابێتەوە. پیاوێک بە نوێڵەوە بە ناو کۆمەڵە بەردەکاندا دەگەڕاو تلی بە بەردانە دەدا کە لەسەرلا راوەستاوە نەبادا بەسەر کرێکارێکیدا بەربێتەوە. دوای ئەوەی تەقێنەرەکان دڵنیا دەبن، جارێکیتر شاورەکانیان لێدەدەنو کرێکارەکان لە حەشارگەکان دێنە دەرێو دەست دەکەن بە پاککردنەوەی رێگاکە بۆئەوەی خێڵەکییەکانو کاروانەکان رەتبن. زۆر سەیریان لادەهات کە ئەو رێگرانەی ساڵەهای ساڵە، رێگری خۆیانو مەڕو ماڵاتیان بوون، ئێستا لەبەردەمیاندا تواوەتەوە. یەک جار تەقینەوە بەشی نەدەکرد بۆ رێگا تەختکردنو چونکە جارێک تەقینەوە بەرپاکراو هەندێک جار هەفتەیەکی پێدەچوو هەتا تاورێکی گەورە لەسەر رێگاکە لادەدرا. هەندێک جار کرێکاران زۆر لە بەرزییەوە خۆیان بەپەت قایم دەکردو وەک مێش خۆیان بەشاخەکەوە دەنوساندوو شوێن پییان لە لاقەدی شاخەکە هەڵدەکەند ، لەم دواییەدا مەکینەی کون هەڵکەندنمان بۆ دەهات کە هەتاکو قوڵایی (١٠) بۆ (١٣) م قووڵ دەڕۆیشت لەو شوێناندا بەدوو نۆوبە شەو ورۆژ کارمان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە نەبنە رێگر بو پێشکەوتنی کارەکانمان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵە عەلی بەگدا حەوانگەیەکم لەقوڕو بەرد بۆ خۆم دروستکرد بوو فایلو قاسەی پارەم لەژێر قەرەوێڵەکەدا حەشار دابووو بەزنجیرێک بەبەردێکمەوە بەستبوو هەردوو هۆدەکەم لەسەر شێوەی کوردی دروستکردبوو کە بەدارو گەڵا سەرم گرتبووو قوڕەپەستم کردبوون‌و چەوم بەسەردا کردبوو بۆ ئەوەی کە وشک بوو قیلش نەبات . خانووکەم زۆر ڕێک دیار بوو بەڵام بەهەڵە چووبووم لەوەی لەکوردستاندا لەوانەیە بۆ چەند هەفتەیەک بێ وچان باران ببارێت . نەمدەزانی بۆ ئەوەی سەربان ئاوگر نەبێت دەبی گڵ بکرێتە تورەکەوە ومن هەر خۆڵم بەکار هێنا کە گڵی تیدا نەبوو . سەربانەکە زۆر باش بەری یەک دوو بارانی گرت، بەڵام کە بارانەکە زۆر بوو سەربانەکە دەستی کرد بەدڵۆپەکردن‌و لەهەردوو هۆدەکەدا شوینی وشکم نەدۆزییەوەو هەموو شتومەکەکانم تەڕبوون لەو کاتەدا ئاگام لەهەموو دنیا بڕابوو ورێگاکەش ئەوەندە قوڕبوو دەرفەتی ئۆتومبیل لێخورینی نەدەداو زۆر بێسوود بوو فیکر لەوە بکەمەوە لەبەغدادوە پیویستییەکانی بانگرتنم بۆ بێت هیوام ئەوەبوو کە بەفرباری چارەی ئەو تەنگژییەم بۆبکات، بەڵام گەرمای سۆپاکەم بە خودی سەربانی دەتوانەوە دڵۆپە وەک جاران دەستی پیکرەوە لە دواییدا نەمدەتوانی بخەوم، چونکە دڵۆپە ئاوی گەورە گەورە دەچووە ناو گوێچکەمەوە، ناچار بووم بەسەر قەرەوێڵەکەدا جاریکم هەڵداو لە ژێریدا لێی خەوتم، هەرچەندە خەتەر لەوەدابوو کە هەموو خانووەکە بەسەرمدا بڕوخێت، بەهۆی تەڕ بوون‌و تلیسانەوەی دیوارەکان‌و رووخاندنیان.

نزیک بە خانووەکەم عەمبارێکی تەقەمەنیمان دروستکردبوو لەسەر شێوەی خانوەکەی خۆم‌و لەوشوێنەدا دوو تەن گلینگناتیم دانابوو لە دوای ئەویشەوە هودەی پۆلیسەکان بوو، ئەو هێشکیچەی شێخ تەها ناردبووی لەوێدابوو جار جارەش وەک بەندیخانەی باکاردەهێنرا، لەوێشەوە بەولاوە شوێنی چاودێرکەرەکان بوو دوای ئەوانیش کامپە جیاوازەکەی کرێکارەکان بوو.

هۆشیارانەتر بوو ئەگەر تەقەمەنیەکانم دوو بخستایەتەوەو لە ئەشکەوتێکدا دام بنایە هەر وەک لە دواییدا کردم، کاتێک سەرمادێت گلینگایت دیبەستی‌و زۆر ئامادەیە بۆ تەقینەوە لەگەڵ هەموو لەرزەیەکی توندداو هەموو کاتێک لە ژێر ترسی تەقینەوەیدا بووین بە هەرچ هۆیەک بووایە گولەیەکی وێڵ یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنقەست یان رووخانی خانووەکە ئەگەر ئەمەش بقەومایە لە چاڵێکی گەورە بەولاوە هیچ شتێکیکە لە کامپەکەدا نەدەما زستانی یەکەم وام بەباشی زانی هەموو شتێک کۆکراوەبێت لەیەک شوێندا باشترە بۆ پاراستن لەوکاتەدا هەستو هەڵسوکەوتی سەرۆک خێڵەکانم نەدەزانی وەک لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە خۆیان تەقەمەنییەکەیان دەپاراست.

کامپەکەی گەلی عەلی بەگ شوێنێکی غەریبو سەیربوو کاتێک زریان بە دووکەڵەکەدا هەڵی دەکرد، من بەتەنیا لەژێر چادری ناو خانووەکەدا، دادەنیشتمو لەژێر دڵۆپەدا پلانی کاری بەهاری پێشەوەم دادەنا. کاری رۆژانەم ئەوەبوو چارە بدۆزمەوە بۆ ئەو تەنگژانەی دەهاتنەپێشم کاتێکی زۆرم دەبردە سەر بەبەسەرداچوونەوەی پلانەکانو لەبەر سۆپاکەمدا دادەنیشتم کە سوور دەبوومەوە تنۆکە دڵۆپە لێیدەدا، هەڵمی لێ هەڵدەستانو هۆدەکەی دەکرد بە حەمامی تورکی.

سەگە کوردییە تیسکنەکەم "غونی" لە تەنیشت سۆپاکەوە لێی وەردەکەوت بەشێوەیەکی بە سەگی گەورەی ئیسکیجۆ دەچێتو بەشێکی بە ئاساتبان دەچێتو لەوانەشە زۆر دوورنەبێت لە گورگ، بەڵام هاودەمێکی باشیو بێ هاوتایە بۆ پاسی شەو، کۆترە شینکەم لە سوچێکی هۆدەکەدا هەڵنیشتووە لە پایزدا سێ دانەیان دامێ، بەڵام رۆژێکیان لەکاتی فڕیندا هەڵۆیەک بە ئاسمانەوە یەکێکیانی گرتو بردی هەرچەندە تەقەشم لێکرد ئەوەندەی پێنەچوو دووەمیشانی بردو ئێستا هەر ئەمەیان ماوە، رۆژێکیان هەڵۆکە لەسەر بەردێک نزیک بە رووبارەکە هەڵنیشتبوو منیش تەقەم لێکردو کوشتم، مەشقم لەسەر بەکارهێنانی تفەنگەکە کردبوو ئامادەبووم بۆ کاتی راوی بزنەکێوی هەرچەندە زۆر دوور بوو بەڵام کە پێکام زۆر دڵم بە خۆم خۆشبوو کە ئەو باڵندە گەورەیەم بینی لەپەردەکە پەڕیو بە عەرزدا کەوت وەک فڕۆکەیەکی پێکراو هاتە خوارێ باڵەکانی لەم سەر بۆ ئەوسەر لە هەردوو باڵی من درێژتر بوون یەکێک لە پۆلیسەکان تەماشای دەکرد کە ئەمە روویدا دەست خۆشی لێکردمو گوتی: پێکانێکی باشی بوو چونکە ئاوەکە گوللە رادەکێشێتو پیاو دەبێت مەودای تفەنگکە بگۆڕێتو تۆ ئەمە نازانی چونکە ئەمە باوەڕی کوردانە.ئەم هەنگاوتنە بووە هۆی ناوبانگ دەرکردنم بە نیشانەشکێن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە من بە دڵخۆشییەوە بەردەوام بووم لەسەری هەتا کەویشم بە تفەنگ دەئەنگاوت کوردەکان قەت تەقە لە شکاری بزواو ناکەن چاوەڕێی وەستانی دەکەن، ئەم باڵندانە زۆر گران دەپێکرێن لەبەر ڕەنگیان‌و خێراییان لەهاتنە خوارێداو هاتەوەکو لە پیکانیشیاندا لەتوندیدا، لاشەکەی زۆر دوور دەکەوێتەوە. بۆ سەرخوان گوشتێکی نایابیان هەیە وەک مریشکی قەڵەو ناسکەو گۆڕانێکی باشە لەشێوەی خواردندا کە هەر گۆشتی بزنمان دەست دەکەوت.

زۆر جار کەشەو دادەنیشتم‌و خەریکی نووسینی کارەکەم دەبووم گوێم لە شیرەی بەری بەیان دەبوو کە لە شوێنە سەختەکان‌و کاوەکاندا دەژیان من قەت خۆم ئەم نێرەم نەبینیوەو ئەگەر بریندارش بێت قەت پەلامارنادات بەڵام وەک کوردەکان دەڵێن کاتێک پەلاماربدات زۆر خێراو پیاوکوژە.

جاروبار سوجات سینگ دەهات‌و باسی هەڵسوکەوتی کرێکارەکانی بۆ دەکردم لەوەتی هاتووەتە گەلی عەلی بەگ لە گەڵماندا ماوەتەوەو لەبەر ئەوەی بۆخۆی زۆر بەتوانابوو واشی لەوانە دەویست وەک خۆی بیو هەموو کرێکارەکانی دەناسی بەناو مێژووی ژیانیانەوە بەشی زۆری پێشکەوتنی کارەکە دەگەڕایەوە بۆ ئەو چونکە ئەو کرێکارەکانی ناوچەکەی فێری کار دەکردو ناویان نابوو سەرسپی، لەبەر مێزەرە سپیەکەی چونکە ئەو سیخبوو هەر چاویان بەو بکەوتایە دەستیان بەکار دەکرد.

زۆر ناخۆشبوو بۆ من لەگەڵ گۆڕانێکی حکومەتدا لە بەغداد گۆڕان لە کرێکارەکانی ئێمەشدا بەرپادەبوو، زۆرجار کرێکارێک فێر دەکرا، ئەوەندەمان دەزانی یان دوور دەخرایەوە یان لە کاردەردەکرا لەوەش خراپتر ئەو چەند هیندەیەیی لەسەرەتای کارەکەوە لە گەڵماندا بوون دەنێردرانەوە بۆ هیندوستان‌و لەو پێنج کۆنە شۆڕشگێڕە کوردانەی لەگەڵماندابوون هەر یەکێکیان مایەوە بە درێژایی کارەکەمان چاودێرو کاتبە ئاشوریەکان بەچاوێکی بێ متمانەوە تەماشا دەکران‌و لەلایەن حکومەتە قەومییەکانەوە لە کار دەردەکران بەڵام خۆشبەختانە ئەمە رووینەدا هەتاکوو بەشێکی زۆری ڕێگاکە تەواو نەکرا.

جگە لەوەی ئاشورییەکان مللکەچی حکومەتبوون ئەوان لە کارەکانیشیاندا بەتوانبوون بۆم دەرکەوت کرێکارە موسوڵمانەکان کاری باشتریان لەگەڵ چاودێرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسیحەکاندا دەکردو بەپێچەوانەوە زۆر لە کریکارە مەسییحەکان حەزیان بەوەبوو لەگەڵ چاودێری موسڵماندا کاربکەن گەنجێکی ئاشووری لێبوو بەناوی لیون مار شەمعون کە لە نەوەی خێزانی سەرۆکەکانی ئاشورییەکان بوو لە فەرەنسا خوێندبووی لیۆن گەنجێکی باوەڕپێکراوبوو هەر سەرقاڵی باسی ژیانی کرێکارەکانی ژێردەستی بوو کرێکارە عەرەبەکان هەر لەژێر دەستی ئەودا حەزیان بەکاربوو ناڕەزابوون بێنە ژێر دەستی یەکێکی‌ترەوە لە راستیدا ئەو ناخۆشیانەی لە شارەکاندا لەنێوان عەرەبو ئاشوریدا هەبوو لێرە لەسەر رێگاکە رووی نەدەدا، چونکە هەموویان سەرقاڵی کارەکەیانبوون.

لەیەکەم زستاندا کە هاتینە ئێرە لە دونیادا دابڕاین‌و کەس لە کاری رێگاکە دەرنەدەچوو بۆم دەرکەوت داڕشتنی بناغەی رێگاکە بەتاوێ زۆر کارێکی پیویستە هەرچی جۆرە مادەیەکمان بەکاردەهێنا بیسوودبوو، دوای دوو مانگ بارانی زۆر ، ئەگەر یەکێک لەسەر رێگاکە ئۆتۆمبیلی لێخوڕیایە دەبوو دوای چەند کیلومەترێک وازی لیبهێنایە هەتاوەکو زستان بەسەر دەچوو، دەبوو لەو قوڕەدا بەچەقیوی بمێنێتەوە.

لەسەرەتاوە زۆری سەفەرەمانم بۆ هەولێر هەر بۆ هێنانی پارەو پۆستبوو، دەبووایە بەسواری هێستر بووایەو زۆر جاریش لە سێ رۆژ زیاتری نەدەخایاند، ئەگەر روبارەکان بهاتنایە دەبووایە چاوەڕوانی نیشتنەوەیان بکەم، ئەو سەفەرانەم لەژێر ئەو بارانە زۆردا ڕوویان دەدا.هەرچەندە لەم وەرزەدا ئەم شاخانە کاتێک بەفر دەیانگرێت، بێ ئەندازە جوانن، بەڵام بەهۆی هەورەوە زۆر کەم دەردەکەوتن، لەرۆژانی وەهادا هیچ کەس لەدەرەوە نەدەمایەوە ، نەشوان‌و نەوەزیرو نەکاروانچی. هەر من لەگەڵ خزمەتکارێک‌و پۆلیسێکدا، بەو دەشتە قوڕاوەدا وبەو دەربەندە بەفراوییانەدا ڕەت دەبووین. لەرێگادا لەو شوێنانەی حەوانەمان هەبووایە لامان دەداو بەتایبەت لەشەقلاوەدا بۆ خۆم شوێن پێشوازییەکم دروستکردبوو زۆر جار رووبارە هاتووکان رێگرمان دەبوون‌و ناچار دەبووم پەنا بەرمەبەر چایخانەکانی سەر رێگاکەو هاوبەشی ئەوانەم بکردایە لەتەنیا هۆدەیەکدا کە جیی بەشەرو ماڵاتیشیان بوو، چونکە لە دۆخی وادا وڵاخو ئاژەڵیش توانای حەوانەوەی نییە لە دەرەوە بمێنێت. لەسوچێکدا لەتەنیشت وڵاخەکانەوە قەرەویلە سەفەرییەکەم دادەنا وسندوقی پارەکەش لەژێریەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو ولێی دەخەوتم .هەرچەندە حەوانەوەیەکی وانەبوو، خەوێکی بێ ئارام بووو دوکەڵی خەستی ئاگردانی ژوورەکە کوێری دەکردین ومێرووی هەمە چەشنەش بەدرێژایی شەو هەر لەجووڵەدا بوون. دەمانچەکەم لەسەری بووو لەناو لۆچی چەرچەفەکەدا دەستم لەسەری بوو ئامادە بوو بۆ بەکارهێنانی. پیاو دەتوانێت زۆر ببینیت بەچاوی نیوە نوقاندەوەو ئاسانیشە لەناو جێوە دەمانچە بەکاربهێنێت، بێ ئەوەی ماسولکەیەک بجولێتەوە .ژێر سەرین بۆ چەک زۆر بیسوودە ، کاتیک خەنجەری پیاوکوژێک گەلێک خێراترە لەدەستی خەوالویەک کە لەژێر سەریندا بۆ دەمانچە بگەڕێت ئەمانە هەمووی لە دیوانییە لە کەسێک فێربووم وهەموو کاتێک پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانم دەکرد، باشترین شت ئەوە بوو کە بەکتوپڕ خۆم بکەم بەناو کۆمەڵداو ئەوسا هەستم بەئارامی دەکرد، خزمەتکارەکەم‌و پۆلیسەکە نوبەتچی بوون، بەدیار ئاگرەکەوە ئیشیگیان دەکرد نەبادا ئەوانەی لەوی بوون پلانێکیان دژمان رێکبخستایە . ئەو کاتەی بمزانیایە کە هەموو شتێک رێک دەروات، ئەوە چەند کاتژمێرێک دەخەوتم، هەتا لە شلپەیەک بە دەموچاوماو بلقەیەکی بەگویمدا خەبەریان دەکردمەوە. لەوە دەگەڕام بزانم چی ئەم کارەی کردووەو بۆم دەردەکەوت کە ئەسپ‌و مریشکی خاوەن شوێنەکەیە ئەملاو ئەولا دەکەن.

لەراستیدا رێگریم بەخۆمەوە نەبینی وابزانم خەڵک منیان بەدەرویش دەزانی کە بەو شێوەیە دەژیام من کە لایان نەشیاو بووم، موچەخۆرێکی دەوڵەت ئەوها بەقوڕو بەفرو باران وروباری هاتووەوە ئەم هات‌و چوویانە هەر بۆ هەوەسی بکات.

جارێکیان ناچاربووم پەنا بەرمە بەر گوندێک کە لیڤییەکان سزایەکی توندیان دابوو لەبەر بەشداری کردنی سەرۆکەکەیان لەگەڵ شۆڕشگێڕە خاینەکان.

بەهەزار حاڵی تاڵ رزگاری بوو بوو، بە دەستی خۆی کارێکی وەهای کردبوو، کە خەڵکی گوندەکە لە بیریان نەچێتەوە. شەو تاریک بوو بەفر دەباری کاتێک کە گەیشتینە گوندەکەو بێچاریم زۆر پێوە دیار بوو. هەرچەندە ئەم کوردانە بە ترسناکی‌و لێنەبوردن ناوبانگیان دەرکردبوو، بەڵام بانگیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردم بۆ بەشداری لە خواردنی ئێوارەیان‌و کلیلی ژووری میوانیان دامێ، بۆ ئەوەی لەکاتی ئیسراحەتدا دەرگا لەسەر خۆم داخەم.

زۆر جار هەستم بەوە دەکرد من زۆر بەختەوەرم لەوە زیاتر کە شایانی بم. بەهۆی بابەتی کارەکەمەوە دەبووایە سەرکێشی بکەم‌و رووبەڕوو ببوومایەوە، هەتا لە کامپەکەی خۆیدا هەرچوار دەورەم بە پیاوی بڕوا پێنەکراوەوە گیرابوو. هەموو جارێک لە گەڕاِنەوەمدا، لە هەولێرەوە چەندهەزار رووپیەکم لە سندوقی موچەکەدا هەبوو، سنوری ئێران‌و تورکیا زۆر نزیک بوون بۆ حەوانەوە، ئەگەر یەکێک بیویستایە کارێکی خراپم لەگەڵدا ئەنجام بدات. ئەمانەی کاریان بۆ دەکردم، زۆر دڵرەق بوون‌و هیچیان لەکیس نەچووە، هەموو شتێکیشیان دەست دەکەوت بە رووتکردنم کە ئەوان پێی بەناوبانگ بوون‌و دەیانتوانی بەناو وڵاتدا بە دزییەوە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن‌و وەها دوور بکەونەوە کە هیچ هێزێک پێیان نەگات. بۆ نموونە رۆستەم خان بگرە، کە یارمەتیدەری جەرجیس بوو لە چێشتخانەکەدا بە تەمەڵی دەژیا بێ ئەوەی هیچ ماندوو بێت، رووبارەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر هەڵدەسان، هەتا رۆژێکیان پۆستەچییەکە کە هەفتانە بە سواری ئەسپی چاکەوە سەردانی هەولێری دەکرد، دوای چەند کاژێرێک گەڕانەوە گووتی ئێستا باسی سەفەر مەکەن. منیش زۆر پێویستم بەوە بوو نامە بگەیەنمە شوێنی خۆیان‌و داوای یەکێکم کرد لە شوێنی پۆستەچییەکە. بۆ سەرسوڕمانم رۆستەم خان هاتە پێشەوەو ئامادەیی خۆی دەربڕی. ئەم کابرایە وەک جەرجیس بەکاربوو ئەگەر بهاتایە کەمێک تۆزی رابردووی لە خۆی بتەکاندایە. دیاربوو دەیەوێت مەعدەنی خۆی دەربخات، چونکە پۆستەکەی بردو چوو بۆ هەولێر. نازانم چۆن توانیویەتی لەو رووبارە هاتووانە بدات‌و بپەڕێتەوە. زۆر بە خێرایی گەڕایەوە بۆ کامپەکەو نامەی دونیای دەرەوەی بۆ هێنان‌و کارێکی نایابی کرد. گوڕ گوڕ پیاوێکی رەزا گرانی ریش ماشوبرنج بوو یەکێک بوو لە پۆلیسەکانی شێخ تەها کە پێیان دەگووتن شەبانە. ئەوەندە پیاوخراپ دیاربوو کە دڵی بەڕێوەبەرانی فیلمی سینەمای خۆش دەکرد. قەت لە نیوە جلی پۆلیسی زیاتری لەبەردا نەبوو لەگەڵ جلی کوردیدا بە تێکەڵاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەری دەکرد. خەڵک خۆی لەم پیاوە دوور دەگرت. کاتێک پاسەوانیی کەمپەکەی دەکرد، دەیگووت تەقە بکە ئینجا تێبخوڕە، بە درێژایی پەنجاساڵێک ئەو ناوی بەخراپە ڕۆیشتبوو. خێڵەکییە هەرکییەکان کە بەلای کەمپەکەدا تێپەڕینو چاویان بەم پیاوە دەکەوت لەسەر عەردەکە هەڵقونجاوەو تفەنگەکەی لەسەر رانی داناوەو وەک هەڵۆ چاوی بە دوایانەوەیە، خێرا ئەو ناوەیان بەجێ دەهێشت. گوڕ گوڕ پیاوێکی زۆر سەیر بوو قەت نەمدەزانی هەستی بەرامبەر من چۆنەو قەتیش هەستم بە ئارامی نەدەکرد، کاتێک لەگەڵ ئەودا بوومایە. ڕۆژێکیان خۆم ئامادە کردبوو بەلاقەدی ئەوبەری دۆڵەکەدا هەڵگەڕێمو دەیانگووت ئاسانترە لە نزیک بەفرەکەوە. کە ویستم پیاوە ڕێیەک تاقی بکەمەوە، دەیانگووت لە دۆڵەکەوە یەکسەر دەچێتە سەر شاخی کۆڕەک.

گوڕ گوڕ وتی من لەگەڵتدا دێم، ئەمەی گووتو هاتە پێشەوە بێ ئەوەی چاوەڕوانی ڕێدانی من بکات. سەربەرەو ژوورکەیەکی زۆر سەخت بوو، من توانای ڕۆشتنم زۆر باش بوو هەستم دەکرد کە هەنگاوەکانم زۆر خێرانو ئەو پیاوە کوردە پیرە بە دوامەوەیەو بەکاری خۆی دەهات. دوای ماوەیەک گەیشتینە کەندەلانێک کە بە پێچو دەورە بە قەدپاڵێکی لێژدا دەیڕوانیو لە خوارمانەوە هەڵدێرێک بوو دوور لە خوار خۆمانەوە خاڵی وردی سپی دیار بوون کە کامپەکان بوو ماوەیەک لەمەو پێش بە جێمان هێشتبوو. ساڵەها ساڵی پیدا ڕۆیشتنیاندا لەلایەن پیادەو دڕندەوە بەردەکانی کەندەلانەکە لووس بووبوون وەک پلەیان لێهاتبوو. دیار بوو پیادەڕێیەکی نهێنی بوو، بۆ دەربازبوون لە کاتی گیرانی دۆڵەکە لە لایەن دوژمنەوە. گوڕ گوڕ گووتی زۆر خێرا دەڕۆیو من پێت ناگەم با پشوویەک بدەینو دانیشینو لەسەر لێواری پلەکان هەڵقونجا. من زۆر حەزم لە شاخە، بەڵام ڕقم لە هەڵدێرەکەو زۆرم حەز دەکرد زوو لەوێ دەرچین، بەڵام ناچار بووم لە تەنیشت کابرا پیرەوە دانیشم، هەرچەندە پێم خۆشتر بوو یەکێکیترم لەگەڵدا بێت.

وەک پیرە دالاش هەڵنیشتبوو بە قۆناغی تفەنگەکەی ئاماژەی بۆ شوێنان دەکردو بە شێوەیەکی کوردی تێنەگەیینەر دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پڕ لە ئاشوبەی دۆڵەکە کردو هەندێک لە حیکایەتەکانی تێگەیشتم بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەندەم گوێ نەدایەو جارجاریش بە چاوێکی سامناکەوە رووی تێدەکردمو دەستی دەدایە مسکی خەنجەرەکەی بۆ ئەوەی چیرۆکەکانی پڕ دەرامەتێک بکاتو وەک هەموو پیرە مێردێک چاوی تێبڕیم. دڵخۆش یان دڵتەنگ بە قسەکانی، ئەو هەر لەسەر چیرۆکەکانی خۆی دەرۆیشت. هاتە سەرباسی سەرۆک خێڵێک بەناوی عەلی بەگەوە کە فەرماندەیەکی باش بووەو ئەو کاروانە رێیەی دروستی کردووە کە بە دۆڵەکەی خوارەوەدا دەڕواتو بە ناوی ئەوەوە ناویان ناوە عەلی بەگ. بەشێک لە چیرۆکەکانی دووبارە باسی بەسەرهاتە پڕ لە ئاشوبەو خوێنرێژی دۆڵەکە بوون. لە دواییدا باس هاتە سەر بیرۆکەی حەسەن بەگ، حەسەن بەگ کێیە؟ لە کوێ ژیاوە؟ لام روون نەبووەوە، بەڵام ئەم کوردە بە ناوبانگە پلانێکی دانابوو بۆ هەڵدێرانی کابرایەکی ئاوارە لەو پیادە رێیەوە کە ئەوەی ئێمە. چونکە ئەو پیاوە رێگا نهێنییەکەی دۆزیبووەوە. گوڕ گوڕ دەستی بۆ ئەو شوێنە درێژ کرد کە من لێی دانیشتبوومو گووتی: ئەمەش ئەو شوێنەیە کە حەسەن بەگ لە دواوە خەنجەری لە کابرا دابوو. هەروەک ئەوەی من لێرە فیشەکێکت پێوەنێمو بتکوژمو لولەی تفەنگەکەی روو تێ کردمو لەسەر چیرۆکەکەی رۆیشت. کابرا کەوتو خوێنەکەی بەسەر لێواری شاخەکەدا دەچۆڕایەوە. حەسەن بەگ چووبووە سەری بۆ ئەوەی لاشەکەی فرێبداتە خوارێ. کتوپڕ لەوکاتەدا کە لاشەکە بە ئاسمانەوە بووبوو کابرای بریندار لاقی حەسەن بەگی گرتبوو هەردووکیان بەو هەڵدێرکەدا هاتبوونە خوارێ. گوڕ گوڕ سەری شۆڕ کردەوە بەسەر ئەو شوێنەی کە لێی بەربووبوونەوە، منیش گووتم:

"بەڵێ بەڵێ زۆر سەیرە ئەگەر تۆ پشووت داوەو حەساویتەوە با هەڵسین برۆین، ئایا تۆ دەتوانی ئەو کەوە بئەنگێویت لەسەر ئەو بەردە دوورە لە دەستی راستەوە هەڵنیشتووە؟ زۆر بێزار بووم لەو هەموو چیرۆکی کوشتنو بڕینی کوردییەی ئەمڕۆ. لەم شوێنەدا زۆر ماینەوە.

گوڕ گوڕ وەڵامی دایەوەو گووتی: نەخێر کەس ناتوانێ لە شوێنی وا دوورەوە کەو بئەنگێوێت، منیش گووتم: باشە تەماشاکە. من هەوڵی ئەوەم دەدا تەلیسمی ئەو شەیتانە بشکێنم کەوا ئەم پیرەمێردە بەسەرمدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیخوێنێتو وام لێبکات لەم هەڵدێرکە هەزار بە هەزارەوە خۆم فڕێبدەمە خوارێ. هەروەک هەڵۆکە بە یەک فیشەک پەڕو باڵی کەوەکەم بە ئاسماندا بردو لە بەردەکە بەربووەوە. کەو باڵندەیەکی زۆر بچوکە بۆ ئەنگاوتن، بەتایبەتی کە لە پەنجا مەتر دوورتر بوو، کابرای کوردە سەری سوڕما بوو. منیش گووتم برۆ بیهێنەوە، وەک عادەتێک جێگەی تەقەکەم گۆڕیو بە چاوی زەقەوە دەستی کرد بە راکردنو لە کەندەڵانەکە دابەزیو چوو بۆ لای کەوەکەو هەڵی گرتەوەو هێنایەوە.

لەوانەیە دانیشتوانی دۆڵی گەلی عەلی بەگ پیاوخراپ بن، بەڵام لە راستیدا کاتێک لە ناو ئەواندا دەژیام هەستم بە ئارامی دەکرد. لەشەوانی درێژی زستاندا هەر فیکرم لەوە دەکردەوە کە چۆن پیاو دەتوانێت لەناو ئەم خەڵکەدا بژیت کە کوشتنو بڕین پیشەی رۆژانەیانە. لەوشوێنەدا خوێندنەوە باشترین کار بوو بۆ کات بردنە سەر لە ئێواراندا، هاورێیەکم پەرتوکێکی بۆ ناردم زۆر رێککەوتبوو لەگەڵ دەوروبەرەکەمدا. پەرتوکەکە لە نوسینی دوروشی پایەر بوو. کە ناونیشانەکەی سەرجەمی رۆمانە کورتەکانینو پۆلیسو نهێنیو سامناکی بوون. لەم سەر بۆ ئەوسەریم خوێندەوە. هەرچەندە کوشتنو بڕین بە ئاسانی لە خۆرهەڵاتدا بەرپا دەکرێت، بەڵام سێبەری سوکیش هەیەو کاری جۆر بە جۆری کامپەکەی لە تورەبوونی ناو دۆڵی گەلی عەلی بەگ دووریان خستبوومەوە. من هەمیشە هیوام ئەوە بوو کە سەردانکەرانی دەرەوەی وڵات، رای باشیان هەبێت بەرامبەر بە کوردو چاوپۆشی بکەن لە هەڵسوکەوتی رابردوویان، لە ژێر چاودێری ورددا کامپەکە وەک قوتابخانەیەکی رۆژانی یەک شەممە وابوو، شوێنێکی پڕ لە ئارامی بوو، بەڵام پیاو لەوە بێزار دەبوو کە ئەو رایە باشەی دەمویست بە خەڵکی بگەیەنم، لەبەرچاوی خۆم پووچ دەکرایەوە. لەوانە بوو بۆ چەند هەفتەیەک کاری ناشرین رووی نەدایە، بەڵام وەها دەردەکەوت کوشتنو شەڕ کردن هەر لەبەر خاتری سەردانکەران بەرپا بکرێت. لەوانە لە ناوەڕاستی کاتی نان خواردندا کە لەبەر خاتری ئامۆژگاری کەرانو سەرپەرشتیکەران ئامادە کرابوو شەڕو دەمەقاڵێ بەردەرگای منیان دەگرت. منیش ناچار دەبووم میوانەکانم بە جێبهێڵمو لێکۆڵینەوەم بکردایەو خەڵکم بە گرت بدایە. بۆ نموونە کوشتنەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەلی بابە بوو. ئێوارەیەکیان ئەفسەرێکی پزیشکی ئێرلەندی کە لەگەڵ لیڤییەکاندا کاری دەکرد، سەردانی کردمو ئێمەش لە دەرەوەی چادرەکەمدا دانیشتبووین جگەرەمان دەکێشاو قسەمان دەکرد. لەو ئێوارە ئارامەدا کوتوپڕ هەستم بە هاتنی عەبدوڵای چاوەشی کامپەکە کرد کە گوڕ گوڕ لای ئەو کاری دەکرد. عەبدوڵا چاوەشی هاتە پێشەوەو لەگەڵ جووتکردنی پێڵاوەکانیدا سەلامی بۆ کردمو لە هەڵسوکەوتیدا دیار بوو کە کارێکی ناخۆش روویداوەو لەوانەشە کاری کوشتن بێت، منیش گووتم چی قەوماوە؟ بە دوای خۆیەوە دارە مەیتەیەک بە چوار کرێکار هەڵیان گرتو هێنایانە پێشەوە. شتێکی رەش داپۆشرابوو رووی کردە مورفی بۆ ئەوەی بزانێت دەمو دووی ئەو چۆنە، بە دەنگێکی بزرکاوەوە ئەمە پیاوەکەیە کە دیار نەبوو، ئەمە عەلی بابەیەو لە رووبارەکەدا دۆزیمانەوە. لەوانەیە چەند رۆژێک بێت لەوێدا بووبێت ئێستا سەرئاو کەوتبێت. وەک لێزانێک ووتی چەند نیشانەیەک بەسەریەوە هەیە، گەورەم تۆ رات چییە؟ لە خەیاڵی مورفیدا نەبوو توشی ئەم بابەتە رابواردنە بێت، بەڵام کە عێراق شوێنی قەومانی واچاوەڕوان کراوە، قەلەکەی کوژاندەوەو هەڵساو لەگەڵمدا هات بۆ لای لاشەکە. عەلی بابا کرێکارێکی ئێران بێت دەڵێن پارەی پێبوو چەند رۆژێک بوو دیار نەمابوو، دەنگ وابوو بەڵام ئەوەتەی لە چادرگەکەیدا لەگەڵیدا بوون دەیانگووت: چۆتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. ئەمە لە گوین نەبوو، چونکە حەفتانەی رابردووی وەرنەگرتبوو. پارچە جلی خوێن بە سەر بەردی نزیک بە رووبارەکە بوو لاشەکەی بزر بووبوو، وامدەزانی قەت دەرناکەوێت. پەڵە خوێن بەسەر جلی کرێکارەکانی لەگەڵی بوون لە چادرەکەیداو ئەوان دەیانگووت گوایە ئەمە پەڵە خوێنی بزنێکە سەریان بڕیوە قەسابی کامپەکە دەیگووت ئەوان بەشی خۆیان گۆشت وەرگرتبوو وتیشی لای خۆمەوە هەموویانم بەند کرد. لاشەی کوژراوەکە لەبەردەمماندا کە وەهام دەزانی ئاو بردوویەتی، بەڵام لە پەنا بەردێکدا نزیک بە گولاوێک لەسەرخۆ لە ئاوەکەدا دەخولایەوەو ئاوە خوڕەکە نەیبرد بوو منو مورفی پێکەوە لاشەکەمان پشکنی، وەک ئەفسەرێکی پزیشکی مورفی بۆی دەرکەوت نیشانەی برینداری پێش مردنی پێوە بوو، پەڵەی شینەوە بوو کە نیشانەی ئەوەیە کوژراوەو پێش مردنی هەوڵی لەگەڵ پیاوکوژەکاندا داوە. روومکردە عەبدوڵا چاوەشیو پێمگووت دەبێت بەیانی بچیتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناو کرێکارەکان‌و نیشانەی زیاتر دەستگیر بکەیت، بەوانەشە یەکێک لە کرێکارەکان شتێک بزانێت ئەویش وەلامی ئەوە بوو: گەورەم بەیانی دەچم خۆم لێیان دەگۆڕم کارەکە جێبەجێ دەکەم. منی بردە ئەولاوە منیش پێم گووت ئایا بە راستی ئەو دەتوانیت خۆت لەوان بگۆڕیت؟ بە شێوەیەک کرێکارەکان نەتناسنەوە، چونکە عەبدولا چاوەشی زۆر ئاشکراو ناسراو بوو. ئایا دەتوانم! من بێجگە لەوەی پۆلیسم من کاری ئاسایشیش دەبەمە سەر تۆبۆ من بەجێی بهێلە! رۆژی دوایی زۆر سەرم قاڵ بووو ئەم مەسەلەیەم لە بیر چووبۆو. نیوەرۆ بە تەنیشت چایخانەی کەمپەکەدا رەت بووم‌و کرێکارەکانم بینی کۆمەڵەیان کردبوو بە دەوری پیاوێکی گەورەوەو بەسەرو مێزەرێکی کوردییەوەو دیشداشەیەکی لەبەر کردبوو دەمانچەیەکی پۆلیسی بە قایشەکەی پشتییەوە هەڵواسیبوو، لە ژێر دیشداشەکەوە لەفافی پۆلیسی بەستبووو پۆستاڵەکانی دیار بوون. منیش گووتم عەبدولا چاوەشی ئەگەر خۆت سەلامت نەکردایە نەمدەزانی تۆیت، ئایا هیچ سەرە داوێکت دەستکەوت؟ ئێستا من دەزانم پۆلیسی نهێنی‌و ئاسایشی کوردی چۆنە! کە هێشتا رووداوەکە گەرماو گەرمە. وەک هەموو رووداوێکی وەک ئەمە لە عێراق، لە دادگایەکەوە بۆ دادگایەک رەوانە دەکراو تەنیا پەڵە خوێنی مرۆڤ نەبێت کە بە جلی پیاوکوژەکانەوە بوو. هیچ نیشانەیەکی‌تر دەرنەکەوت‌و پیاوکوژەکانیش بەرەلا کران بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێک. ئەوەی لە دەستی مندا بوو کردم‌و ئەگەر بۆم بکرایە هەڵمدەواسین. بۆ سەرسوڕمانم ئەوان بە دڵێکی خۆشەوە گەڕانەوە بۆ کامپەکەو وایان دەزانی دەیانگەڕێنمەوە سەر کار، منیش بڕیارمدا نەیانگەڕێنمەوە. ئەوان زۆر تورە بوون‌و لەوە ناوە بۆ چەند هەفتەیەک مانەوە بە هیوای ئەوەی بڕیارەکەم بگۆڕم، بەڵام بەلای منەوە دەبێ پێڕەوی هەڵسوکەوت بکرێت. خۆ ئەگەر هەر وەک ئاگادارکردنەوەیەکیش بێت هەر باشە. هەرچەندە من نەمتوانی کەسێک هەڵواسم خۆ توانیم لەکارەکە دەریان بکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی دوانزەیەم

## ئێوارەیەکی کریسمس لە کوردستاندا

بەدرێژایی ڕێگاکە لە بانەمانەوە بۆ گەلی عەلی بەگو بە دواوە، لە ژێر دروستکردندا بووو کارێکی زۆر هەبوو دەبوو تەواو بکرێت. لەو گەرمەی کارەدا لەیادم چووبوو فەرمانم بۆ هاتبوو بۆ کریسمس بچم بۆ کەرکوک. پیاو نابێ داواکانی لێپرسراوی خۆی پشتگوێ بخات. لەو حەفتەیەدا هەوا خۆشبووو باران نەبوو ڕێگاکە کرابووەوەو خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم بۆ پشوویەکی کورت. لەبیرم چوبووەوە ئێمە پشوویەکی مافی خۆمان هەیە. ئێمە سەرقاڵی کاری ڕێگاکە بووینو ئەوانەی ئاگاداری پۆستیان دەکردین، بە ڕێکو پێکی نەیاندەگەیاندە دەستمانو کاتێک دەگەیشتنە دەستمان ئاگادارییەکان بەسەر دەچوون.

لەوانەیە کاری بەرپرسی ڕێکخستنی پشووە ئایینیەکان زۆر گران بووەستێت. پشوودانێکی زۆر هەبوو بۆ موسوڵمانەکان، بەتایبەتی لە مانگی رەمەزانداو لە زۆربەیاندا جولەکەو مەسیح بەشداریان دەکرد. وەک دەردەکەوێت ڕۆژووو نوێژو جەژنو حەجیش بۆ یەکێک لەو زیارەتگایانە، کە لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی وڵاتەکەدا بڵاوبوونەتەوە، بەرپا دەکرێ. موسوڵمانەکان بەلای کەمەوە دەبێ لە ژیانیاندا جارێک بچن بۆ سەردانی مەککە. ئەمەش کارێکی گەورەیە بۆ ئەوکەسەی پێی هەڵدەستێتو پێی دەڵێن حاجی. لە هەمان کاتدا حەجی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچووکتریش هەیە، شیعەکانی ئێران سەفەری دووروو درێژیان دەکرد بۆ شارە پیرۆزەکەی نەجەفو تەرمی مردووەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ناشتنی لەوێدا. من لە باشوور بووم زۆرجار کاروانی تەرمەکانم دەبینی بەو بیابانانەدا بەرەو نەجەف دەڕۆیشتن. بەشێوەیەکی گشتی تەرمەکان لە حوشتر باردەکران، لەم دواییەشدا لۆریشیان بەکاردەهێنا بۆ ئەم کارە.

شای ئێران دوایی بەم خووە هێنا لەبەر ئەوەی پارەیەکی زۆری تێدەچوو، مردوو ناشتن پارەیەکی زۆری تێدەچوو، لە مزگەوتە بەناوبانگەکانی خۆیاندا، تەرمەکان ئامادە دەکران بۆ بەخاکسپاردنیان.

موسوڵمانە شیعەکان، شینی حەسەنو حوسێن دەکەن. لەو کرێکارانەی لای من شیعەیان تێدابوو، بەتایبەتی ئێرانییەکان، کە ئاڵای رازاوەیان هەڵدەکردو بەشەوو رۆژ بە داروشیر، بەخۆیاندا دەکێشاو لە دواییدا، جەژنێکی بێهاوتایان دەکرد. بۆ ئەم کارەش یارمەتیان کۆدەکردەوە لەو کەسانەی بیانویستایە بەشداریبکەن.

هەتاکو ژیرترین کرێکار بڕوای بە موعجیزە هەبوو لەو شوێنە پیرۆزانەی وەک نەجەفو کەربەلا. ئەوان دەیانگوت: ئایا بە چاوی خۆمان نەمانبینیوە پێغەمبەر بە دەستی خۆی خەڵکی لە سەر عەردەوە هەڵکێشاوە بۆ ئاسمان؟ موسوڵمانە سوننەکان بەتایبەتی کوردەکان کەمبڕواتر بوون. ئەوەندە خۆیان بە حەجەوە خەریک نەدەکرد. هەتا ئێستا حاجیەکی کوردم نەبینیوە، تان مردوەکانیان لە گۆرستانی خۆیاندا نەنێژن. کوردەکان مردووەکانیان لە گۆرستانی لاقەد گردەکانیان دەنێژنو هەر گۆڕەش بە کێلی نارێکو دانەتاشراوو بێنوسراو لای سەرەوەی گۆڕەکە نیشان دەکەن. سەرەک خێڵەکانو خەڵکانی شارۆچکەکان رۆژوو دەگرن، خەڵکانی هەژار ئەوەندە گوێنادەنێ. وابزانم ئەو کەسانەی کرێکارن بۆیان هەیە رۆژوو نەگرن. لێپرسراوانی دەوڵەت، رۆژی پشووی تایبەتیان بۆ موسوڵمانەکانو جولەکەکانو مەسیحیەکان دانابوو، وابزانم بۆ داسنییەکانو ئاینەکانیتر رۆژی پشووی تایبەتیان بۆ دانەنراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناو ئەو مەسیحیانەی لای من کاریان دەکرد، شێوەی جیاوازی زۆرم لە نێوانیاندا دەبینی. ئەرمەنییەکان، کە باشترین شۆفێری ئۆتۆمبیلو تراکتۆربوون، وابزانم سەر بە کەنیسەی یۆنانی بوون، کلدانییەکان کاثۆلیکی رۆمانی نەگۆڕاو بوون non conformistsو لەوانیش زۆرتر ئاسورییە نەستوریەکان بوون.

ئەم کۆمەڵە جۆراوجۆرە مەسیحییانە رۆژانی جیاوازیان هەبوو بۆ جەژنەکانیانو یەک رۆژی جەژنیان نەبوو بۆ هەمووان، هەتاکو کریسمسیش یەک نەبوو.

لەکاتی هەوڵە تەبشیرییەکانی دکتۆر وگرامەوە، ئاسورییەکان پەیوەندیان بە کەنیسەی ئینگلیزییەوە بەستووە، هەرچەندە کریسمسو ماوەی رۆژووی تایبەت بە خۆیان هەیە.

وابزانم هیچ ئایینێک نەبوو، کە لە سەر رێگاکەی رەواندوزدا نمونەیان نەبێت، تەنانەت هیندیەکانیش. چاودێرکەرەکەم سیخ بووو راماڵکەرەکەم هیندۆسی بوو، شۆفێری رۆڵەکەم مەلایەکی موسوڵمان بوو. هەروەها بەم شێوەیە ئەوەنەی‌تریش. جرجیسی خزمەتکارم ئایینێکی بۆ خۆی لواندبوو، کە لە هەمووی ئاسانتربوو. ئەو دەیگووت بە مەسیحی لەدایکبووم، بەڵام بێسوودە ئەگەر لە جەژنەکانیاندا هاوبەشی ئەوانیکە نەکەم. لەکاتی جەژنی مەسیحییەکاندا ئەو جەرجیس بووو لەکاتی جەژنی موسوڵمانەکاندا عەبدوڵلا ئیسماعیل بووو لەکاتی جەژنی جولەکەکاندا شائول ئیلیشوو بوو.

عەبدوڵلا ئەفەندی، کە لە هەولێر لێپرسراوی عەمباری بەشەکەمان بوو لە جونێکی جیاواز بوو. هەرچەندە موسوڵمانێکی پڕ بڕوا بوو، بەڵام سکوتلاندی‌و خەڵکی گلاسکۆبوو. ئەم پیاوە هەستێکی قووڵی تێدا دروست بووبووو بووبوو بە موسوڵمانێکی رێزلێگیراو. لەم گۆڕانەدا بۆ ئیسلام ، گوێی نەدایە بەرزی پلەو پایەو ماڵی دونیا، لە ملکەچی‌و رەزامەندی لە قولایی هەستیەوە بەولاوە. زۆرجار دڵتەنگی خۆی بۆ دەردەبڕیم لەوەی، کە زۆرکەم لە موسوڵمانەکان لەگەڵ باوەڕی راستی ئیسلامدان. لەگەڵ بڕوا ئاینییەکەشی ئەو هەر بەریتانی- سکوتلاندی مابووەوە، هەرچەندە دەیزانی دەبێت بەهۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرکردنی لە بەشەکەو دەبێ ئەم وڵاتە جێبهێڵێت. وابزانم ئێستە لە هیندوستان دەژێت.

بۆ ئەوەی بزانین رۆژی بیست‌وچواری دیسەمبەری هەزارو نۆسەدو بیست وهەشت، واتە رۆژی کریسمس کەیە، کاتێکی زۆری پێویست دەبوو. لەجیاتی ئەوە دەستمکرد بە پرسیارکردن لە ستافەکەم‌و ئەوانەی بە رۆژانە لەوێ کاریان دەکرد، لە رۆژی پشوودانادا پارەیان وەرنەدەگرت چونکە کاری تێدا ناکرێت‌و لە توانای منیشدا نەبوو رۆژانەیان بدەمێ. من دەمزانی زۆر دەمێکە پشوویان وەرنەگرتووە. هیچ شتێک لە دەنگدانی پشووی کریسمسدا نەبوو، هەموو بە یەکدەنگ گوتیان کریسمس بۆ ئێمە باشە.

لە رۆژی بیست‌وچواری دووازدە بەیانیەکەی زوو، رۆژانەم بە هەموویان داو پشووشم بە ستافەکەم دا. لیۆن مارشەمونی ئاشووری، چوو بۆ دیانا بۆ رۆژی نویژ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانەی دیانا هەموو نەستووری بوون، دەترسان رۆژی بیستوچوار نەکەن بە رۆژی نوێژ، هەتا دوای دوو رۆژێکی‌تر کریسماسی نەستوورییەکانە. بەڵام رۆیشت تا بزانێ چی دەبێت. ئەرمەنییەکان‌و کلدانییەکانیش چوون بۆ دیانا بزانن ئایا سودێکی ئاینیان دەستدەکەوێت؟. کرێکارەکان خۆیان بە دورمان‌و کۆکردنەوەی داری ئاگرو چوون بۆ شتومەک کڕین لە رەواندوز خەریک کرد.

هەندێکیان لە چەمەکەدا خەریکی راوە ماسی بوون‌و هەرکەسە بە شێوەیەک خافڵابوو. ئەمڕۆ دوا رۆژی کاربوو لە گەلی عەلی بەگداو کرێکارەکان دوو رۆژانەیان وەرگرت‌و ماڵئاواییان لێکرا. ئۆتۆمبیلەکەم پڕکرد لە شتومەکی جۆراوجۆر، وەک پیخەف، سندوقی پارەو تایەی سپێرو ئامێری چاپکردن‌و فایلەکانم‌و دەستمانکرد بە قورشێلان لە سەر ئەو رێگا دوورو پێچاوپێچەی، کە بە سەد کیلۆمەتر دەمانگەیەنێتە هەولێر. دڵخۆشبوون بە رزگاربوونم لە کاری رۆژانەی ناخۆشی کامپ‌و چاوەڕوانی خۆشیی رۆژی کریسمسم دەکرد، کە پیاو دەگەڕێنێتەوە بۆ رۆژانی منداڵی‌و یادە دێرینەکانی. ئەو هەستانەم فرێدا، کە لەکاتی رێگا دروستکردنەکەدا توشی دوودڵیان کردبووم لە توانای دەربازبوونمان لە تەختی دۆلەکەو گەیشتنمان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەربەندی سپیلک. دەستمکرد بە هەستو گیانێکی رۆژی پشوودان، بێئەوەی دۆڕانو دەستکەوتم بە خەیاڵدا بێت.

لەسەرخۆ لە قورگی گەلیەکەدا، پردە کاروانییەکەی گەلیمان بڕی، کە هەتا ئەوساش هەر لە کاردابوو، بۆ ئۆتۆمبیلیش بەکار دەهات. پانی ئەو پردە چوار ئینج بەرینتربوو لە بەرینی نێوان هەردوو تایەی ئۆتۆمبێلەکە، لە هەردوو لای پردەکەدا هیچ راگرێکو لادانەیەک نەبوو بۆ راگیرانی ئۆتۆمبێلەکە لە کاتی لادانیدا. لەو شوێنەدا رووبارەکە ساردو قوڵبوو، ئەگەر ئۆتۆمبێل سەربەرەو خوار بەربێتەوەو لە سەر پشت بکەوێت، شۆفێرەکەشی لە ناویدا قەتیس بێت، پیاو تەزووی بە لەشدا دێت. جەرجیسو حەسەن لە پێشمەوە دەرۆیشتن بۆ رێگا نیشاندانو دەستیان بە راستو چەپدا بەرز دەکردەوە یان دەستیان هەڵدەبڕی بۆ راوەستان ئەگەر بهاتایە بەقەدەر تۆزێک لە هێڵی راست لامدایە. زۆرجاریش بۆ دڵنیابوون لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزیمو تەماشای دوورو نزیکی تایەکانم دەکرد لە لێواری پردەکە هەرچۆنێک بێت هەموو جارێک بە سەلامەتی رزگارم دەبوو، لە پردەکە دەپەڕیمەوە هەرچەندە چاک هەستم بە خزمەتکارەکانم دەکرد، کە چۆن ئامادەبوون خۆیان دەربازبکەنو منیش لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بەجێ بهێڵن ئەگەر بهاتایە شتێک رووی بدایە. لە دواییدا گەیشتینە هەشت کیلۆمەتری رێگا قوڕو هەورازەکەی، کە دەمانباتە سەر دەربەندی سپیلک. شۆفرلێتە بچوکەکەم لە سەر گێڕی یەک ئەو قوڕەی دەکێڵاو رادێتەرەکەی دەیکوڵاندو وەک فیی گرتبێت هەڵمی لێهەڵدەستاو چۆن سواربونێک! هەر زوو ئۆتۆمبیلەکە هەتا جامی پێشەوەی لە قوڕاودا نوقوم بوو، زۆرجاریش قوڕ ئەکسلەکەی دەگرتو دەچەقین. ئەمەش رێگرنەبوو، یەکسەر پۆلیسو خزمەتکارەکان لە ئۆتۆمبیلەکە دەهاتنە خوارێ، منیش بۆ دواوە دەگەڕامەوەو لە سەر گێڕی یەک بەرەو پێش گورم لێدەسەند، جارێکیتریش دەکەوتمە گۆلێک قوڕەوە. ئۆتۆمبیلەکەی قوماندانی پۆلیسی رەواندوز لە سەر رێگاکە کەوتبووو ئەکسلەکەی شکابوو. بەڵام ئەمڕۆ کریسمسەو دەبێ چانسی وەربگرین ئەگەر بمانەوێت ئەم ئێوارەیە بگەینە هەولێر. ئینجا منیش لەگەڵ خێرایی مەکینەکەدا کلاجم بەکاردەهێنا هەرچەندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ مەکینە زۆر خراپە، بەڵام زۆرجاریش بەسودە بۆ دەربازبوون. پۆلیسو خزمەتچیەکان بە تەنیشتمدا بازیاندەداو دوای پاڵپێوەنان هاواریان دەکرد یااللەو چامرلخەکەیان بەرزدەکردەوە ئۆتۆمبیلەکە لە رۆیشتندا بوو، کە خۆیان فریدەدایە ناوییەوە نەبادا جارێکیتریش بچەقین. دوای ماوەیەک جارێکیتریش چەقین، لەوشوێنەدا کاروانو مێگەلی لێبووو شوانو کاروانچییەکان یارمەتیان داینو پاڵیان بە ئۆتۆمبیلەکەوە دەنا، ئێمەش بۆی دەرچووینو ئەوانیش تەماشایان دەکردینو پریشکە قورِ لەشی سواغ دابوونو سەیریان بەوە دەهات، کە چۆن ئەو ترۆمبێلە ((ترۆمبیل چەوتی وشەی ئۆتۆمبێلەو کوردەکان بەکاری دەهێنن)) دەربازبوون. لە شوێنێکدا بنی ئۆتۆمیلەکە لە بەردێکیداو تەقەیەکی لێوەهات. من لەم بەسەرهاتە دەترسام، چاوەڕوانم دەکرد رووبدات. بەردەکانی سپیلک وەک گوێزان تیژن. ئێستە چۆن بە جەگ ئۆتۆمبیلەکە لەناو ئەو قورە قووڵەی لاقەد گردەکە هەڵبڕین؟ کارێکە پیاو توشی قسەی ناشرین دەکات. ئەگەر کەمێک بە قەدەرایی چوارپێنج سانتیم مەترێک ئۆتۆمبیلەکە بەرز بکرێتەوە، دەبێ بە پاڵکەوتنەوە بێت، ئەویش بە هەزار دوعاو شێخو مشایخ. لە سەفەرەکانی پێشوومامدا، تایەکان لە چەند شوێنێکەوە پینەکرابوون، ئەمجارەش گەیشتبوونە سەرچاو، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەرچووین.

لە دواییدا گەیشتینە سەری سپیلکو سەربەرەوخوار بەو رێگا پێچاوپێچەدا رۆیشتنە خوارێو باشبوو ئەودیوی سپیلک ووشکتربوو، لەوێشەوە بە دەشتی باتاسدا تێپەڕینو زنجیرەکەش قوڕی فرێدەداو دەیدا بە چامرلغەکەدا. لێرەدا تۆڵەمان کردەوەو خێرا رۆیشتین. لە هەریر منداڵە ورتکە کۆمەڵیان لێکرتینو لە سەر رێگاکە لە خۆشیاندا دەیانقیژاند.

بە ئاسانی بە دەربەندی مەڕوادا سەرکەوتینو بەودیوی شاخەکەوە رێگاکە توندتربووو بە رووباری مەڕوادا لەسەرخۆ پەڕیینەوەو لە سەر سی کیلۆمەتر دەڕۆیشتین بێ ئەوەی پریشکە قوڕ فریامان بکەوێت. گەیشتینە شەقڵاوە، چووینە شوێنی پشودانی خۆمان، کە لە کاتی خۆیدا دروستمان کردبوو. ئەمانوێڵ پاوەرسی لە هەموو چاودێرەکانم تەبیعەت خراپتربوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێ چاوەڕێی دەکردم. منیش پێم گوت تۆ پشووی کریسمست نییە، لەبەر ئەوە تەنگژەی زۆری دەهێنایە ڕێگام، بەڵام لەم ئێوارەی کریسمسەدا من نەرم بووم. بە پاوەرم گوت تۆ پیاوێکی هەراوهوریا دروست دەکەیتو هەر حەزت لە دەمەقاڵەیە لەگەڵ چاودێرکەرانو کرێکارەکاندا، بزانە بەڵکو کریسمس لەناو ماڵومنداڵتدا، هەڵسوکەوتت باشتر بکاتو عاقڵتربیت. بەوشێوەیە پارەمدایە پاوەرسو پیاوەکانیو رووم کردە گوندی کوڕێ، کە تاقمە ئاسنگەرەکەی لەژێر دەستی جاکیۆس سیرتی ئەرمەنیدا بوونو لەوێ چاوەڕێیان دەکرد. جاکیۆس لەوەوپێش لە هێڵی شەمەندەفەری پاسفیکی کەنەدی کاریکردبوو، خەریکی تەختکردنو داپەستینی ڕێگاکەی ماکادام بوون، کە لە هەولێرەوە دەستی پێکردبوو، لەم شوێنەدا بۆ یەکەم جار لە سەر ڕێگایەکی تونەدا ئۆتۆمبیلەکەم لێخوڕی.

دابەشکردنی موچە، کاتێکی زۆری پێویست بوو، جگە لەوەش، هەندێک بابەتیتر هەبوون، تەواوکران، وەک چاوپێکەوتنی بریندارو ئەوانەی لەوەوپێش پارەیان وەرنەگرتبوو، ئەمانە هەمووی تەواوکرانو سیریتم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت. سیریتی دەچووەوە بۆ موسڵ بۆ سەردانی ماڵو منداڵی، عەلەشیشێکی لە سەر رانی دانابوو، کە زۆر بێدەنگو ئارام بووو گوێی بەوە نەدەبزووت، کە بۆ کریسمس بریاری کوشتنی دراوە.

، کە تاریک داهات دەستمانکرد بە خێرا ئاژووتن، لە سەر ئەو ڕێگا تەختو توندەدا. بەسەر بەرزاییەکانی پیرمامدا بە ٣٠٥ مەترێک بەرز، سەرکەوتینو لە ئاوەکەی بەستۆرەماندا، کە بەهۆی باراناوی پایزەوە ٧٠ سانتیمەتر هەستابوو. بەو بەفرو بارانو تەرزەو بای بەقوەتەوە، ملمان لێناو شتومەکەکانم لە نێوان چامرلخو بۆنیتی ئۆتۆمبیلەکەدا قایمکردبوو. لەو سەرمایەدا، ئەو قورەی بە جامەکەوە بوو بەستبوویو بۆ ئەو ١٦ کیلۆمەترەی مابوو بگەینە هەولێر، لە پەنجەرەی تەنیشتەوە، سەرم دەرهێنابوو بۆ ئەوەی ڕێگاکە ببینم. زنجیری تایەکان هەر تەقەیان دەهاتو باشبوو تایە پینەکراوەکان بەریانگرت. بە شەوقی لێڵی چاوی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە، گەیشتینە هەولێر،و چووینە هۆدە چۆڵو هۆڵەکەی سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەمباری دائیرەکەمان. پۆستی کریسمسم بەسەرکردەوە، کە چاوەڕێیان دەکردمو هەموویانم خوێندەوە. لەوپەڕی دونیاوە کێکو چۆرەکو مورەبای هەڵوژەم پێگەییشت. هەمووشیان سەفەری زیاتر لە ۱۷۰۰۰کیلۆمەتریان کردبووو لە نیوزلاندەوە ناردبویانن بێئەوەی تێکچن، چونکە باش پێچرابوونەوە.

لەبەر خراپی ڕێگاکە نەمتوانی ئەو شەوە بچم بۆ کەرکوکو بەتەنیا لە هەولێر دەبێ ئێوارەی کریسمس ببەمە سەر. لە دواییدا بیرم هاتەوە، کە داوەتێکی کاپتەن چاپمانم هەیە، کە ئەگەر هەردووکمان لە هەولێردابووین، چاومان بە یەکتر بکەوێت. بەهۆی تایە گۆڕینو چەقینەوە، جلەکانی لەبەر دڕابوون زۆر پیسبوون، شتێکی وەهام لەبەرکرد بۆ ئێوارەیەک بگونجێت. سواری ئۆتۆمبیلە بەتواناکەم بوومو بەڕێکەوتم.

شەوێکی تاریک بوو، پەڵە هەوریش بەری ئاسمانیان گرتبوو، بە خێرایی ڕەتدەبوونو ئەستێرەکانیش لە نێوانیاندا دەدرەوشانەوە. کات هەشتو چارەکی ئێوارەبووو گونجاو بوو بۆ سەردانی ئێواران.، کە گەیشتمە خانووەکە، بە دەرگای دیوارە قوڕەکەی شورەی خانوەکەدا، چوومە ژووریو چەند ڕووناکییەکم لە ناو خانووەکەدا بەدیکرد. خزمەتکارەکانم لە موتبەقەکەدا کۆمەڵەیان کردبوو، ئەمەش لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا لە قاهیرەوە بۆ مالیزیا، وەها دەگەیەنێت، کە سفرەی داوەت ئامادە دەکرێت. هەستم بە نارەحەتییەکی زۆرکرد کەوا بەسەردا چووم، لەوەدا بووم ئۆتۆمبیلە قوڕاویەکەم بسوڕێنمەوەو بگەڕێمەوەو خۆم بخزێنمە هۆدە تەنیاکەم. لەوکاتەدا خزمەتکارەکەی چاپمان چاوی پێمکەوتو گوتی: گەورەم دێیت بۆ نانخواردن؟ منیش بە خێراییەوە گوتم: نا، نا من نەمزانی ئەفسەر میوانی هەیە. ئەویش گوتی: گەورەم، میوانمان نییەو خواردنیش زۆرە ((وەک ئەو عادەتەی خزمەتکارەکانی خۆرهەڵات هەیانە بەرامبەر بە خواردنی خاوەن ماڵە گەورەکان)).

منیش هیچ ئۆتۆمبیلم لەو ناوەدا نەبینیو کاتێک، کە چاپمانم بینی، لەبەر هەیوانێکی ڕۆشندا دانیشتبووو بەرگێکی ئێوارانی پاکی لەبەردابوو، لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵکەوتەکە دڵنیابوومەوە. ڕێکەوتێکی چەند سەیرە، شەوانێکی زستانی سەیرە، لە کوردستاندا پیاوێکی ئینگلیز بە تەنیا یادی کریسمس دەکاتەوە لە خانویەکی گەورەی خۆرهەڵاتیداو لە دەشتی هەولێردا دروستکراوە، لە دێرینترین شارە دێرینەکانی جیهاندا. لە دواوەی ئەو خانووە ڕۆشنەوە، شورە بەرزەکانی بە ئاسماندا هەڵچووبوون.

چاپمانیش گوتی: دەبێ ئەمە هەر بەختی من بێت. لام سەیربوو، گوتم: دەبێ ئەوە ئۆتۆمبیلی کێ بێت. من وەهام دەزانی دەبێ بە تەنیا ئێوارەی کریسمس ببەمە سەر، بەڵام ئێستا تۆ دیارکەوتیت، گوێم لە دوایین دەنگوباسی خێڵە شاخاوییەکان دەبێت. من بیستم تۆ ئەوەندە لەگەڵیاندا خۆت جووتکردووە، منت پێناوێت سەردانت بکەم. ئایا حەمەدەشین چۆنە؟.

منیش گووتم: زۆر سوپاس بۆ یارمەتیدانەکانت، ئێمە لەوێ بەینمان زۆرباشەو لەو بابەتەوە دڵنیامکردەوە، بەڵام خۆم بە تەریق دەزانی، کە لە خۆمەوە چووم بۆ سەردانی. فەرمووی کردم بۆ ژوورەوەو گوتی، لەوکاتەدا تۆ هاتیت، داوای شۆربام کرد، تۆش لە کاتێکی باشدا هاتیت. دەبێ ڕۆژێکی درێژت بردبێتە سەر، وابزانم لە گەلی عەلی بەگەوە هاتوویت. ئەو ڕێگایە بە سێ ڕۆژ بەسەر پشتی هێسترەوە ئێمە دەمانبڕی، ئێستە ڕێگا نوێیەکەی تۆ، ئەو دووریە ڕۆمانتیکییە ناهێڵێت. بەدەم پێکەنینەوە کۆکتێلێکی بۆ ئامادەکردمو گوتی: من لە باتی کۆکتێل پێمخۆشبوو شامپانێکت پێشکەش بکەم. داوای شامپێنم کردووە بەڵام باران ڕێی لێگرتووین، ئەم شوشەیەشی تامی خۆرئاوایی دەدات وەنییە؟ بۆ تەندروستیت بۆ ئێوارەیەکی کریسمسی خۆش.

لە سوچێکی هۆدەکەدا، گرامەفۆنێکی لێبووو قەوانی بتهۆڤنی لێدەداو سەرتاقی کورە ئاگرەکەش پڕکرابوو لە کارتی کریسمسی جۆراوجۆر، لەوانەش عەرەبیو کوردیان تێدابووو موسوڵمانەکانیش هاوبەشی پیرۆزبایی کریسمسیان دەکرد، وەک هەستێک نەک باوەڕێک. هەندێک لە کارتەکان دەستکردی سەید حوسنی ئەفەندی ڕەواندوزی برادەرم بوون، کە من هەمیشە موعجیب بووم بە کارە دەستکردەکانی، بەتایبەتی کاتێک، کە ئامێرە ئاساییەکانیم دەهاتەوە یاد، کە ئەو بەکاریدەهێنا بۆ هەڵکەندنی سەر دار.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرم لەوە سوڕمابوو چۆن خانە خۆییەکەم ئەم ئێوارەی کریسمسەی ئامادەو ڕێکخستبوو، ئەویش لەم شوێنە تەنیایەدا. نە میوان هەبوو بانگیان بکات نە چاوەڕوانی کەسی دەکرد، کە سەردانی بکات. هەروەها هەموو ماڵە ئینگلیزێک هۆدەکەی لە کریسمسدا ڕازاندبووەوە. وەها دێتە بەرچاو، میوانێکی زۆر ڕوودەکەنە ماڵەکەو باندی مۆسیقای چاوەڕێ کردن، لە دەرەوەی پەنجەرەکەوە دەست بە گۆرانی، وینسیلاس پاشایەکی باشە، بکەن. کاتێک چاپمان لەوسەری مێزەکەوە سەری مەجلیسی گرتبوو، من ئەو چیرۆکەم هاتەوە یاد، کە (ئو. هینری) لە سەر ئەرستۆکراتێکی فەرەنسی نووسیبووی، کە هەروەک ڕۆژانی ڕابردوویان لە نییوئۆرلیانز بەتەنیا لە هۆڵی بابوباپیریدا لەوسەری مەجلیسەوە دانیشتبوو، بەڵام کەس نەهاتبوو، بۆ سەر ئەو ئاهەنگی یادکردنەوەیە لە گەڕیدەیەکی پیادە بەولاوە. منیش خۆم بە ئەو گەڕیدەیە دەهاتە بەرچاو.

ئەو ئێوارە پڕ لە هێمنیو خواردنە باشە، بە پێچەوانەی ڕۆژی سەفەرە نارەحەتەکەی منو ژیانی گەڕیدەیی چاپمانەوە بوو. چاپمان پێی گوتم، کە سبەینێ بەو دەشتە بەرینو تەڕەدا وەردەبێت، بە خۆیو تفەنگە ڕاویەکەیەوە. باشترین وەرزشی ئەو، ڕاوی مراوییە کێوی بوو، ئێستاش کاتی ڕاوێتی، کە هەموو عێراق پڕە لە باڵندەی ئاوی، وەک دەڵێن لە سیبریاوە دێن.

دوای شێوکردن، بە تەنیشت ئاگرەکەوە دانیشتینو دەستمانکرد بە خواردنەوەی لیکۆرو قاوە. من هیوام ئەوە بوو گوێم لە چیرۆکێکی ئەم پیاوە لەسەرخۆیە بێت. چاپمان بەوە ناسرابوو، کە خاوەنی زانیارییەکی زۆر باشە لە سەر زمانو هەڵسوکەوتو نەریتی خەڵکانی کورد. ئاگاداربووم، کە لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی کوردستان، ئەم پیاوە با یاسا پەرستیو ئازایەتی ناسرابوو. زۆر لەو چیرۆکانەم بیستبوو، کە چۆن لافاوی ڕووبارێک بردبوویو بە سەیر ڕزگاری بوبوو، چۆن لە هەڵگەڕانێکدا بەسەر ڕندوەبەفری شاخە بەرزەکانەوە بەربووبووەوەو ڕانی شکابووو چۆن بە چەند ڕۆژێک بە پێیان لە سەر پەیژە، خێڵەکییە بەوەفاکانی هەڵیانگرتبوو، نەکو ڕانە شکاوەکەی بجوڵێتو بکولێتەوە، هەتاکو گەیاندبویانە دەستی دکتۆرێکی ئینگلیز لە پێدەشتەکەدا، کە سەدەها



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کیلۆمەتر دوور بووەو خێڵەکییەکان گەڕابوونەوە شوێنی خۆیان، بێ ئەوەی هیچ پاداشتێک وەربگرن. بە چەند موعجیزەیەک لە مردن رزگاری بووبوو لە کاتی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دا، کە بۆ چەند مانگێک لەناو شۆڕشگێڕەکاندا مابووەوە وەک نمونەی توانای بەریتانی بۆ ئەوەی شێخ مەحمود بە ئاواتەکەی بگات بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، جارجارەش گوللە بەم دیوو دیویدا لە عەردی دەدا، کاتێک بە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شارە نامۆیەکەدا تێدەپەڕێت.

حیکایەتی شێخ مەحمودو هەوڵە دووروردرێژەکەی، کە ئەو بڕوای وابوو لە قازانجی میللەتەکەیدایەتی، وەک بزانم هێشتا نەنووسراوەتەوە. ئەم هەوڵەشی چیرۆکێکی درامییەو لەو ئێوارە کریسمسەدا، بەشێکم لەو پیاوەی، کە بۆ ماوەیەک لەو ناوچە شاخاویانەی سولەیمانیدا ((کە بە ١٦٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەڵاتی رەواندوزەوە)) ئەکتەری سەرەکی بوو، گوێی لێبوو، بەشێکم لە چاودێرەکانمەوە بیست، کە رەمزیو سەبری یونس بوونو ئەوانیش خۆیان لەگەڵ شێخ مەحمودا بوون.

لە ساڵی ١٩١٨دا شێخ مەحمود رووی لە بەریتانیا بوو کاتێک هێزەکانمان گەیشتنە کوردستان، بەڵام جوڵانەوەکانی بوونە هۆی ئەوەی دوای ساڵێکو لە پێکدادانێکی کورتدا بەسەرکردایەتی مێجەر جەنەراڵ فراستر شێخ مەحمود بگیرێت، بە دەست بەسەری دوور بخرێتەوە. دوای ئەوەی بڕیاردرا حاکمێک بۆ ناوچەکە دابنرێت، کەس لەو بەباشتر نەزاندرا، کە گەورە پیاوێکی بنەماڵەیەکی ناسراوە. لەبەر ئەوە ئازادکراو دانرا بە حاکمی ناوچەکە. ئەوەش سیاسەتێکی خراپ نەبوو چونکە بەراستی ئەم پیاوە لە ناو میللەتەکەیدا، سەرکردەیەکی ئایینی پیرۆز بووو ناوبانگی بە ئازایەتی رۆیشتبوو. لە شەڕێکی ئەوەندە زۆردا دەربازبووبوو، کە بە چاوێکی ئایینیەوە تەماشای پارێزراویان دەکرد. لە راستیدا، دەیانگوت کەوا گولە نایبڕێت. زۆرجار ئەمەم لە چاودێرەکانم دەبیست، کە خۆیان لەگەڵ ئەم سەرکردە بەناوبانگەدا بوون. یەکێکیان دەیگوت بەخودا بە چاوی خۆم دیتم گوللە بەناو لەشیدا رەتدەبووو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو پیاوانەی لە پشتییەوە بوون دەکوژران، بەڵام شێخ ساغو سەلامەت دەبووو ئەو لە شەڕدا ناکوژرێت.

ئەم پیاوە خاوەنی قسەی خۆی بوو، کاتێک دوای دەست بەسەرکردنی، خانەنشین کرا، ئەم بە دەستبەسەری مایەوەو لە بەریتانییەکان هەڵنەگەڕایەوە. بەڵام، کە پێشنیارکرا بۆ گواستنەوەی ناوچەکە لە کۆنترۆڵی بەریتانییەوە بۆ کۆنترۆڵی عەرەب، ئەو بە توندی دژی ئەم کارە راوەستا، چونکە کوردو عەرەب ناحەزی کۆنی یەکترین.

لەبەر ئەم هۆیە ئاژاوە دەستی پێکردو لە ساڵی ١٩٢٤ دا چاپمان، کە کوردی زانێکی باشبوو، نێردرا بۆ سلێمانی وەک ئەفسەرێکی سیاسی ماندێت (لە ژێر فەرمانی بەریتانی)، بۆ هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحمود لەژێر حوکمی عێراقدا. ئەمەش کارێکی گرانبوو لەبەر رونتەیونی سیاسەتی ئێمە لەم وڵاتەدا. هەتاکو پیاوێکی بەتوانای دپلۆماسی وەک چاپمانیش نەیتوانی ئاژاوە نەهێڵێت. هاوڕێیانی شێخ مەحمود بە هەستیو بۆچوونی راستی خۆرهەڵاتییەوە دەیانزانی، کە سیاسەتی ئێمە بێبارییە.

ئەوان دەیانگوت، کە بەریتانییەکان دوودڵنو زوو ئێرە بەجێدەهێڵن. ئەوسا ئێمەش هیچ ترسێکمان لە عەرەبەکان نامێنێت.

لە کاتی دەستبەسەریو دوورخستنەوەی شێخ مەحمود دا، سلێمانی زۆر بە توندیو توانا لەلایەن مێجەرسۆنەوە حوکم دەکرا. مێجەرسۆن حەزی بە کورد دەکردو سۆزی بەرانبەریان هەبوو. ئەو دەستیکرد بە بردنی خێڵەکان بەرەو دەوڵەتێکی کوردی پێشکەوتووی کارکەرو داوای لە خەڵکانی سولەیمانی کرد، کە لاسایی ئێمە بکەنەوە لە شێوەی حوکمڕانیو پێشکەوتندا. بەڵام سونی گەورە حاکمێکی خۆبەخۆبوو لەگەڵ کاتو شوێنی ئیدارەی دوای شەڕدا نەدەگونجا. هیچ پاڵپشتی نەکرا لە سیاسەتەکەی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی. ئەویش وازی لە کارەکەی هێناو دەستی کرد بە ژیانێکی ئاسوودەیی قوتابیو نووسەرو لە دواییدا مرد.

شتێکی راستە کاتێک شێخ مەحمود کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەی خرایەوە ئەستۆ، دەستیکرد بە پەیڕەوی پلانەکەی سۆنو وڵاتەکەی رێک بخاتو پێشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بخات. لەوکاتەدا ئێمە دەستمان پێکردبوو بەتەواوەتی پاڵپشتیمان بدەینە بەرژەوەندی عەرەبی لە دەوڵەتی عێراقدا. هاوڕێیەکانی شێخیش هۆی راستەقینەیان هەبوو بۆ بڕواکردن بەوەی، کە پیاوانی دەوڵەتی ئێمە نەیاندەتوانی بڕیاربدەن چی لەگەڵ ناوچەکوردیەکاندا بکەن. وەک دیاریش دەکەوت هیچ گرەنتیەک نییە، کە بەریتانیا وەک هێزێکی ماندیت بتوانێت لە کوردستاندا بمێنێتەوە.

کۆمەڵەی میللەتان League of nations بڕیاری بیستوپێنج ساڵی دابوو، کە ماوەیەکی پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنی ماندێتی لە عێراقدا. لەبەر ئەوە کوردەکان داوایانکردبوو بخرێنە ژێردەستی بەریتانی نەک تورکی. بەڵام داوای سەربەخۆییان دەکردو هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە بکەونە ژێر فەرمانڕەوایی عەرەب.

، کە ئەمە روویدا شێخ مەحمود وەهای هەستکرد، کە پلانەکانی کورت دەکرێنەوەو هەولەکانی بێبەر دەبن‌و میللەتەکەی لەژێر دەستی بەغداد دا هیچ هیوایەکی بەختیاری نییەو حەزیان بە لێپرسراوی عەرەب نەدەکرد.

لە بابەت کاپتن چاپمان وئەفسەرەکانی‌تری بەریتانیاوە، شێخ بە دۆستی مایەوەو هیوای ئەوەبوو، کە ئەوان لە سلێمانی بمێننەوە. بەڵام بڕیار درابوو ئەفسەرە بەریتانییەکانی سەر بەهێزە لیڤییە کوردەکان، بگوازرێنەوە دەرەوەی کوردستان، پیاوەکانیش چەک بکرێن. چیرۆکەکە دەڵێت کاتێک ئەفسەرەکان سلێمانیان بەجێهێشت، چەک کردن هەر ئەوەندەبوو میلی تفەنگەکانیان خستبووە بیرە ئاوێکەوەو لە دواییدا دەریانهێنابوونەوە. بەم شێوەیە هێزی پڕ چەک وریک ئامادەبوو بۆ ئەوەی شێخ پێشرەویان بکات.

هەرچەندە چاپمان داوای لێکردبوو وەک ئەفسەرێکی سیاسی‌و ئامۆژگاریکەری شێخ بمێنێتەوە، بەڵام سەرانی ناوچەکە چاویان لە شتێکی‌تر بڕی بووو قەناعەتیان بە شێخ کردبوو بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ. دەڵێن تورکەکانیش بەڵێنیان پێدابوو یارمەتی چەکی بدەن. شێخ دەوڵەتێکی کوردی دامەزراندو تەنانەت پولی پۆستەشی چاپکرد، کە شتێکی بەنرخە، چونکە ژمارەیەکی کەمی لێچاپکرابوو. هەندێک لەو چاودێرانەی لای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من کاریان دەکرد، ئەندامی ئەو وەزارەتە بوون‌و کاری جیاوازیان بەدەستەوە گرتبوو، وەک وەزیری پەروەردەو وەزیری گومرگو ئەمەش سێ ساڵ بەرلەوەی بێن لای من کاربکەن. ئەو رۆژانە بۆ چاپمان روون نەبوون. هەرچەندە شێخ لەگەڵ چاپماندا دۆستبوو، بەڵام ئاشکرابوو رازی نەبوو بە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عەرەب.

شێخ ئاگادار کرایەوە، کە دەبێ لەژێر دەستی دەوڵەتدا بێت، عەرەب بێت یان نا، واز لەوە بهێنێت پلان دانێت بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ. ئەو زۆر بە ئەدەبەوە وەڵامی ئەوەبوو، کە ئەو خزمەتکارێکی بەوەفای بەریتانییە. لە هەمانکاتدا، بەرپەرچی فەرمانەکانی وەزیرانی بەغدادی دەدایەوەو گوێی لە ئامۆژگارییەکانی ئەفسەری سیاسی نەدەگرت. لەبەر ئەوە چاپمان وەهای دەرخست، کە سلێمانی بەجێدەهێڵێت‌و شێخیشی ئاگادار کردبوو، کە ئەمە وەها دەگەیەنێت لەمەودوا بە بەرهەڵست ئەژمار دەکرێت. شێخیش ئەمەی پێناخۆشبووبوو وتبووی تۆ نابێ بەجێم بهێڵیت، تۆ دۆستێکی خۆشەویست‌و میوانێکی رێزلێگیراوی منی. چاپمانیش ئەمەی لاسەیربووبوو گوتبووی ئەمە وەها دەگەیەنێت، کە تۆ ئامۆژگارەکەت بە بارمتە داناوە، تۆ ئەگەر وەها بزانیت هێزی ئاسمانی لەبەر من سولێمانی بۆردومان ناکات زۆر زوو هەڵەکەت دەبینی.

لەو ئێوارەیەی کریسمسەدا چاپمان بۆی شیکردمەوەو گوتی: ئەگەر لەگەڵ شێخدا بە تەنیا بوومایە دەمتوانی تێیبگەیەنم، کە ئەو هەڵەیەکی گەورە دەکات‌و روو لە قەومانێک دەکات. بەڵام سەرکردەکانی لەگەڵیدابوون، رایان گۆڕیبوو بۆ رای جارانی. خۆشدەبوو ئەگەر کار وەها خەتەر نەدەبوو. راستە نەمدەتوانی بەڵێنی پێبدەم بۆ ئەو شتانەی داوای دەکردن، کە وا بەریتانیا لە کوردستاندا بمێنێتەوە، چونکە دەمزانی ئەوە زۆر لە گوێن نییەو دەبێ بڕوام پێبکەیت، کە ئێمە هیچتر لێرە نامێنینەوە. من بۆچوونی شێخم دەزانی بەڵام زۆر دڵگیربووم، کە نەمدەتوانی شتێکی بۆ بکەم. وادیارە پیاو ناتوانێت کورد ملکەچ بکات بۆ ئەوەی عەرەبی خۆشبوێت، بەتایبەتی وەک فەرمانڕەوا عەرەب ناتوانن ژێردەستەکانیان وەها لێبکەن بڕوایان پێبکەن. من بە زمانێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕوون‌و پاناوپان بە شێخم گوت، کە ئەمر ئەوەیە لەژێر ئالای دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوەو دەبێ وەزارەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوەو واز لە فەرمانڕەواییەکەی بهێنێت‌و ئەگەر وەها نەکات بە بەرهەڵست‌و یاخی ئەژمار دەکرێت.

بۆ ماوەیەک بەندی کردم‌و ڕێگەی پێنەدام زۆر لەشار دوور بکەومەوە. هەموو کات پیاوێکم لەگەڵدابوو وەک خزمەتکار، بەڵام لە ڕاستیدا چاودێری دەکردم. زۆر بێزاربووم لەوەی ئەو پیاوە شەوو ڕۆژ لەگەڵمدابوو. ڕۆژێکیان هەر بۆ ئەوەی تاقی بکەمەوە بۆ ئەوەی بزانم بەڕاستی حەپسم، بە سواری ئەسپەکەم دەستمکرد بە غار هەر وەک ئەوەی بمەوێت ڕابکەم. دوای ڕاونانێکی درێژ، ڕێگام بە کابرادا پێشم بکەوێت. منیش زۆر بە هێمنییەوە گوتم: دەمەوێت بچم بۆ کەرکوک ئایا تۆ لەگەڵمدا دێیت؟ کابرا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو دەستی کرد بە لەرزین‌و لێم پاڕایەوە، کە بگەڕێمەوە، چونکە ئەگەر بێت‌و دەربازبم، ژیانی ئەو لە خەتەردا دەبێت.

ئینجا منیش گەڕامەوە بۆ سلێمانی‌و لەگەڵ شێخدا تێکماندا‌و پێم گوت، کە ئێرە بەجێدەهێڵم‌و ئەو چاڵی بۆ خۆی هەڵکەندووەو دەبێ تێیدا بمێنێتەوە.

ناچار شێخ ڕێگەیدام بە ڕۆیشتن. من زۆر لەو بڕوایەدا بووم، کە منی زۆر خۆشدەویست‌و لێی پرسیم کەی دەگەڕێمەوە. منیش پێمگوت دوای چەند مانگێک بەڵام لەگەڵ لیڤی‌و سوپای عێراقدا.

ئەویش گوتی: باشە ئەوە باوابێت، بەڵام کاتێک، کە من بووم بە پاشای کوردستان، تۆش وەک باڵیۆزێک هاتی، تۆ بەخێر هاتی بۆ میوانداریەک لە تواناماندابێت. خانوەکەت‌و شتومەکەکانت لەژێر چاودێریان. دەرگاکەت داخەو کلیلەکانتم بدەرێ. ئەگەر جارێکی‌تر هاتییەوە، پەیمانت دەدەمێ هەرچی بەجێت هێشتووە وەک خۆی بێت‌و دەستی لێنەدرابێت. هەرچەندە تۆ بە سەرکردایەتی هێزێکەوە دێیت‌و پەلامارم دەدەیت، بەڵام پیاوەکانم لولەی تفەنگەکانیان شۆڕدەکەنەوەو ئاگایان لە ژیانی دۆستە بەڕێزەکەم دەبێت.

من گەڕامەوە بۆ بەغداد بێ ئەوەی هیچم لێبێت‌و ڕاپۆرتی خۆم دا. دواییەی کارەکە ئەوەبوو ڕاف ئەمری پێکراو بۆردومانی سلێمانی کردو ئەم کارەش زۆر بە دڵڕەقانە ئەنجامدرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاودێرەکانم هەندێک لەو دیمەنانەیان بۆ باسکردم، کە لە شارەکەدا رویاندابووو بە درێژی باسی کارە ناخۆشەکەیان بۆ کردم، کە وەک گەردەلولێک پیاوکوژرابوو. فەرماندرابوو سوپای عێراق ناوچەکە داگیربکات. بەڵام بە خێرایی عەرەبە دەشتەکییەکان لەلایەن شاخاوییە بزێوەکانەوە دابینکران. لیڤییە ئاسورییەکان، کە وەک کوردەکان فێری شەڕی ناو شاخبوون، بانگ کرانە ناو شەڕەوەو بە یارمەتی راڤەوە شۆڕشی کوردەکانیان دوایی پێهێنا.

لە کاتی شەڕەکەدا شتی سەیر روویان دابوو، بۆ نموونە فرۆکەیان نزیک سلێمانی بەربووبووەوە، یان بە ناتەواوی مەکینە یان بە گوللەی تفەنگ. بۆ ئەوەی فرۆکەوانەکەو تەقەکەرەکە رزگار بکرێن، ئەفسەرێکی گەورەی راف نیشتنەوەیەکی ئازایانەی بەرپاکردبوو. لە ناوچەی دوژمنداو لە ناوەڕاستی شەرەکەدا هەردووکیانی هەڵگرتبووەوەو هەڵسابووەوە، لە کاتێکدا یاخیەکان واقیان ورمابوو، نەیاندەزانی چیبکەن بەرامبەر ئەم دابەزینە سەیرە لە ناوەڕاستیاندا.

کارێکی بێ هاوتابوو کاتێک شێخ لە تەنگانەدا بووو سلێمانی بۆردومانکرابوو. بەڵام ئەو سووربوو لە سەر هەڵسوکەوتی باشی لەگەڵ ئێمەدا. دوو ئەفسەری بەریتانی گیرابوون‌و نەخۆشکەوت بوون. شێخ حەواندبوونییەوە، وەڵامیشی ناردبوو پزیشکیان بۆ بنێرن بۆ چارەسەریان. ئەگەر بە رای پزیشکەکە ئەوان زۆر نەخۆشبن رەوانەی بەغداد دەکرێنەوە. پزیشکەکە گەیشتبووە ناوچەی دوژمن‌و شێخ بەخێرهاتنی کردبوو بەو وشە پرهەستانەی بەرانبەر گیراوەکان دەیکرد. پزیشکەکە دەریخستبوو، کە زۆر توشی ناخۆشی نەبوون لەکاتی بەندیانداو بەراستی ناتوانێت داوای ئەوە بکات بەهۆی نەخۆشییەوە بەرەڵا بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ لە دواییدا بەرەڵای کردبوون.

جارێکیان ئەفسەرێکی لیڤی لەکاتی شەڕدا کوژرابوو، نامەیەکی عوزرخوایی نێردرابوو بۆ کۆلۆنێل کایبرونی لێپرسراوی‌و تێیدا نووسرابوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که مردنی ئەفسەرەکە لە کاتی شەڕدا جێگەی دڵتەنگییە، کە نەدەزاندرا کێیە. چاپمان پێکەنیو گوتی: شەڕێکی زۆر سەیربوو.

لەیادمە جارێکیان لە دیانە پرسیارم لە کۆلۆنێل کایبرون کرد لە بابەتی ئەو شەڕەی، کە ئەو سەرکردەی هێزە لیڤییە ئاشووریەکان بووو سەرکەوت بەسەر کوردەکاندا بێ خوێنرشتن. ئەم سەربازە پیرەی ناوچە شاخاوییەکان، کە لە کاتی شەڕەکەی (ئوم ئەلدەرمان)ەوە هەر سەربازبوو، هەوڵیدا بەم وشانەی خوارەوە نرخی بەدەستهێنانەکەی کەمبکاتەوە.

بەشداریکردن لە شەڕەکانی دژی شێخ مەحمود کارێکی پیاوانە بوو. لە کاتی نانخواردن دا شەڕمان رادەگرت. هەردوولا عوزری بۆ بەرانبەرەکەی دەهێنایەوە، کە پیاویک دەهەنگاوترا. وەرزەکەش زۆر خۆشبووو ئەو مناوەرانەش جێگەی دڵخۆشی هەمولایەک بوون. سەرکردەی هەردووکلا، بانگی یەکتریان دەکرد بۆ قسەکردن. هەموو کاتێک کوردم بدەنێ شەری دژ بکەم، نەک دەروێشی ملپێوەنەر. بە پێچەوانەوە دەبوو، ئەگەر لیڤییەکان نەهاتنایەو وەها باش پێڕەوی نەکرایە، کوردەکان دەیانتوانی شەڕی ترسناکو ئازاو بەرگری بکەنو تاکتیکە شاخاویەکانیان لەوانەیە بەسەر هەر هێزێکدا سەربکەوێت، ئەگەر وەک خۆیان خەڵکی ناوشاخ نەبن.

چاپمان گوتی: تۆ دەزانی سیاسەتی شێخ مەحمود ئەوەبوو، کە دژی بەریتانیا نەبووو داوای ئەوەی دەکرد لە سەر ماندێت بمێنێتەوە. ئەو حەزی بە فەرمانڕەوای عەرەب نەدەکردو دەیگووت فەرمانڕەواییەکەی خۆی وەک هەموو فەرمانڕەواییەکی خۆرهەڵاتی وەهایە. من ناتوانم رای خۆم لە سەر ئەم کارە دەرببڕم.

بەڕاست، ئەو پەیمانەکەی خۆی بردە سەر، کە ئاگاداری شتومەکەکانم بکات. من دەبووایە دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرم. دوای ئەوەی ئەو وازیهێنا، سلێمانی دیمەنێکی ترسناکی هەبوو، زۆرم لا سەیربوو کاتێک، کە دیم خانووەکەم دەستی لێنەدراوەو لە بۆردومانەکە رزگاری بووەو هیچی لێ نەدزراوەو کاتێک شێخ مەحمود کلیلەکەی دامەوە گوتی: من لەو بڕوایەدام، کە شتومەکەکانت دەستکاری نەکراونو هیچ شتێکت بزر نەبووە. دوای ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند مانگەی شەڕو هەرایە، هەموو شتێک وەک خۆی مابووەوەو چۆن بەجێم هێشتبوون دەستیان لێنەدرابوو. ئەوەش هەڵسوکەوتی پیاوانی شێخ مەحمود بوو. منیش گوتم: دوایینەکەی ئەوەبوو ژێرکەوتو ناوچەکەی بە پۆلیس‌و پۆلیسخانە تەندرا. ئەو تازە ناتوانێت هیچ بکات‌و وا لە نزیک سنوری ئێران دەژێت. وەڵامی چاپمان ئەوەبوو، قەت لەو بڕوایەدا مەبە شێخ لەکارنەماوە. ئەو دەتوانێت جارێکی‌تر بەرەو رووی ژیان بێتەوە هەر وەک لەوەو پێش. ئەو وەک پاڵەوانێکی کورد دەچێتە مێژووەوە.

دوای دوو ساڵ، ئەم وڵاتەم هاتەوە یاد، کاتێک کوردەکان تۆمەتی فێڵکردنیان دایە پاڵ هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عێراقی ساڵی ١٩٥٠، کە کەس لەوان هەڵنەبژێردرابوو. ئاگری شۆڕش جارێکی‌تر هەڵگیرسایەوەو شێخ مەحمودیش جارێکیکە هاتەوە بەری مەیدان. بۆ سێیەم جار دوای دووساڵ شەڕ، دەستگیرکرا نەک بە سوپای دەوڵەتی باشوور، کە لەگەڵیان ناحەزبوو، بەڵام بە هێزی ئاسمانی بەریتانی.

ئەم جارەیان درایە دەست ئەو دەوڵەتە عەرەبییەی، کە ئەو هەمیشە دژیان بوو، دەوڵەتە خۆرهەڵاتییەکان وەک بەریتانیا بەندەکانیان بەرەڵا ناکەن. وەک هەموو کوردێک ئاواتەکەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پارچە پارچە بووو هەتا ئەم رۆژەش وەک بەندێکی پیر بە دەستی دوژمنەکانییەوە ماوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی سیانزەیەم

## بەفرچوونەوە

کاتێک، کە بەهار دەگاتە گەلی عەلی بەگ، وڵاتە وشکەکەی کوردستان بە شاخە سەختەکانو بەردەبۆرەکانیەوە، یەکسەر دەبن بە پارچەیەک لە جوانی. لە دواییینەکانی مانگی ئازاردا هەر وەک لە شەوێکدا روو بدات، بەفر دەتوێتەوەو دونیا گەرم دەبێت. هەروەک پەچەیەک لەبەر چاوی تەماشاکەردا، بۆ چەند مانگێک وا درابێتەوەو یەکسەر لابدرێت، ئەوها تەم دەڕەوێتەوە. لەو هەوا سافەدا شاخەکان نزیکتر دێنە بەرچاوو لەوەی، کە لە پێشدا دوورتر دیاربوون. پەڵە بەفری بەرز بەسەر لێواری دۆڵەکاندا وەک باڵی سپی باڵندەیەکی گەورە، بەو سپیکارە خۆی رازاندۆتەوەو زۆر بە لوسی خۆی درێژکردۆتەوە بەرەو ئاسمانێکی بێهەوری ساف. لەو کاتەدا لە شیوو دۆڵەکاندا لەبەرد بەولاوە هیچ نابیندرێت، یەکسەر بە گژوگیا سەوز هەڵدەگەڕێن.

کەوی شاخەکان، بە هۆش دێنەوەو بە رەوەی زۆر دەژینو سەرخۆشن بە خۆشی جوانی بەهارو خواردنی زۆر، کە دوای بەفرچوونەوە بەدیار دەکەون. مەلی ئاویش لە جۆگاو گۆلاوی پێدەشتەکاندا دەسوڕێنەوە وەک مراوی کێوی‌و قازو قولینگ. راوچییە کوردەکان بەڵاماندا تێدەپەڕنو پێستی رێوی‌و دەڵەکیان پێبوو، کە بەتەڵە گرتبویانن، چونکە ئەم گیانلەبەرانە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهاردا جەربەزەو بێ ئەقڵن‌و بە ئاسانی بە تەڵەوە دەبن‌و توکەکانیان زۆر نایابە. هەتا ئەو کەرانەش لە بەهاردا کەرتر دەبن، کاتێک دوای سەهۆڵ بەندی زستان، بەرەڵا دەکرێن‌و دەکەونە جوتە هاویشتن‌و گەوزین‌و زەڕین‌و پڕ بە دەم قەپاڵ لەو گژوگیای سەوزە دەدەن. دوای چەند مانگێکی زەیقەتی زستان، مەڕو بزن لە حەوانگەی ئەشکەوتەکان‌و گەوڕەکان، دەردەکرین‌و بەو بەردەڵانەدا سەر دەکەون‌و بە خێرایی لەو لێرەوارانەدا دەلەوەڕێن‌و ورگیان پڕ دەبێت‌و دونگی مەڕەکان جارێکی‌تر هەڵدەئاوسێن بۆ هەڵگرتنی خۆراکی زستانێکی‌تری برسێتی. لە نیشانەی خەتەرێکدا لەوانەیە گورگێک یان بەوری بەیانیک لەنێوان بەردەکاندابێت، شوانەکە فیکەیەکی تایبەت دەکات بۆ بانگکردنی ماڵاتەکەی. ئەوانیش بە ملکەچی بەرەولای دەچن‌و لە دەوری کۆدەبنەوەو هەر وەک سەگ بۆن بە دەست‌و جلەکانی شوانەکەوە دەکەن. لەم وڵاتەدا شوان پێش مێگەلەکە دەکەوێت نەک لێی بخورێت. سەگی بەر مەڕیش هەیە، زل‌و تیسکن‌و مێگەلەکە دەپارێزن‌و ئەم کارەش بە باشی دەکەن کاتیک گورگ نزیکبێتەوە.

لە نێوان گژوگیادا، گوڵی رەنگاوڕەنگ سەر دەردەهێنن. هەر رۆژە رەنگێک زۆربەیە. کاوێک لە بەرزایی دۆڵەکەدا، بە رەنگی سوری گوڵ مێلاق دەدرەوشێتەوەو قەراغی رێگاکەش رەنگی شینی گوڵە سەوسەنی لەبەرکردووەو گوڵە شلێرو وەنەوشەش لە کەلێنە تاریکەکاندا جیی خۆیان گرتووە. لە دوورەوە وەک پەڵە بەفرێکی ناتەواوە. نێرگزی سپی لە قەدپاڵی گردێکی نزیک بە کانی وەتمان، خۆی هەڵخستووە. گوله بووکانی (فاشخاشی کێوی) سوورو پەمەیی‌و گوڵە حاجیلەی سپی بەرز، بەزۆری لە دەشتی هەریردا نزیک بە رۆخی زێی بادینانەوە بڵاوبۆتەوە. لە پێدەشتەکاندا گوڵەکان جیاوازن لەوانەی دۆڵەکان. کاتێک، کە بەهار بەرەوپێش دەچیت، لە شوێنە کێڵدراوەکاندا نەبێت، کە گوڵەکان بەرزترن، پیاو بەسەر مافورێکی رەنگاوڕەنگی بچوکدا تێدەپەڕێت. ناوچە گرداویەکانیش، بە گوڵی هەمە چەشنە دەرازێندرێنەوەو وەک شەوگەرێکی گەورە، رەنگیان دەگۆڕن، هەرجۆرەش جێگەی یەکێکی‌تر دەگرێتەوە، هەتاکو لە دواییدا خاک هەمووی بە گەرمای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوین جارێکی‌تر قاوەیی هەڵدەگەڕێت. گژوگیا دەبێت بە پوش‌و پاوانی لەوەڕگای پایزو زستان.

لای من، دەشتی هەریر جوانترین دیمەنی هەیە. لە گەرمەی بەهاردا، زۆربەی خاکەکەی کێڵگەیەو هەمووی بەردبژێرکراون بۆ بۆ ئامادەکردنیان بۆ کێڵان‌و بەردەکانیش کراون بە شورەی نێوان کێڵگەکان‌و لەگەڵیک شوێن کەڵەکە بەردی گەورەی لێدروستکراوە. ئەم خاکە بەرداویە، دانەوێڵەیەکی نایاب بەرهەمێتی‌و گەنم‌و جۆی ئەم خاکە وەک شوێنە باشەکانی‌تر چڕو بەرزن‌و ئەو شوێنانەی وەردن یان بەیارن، پڕن لە گوڵی جۆراوجۆر. ئەگەر لە وەرزی زستاندا لە بەرزایی شاخی هەریرەوە تەماشای پێدەشتە رووتەکە بکەیت، شورە بەردە ناڕێکەکانی وەک لێفەیەکی رەنگینی بەرین دێنە بەرچاو، کە بەدەشتێکی گەورە بە ڕووبەری زستانە بۆرو حەزینەکەیدا درابێت.

لێرەدا پیاوێک بۆی دەردەکەوێت، لەبەرچی خەڵکان لە سەر ئەم وڵاتە بێفەرە بەدرێژایی مێژوو شەڕیان کردووەو یەکتریان کوشتووە.

کەس بەقەدەر کورد حەزی بە جوانی گوڵ‌و سەوزی بەهار نییە. بۆ هەر لایەک دەچووم خەڵکان دەسکە گوڵی دەشتیان پێشکەش دەکردم‌و هەندێک جاریش گوڵی باخچەکانیان.

زۆر سەیرە، کە ئەم خێڵەکیانە حەزیان بە پەروەردەکردنی گوڵی جۆراوجۆرە لە باخچەکانیانداو لە سەر هیچ شتێک بەقەدەر گوڵ‌و باخچە بەخۆشیەوە قسەت لەگەڵ ناکەن. منیش لای خۆمەوە، دەستمکرد بە دروستکردنی باخچەی کوردی لەهەموو شوێنی کامپەکانماندا. لە دۆستێکەوە چەند نەمامە کالیپتۆسیکم دەستکەوت‌و لەگەڵ تۆوی گوڵی باخچەکانی ئینگلیزدا، کە لە کوردستان نەبوون دەمگۆڕینەوە بە گوڵ‌و درەختی ناوچەکە. ئەو کالیپتۆسانەی ئێمە ناشتمان، شین بوون‌و هیوام ئەوەیە، کە سەرمای زستانی کوردستان بیانهێڵێت.

لە کاتی گەشتەکانماندا، لەو شوێنانەی گوڵی بەهاری جوانی لێبوو، ئۆتۆمبیلەکەم رادەگرت‌و پۆلیسەکان‌و خزمەتکارەکانم. بازیان دەدایە خواریێو بەو ناوەدا وەردەبووین‌و گژوگیا هەتا پشتێنەمان دەهات‌و دەسکەگوڵمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد بۆ رازاندنەوەی ئۆتۆمبیلەکەمو بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە بۆ خانووە قورەکەی دۆڵی رەواندوزم.

جوانی گوڵزاری بەهار، نابێ دارو دەوەنی قەد شاخەکان بزربکەن. ئەوانەی، کە خۆیان بە قەدپاڵی دۆڵەکەوە نوساندبووو لە زستاندا وەک وشکو مردوو، دەردەکەوتن، ئێستا لە بەهاردا، لە رەشیو تاریکی بەردەکان کەم دەکەنەوە، چونکە لە هەموو درزو قڵشە بەردێکەوە سەر دەردەهێننو دەبوژێنەوە.

ئینجا بابێینە سەر باسی داری میوەو لەپێش هەموویانەوە توترکەو لە کاتێکدا دەست بە گەیین دەکات، کە هەرمێو سێوو هەڵوژەو قەیسیو گوێز هەست بەوە ناکەن، کە بەهار هاتووە، بەڵام ئەمانیش ناچار دەبن رەدو دەکەون.

لە بەهاردا هیچ لە باخە بەرینەکانی شەقڵاوە دیمەنی جوانتر نییە. سپی داری باڵا بەرز دەریایەک گوڵ بڵاو دەکاتەوە، کە پێیانەوە هەنگ سەرقاڵ دەبێت لە دروستکردنی هەنگوین لە کولکە داردا، کە خەلکانی گوندەکان سەرقاڵی پەروەردەکردنیانن. یادی میوەی ئەو باخانە، هەتا ئەمڕۆش تامی هەر لە دەممایەو وەک هەستێکی خۆش لە جیاتی ژیانە تەنیاییەکەی کوردستانم. گونییەک گوێزو پێستەیەک هەنگوینو باری کەرێک ترێی بەلەزەت هەمووی بە روپێیەک دەکڕدرا.

لەم وڵاتەدا هەردوو سەری زۆریو کەمی دەبیندرێن. بەهار کاتی بەری زۆری خاکەکەیەو پاییزو زستانیشی کاتی قاتو قڕییە. خۆشبەختانە کوردەکان برسی نەبوون. بایی زستان زەخیرەیان هەڵدەگرتو کەمێکیش زیاد، چونکە زۆر لە گوینە شەڕو هەرا لە هەموو کاتێکدا لە کوردستان روو بدەن.

شەڕو بۆردومان دەبوونە هۆی وێرانکردنی هەموو گوندەکانو سوتانی دەغلۆدانو عەمباری زەخیرەکانیانو خەڵکان بەبێ حەوانەوەو خۆراک دەمانەوە، لە شەڕیش زیانبەخشتر کوللەیە، کە وەک لەشکرێکی وێرانکەر دێنە پێشەوەو شەڕیش دژیان گرانترە لە شەڕی سەربازو فڕۆکە. لە هەرچی پلەیەکی خولی ژیانیاندا وەک مێتولکەی تازە لە هێلکە هەڵدێن، یان پیکوڕە، کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بازدەدەن‌و نافرن یان مێروویەکی تەواو، کە توانای فڕینیان هەیە، ئەمانە هەموو وێرانکەری بێهاوتان. وردە وردە بەرەوپێش بۆ شوێنی زۆر دوور دەڕۆن‌و هەرچیەک لەبەر دەمیاندا بێت دەیخۆن. قەسەڵێک چییە لە سەر زەوی نابینرێت‌و گەڵایەک بە درەختەوە نامێنێت. بیستومە ئاژەڵی بێت‌واناو هەتا منداڵی ساواش، کە بە تەنیا بن خوراون. هیچ جۆگە ئاوێک‌و رووبارێک رێگایان ناگرێت، ملیۆنانیان دەخنکێن، بەڵام لاشە سەر ئاوکەوتووەکانیان دەبن بە پرد بۆ پەڕینەوەی هاوەڵەکانیان. بەرگە رەقەکەی زەوی وەک بە هێواشیەوە بجوڵێتەوە وایە، ئەمەش بریتییە لە کوللە.

هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ نەهێشتنی کوللە. تێکەڵەی کەپەک‌و زەرنیخ بە بەردەمیاندا دەکرێت‌و دەیخۆن‌و دەمرن. ئەم کارەش ئامادەکردنێکی زۆری پێویستە لە کەپەک‌و زەرنیخ‌و کرێکارو گواستنەوە، پێش ئەوەی کوللە باڵ بگرێت. هەتا دوای ئەوەی کۆمەڵی گەورەی کوللەی مردوو دروست دەبێت، کوللە زیاتر بەسەریاندا تێدەپەڕن. یان نەوت بەکاردەهێنرێت بۆ سوتاندنیان، یان چاڵیان لەبەردەمدا هەڵدەکەند، کە کەوتنە ناویەوە، ناتوانن بێنەدەرێ لە کاتی پێکورەییدا. لێپرسراوی نەهێشتنی کوللە ئینگلیزێک بوو، پەڕەی رۆژنامەی بەکارهێنابوو بە راخستن لە بنی چاڵەکانداو ئەم کارەش کاریگەر ببوو بۆ نەهێشتنی کوللە. بەڵام دەوڵەتی عێراق پشتگیریکارەکەیان نەکردبوو.

کە گەیشتە باڵە فڕە، کوللە لە فڕیندا بە ڕەوەی گەورە وەک هەوری بەهار بەری ئاسمان دەگرن. لە فڕیندا کوێرانە خۆیان بە جامی ئۆتۆمبیلدا دەدەن‌و دەپلیشێنەوەو جامەکە سوغ دەدەن. یان خۆیان بە چامرلخی ئۆتۆمبیلەکەوە دەنوسێنن‌و تەماشای عالەمی دەوروپشتیان دەکەن‌و هیچ لە مرۆڤ ناترسێن، وەک بڵێن ئەگەر دەتەوێ بمانکوژیت، ملیۆنانی‌تر لە دوامانەوەیە. دەڵێن خێڵە عەرەبەکان کوللە وشکدەکەنەوەو دەیخۆن، بەڵام من قەت نەمبینیوە وەک خواردن بەکاربێت.

رێگا دروستکردنەکە نەک هەر یارمەتی گواستنەوەی لۆری زەهوو نەوت‌و کوللە کوژراوەکانی دابێت، یارمەتی گواستنەوەی دانەوێڵەشی دەدا لە ناوچەکایەکەوە بۆ ناوچەکانی‌تر، کە کوللە وێرانی کردبوون‌و خەڵکانی برسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. له خۆرهەڵاتدا برسێتی دەبێته شتێکی ناخۆش، بەتایبەتیش، که نەخۆشیش لەگەڵیدا بڵاوبێتەوە. دکتۆرێکی بەناوبانگ جارێکیان گوتبووی، وەک دکتۆرێک بۆ من عێراق وڵاتێکی سەرنج ڕاکێشه له هەموو جیهاندا چونکه بەڕاستی بەهەشتی نەخۆشییه.

مارو خشۆکەکانیتر له وەرزی بەهاردا دەردەکەون، وەک ڕەشماری گەورەو ماری پەلەکی بچوک. هەندێکیان پیاوکوژن بەڵام هەندێکیان بێزیانن. ماری ئاوی ژەهراوی نین بەڵام ترسناکن. کوردەکان خۆیان له مار دوور دەگرن، له هەرکوێیەک بیانبینن تەقەیان لێدەکەن. من سەرسام بووم به خێرایی کۆماندانێکی پۆلیسی کورد، که تفەنگەکەی له دەستی پۆلیسێک ڕاپسکاندو به گوللەیەک مارەکەی کردە دوو لەتەوە، کاتێک، که به خێرایی بەبەردەمی ئێمەدا له ڕێگاکه دەپەڕییەوە. جەرجیس ئاگاداریکردمەوە، ئەگەر مارێکم کوشت، هاوەڵەکەی بەدوام دەکەوێت بمدۆزێتەوەو تۆڵەم لێبکاتەوە. له هەمان ڕۆژدا ماریکم کوشتو منیش گاڵتەم به قسەکەی دەهاتو پێکەنیمو ئێمه زۆر دوور کەوتینەوە. جەرجیس لەسەری ڕۆیشتو گوتی: ئاگات لەخۆت بێت بەدواتا دێت. مار گیاندارێکی جادووییەو کاری نەکراو دەکات. ئەگەر وەها نەبێت بۆچی دەرمانی زۆر کاتیگەر له کاژی مار دروست دەکرێت؟ هەردووک کوردو ئاشووری زۆر بڕوایان بەم دەرمانه سەیره هەیه.

ئەو شەوه له جێگاکەمدا خەوه نوچکەم بووو وەنەوزم دەداو چراکەش له پشت سەرمەوه هێشتا دەسوتاو جگه له سرکه سرکی سیسرکه، هەستم به دەنگێکیتر دەکرد، که له بنمیچەکەوه دەهات. هەرچەنده خشکەیەکی سستبوو، بەڵام کاتێک سەرم هەڵبڕی مارێکی بەڵەکم بینی خۆی شۆڕکردبووەوەو سەره پانەکەی بەملاولادا دەخولایەوەو تەماشای ناو هۆدەکەی دەکرد. دەڵێن مار له بنمیچدا له مشک دەگەڕێت. بەڵام ئەو چاوی له من بڕیبووو له ترسا هەستم به ئیفلیجی کردو وەهام هەستکرد، که بۆ من هاتووه. هەرچۆنێک بێت تەلیسمی ئەو چاوه خڕانەییم شکاند. لەسەرخۆ هەڵسامو دەستم دایه دارێکو به لێدانێکی بەهێز، مارەکەم به عەردا داو کوشتم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەیانی جەرجیس چاوی بە مارە تۆپیوەکە کەوتو هاواریکردو گوتی: من نەمگوت، کە بە دواتدا دێتو دەتدۆزێتەوە.

لەو کاتانەدا مارم بۆ پزیشکێکی گەبچ کۆدەکردەوە. ئەمرۆ ئەو پسپۆرێکی ناسراوە لەم بوارەدا. ئەو پێویستی بە چەند نمونەیەک بووو ئامێرێکی بۆ ناردبووم بۆ راوی مار، لەگەڵ فۆرمالین بۆ هێشتنەوەی لاشەی مارە تۆپیوەکان. فۆرمالین بەشی نەکرد، منیش کحولو نەوتم لەگەڵدا تێکەڵ کردو بەکارم هێنا، تەنەکەیەک ماری تۆپیوم بۆ کۆکردەوە.

لێپرسراوی کاری پزیشکی یەکێک بوو لە میوانەکانم، کە دوای کرانەوەی رێگاکە هات بۆ سەردانم. دوای دوعا خوازی گوتی: ئەگەر شتێکت هەیە بۆت بەرم بۆ بەغدا. منیش گوتم: بەڵێ، ئەگەر گران نییە دکتۆر (کوکل) لە بەشەکەتان کاردەکات پێویستی بە نمونەی مار هەیەو منیش هەندێکم بۆ کۆکردۆتەوە، ئەگەر بتوانیت لەگەڵ خۆتدا بۆی بەریتو سەری تەنەکەکەش زۆر باش قایم کراوە.

ئەویش بە نابەدڵییەکەوە گوتی: مار؟ بابزانم، منیش سەری تەنەکەکەم هەڵدایەوەو مارەکان باش دیار بوون، بەڵام بۆنیان زۆر ناخۆشبوو. منیش بۆ ئەوەی چارەی کارەکەم بکەم گوتم: مار لە کوردستان هەروا بۆنی دێت. بەڵام وا دیاربوو هەوڵەکەم بێسود بوو. نازانم ئەو هیچ شتێکی هەبوو بەرامبەر بە مار! یان ئەو تەنەکە سەیرە پڕ لە مارە! هیچ باسی ئەوانەی نەکردو پاناوپان گوتی: بۆم ناچێت، نەیتوانی یارمەتی ئەو دکتۆرە گەنجە بدات لە پێناو زانستدا.

لە کاتی کریسمسدا لە هەولێرەوە دەگەڕامەوە بۆ شوێنی کارمو ناچار بووم ئۆتۆمبیلەکەم لە نزیک گوندی کەڵەک چین بەجێ بهێڵم. هەموو جارێک، کە بە سواری هێستر بە تەنیشتیدا تێدەپەڕیم دیمەنێکی ناخۆشبوو، کە ئۆتۆمبیلەکەم لەوێدا فڕێدرابوو. بەڵام تیشکی خۆرەتاوی بەهار دڵخۆشی کردمو رێگاکەی وشککردەوەو توانیم بەرەوماڵ لێبخورم. بۆ دوو مانگ زیاتر لەناو ئەو قوڕەدا چەقیبوو نزیک بە دەرگای ماڵی حەمەدە شینو پیاوەکانی. بەڵام کاتێک چووم بیبەمەوە هەتا سپانەیەکیشی لێنەفەوتابوو. ئەوهابوو هەڵسوکەوتی بەشەرەفی ئەم خەڵکە بێهاوتایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر لە کاتە ڕێگاکە لەلایەن شۆفێری تاکسی ئەرمەنیەکانەوە بەکاربهاتایە، کارەکە بە شێوەیەکیتر دەگۆڕا. وردە وردە شۆفرلێتەکەم بزر دەبوو، لەسەرەتادا چەند کەرەستەیەک، دوایی ویلەکانیو لە دواییتر مەکینەکەیو لە هەرە دواییدا بۆدیەکەشی نەدەما. وەک کوللە پارچە پارچە هەموو ئۆتۆمبیلەکەیان تەواو دەکرد.

من قەت تێناگەم لەو ئاسانییەی شۆفێرە ئەرمەنیەکان دەتوانن دەست بەسەر کەرەستەی ئۆتۆمبیلی خەڵکدا بگرن. بۆ نمونە بە ڕێکەوت ئۆتۆمبیلەکەم لە نزیک هەولێرەوە لە قەراغی ڕێگاکە بۆ ماوەیەکی کورت بەجێ هێشت بە تاقمی سپانەو پەمپی تایەی تازەوە، کە لەژێر کورسییەکەدا دامنابوون. لە گەڕانەوەمدا دەبینم، کە کۆنو خوارو خێچ بوون. شۆفێری تاکسیەک نزیک بە ئێمە ئۆتۆمبیلەکەی پەکی کەوتبوو. ئێمەش هەمیشە ئامادەبووین بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی لە سەر ڕێگاکە لێیان دەقەوما. لەبەر ئەوە دەستی گەیشتبووە جەگو سپانەکانمو شتی کەش.، کە فریای کەوتمو لە شتومەکەکانم پرسییەوە، هیچ بەسەر خۆی نەهێنا، کە ئەو هەڵەی کردووە لە گەڕانەوەیاندا.

شۆفێری تراکتۆرو ئۆتۆمبیلەکانم زۆربەیان ئەرمەنی بوون (وەک دەردەکەوێت ئەمانە بە زگماک توانای کاری میکانیکیان هەیە)و لە هەموویان خراپتربوون. نەک هەر کەرەستەیان دەشاردەوە، بەڵکو دەیاندا بە هاوڕێکانیان کاتێک بەوێدا تێدەپەڕین. بێشک فرۆشتنی ئەم کەرەستانە لە بازاڕدا چەند عانەیەکیان بۆ دەکات. لە کاتی پشکنینمدا، زۆر لەو کەرەستانە دەفەوتانو کارێکی بێسود بوو لەوە بگەڕێم چیان بەسەر هاتووە. چونکە هەر ڕووبەرووی ئەو وەڵامانە دەبوومەوە (والله ما اعرف) واتە بەخودا نازانم. ئینجا بڕیارم ئەوە بوو، کە ئەو کەرەستانە بگەڕێنرێنەوە لە هەر شوێنێک بن. ئەگەر نا، توشی دەردەسەریان دەکەم. دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە شۆفێرە ئەرمەنیەکان زۆر چاونەترسن لە ئاژوتنی ئۆتۆمبیلە کۆنەکانیاندا لەو ناوچە شاخاویانەی کوردستاندا. هەرچەندە هیچ مەشقێکیان لە سەر ئەندازیاری مەکینە نەبوو، بەڵام ئۆتۆمبیلەکانیان هەر لە کاردابوون. هەموو تێکچونێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆتۆمبیل ناوی خۆی هەبوو بە زمانێکی تایبەت بە خۆیان. لەو هەشت زمانەی لەو ناوەدا قسەی پێدەکرا، هیچ ووشەیەک نەبوو بۆ گۆدگوینپن یان یوتیڤر شیەڵ جۆینت، ئینجا ناویان بۆ هەندێکیان دانابووو ئەوانیتریان پشتگوێ خستبوو. ئەگەر مەکینەی ئۆتۆمبیل راوەستایە، پلەگ بوو. ئەوان ئەم پلەگانەیان زۆر بەکاردەهێناو دەیانشکانن بەهۆی سپانەی نەلواوەوە. ئەگەر ئۆتۆمبیلەکە هەر کاری نەکردایەو فوردی مۆدێلی تێ بووایە (لەو کاتەدا لە عێراقدا بڵاوبووبۆوە) یەکسەر دەیانگوت بێنزەکانی خراپ بووە، دەیانگوت (والله مكسون) واتە بەخوا شکاوە.

ئەگەر دەنگێک لە (مەین شاقت) یان (دفرەنشیەڵ) یان ئەکسلی دواوە بهاتایە، لای ئەوان هەمووی یەکبوون‌و دەستیان دەکرد بە هەڵبڕینی پاشی ئۆتۆمبیلەکەو ترانسمشنەکەی دەردەهێنراو بورغی بەو ناوەدا بڵاو دەبووەوە. لە دواییدا بە دڵخۆشیەوە ئەو پارچەیەی خراپ بووە بەرزیاندەکردەوەو رۆنی لێ دەچۆڕایەوە. ئەرمەنیەکە بەسەر بەرزیەوە دەیگوت، دیشلیەکەی خراپ بووەو، کە تەماشای دەکرد ددانەیەک چییە پێوەی نەماوە.

بەم شیوەی خوارەوە زیرەکی شۆفێرە ئەرمەنیەکان دەردەکەوت. لەوانەیە یەکێک دشلیەکی هەبێت‌و لە ئۆتۆمبیلێکیتر دەریهێنابێت بە مەبەستی بەکارهێنانی. ئەگەر لەگەڵ پێویستی ئەو رێک نەکەوتایەو یەکێک لە شۆفێرەکان بەوێدا رەت بووایەو دشلیەکی گونجاوی بۆ ئەو پێبووایە، ئەوا بێ یەکو دوو دەیدایە. چونکە ئەم کاری هورییەتیەی شۆفێرەکان لەگەڵ قازانجیاندا رێک دەکەوێت، ئەوە من تێیناگەم. لە سەر ئەو رێگایە بە ئاسانی پارچەی ئۆتۆمبیل دەگۆڕدرایەوە، لە رادێتەرەوە بۆ مەکینەی تەواو.

گوێیان بە هیچ شتێک نەدەبزووت‌و هەتاکو ئەو هەموو بورغیانەی لە شوێنەکە بەجێدەما، دەیانگوت خۆی ئۆتۆمبیل بورغی زیادەی زۆر پێوەیە.

لە کاتی خەریک بوون بە چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل، نەفەرەکان لە سەر قەراغی رێگاکە دادەنیشتن‌و چاوەڕییان دەکردو سەیریان بە کاری جادوویی ئەم شۆفێرانە دەهات. ناچار ئۆتۆمبیلەکە لە سەر یەک یان دوو یان سێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سلندەر کاریدەکردو جارێکیتر دەستی بە ڕۆیشتن دەکردو نەفەرەکانیش سواردەبوونەوە.

لە بەهاردا دوای ئەوەی ڕێگاکە وشک بووەوە، جارێکیتر هاتووچۆ دەستی پێکردەوەو سەردانکەرانو هاتووچۆکەران زۆرتربوونو کاروانی شتومەک بەسەر ڕێگاکەدا رووی دەکردە ئێران. کاروانی دوورو درێژی هێسترو کەر پێویستییەکانی کامپەکانو ڕێگاکەیان بۆ دەهێناین.

لە بەهاردا خێڵی هەرکی مەڕومالاتیان بەسەر ڕێگاکەدا بەرەو لەوەڕگاو پاوانەکانی ناوچە شاخاویەکانی سەرسنور دەبرد. کۆمەڵە پیاوێکی لێهاتوو بەدوای سەرۆکەکانیانەوە دەڕۆیشتن، پڕچەکو بە سواری بارگیرو بە جلوبەرگی کوردییەوە زۆر رازاوە دیاربوون. من خۆزگەم بۆ کامێرایەکی سینەمایی دەخواست، کاتێک بەبەردەمی مندا بەسەر بەرزیەوە رەتدەبوون وێنەیان بگرم. هەریەکەیان خێڵێکی زۆر دەوڵەمەندو مەڕومالاتێکی بێشوماریان هەیەو حەزیان بەوە نییە شەڕانی دیاربن وەک سورچییە نیشتەنییەکانو حەمەدەشین.

هەرکییەکان توانای لەدەستچوونی هەندێک مەڕومالاتیان هەیە، ئەگەر توشی شەڕی پێنەویست بن. هەرچەندە هیچ ساڵێک نییە ئەوان توشی شەڕ نەبن، کە بەسەریاندا بسەپێت لەلایەن دوژمنێکی کەمتر دەوڵەمەندەوە.

هەروەک گوتم: ئەوان ڕێگری کارەکەم نەبوونو دۆستایەتیان پیشان دەدا بەرانبەر بەمن. جارجار تەنگژی بچوک دروست دەبووو ئەگەر نەمگەیاندایەتە سەرۆکەکەیان، بۆ خۆم چارەم دەکرد. ئەمەش لەو حاڵەتانەبوو. تاقمێک لە خێڵەکیەکان نزیک بە کامپەکەمان تەقەیانکردبوو نەمزانی بۆچی تەقەیانکردووە. لەوانەیە لە حەیوانە کێوی بێت. من ئەمرم وەهابوو، تەقە نزیک بە کامپەکەمان قەدەغەیە. یەکێک لە کرێکارەکانم نارد بۆ لایان پێیان بڵێت تەقە نەکەن. وەڵامی ئەوان ئەوەبوو، کە ئێرە هەمیشە شوێنی راوی ئەوان بووەو هەر وەهاش دەمێنێتەوە. منیش لەو کاتەدا هەر پاسەوانە ئاسورییەکەم شک دەبرد ناردم بزانێ ئەوانە کێنو ناوی سەرۆکەکەیانم بۆ بهێنێت. ئەو ئەم کارەی ئەنجامدابووو سەرۆکەکەشی بە چەککراوی لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیدا هێنابووو دەستیشی بەستبوو. وەک زۆربەی خەڵکانی میللەتەکەی پیاوێکی بچکۆلەی ئازابووو دەستبەجێ بە فیڵ سەرۆکی تاقمەکەی گرتبووو وتبووی ئەمە ئەمری منە. هەرچەندە ئەو بە تەنیا بەرانبەر بە دوانزەکەس بوو، بەڵام بۆ سەرسورمان هیچ بەرهەڵستیەکیان نەکردبوو. لەوانەیە پیاوەکانی وەهایان زانیبێت، کە سەرۆکەکەیان رازی نابێت بەرهەڵستی ئەمری من بکەن. خەنجەرو تفەنگەکەم دایەوە سەرۆکەکە لە سەر ئەو بڕیارەی پیاوەکانی بۆ شوێنێکیتر بۆ راوبەرێت.

لە هەموو کاتێکدا ئەوان بەرانبەر بە هەڵسوکەوتی ئێمە دڵنیانەبوون. زۆرجار ئەگەر کرێکارەکان دەرفەتیان بۆ برەخسابایە مەڕوبزنیان لێدەدزین. بۆخۆم بزنم دیوە لە دەوەندا بەندکراوە، یان لەژێر مەکینەدا بە شێوەیەکی زۆر سەیر راگیراوە. هیچ کرێکارێک نەیدەتوانی بۆم روونبکاتەوە، چۆن چۆنی ئەو ئاژەڵە گەیشتۆتە ئەو شوێنە!و دەیانگوت بۆخۆیان وایانکردووە، چونکە ئاژەل بێئەقڵە. زۆرجاریش بە ناوی منەوە حەیوانیان لە خێڵەکیەکان دەسەندو بۆم دەرکەوت خزمەتکارەکانی خۆم لەم کارە بێگوناه نەبوون.

من وەهای دێنمە بەرچاو، کە بەم شێوەیە کارەکە رویدابێت.

جەرجیس بە سەرۆک خێڵەکە دەڵێت، ئەندازیار مەڕێکی پێویستە، ئەویش لەبەر خاتری من مەڕەکەی دەداتێ.

جەرجیسو رۆستەمخانی هاوەڵی، ناسرابوون بەوەی، کە لەگەڵ کرێکارەکاندا کاری لاوەکیان هەبوو. دوای ئەوەی مەڕەکە سەردەبڕنو دێنە سەرباسی ئەوەی چی لێبکەن.

جەرجیس دەڵێت، رۆستەمخان ئەوە لەوە زیاترە، کە ئەفسەر بیخواتو لە منو تۆش زیادە.

رۆستەمخان دەڵێت دەبێت ئەفسەر لێی بخوات. تۆ دەبێ گۆشتی هەر بۆ بکرێتو حەیفە ئەوەی دەمێنێت بە خەسار دەڕواتو من دەزانم ئەو پێی خۆشە بەشی کرێکارەکانی لێ بدەین.

جەرجیسیش دەڵێت رۆستەمخان بەراستی تۆ پیاوێکی مامڵەت زانی. با جارێ بەشی ئەفسەری لێ لابدەینو بزانین چەند بۆ کرێکارەکان دەمێنێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمەش ترازووەکەیەو ئەو گوێ ناداتە ئەوەی ڕۆژانە هۆقەیەک لە دەفتەرەکەدا بنووسم. من ڕووپییەک دادەنێم بۆ نرخی هۆقەیەکو کرێکارەکانیش قەت لەوە کەمتر نادەن، وانیە؟

ڕۆستەمخان دەڵێت ئەو پارچەیەی لە سەر مێزەکەیە لە هۆقەیەک کەمترە. تۆ دەبێت ڕاستگۆبیت لەگەڵ گەورەکەتدا. ئەو پارچەیە باشە هۆقەیەک دەبێت بۆی دانێ. بەڵێ نزیک بە هۆقەیەک دەبێت. ئێمە گۆشتی نایاب بە ئەفسەر دەفرۆشینو سەرۆک خێڵەکە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە.

من، کە هەستم بەم کارانە کرد، زۆر دڵتەنگ بوومو دەستمکرد بە سەرپەرشتی توندتر. دیارە لەبەر ئەم کارانەش بوو، جەرجیس دوای ماوەیەک گوتی: ئەوەندە پارەی کۆکردۆتەوە، کە بگەڕێنەوە بۆ ئێرانو منی بەجێ هێشت.

ئەو دەیگوت، کە ژیانی ئێمە لەو دۆڵەدا زۆر خەتەرە (لەو لاقەد شاخانەدا قەت حەزی بە ئۆتۆمبیل ئاژوتنی من نەبوو)و دەبێ ئەوەی لەبیر نەچێت ماڵومنداڵی بەجێهێشتووەو بە شێوەیەکی خۆش جیابووینەوە. بەڕاستی کرێکارێکی خراپ نەبوو. هەمیشە بەرەوپیری چاکە دەچوو، هەرچەندە خۆی لاوابوو، کە هەرچی لە ژێر خۆردا هەیە ئەو دەیزانێتو جێگەی سەرنج ڕاکێشانی من بوو.

لە شوێنی ئەو حامید هات، کە کوردێکی گەنجی سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراوی ڕەواندوز بوو. زۆر بە خۆوەو چالاک بووو لە سەفەری درێژو سەرکەوتنی شاخدا لە هەموو خزمەتکارەکانم زیاتر جێگەی متمانەبوو، زانیارییەکی زۆری هەبوو لە سەر ئەو خێڵانەی ناوچەکەو ئامۆژگاریەکانی لە سەر نەریتی کوردەواری زۆر بەسوود بوون. هەمیشە ئامادەبوو بۆ پاراستنی من.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی چوارەم

## ئەشکەوتی کۆسپی سپی

هەرچەندە لە دوایەنەکانی پاییزی ساڵی ١٩٢٨دا ڕاماڵکردنی گەلاڵەی دۆڵی بەرسرینم کرد، بەڵام لە ساڵی دواییدا هەر دەبوو کاتێکی زۆر ببەمەسەر لە تاقیکردنەوەی شیوو ڕووبارەکە، کە لە سەر ئەوانەوە دەبووایە ئێمە ڕێگاکە تێپەڕکەین. ئەمەش وەهای دەگەیاند لە کامپی گەڕیدەدا بژیم، دوور لە کامپی سەرەکی کارەکەمان. لە گەڕانو خەریکبوونمدا بەو ڕاماڵکردنەوە، نزیک بە گوندە کوردیەکان کامپمان دەکرد، بۆ ئەوەی خواردنمان دەستکەوێتو پیاوی شارەزاشمان لەگەڵدابێت، بۆ ڕێپیشاندانو ڕەوتی دۆزینەوەی ڕێگا تازەکەو زانینی خاوەنی جۆگای ئاوو زەویو زارێ، کە ڕێگاکە بە ناویاندا تێدەپەڕێت. هەرچۆنێک بێت ئێمە پلانی ڕێگاکەمان بە شێوەیەک دانا، کە کەمترین زیانبەخش بێت بۆ کشتوکاڵی ناوچەکەو کوردەکان دڵنیابن، کە مافی باب‌وباپیریان دەپارێزرێت، چونکە کوردستان وڵاتێکی بەرداویەو کێڵگەی زۆر کەمە.

لەبەر ئەوە کامپەکەمان نزیک بە گوندەکان بوو، زۆرجار لە ئێوارانداا لەگەڵ سەرۆکی گوندەکەدا دەکەوتینە قسە. ئێوارەیەکیان لەگەڵ عەزیز ئاغای سەرۆکی گوندەکەدا لەو خۆرئاوابوونە پڕ لە ئارامیەدا دانیشتبووین چامان دەخواردەوەو جگەرەمان دەکێشا. لەوکاتەدا هێشتا دونیا ئەوەندە ڕوونبوو دەمانتوانی لە کامپەکەمانەوە گوندەکەیان ببینین، کە لەوپەڕی ئاوەکەوە بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرسرین رەنگێکی ئیتاڵی هەیە. خانووە نزمو بەدار سەرگیراوەکانی، لە ناوەڕاستی باغەکانی سەر رۆخە بەرداویەکەی رووبارەکەدا بوون. لە سەر پردەکەوە وەک رۆخەکانی دەریای سپی ناوەڕاست دڵگیر دیاربوون، نەک وەک هی ئەم دۆڵە قووڵو سەختەی، کە هەر چوار دەورەی بە شاخی بەرز گیراوەو تەنراوە. لێرە زریانی زستان دەبێتە هۆی سەرمایەکی بێئەندازە.

پردەکەی بەرسرین بریتییبوو لە دارەڕای پایە کۆنە بەردینە بەرزەکانو لەبەر زۆری بەکارهێنانی، دارەکان چەمابوونەوەو زگیان درابوو بە قودرەتی خوا راوەستابوو، هەرجارەش پیاوێک یان وڵاخێکی هەڵدەگرت. لەدواییدا، کە بینیم شوێنی ئەم پردە وەها کەوتووە باشبێت بۆ بەندکردنی رێگای ناوچەی دەروبەری، توانیم رێکیبخەمەوە. لەوانەیە سەدان ساڵ لەمەوپێش ئەم پردە دروستکرابێت، بەڵام پایەکانی زۆر ساغ دیاربوونو لە بەرد دروستکرابوونو هەر راژەی ئاسنینی دەویست لەگەڵ تەختی عەردی پردەکەدا، بۆ ئەوەی بەکاربێت بۆ پەڕینەوەی کاروانە هێستر.

لەکاتی شەڕدا سوپای روسی بەشێکی گوندەکەی وێرانکردبوو و هێشتا ئاوەدان نەکرابووەوە. عەزیز ئاغا خۆی هەڵدەکێشا، کە پێش ئەوەی روسەکان بێن ئەو دەوڵەمەندبوو، بەڵام ئێستە هەژارە. بێگومان نیشانەی هەژاری پێوە دیاربوو. لە هەموو دۆڵەکەدا دوو پارچە زەوی هەبوو، کە خەڵکەکە دەیانکرد بە گەنمەشامی. عەزیز ئاغا خەیاڵی لە دەوڵەمەندیو پێشکەوتن دەکردەوە. هیوای ئەوەبوو رۆژێک بێت خانووە رووخاوەکانی ئاوەدانبکرێنەوەو لەوانەیە کوڕەکەی یان کوڕەزاکەی هەر شەش خانووەکەی ئاوەدانبکەنەوە. بۆم دەرکەوت ئەم خەڵکە ئەگەر رێیان پێبدرێتو بۆیان برەخسێت کاری باش دەکەن.

عەزیز ئاغا گوتی: ئەو زۆر سوپاسگوزاری منە بۆ کاری رێگاکەی بە وڵاتەکەیدا دەیکەمو هەتا گەیشتە ئەوەی بڵێت کوردەکان خەڵکی بەریتانیان خۆشدەوێت، چونکە ئەوان شت دروست دەکەنو بەرەحمن بەرامبەر بە خەڵک، بەڵام تورکو روس وێرانکەرو رووتکەرەوەو چەوسێنەرن. من بەم قسانە پێکەنیمو پێمگوت ئەم قسانە بۆ دڵخۆشی من دەکەیتو ستایشی من دەکەیت. بەڵم ئەو بۆی روونکردمەوە چۆن خۆیو خێڵەکەی بەشێکی زۆری ژیانیان خۆشاردنەوە بووەو بە یاخیبوون لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاخەکاندا ژیانیان بردۆتەسەر. لەم رۆژانەدا هیچ ترسێکی چەوسانەوە نییەو هەردووک پارچە زەویەکەی کردووە بە گەنمەشامیو رەزو باخەکەی بێترس بەخێودەکات. لە رۆژانی رابردوودا وشەی دەوڵەت وەک تورکەکان تێیگەیشتبوون، کە سەربازەکان چاوەڕوانی دەرفەتیان دەکرد بۆ هەڵکوتانە سەرمانو تالانکردنمانو سوتاندنی خانووەکانمان. ئەمرۆش تاقمە کرێکارە بێزیانەکەم سەرقاڵی ئەوەن ئەو دەرە بەرداویە بکەن بە رێگایەکی تەخت بێئەوەی خەڵکانی ناوچەکە سڵیان لێبکەنەوەو بڕوایان پێبکەن.

لەگەڵ ئەم هەموو قسە پڕ هیواو ستایشەدا، پرسیارێکم لە عەزیز ئاغا کرد، کە زۆر دەمێکبوو لە مێشکمدابوو. باسی ئەشکەوتێکی گەورەم بیستبوو، ئایا لەم ناوچە شاخاوییەدا ئەشکەوتی وەها هەیە، کە بە ناخی عەردا بڕواتە خوارێو کەسیش نەگەیشتۆتە ئەوپەڕی؟ ئایا تۆ ئەوەت دەزانیت؟

ئێستا لەم ناوچەدا ئەشکەوت، لەم رۆژانەی تەنگانەدا بۆ خۆبواردن لە بۆردومانو خۆشاردنەوە بەکاردێت. خێڵەکیەکان بە ئاسانی رێگاوشوێنی ئەم ئەشکەوتانە دەزاننو بە خەڵکی ناڵێن، بەڵام لەم جارەدا عەزیز ئاغا هیچ نارەزاییەکی پیشاننەداو گوتی، دەتبەم بۆ ناو ئەشکەوتی کۆسپی سپی بەناوبانگ، کە لێرەوە نزیکە.

رۆژی دوایی چووین بۆ تەماشاکردنی. دەمی ئەشکەوتەکە بەرووی زەردێکەوە بوو، کە بریتییبوو لە رۆچونێکی جیۆلۆجی، کە لە رازە بەرزەکانەوە دەستیپێدەکردو بە شیوەکەدا دەهاتە خوارێ هەتا لە ئاوە کەفاوییەکەی رووبارەکەدا بزر دەبوو. ئەم زەردەش بەری شیوەکەی لە کاروانە رێیەکە گرتبوو و دەبووایە بە رێچکەیەکی تەنگەبەری پلاویو پێچاوپێچدا رەتبێتو شاخێکی بەرزیش بەسەریدا دەیڕوانی. لە کاتی رێگا دروستکردنەکەدا، کە گەیشتینە ئەم شوێنە، ئەوەندەمان تەقەمەنی بەکارهێنا، کە زیاتر لە شەش هەزار تەن بەردمان لابرد، بۆ ئەوەی دەروویەک بۆ دروستکردنی رێگاکە بکەینەوە.

عزیز ئاغا بە رێچکەیەکدا پێشمانکەوت، کە بەسەروو کاروانە رێگاکەدا دەرۆیشت هەتا گەیشتینە دەمی ئەشکەوتەکە. پیاوێکی بەدواوە بوو منیش کرێکارێکی ئێرانیو بنیامین یۆنانی ئاشووریم لەگەڵدابوو. ئاغای پیر تفەنگێکو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەنجەرێکی پێبوو، چونکە لەوانەبوو ئەو شوێنە گورگو ورچو هەتا پڵنگیشی لێبێت. ئەشکەوتەکە بە کونێک دەستیپێکردو دەبووایە لە سەر دەم برۆیشتینایەو چرایەکمان لە پێش خۆمانەوە هەڵبگرتایە. کونەکە کتوپڕ فراوان بوو تا خۆمان لە ئەشکەوتە راستیەکەدا دییەوە، بنمیچی ئەشکەوتەکە کەمەرەیی بوو و بە رەوی گەورە شەمشەمە کوێرەی لێبوو و بەسەر سەرماندا دەهاتنە دەرێو بەشێوەیەکی شەرانی دەفرینو دەهاتنە خوارێ، وەک بڵێن پێیان ناخۆشبێت، کە ئێمە خۆمان بە شوێنە تاریکو ئارامەکەیاندا کردووە،، کە قسەمان دەکرد بەشێوەیەکی سەیر دەنگی دەدایەوە. لەبەر دەمماندا کۆمەڵێک سپی دەبریسکایەوەو دەرکەوت کۆمەڵە ئێسقانەو وردە وردە لە تەختی عەردی ئەشکەوتەکەدا گەچ سەرکەوتووەو بە شێوەیەکی سروشتی ئێسقانەکانی داپۆشیوە، لەوانەشە ئێسقانی ئادامیزاد بێت. بە شەوقە کزەکەی فانۆسەکەمان، چاومان بە دەروویەک کەوت، کە بە دوو لادا کونو کەلەبەری لێجودا دەبووەوە. ئێمەش بەرەوپێش رۆیشتین بۆ ناو کونە سەرەکیەکەو هەستمان بەوەکرد، کە تەختی عەردەکە دەبوو بە قوڕێکی قوڵی لینج. ئەمەش رێگرمان نەبوو بۆ چوونە پێشەوە چونکە لەبەر سەیریی شوێنەکە هەستمان بە خۆمان نەکرد، کە دوای چەند جار سورانەوەیەک، لە سوچەکانەوە قوڕ گەیشتە ئەژنۆکانمانو لەبەر پێماندا هەستمان بە بەرد نەکرد، ئەوسا بۆمان دەرکەوت، کە لە بابەتێکی قوڕخۆرکدا راوەستاوینو لەوانەشە بێبن بێت.

هەواکەی گەرمو بۆگەن بوو. ئایا هۆی گەرمی شوێنەکەو دڵەراوکێم بوو دەستمکرد بە ئارەقکردنێکی سارد؟. چەند مەترێک لە پێشمانەوە، سەکۆیەکی بەردین لەناو قوڕەکەوە بەرز ببووەوەو فانۆسەکە بەدەستمانەوە بوو، دەستیکرد بە پرتە پرتو لە دواییدا کوژایەوە. دڵنیابووین لەوەی ناگەینە سەکۆکە. ئایا دەبێ ئەمە کاری تەلیسمێک بێتو ئێمەش وەک ئەوانەی پێش ئێمە ئێرە دوایینەی ژیانمان بێت؟ ئەو کۆمەڵە ئێسقانەمان هاتەوە یاد، کە بە لایدا تێپەڕبووین. فانۆسی کرێکارەکەی دوامانەوەش کوژایەوەو دونیا لەبەرچاومان تاریکبوو. ئەو قوراوە بۆگەنەی تێیدا بووین وەها دیاربوو زۆرینەی پیسایی شەمشەمەکوێرەبێت. هەستمان بەوە دەکرد، کە ئێمە رۆدەچینو دەبێ بجوڵێینەوە، بەڵام نەماندەزانی رووبکەینە کوێ؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ژیانماندا بەسەرهاتی وەها دێنەڕێگەمان، کە هەڵکەندراوێکی روون لە دەرونمان جێدەهێڵێت، کە هەمیشە لەبیرمان نەچێتەوە. بەهۆی دوا تروسکەی چرای دووەمەوە، چاوم لە دەروویەک دەگێڕا، لەم چاڵە ژێرزەویەی تێیکەوتووین دەربازمان بکات. ئەم پیاوە پیرە ترسناکەی پێشمەوە تفەنگە تورکیە درێژەکەی بەدەستەوە بوو ئامادەبوو تەقە لە هەموو شتێک بکات، بەشەر بێت یان درِندە. ئەویش لە قورەکەدا چەقیبوو و لەدوای ئەوەوە چاوم بە تاقمێک کەوت، رەنگ زەردو ترساو دیاربوون. ئایا بۆچی چراکان کوژانەوە؟ بە لێکدانەوە، کارەکەم بۆ ڕوونبووەوەو دەبێ هەواکەی ئەوەندە پیس بوبێت، توانای سوتاندنی نەمابێت. بەڵام بۆ ئەو خەڵکە ساویلکەو پڕبڕوا بە ئەفسانەیە، لە کاری جنۆکەو جادوگەری شاخەکان بەولاوە هیچی‌تر نییە. ئینجا بە دەنگێکی بەرزو خۆڕاگرتنێکی وەها، کە لەوەوپێش هەستم پێنەکردبوو، دڵنیامکردنەوە هیچ خەتەرێک لە ئارادا نییە، پێمگوتن شقارتە لێدەن‌و لەگەڵیدا بڕۆن. بانگی ئاغای پیرم کرد بزانم لە کوێیەو لە قوڕەکەدا خۆم بەرەو لای سوڕدا لەو تاریکییە دەستیم گرت. لە راستیدا شوێنەکە زۆر خەتەربوو. هەتا ئەگەر بشمانتوانیایە لە قوڕەکە دەربازبین، ئایا لەو هەموو سوڕانەوەیە دەمانتوانی بێ هەڵە دەربازبین؟ چونکە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە زۆر دوورکەوتینەوەو لەبەر ئەوەی چراکان کوژانەوە دەمانزانی لەوانەیە بخنکێین. هەواکە ئەوەندە پیس بوو لەوانەیە وەک گازی زەلکاوەکان کاتێک شقارتە لێبدرێت، بتەقێتەوە یان وەک ئاگری کانە خەڵووزی بەردین، ئاگر بگرێت.

کە دەستی عەزیز ئاغام گرت، سلەمیەوە، هەرچەند بە ئازایەتیە کوردییەکەی هەوڵی ئەوەیدا بەسەر خۆی نەهێنێت‌و پێیگوتم، کە کەس نەیتوانیوە هەتا ئێرە بێت‌و بگەڕێتەوە. بۆ خۆی لەبیریتی بەلای کەمەوە پیاوێک هەوڵی ئەوەی دابوو لەم ئەشکەوتەدا، بەڵام لە دواییدا کەس لێی نەبیستبووەوە. بۆ ئەوەی هەستی ترسی بشارێتەوەو بیانو بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هیچ بەرەوپێش نەچین، گوتی: ئەم ئەشکەوتە دواینەی نییەو هەموو کەسێک دەزانێت ئەمە هەتا هەتایەو هەر دەڕوات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینجا لە قوڕەکەوە رووومانکردە دیواری کونەکەو لەوێدا قوڕ کەمتربوو. لەگەڵ دیواری کونەکەداو بە یارمەتی جارجارەی شقارتە لێدانەوە دەستمانکرد بە رۆیشتن بەرەوپێش، هەتا لە دواییدا گەیشتینە وشکانی.

دوور لە تاریکیەکەی پێشمانەوە، دەنگێکی خۆشی نزم هاتە بەرگوێمان. لە سوڕانەوەیاندا، کریکارەکانی پێشمانەوە هەستیان بە رووناکیەکی کزی دەرەوەی ئەشکەوتەکە کردبوو و هاواریان بۆ ئێمەکرد زۆر گرانە وەسفی ئەو هەستەمان بکەین، کاتێک لە سەر دەم هاتینە بەر هەوای پاکو تیشکی رووناکی خۆر.

لە کاتی دروستکردنی رێگاکەدا، دەبووایە عەمبارێکی گەورەی تەقەمەنیم ئامادە بووایە باشترین شوێنیش بۆ ئەم کارە ئەشکەوتەکان بوون. ئەشکەوتی کۆسپی سپی نزیک بە رێگاکە بوو و زۆر جێگەیەکی نمونەیی بوو. فەرمانمدا دەمی ئەشکەوتەکە فراوان بکەن بۆ ئەوەی پیاو بە ئاسانی تێیدا راوەستێتو سندوقە گیلیگنایت لە سەر یەک کەڵەکە بکەین. ئەم کارەش لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بووە هۆی نەمانی هەوا پیسەکەو چراش بە شەوق دەسوتا هەتا دەگەیشتینە دەراوی قوڕاوەکە.، کە باسی ئەم بەسەرهاتەم بۆ دۆستو هاوڕێی خۆم کاپتن یانگ کرد، ئەو یەکسەر لەگەڵ تاقمێک گەورەتردا داوای تاقیکردنەوەی ئەشکەوتەکەی کرد.

بڕیارماندا یاکو ئیسماعیلی گەورە ئەفسەرە لیڤیەکان لەگەڵ خۆماندا بەرینو ئەویش وەک ئێمە حەزی بە بینینی ئەشکەوتەکە دەکرد. لە کاتی راوو شوێنەکاندا ئەو باسی سەیری بۆ دەکردین لە سەر ئەشکەوتەکانی شاخەکانی هەکاری لە تورکیا، کە خاکی کۆنی ئاشووریەکان بوو. لەوێشەوە لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهاندا کۆچیانکرد. بۆ خۆپاراستن لە زەبری سوپای تورکی داگیرکەر، ئاسوریەکان لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان شاردبووەوە. هەرچی هەیانبوو لە خۆراکو ئاوو گوللەی قورقوشم، هەموویان لەگەڵ خۆیاندا بردبووە ئەوێو پیاوەکان لە سوچێکی ئەشکەوتەکەوە بەو تفەنگە کۆنانەی پێیانبوو تەقەیان دەکردو ژنانیش تفەنگەکانیان دادەگرتەوە. دەڵێن ئەو باروتەی ئاشووریەکان خۆیان دروستیان دەکرد وەک باروتی تورکەکان باشبوو، کە بۆ تفەنگی ماوزەڕ بەکاریان دەهێنا. ئەم باروتەش دەبووایە بەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاقیکردنەوەی توندی بگرتایە. یەکێک لەو تاقیکردنەوانە، ئەگەر باروتەکە لە سەر لەپی دەست ئاگربدرایە، دەبووایە ئەوەندە خێرا بسوتایە، پێستی دەست تۆقلەی نەکردایە، بەشێوەیەک تێکەڵەکە پاکژ دەکرایەوە، نەدەبوو دوای سوتان خۆلەمێش بەجێبهێڵێت.

یاکو ئیسماعیل کاتی گەنجێتی خۆی بەبیر دەهاتەوە، کە لە ئەشکەوتەکانی هەکاریدا دژی دوژمنەکەیان لە شەڕدابوون. هەرچەندە ئەوان توانای تەقەیان کەمبووە، بەڵام لە شەڕەکاندا سەرکەوتوو ببوون. بۆی گێڕامەوە چۆن لە بەرزاییەکانەوە پەلاماری دوژمنیان دەدا لە کاتێکدا دوژمنەکانیان وەهایان دەزانی، کە ئەوان بڵاوەیان لێکردووە، چۆن شەڕکەری شاخەکان خۆیان دانوساندووەو پەلاماری عەمباری توفاقو چەکیان داوەو دەستیان بەسەردا گرتووە.

لەکاتی ڕۆیشتنماندا بە سواری هێستر، لە سەرکردایەتی بەتالیۆنیو پانەوە بەرەو ئەشکەوتی کۆسپی سپی لەبەرسریندا، ئەو باسی بەسەرهاتە ناخۆشەکانی خەڵکانی ئاسوری بۆ کردین کاتێک بە ناوجەرگەی کوردستاندا تێپەڕببوون بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزی روسەکاندا یەکبگرنەوە، ئەوان لە ساڵی ١٩١٥ دا ویستبویان ناوچەی میزۆپۆتامیا لەدەست تورکەکان دەرهێنن.، کە لە ورمێ بەیەکگەیشتبوون، روسەکان تفەنگی تازەو تەقەمەنی تەواویان دابوونێ. بەڵام لە دواییدا، کە روسیا بوو بە بەڵشەفیکو سوپاکەیان گەڕابووەوە، ئاسوریەکان بە تەنیا مابوونەوەو توانیبویان هەتا تەقەمەنیان پێمابوو بەرەنگاری بکەن. لەگەڵ ئەوەی هەرچوار دەوریان بە دوژمن تەندرابوو، توانیبوویان پەلاماری دوژمن بدەن.

ئاشووریەکە لە دواییدا گوتی: دوای ئەو کۆچە پڕ لەبەسەرهاتە ناخۆشە بەردەوامبوو بۆ ئەوەی بە بڕینی ٤٨٤ کیلۆمەتر لە باشووری ئێراندا لەگەڵ هێزی بەریتانیدا یەکبگرنەوەو هەزاران منداڵو ژنو پیاو لە ڕێگادا مردبوون بەهۆی نەخۆشیو برسێتیو گوللەی دوژمنەوە.

لەدواییدا لە دەربەندەکانی ئێرانەوە، هاتبوونە خانەقینو لە باقوبە لە کامپێکی ئاوارییدا داندرابوون. بەڵام ئەمە جیاوازە وپێوەندی نییە بە ئەشکەوتی کۆسپی سپییەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشتینە دەمی ئەشکەوتەکە، کە بە دیوارێک بەری گیرابوو و لە دواوە دوو تەن گیلیگنایتی لێعەمبارکرابوو. هێشکچیەکی کورد ئاگاداری دەکردو خێڵەکیەکانی ناوچەکە بەکاردەهێنران بۆ ئاگادارکردنی عەمبارەکانو کامپەکانمان. کاتێک، کە چووینە ژووری ئەشکەوتەکەوە، کابرا سەلامی بۆ کردین. بۆ ئەمجارەمان خۆمان باش ئامادەکردبوو. گڵۆپی کارەبا دانرابوو بۆ ڕووناکی سەرەکیو هەرکەسەش لایتێکی پێبوو و یەکو دەمانچەمان بە قەدەوە بوو. تاقمەکە ئەوەندە زۆربووین توانیمان بۆ هەر ماوەیەک پیاوێک دابنێین بە درێژایی ئەشکەوتەکە بۆ ڕێگا پیشاندان بەیارمەتی هەبێت. هەروەها چرایەکمان لەگەڵ خۆماندا بردە ژووریێ بۆ تاقیکردنەوەی هەوای ناو ئەشکەوتەکە. پێش ئەوەی سەرکردایەتی بەتالیۆنەکە بەجێبهێڵن، کۆلۆنێل کامیرۆن زانیاریەکی باشی داینێ لە سەر توانای مرۆڤ لە هەوای پیسدا. لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهاندا ئەو لە ئەڵمانیا بەندکرابوو و بەشداریکردبوو لە هەڵکەندنی تونێلێکی نهێنی لە ناو کامپەکەو بۆ دەرەوەی شوورە تەلبەندکراوەکە، بۆ ئەوەی لێوەی دەربازبن. کۆلۆنێل دڵنیای کردین، کە پیاو دەتوانێت بۆ ماوەیەکی باش لە هەوایەکدا بژێت، کە چرای تێدا بکوژێتەوە، بەڵام کاری گرانی پێناکرێت. لە سەر ئەم پاڵپشتانە ئامادەبووین بۆ سەردانی ئەشکەوتەکە، بەلای کەمەوە هەتاکو ئەو شوێنەی شەمشەمەکوێرە تێیدا دەژێت، کە نیشانەی بوونی ئۆکسجینە بۆ پێویستی ژیان.

دەستمانکرد بە چوونە ژوورەوەی ئەشکەتەکە، هەتاکو گەیشتینە ڕێی قوڕاوە بۆگەنەکەو بۆمان دەرکەوت لەگەڵ ئاوو هەوای گەرمو فراوانی دەمی ئەشکەوتەکەدا هەوا باش هاتوچۆی دەکرد قوڕەکەش کەمتر ببووەوەو توانیمان بە ئاسانی بە ناویدا بڕۆین، بەرەو سەکۆکە سەرکەوتینو هەزارەها شەمشەمەکوێرە بە شێتانە بەسەرماندا دەفڕین. لە سەر سەکۆکەوە چەند دەرویەک جودا دەبوونەوە. لە کونەکەدا کۆمەڵە ئێسقانی بەکلسبوو دۆزرانەوەو لە دواییدا ناردمانن بۆ بەغدا بۆ تاقیکردنەوەی زانستی لەلایەن ئەنتروپۆلێجستەکانەوە، کە هەموو کات ئەوان بە کاری وا دڵخۆش دەبوون. بە دڵخۆشیەوە ڕومانکردەوە ناوەوەو دەرکەوت قوڵترین دەرەیەو یەکسەر دەچووە ناوجەرگەی شاخەکەوەو لە دواییدا تەنگ دەبووەوەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوو بە تونێلێکی تەسک، کە بە هەزارحاڵ لەشی بنیادەمی پێوەدەچوو. لایتەکانمان هەڵکردو بەرەوخوار بووینەوە بەرەو کونە تەنگەبەرەکە، هەرچەندە دواییەکەی دیارنەبوو. یاکو ئیسماعیل لە هەمووومان بچوکتربوو و ئامادەیی پیشاندا بچێتە کونەکەوە، چونکە ئاشووریەکان ئامادەبوون بۆ هەمووشتێک، دەمانچە بە دەستێکو لایتێک بەدەستەکەیتریەوە بە خسکە وەک کرم دەستیکرد بە چوونە ژوورەوە. دوای چەند چرکەیەک، دەنگێک وەک لە شوێنێکی دوورەوە بێت گوتی: هۆدەیەکی گەورە لێرەیە. ئەوەندە هەوەسم هەڵسا منیش خۆم بە کونەکەدا کرد. من درێژم، بەڵام باریکمو هەرچەندە کونەکە بۆ سمتم تەسک بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سەربەرەوخواربوو، چوونە خوارەوە ئاسانبوو. دوای چنگە کرێ بۆ نزیک چوار مەترێک، لە دەستو ئەژنۆ چومە ناو هۆدەیەکی بچوکەوەو لەوانەیە هۆدەی ناوەوەی دیوێکی یەکێک لە رێبازە کۆنەکانی دیانەکان بووبێت. ئەمبەرەوبەری هۆدەکە زۆر بە جوانی لە بەردی رەق تەشوێ تاش کرابوو رەفەو تاقو سەکۆی تەنیشت دیوار. هیچ پاشماوەی بنیادەمو ئاژەڵی لێدیارنەبوو، بەڵام نازانین چی لەژێر ئەو عەردەدا شاردراوەتەوە.

گوێمان لە دەنگی کاپتن یانگ بوو، بانگی دەکردینو سەغڵەت بوو بەوەی دەمێکبوو لەناو ئەو بەردە زیندووەدا دیارنەماوینو لایتەکانیشمان کزببوون لەبەر بەکارهێنانیان بۆ پشکنینی ئەم شوێنە سەیرە. بە ئاشووریەکەم گوت با بگەڕێینەوە. هەتا ئەم رۆژەش زۆر دوورە لەوەی کەس توانیبێتی ئەوەندە بچێتە ناوەوەی ئەشکەوتی کۆسپی سپییەوەو ئەوەی لەوێبووە هەر وەها ماوەتەوە بێدەست لێدان. سەردانەکانمان دواییان‌پێ هات. لەوانەیە کونی‌تریش هەبێت بەڵام لە هەردوو سەردانەکاندا نەمتوانی باش ئەشکەوتەکە بپشکنمو لە هەموو بەسەرهاتەکان ناخۆشتر ئەوەبوو، کە لە دواییدا لێمقەوما.

یاکو ئیسماعیل لەپێش منەوە گەڕایەوەو چاوم‌لێبوو لە چوونەدەرەوەدا توشی زەحمەت‌بوو، منیش پاڵێکم پێوەناو دەربازبوو.، کە نۆرە هاتە سەر من، بێ هیچ راوەستانێک شانم بە کونەکە تەنگو لینجەکەدا چوو، بەڵام بۆ سمتم گران وەستاو یەکسەر قەتیسمامو هەرچی پەلە قاژەیەکی کردم بێسوود بوو. هەستم بە بێتوانایی کرد، کە چۆن خۆم پەستاوەتە ناو ئەم کونە جرجەوەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک خاکەکە بمگوشێت وەهابوو. ئەم حاڵەتە چیرۆکەکانی (ئێدگار ئالان پۆ)ی هێنایەوە بەرچاوم، کە نووسەرێکی وەهابوو، هەتا ئەم کاتەش شانازیم بە توانای روانینو بۆچوونەکانیەوە دەکرد. بەڵام ئێستا دەڵێم بریایە ئەو چیرۆکە ناخۆشانەی، کە پیاویان زیندەچاڵ دەکرد، قەت نەنووسرابان. فکرم لە شێوەی ئازاردانی فارسەکان دەکردەوە، کە پیاویان لە چاڵدەناو هەتا بنملیان لە خۆڵدەگرتو هەر سەری بە دەرەوە دەما، تاکو مێشو مەگەز و سەگ دەیانخوارد. کاتێک، کە لەقەفرتێم دەکرد، ئەمانەم هەموو دەهاتنەوە پێشچاو. دۆستەکانم لە سەر دەمی تونێلەکە راوەستابوونو منیش هاوارمدەکرد ناتوانم هیچیتر بێمە پێشەوە. کاپتن یانگ، کە زۆربڵێیەکی ئەوەندە لەسەرخۆ بوو، بەم قسانەی منی هێنایەوە سەرخۆ، ئازابە هالو بیرت، بیر نەچێت پەرتوکەکە دەڵێت هەر کرمی درێژە ناتوانێت خۆی بابدات.

ئاسوریەکە گەڕایەوە سەرم بۆ یارمەتیو دەستی راکێشام، ئەوانیتریش هەردوو لاقی ئەویان گرتبوو رایاندەکێشا. بەمشێوەیە لە کونەکە دەرهێنرام، وەک لە لولەیەکەوە بمهێننە دەرێ. منیش یەکسەر چوومو لە تەنیشت هاوڕێکانمەوە راوەستام.

یانگ دەستی بە لوتیەوە گرتو بە لایەکەی تەماشای ئەملاولای کردمو گوتی: رۆڵە تۆ قەت خۆت ناشۆیت یان دەتەویت هەر وەها ئەو بۆنە خۆشەت لێبێت؟ ئەوسا هەستم بەوەکرد، کە لە هەوڵدانمدا لەناو کونە تەنگەبەرەکەدا جلەکانم پڕبووبوون لە بۆگەنی گوشەمشەمەکوێرە. من بە راستی بۆگەنبوومو لە پێشیانەوە بەرەودەرگای ئەشکەوتەکە رۆیشتم.

کاتێک، کە سواری هێسترەکانمان بووین، یانگ هاتەوە سەر قسە خۆشەکانی، گوتی: بۆنو عەتری تۆم نییە، ئەگەر جارێکیتر چووی بۆ ناو ئەشکەوتەکان، دەبێت بۆنی خۆشو بەردەمامکی گاز پەیدا بکەین. لەگەڵ گاڵتەو توانجەکانی یانگدا، گەڕامەوە بۆ کامپەکەو دڵی خۆم بەوە خۆشکرد، کە گەرماوێکی خۆش چاوەڕوانم دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی پانزەیەم

## گوومەزی گەنجینەی پاشایانی دێرین

میژوو نووسی کورد، سەید حوسنی ئەفەندی یەکەم کەسبوو باسی ئەشکەوتێکی بۆ کردم کە لە ئەشکەوتی کۆسپی سپی بەناوبانگتر بێت، ئەمەش ئەشکەوتی برادۆستی بەناوبانگە. گووتی خۆم نەمبینیوە، بەڵام لە پەرتووکە کوردیە کۆنەکاندا خوێندوومەتەوە. شتی وەهای بۆ باسکردم، چاپی لەبەر چیرۆکی شەوانی عەرەبیدا بوو، وەک ئەوەی پاشا کوێرەی رەواندوز کۆمەنوێڵسێکی کوردی دروستکردبوو یان خانزاد حوکمی لە وڵاتی فارسەوە هەتا دەشتی هەولێر دەڕۆیشتو تەلارەکەیم بینی کە هێشتا لەسەر شاخی هەریر بە پێوەیە، هەتاکو دەچووە سەرباسی سەلاحەدینی ئەیوبی کە خاچییەکانی دەرکرد.

سەید حوسنی باسی گەلێک چیررۆکت بۆ دەکات بەسەر چاییخواردنەوە لە ژێر سێبەری دارهەنارو تووودا، لە دانیشتنێکی ناو باخچە فارسیەکەدا. سوچێکی باخچە لەسەر زەردێک بوو لەگەڵ دیواری دۆڵی رەواندوزدا یەکیان دەگرتەوەو کەس نەیدەتوانی لەوێوە بەرەو رەواندوز سەرکەوێت، کاتێک روسەکان رەواندوزیان داگیرکردبوو، فرقەتێک لە سوارەیان بەنەزانانە ملیان لێنابوو تاویاندابوو بەسەر زەردەکەدا بۆ خوارێ، لەو شوێنەی ئێمەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێدانیشتبووین بەربوو بوونەوە ناو دۆڵە قووڵەکەی خوارێ. سەید حوسنی هەر مێژوو نووس نەبوو، بەڵکو رۆژنامەنووس‌و خاوەنی گۆڤارەکەش بوو.

ناوی گۆڤارەکەی زاری کرمانجی بوو لەسەر توج ناوەکەی هەڵکەندبوو بەدەرگای ماڵەکەیەوە قایمی کردبوو. وتاری ئاگرینی لەسەر سەرکەوتنی کوردی تێدا بڵاودەکردەوە. پیتەکانی بەدەستی خۆی رێکدەخستن‌و لەدار بەڕووی شاخەکان تەختەی دروست دەکردو نەخشەی گۆڤارەکەی لەسەر هەڵدەکەند بۆخۆی مەرەکەبی لە تەختەی پیتەکاندەدا. مەکینەیەکی چاپکردنی دەستی ئاسایی بەکاردەهێناو لە دواییدا لاپەڕەکانی لێکدەدا بۆ گۆڤارە مانگانەکەی. دانەیەکی لێدەنارد بۆ لێپرسراوی باڵای ماندەیت‌و دانەیەکیش بۆ کۆمەڵەی میللەتان لە جنێف. زۆرجار ئەم گۆڤارە بچووکە لەسەر هەستی کوردایەتی قەدەغە دەکرا لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە کە رازی نەبوو لە گۆڤارەکە. سەید حوسنی بەرگی کوردی نایابی لەبەردەکردو پشتێنێکی سەوزی دەبەست کە نیشانەی سەید بوو لەنەوەی پێغەمبەر بوو، هەرچەندە ئەمە بەشێک نییە لە باسەکەمان. هەرچی دەزانی لەو چیرۆکانەی ئەشکەوتەکەمان‌و شوێنەکانیان هەموویانی بۆ باسکردم. باسی ئەشکەوتی جوندیانی بۆ کردم کە نزیک بە کانی جوندییانەو خۆم ئەو شوێنەم بینی بوو کاتێک میوانی شێخ تەها بوومز ئەو گووتی: لەکاتی هاویندا ووشک‌دەکات‌و ئەو کۆنەبەردانەی ئەم ئاوەیان لێوەدێت بۆ چەند کیلۆمەترێک بەناخی زەویدا دەڕوات.

ئەشکەوتی برادۆست لە هەموو ئەشکەوتەکان بەناوبانگترە. سەید حوسنی گووتی رێگاکەی نهێنییەو خێڵەکییەکان پارێزگاری دەکەن‌و لەوانەیە کەس لەوانەی شارەزای رێگا نهێنییەکە بوون، لە ژیاندا نەمابن. دەڵێن لەناو ئەشکەوتەکەدا جۆگە ئاوی زۆری تێدایەو پەیکەرو نەخشی سەربەردی پاشایانی دێرین لەسەر بەردی رەق هەڵکەندراون‌و لەگەڵ گۆڕی قەشەی ئایینە کۆنەکاندا، هەزاران ساڵە لە کوردستان لەبیرچوونەتەوە. دەمێک نییە ئەرمەنییەک هاتبوو بۆ لای سەید حوسنی بۆ ئەوەی شوێنی ئەشکەوتەکەی پێبڵێت. سەید حوسنی مێژووناسیش وەهای هەستکردبووکە ئەم پیاوە نەناسراوە لەسەر ئەو نهێنییە شاراوەنە پەرتووکی پێیە. ئایا چەندی ئەوانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرمەنین هیچ باسی لێوەنەکرد بوو. ئایا ئەشکەوتەکەی دۆزیبووەوە؟ سەید حوسنی هیچی لێنەدەزانیو ئەم پیاوە نەناسراوە جارێکیتر سەری بە رەواندوزدا نەکردبووەوە. بەم زانیاریانەوە چووم بۆلای هاوەڵە لیڤییەکەم لە دیانە. لە خانووە بەدار سەر گیراوەکەیدا، چیرۆکی ئەم ئەشکەوتەم بۆ کاپتن یانگ گێڕایەوە. لەولاوە خەڵەفی عەرەبی پیاویی راوەستابوو بەسەرسوڕمانەوە خواردنەکەی بۆ دادەنایەنو لە جیاتی ئەوەی بەکارەکەی خۆی هەڵسێت، گوێی لە قسەکانی ئێمە دەگرت. ناردمان بە دوای یاکو ئیسماعیلدا کە ئەفسەرێکی ئاسوریبوو. یاکو گەیشتو سەلامیکردو بە ئەدەبەوە گووتی: گەورەم بە دوای منتدا ناردبوو؟ منیش گووتم: باشە راب تریێ((ناوی ئاشووری یاکو ئیسماعیل بوو)) دەتەوێت لە بابەت ئەشکەوتە بەناوبانگەکەی برادۆست هیچ بزانیت؟ ئاسورییەکە یەکسەر حەزی بە قسەکان کردو گووتی: گەورەم من ئەمە دەزانم، تۆ مەبەستت لە ئەشکەوتەکەی سەر دەربەندەکەی نزیک بە گووندی هەڤ دیانە.

منیش بە درێژی چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش حەزی بەم باسە کردو دەستیکرد بە قسەو گووتە: گەورەم تۆ زۆر کەمت بیستووە دەربارەی ئەشکەوتەکەی برادۆست. دیارە باسی ئەشکەوت نەبیستووە کە قەت راناوەستێت، هەر گەنم دەهاڕێت بەڵام کەس نییە ئاردەکە بخوات. تۆ قەت باسی ئەو ئاگرەت نەبیستووە کە هەتاهەتایە هەر دەسوتێتو باسی ئەو گەنجینەیەت نەبیستووە کە گەنجی پاشایانی ئاسورییەکان بووە لە دووژمنەکانیان داگیریان کردووە. هەزاران ساڵ پیش ئێستا میللەتەکەی ئێمە پایەبەرزترین بووە لە جیهاندا، لە کاتێکدا ئەورووپیەکانو ئینگلیز هەر دڕندە بوونو لە دارستانەکاندا دەژیان. ئێمە ئەوانەین لەشەڕەکە رزگارمان بوو، نەوەی ئەو پاشا دێرینانەینو ئێستا سەرمانهەڵگرتووە بێماڵو شوێن لە عێراقدا دەسوڕێنەوە، هەندێکمان خزمەتی ئێوە دەکەین وەک سەربازی بەریتانی. رۆژێک لە رۆژان ئەم وڵاتە هەمووی هی ئێمە بوو هەڵکەندراوەکانی سەر بەردی باتاسو ئامێدیو نەینەوا، ئەمەمان بۆ روون دەکەنەوە. شێوەی سەری ئەو هەڵکەندراوانە دەبێ دانی پیا بنێین هی ئاشوورین نەک وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری کوردو عەرەب. بە پێی نەریتی ئێمە ئەو گەنجینەیەی لە ئەشکەوتی برادۆستدا شاردراوەتەوە، رۆژێک لە رۆژان، پەرستگای ئەو شارەی دراوسێی رازاندووەتەوە کە ئێستا هەر کەلاوەیەو ناوی ئەو شارۆچکەیە واتاکەی شاری پیاوانی دڵرەقە، چونکە باب‌و باپیری ئێمە شەڕکەری دڕندە بوون. کاتێک شارۆچکەکە کەوتووەتە ژێر مەترسی گرتنەوە، گەنجەکە گوازراوەتەوەو شاردراوەتەوەو ئێستا هەر مافی ئێمەیە، منیش بۆم هەیە داوای بکەم‌و بەکاری بهێنم بۆ ئەو میللەتە دێرینەمان کە لە ئەگەری نەمانداییە، ئەمڕۆش پێویستی بی یارمەتییە. لەسەری رۆیشتوو گووتی: لەم رۆژانەدا لە ئامۆزایەکمەوە کە لە هەڤدیان دەژێت چیرۆکێکی سەیرم بیست، کەوا ئەرمەنییەک هاتبوو لە گوندەکە کەرێکی کڕیبوو لەم ئەشکەوتەی پرسی بووو چەند پەرتووکێکی رەنگ گۆڕاوو کەڕو لێدراوی پێبوو بە ئەرمەنی نووسرا بوون. نووسینی ئەرمەنی لە چەپەوە بۆ راستە وەک ئینگلیزی ئێوە، نەک لە راستەوە بۆ چەپ وەک ئاشووری‌و کوردی. هیچ کەس لە هەڤ دیان نەیتوانی بوو بیانخوێنێتەوە، بەڵام لە چەند لاپەڕەیەکدا وێنەی قەشەی تێدا بوو لەبەر ئاگر نوێژیان کردووەو نەخشەی هۆدەو حەشاری زۆری تێدا بوو. لە کاتی نانخواردن لە چایخانەیەکدا، ئامۆزاکەم ئەو شتانەی لە پەرتووکەکەدا بینیوە کە ئەرمەنییەکە لە کەرەکەی بار کردوون. ئەو کابرا غەریبە بە رێگای دەربەندی سەرشاخی هەڤدیاندا رۆیشتبوو لەوێشەوە بۆ شیوی خێڵەکییەکانی سورچی‌و بارزان‌و لە رووی باشووری شاخی برادۆستدا ئەرمەنییەکە دیار نەمابوو. لەوانەیە خێڵەکییەکان سەرنگونیان کردبێت، یان ئەشکەوتەکە قووتتی دابێت. کاپتن یانگ گووتی: بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیر دێنێتە پێشەوە، با خۆمان ئامادە بکەین‌و لە کۆتایی هەفتەکەدا لەو ئەشکەوتە بگەڕێین. دەبێ خواردن‌و پەت‌و لایت‌و شتی‌تر ئامادە بکەین‌و ئەگەر توانیمان بیدۆزینەوە، ئەم ئەشکەوتە سەیرە بپشکنین. خەڵەف تۆ لەبیرنەچێت، هەندێک بیرە بخەیتە ناو سەهۆڵەوە ئاگات لێبێت هێسترێکی زیادە بهێنیت بۆ هەڵگرتن، گەنجینەکەی دەدۆزینەوە. لەگەڕانماندا بەناو ئەو بەردە تیژو سەختانەدا، سندوقەی شتومەکەکانمانی تێدا بوو، لەسەر پشتی هێسترەکەوە بەلاقەدی شاخەکەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربووەوەو بەهەوادا فڕیو لە تەختی شیوەکەدا بەسەر داربەڕوویەکدا کەوت. خزمەتکارەکان بەهەڵەی خاوەند وڵاخەکانیان دەزانیو ئەوانیش بەهەڵەی خزمەتکارەکانیان دەزانی. خۆشبەختانە، لەسەرو ڕێگا تەنگەبەرەکەوە وڵاخەکە خۆی گرتبووەوە، ئێمەش بایی ڕۆژێکمان خواردن پێبوو بەشی هەموومان بکات. ئەو کەسانەی لە شاخەکانی کوردستاندا دەژینو کاردەکەن، دەبێت بەری برسێتی بگرن، بەڵام حەیف بۆ پیرەکان.

ئاسورییەکە بڕوای بە ئەفسانە هەیەو گووتی: لەوانەیە گیانی شاخەکان لەگەڵ ئەم سەفەرەی ئێمە نەبێت. کاپتەن یانگیش بۆڵەیەکی لێوەهاتو گووتی: زۆر لەوانەیە چاویان لە بیرەکەمان بڕیبێت، ئێوە باسی خواردنەوە دەکەن، ئەی چیدەکەن بۆ ئاو؟ وەڵامیش ئەوە بوو، زۆرمان ماوە بگەینە شوێنێک ئاویلێبێتو قسەکەشی ڕاستدەرچوو. ڕاب ترێی بە خێرایی بە هەورازەکەدا سەرکەوت. ئێمەش لە دواوەی گەیشتینە سەر یاڵەکە، لە بەرزایی ١٣٧٠مەترەوە دوور لە پێشمانەوە زنجیرە شاخی یەک لە دوای یەک دیار بوون. لێرەو لەوێ خاڵی ڕەش بە لاقەد شاخەکەوە دیاربوونو ئەوانەش گوندی خێڵەکییەکان بوون. بەهەزار مەترێک لە ژێرمانەوە، بەشیوێکی درێژی ڕاست دیار بوو جێگەی دوواوانی زێی بادینانو ڕووباری ڕەواندوزی تێدا دەبینرا. ئەو دەرەیەی ئێمە گرتبوومان بەرەو ڕەواندوز دەچوو، هەتا گەیشتینە ڕۆخی ڕووبارەکە لە دۆڵەکەداو ئەوەندە دوور بووین بەحاڵ ئەو پردە دیار بوو کە لە قەدی دار دروستکرا بوو بەگەڵاو لقوپۆپو قوڕو بەرد سەریگیرا بوو بەکار دەهات بۆ پەڕینەوەی سەڵتە زەلام لە ڕووبارەکە. ڕاب ترێی گووتی: دەبێ ئێستا ئێمە دەرە سەرەکییەکە بە جێبهێڵینو بەلاقەدی باشوری شاخی برادۆستدا سەربکەوین کە بەلای ڕاستماندا بە ئاسماندا چووە. ڕاوکەرێکی ئاسوری لە گوندی هەڤدیانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو کە شارەزایەکی باشی شاخو ئەشکەوت بوو. بەڵام هەتا ئەویش نەیدەتوانی یارمەتیمان بدات بۆ پشکنینی ناوچەکەو بزانین کام لەو ئەشکەوتانە لەوانەیە کابرای ئەرمەنی سەردانیکردبێتو هیچ کامیان دۆزینەوەی ئاسانەبوو. بەسەرکردەی ئەم پیاوە توندو بێدەنگە ملی ڕێگامانگرت، چونکە ئێستا ئەو ڕێپیشاندەرو سەرۆکمانە. یەکەمین پێویستمان ئاو بوو ئەمیش دڵنیایکردینەوە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمانەوە ئاوێکی کەم دەستدەکەوت. لە ژیانمدا ڕێگای وەها خراپو ناخۆشم نەبینیوە بە سواری وڵاخ، وەک ئەم دەریەی ئەو گرتبووی‌و ئێمەی پێدابرد. بە پێچو پەناو گابەردو بە ژێر درەختدا بەو شیوە لێژەدا بردینی. بەڵام لە دواییدا گەیشتینە دەروویەکو ئەشکەوتێکی بچوکی لێبوو وەک بیر وا بوو. لە ژێرەوە لە تاریکیدا، لە ڕشوێنێکی نادیارەوە کانیاوێکی لێبوو. قەدە دارێکی وشکمان وەک پەیژە بەکارهێناو چووینە خوارێ‌و لەکونێکی لاتەنیشتەوە بایی ئەوەمان ئاوێکی سارد دەستکەوت کە تەسقی تونێتیمان بشکێت، بایی وڵاخەکانیشمان هەڵوێنجاو خاوەن وڵاخەکانمان لای وڵاخەکانیان بەجێهێشت هەتا دەگەڕێینەوە. شوشەکانمان پڕ کرد لە ئاوو ڕۆمانکردە تاقەکە. کاتێک گەیشتینە ئەوشوێنەی کابرای ڕێپیشاندەر بۆیبردین، شەومان بەسەردا هات. ئەو شوێنەش بریتیبوو لە ئەشکەوتێکی دەمکراوە کە بەکار هاتبوو بۆ حەوانەوەی مەڕو ماڵات. لە دواوەی ئەشکەوتەکەوە شوێنێکی کراوەمان بەرچاو کەوت وەک مەرەکەبێکی ڕەش دیار بوو لەوە بە دواوە تاریکو نوتەک بوو. دوای خواردنێکی کەمی نانی کوردی هێشکچییان داناو لەسەر ئەو عەردە ڕەقە لێیخەوتین. لەگەڵ تاریکو ڕوونی بەیانیدا، بە تەقەی تفەنگو هاوارێک وەک دەنگی بنیادەم وابوو، خەبەرمان بووەوە.دەنگەکە لەلای ئەشکەوتەکەوە دەهات، هێشکچییەکە لەبەر ڕووناکی مانگەشەودا هەستی بە جووڵەیەک کردبوو، وەهای زانیبوو بەوری بەیان یان ورچ بێتو هەر کامیانبێت پەلامارمان دەدات، ئەویش تەقەی لێکردبوو بۆ ترساندنی. وەک بەیانی دەریخست لەبەر کزیی ڕووناکی هەڵیکردبوو نەیهەنگاوتبوو. هیچ گیانلەبەرێکی بریندار یان مردوومان نەبینی نەبنیادەمو نە دڕندە، بەلام زۆر گرانە ئەو هاوارەمان لە بیربچێتو نازانین چۆنی لێکبدەینەوە.

پێش ئەوەی بچینە ناو ئەشکەوتەکەوە، پیاوێکمان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دانا بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو نەگەڕاینەوە، ئەو دەنگوباسە بگەیەنێتە شوێنی خۆی. بەسێبەری ئەشکەوتەکەدا چوینە ژووریو دیوارەکانی ئەشکەوتەکە ڕەش بووبووین، وەک دەرکەوت بە ئاگرێکی کۆن. لەگەڵ ماڵئاواییمان لە دوایین تیشکی ڕووناکی کردو دەستمان کرد بە زگەخشکێ بەناو دەرویەکی تەنگەبەردا. لەسەرەتاوە تەختی عەردی ئەشکەوتەکە زۆر لێژبوو وتمان پەتمان بەبەردی دەرەوە بەستەوەو خۆمان پیادا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێشتە خواریّ. دوای دە مەترێک لە چوونەخوارەوەدا، لەبەر رووناکی چراکانماندا هۆدەیەکی فراوان دەرکەوت کە کاتیدراڵ دەچوو کۆڵەکەکانی لە ستالاگمایت دروستبوبوون((ستالاگمایت دروستبوویەکی سروشتییەو لە دلۆپە ئاوی چڕ بە کاربۆناتی کالیسیۆم دروست دەبێت کە لە بنمیچی ئەشکەوتەکەوە دێتەخواریّو وردە وردە رەقەبێتو دەبێت بە بلور لەسەر تەختی عەردی ئەشکەوتەکەدا بەرز دەبێتەوە وەک کۆڵەکە دەگاتە بنمیچی ئەشکەوتەکە. وەرگێر))و بەقەدەر ئەوانەی(سەینت پۆل) گەورە بوون. لەوپەڕی هۆدەکەوە لوولەی هەمە جۆری لێبوو، وەک بۆری ئۆرگۆن وەها بوو، بەڵام ئەم گومەزە سروشتییە زۆر بێدەنگ بوو بە گۆڕێک دەچوو بۆ دەنگە نزمەکانی ئەو دلۆپە ئاوانەی کە یەک بە دوای یەکدا لە شوێنێکی قووڵو دوورەوە دەهاتنە خواریّ. لەسەر خۆو بە ئاگادارییەوە شوێنەکەمان پشکنی. ئەم ژێرزەمینییە ئەوەندە فراوانبوو، تاقمەکە لە ناویدا بڵاوبووەوە، بە لایتەکانمان دەستمانکرد بە رۆیشتن لێرەو لەویّ، بە رۆیشتنی کۆمەڵێکی ئاگرپەرست دەچووین کە لە مێژەوە مردوو بینو جارێکیتر هەڵسابووبێتینەوە بۆ بەجێهێنانی کاری ئاینیمان.

هاوارێک لەو پیاوەی لای راستمەوە هەڵسا، ئەشکەوتێکیتری گەورەی لە ژێر خۆیەوە دۆزییەوەو هەموو کۆمەڵمان کردو لایتەکانمان رووکردە دیمەنێکی سەیر، لە ژێر خۆمانەوە بە هەشت مەترێک، گومەزێکی فراوانی بێ ئەندازە رازاوەی لێبوو ستالاگتایتی((ستالاگتایت دروستبویەکی سروشتییەو لە دلۆپە ئاوی چڕ بە کاربۆناتی کالیسیۆم دروست دەبێت کە لە بنمیچی ئەشکەوتەوە دێتە خواریّو بەسەریەکدا رەقدەبێتو دێتە خواریّو دەبێت بە بلورو گەرە دەبێتو وەک چلورە شۆڕ دەبێتەوە. وەرگێڕ)) جوانو هەمەڕەنگی پیادا هاتبووە خواریّو ئاوی لێدەتکایەوەو لە ژێر تیشکی لایتەکانماندا وەک ئاگرێکی هەڵواسراو دەهاتە پێشچاو لەسەر تەختی عەردەکەدا گۆمیلکە ئاوی روون وەک چاوی قرژانگی لێبوو لێوارەکانی بە بلوری خوێی کاربۆناتی کالیسیۆمی درەوشاوە رازابوونەوە. ئەم چێرزەوییە پڕ بوولە ستالاگمایتی شێوەسەیرو لەوانەیە رۆژێک لە رۆژان پەیکەری راوەستاوی بنیادەم بووبێتن، بەڵام ئێستا بە بلوری سپی گەچ داپۆشراونو دەدرەوشێتەوە. هەرچی پەیکەرێک لەم ژێر زەویەدا بووبێت، سروشتو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی دوورو درێژ شاردوونیەوەو کردوونی بە بەرد بە شێوەیەک کە نەناسرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بڕوامان وابوو ئەگەر هەبێت، دەبێ گەنجینە شاردراوەکەی گومەزی پاشایانی دێرین لەم شوێنەدا بێت.

دەستمانکرد بە دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چوونە خوارێ بۆ ناوچاڵەکە بۆ ئەوەی باشترو لەسەرخۆتر بیپشکنین. بۆ سەرسوڕمانمان‌و دڵشکاویمان بڕە دارێکمان دۆزیەوە، کە لقەکانی وەک پەیژە بەکارهاتبوون بۆ چوونەخوارێ. بەسەوزی قەدەکەیداو هەڵدانی توێکڵی دارەکە، دیاربوو کە زۆر دەمێک نییە بەکارهاتوون هەموو بەیەک دەنگ هاوارمانکردو گووتمان ئەرمەنیەکە دەستپێشکەری خۆی کردووەو ئێمە بە فریای نەکەوتین. بڕیارماندا شوێنەکە دار پەیژەکە کورتر بوو لەوەی بگاتە سەر عەردی خوارێ ئینجا پەتێکمان بە یەکێک لە کۆڵەکەکانەوە بەستو یەکە یەکە خۆمان پێدا شۆڕکردەوە بۆ خوارێ. جوانی سروشتی ئەو شوێنە لە ئەندازەیە بە دەر بوو. بە وڵاتی پەرییان دەچوو لە ناو شاخێکدا بێت. شتی سەیر لەوناوە کەوتبوون‌و هەمووی بە گەچ داپۆشرابوون‌و بە عەردەکەوە ڕەقبوون. لە جوانی ئەم ئەشکەوتی عەلائەدینییە، هەرچی ترس هەبێت لە لەشماندا نەمابوو دەستمان کردبە سەیران‌و گەمەو هەڵپەڕین. بایەکی فێنک‌و پاک لە کونێکی نهێنییەوە هەڵیکردبوو، بەڵام نەمانتوانی شوێن‌و نیشانەی گەنجینە شاردراوەکە بدۆزینەوە. حەزم بە گەڕانی هەموو سوچێکی ئەو شوێننە دەکرد، لەگەڵ راب تریمان ئاسوریدا وەک یارمەتیدەرێک، گوێم زۆر نەدایە تاقمەکەمان‌و هەوڵەکەمان لە دواییدا بەسوودگەڕا. لە بەشێکی ئەشکەوتەکەدا کە لەوانەیە سەرنجی کەسی ڕانەکێشابێت کوتوپڕ هاتینە سەر چاڵێک کە بەرینییەکەی چەند سانتیمەترێک دەبوو و لە تەختی عەردەکەدابوو، بەڵام کە لایتمان لێدا، بۆماندەرکەوت کە ئەشکەوتێکی گەورەتر لە ژێرەوەیە. هەوڵماندا کونەکە فراوانتر بکەین، بەڵام بێسوود بوو پێویستی بە نوێڵ‌و تەقەمەنی هەبوو. بڕیارمدا دوایبخەم بۆ جارێکیتر و بە ناچاری هەوڵماندا لەگەڵ تاقمەکەدا یەکبگرینەوە، بەڵام بۆ سەرسوڕمانمان کەس لە تاقمەکە لەوێ نەمابوو. بەخێرایی بەرەو شوێنی هاتنەژوورەوە ڕۆیشتین. دارە کورتەکە بێسود بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام پەتەکە! پەتەکە لە کوێیە؟ بۆ دەستخەرۆییمان پەتەکەش دیارنەما بوو! سەرقاڵ بە دۆزینەوەکەمان، هەستمان بەوە نەکردبوو کە ئەوان رۆیشتوون‌و لەوانەیە وایانزانیبێت کە ئێمە پێشیانکەوتوین.

لەوانەشە زۆر دوور کەوتبێتنەوە، یان لەوانەیە توشی پەندێکی خراپ بووبێتن لەوکاتەدا کە ئێمە لە گەڵیاندا نەبووین. هاواری بەرزمان هیچ وەڵامێکی نەبوو لە دەنگدانەوەی دەنگی خۆمان بەولاوە. لەوکاتە ناخۆشانەدا، لەوە ڕامابووین، ئایا دەبێ چ بێبەختێک توشی تاقمەکە بووبێت؟ هەوڵێکی زۆرمانداو گەڕاین، بەڵام هیچ شوێنێکمان نەدۆزییەوە لێوەی دەربازبین. ئێمە لە گومەزێکی ژێر زەویدا قەتیس بووین. لەگەڵ هەموو دەنگێکی لە ئەشکەوتەکەی سەرمانەوە دەهات، رادەچڵەکین‌و لە ترساندا دەماری لەشمان هەمووی کرژ دەبوو. کرخەیەک دەهات وەک لە پیاوێکەوە بێت لە سەرەمەرگدا بێت. لەگەڵ هەر قیژەیەکدا، خوێن لە دەماری لەشماندا دەمەیی ، ئەمەش وەک ئەو دەنگەبوو کە لەبەرەبەیاندا لەبەردەمی ئەشکەوتەکەدا گوێمان لێبوو بە دەنگی تەقەی هێشکچییەکە خەبەرمانبووەوە، بەڵام ئێستا جیاوازەو بەوەدەچێت کە تەلیسمێک زاڵبووبێت بەسەرمانداو ئەمەش کۆتایی ژیانمان بێت.

لەپڕ لەسەرەوە رووی لایتێکمان تێکراو لولەی تفەنگێک رویتێکردین. دەنگێکی رەقی ناخۆش گووتی: دەستتان هەڵبڕن. بەڵام دەنگەکە ئەوەندە بوو شاراوە نەبوو، من ئەم دەنگەم گوێ لێبووە. بۆ دڵخۆشیمان دەنگی کاپتەن یانگ بوو ئەمە پیشەی بوو. بە دوو قسەی خۆش خەبەری لەسەر دەم وچاومان هەڵگرت‌و بە پێکەنینەوە پەتەکەی بۆ شۆڕکردینەوە. ئەوەندەی لە ئەشکەوتە بە ناوبانگەکە گەڕاین، زۆر بێسوود بوو لە دۆزینەوەی هیچ گەنجێک، بەڵام گیرۆدەی بێپایانی رۆمانسی ئەو گومەزە ژێرزەوییە بووین. ئەوەندە بەرین‌و نەزاندراو بوو، ئەوەندەش چوبووە ناو ئەفسانەی سەیرەوە کە لەو ماوە کورتەی مابوومان نەمانتوانی هیچیتر بگەڕێین چونکە دەبوایە ئەو رۆژە بەسەفەرێکی دوور بگەڕیاینایەوە بۆ سەرکردایەتی‌و ئامادە بین بۆ کاری سبەینێمان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەشکەوتی برادۆستو ئەرمەنیە نەناسراوەکە هەردووک هەر نهێنین و شاخەکانیش هیچ نادرکێنن‌و هیچ وەڵامێکیان نییە.

ئایا بەڕاستی ئێمە لە ئەشکەوتە ئەفسانەییەکەدا بووین، ئەشکەوتە بەناوبانگەکە خۆی؟ ئەرمەنیەکە یان هەرکەسێکی‌تر لەوێ بووبێت. پێش ئەوەی ئێمە بچین، ئەمە بێ‌گومان وایە، بەڵام ئێمە هیچ زانیارییەکمان نەبوو لەسەر ئەوەی ئایا ئەو ئەشکەوتەکەی دۆزیوەتەوە؟ بێشک ئەو گەڕاوە بۆ ئەو شتانەی زانینی هەتا بە مرادی خۆی گەیشتووە. لەلایەکی‌تریشەوە ئێمە هیچ زانیارییەکمان نەبوو لەسەر ئەو پەرتوکانەی ئەو، یان سروشتی ئەو دەستکەوتانەی چییە کەوا ئەو خۆی خستۆتە تەنگژییەوە بۆیان. ئێمە سەرنەکەوتین، ئایا ئەرمەنیەکە سەرکەوتوو بوو؟ یان لە گومەزییەکەدا گیریخواردبێت‌و مردبێت‌و لاشەکەشی گەچ لەخۆی گرتبێت؟ خۆ ئەگەر ئەو ناوچەیەی بەجێهێشتبێت، ئەوا هیچ ڕێگایەک نییە لەوە بەولاوە کە بە هەڤدیان‌و ڕەواندوزدا تێپەڕبێت. ئەو ڕێگایەی کە بەناو دۆڵی خێڵی بەرزانییەکاندا تێدەپەڕێت، ئەوسەری دۆڵەکە ڕووبەڕووی زنجیرە شاخێکی بەرز دەبێتەوە کە سنوری تورکیای لێپێکدێت. سەفەرێکی چەند هەفتەیی بەرەو باکوور دەگاتە دەریای ڕەش‌و خاکی ئەرمەنستان. لە دۆڵی خێڵەکانی بەرزان بترازێن، دەگەیتە سەر کەلاوەی شارە کۆنەکەی ئاسوریەکان. ئەگەر ئێمە بچووینایەو لەوێ پرسیارمان بکردایە، لەوانەبوو وردە زانیارییەکمان دەستبکەوتایە. خۆ ئەگەر کاتیش هەبووایە بۆ ئەمکارە، لەوانە بوو خێڵەکییەکان ئامادەیی خۆیان پیشاندایە بۆ یارمەتی‌و بەتایبەتی بۆ خەڵکانی وەک ئێمە. بە شێوەیەکی گشتی ئەوان هێرش ناکەنە سەر ڕێبوارو ئەوانیش نەبوون کە ئاسورییەکانیان کوشتبوو منیش ئەمە بە دڵنیاییەوە دەڵێم. لەوانەیە دزی بکرێت، بەڵام ئەمەش لە نەریتی لیڤییەکانە بیەڕنەوە بۆ ناوچەی ئەوان. هەرچەندە هەندێک جار بە توندی بەرەنگاری دەوڵەتی بەغدا دەبوونەوە، بەڵام کاتێک کارەکەم گەیشتە ناوچەی ئەوان، من هەمیشە ئەوانم بە خەڵکانی ئاسایی‌و جێی متمانە دەزانی. لەدواییدا چەند بەتالیۆنێکی سوپای عێراقیان نارد بۆ داگیرکردنی ناوچەی بەرزان. بەڵام بۆیان دەرکەوت کە کاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکراوە ئەم خەڵکە شاخاویانە بشکێنن، هەتاکو راف نێردرا بۆ یارمەتی سوپای عێراق‌و کۆڵیان بەبەرزانیەکاندا. شێخ ئەحمەد زۆری پێناخۆش بوو کە هاوبەشی شەڕەکەمان کردو خۆی دایە دەستی تورکەکان کە دوژمنی کۆنی بوون‌و ئێستا لەویٚ لە بەندیخانەیە. جێگەی شانازییە بۆ ئەو کاتێک کە دوو ئەفسەری بەریتانی گیرابوون، دوای ئەوەی فڕۆکەکەیان لە کاتی بۆردوومانی ناوچەکەیاندا بەدرابوونەوە زۆر بە جوانی هەڵسوکەوتی لەگەڵیاندا کردبوو لەلایەن شێخ ئەحمەد خۆیەوە وەک حاڵەتەکەی سلێمانی ئەوانیش وەها بەرەڵڵا کرابوون‌و بەڵێنێکی سەیریان پێدرابوو کە جارێکی‌تر ئەو دوو ئەفسەرە لە بوردوومانی ئەواندا بەشداری نەکەن. بەلای کەمەوە لایەکی نهێنیەکەی ئەشکەوتەکە دەرکەوتبوو بەدەستی تاقمێک لە ئەفسەرەکانی هێزی ئاسمانی، کاتێک ئەوان چیرۆکی ئەشکەوتەکەیان بیستبوو ئەوانیش حەزیانکردبوو ئەو بەشەی ژێرەوە بپشکنن کە من لە کونەکەوە بینیبووم. ئامێرو تەقەمەنیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو ئەم ژێرخانی ئەشکەوتەیان والا کردبووەوە، بەڵام هیچ سەیر نییە کە هیچیان نەدۆزیبووەوە، چونکە ئەرمەنیەکە ئەم شوێنە دوورەی پشکنی‌بوو ئەگەر بیزانیایە پێویستە ئەم ژێرخانەیە والا بکاتەوە ئەگەر لە پەرتووکەکەیدا باسی کرابێت ئەو بۆ ئەوانی بەجیٚ‌نەدەهێشت. لەوانەیە رۆژێک بێت ئەشکەوتێکی‌تر بدۆزرێتەوەو دیار بکەوێت کە ئەمە ئەشکەوتە راستەکەیەو گەنجینەکەشی تێدایەو دیار نەمانی ئەرمەنیەکە رونبکرێتەوە. بەڵام خۆرهەڵات خاکی شاراوەیی وەهایە کە پیاو نییە لیٚ‌تێبگات‌و لەوانەشە راستی لەسەر ئەو پشکێنەرە بزربوو بێت‌و ئەشکەوتە بەناوبانگەکەی برادۆست، هەروەها هەتاهەتایە هەر نەزانراو بمێنێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی شانزە

## راوی بزنە کێوی

نێرییە پیرەی بزنە کێوی چیاکانی کوردستان، بە شاخە گرپیاویو لولبوەکانیاندا دەناسرێنەوە، کە بەسەر پشتێکی پۆزدا بەرودوا چەماوەنەتەوەو لە هەموو ئاژەڵێکی جیهان گورجترە. لە شوێنی بەردەڵانی وەهادا لە شاخەکانی زاگرۆسدا دەژێت کە زەوی وەهای لێدروست بووە، وەک دیوار راوەستاونو هەر شاخەوانی بە تواناو شارەزا دەتوانێت جێپێی خۆی لێبکاتەوە. زۆر زەحمەتە پیاو بتوانێت شێوەی ئەم گیانلەبەرە ببینێت، لە کاتی زاوزێداو لە کاتی زستاندا نەبێ. کاتێک بەفرو بەستەڵەک خەتەری سەرکەوتن بەسەر ئەو زۆرتر دەکات. لەم کاتانەدا نەبێت، بەدرێژایی ساڵ ئەم نێریانە خۆیانشاردۆتەوەو کەسیش شوێنیان نازانێت. بزنە قاوەییەکانو کاریلەکانیان دیاردەکەون، بەڵام ئەم پیرە مێردانە بەو شاخە بڵاوبووە جوانانەیانەوە، کە لە راوەستاندا بۆ هێشکگرتن، هەتا سەرکلکیان دەچێت. بە شێوەیەکی نەزانراو لە مانگی ئەیلولدا بۆ دە رۆژێک دەردەکەونو هەر یەکەیان مێگەلێک پێشخۆی دەدات.

زۆر سوکو گورچو زۆر زاتنو گوێیان لە نزمترین دەنگی بنیادەم دەبێت. بە ورتەی بەشێک لە بەرگی راوکەرو جوولەی کەمی چەندان مەتر دووری، ئەو نێرییە پیرە بەولاقە لێژانەدا هەڵدێتو جێ سمی خۆی لەو درزە شاخانەدا دەکاتەوەو رێچکەی وەها دەدۆزێتەوە کە نە بنیادەمو نە بەوری بەیانو بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشیله کێوی ناتوانن به دوایدا بڕۆن، هەڵۆ بێدەنگەکانی ئاسمان نەبێت کە دەتوانن چاویان لێیان بێت. بەو ماسولکە بە توانایانەی پاشەڵیەوە، بزنەکێوی دەتوانێت لە کەلێنەوە بۆ ئەو کەلێن بەبەرزایی شەش مەتر بازبدات. وەک پشیلە چنگ لەلایکنی سەر بەردەکان بگرێت(لایکن بریتییە لەوبەڵغەی بەردی شاخەکانو هەتا عەردی پێدەشتەکانیش دەیگرنو بە شێوەیەکی هەمەڕەنگ لە سورو زەردو پرتەقاڵیو مۆرو شین، دیار دەکەوێتو وەک قوماشی ئەنگۆرە زبرە. دیوی دەرەوەی، بریتییە لە جۆرە قەوزەیەکو بەشی ناوەوەشی جۆرە کەڕوویەکە. قەوزەکە خواردن بۆ هەردووک خۆیر کەرووەکە دروست دەکاتو کەرووەکەش کانزاکان لە بەردو خاک دەردێنێتو قەوزەکە وەریدەگرێتو دەیکات بە خواردن. وەرگێڕ))ئەوها بەو ساتەی دێتە خوارێ یان باز دەدات بۆ سەر ئەو تەبارە تەسکانەو تینی ئەو بەربوونەوەیەش بە شاخی بریندارو شکاودا دواییدێت. لەوبازدانەدا لە سەر پشت دەسوڕێتەوەو لە هەڵسانەوەدا بە خێرایی بەرەو رووی تەبارەکە دەبێتەوەو دەردەپەڕێتو بەسەر ئەو رازانەدا بازدەدات. خۆ ئەگەر بە دەستی راوکەرێکی بەبەخت بهەنگێورێت، ئەوەندە دوور دەکەوێتەوەو لەناو کاوەکاندا خۆی بزر دەکاتو مردار دەبێتەوەو دەبێتە خۆراکی قەلو داڵ، یان بەردەبێتەوە ناو ئەو رووبارە بەتەوژمانەوە. زۆرجار راوەشکار دەبێتە هۆی بەسەرهاتی ناخۆش. راوکەری خێڵەکیم بینیوە کە هەڵخلیسکاوەو لە شاخی هەزار بەهەزارەوە هەڵدێراوە بەرەو ئەبەدی. هەر لە کاتی بەریبەیاندا پیاو دەتوانێ نێرییە کێوی ببینێتو دەرفەتی بۆ رێکبکەوێتو بە پارێزەوە لێی نزیک بکەوێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم هەلەی بۆ برەخسێت، رتوکەر دەبێ زیاترلە ٣٠٠ مەتر بڵندتر لە شوێنی نێرییەکە بەسەر شاخەکەدا سەرکەوێتو لە روانگەدا خۆی دانوسێنێتو پارێزی لێبگرێتو پێڵاوی نەرمو بێ هەست لە پێبکات. یان یەکێک دەتوانێت پاشنیوەڕویان بەشاخەکەدا سەرکەوێتو شەو لە ئەشکەوتدا بەسەربەرێو هەتا بەرەبەیان بەرزاییدا چاوەڕوانبکاتو خۆی دانوسێنێتو تفەنگەکەی لەسەر پێبێت. تەقەیەکی راست دەبێتە هۆی کوشتنی بنەکێوییەکە. بزنە کێوی ئەوەندە سوکو فێڵبازەو توانای رزگار بوونی هەیە دەتوانێ لە پلانی راوکەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رزگاری ببێت. وەک بڵێین هەستێکی بێهەڵەی هەیە دەزانێت لە کوێوە گوللەی راوکەری بۆ دێت. لە کوردستاندا سەیرانی رۆژی راو دەبێتە هۆی رابواردن‌و دڵخۆشی، هەرچەندە ئەو تاقمە راوکەرانە لە خەڵکانی جۆراوجۆر پێکدێت. لەو چوار ساڵەی لەو وڵاتەدا خەریکی کاری رێگا دروستکردن بووم، لە زستاندا سەرۆک خێڵەکان بانگیان دەکردم بۆ بەشداریکردن لە راوەبزنەکێوی. هەموو شێخێک قەدەغەیەکی لە شاخدا هەبوو بۆ راوەشکارو کشتوکاڵ، شوێن‌و پایەی ئەم پیاوانە وەک پیاوە پایەدارەکانی ئینگلاندو سکوتلەند وایەو بەسەر بەرزی دەزانن کە راوەشکاری تایبەتی خۆیان هەبێت. ئەو بانگکردنەش بۆ راوە بزنەکێوی بەدەستی مەلای گوندەکە دەنوسرێت‌و بەدەستی چەکداری خێڵەکەدا دەنێردرێت کە لەوانەیە دوور ببرێت. بانگکردنەکە دەڵێت: شێخ دەیەوێت کۆڵۆنیلی ئەفسەری بەریتانی لەگەڵ ئەفسەری ئاسوریەکانی بەتالیۆنی بەریتانی پایەبەرزدا، بەشداری بکەن لە راوی زستانەی ساڵانەداو چاوەڕوانین لە گوندەکانماندا میوانداریيان بکەین‌و شیاویش وایە بانگکردنەکە وەرگیرێت‌و لە پێشەوە خواردن‌و هەموو توفاقێک ئامادە کراون. بانگکردنێکی ئەوهاش نێردراوە بۆ ئەندازیاری رێگاکە.

عادەت وەها بوو داوەتەکە یەکسەر وەڵامبدرێتەوە. ئەگەر ئەو شێخە ئەوساڵە هەڵسوکەوتی باشبوونایە، ئەوا بانگکردنەکە وەردەگیرا، هەرچەندە نەدەتوانرا لە شەوو رۆژێک زیاتر لە کارەکانمان دوور بکەوینەوە، خێڵەکییەکانیش خەڵکانی دەستکورت بوون‌و لەسەر بەرزی خۆیان پێ‌لەوە نانێن ، ئەگەر وایان بخرێتە بەرگوێ، دڵیان دەرەنجێت. بەرێزلێ‌نەگرتن دەژمێردرێت ئەگەر باسی یارمەتی بکرێت. باشترین بۆچوون ئەوەیە، چەند سندوق فیشەک پێشکەش بە شێخ بکرێت بۆ تفەنگە راویە یەک لولەکەی‌و چەند دەستەیەک فیشەکیش بۆ پیاوەکانی بۆ خۆشکردنی کاتی راوی زستانەیان. ئەم خەڵکانەی شاخ، هەتا دەگاتە مۆخیان راوکەرن‌و هەر ئاسوریەکان‌و ئێمە دەتوانین هاوتایان بین. بەرزترین رێزلێگرتن لای شێخ بۆ یەکێک ئەوەیە بانگبکرێت بۆ بەشداریکردن لە راوی ئاژەڵاندا. دەبێتە بێزەوقی ئەگەر بانگکردنەکە رەتبکرێتەوە، چونکە راوکردن رۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەیەکگەیشتنی خەڵکانی جیاوازو دروستکردنی دۆستایەتی، زیاتر لە هەموو ئەو بێهەڵسانانەی کە من دەیانزانم. ئێمە هەموو بە شەوقەوە چاوەڕوانی چوونە دەرەوەمان دەکردو مەشقمان لەسەر نیشانشکاندن دەکرد. باسی راوە چاوەڕوانکراوەکە دەکراو لەکوێ ئەم بزنە کێوییانە لە وەرزی راودا دیار دەکەون. رۆژی دیاریکراوی راوەکە دێتو شێخیش ((ناوی یەکێکیان ئەمیر محەمەد ئاغا بوو)) سفرەی رازاندبووەوەو سی کەسی لە خەڵکانی راوکەری خۆی هەڵبژاردووە. زۆر سەیرە بیر لەوە بکەیتەوە پێش ئەوەی بەریتانییەکان بێنە ئەم وڵاتە دەیانگووت: ئەم خێڵەکییانە دڕندەترین خەڵک بوون لە ئیمپراتۆڕی تورکیداو هیچکام لە لێپرسراوانی تورکی خەوی بەوەوە نەبینیوە بە تەنیا لەگەڵ ئەماندا بچێتە راوکردن. لە پاشنیوەڕۆدا کاپتەن یانگ چوو بۆ سەردانی شێخو نیو دەرزەن سەربازی ئاسوری لیڤی لەگەڵ خۆیدا برد کە لە شاخەوانیدا هەڵبژاردە بوونو دەستیان کرد بە داگرتنی باری هێسترەکانیان. لێپرسراوی ئاسورییەکان یاکو ئیسماعیل بوو بە لای منەوە باشترین راوکەر بوو ئەفسەرێکی گەورەی ئاسورییە لیڤیەکان بوو ناسراو بوو بە راب تریماکە لە زمانی ئاسوریدا واتای سەرەکی ئەو پاراستنی کاپتەن یانگی پیاو چاکو قسە خۆش بوو. ئەم نەریتەی لە سەرکەوتنو سەر نەکەوتندا، هەروەها بەریتانی بووە. کاپتەنگ یانگ لەوەتەی پێی خستۆتە ناوخاکی عێراقەوە لە ساڵی ١٩١٦وە، هەر پیاوی وەک ئەم توانیویانە لە شەڕی میزۆپۆتامیادا سەرکەوتنو بۆ ئەم یانزەساڵە عێراق لە ئارامیدا بهێڵنەوە.

کاپتەنگ یانگ لەگەڵ یاکو ئیسماعیلدا کەوتە سوعبەتو پێیگوت: راب تریما ئاووهەوا زۆر خۆشە ئەگەر بمێنێتەوە وابزانم ناگۆڕێت تۆ چی دەڵێیت؟ راب تریماش بەنابەدڵییەکەوە دەڵێت گەورەم وەها دەزانم کە نەگۆڕێت. باشە ئێمە وا لێرەین ئایا هەمووشتێکت ئامادە کردووە؟ چونکە ئەگەر وانییە دەبێ یەکێک بگەڕێتەوە بۆ کامپەکەو ئەو توفاقانە بهێنێتو ناشتوانێ بگەڕێتەوە بە زوویی، هەتا ئەوکاتەی ئێمە سبەینێ ماڵئاوایی دەکەینو بەرەوماڵ دەبینەوە. کاپتەن یانگ دەفتەرەکەی لە گیرفانی دێنێتە دەرێ.

باشە ئەمڕۆ چ رۆژێکە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راب تریما دەڵێت: گەورەم هەینییەو بیستو پێنجی مانگە. بێگومان ئەمڕۆ هەینییە ئایا وانییە؟ یانگ لەدەفتەرەکەیدا ئەمانە دەخوێنێتەوە: دابەشکردنی ئاسن، قونبولە، رەشاش، راب تریما ئایا ئەم شتانەت هەموو هێناون؟ گەورەم نەخێر دەبێ ئەو لاپەرەیە هەڵە بێت، ئەو شتانە بۆ مانۆڕی هەفتەی رابردوو بوون.

ئا____ راستە وایە، بۆ بیستوپێنج من ئەمانە ئاگادار بووم هێناوتن، تەڵەی چوچ؟ ئەو بۆ چوونە بۆ ئەوەیە ئەو بزنە کێوییەی پێبگرن کە ئێوە پێیدەڵێن ئەوەندە گەورەیە تەقەی لێدەکرێت، ئێمەش دەتوانین بەم تەڵەیەوە تەقەمەنی کەمتر بەکار بهێنین. راب تریما بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێت: گەورەم تۆ چۆنت لاباشەباوا بێت. ئێمەی خەڵکانی هەژاری ناوشاخ بزنەکێوی بۆ خواردن دەکوژینو ئێوەش بۆ ئەوە دەیکوژن، پیشانی دۆستەکانتانی بدەن. ئەگەر فەرمان دەدەیت ئێمە هیچ بزنەکێویەک ناکوژین تەقەمەنی لە شەش ساڵ کەمتر بێت. باشە ئێوە لەسەر ئەم بڕیارە بڕۆنو ئەمەش فەرمانەکانن: دەبێ هەموو شتێک ئەمشەو ئامادە بکرێتو کات چواری بەیانی دەست بە رۆیشتن دەکرێت. ئەمەش وەها دەگەیەنێت کات سێونیو چا و بسکویت دەخورێت. یانگ بە دووربینیەکەی تەماشای شاخەکانی دەکردو دەستی بۆ ئەو پانورامە جوانەی لوتکە شاخە بەفراوییەکان درێژ دەکردو گوتی: تۆ عەریف یوحەناو سێ لە پیاوەکانی ئەمیر محەمەد دەبێ ئەو بەرزاییە تیژەی ناوەڕاستم بۆ بگرنو لەسەرو ئەو رازە شاخەی لای خۆر ئاواوە. دەبێ پێشەتاو کەوتن لەسەر بەفرەکە بن. نابێ تەقە بکەن پێش ئەوەی پێتان ڕادەگەیێنین، هەتاوەکو ئەگەر بزنەکێویەکە بێتو گۆرەوییەکانت بۆن بکات. تێگەیشتی؟ میر محەمەد دەڵێت: چەند پیاوێکی لە دۆڵی دەرگەڵەوە دێنو لە خۆرهەڵاتندا دەگەنە ئەو زینۆویە. ئینجا ئەگەر کاتیش هەبێ بۆ تەقە، دەستڕاگرنو تەقەیان لێنەکەن وابزانن ئەوان ورچن. چونکە ئەو شێخە پیرە لە رازەکەی خوارەوە لەسەر کەڵەگەبەردێک هەڵقونجاوەو دوور بینەکەی بەدەستەوەیەو تەماشای لای ئێوە دەکات. ئەگەر وابکەن ئەو تووڕە دەبێت، شێخ بە دوو تەقە دەستپێدەکات، هەتا گوێتان لە تەقەمانەوە بێت، نابێ ئێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەقە بکەن. ئەوسا دەتوانن تەقە لەهەر بزنە کێوییەکی گەورە بکەن کە ئەوەندە نزیک بووبێتەوە بیهەنگێون.

ئەفسەر بەیجان سەردەکەوێت بۆ سەر شاخەکەو شەو لەو ئەشکەوتەی ژێر لوتکەی شاخەکەدا بەلای چەپەوە دەمێنێتەوەو لە چەمە بارۆکەوە سەرکەوت بۆ ئەوەی ئەو دەورە هۆشیار نەکەنەوە. بێلو تووش لەسەر ئەو رازە بخەوەو لەوانەیە لە پشتەوە ئەشکەوتێک یان پەنایەک بدۆزێتەوە. کاری ئەمیش ئەوە دەبێت بزنەکێویەکان رابگرێتو نەهێڵێت بەرەو باشور بڕۆن. ئەمانە رووتن بۆتانو هیچ قسەیەکتان هەیە؟

راب تریما گوتی: گەورەم زۆر روونە بەڵام رێم پێبدە لەگەڵ تۆبم چونکە شارەزای شاخەکەم. یانگیش دەڵێت راستەکەی، من لەگەڵ باشتترین راوکەری میر محەمەدمو لە تۆش شارەزاترە، هەرچەندە دەزانم خێڵە ئاسورییەکەت بە دەنگی وەک زورنا بزنەکان رادەکێشێنو راوەکە باشتر دەبێت((ئاسوریەکان رێگەیەکی باشیان هەیە بۆ بانگکردنی بزنەکێوی، ئەگەر هەست بە بۆنو دیتنی راوچییەکە نەکەن. دەنگە سەیرەکەی لە ئێوە کورزبووەکانەوە دروست دەبێت، مەشقێکی زۆری پێویستە))دوای ئەوەی هەموو شتێک ئامادەکرا، چوین بۆ دیوەخانی شێخو بە دەوری ئاگردانەکەداو لەبەر ئەو پشکۆ گەشانەدا دانیشتین، دەستمانکرد بە جگەرە کێشانو چایخواردنەوە. خاوەنماڵەکەشمان بەرماڵی نوێژی راخستو پێڵاوەکانی داناو رووی کردە کەعبەو لەبەردەمە ئێمەدا دەستیکرد بە نوێژکردن. من زۆرجار بینیومە لەناوەڕاستی نوێژەکەیدا، گوێ لە قسەکانی دەوروپشتی دەگرێت، هەرچەندە بەرزیو نزمی دەنگە بەتینو پڕ بڕواکەی ئەو پیاوە بەتەمەنە، ئەو هۆجەیە دەگەیەنێتە بێدەنگیەکی بێئەندازە.

دوای خۆرئاوا نانی ئێوارە داندرا لەسەر سینی مسی گەورەو لەناوەڕاستیدا دەورییە پڵاوی برنجی سەدری گەورەی لەسەر بوو بەدەوریدا نانی تەنکی گەورەی لێندرا بوو. بە پارچە نانەوە پاروی برنجو گۆشتی گەورە لولدەدرێتو دەخرێتە دەمەوە. لە قاپی بچوکتردا شلەی هەمە چەشنی لەسەر داندرابوو، لەگەڵ گۆشتی باڵندەی کێویو گۆشتی بەرخ کە بە تایبەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئێمەیان کوشتبووەوە. خواردەمەنیەکان زۆر بەتامبوونو بەدەستی ژنەکانی شێخ لێنرابوون، هەرچەندە بێشک ئەوان دەرناکەون. شیرینی جۆراوجۆرو هەنگوینی شاخیو ترێی رەزی کۆڵەس هاتنە پێشەوەو لەسەر ئەمانەشەوە قاوەو جگەرە. جیاواز لە ئیسلامیەکانی ئەم رۆژگارانە ئەم خێڵەکیانە مەیو ئارەق ناخۆنەوە. چەقۆو چەتاڵ بەکارناهێنرێتو دوای نانخواردن خزمەتکارەکە مەسینەو دەستشۆرو سابوونو خاولی هێناو دەستمان شوشت. دوای ئەوەی شێخو میوانەکانی لە خواردن بوونەوە، سینی هەڵگیرا. بەرماوەکەی دانرا بۆ خەڵکانی لەوێبوون دوای شێو کردن بە دەوری ئاگردانەکەدا پاڵکەوتینو دەستمانکرد بە جگەرە کێشانو قسەی جۆراوجۆر لەمەلاریاوە بۆ ئەستێرەوانی. لەگەڵ ئەوەی شێخ هیچ دەرەوەی وڵاتی نەبینیوەو لەوشوێنە تاریکەدا ژیاوە، زانیاریەکی بێئەندازەی پیشاندا. لەگەڵ قسە خۆشەکانیو زەردەخەنە هەمیشەییەکەیدا، باسی بارگرانی ژیانی خۆیانکردو زۆری هەوەسی بە نووکتە بوو، تەنانەت لەسەر خۆشی. زۆر بە دڵپاکیەوە دەیگووت حەزی بە ئاڵوگۆڕی چیرۆکو بیروباوەڕ هەیە لەگەڵ میوانەکانیدا، چونکە پیاوەکانی خۆی، هەتا ژنەکانیشی، زۆرجار بۆ ئەو جێگەی بێزارین. دیارە لە خەموو جیهاندا تەبیعەتی بنیادەم هەر وەهایە. ئاگرەکەمان کزبوو کەس نەما ئاگادارییبێتو خۆشیبکاتو بووبە ژیلەمۆو کوژایەوە. پێخەفیان بۆ هینایین، ئێمەش زۆر حەزمان بە خەوبوو لە شوێنێکی وەک ئەم دیوەخانە گەرمەدا، نەک لەسەر لوتکەی شاخەکان وەک بێجاو بێلو، هەرچەندە ئەوان سبەینێ رۆژی خۆیانە. شێخ بۆخۆی سەرپەرشتی رێکخستنی جێگەو تفەنگەکانی دەکردو بە پێویستی زانی کە تفەنگەکانمان لای خۆمان بێت(( نەریتێکی جوان بوو هەستکردنمان بە دڵنیایی))و لە دواییدا شەوباشی لێکردینو بەجێیهێشتین. ئەو بڕوا بەیەککردنەی لەچەند ساڵەی دوستایەتیمانەوە لەگەڵ خاوەن ماڵ دروستبوو، تێگەیشتنێکی وەها بوو کە ئێمە بەکارێکی شەخسی دەزانین، نەک پێوەندی هەبێت بە رەگەزو ئاینەوە. منو یانگ خزاینە ناو جێگا سەفەرییەکانمانەوەو بەیانی زوو لە دەنگی خزمەتکارەکان خەبەرمان بووە کە بانگیان دەکردینو لە هەراوهوریای خۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامادەکردندا بۆ رۆژێکی درێژی بارگران کە لە پێشمانەوەیە. سەرکەوتن بەوشاخەدا لەبەر رۆشنایی ئەستێرەکاندا تاقیکردنەوەیەکی بێهاوتایە، هەمووشتێک کپو ناڕاستییە وەک خەونێکی شاخاوی. ئەو دوندی شاخانە وەها دیار بوون کە گەیشتنمان گرانەو بەرامبەر بە ئاسمانێکی رەش راوەستابوون. کاتێک بە شاخەکەدا هەڵگەڕاین، ئەستێرەکانی گەورەترو نزیکتر دەهاتنە بەرچاو لەناو ئەو تاریکییەدا کوتوپڕ قەدی داربەڕوویەکی پارچە پارچە بوویان گابەردێک لەسەر شێوەی خێویێک دەردەکەوتن. بلوری دەنکە زوقمیش وەک چاو دەبریسکانەوە. لە دەنگی نزمی بنی پێڵاوی خۆماڵی هەناسەی پاوەکانی دوامانەوە نەبێت، یان تەقەی تفەنگەکان نەبێت کاتێک بەبەردەکاندا دەکەوتن، هەمووشتێک بێدەنگ بوو وەک گۆڕی مردوو. بۆ ئەوەی چاوساغەکانمان بە پێویستی بزانێت پشویەک بدەین، هەستم بە دەستیکرد لەسەر باسکمو بە گوێمدا سرپاندی راوەستە، ریزە پیاوەکەش بە بێدەنگیەوە وردە وردە هاتنە پێشو چاوەڕ‌ِوانی فەرمانی چاوساغەکەیان کرد، چونکە ئەو ئاگای لە توانای سەرکەوتنمان هەیە، بڕوا بە خۆی گوتی: وەرن چونکە ئەم راوکەرانە هەتا لە نێوان خۆشیاندا کەمدوون. لەم نەریتەدا وەک شوانەکانی بەرزاییەکانی سکوتلەندن. لە راستیدا گەلێک نەریتی وەک یەک هەیە لە نێوان ئاسوریەکانو کوردەکانو سکوتلاندیە شاخاوییەکاندا.

سەرکەوتنی شاخ بەشەو کارێکی گرانو سیپەلاک تەقێنە، چونکە زۆر ناخۆشە هەنگاو بنێیت بێ ئەوەی بەردەمت ببینیت. بەڵام سەربازو ئەندازیاری بەریتانی کە بۆ ماوەیەک لە کوردستاندا ژیابن، فێری شاخ سەرکەوتن دەبنو لەشێکی بەتواناو لێوەشاوە پەیدا دەکەن. تفەنگیش بارێکی گرانە کاتێک پیاو وەک مەیمون بەو شوێنە عاسییانەدا بەردەکەوێتو ئەگەر بەسەر ئەو پیاوەی دواوەی بکەوێت، لەوانەیە قۆناغی تفەنگەکەی عەزیەتی بدات. هەرچۆنێک بێت ئێمە سەرکەوتین، هەتا گەیشتینە رازە بەفراوییەکە، لەوێدا رووناکی باشتر بوو، بەڵام خۆگرتن بەو عەردەوە هەزارجار گرانتربوو. کەمێک بۆپێشەوە ئەو شوێنە بەرداوییەی یانگو سەرەک راوکەر، دەبێ خۆیانی لێدانوسێنن، کەبەسەر دۆڵێکی قووڵی خەواڵودا دەیڕوانیو لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەڕاستی بەفرەکەدا کۆمەڵە بەردی تاریک دەبینران. لەگەڵ نوشێکی بەسرپەو نیازی تەقەی باش‌و هەڵبڕینی پەرداخی ویسکی بۆ ڕەواندنەوەی تەزینی زوقم، دەستمانکرد بە ڕۆیشتن لەگەڵ هەردووک هاوەڵە تەمبەڵەکەمدا بەرەو شوێنێکی بەرزتر کە بەسەر ئەم دۆڵەو شیوێکی بەلای ڕاستدا دەیڕوانی. ڕازەکەی لەسەری بووین وەک دەمی گوێزان تیژ بوو. چۆن سەرکەوتنێک! دەستبەجێ بە کەوتنی سلێمان دەستمان پێکرد. ئەم کابرایە یەکێک لە پیاوەکانم بوو شێتەڵۆکەو گوێنەدەر بوو. موو سورو زەردەخەنەیەکی منداڵانەی بەسەر ڕوخسارییەوەبوو. لە کەتنەکەیدا بەسەرمندا بەربووەوەو لەگەڵ خۆیدا وردە بەفرو پاچو تفەنگەکەی بەسەر مندا هێنا، بەڵام بە عەزێتەوە هەڵسانەوەو دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن.

بەدەستوپێی تەزیوەوەو چنگەکڕێ سەرکەوتین. لە دوایدا گەیشتینە شوێنی ڕوانگەکەمان، خۆشبەختانە کات بەرەبەیان بوو و زۆر چاوەڕوانمان نەکرد لەمشوێنەدا بەردی لێنەبوو، بۆ خۆپەنادان لە بەفرەکەدا چاڵمان هەڵکەندو تێیدا ڕاکشاین، بۆئەوەی نەبینرێین.

کە پاڵکەوتین یەکسەر هەستمان بەسەرما کردو سەرمایەکی وەها پێمان وەک سەهۆڵی لێهات‌و هەر وەهاش دەبێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ لەوێ بمێنینەوە. کونێکم لەبەفرەکەکرد بۆ ئەوەی بتوانم تەماشای دەرەوە بکەم، حامیدیش دەیڕوانییە شێوەکەی ئەو دیوی خۆی. کاتێک تاڵی ڕوو لەسەر شێوەی دوندی شاخەکان بە ئاسمانێکی شیندا نەخش دەکات، وەک سێ دڕندەی دواکەوتووی چاو زەق‌و حەپەساوو بزر بوو لەو هەموو جوانیەدا، سەرماو ماندویەتی‌و ڕاومان لە بیر دەباتەوە. ئینجا بزنەکێوی هەبێت یان نەبێت، ئەم ماوە کورتەی بێپایان بەرزە، هەموو ماندویەتی‌و کاری ناخۆشی ئەم سەرکەوتنە دەهێنێت. پیاوە کوردەکانیش گوتیان ماشاالله‌و ئەم وشە هەموو شتێک دەگرێتەوە. لە دواییدا تەماشای دۆڵەکەی خوارەوەمانکرد، کە زۆر دڵگیر دیار بوو. شەو تێپەڕی هەتا چاو بڕکات هەر چۆڵەوانی بوو بەردو بەفری ڕوون‌و پاراو بوو. لە دوورەوە لە خۆرهەڵات‌و باکورەوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاخەکانی ئێران‌و تورکیا بەرز دیار بوون‌و ئێمە نزیک بە شوێنی لێکدانی سنوری هەرسێک وولات بووین.

دیمەنەکە ئەوەندە بالایە پیاو هەست بەوە دەکات کە کارێکی نا پیرۆزانەیە لەم کاتەدا هەرگیانداریک بکوژی، کە لەم ئارامگەی سروشتەدا دەژێت. لەم کاتەدا هیچ ئاژەڵێ لە ئارادا نەبوو لە ڕێویەک بەلاوە کە لە دوورەوە دیار بوو. لە بێدەنگیەکی تەواودا، کوتوپڕ تەقەی تفەنگێک هات، یەکسەر بە دوای ئەودا تەقەیەکیش شێخ تەقەی کردو ڕۆژی راو دەستییێکرد. هەستمکرد یەکێک پانتۆڵەکەم رادەکێشێت‌و پێماندەڵێت: بزنە کێویەکی چاک لە شێوەکەی خۆرئاوا دیارە، منیش رووم وەرگێڕاو لەسەر چنگ چوومە روانگەیەکەوە. سەرم‌و لولەی تفەنگەکەی بەرز کردەوەو لەوێدا بە پەنجا مەترێک دوور نێریەکی گەورەم بینی، کۆمەڵێک بزنی لەگەڵدا بوو. ویستم سێرەیان لێبگرم، بەلام حەیف لە کاتی جێگۆڕکەدا، جاسوسی‌و لولەی تفەنگەکە بەفر گرتبوونی. لەسەرخۆ تفەنگەکەم هێنایە خوارێ‌و پاکمکردەوە، بەلام پێش ئەوە نێرییەکە هەستی پێکردین‌و ئەو سەرو جوانەی بەرز کردەوەو روویکردە لای من. لە دڵی خۆمدا گوتم: وابۆم هەڵکەوت. بە هەموو توانایەکمەوە سێرەم لەسەر دڵی گرت‌و هەناسەی خۆمگرت‌و لەسەرخۆ دەستم لە پەلەپیتکە راکێشا، بەلام چوکەیەکی لێهات‌و جنێوم بەو پیاوە دا کە دروستی کردووە. نێریش بۆخۆی دەرباز بوو و بزنەکانیش بە دوایدا. ئەوسا ئاگادار کردنەوەکەی کۆلۆنیلم لە بیر هاتەوە، کە لەکاتی بەفردا دەبێ میلی تفەنگ گەرم بێت، ئەگینا رۆنەکەی دەیبەستێت‌و میلەکە دەنوسێت‌و توانای تەقە پێکردنی نامێنێت، بەلام ئەم تفەنگەی من قەت لەوەو پێش نۆرەی نکردووە.

دڵتەنگ بەبێبەختیم، هەڵسام‌و لە شوێنێکی‌تر چاومگێڕا، لە ئاسۆگەوە لە بەرزاییدا لوتکە بوردی تیژ دیار بوون‌و لەوانەیە لە دووایانەوە بزنەکێوی لێبێت. حامیدم نارد بۆ ئەوەی لە جێگۆڕکەم تاقمەکە ئاگادار بکاتەوە، منیش سەرکەوتم بۆ ئەو شوێنە تازەیە. وادیار بوو بەرزترین شوێن بێت لەسەر ئەو زنجیرە شاخە لە باشترین شوێندا چاوەڕوانم کرد، بەلام بێسوود بوو. ئینجا بەو بەفرە قووڵەدا رۆیشتم کە چاڵی زۆری شاردبووەوە. زۆرجار لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی وەهادا کەوتوینەتە چاڵەکانەوە. چاوم بەیەکێک لە پیاوەکانی شێخ کەوت، لەسەرخۆ دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا. ئەم پیاوە بەتەنیا لە دوورترین شوێن دانرابوو بە درێژایی شەو وەک هەردووک ئاسوریەکە لەدەرەوە مابووەوە. هیچ بزنەکێوی نەبینیوە، بەڵام گوتی: لە ناو بەفرەقووڵەکەی خوارەوەدان، نزیک بە یانگەو شێخ. لەوکاتەکدا کە ئەو قسەیدەکرد، لە دوورەوە گوێمان لە دەنگی تەقە بوو لە دوایدا بۆمان دەرکەوت ئەوان تەقەی باشیان کردووە. ئەو پیاوە سەری لەوە سوڕمابوو چۆن بەو بەیانییە زووە وەها بە خێرایی بەو شاخەدا سەرکەوتین‌و گوتی: ئەمە قەت لەوەو پێش رووی نەداوەو ئێمە زۆر لەدوورەوە هاتووین. منیش دەستمڕاکێشا بۆ خوارەوە بۆلای باشورو گوتم: چی دەڵێیت بۆ ئەم شیوەی لای خوارەوە؟ کە لە دەرەوەی شوێنی راوەکەمان بوو، بەڵام لە کاتی راماڵکردنیدا ئەم شوێنە شارەزا بووم. بڕوام وایە هەتا ئێستا هەر بە ئارامی مابێتەوە. نشێوەکە زۆر سەخت دیار بوو کابرا بڕوای بەوە نەبوو، بتوانم لەوێوە بچینەخوارێ، بەڵام کوڕە کوردەکەی لەگەڵمدا بوو پێیگووت: ئەگەر لەوێوە بچینە خوارێ ئەی چۆن توانیمان بە کاژێرێک دوای خۆرهەلات، بگەینە ئەم لوتکەیە؟ ئەویش ناچار رازیبووبێت شوێنگۆڕکەکانمان بە تاقمەکە رابگەیەنێت. لەکاتی لێقەوماندا زۆر گران دەوەستێت پیاو بتوانێت پێوەندی بەتاقمەکەیەوە بکات، بەتایبەتی زۆرجار لە کوردستاندا بەربوونەوەو لاقشکان روودەدات. جگە لەوەش شێخ خۆی بەبەرپرسیار دەزانێت لە سەلامەتی میوانەکانی‌و ئەگەر پیاوەکەی رازی نەبوایە بچێتە خوارێ ئەوا منیش نەدەچووم، بەڵام دیار بوو متمانەی پێکردم. زۆر لە خوارەوە هەڵدێرک‌و تەبارمان دەبینی رووەو رووبارەکە چووبوو ئێمەش رووماکردە ئەو شوێنەو لە رێگاماندا چەند بزنەکێویەکی بچوکمان بینی، هەتا گرناڵە شاخێک کە زۆر گران دەوەستا لەوێوە بازبدەینە ئەوبەری کوتوپڕ بزنەکێویەکی نایاب دەرکەوت‌و بەرەو کەلەبەرێک دەرپەڕی کە رووی لە دارستانی ناو شیوەکە بوو. خۆم بەلاقەدەکەوە گرت‌و بە چیچکانەوە سێرەم لەو شوێنە گرت کە لام وا بوو بزنەکە لێوەی دیاردەکەوێت، بەڵام ئەو کوردەی لەگەڵمدا بوو، دەستی راکێشاو گوتی: تەماشاکە، نزیک بە ٣٠٠مەترێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزنەکێویەکە بە سوکیەوە بۆ هەناسەیەک راوەستاو پێش ئەوەی لە بەرزایەکە ئاوا بێت، تەماشایەکی لای ئێمەی کرد.

لەو کاتەدا یاریم بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەم دەکردو دڵم تەنگ بوو گووتم: دووره بەڵام کوردەکە گوتی: تەنیا چانسێکە هەمانە. لەوکاتەی ئەو قسەی دەکرد، سێرەم لە شانی بزنەکە گرتبوو تەقەملێکرد. گوێم لە دەنگی گوللەکە بوو کە بەهەوادا دەرۆیشت. لەگەڵ پێکانیدا بزنەکە سەرسمێکیداو بەسەرمەقوڵات بەولاقەدەدا رۆیشتە خوارێ. کابرا بەدڵخۆشیەوە گوتی: وەڵا هەنگاوتت، وەک ئاسک بۆی دەپەڕیو بەسەربەردەکاندا بازی دەداو بە دوای بزنەکە کەوتو منیش بە دوایدا.

کە گەیشتینە بزنەکە رووی کردە بەرزاییەکەو ئێمەش پێشمان لێگرتو لەناو بەردەڵانەکەدا بزرمان کرد. کوردەکە بە دڵخۆشییەوە هاواری کردو بزنەکە ئەوەندە بەهێز بوو کوڕەی فڕێدا، منیش پەلامارم داو خەنجەرەکەم لە پشتێنی کوڕە دەرهێناو لە قورگی بزنەکەم نا، بزنەکە لە پەلو پۆ کەوت. دەستەسڕەکەم بەسەر بزنەکەدا دا بۆ دوور خستنەوەی گورگ، چونکە گورگ نزیکی بۆنی بنیادەم ناکەوێت. گەڕاینەوە بۆ کامپەکەو خەڵکمان لە رێگای خوارەوە نارد بۆ هێنانەوەی شکارەکەمانو لە دواییدا ئاسورییەکانیش گەڕانەوە بۆ کامپەکەو لەگەل خۆیاندا چەند نێرییەکیان هێنا بوو بەو شیوانەدا رایان کێشا بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی هەڤدەیەم

## زاڵبوون بەسەر گەلی عەلی بەگدا

لە هاوینی ساڵی١٩٢٩دا گەیشتە ئەوەی ئەو پێویستییانە لە ژێر دەستدا بێت بۆ ڕێگای دۆڵی ڕەواندوز بەکاریان بهێنم. تەقەمەنیو مەکینەو ئامێرو چادرو بەشێکیش لە پردی پێویست کە یان لە ڕێدا بوون، یان دەستیانکردبوو بە گەیشتنو ئەمانە هەمووی ئامادە بوون. ستافەکەم ئامادە بوونو چاوەڕوانی کارکردنیان دەکرد. کوردە خێڵەکییەکانو لادێیەکانیش نەک هەر باریگرانی ئێمەیان هەڵگرتبوو. بەڵکو حەزیان بەوە دەکرد ئەو ڕێگا پانوبەرینە بە ناوچە شاخاوییەکانیدا بڕوات. یەکێک لە دوژمنەکانی ڕۆژانی رابردوومان حەمەدە شینو پیاوەکانی بوون، بەڵام ئێستا پشتگیری پرۆژەکە دەکەنو یارمەتیمان دەدەن.

ئەمە راستییەکەو لەوانەیە ئەم هەستە باشەی خێڵەکییەکان لە کتوپڕدا بگۆڕێت، بۆ بەربەرەکانیەکی توند، هەر یەک لە یاسادا، یان لە ڕێزلێنەگرتنی سەرکردەکەیان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم کارە. خۆ ئەگەر بێتو هەست بەوە بکرێت کە سوودی ئاڵوگۆڕی ئەم ڕێگایە، هەر فێڵێکەو سەربەستییان وەک دانیشتوانی شاخ لە کیس دەچێت، ئەوا هەموو تاقمەکەی سەر ئەم ڕێگایە بەرپرسیار دەبین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وابزانم ئەوان بە ئێمە پێدەکەنن لەوەی کە بتوانین زاڵبین بەسەر گەلییکەدا. ئەوان هەر ئەوەیان دەزانی کە ئێمە ڕێگا لە پێدەشتەکانو شیوەکاندا دروست دەکەین، بەڵام گەلییکە شتێکیترە. ئەم گەلییە ڕێگر بووە لەوەتەی دونیا هەیەو ئایا هەروەها نامێنێتەوە؟ عەلی بەگ خۆیو ئەوانیتریش لە کاتی خۆیدا ڕێوبانیان دروستکردووە، بەڵام هەر ئەو کاروانە ڕێیە کە هەتا ئێستا ماوەو بەکار دێت. کەوابوو ئەگەر دەیەوێت با ئەم بێگانە شێتە پەلاماری ئەو بەردانەی گەلی عەلی بەگ بداتو کاتێک رادەوەستێت، ئیتر تێدەگات گەلی لەو بەهێزترە. ئەو بەردانە لەوێن پێش ئەوەی یەکەم پیاوی کورد لەدایک بووەو ئایا هەزارساڵی کە لەوێ نامێنن؟ دەیانگووت ئەندازیارەکە کەمێک شێتە، بەڵام بێزیانە، باوازی لێ بهێنینو بزانین چی دەکات. بەمشێوەیە کاتێک کوردەکان لە بەرزاییەکاندا مێگەلیان دەلەوەڕاندو لەگەڵ یەکتردا گاڵتەیان دەکرد، سەریان بەسەر ئەو سێبەرە قوڵەی قوڵەکەدا شۆڕ دەکردەوە. لە کاتێکدا ئێمە زۆر لەخوار ئەوانەوە لەگەڵ یەکدا کارمان دەکرد، بەڵام من دەمزانی شانۆکە ئامادە کراوە بۆ پیشاندانێکی درامیو دەبێت پیشاندانەکە بەرپا بێت. ئەکتەرەکان ساکارنو دڵنیانین لە هەڵسوکەوتی بینەرە خێڵەکییەکان. ئێستاش بیرکردنەوەو ئامادەکردنو پشکنینو راماڵکردن هەمووی تەواو بووەو کاتی هەوڵدانی بێ وچانە. باروتو گیلگنایتو ئەمۆنالیکی زۆرمان بۆ هات لە ڕێگای هێڵی شەمەندەفەری کەرکوکەوەو لەوێشەوە بەرەو گەلی عەلی بەگ. بەشێکی بە سندوق لە لۆری بار دەکرانو چەند پۆلیسێک لەسەر سندوقەکان هەڵدەنیشتنو لەسەر خۆ جگەرەیان دەکێشاو پریشکی ئاگری جگەرەو ئاغزە جگەرە دەکەوتە ناو سندوقەکان، شۆفێرەکانیش بە کەیفی خۆیان لە پێچەکاندا بە خێرایی ئۆتۆمبیلەکانیان لێدەخوڕی، ئەویتریش بە باری حوشتر دەهات. ئەو ئاژەڵە ناشرینانە بەو رەنگە ناخۆشەیانەوە، دەیانقۆڕاندو رقیان لە هێنانیان هەڵدەستا بۆ ناو ئەم خاکە بەرداوییە. هەریەک لەو حەیوانانە ئەوەندەی تەقەمەنی هەڵدەگرت، ئەگەر بتەقایەتەوە، پارچە بە پارچە دەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تراکتۆرو هەوا پەستێنەرو رۆڵەی هەڵمی، ئەو سەر رێگایەیان گرتبوو. حوشترەکانیش لە دواوە وەک بە دوای رێوی پێش مێژوودا بڕۆن، دەهاتن‌و دەیانقۆڕاندو دەیانلرخاند. لەناو ئەو ئامێرانەی بۆمان هات، کەرەڤان‌و وەرشەی سەر لۆری بوو کە بە دوای ئەو شوێنە هەڵکەندراوانەدا دەرۆیشتین‌و ئامادە دەبوون بۆ چاککردنەوەی ئامێرە شکاوەکان، کە زۆربەیان بە دەستی نەزانەوە دەشکان‌و ئەگەر چاک نەکرانایەتەوە کارەکەمان رادەوەستا. لۆرییەکان بارە تەقەمەنییەکانیان دادەناو دەگەڕانەوە بۆ هێنانی سەدان تەن لە پارچە ئاسنی پردو سیم‌و چیمەنتۆ بەرمیلە نەوت‌و گازوایل‌و زیخ‌و چەو بۆ رێگاکە. ئەم کارە ئەندازیارییە پارەیەکی زۆری تێچوو هەموو رێگاکە وا لێکدرایەوە کە چارەکە ملیۆنێک پاوەنی ئیستەرلینی تێچووبێت، بێجگە لە ترێلەی تراکتۆری خۆمان، چەند لۆرییەکمان لە قۆنتەراتی هەمیشەیی گرتبوو. ئەم لۆرییانە ئەمەریکی بوون کاری باشیان دەکرد. هەرچەندە زۆر شڕ ببوون، بەهۆی ئەو کارەی پێیان دەکرا لەسەر ئەو رێگا خراپەو لێخوڕینی خراپی شۆفێرە ئەرمەنییەکان، بەڵام هەر لە کاردا بوون. هەتا دوای ئەو کاتەی ئێمە رێگاکەمان تەواو کرد. ئێستاش هەندێکیان لە باشووری عێراقدا کار دەکەن. هەرچەندە هەندێک لە شۆفێرەکان لە سەر رێگای کەرکوک رووت کرانەوەو دوانیشیان کوژرابوون، بەڵام ئەم کارانە نزیک بە ناوچەی خێڵەکانی خۆرهەڵاتی هەولێر نەدەکران. رووتکردنەوە، هەموو جارێک لە پێدەشتەکاندا رووی دەدا نزیک بە پردێ. ئەو خێڵانەی دۆستی من بوون قەت دزییان لە ئێمە نەدەکرد. لە شاخەکاندا ئەو لۆرییە بار گرانانە زۆرجار سەقەت دەبوون، ئێمە یارمەتیمان دەدان بۆ چاک کردنەوەیان. هەرچەندە کارێکی گران بوو، بەڵام دەبوو عەمبارەکانمان هەمیشە ئامادەبن بۆ خزمەتی رێگاکە. خۆ ئەگەر لورییەک لە رێگاکە بەربوایەوە، بریندارەکان تیمار دەکران‌و بارەکەمان لە لۆرییەک بار دەکردو دەماننارد بۆ شوێنی خۆی. ئینجا لۆرییەکەمان بە ترادیلاو ئینج رادەکێشایە سەر رێگاکە. ئەم وینجانە دروستکراوی ئەستوراليا بوون‌و لە کاتی خۆیدا بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵکەندنی درەخت داوامان کردبوون وا دەرکەوت بۆ گەلێک کات بە سوود بوون، یەکێک بوو لە ئامێرە هەرە بە سوودەکانی سەر ڕێگاکە.

ئەوەندە سووک بوو، بەکۆڵا بە شاخەکاندا سەرماندەخستو بەکارمان دەهێنان بۆ دامەزراندنی پردو داهێنانی ڕۆڵەی هەڵمینی لە ناوقوڕدا چەقیوو، لابردنی گابەردی سەر ڕێگاکەو گەلێک کاری جۆراوجۆری وەها ئەم ئامێرە بۆی دروست نەکراوە.

زۆر بێسوود بوو لەسەر ئەو ڕێگای ڕەواندوزەدا ببۆڵێنی لەبەر نەبوونی ئامێری باش بۆ کاری پێویست، چیمان لەبەر دەستدا بوایە، بەباشترین شێوە بەکارمان دەهێنا. زۆر دڵم بەو وێنجەیە خۆش بوو کەوا بۆ گەلێک کاری جیاواز بەسوود بوو. لەکاتی خۆیدا لەسەرکردایەتی گاڵتەیان بە مێجەر پوڤەر هاتبوو کە داوای ئەم ئامێرەی کردبوو بۆ کاری ئەندازیاریو بۆ نوکتە ناویان لە مەکینەکانمان نابوو و گاڵتەیان پێدەکردین کە دەمانوت ئەم مەکینەیە کاتێکی زۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە. شتێکی سروشتییە بۆ من کە هاتە سەر کاری ئەندازیاری من ڕاست بم، بەڵام دەبێت پێی لێنێم کە بەشێک لە بۆچوونەکانم باش نەهاتنە کایەوە. لەیەکێک لەوسەردانانەی لێپرسراوی بەشەکەمان هاتبوو بۆ پشکنینی ڕێگاکە، من دەستم کرد بە ستایشی ئەو وێنجەیەو بەکارهێنانی بۆ کاری جیاواز. دوای ئەوەی بە شوێنێکدا تێپەڕبووین، تاقێک لە کرێکاران وێنجەیەکیان بەکاردەهێنا لەو کاتەدا چووین بۆ یارمەتیدانی.

داگرتنی باری لۆرییەکو ئەم ئامێرەیان بە بارەوە بە جێهێشتبوو(گابەردێک بوو دەیانویست لەسەر ڕێگاکە لایبەرن)و کەیبڵەکەی لە ژێر کشتییەکی زۆردا چەسپ کرا بوو. بەڕێوەبەر گووتی: ئایا بە چەند پیاو دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن؟ منیش بە پیاهەڵدانەوە وتم: بەیارمەتی ئەم وینجە پیاوێک دەتوانێت ئەم گابەردە هەڵبگرێت. لە ڕاستیدا بەردەکە زۆر بەسەنگ دیار بوو، ئەو کەیبڵەش ئەوەندە تورتو گش ببوو، کاتێک لەقەیەکم لێدا، وەک تەلی کەمان دەنگی لێوە دەهات لەدڵی خۆمدا گووتم: ئەمە کاتی ئەوە نییە واز لە پیشاندانی توانای خۆمان بێنین ئەم وینجە بەدەسکێکی درێژ کاری دەکردو لە پاشو پێش بوونیدا وەک جەک ئەو سەنگە سەردەکەوت یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزم دەبووەوە. وینجەکەش لەسەر لێواری گردێکی لێژدا داندرابوو جێپێی بە حاڵ لێدەبۆوە، منیش سەرکەوتمو لە دواوە راوەستامو دەسکەکەیم راکێشا. هەرلەسەرەتاوە دەسکەکە لە ددانەکانی ترازاو سەنگەکەش بەسەر وێنجەکەدا بەرەو نشێوەکە چوو. کاتێک توانیم خۆم بگرمەوەو لەسەر پێ راوەستم، بەرێوبەرەکە دیار بوو زۆر بە دەنگەوە بوو، بەڵام کە زانی سەلامەتم پڕ بە دەم دەستی کرد بە قاقای پێکەنین. منیش هەر لەسەری رۆشتمو وتم: بەخوا بەکارهێنانی زۆر ئاسانە. من وەک کرێکارەکان فێری بەکارهێنانی نەبووم. ئەوەتا وا هاتنەوەو تەماشاکە بزانە چۆن ئەوان بەئاسانی بەکاری دەهێنن. ئەوکارەیان بەجێهێنا، بەڵام لەبەرچاوی میوانەکەدا ریسوا بووم. بەچوار کەس ئینجا توانییان بەو وینجە ئەو بەردە لە شوێنی خۆی بجوڵێنن. گەلییەکە وەک کورەی هەنگی لێهاتو کار بەردەوام بوو رێگاکە زۆر بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەچوو. هەموو رۆژێک زیاتر لەهەزار کرێکار لەوێدا کاریان دەکردو رێگاکە بەرەو پێشەوە دەچوو. لەسەرەتاوە لە شیوی ئاوی ئالانەوە، جێپێی خۆمان کردەوە، هەتا گەیشتینە گەلی سەرەکی. دەرەیەک بە رووی زەردێکدا هەڵکەندراو لەوێشەوە بەرەو کەندەڵانێک چووین. کەندەڵانەکە ئەوەندە تەسک بوو، لەسەر دەم پیایدا دەرۆیشتینو دەستکرابە فراوانکردنی، هەتا وەهای لێهات بەئاسانی هاتووچۆمان پیادا دەکرد. لەشوێنێکدا کە هەردووک بەری رووبارەکە لێک نزیک ببونەوە، توانیمان پردێکی دارین لەسەر رووباری رەواندووز دروست بکەین، کرێکارەکان وەک منداڵ بەسەریدا ئەمبەرو ئەوبەریان دەکردو دەستیان کرد بە گەڕان لەوبەری ئاوەکە، کە بۆیەکەمجار پێمانخستە ناوییەوە. بەولاقەدە سەوزەوە، نزیک بە رووبارەکە دەستیان کرد بە چادر هەڵدان، بەهیمەتێکی بەرزەوە بەرەوپێش چووین لە بڕینی شاخەکە. بۆپێشەوە چووین، بەرەودوواوەنەکەی باڵەکیان. لەمشوێنەدا بەوبەرەوە مانگێک لەگەڵ بۆڤەردا توشی تەنگانەیەکی ناخۆش بووین. ئێستا گەلێک وشکو قاوەیی هەڵگەڕاوە، بەهۆی گەرمای ئەو شوێنە قوڵە، هیچ بەو شێوە پڕباوبۆریانە ناچێت، کاتێک لە زستاندا هاتینە ناوی، بەڵام هەرئەو رازانە بوون کە بە ئاسماندا چووبوونو بەرچاویان گرتبووین. هیچ شتێک نییە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچمان کەمبکاتەوە ئەو کێڵە بەرزانە هەر دەبنە هۆی ئەوەی چەند هەزار تەنێک بەردی زیاتر بتەقێنینەوە. جارێکیتر پردێکمان دروست کرد بۆ ئەوەی بگەینە ئەو دەروەی کە چەند مانگێک لەمەوپێش پیایدا چووم. گابەردێکی گەورە لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا دیار بوو کردمانە پایەی ناوەڕاستی ئەم پردە دارینەیە. پردەکە زۆر تەسک بوو، بەڵام کرێکارەکان لەسەر ئەو رووبارە تیژەوە، بێ ترس بەسەریدا ئەمبەرەو بەریان دەکرد. زۆر بیرم لەوە کردبۆوە کە ترس لە شوێنی بەرزو پردی نەچەسپاو دەبێت نەریتی شارستانیەتی ئێمە بێت بەڵام رۆژێک بۆم دەرکەوت هەتاکو دواکەوتووش بەشداری ئەم کەم توانایيەت دەکەن. کۆمەڵێک ژنی کورد ئەم پردە ناسکەیان بەکاردەهێنا کە بەسەر رووباری باڵەکییاندا دروستکرا بوو. نیو دەرزەن دەیوت بەکراس‌و دەرپێی شینی خمیانەوەو شتومەکیان لە کۆڵدا بوو دەیانبرد بۆ بازاڕی رەواندوز. سیانیان بە بیدەنگی بەسەر پردەکەدا دەرۆشتن بێ ئەوەی بەقەدەر موویەک ئاوڕ بدەنەوە. چوارەمیان هەتا نیوەی پردەکە رۆشتن، بەڵام کاتێک چاوی بە ئاوە تەوژمەکەی ژێرییەوە کەوت لە ترساندا ئاگای لە خۆی نەما. لەسەر دەست‌و ئەژنۆ خۆی راگرت، بەڵام نەیتوانی دەستی بە دارەکانەوە گرتبوو هاواری دەکرد بۆ یارمەتی. دەستە خوشکەکانی بێرەحمانەو بە دڵخۆشییەوە تەماشایان دەکردو پێی پێدەکەنین، هیچ هەوڵێکیان نەدا یارمەتی بدەن. کرێکارێکی گەنجی عەرەب کە لە تاقمی دروستکردنی پردەکە بوو، بە فریای ئەو کچە عازەبە کەوت‌و گەیاندییە ئەوبەری پردەکە. کچەکە بە رێگاکەدا رۆیشت‌و دوعای خێری بۆ ئەم پیاوە دەکردو دوعاشی لە دەستەخوشکەکانی دەکرد. ئەم پردە بچوکەو لەوانەیانە لافاوی زستان رایاندەماڵێت، بەڵام نیازوایە کارمان پێیان نەمێنێت، چونکە پردە سەرەکی‌و هەمیشەییەکان شوێنی خۆیان دەگرن. ئەم پردانە کاری خۆیان بینی لە یارمەتیدانمان بە گەیشتنی هەموو شوێنێکی گەلییەکە. بەهۆی ئەم رێگایەوە، بۆ یەکەم جار ئێمە ئێستا دەتوانین ئەو١٦کیلۆمەترە ببڕین لەمسەر بۆ ئەوسەری گەلییەکە بێ ئەوەی بەو بەرزاییە پێچاوپێچەدا بەکاروانە رێیەکەدا هەڵگەڕێین، کە نەدەکرا رێگای ئۆتۆمبیلی لەسەر دروستکەین. ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگاتەختەی لە تەختی دۆڵەکەوە ڕەتبووە، لەگەڵ لێژییەکی کەمدا((یەک لە بیستدا زیاتر نەبوو)) دوای تەواو کردنی دەبێتە هۆی پێوەندییەکی زۆر لە نێوان بەشەکانی ناوچەکەدا.

لەکاتی ئاوکەمیدا، کاتی خۆمان بەفیڕۆ نەداو ئەم پردە دارینەمان بەکاردەهێنا، هەرچەندە پلەی گەرماو شێ زۆر بەرز بوو کارکردن‌و گران بوو. شاخ بڕینەکە بۆ شوێنی ڕێگاکە لەسەرخۆ دەڕۆیشت‌و کاری سەرەکیمان لە شیوەکەی ڕووباری ئالاندا دەستی پێکردبوو. ئێستا ئێمە لە تواناماندایە دەست بە بڕینی زەردەکان بکەین، چونکە بەو دڕڵی بەردەی تازە بۆمان هاتبوو، دەمانتوانی ڕێگای نیو تونێل لە شاخەکە دابڕین لەوشوێنانەی پێویست بێت. ئەم شێوە بەردبڕینە زۆر گران دەوەستا بەبەکارهێنانی بارییە. مەکینە هەواپەستێنەرەکەو دڕڵەکانی، بەدرێژایی هاوین کاریان دەکرو سۆندەکانی بەولاقەدە زەردانەدا هەڵواسرابوون. لەسەرەوە کرێکارەکان خۆیان بەو بەرزاییانەدا نووساندبوو لەو شوێنە عاسییانەدا دڕڵەکانیان بەدەستەوە بوو، یان لەسەر ئەو جۆلانانە خۆیاندەگرت کە بەو لاقەد شاخانەوە هەڵواسرابوون‌و لەسەرەوە قایم کرابوون، یان بەیەک پەت وەک جاڵجاڵۆکە خۆیان بەو لاقەدەدا هەڵواسیبوو بەدڕڵەکانیان کونیان لەبەردی شاخەکەدا دەکرد. دڕڵەکانیان وەک ڕەشاش دەنگیان دەهات‌و تۆزێکی‌و تۆزێکی سپی بەوناوەدا بڵاودەبووەوە.

باشێوەی ئەم دیمەنە بۆ خوێنەران ڕوون بکەینەوە

وەستا ئەحمەد ڕەحیمی ئاسنگەر نزیک بەهەواپەستێنەرەکە ڕاوەستابوو لەگەڵ کوڕەئاسنگەرەکەی خەریک بوو. ناوی وەستا وشەیەکی سیحراوییە، چونکە لە کوردستاندا بەو کەسە دەگوترێت وەستا کە بێئەندازە لێزانبێت. وەستا ئەحمەد ڕەحیم دەمی بەرد کونکەرەکە تیژ دەکاتەوەو دەزانێ نیوەی کاری بەرد شکاندن لەسەر چاکی کارەکەی ئەو ڕاوەستاوەو ئەویش بۆ کارەکەی دەژێت. ئەو لووتە سورەوە بووەی دەمی بەرد شکێنەکە پریشک دەهاوێت‌و کاتێک دەخرێتە ئاوەوە بۆ ئاودانی هەڵمێکی زۆری لێهەڵدەسێت‌و چاوەڕوانی ئەو ڕەنگە زەردو شینانە دەکات کە لە ئاسنەکەدا دروست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێتو لە دواییدا رەنگە شینەکەی دیاردەکەوێت. بەسەر بەرزییەوە وەستا ئەحمەد دەڵێ گەلە عەلی بەگ بووە بەکارخانەو خەریکی پشکنینی ئەو پەنا دەمە بەرد هەڵکەنینانەیە کە ئەورۆژە تەواوی کردبوون. وەستا بۆتای هیندی لە تەنیشتیەوە راوەستا بوو هیچ لەو کەمتر نەبوو بە هەردووکیان هەموو کاری چاککردنەوەی بەردشکێنەکانیان لە ئەستۆی خۆیانگرتبوو.

لەو شوێنانەی رازەکان تەبار تەبار دەوەستێن، وەستای بارییە بەدەست کونەبەردەکان هەڵدەکەنن. بە درێژایی رێگاکە چاویان بە شیشە ئاسنی درێژ دەکەوێت، کەلەوناوەدا وەک دارستان دیار بوونو بەدەوریاندا کۆمەڵە کرێکارێکی نیوەڕووتو سەروگوێ تۆزاوی وەک رۆبۆت ئەو شیشانەیان هەڵدەبڕیو دادەوەشاند بۆ ناو کونەبەردەکانو جوڵانەوەی لەشو دەستیان هەموو بەیەکەوە بوو.

ئەمانە زۆر پیاوی چاکنو ئێستا هەموویان دەناسم. پیاوێکی پیر دەست لە کار هەڵدەگرێتو خەریکە نوێژ دادەبەستێتو کورنووش دەبات. منیش لێی دەپرسم محەمەد ئیسماعیل، قووڵی ئەو کونەبەردەی هەڵتتکەندووە چەندە؟ ئەویش دەڵێت پێنج پێ قووڵەو دەبێ دوو پێی تریش قووڵیکەم وەک چاودێرەکە دەیەوێت، ئەوسا پارەم بایی خواردنو توتن دەستدەکەوێت. ساحێب من کابرایەکی پیرمو وەک ئەو کرێکارە گەنجانە ناتوانم دە پێ هەڵکەنم((کرێکارەکان بە پێی قووڵی کونەبەردەکانیان رۆژانە وەردەگرن)). منیش دەڵێم راستەکەی من دەزانم رۆژێک دێت هەموو پیر دەبین، ئایا شیشەکەت باش تیژکراوە؟

ئەویش دەڵێت: وەستا بوتا تیژیکردۆتەوەو کاری باشە، لە دواییدا جارێکیتریش کورنووش دەباتو لەسەر ئەو بەردە رەقە نوێژەکەی تەواو دەکات، بێئەوەی گوێ بداتە تەقو هوڕی دەوروپشتی. کرێکارێک لەسەر لوتەبەردێک دانیشتبوو کە چەند پێیەک لەو بەردانەی لای خوارەوەی هاتبووە پێشەوەو لەوانەشە سی پێیەک بەرزتر بووبێت لەورێگا نیوەچڵەی خوارەوەی کە خەریکین تەواوی بکەین. بەبارییەکەی خەریکی کونەبەرد هەڵکەندبوو. کرێکارەکانم ئاگادار کردبووەوە، نابێ لەسەر بەردێک کون هەڵکەنن کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتبێته پێشەوە، بەڵام له هەموو جیهاندا کرێکاران گوێنەدەرن. کوتوپڕ شەقەی درزبوونێک هات لەگەڵ هاوارێکداو کرێکارەکه پێی ترازابوو بەردو کرێکار پێکەوه هاتنه خوارێو بەردەکه پارچه پارچه بوو لەگەڵ دەنگێکی بەرزدا. کاتێک که پەڕییەوه سەر کەندەڵانەی لای خوارەوە، کرێکارەکه بێجوڵه لەوناوه کەوتبوو. ئێمەش بەهاوارییەوه چووین. خۆیو بەختی خۆی بەردەکەی پێنەکەوتبوو. کاتێک که هەڵمانگرتەوه وەک لاشەیەک هەر گوێمان له نوزەیبوو کەمێکیش دەجوڵایەوەو چاوەکانی هەڵهێناو تەماشای کردم.

بەدەنگێکی نزمەوه به فارسی گووتی: لێم ببوره توشی تەنگژەم کردی، بەردەکه قایم دیاربوو کاتێک دەستم به هەڵکەندن کرد. جۆرج میخائیلی چاودێر وەڵامی دایەوە، نیپتوالله فراج، به قودرەتی خوا نەجاتتبوو دەبێ بچیت بۆ چادری نەخۆشەکان بۆ تیمار کردنت. نیپتوالله چاکبووەوە، بەڵام هەموویان وەک ئەم بەبەخت نەبوون. هەندێکیان به کەمئەندامی گەیشتنو هەندێکیشیان به مردن له کاردا. ئەگەر کۆلۆنێڵ کامیرۆن نەبوایه زۆرتر بریندار بوون دەمردن. جێگەی سوپاسە، کاتێک که دەستمان بەهەڵکەندنی رێگاکه کرد، بریندارەکانمان دەبرد بۆلای جیمیدار گولا ئەکبەرشای پزیشکی ئەفسەری هیندی له تالیونەکە. مانەوەی منیش له ژیاندا، دەگەڕێتەوه بۆ یارمەتی جیمیدار. بۆچەند شەوو رۆژێک توشی نەخۆشییەک بووم، له پاییزدا له کامپەکەدا بڵاوبۆوە. تا دایگرتبوومو وڕێنەم دەکردو چوو بوومه ناو جیهانێکی پڕ خەیاڵەوەو هەموو شتێک لەبەرچاوم سەمای دەکردو خەوی ناخۆشم دەبینی. دەرمانەکانی بوونه هۆی ئارامیو خەولێکەوتنم. به پێی کات، بۆماندەرکەوت تەقاندنەوەو هەڵکەندنی کونەبەرد، بوونەته زانیارییەکی کاریگەر دەمانتوانی بزانین چەندمان تەقەمەنی پێویستەو چ جۆره تەقەمەنییەک بەکاربهێنین بۆ کاری جۆراوجۆر، هەتاکو تێکەڵەی وەهامان دروستکرد بۆ کاری تایبەت که له ئەوروپادا پێویستی به رێدانی قانوونی هەیە. بەڵام بۆ عێراق ئەنجامی باشی هەبوو. تەقاندنەوەکان رووبەرێکی زۆریان دەگرتەوە. ئەو کونانەی هەڵدەکەندران هەتا بیستوچوار پێ قووڵبوونو پێستیان به ئاخنینێکی تەقەمەنی زۆر دەکرد. هێڵێکی درێژ له



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرێکارەکان، سندوقە تەقەمەنی سەنگی پەنجا پاوەندیان لە ئەشکەوتەکەوە بە کۆڵ هەڵدەگرت بۆ ئاخنینی ئەو کونە بەردانەی لە دواییدا بە تەل بەیەکەوە دەبەسترانەوەو گڕ دەدران. گڕدانی کارەبایی بە جەنەرەیتەرێک بەرپا دەکرا، هەموو کونە بەردەکانی پێوە بەند کرابوون‌و بەیەک جار دەتەقینەوە. ئەم شێوەیە ئاسانترە، بەڵام هەستی خۆشی کەمترە لە شێوەکۆنەکەی جاران بەکارماندەهێنا. ئەم شێوە کۆنە بریتیی بوو لە هەڵکردنی فیوزی کون بە کون بە سەلکە بزوتێک لەلایەن کرێکارەکانەوەو لە دواییدا خۆشاردنەوەیان. دەنگی تەقینەوەی شێوە تازەکە گەلێک باڵاترەو هەر پەنجە بەرزکردنەوەیەک هەموو لاقەد شاخەکە بەلادا دێت، لەگەڵ لەرزینەوەیەکی وەهادا کە دەبوو بە هاژەیەک‌و هەرەسێکی گەورەی بەردو سەربەرەوخوار هاتنی بەقونگرە تادەگەیشتە تەختی رووبارەکە. گابەردەکان لە هاتنە خوارەوەیاندا، بەهەوادا دەبوونە پارچەپارچە وردە بەردیشی بە ئاسماندا وەک فیشەکە شێتە دەفڕی‌و لە دوای خۆیەوە گەردەلولێکی دروست دەکرد بەتایبەتی، ئەگەر تەقینەوەکی بە زەردێکەوە بێت، ئەوەندە گەورە دەبێت‌و دیمەنێکی بێ ئەندازە خۆشی دەبێت. ئەو بەردە پیرانە بە بازدان لە شاخەکە دوور دەکەونەوە. کاتێک سەردانکەران دێن بۆ گەلی عەلی بەگ، لە پرۆگرامیاندا سەیرانی تەقینەوەکان لەسەر هەموو شتێکەوە بوون. سەرقاڵی ئەوە بووم جێگەی ئارام بۆ سەردانکەران بدۆزمەوە، بێئەوەی رێی تەماشاکردنی جوانی دیمەنی تەقینەوەکان بگیرێت. لەراستیدا ئەم تەقاندنەوە کارەباییانە یارمەتی گوێنەدەران دەدەن.

لەسێ لەسەر چواری تەقینەوەکاندا، بەردەکان یەکسەر دەردەپەڕن‌و دێنە خوارێ. لە چوارەمجاردا بە کەمتەرخەمانە لەسەر گۆی رازەکە رادەوەستێنم جێگۆڕکە ناکەم، چونکە کاتی پێ دەوێت. دەسکە جەنەرێتەرەکە بادەدم، لەجیاتی یەکێک لەو هەرەسانەی من چاوەڕوانی دەکەم، هەڵچوونێکی سەربرەو ژوور دێتە کایەوە عەردو پارچە بەرد دەرشێنەوەو بەهەموو لایەکدا دەفڕن. هەندێکیان وەک گوللە راستەوخۆ دێن‌و لەلاقەد گردەکە دەکەون. هەندێکیان بە ئاسماندا دەفڕن‌و لە زەردەکەی پشتمانەوە دەدەن، یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربەرەوخوار دێن‌و لە عەردەکە دەچەقن. لە هەموولایەکەوە تەرزەی وردە بەرد دەبارێت‌و ناتوانیت خۆت پەنا بدەیت. بەمشێوەیە نیوە تونێلەکان درێژکرانەوەو رێگرە کۆنەکانیش لەبەردەممانا توانەوە. بەم هاوین‌و پاییزەی تێیدا بووین، ئەو سروشتە بەرین‌و دوانەهاتووە لەگەڵ تەقەی ئاسن‌و بەردەکان‌و هاڕەی مەکینەکان‌و هاوارو قیژەی کرێکارەکان‌و هاژەی تەقینەوەکان‌و سەرسووتانی سەیرکەرانی کورد یەکیان دەگرتەوە. ئەو سەیرکەرە کوردانەی کە سبیلیان دەکێشاو لەبەرزاییەکانەوە تەماشای دۆڵەکەی ژێر خۆیانەوە دەکرد کە لە تۆز بەولاوە هیچیکەیان نەدەدی. دوای ئەوە پەچە هەڵدرایەوەو لە سوچێکەوە روون بۆوەو پردە دارینەکەیان دەبینی‌و هێشتا هەر لەسەر قسەی خۆیان دەرۆشتن‌و دەیان گووت: رووبارەکە سەر دەکەوێت‌و راوەستن هەتا لافاوی زستان دێت. ئایا ئێمە نازانین کە درێژترین شەقڵی شەقڵاوەش بەسەر ئەو رووبارە هەڵساوەدا ناگاتەوە. دروستکردنی پرد کارێکی گران بوو، دەبووە هۆی راوەستانی کارەکەمان. ئێمە پێویستیمان بە پێنج پرد هەبوو، پردەکەی سەر ئاوی ئالان ئاسان بوو زۆربەی پێویستییەکانی دروستکردنی لە وڵاتدا هەبوون. بەڵام بەرینی رووبارەکانی رەواندوزو باڵەکیان، بوونەهۆی داوا کردنی پێویستییەکانی‌و دروستکردنیان لەدەرەوەی وڵاتەوە. پردەکەی سەر ئاوی رەواندوز دواترین پرد بوو کە لە ئینگلتەراوە بگات. نەبوونی ئەم پردە بووە هۆی نەبوونی مەکینەی بەرد هەڵکەندن لە بەشی خۆرهەڵاتی دۆڵەکەداو نەشماندەتوانی بەشی ئاستی پردەکەی باڵەکیان بگوازینەوە بۆ شوێنی خۆی کاری رێگاکە لەوەستاندا بوو هەتا سەر رۆخی رووبارەکەی رەواندوز تەواو کردبوو. چل مەترێک بەتەواوی لەبەردەمماندا بوو بەم زوانەش لافاو دێتە سەرمان‌و پردە دارینەکان ئاو دەیانبات‌و پردە سەرەکییەکەش نەگەیشتووە. زۆر بیرمان لە چارەیەک دەکردەوە، لەوناوە کۆمەڵێک ئامێرو شتومەکی لێکەوتووە وەک تۆپە کەیبلاو وایەری ئاسن‌و وینجی وەک ئەوەی لەسەر گردەکە من فڕێمداو چەرخ‌و چەند درێڵێکی باریکی زۆر. بەمشێوەیە بیرۆکەی دروستکردنی رێگای هاوین بە کەیبلا هاتە کایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێواری رازەکانمان لە هەردوو بەری دۆڵەکەدا تەخت کرد و هەردوو بەرەوە دوور لە لێواری رازەکان، بارییەکانمان بە چیمەنتۆ لە شاخەکەدا چەسپاند وەک بناغەیەک بۆ وینجەکانو لەمبەر بۆ ئەو بەر کەیبڵمان لێبەست. کەیبڵەکانمان وەها دامەزراندبوو کە نزم بکرێنەوە بۆ عەردەکە بۆ هەڵگرتنی سەنگی زۆرو لە دواییدا بەرزکردنەوەیان. لە راستیدا ئەمە پردێک بووگەلێک لە لافاوەکە بەرزترو بە توانایەکی زۆر باشەوە، لە چاو ئەوەی لەو وردە شتانە دروست کرابوو، یەکە یەکە ئەو ئۆتۆمبیلو تراکتۆرو هەوا پەستێنەرانەمان بە ئاسماندا بەرز کردەوەو بەچەرخ رامانکێشانە ئەو بەری دۆڵەکە، ئێرانییە کارپێکەرەکانی وینجەکان دڵیان بەکارەکەیان زۆر خۆش بوو حەزیان بە دیتنی ئەو مەکینە بە سەنگانە دەکرد کە وردە وردە بەسەر ئەو دۆڵەدا، لە عەردەکەوە بە ئاسماندا بەرز دەبوونەوە، وەک جۆلانە بەرەو ئەوبەر دەرۆشتمو لەوێ لە وینجەکانی ئەوبەر دەهێنرانە خوارێ. زۆر کەس هەبوون چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد لەسەر کاری کارپێکردنی وینجەکان دابمەزرێن، هەرچەندە لام وابوو رۆژانەکانیان زۆرەو هەوڵمدا کەمیان بکەمەوە، بەڵام وازم لە بۆچوونەکە هێنا. دوای گەیشتنی تراکتۆرەکە بۆ ئەوبەری ئاوەکە، هەردووک پارچەی پردەکەی باڵەکیانیش پەڕێندرانەوە کە هەریەکە دوو تەن سەنگیان بوو خرانە سەر ترێلەو گوازرانەوە بۆ شوێنی دامەزراندنیان لەسەر رووباری باڵەکیان کە لەوێ پایەکانو سەرجەمەکانیان ئامادە کرابوون. لەوشوێنەشدا رێگا کەیبڵە هەواییەکە دروستکراو بە هۆی ئەمەشەوە پارچەکانی پردەکە هەڵبڕدرانو لە شوێنی خۆیان چەسپێندرانو لە ناوەڕاستی زستاندا پردەکەی باڵەکیان تەواو کرد و هەوا پەستێنەرەکان گوازرانەوە ئەوبەری رووبارەکەو لەناو دۆڵی باڵەکیاندا دەستکرا بە کاری رێگاکە. دامەزراندنی پردو هەڵکەندنی بەرد هەردووک لەو شوێنە ساردەدا، لە ناوەڕاستی زستانداو لەناوجەرگەی شاخەکاندا دەکران. لەوشوێنەی کە قەت خۆری لێنادات خانوویەکم لە قوڕو بەرد دروست کردو بە درێژایی زستان لەوێ مامەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری کارەکە بکەمو بۆ ئەوەی راژە ئاسنینەکانی پردەکە بە رێکی دابنرێت. ئەمساڵ زستانەکەی زۆر سەختتر بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ساڵی پێشوو. بایەکی سارد له تورکستانەوه هەڵیدەکرد بەناو ئەو دۆڵە رووتەدا، هەموو شتێکی دەبەست که بەسەریدا دەهات، هەتاکو منو کرێکارەکانیش. گیلیگنایت که بەشی رێگەکه بوو، زۆر خەتەر دەبێت دەستی لێ بدرێتو بووه هۆی یەک دوو برینداری کوشندە، هەتا چارەیەکی باشمان دۆزییەوه. تراکتۆرێکو رۆڵەیەکی هەڵمین له ناوەوه بەستبوویان، هەرچەندە پێڕەوی توندم دانابوو، بەڵام له شەودا ئاوی رادیێتەرەکانیان بەتاڵ نەکردبوو بەچەند کاتژمێرێک دوای راوەستان، بەستبوویان. بەمشێوەیە هەردوو مەکینەکان توشی زیانێکی زۆر بوونو لای خۆمان نەمانتوانی جیایان بکەینەوه. شکانی ئاسایی نەبوو که له وەرشەکەی لای خۆمان چاکیان بکەینەوه. نەماندەتوانی مەکینەی تازه دروست بکەین یان سلندەری تازه دابڕێژین. خۆشبەختانە هەوا پەستێنەرەکه له کاردا بوو توشی شکانی بچووک ببوو هەرچۆنێک بێت توانیمان چاکیان بکەینەوه. بەرۆژ پردم دادەمەزراندو بەشەویش میکانیکی بووم. زۆر جار لەسەر ئەو لارێیانەدا لەبەر رووناکی لۆکسدا، هەتا دوای نیوەشەو هەر خەریکی چاککردنەوەی پستنو بازنەو ولفو رادیێتەر بووین. ئەو مەکینانەی چاکدەکرانەوه، کلۆ بەفر بەسەر پارچەکاندا دەباریو دەیبەستن، کرێکارێک هەر خەریکی ئەوه بوو بەتەنەکه ئاوی گەرمیان پیادا بکات بۆ ئەوەی کرێکارەکان بتوانن بەکاریانبهێنن. دوای چاککردنەوەی مەکینەکان، یەک دوو وشەی سوپاسم ئاراستەی وەستاو کرێکارەکان دەکردو چوومەوه بەر ئاگرەخۆشەکەی هێشکچییەکەم له خانووەکەدا ئامادەی کردبوو. خزمەتکارەکان له خەو هەڵدەستانو کوپێک چای گەرمیان بۆ دەهێنامو سەگە کوردییەکەشم که ناوی غونی بووخەبەری دەبۆوه بەرەو پیرم دەهاتو لەناو دەرگاکەدا لێی وەدەر کەوتو له خۆشیدا هەرگوێ قوڵاخ بوو، هێشکچییەکەش لەدەرەوه هاتووچۆی دەکردو دوای رۆژێکی کاری شەکەتی درێژ ئامادە بوو بچمە ناو جێگاکەمەوه.

دوای ئەو رۆژە پڕ کارو سەرقاڵییانەو لەو دەوروبەرە بێئەندازە جوانەدا هەستێکی سەیرم بە خۆشیو دڵنیایی دەکرد. هیچ هۆیەک دیار نەبوو که



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆچی من ڕقم لە دابڕان‌و تەنیایی نەدەبۆوە، ئەگەر ئەوەنەبێت کە هەستت بە نزیکییەکی وەسف نەکراو بکەم لەگەڵ ئەم پیاوانەدا، تەنانەت لەگەڵ گیانلەبەرەکانی ئەم دەورانەداو لەگەڵ خودی شاخەکان خۆیاندا. ئەو رۆژانەی ئەو کارە بەرزانەمان تێدا کردبوون، خۆشترین بەشی ژیانم بوون.

کارەکان ئەوەندە بەرەوپێش دەچوون، ئەگەر ئەو وەرزە خراپە نەبووایە. پیاوەکان بە تواناو هیمەتی بەرزەوە ئامادە بوون بۆ هەموو جۆرە کارێک، هەرچەندە زۆر ماندوو دەبوون، بەڵام بەشەو و رۆژ کاریان دەکرد بۆ تەواوکردنی پردەکان. لە کاتێکدا راژە ئاسنینەکان بە ئاسماندا لەسەر سەرمان دەسوڕایەوە، دەبووایە بهێندرانایە خوارێ بۆ شوێنی خۆیان لەسەر پردەکە چەسپکرانایە یان لە رۆژی باوو باراندا، کاتێک رووبارەکە هەڵدەستا، دەبووایە ئەو ئاوێلکایە لا بردرانایە کە لە شوێنی پردەکە بەری لافاوەکەیان دەگرت‌و دەبووە هۆی پەنگانەوەو یەقکردنەوەی رووبارە هاتووەکە. ئەو پیاوانە قەت نارەزاییان پیشان نەدەداو هیچ پارەی زیادیشیان نەدەدرایەو زۆربەیان پاڵتۆیان نەبوو جلی زیادەشیان نەبوو، کە تەڕ دەبوون جلەکانیان بگۆڕن‌و هەندێ جاریش ئاگریان نەبوو، خۆیان وشک بکەنەوە. هەندێکیان بەتانییەو لێفەشیان نەبوو، بەڵام هیچ کەسێکم نەدیت بەهۆی سەرماوە نەخۆش بکەوێت. ئەوان تەندروستیان زۆر باش بوو، هەرچەندە پەتا زۆری لێ دەکوشتن هەتا دواییەکانی زستان ئێمە لەگەلی هەر خەریک بووین‌و کارمان دەکرد، نەرێگا نە پردەکانیش هیچ کامیان تەواو نەکران وەک ئێمە بۆی چووین. لە ژێر دەنگو هەرای هەواپەستێنەرەکان‌و دڕێلی بەرد تەقانەوەدا، رێگاکە گەیشتە رووباری دۆلی باڵەکیان. پردەکەی سەر رووباری رەواندوز هێشتا نەگەیشتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زستانە هەناسەی مردنمان پیشانی گەلیەکەدا.

لەبەهاری ساڵی١٩٣٠دا لە گەلییەکە تێپەڕبووین، لە دوای ئەوە تاقمەکە وەک تانجی بەرەڵا روویانکردە پێدەشتەکەی دیانەو دروستکردنی رێگای ئاسان، هەتا لە جوندیان رووبەرووی رووباری رەواندوز بووینەوە. زۆری پێنەچوو تاکسییەکی فۆرد پەیدا بوو مۆدێلی کۆنی باش بوو، وەک شۆفێرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرمەنییەکەی کۆن بووبوو، لە پردە هەواییەکەوە هەتا خوار رەواندوز کاری دەکردو بە هەموو شوێنێکدا دەرۆیشتو گوێی نەدەدایە تەپەوتەلان. ئەم پاسە بە کەیبڵە هەواییەکە پەڕچاندرایەوە بەری رەواندوز. دوای پەڕینەوە، شۆفێرەکە کاری زۆر باش بوو لەو ناوەدا تەنیا تاکسی بوو. لە دوای چاوەڕوانکردنێکی زۆر، لەدواییەنەی هاویندا، پردەکەی سەر رووباری رەواندوز گەیشت. باشبوو هەتا ئەویَ تاقمەکەمانم فێری کاری ئاسن دامەزراندنی پردەکە کردبوو، چونکە ئەم رازە، درێژانە زۆر گران دەچەسپێندرانە شوێنی خۆیان. بۆ رایەڵکردنی پردی ئەوها درێژ((نزیک بە هەشتا تەن سەنگین بوو)) بەسەر ئەو رووبارەو لەو بەرزاییەدا بێئەوەی هیچ کۆڵەکەیەک لە ناوەڕاستدا هەبێت بۆ راگرتنی، کارێکی وەها شێوەی نایاتە بەرکاری ئەندیارێکی رێگا دروستکردن. هەتا لە ئەورووپاش بەو هەموو لێزانییەوە بە دامەزراندنی پردو بەو هەموو ئامێرانەوە ئەم جۆرە کارە ئاگادارییەکی زۆری پێویستە. لەگەڵ ئەم ناشارەزایانەو لە ناوەڕاستی ئاسیادا، لەوەتی هاتومەتە عێراقەوە، ئەمە یەکەمجارە هەستکردن بە بەرپرسیاری بهەژێنێت، چونکە نەمدەویست ئەم دروستکراوە هەرەسی پێبهێنێتو لەناو ئەو دۆڵەدا ببێتە کۆمەڵە ئاسنێکی خواروخێچ. هەڵگرتنی ئەم پردە بەسەنگو قەبەیە بەو دۆڵەداو چەسپکردنی لەسەر ئەو جەمسەرە کۆنکرێتانە لە هەردوو بەری رووبارەکەوە کارێکی کەم نییە. هەرچۆنێک بێت، ئێمە فێر بووین سوود لە دیوارە سرووشتییەکانی دۆڵەکە وەربگرینو روومانکردەوە ئامێرە سەرکەوتووەکەی خۆمانو رێگای پەتی هەوایی. ئەمجارەیان کۆمەڵە شیشێکمان چەماندەوەو لاقەکانیانمان بە شاخەکەوە چەمەنتۆ رێژ کردو کەیبڵمان پێوە قایمکردو بەم بەرو ئەوبەری دۆڵەکەدا رایەڵکردنو سەکۆی بەکارهێنانی وینجەکانمان لەسەر رازەکان دروستکردبوو ناومان نابوون ئەسکەلەی تەلەفۆن.

هەنگاوی دوای ئەوە، دەستمان کرد بە دامەزراندنی پردەکەو روی لووتیمان کردە سەر ئاوەکەو بەهۆی چەرخەوە، بە کەیبڵە رایەڵکراوەکانەوە هەڵمانواسی لەسەر رێگاکەشەوە کرێکارەکان دەستیانکرد بە لێکدانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارچەکانی پردەکە. پردەکە لە باتی پردی سوپا هۆیکنز بوو بە خێرایی لێکدەدران‌و دادەمەزران. من قەت کرێکارەکانم وەک ئەمجارە بە ئاگاداری‌و وریاییەوە نەبینیوە بۆ کارەکەیان، وەک لە دامەزراندنی ئەم پردەدا. لە ناوەڕاستی زستانداو لە کاتی گەرمەی کارکردندا لەسەر پردەکەی باڵەکیان، توشی تەنگژەی زۆرتر بووین‌و زۆرتریش بێزار بووین لەو سەرمایەی کە بەرەنگاری بووین. ناچار مەقەڵیە ئاگرمان سەردەخستە لای کرێکارەکان، بۆئەوەی سەرما بردە نەبین. ئێستاش لەم گەرمای هاوینەدا ئەو ئاسنانە ئەوەندە گەرمدەبن، دەبێ بە ئاو سارد بکرێنەوە پێش ئەوەی بتوانین دەستیان لێبدەین‌و هەتا ئەوساش زۆر خێرا گەرم دەبنەوە. زۆر جار لەوە دەترسام کاتێک کرێکارەکان بەناو ئەو پارچە ئاسنانەدا هاتوچۆیان دەکرد، دەستیان بەو ئاسنە گەرمانە دەگرت، لەوانەبوو لە هۆشخۆیان بچن‌و بەر ببنەوە، بەڵام هیمەتیان ئەوەندە بەرز بوو ئازاری لە بیر بردبوونەوە. هەرچی چۆنێک بێت، ئەو گوێنەدانەیان خەتای ئیمەشی تێدا بوو. وردە وردە سندوقە بورغی‌و پارچەی پردەکە لەسەر ڕێگاکە کەمدەبوونەوە، پردەکەش درێژتر دەبوو لەگەڵ بەرەو تەواوبوونی پردەکەدا، بارمان گرانتر دەبوو خەتەری ئەم کارە گەورەیەش زیاتر دەبوو.

ئەو کرێکارانەی لەسەر پردە هەڵواسراوەکە کاریاندەکرد، بڕوایەکی بەتین‌و کوێرانەیان بە توانای ئەندازیاریی من هەبوو. لەوانەیە هەر من هەستم بە خەتەری ئەم جۆرە کارە کردبێت. لەراستیدا لێکدانەوەیەکی پاراوی کارە ئەندازیارەکەم کردبوو بەسەریدا چووبوومەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی خەتەر هەر هەیە. چونکە ئەگەری هەڵەی مرۆیی لە ئەژماردا نییە. لە باری فیزیک‌و ماددەوە، لەوانەیە پیاو بتوانێت ئەگەری ڕووداو بنێت، بەڵام لە جیهانی گەورەی مرۆڤدا پیاو بە هەموو توانایەکی هەر دەتوانێت مەزدی بکات‌و زۆر جوانە کە گوتراوە: عاقڵبە هەرچەندە هەڵەشەبیت.

هەفتەیەک نەبوو کاری دامەزراندنی پردەکە دەستی پێکردبوو نزیک بە تەواوبوون بوو. چەند مەترێک لە لەشی پردەکە مابوو درێژتر بکرێت، تاکو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگاته هەردوو بەری ئاوەکەو شوێنی جەمسەرەکانی لە هەردوو بەرەوە چاوەڕوانی چەسپکردنی پردەکەمان دەکرد.

هەموو شتێک ئامادە بوو زۆر لەسەرخۆ ئاگاداری هەموو شتێکم دەکردو مەشقمان لەسەر داگرتنی پردەکە کردبوو هەموو کەسێک لە شوێنی دیاریکراوی خۆی ئامادە بوو وەک چۆن هێزێک ئامادە بێت بۆ شەڕ. بۆخۆم چوومە لای ئەو شوێنەی هێشتا بەتاڵیەک هەبوو لە نێوان لەشی پردەکەو جەمسەرەکەدا. هەموو چاوێک تەماشای ئاماژەی منی دەکرد. دەستم بەرزکردەوەو دەستبەجێ چەرخەکان دەستیان بەکار کرد. کەیبڵەکان بەسەرماندا رەتدەبوونو توند بووبوونو گیزەیان لێوەدەهات لەژێر باری چەند تەنێکی زیاددا. لەسەرخۆ بەسانتیمەتر ئەو لەشە بەرەولای من دەهات.

لەکاتی پاڵێپوەنانیدا بەرەوپێش، دەبێ کۆنترۆڵی لە بەرزاییدا بکرێتو چەند وینجێک ئەم کارەیان ئەنجامدا. کە دەستم هەڵبڕی، رۆخی چەمەنتۆی جەمسەرەکە دیار کەوتو هەر مەترێک مابوو دوایی٣٠ سانتیمەترو هەموو شتێک بە رێکی دەرۆیشت هەتا بە بێ ئەقڵانەو لە خۆشیدا وینج کارپێکەرەکە خێراییکردو کوتوپڕ بۆ دڵتەنگیم لوتی پردەکە، کەهەر دە سانتیمەترێکی مابوو بگاتە جەمسەرەکەی، دەستیپێکرد بە رۆچوون بە هێواشیو دوایی بە خێرایی کارپێکەری وینجەکە هەوڵیدا هەڵیکێشێتەوە، بەڵام بۆ هەر بەرزکردنەوەیەکی لای خۆیانەوە، پردەکە سی سانتیمەتر رۆ دەچوو، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرکەوتن لە چنگماندا بوو. هیچ کەیبڵێک نەپچڕابوو هیچ جەمسەرێک نەترازابوو و هیچ وینجێک لەکار نەکەوتبوو. یەکسەر هەستمکرد چی قەوماوەو دەبێ خلیسکانی گرێی چەند کەیبڵێک بێت کە بە برغی قایم کرابوون. ئەم گرێدانانە لەسەر توندی بورغییەکان راوەستاون. دەبێ هەندێک لە کرێکارەکان بورغیەکانیان باش چەسپنەکردبێتو بەهۆی زیاد هەوڵدانی کارپێکەرانی وینجەکان، خلیسکانەکە زیادی کردبێت. لەم دیمەنە ناخۆشەدا، چاوم نوقاندو چاوەڕوانی هەموو پردەکەم دەکرد بەرەو ناو ئاوەکە بڕوات، بەڵام ئەمە روونەدا. بۆ سەرسوڕمانم، کاتێک چاوم کردەوە پردەکەم بینی شوێنی خۆی گرتبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزیک مەترێک پردەکە بەرزبووبووەوە، بەڵام بە هۆیەکی نەزانراوەوە گرێکان خۆیان گرتبوو. هەڵەکە زۆر لە بەرزاییدا بوو نەدەتوانرا بیگەینیو دەبێ دوعا بکەین خۆی بگرێت. دوای ئەوەی هاتینەوە سەرخۆمان، زانیمان بارە ئاسنە بەنرخەکەمان بەرنەبۆتەوە ناو دۆڵی بێبنەوە. لەسەرخۆ پردەکەمان بەرزکردەوەو سەرکەوتەوە ئاقارێکی ڕێک لەگەڵ جەمسەرەکەدا. ئاماژەمکرد بۆ وینجەکانو کەوتنەکارو گەشتی سەرکێشمان شوێنی خۆیگرتو لەسەر جەمسەرەکاندا ڕاوەستا. دوای تەماشاکردن بۆم دەرکەوت هەموو شتێک لە شوێنی خۆیەتیو ئاماژەم بۆ کرێکارەکان کرد کەوا هەمووشتێک گەیشتە ئامانج. لە قوڵایی دۆڵەکەوە هاوارو قیژەی کرێکارەکان، دەگەیشتە بەرزایی شاخەکانی دەوروپشتمان.

وەک دەرخستنێکی هەستی خۆرهەڵاتی، دڵخۆشی پیاوەکان ڕاستییەکی وەها بوو کە ڕوویدات. لەوانەیە ئەوان ئەوەندە بێ هەوەس نەبووبن. ئەوان دەیانزانی، بەهۆی سەرکەوتنەکەمانەوە، ئەو شەوە شەوی سەیرانەو دەبێ سفرەیەکیان بۆ برازێنینەوەو کارێکی ئاسانییە نانی هەزار کەس ئامادە بکرێت، بەڵام لە شوێنی خۆیەتی، چونکە ئێمە بەسەر گەلی عەلی بەگدا زاڵبووین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی هەژدەیەم

## تۆڵەسەندنەوەی ڕەواندوز

سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕی لەوەتەی بۆ یەکەمجار لەسەر سپیلکو نزیک بە گوندی کەڵەکچن کامپەکەم دامەزراند. ئێستا کارەکەمان گەلێک لەولای دۆڵی ڕەواندوزەوەیەو هەنگاوێکی ماوە بگاتە ئێران. خەریکە بەری هیواو کارمان ببینینو دەمانزانی ڕێگاکە کاتێک تەواو دەبێت کە ماندێتیش لەسەر عێراق هەڵدەگیرێت. حامیدی خزمەتکارم لەبەر دەرگای زنجەکەمدا ڕاوەستا بوو چاوەڕوانی وەڵامی من بوو بۆ ئەو داوایەی ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی نارد بووی بۆ ئەوەی ئەم هەینییەی وادێت، سەردانمان بکاتو ڕێگاکەش ببینێت. منیش گووتم: وەڵامی بدەینەوە کە من دڵخۆشم بە بینینی ئیسماعیل بەگ پێی بڵێ بەخێر بێیت.

ئیسماعیل بەگ لە ڕەواندوزدا، پیاوێکی دەستڕۆ بوو بۆ چەند ساڵێک ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوو خاوەنی زەوی‌وزاری ئەم ناوە بوو کە پشتاو پشت بۆیان بەجێمابوو. بەریتانییەکان جێگەی بەتالیۆنەکەو ئێستگەی فڕۆکەی ڕافیاتیان لە عەردەکانی ئیسماعیل بەگدا دروست کردبوو، کە لێیان بەکرێ گرتبوو. هیچ کەسێک وەک ئەو خاوەنی قسەی خۆی نەبوو. جێگەی ڕێز بوو لەلایەن وەزیرە کوردەکانو ئاسورییەکانەوە. ئیسماعیل بەگ هەمیشە تای یاساو داد بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەیاندا دژی ئامۆژگارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ماندێت، خێڵەکانی هێمن دەکردەوە. ئەو لە هەموو کوردێک زیاتر ڕۆڵی هەبوو لە متمانەپێکردنی خەڵکەکە بۆ سوودی ئەم ڕێگایە کە بە ناوچەکەیاندا تێدەپەڕێت. ئەو دەیگووت هەتا ڕێگا بە شاخەکاندا نەڕوات، کوردستان قەت پێشناکەوێت‌و بڕوای بەوە بوو کە هیوای پێشکەوتن لە ڕێگەی یارمەتیدانی بەریتانیاوە دێت. بەم شێوەیە ئەو یەکێک بوو لە زۆر لەو کوردانەی دڵگیر بوون بە زوو لابردنی ماندێت‌و نەمانەوەی بۆ بیستوپێنج ساڵ وەک لەسەرەتادا بڕیاری لەسەر درا بوو.

لەم ڕۆژانەدا ئیسماعیل بەگ زۆر جار دەهات بۆ سەردانم لەسەر کارەکەم‌و منیش زۆرجار لە ڕەواندوز میوانی ئەو دەبووم. هەموو کات لەسەفەرەکانیدا دەمدی تاقمێک چەکداری بە توانای خۆی لەگەڵدا بوو. ئەم پیاوە ئەوەندە بێفیز بوو کە ئەم پیاوانەی لەتەکیدا بوون بۆ خۆپیشاندان نەبێت. ئەو ئەوەندە بەناوبانگ‌و خۆشەویست بوو لەناو خەڵکداو وەها دەردەکەوت پێویست نەکات بەم خۆپیشاندانە هەستم بەوە دەکرد کە خەتەرێکی شاراوە هەبێت لەسەر ئەم گەنجە ناودارە.

منیش لە حامیدم پرسی، دەبێ ئەمە چی بێت، چونکە حامید شتێکی لە بابەت ڕەواندوزەوە دەزانی. وەڵامی حامید ئەوە بوو: ئیسماعیل بەگ لە ژێر هەڕەشەی کوشتندایە لەلایەن نوری دوژمنییەوە کە کوڕی باوڵ ئاغای ڕەواندوزە. سلێمان بەگی سەرسوری هێشکچییم کەلەوێ ڕاوەستابوو تفەنگەکەی پاکدەکردەوە هەڵیدایەو گووتی: ئەگەر بۆی هەڵکەوێت، نوری، ئیسماعیل بەگ دەکوژرێت، بەڵام ئەویش دەکوژرێتەوە. لەوکاتەدا میلی تفەنگەکەی پێش کردو عەمبارەکەی خستە شوێنی خۆی.

منیش لێم پرسی: ئایا یەکێک لە پیاوەکانی ئیسماعیل بەگی؟

ئەویش گووتی بەڵێ من پیاوەکانی دەرگەڵەش کە بەشەو هێشک لە کەمپەکە دەگرن. هەرچەندە تۆ نەتدەزانی کاتێک ئێمەت دامەزراند، بەڵام ئێمە هەمووومان تێکڕا لەلای ئەوەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە ئاگامان لە خۆت‌و کامپەکەت بێت‌و بە بڕوایەکی بەتینەوە گووتی ئێرە کوردستانەو خەتەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر لەم شاخەدا هەیە، لەوە زیاتر کە تۆ ئاگات لێیە. لە راستیدا خەتەری واهەبوو کە خۆم پێم دەزانیو لە گەلێک شوێندا پاکیی ئەم هێشکچییە خێڵکییانەم بۆ دەردەکەوت. لە شەوانی تاریکدا لەگەڵمدا بوون کاتێک دەچووین بۆ گرتنی ئەو کرێکارانەی کاری خراپیان دەکرد. ئەوان کامپەکەیان کردبوو بە شوێنێکی پڕ ئارام، لە کاتێکدا وڵاتەکە بە کاتێکی ناخۆشدا تێپەڕ دەبوو. چەند کوشتارێک روویاندابوو لە دەربەندی بازیان بەرەو ئێران. ئەوان ئاگاداری منیان دەکرد لە کاتێکدا کوردەکان نارەزایی خۆیان دەڕدەبڕی لەوەی کە رژێمی بەغداد دەیانچەوسێنێتەوە، بێئەوەی بەریتانیەکان گوێبدەنە وەزعی کورد، هەرچەندە من یەکێک لە ئەندامانی ئەو هێزە بەریتانیە بووم.

لەو رۆژانەدا وڵات پڕ بوو لە ئاژاوە. لە ساڵی ١٩٣٠و ١٩٣١دا سلێمانی لە ژێر ئاڵای شێخ ئەحمەدی بەرزانو شێخ رەشید کە ئەویش پیاوێکی ئاینی بوو. دەیانگووت ئەو دژی شێخ ئەحمەدە لەبەر ئەوەی ئەو لەگەڵ مەسیحییەکاندا رێک بووە. لە راستیدا هەردوولا وەک یەک توندڕەوی ئاینی بوون، بەڵام هەریەکە بە شێوەیەک شێخ لەم دواییەدا سەرکردایەتی هێنایە گوندێک نزیک بە کامپەکەمان. شێخ رەشید پیاوێک بوو کەس متمانەی پێنەدەکردو هەر لەبەر ئەوەی هەندێک لە بریندارەکانی دەهاتنە نەخۆشخانەی کامپەکەمان بۆ تیمار کردنیان، ئەو دژی من نەوەستا، هەرچەندە دەزانم زۆر رقی لێم بوو وەک خوانە نانێک. زۆر جار پیاوەکانی بۆ تیمارکردن دەهاتن، بەڵام شێخ بۆ خۆی قەت سەردانی نەکردم وەک زۆربەی خەڵکانیتر دەیانکرد.

لەو رۆژە پڕ لە ئازارانەدا، کرێکارەکان خرۆشابوونو هەتاکو بڕوا پێکراوترینیان جاروبار لێمان بەلەسە دەبوون. رۆژێکیان یەکێک لە کرێکارەکانمان زۆری خواردبۆوەو لەگەڵ سەربازێکی عەرەبدا لەسەر قومار لێیانبووبوو بە دەمەقاڵە. کرێکارە کوردەکە دەمانچەی لە سەربازەکە دەرهێنا بوو((هەرچەندە ڕێنەدرابوو لە هێشکچییەکان بەولاوە کەس چەک هەڵگرێت))و تەقەی لێکردبوو کوشتبووی. لەوانەشە قەزاو قەدەر بووبێت. خۆی نەدابوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدەستەوەو رووی دەمانچەکەی کردبووە خەڵکەکە. کابرایەکی ئاسوری پیر بە دەستی بەتاڵەوە پەلاماری دابوو، کابرای سەرخۆش هەرچەندە دوو تەقەی کردبوو ئاسورییەکەی بریندار کردبوو، بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون، توانیبوویان چەکەکەی لەدەست داماڵن. پیاو کوژەکە درابووە دەست پۆلیس‌و لە دواییدا حوکم درابوو بە هەتاهەتایە.

جارێکی‌تر هێشکچییەکی مەسیحیمان لێبەلەسە بوو بە دەمانچەکەی دەستیکرد بە تەقە. بۆم دەرکەوتبوو ژێردەستەیەک زۆر جار یەکسەر بە ئەمری گەورەکەی دەکات‌و واز لەو کارە دەهێنێت کە بەتەمایە بیکات، بەڵام ئەمجارە هێشکچییەکە هیچ گوێی نەدامێ، هەرچەندە دەبوو پۆلیس بانگ بکرێت بۆ دەستگیر کردنی، بەڵام من پلانێکی‌ترم بەکارهێنا. لەسەرخۆ دەستمکرد بە قسەکردن لەگەڵیدا. هەرچەندە گوێی نەدایە قسەکانم، بەڵام توانیم لێی نزیک ببمەوە، کوتوپڕ دەستیمگرت‌و بامدا لەتاو ئازاری دەستی دەمانچەکەی لەدەست کەوتە خوارو توانیم دابینی بکەم. هەرچەندە لە کامپەکەدا تەنگژەی ئەوها بچوکمان دەهاتەرێ، بەڵام هیچی گەورە نەبوو ئەوەندەی لەوێ بووین، لە هیچ رۆژێکدا ئەو خێڵەکییە شەڕانییانە هیچ ئێمەیان نەترساندو شەڕیان پێنەفرۆشتین‌و هەڕەشەیان لێنەکردین. لە باشوورو باکوورو خۆرئاوادا شەڕ لە نێوان خێڵەکان‌و سوپای عێراق‌و رافدا (هێزی ئاسمانی بەریتانی) روویان دەدا، بەڵام کرێکارەکان دوورە شەڕ بوون. ئەو رێگایە شوێنێکی پڕ ئارامبوو لە وڵاتێکی پڕ لە ئاشوبەدا. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئارامییە، پشتم بە پیاوەتی پیاوانی وەک شێخ سەید تەهاو ئیسماعیل بەگ بەستبوو. ئێمە خۆمان بێ‌توانا نەبووین‌و دەمانتوانی بەرگری بکەین لە کاتی پێویستدا هەتا یارمەتی دەهات. زۆر پشتم بە هێشکچییەکانم قایمبوو بۆ پاراستنی ستافەکەم‌و کرێکارەکانم، ئەگەر بهاتایە پەلامار بدراینایە.

بۆ ئەوەی هەموو پارچەیەک بدۆزمەوە بۆ دوور بوون لە بەڵا، لەو تەنگژیانە دەگەڕام کە لە دەوروبەرماندا هەبێت وەک ئەو دوژمنایەتییەی کاریاندەکردە سەر ئێمە. ئینجا قسە گرنگەکانی سلیمان بەگم هاتەوە یاد کە لە بابەت ئیسماعیل بەگ‌و دوژمنەکانیەوە کردنی. وام لە حامید کرد هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێکم پێبڵێت کە دەیزانی لەسەر ئەو بەڵایەی ئەم گەنجە چاوەڕوانی دەکات. ئەمەش چیرۆکی نوری ئاغاو سلیمان بەگ کە بۆیان باسکردوم.

دوای گەڕان بەدوای نووسراوی مێژوویدا لە بابەت بەسەرهاتەکانی رەواندوزی پێش شەڕی جیهانی یەکەمدا، دڵنیا بووم لە راستی چیرۆکەکە. زۆر لە دەمێکەوە ناخۆشیو ڕقو دوژمنایەتی لە نێوان بنەماڵەکانی رەواندوزدا پەیدا بووە. بەلای منەوە دەبێت لەو کاتەوە بێت، کە دوو پیاوی کورد پێکەوە لەوێ ژیاون. چیرۆکەکەشی دەڵێت: بۆ یەکەم جار نزیک بە باتاسو لەسەر کاروانەڕێیەکی سەعید بەگی باوکی ئیسماعیل بەگ کە بەهێزترین پیاو بووە لەو ناوچەیەدا، لە ساڵی ۱۹۱۸دا کوژرابوو. کە نەیدەزانی پیاوە کوژراوەکان کێن، بەڵام رووداوەکانی دوایی، پەنجەی تاوانباریان بۆ خێزانی باوڵ ئاغای دوژمنیان درێژ دەکرد. ئیسماعیل بەگ بڕوای وابوو کە دوژمنەکەی دەستی هەبووە لە کوشتنی باوکی. ئەمەش رقی قووڵی لای ئیسماعیل بەگ دروستکردبوو دژی باوڵ ئاغاو تاقمەکەی. ئیسماعیل بەگ گەنجێک بوو، بەڵام دایکیو خزمەکانی ئاگری تۆڵەیان خۆشکردبوو.

لەم کاتەدا سوپاکەمان لە ساڵی۱۹۱۸دا بەغدادی گرتو چەند ئەفسەرێکی بەریتانی ناردبوو بۆ دابینکردنی رەواندوز. بۆیاندەرکەوتبوو کە لە سێ ساڵی رابردووەوە خەڵکانی شارۆچکەکە برسیبوون، دوای ئەوەی روسەکان ناوچەکەیان وێرانکردبوو بەجێیانهێشتبوو. حامید پێیگووتم: خەڵکەکە بە پیری بەڕێوەبەرایەتیە تازەکەوە چووبوون کە زانیبوویان ئەوان ئازاری کەس نادەنو خواردەمەنی بەسەر خەڵکدا دابەشدەکەنو هەرچی لە تواناياندا بوو درێغییان نەکردووە بۆ نەهێشتنی تەنگژەکانیان. هێزێکی جەندرمە لە خێڵەکانی ناوچەکە پێکەوەنرا بوو یەکێک لەو ئەفسەرانە نوری کوڕی باوڵ ئاغا بوو.

حامید گووتی: نوری زۆر کەللە رەق بوو قسەی لەکەس قوبوڵ نەدەکرد. هەر لەسەرەتاوە ئەفسەرە بەریتانییەکەی لێپرسراوی هێزە پۆلیسەکەم ئەم گەنجەی بەسەرکێش ناسیبوو رۆژێک بێقسەیی کوماندانی هێزەکەی کردبوو. هیچ هۆیەک نەزاندرابوو بۆ رازی نەبوونی کارکردنی لە ژێر دەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەفسەرەکەدا هەتا لە دواییدا بۆیان دەرکەوتبوو کە کوردەکانی ڕەواندوز بووبوون بە دووبەشەوە. بەشێکی بچوکیان بەسەرکردەیی نوریو کۆمەڵێکی گەورەش بەسەرکردەیی ئیسماعیل بەگ کە بەهۆی دۆستایەتیو گەنجییەوە چووبووە دڵی بەریتانیەکانەوەو هەردوو بەشەکە بە توندی دژایەتی یەکتریان دەکرد.

وەزعەکە ئەوەندە ناهەموار بوو، بڕیاردرابوو شارۆچکەکە بەجێ بهێڵدرێت بۆ خۆیان چارەی گرفتەکانی خۆیان بکەن. نوری گیراو نێردرا بۆ پاتاس، بەڵام کاتێک ئەو هێزەی بڕیاردرا بوو بیبات بۆ پاتاس، بە دۆڵەکەدا تێپەڕ بوو، نوری خۆی رزگار کردبوو دابوویە شاخ. بەریتانییەکان ناویان بەباش دەرکردبوو، بەشێوەیەکی جیاواز لە هێزەکانی پێشخۆیانو هەڵسوکەوتیان باش نەبوو. ئەمەش وەهای لە خەڵکانی ڕەواندوز کردبوو کە یەکبگرنو داوایەک پێشکەش بکەن بۆ گەڕانەوەیان. لەسەر ئەم پێشنیازە، بڕیاردرا دەرفەتێکیتر بدەنەوە بە ڕەواندوزو بیخەنە سەر بەڕێوەبەرایەتی کاپتەن(هەی)یەوە.

لە کاتی گەڕانی بەڕێوەبەری ناوچەکە، لە خۆرهەڵاتدا نەریت وەها بوو هەریەکە لە سەرکردەی خێڵەکان بێن بۆ سەردانیو ئامادەیی خۆیان دەربخەن بۆ هاوپەیمانی، بەڵام کاتێک کاپتەن هەی سەردانی ڕەواندوزی کردبوو، دەرکەوتبوو کە ئەو تاقمەی پاڵپشتی باوڵ ئاغاو نوری کوڕی دەکەن، هێشتا هەر خەتەرن. هەرچەندە زۆرینەی خەڵکانی شارۆچکەکە پاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتی بەریتانیایان کردبوو. ڕاستە باوڵ ئاغا هاتبووە پێشەوەو داوای لێبووردنی کوڕەکەی کردبوو داواکەشی وەرگیرا بوو بە مەرجێک نوری خۆی بەدەستەوە بداتو باشگەزبێتەوە لە هەڵسوکەوتە نابەجێکانی. بەڵام نوری بەچەکەوە هاتبووە پێشەوە بێئەوەی گوێ بداتە کەس. هەرچەندە ئەمە خۆ بەدەستەوەدان نەبوو، بەڵام نەگیرا بوو. لە جارێکدا کە ناردبوویان بە شوێنیدا، ڕوویکردبووە شاخو خۆی بزر کردبوو.

ڕاستییەکەش ئەوە بوو کە ناحەزی خێزانی بووبووە هۆی ئەم هەڵسوکەوتە ناشرینانەی ئەم گەنجە. نەک حەز پێنەکردنی بەڕێوەبەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تازەی شارۆچکەکە. نوری دەستی بە دوستایەتییەکەوە نابوو کە لە ناو پیاوە ناسراوەکانی شارۆچکەکەدا پەیدا بوو کە زۆربەیان دوژمنی بنەماڵەی ئەوان‌و ئەفسەرە بەریتانییەکان بوون کاتێک کە ئیسماعیل بەگ داندرا بە بەڕێوەبەری ڕەواندوز، کە هێشتا هەر گەنجێکی هەژدەساڵان بوو، حەسوودی گەیشتە رادەو ڕووداوێکی دڵتەزێن. ئەم دانانە لەلایەن کاپتەن هەی‌ەوە بوو لەسەر داوای زۆرینەی دانیشتوانی شارۆچکەکە. لەوانەیە بڵێین کە نەشیاو بووبێت ئەم مێرمنداڵە لەو شوێنە بەرپرسیارە دابندرێت، بەڵام پیاوماقووڵانی شارۆچکەکە دەریانخستبوو کە ئەم پایەیە هی ئەوە بە مافی لە دایکبوونی‌و ئەم دانانە جێگەی لێگوتنەوە نییە لەوە بەولاوە کە دەبێ بەڕێوەبەر بێت. لەراستیدا هیچ کەسێک لە ناوچەکەدا وەک ئەو لێوەشاوە نەبوو لەلای ئێمەشەوە ئەو کوڕی کورد بوو لە خێزانێکی سەرکردەی ناوچەکە بوو. وەک دەرکەوت کەسێک لەو باشتر نەیدەتوانی یارمەتی بەریتانییەکان بدات بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی. لەچاو خەڵکانی ناوچەکەوە، زیرەکییەکی باڵای هەبوو زمانزانێکی باشبوو. جگە لە کوردی کە زمانی دایکی خۆی بوو، بە فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی قسەی دەکرد، بەڵام وەک منداڵێک، دایکی نازی زۆری دابوویەو سەعید بەگی گەورەی باوکی گوێی نەدابوویە. لەبەر ئەوە زۆر کەمزانبوو لە کاری هەڵسوکەوتی ناو پیاوانداو سودی لە ئامۆژگارییەکانی ئامۆژگاران وەرنەدەگرت.

لەوانەیە کاپتن هەی هەڵە بوو بێت لە دامەزراندنەکەیداو لەوانەشە هیچ هەستی بەو تەنگژانە نەکردبێت کە دێتە ڕێگەی ئیسماعیل بەگ. ئاهەنگی دانانی شتێکی مێژویی بوو، بەڵام ترسناک بوو. هەموو پیاوەماقووڵانی ڕەواندوزو زۆربەی سەرەک خێڵەکانی ناوچەکەش ئامادە بوون‌و یەکە یەکە سوێندیان خواردبوو بە قورئان کە لایەنگری بەڕێوەبەرە گەنجەکەین. ئەمەش سوێندێک بوو هەموویان لەبەردەم یەکتردا خواردبوویان. حامید گووتی: لەوکاتەوە وشەی ئیسماعیل بەگ بوو بە یاساو سلێمان بەگیش گووتی: هەروەهاش دەمێنێتەوە. دەساڵ لەمەوبەر ئەم سوێندە خوراوە، ئێستاش هەر بەقسەی ئیسماعیل بەگ دەکرێت. ئەو گووتبووی دەبێ ڕێگاکە دروستبکرێت‌و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نابێ هیچ بەرەنگارییەک بکرێت. ئایا هیچ ڕێگرێک ڕوویداوە؟ ئایا ڕێگاکە لە تەواوبووندا نییە؟((خۆرهەڵاتییەکان حەزیان بەوەیە قسەکانیان لەسەر شێوەی پرسیار بێت)).

حامید گووتی: ئێستا با باسی ئەوەتان بۆ بکەم لە دوای ئاهەنگەکە چی رویداوە. دوای ئەوەی هەموو سەرەک خێڵەکان سوێندیان خواردبوو، یەکێک هاتبووە پێشەوەو قسەی جیاوازی کردبوو نوری لەوێ نەبووبوو، باوڵ ئاغای باوکی لەوێبووبوو. کاتێک کە هاتبووە سەر ئەو بۆ سوێند خواردن، دەستی خستبووە سەر قورئانەکەو بە توندیەوە گووتبووی: من لەگەڵ ئیسماعیل بەگدا باش دەجوڵێمەوە ئەگەر ئەو لەگەڵ مندا وابێت. لەوانەیە ئەم قسانە توندییەکیان پەیدا کردبێت بۆ ئەفسەرو سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکە. هەموو چاویان بڕیبووە ئەو پیاوەی رازی نەبوونەکەی سوێندەکەی دەسڕییەوە. هەمووان سەریان سورمابوو لەوەی دوای ئەمە چی رووبدات لەم دوژمنایەتییەدا. چونکە رقەبەرێتی نێوان باوڵ ئاغاو بەرێوەبەرە گەنجەکە زۆر باش زاندرا بوو. بەڵام کەس بۆ ئەوە نەدەچوو ئایا چۆن ئەم رقە دەبێتە هۆی تاڵکردنی ژیانی هەردووکیان. نوری هەر لەسەر ئەوە دەڕۆیشت خۆی بە دەستەوە نەداتو دوور کەوتبووەوە بۆ ناو شاخەکانو خەریکی خۆ رێکخستن بوو لەگەڵ خێڵی سورچییەکاندا لەگەڵ خالیدی ئاغای کەڵەکچن یەکیان گرتبوو. ئەم دووانە دەستیان کردبوو بە پیلانی یاخی بوون. ڕۆژێکیان نوری هاتبووەوە بۆ رەواندوزو گیرابوو رەوانەی هەولێر کرابوو بۆ دادگایی، هەرچەندە ئەو بەرگری خۆی دانابوو بۆ ڕۆژی دادگاییکردنی، بەڵام ئەوخاڵانەی، کە لەسەری بوون زۆر ئاشکرابوون، نامەی وەها لە ماڵی باوڵ ئاغادا دۆزرابوونەوە کە نورییان تاوانبار دەکرد. ئیسماعیل شاهیدەکانی ناردبوو بۆ هەولێرو شاهیدی وایان دابوو کە نوری خەتابار بکاتو سزا بدرێت. بەڵام لە ڕێگادا بەرەو هەولێر نوری جارێکیتر بە فێڵ توانیبووی خۆی رزگار بکاتو ئەو دوو پۆلیسەی لەگەڵیدابوون بەرتیلی دابوونیو چاوەشەکەیان کوشتبووو ئەویش رایکردبوو. نوری خۆی دەرباز کردبوو گەیشتبووە شاخەکان، بوونی لەوێ بووە هۆی سەرچاوەی هەڕەشە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتایبەتی کە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ دەستی پێکردبووو پەرەی سەندبوو لە باشوورەوە بەرەو موسڵ. لەگەڵ بوونی نوری لەوێدا زۆر روون بوو، ئەگەر هەنگاو نەنرێت بۆ رێ لێگرتنی، شۆڕشەکە دەگاتە شاخەکانی کوردستانیش. ئینجا باوڵ ئاغا گیراو لە هەولێر بەندکراو نامە نووسرا بۆ ئیسماعیل بەگو فەرمانی پێدرابوو هەر چوار براکەی نووری بگیرێت. راپۆرتی دوای ئەوە چەواشەن کە هاتە سەر باسەکە، حامید دەیزانیو سلێمان بەگیش خۆی بە درۆ دەخستەوە. لە رەواندوز هەندێک دەیانوت براکانی نووری دەستیان لە پیاوەکانی ئیسماعیل بەگ کردبووەوە، هەندێکیش دەیانووت کە کوشتنێکی بە ئەنقەست بوو بۆ تۆڵە سەندنەوە. ئەمەش لە روانگەی رابردووەوە شتێکە لە گوتن دێت. ئەوە بوو دووان لە براکانی نوری کوژرانو دوانەکەیتریش دەرباز بوون. ئایا بەرێوەبەری گەنج حەزی بە تۆڵەسەندنەوەبوو لەو دوژمنانەی خێزانەکەی؟ لەوەش خراپتر منداڵێکی شیرە خۆرەی نوری بە تا مردبووو هەندێک دەیانووت کە ئەو منداڵە لەکاتی پشکنینی ماڵی نوریدا کوژرابوو. ئەم دەنگو باسە بووە هۆی زیادکردنی رق دژی ئیسماعیل بەگ کە ئێستا وا دادەنرێت بووبێتە داردەستی ئەو رژێمە بڕوا پێنەکراوە.

لەو شوێنەی خۆی لێشاردبووەوە لە ناو سورچییەکاندا، نوری پیلانێکی دانابوو بۆ تۆڵە سەندنەوەو وەک خێو لە هەموو شوێنێک دەبینراو لە شەوانی تاریکی کوردستاندا لە دۆڵەکاندا رێگری دەکردو هەر بە دەربەندەکاندا تێپەڕ دەبوون، لە رووبارەکانی دەداو دەپەڕییەوە، کەس نەیدەزانی چۆن جەزرەبەی لە هێزی دەوڵەت دەداو لەناو شاخەکاندا خۆی بزر دەکرد. هیچ گومانی تێدا نییە کە نوریو خدر ئاغای هاوڕێی سەرکردەی ئەو تاقمە بوون کە لە دۆڵی رەواندوزدا هەوڵی کوشتنی کاپتن (هەی)یان دابوو کە لەوەو پێش باسمان کردبوو.

ئەو شۆڕشەی بۆ چەند مانگێک لە ژێرەوە دەکولا، ئێستا لە کوردستاندا تەقیوەتەوە نوریو رێگرەکانی سپیلک، لە ئاکرێ پەیوەندییان بەهێزی شۆڕشگێڕانەوە کردبوو بەسەر پاتاسیاندا دابوو. لێرەدا کاپتن لیتڵ دەیل هەر بە هێزێکی سەد کەسییەوە شەڕێکی کوشندەی کردبوو دژی ئەو هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزەی شۆڕشگێڕەکان. ئەو توانیبووی بەر لەشکرەکەیان بگرێت، هەتاکوو هێزی خێڵەکانی شەقلاوە، کە لەگەڵ ئێمەدا بوون‌و خیانەتیان کردبووو لە هێزەکەی کاپتن لیتڵیان دابوو، ئەویش ناچار بووبوو بەو هێزەی کە مابووەوە رووبکاتە هەولێر. هێزە دابڕاوو کەمەکی رەواندوز، ئەوسا کەوتە ژێر مەترسییەوە. هێزێکی سورچییەکان رووی کردبووە شارۆچکەی رەواندوزو لە ترسا رایانکردبووو شارۆچکەکەیان بەجێ هێشتبوو ئیسماعیل بەگ هەولێدابوو بەرەنگاریان بووەستێت بەڵام لە دواییدا ئەویش شارۆچکەکەی بەجێهێشتبوو. خۆی‌و ئەو ئەفسەرە بەریتانیانەی لە رەواندوزدا بوون لە گرتن رزگار کرابوون، لەلایەن ئەو تاقمە چەکدارەی کە شێخ محەمەد ئاغای سەرۆکی خێڵەکانی باڵەکیان ناردبوونی بۆ یارمەتییان‌و هێنابوونییە لای خۆی لە گوندی والاش نزیک بە سنوور لە دۆڵی رایاندا. لە دواییدا بە رێگایەکی دوورو درێژدا، لە رانییەوە بەرەو باشوور گەیشتبوونە هەولێر. رێگاکەیان دوورو ناخۆشبوو، بەڵام هەراسان نەکرابوون. دەڵێن میر محەمەد ئاغای دەرگەڵە لە شەوێکدا پەنجا تفەنگی لێ دزیبوون. بێ گومان ئەم تفەنگانە بۆ راوە بزنەکێوی زۆر باشبوون‌و بە عادەتی کوردان، دزی نرخێکی باشە بدرێ بۆ ئەوەی تاقمەکە بە سەلامەتی بە ناوچەکەدا تێپەڕن.

چەند ساڵێک دوای ئەو رووداوە، کاتێک لە دیوەخانەکەیدا دانیشتبوو بە چاوتروکانێکەوە بۆی روونکردمەوە کە ئەمە بۆ سەلامەتی خۆیان بوو. چونکە خەتەری پەلاماردانیان کەمتربووەوە بەوەی کە هیچ تفەنگییان پێنەبێت تاکوو خێڵەکییەکان تەماعیان تێنەکەن. خێڵی سورچی نەبێت شارۆچکەی رەواندوزیان گرتبوو هەتا هەولێریشیان خستە ژێر هەڕەشەوە. ئەو رۆژانە رۆژانی سەرکەوتنی نووری بوون. بێ هاوتا وەک گەورەی رەواندوز لەو ناوە مابووەوە. شۆخ‌و ئازاو خۆنەگربوو، بەڵام لە تافی سەرکەوتنیدا نەدەگەیشتە بەشێک لە ناوبانگی ئیسماعیل بەگ. باوڵ ئاغاو نووری حاکمی رەواندوز بوون، بەڵام پاشایەکی بێمیللەت بوون، چونکە خەڵکی شارۆچکەکە هەموو شارەکەیان بەجێهێشتبوو. شۆڕشگێڕە خێڵەکییەکان رەواندوزیان بۆ باوڵ ئاغاو نووری بەجێهێشت کە ئەگەر بتوانن دابینی بکەن‌و روویان کردە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارۆچکەکانی پێدەشتەکە بۆ داگیرکردنیان. بەڵام نەیانتوانی لەو شوێنانە بمێننەوە کە گرتبوویانن، هەرچەندە هێزی بەریتانی ئەو ناوەی جێهێشتبوو چووبوو بۆ یارمەتیدان بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئاشووبەی باشوور. سوورچییەکان حەزیان بە تاڵانکردن هەبوو و بڕیاریاندابوو پەلاماری کەمپی ئاوارەی ئاشوورییەکان بدەن کە نزیک بە موسڵ بوو. رۆژێکی نایاب بوو بۆ سوورچییەکانو سەرکەوتن بوو بۆ ئاوارەکان. ئاشووریەکان، ساڵانێکی زۆر لە ژێر دەستیدا دەژیانو دەچەوسانەوە. پێش ئەوەیو پاش ئەوەی وڵاتەکەی خۆیان لە تورکیادا بەجێ بهێڵن، بۆ ئەوەی شەڕ بۆ هێزی هاوپەیمانەکان بکەن، بە ناچاریو جارێکیتریش کرانەوە بە چەکدار. ئەوان هاتبوونە پێشەوەو زیانێکی گەورەیان بە سورچییە میوانەکانیان گەیاندو کوردەکان بەرەوە زێی بادینان دڕیان پێ درابوون. زیانی شۆڕشگێڕەکان زۆر بووبوو نەک هەر لە شەڕەکەدا، بەڵکو لە ئاوی زێیەکەدا خنکابوون. تاکتیکی شەڕی شاخیان ئەوەندە بە لێزانی ئەنجام دەداو سەرکەوتنی ئاشوورییەکان ئەوەندە زیرەکانە بوو، لەو کاتەدا بەریتانییەکان پێویستیان بە یارمەتی هەبوو، ئەونیش یەکسەر بوون بە هێزی لیڤی. بەم شێوەیە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی ماندیتدا مانەوە.

رەواندوز هەر لە ژێر دەستی دوژمندا مایەوە، هەتا وەک لەوەو پێش باسمانکرد، جارێکیتر کەوتەوە ژێر دەستی بەریتانییەکانو شۆڕشەکەش تێکشکێندرا ئیسماعیل بەگ گەڕایەوە بۆ رەواندوز، بەڵام نەک وەک بەڕێوەبەر. دانانەوەی کارێکی نەشیاو بوو. ئینجا بڕیاردرا کە شێخ سەید تەها بکرێت بە بەرێوەبەری شارۆچکەی رەواندوز. ئەو خەڵکی ناوچەی سەرووی ئێرە بوو، لە تورکیاوە هاتبوو بۆ ناوچەی رەواندوز چونکە زەوییو زاری لەوێ هەبوو. ئەم دوو پیاوە بە ناوبانگە دۆستی یەکتر بوونو بەیەک بیروباوەڕیان هەبوو بۆ کوردستان. ئەم دامەزراندنە، وا چاوەڕوان دەکرا ببێتە هۆی رقەبەرایەتی نوێ. نوری خۆی بە دەستەوەداو لێی بووردراو پلەیەکی درایە لە پۆلیسی عێراقدا. لێپرسراوان نەیانوێرا نزیک بە رەواندوز دایبنێن چونکە داوای تایبەتی خۆی لەگەڵ کارەکەیدا بەرهەڵست بوون. لەبەر ئەوە لەو چوار ساڵەی لە کوردستاندا بووم، چاوم پێ نەکەوت. هەرچەندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چیرۆکی زۆرم دەربارەی بیستیبووو دیارە زۆر ئازاو بەتوانا بوو دەبووایە بمناسیایە. بەتایبەتی مەیلم بۆ ئەو شەخسە کوردە سەرکێشانە هەبووو زۆرم حەز دەکرد بتوانم هەوڵ بدەم بۆ نەهێشتنی ئەو ناحەزییانە. لە راستیدا بۆ چەند ساڵێک ئاسمانی ناوچەکە پڕ هەوری چڵکنی تۆڵە بوو هەرچەندە وەک تەم لە ئاسۆدا دیاردەکەوت. هەندێک دەیانووت ئەم نەریتە لەبیر دەچێتەوەو ئیسماعیل بەگ مێرد منداڵێک بوو کاتێک براکانی نووری کوژران. ئێستا ئەو هەموو ناوبانگەی کەوتۆتە دەستو پیاوێکی بە توانایەو دوژمنەکەی لە دوور دەژێتو دوژمنایەتییەکە کۆتایی پێ دێت.

لە حامیدم پرسی ئایا ئەو چۆنی بۆ دەچێت دوای ئەو هەموو ساڵە دامرکاندنەوەیە، ئەو دوژمانەیتییە هەڵناداتەوە؟ حامید بە دەنگێکی پڕ بڕواوە گوتی: ئیسماعلی بەگ لەوانەیە لێی ببورێت بەڵام نووری قەد لەبیری ناچێتەوە. ئەمەش عادەتی کورد نییە کە لێبووردنی هەبێت یان لەبیری بچێتەوە. لەبەر ئەوەشە ئیسماعل بەگ کە سەفەری دەکرد کۆمەڵێک چەکداری لەگەڵدابوو. دەمزانی کوردی وەها هەن بێ چەک ماڵەکەیان بەجێ ناهێڵن. میر محەمەد ئەمین ئاغا یەکێک بوو لەوانە. جارێکیان لێم پرسی ئایا دەوێرێت لەگەڵمدا بێت بۆ بینینی پردە تازەکەی تەواومان کردووە؟ بە خۆشییەوە بانگکردنەکەی وەرگرت، چونکە کوردەکان زۆر حەزیان بەوەبوو بە خێرایی پەنجا کیلۆمەترێک بەو لاقەدانەدا بە ئۆتومبێل بڕۆن، کە ئەوان بە پیادەییو بە سواری وڵاخ، کاتێکی زۆریان پیادا دەبردە سەر.

ئەم سەرەک خێڵە هەموو جارێک بە پڕچەکی دەهات، بە دەمانچەو تفەنگو خەنجەرەوە. منیش پێم دەگووت بۆچی بە بێچەک ناگەڕێیت تفەنگەکەت جێ بهێڵە هیچ کەس پەلامارت نادات. وەڵام ئەوەبوو کە لە رۆژانی رابردوودا من پیاوم زۆر کوشتووەو دوژمنی زۆرم هەیە کە چاوەڕوانی تۆڵەن منیش پێم دەگوت: ئەوان تۆ ناکوژن ئەگەر لەگەڵ مندا بیت. ئەم پیاوە پیرە گوێ نەدەرە حەزی بەو ژیانە پڕ لە ئاشووبییەی وڵاتەکەی بوو. لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر بیانەوێت هەردوهوکمان دەکوژن، بەڵام تۆ من لەگەڵ خۆت مەگێڕە، ئەگەر دەزانی بۆ خۆت باش نییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیش گوتم: ئەگەر حەزت لێیە ڕەشاشێک بهێنەو ئەگەر لە ڕێگا پەنچەر بووین ئەوا بەکاری دەهێنین بۆ تایە لێکردنەوەو وەک جوتێکی سەیر پێکەوە دەستمان کرد بە گەڕانەوە. میر محەمەد ئەمین ئاغا پیاوێکی پیری ترسناک بوو. بەڵام زۆر تەبیعەت خۆش بوو و لەو بڕوایەدا نیم دوژمنی زۆری هەبێت، بەڵام حەزی لێبوو کە من وەها بزانم. خۆیو تفەنگەکەی لێک جودا نەدەبوونەوەو لە کاتی خەوتندا لە تەنیشت خۆیەوە رایدەکێشا کە لە خانووە بچوکەکەمدا دەمایەوە ئەوها کوردە خێڵەکییەکان وریای خۆیان بوون. دەمەقاڵێی زۆر لە نێوان خەڵکانی دواکەوتوودا ڕوودەدات. هەر لەو کوتو خۆڕایی ناخۆشییەکی بچووک دەبێتە هۆی ناخۆشی لە سەرەتاوە هەر هەراو دەماقاڵە. زۆر جار لە دواییدا دەبێتە کاری پڕ ستەم. بۆم دەرکەوت کە یەک ڕێگا هەیە بۆ کورد، کە دەمەقاڵێی ئاسایی لەبیر بچێتەوە، ئەویش بە سەرزەنیشتی کردن. ئەم خەڵکە هەستێکی بەرزیان هەیە بۆ قسەی خۆشو پێکەنین، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ناخۆشییەکان. با باسی چیرۆکی ڕووداوی بەینی تۆفیق ئاغاو غوفار ئاغای خزمی بکەین، کە لە گوندێکی تەنیشتییەوە دەژیا. دەماقاڵەکەش لەسەر داواکاردنی کچە میرێکی کورد ڕوویدابوو کە بێوەژنێکی بەناوبانگو جوانو دەوڵەمەند بوو. هەردووکیان دەیانویست بیهێنن‌و هەریەک هەڕەشەی لەویتر دەکرد. دەمەقاڵەکە گەیشتە پلەیەکی وەها خێڵەکانیان گەیشتبوونە پێکدادانو بووبووە هۆی بێئارامیو کاریکردبووە سەر بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە. هەردووکلا خەریکی ئەوە بوون کە لەم ژنهێنانەدا یاسا پشتگیریان بکات. ئەمەش بەوە بوو کە هەرکامێکیان دەست بداتە چەک بە یاخی دەژمێردرێت دژی دەوڵەتو بەرپرسیار دەبێت. لەوانەیە کچی میریش هیچ مافێکی هەڵبژاردنی نەبێت، لەوانەشە حەزی بەوە بووبێت شەڕی لەسەر بکرێت. بێگومان ئەم ڕووداوە سەیرە ئەوەندەیتر شۆخیو ناوداری کچەی زیادکردبوو. هەردووکیان هەڕەشەی کوشتنیان لە یەکتر دەکردو دەبووایە کارێک بکرایە بۆ بەربەستکردن. ئەفسەری سیاسی ناچەکە بە نهێنی بەدوای هەردووکیانی ناردبووو ئامادەبن لە کاتو شوێنی دیاریکراودا لە هەولێر. هیچ کامیان نەیدەزانی کە ئەویتریان بانگ کراوە. لە پێشەوە تۆفیق ئاغا گەیشتبووە جێ پێیان گوتبوو ئەبێ چاوەڕوان بکات هەتا ئەفسەری سیاسی چاوی پێدەکەوێت. دواى ئەویش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

غوفار ئاغا گەیشتبووو لە هۆدەیەکی جیاوازدا چاوەڕوانیکردبوو. لە دوو دەرگای جیاوازەوە بەبێ چەک هەردووکیان چووبوونە بەردەمی ئەفسەری سیاسی. بۆ دەستخەڕۆییان لوتیان بە لوتی یەکەوە بووبوو. پیاوە ئینگلیزەکە گوتبووی ئێوە هەردووکتان لە دەمهەراش بەولاوە هیچیتر نین. ئێوە هەردووکتان داوای ئەو کچە دەکەن، خۆتان هەڵدەکێشنو هەڕەشە لە یەکتر دەکەنو وڵاتەکەتان ناخۆش کردووە. ئێستا توشی یەکتر بوون. بابزانم چی دەکەن دوو دەمانچەم ئامادە کردووە، هەریەکەتان لە سوچێکی حەوشەی سەرادا رادەوەستێتو دەمانچەکانتان دەدرێتە دەستو تەقە لە یەکتری دەکەن هەتا یەکێکتان دەمێنێت کە بتوانێت داوای ژنەکە بکات. رووی کردبووە پۆلیسەکانی کە لە دەرگاکەدا راوەستابوونو فەرمانی دابوو حەوشەکە پیشانی ئەم دوو پیاوە بدەن فەرمانم داوە هێسترێک ئامادە بێت بۆ بردنەوەی لاشەی کوژراوەکە بۆ گوندەکەی خۆی. هەردووکیان بەسەر شۆڕییەوە تەماشای یەکتریان کردبووو چاوێکیان لە دەمانچەکان بڕیبوو. شەڕی رووبەڕووی شێوەی ئێرانی لە خەیاڵی ئەواندا نەبوو. تۆفیق ئاغا گوتبووی بەڵام چاوەڕوان ناکرێت ئێمە شەڕ بکەین. غوفار ئاغا گوتبووی بێگومان نەخێر. هەردووکیان پێکەوە گوتبوویان پیاوەکانمان دەبێ شەڕەکە بکەن. نابێ ئێمە شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەین. ئەفسەرەکە گوتبووی ئایا ئێوە ئەم دەمانچانە وەرناگرن؟ ئەگەر نا لەمەودوا روومەکەنە منو کاتم بە فیڕۆ مەدەن. ئەگەر هیچیتر گوێم لەم بەزمە بێت بۆ خۆم بەو خانمە دەڵێم کە چی ترسنۆکو دەم هەراشێکن، وابزانم ئەو بۆ خۆی هەر ئەمە دەزانێت. هەردووکیان زەردەخەنە گرتبوونی دەستیان کردبوو بە پێکەنین. لەسەر خۆو بە دڵخۆشییەوە چووبوونە دەرەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەی ئەم بەزمە بکەن. بەم شێوەیە ئەم دەمەقاڵە بچووکە چارەی بۆ دۆزرایەوە، بەڵام دوژمنایەتی ئیسمعایل بەگو نوری هەروا مایەوەو هەردوولا پیاوی لێ کوژرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی نۆزدەیەم

## لەناوچوونی سەردارێکی کورد

ئیسماعیل بەگ لە هەموو کاتێکیدا سەردانکەرێکی رووخۆش بوو. ئەو رقی لە مرۆڤ نەدەبۆوەو کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەمە نەریتیانە. ئەگەر خوێنەری ئەم پەرتووکە هەتا ئێستا هەستی پێنەکردبێت، با من لێرەدا بیلێم کە عێراق ولاتی ئەو هەموو نەهامەتو خەفەتە نەبوو، نە بۆ کوردو نەبۆ عەرەبو نەبۆ کارکەرانی بەریتانی کە لەوێ کاریان دەکرد. بە پێچەوانەوە، عەرەبەکان زۆر گورجو پێگەیشتوو بوون. خەڵکانی پێگەیشتووی شارۆچکەکان، میوان بن یا خانە خوێ، پیاو هەست بە خۆشی ژیان دەکات کاتێک لەگەڵیاندا بن. حەزیان بە کاغەزێن هەیە بۆ رابواردن ئەوەندەش توندڕەو نین وەک پەیڕەوانی قورئان داوا دەکەن. لەوانەیە دژی بەریتانییەکان بن لەسەر پرنسیپێک کە لە خوێنیاندایە دەبێت هەر دژی یەکێک بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆستێکی جێگەی متمانەن بۆ کەسانێک خۆیان حەزیان لێبێت.

لەبەر ئەوەی کوردەکان خەڵکانی شاخین، کەمێک جیاوازن‌و زیاتر کەمدوون، لە خووڕەوشتدا وەک سکۆتلەندییەکانن. لە عەرەب کەم زەقترن، بەڵام حەز بە نوکتە دەکەن بەتایبەتی ئەگەر دژی خۆیان یان رەگەزەکەیان بێت. جۆرێکن لە فەیلەسوفو بڕوایان بە چارەنووسەو کاتێک ببن بە دۆستت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له عەرەب دۆستی راستترن، بەڵام ساویلکەش نین. بە چاوێکی تیژەوە سەیری جیهان دەکەن و بە قوڵی حەزیان لە گۆڕانکارییە نوێیەکانە لە زانیاریی و پیشەسازیدا، هەرچەندە وڵاتەکەی خۆیان دواکەتووو سەرەتاییە.

لەبەر ئەمانە من هیچ لام سەیرنەبوو، کە ئێوارەیەک لە کاتی دانیشتنێکی رۆشنبیریدا ئیسماعیل بەگ ئاخافتنەکەی گۆڕی بۆ پێشکەوتنی بێتەل و تەلەگراف لەم ساڵانەی رابردوو داو گوتی: لام سەیر دەبێت کاتیک تۆ لەکاتی پشووەکەتدا لە ئینگلتەرا چاو لە رادیۆیەک دەگێڕیت بۆ من. بیستوومە ئێستە ئێستگەی رادیۆی زۆر لە ئەورووپاو تورکیاو روسیا هەیەو من حەزم بەوانەی ئینگلیز هەیە گوێیان لێبگرم و من ئینگلیزی دەزانم و دەتوانم گوێ لە دەنگ و باس بگرم و مۆسیقای خۆرئاوایی نیوەشەو بۆ من زۆرخۆشە، چونکە خۆت دەزانیت من شەوانە خەوم نییە.

من هۆی ئەم کەم خەوییەی دەزانم و ئەو وای دەزانی بەشەو پەلاماری دەدرێت و لەبەر ئەوە شەو بە خەبەربوو.

منیش گوتم: دڵخۆش دەبم کە رادیۆیەکت بۆ پەیدابکەم و لەگەڵ خۆمدا بۆتبێنمەوەو لەوە دەترسم رێگری زۆر هەبێت لە بەکارهێنانی لە شوێنێکدا وەک رەواندوزدا. پێمبڵێ هەتا کەی ئەم هێشکگرتنە بەردەوام دەبێت و ئەم دوژمنایەتییە کۆنە کەی دوایی دێت؟ بەراستی دەبێت لەگەڵ نوریدا رێکبکەون. ئیسماعیل بەگ بۆ هەناسەیەک بێدەنگ بووو لەسەرخۆ سەری باداو گوتی: دەترسم ئەمە کارێکی نەکراو بێت. منیش هیچکات ئەم باسەم لەگەڵدا نەکردەوە.

له لەندەن بەدوای رادیۆیەکدا گەڕام، بەڵام کارێکی ئاسان نەبوو. دەبووایە ١٦٠٠ کیلۆمەتر دوور لە ئێستگەکەوە، بتوانرایە بەکاربهێنرێت و دەبێ شەپۆلی کورت و ناوەنجی و درێژی هەبێت بۆ ئەوەی دەنگوباس لە شوێنی دوورەوە وەربگرێت. لەبەر ئەوە رەواندوز کارەبای نییە، دەبێ رادیۆیەک بدۆزمەوە بە پاتری کاربکات. پاتریش لە شوێنی گەرمدا زوو تەواو دەبێت. هەروەها ئەم ئامێرە دەبێ بتوانرێت هەڵبگیرێت و قایم بێت بۆ ئەوەی بەری ئەو رێگە دوورەو سەرپشتی هێستر بگرێت. خۆشبەختانە من حەزم بە بێتەل دەکرد. لە تەمەنی دوانزەساڵیمدا توانیم زەنگێک دروست بکەم کە بە کارەبا لە دووری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٠ یاردەوە لێبدات. لە دواییدا شەوان درەنگ لە کادیندا خەریک دەبووم بە تەلەفۆنە سەرییەکەم گوێ لە دەنگی مۆرسی بگرم کە کەشتییەکانی ناو دەریا دەیاننارد کە لەو کاتەدا دەستیانکردبوو بە بەکارهێنانی بێتەل. لەو کاتەی بە دڵخۆشییەوە خەریکی لێکدانەوەی خەتو نوقتە دەبووم، هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە کە رۆژێک لە رۆژان بەهۆی بێتەلەوە مۆسیقا بگەیەنمە خەڵکانی ماڵینەکراوی کوردستان.

لە دواییدا توانیم رادیۆیەکی باش بۆ ئیسماعیل بەگ بکڕم، لەوانەی ئێستا بەناوبانگن‌و پێیدەڵێن سۆپەر سکستی‌و لە هەموو ئینگلتەرە بەکاردێن‌و دەڵێن شەست ئێستگە وەردەگرێت.

ئایا لەو وڵاتەی بۆی دەچێت دەبێ هیچ ئێستگەیەک وەربگرێت؟ ئەمە کارێکە دەبێ تاقیبکرێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەوەی من کڕیبووم دەبێ لە ماڵدا لێکبدرێت پێش ئەوەی سندوقی پارچەکانیم بگەیاندایە کوردستان، دەبووایە لە کەرکوک قەناعەتم بە خەڵکانی گومرگ بکردایە کە هیچ پارچەیەکی بەکارنەهێنراوە بۆ شاردنەوەی بەنگ‌و بۆ ئەوەی قەناعەت بکەن یەکێک لە لێپرسراوانی گومرگ میلێکیان شکاندو منیش زۆر تووڕە بووم، بەڵام توانیم لە بەیروت پەیدای بکەم.

لە هەموو شتیک سەیرتر ئەوەبوو کە سندوقە شتومەکەکانم لەگەڵ خۆمدا گەیشتنە شوێنەکەم لە دۆڵی بەرسرین. بەو بەشەی ریگاکەدا لێمخوری کە خەریکبوون تەواویان دەکردو خاکەنازو بادییەکانیان بەرزکردەوە بۆ بەخێرهاتنەوەم. بۆ چوار مانگ دوورکەتبوومەوەو دڵخۆش بووم کە جاریکیتر گەڕامەوە بۆ ناو ئەو سەروچاوانەی خووم پێوە گرتبوو. ئەوەندە لە مێژە پێکەوە کاردەکەین هەموو کریکارەکانم دەناسییەوەو دەهاتنەوە یادم کاتێک بە لایاندا تیدەپەریم. الله داد لەوێبوو، گونگای هیندی بۆڕیچیش بە زەردەخەنەیەکەوەو کەریم‌و مەحمودیش بە خۆیان‌و دڕڵەکانییانەوە ئەو ناوەیان پڕکردبوولە هاڕەو گرمە، سایمۆنی ئەرمەنیش کە بە منداڵی ژنە کوردێک بەخێویکردبوو، لەسەر هەوا پەستێنەرەکە کاریدەکرد بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ بێت. بەڵێ زۆر خۆشبوو کە گەرامەوە، هەتا هەوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەستینەرەکەشی وەک دۆستیکی پیر وابوو، نەک مەکینەیەک، بەڵام وەک گیانلەبەریکی پڕ هەستو زیرەک کە گەلێکجار نەخۆسییەکانیم چارە دەکر. سەرۆک کوردەکانو ئیسماعیل بەگ هاتن بۆ بەخێرهاتنەوەمو پرسیاریان دەکرد لە بابەت ئینگلتەرەوەو دەیانگوباسی ناوچەکەیان پێ دەگوتم.

دەربارەی رادیۆکەم، دەمزانی بەکارهێنانی گرانە، بۆ ئەوەی بتوانین بەکاریبهێنین، سێ ئەریەلم خستە سەریەک. یەکێکیان لەسەر سەربانی زنجەکەمو دووەمیشیان بەسەر رووبارەکەدا پەراندمەوەو بە داربەڕوویەکەوە بەستمانەوەو سێیەمیشیان بە وایەریکی ٣٥٠ مەتری گەیاندمە ئەو شوینە بەرزەی کە بە لاقەد شاخەکەوە هەڵۆ لێیهەڵدەنیشت.

کات هاوین بووو ئەو پاتریانە بەرگەیان نەدەگرتو دەستیانکردبوو بە کزبوون هەر وەک خۆم بۆی چووم. هێستا نووزەیان تێدامابوو وبە مەکینەی ئۆتۆمبیلەکەم پڕمکردنەوەو بەیەکەوە بەستمنو رادیۆکەم کردەوەو میلەکەم بادا. لەوکاتەدا ئیسماعیل بەگ بە دیارمەوە راوەستابووو بە پەرۆشەوە سەیری دەکردم.

هەتا ئەوسا وامدەزانی زۆر کەم دەزانم لە زانستی هەوا. بەڵام قەت گوێم لە دەنگی وەک ئەوانەی ناو شاخەکانی کوردستان نەبووبوو. دوای هەوڵدانیکی زۆر، بۆم دەرکەوت کە ئەم دەنگانە کەمتر کار لە شەپۆلی کورتدەکەنو لەو ئێوارەیەدا هەر خەریکبووین، هەتا لە دواییدا گوێمان لە مۆسیقا بوو، لەگەڵ ئەو هەموو هەراو تەقو هوڕەدا کە ئەریەلەکان وەریدەگرت، بەڵام مۆسیقامان گوێ لێبوو.

حامید زەردەخەنەیەکی هاتە سەر لێوو ئیسماعیل بەگیش هاتە پێشەوەو گوتی: دەبێ ئەم سەرەک خێڵانە گوێیان لێی بێت، دەزانم دڵیان پێی خۆش دەبێت. شەو درەنگ بوو، هەر کارم لەسەر رادیۆیەکە دەکرد، دەمویست باشتری وەرگرمو لە هەندێک کاتدا دەمتوانی نزیک بە هەموو ئێستگەکانی ئەوروپا وەربگرم کە زیاتر لە ٣٢٠٠ کیلۆمەتر لێرەوە دوور بوو. کاتیک کە هەوا باش دەبوو، شەو درەنگ دوای ئەوەی ئێستگەکانی ئەوروپا دایاندەخست، پرۆگرامی ئینگلیزی شەپۆلیان دەداو بە جوانی دەگەیشتنو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیستگەی نیشتمانی لەندەن لەسەر شەپۆلی ١٠٦ مەتر بە باشی وەردەگیرا. بیگ بن بە بەرزی دەنگی دەهاتو سەعاتەکەم لەسەری کۆک کردبوو و تاقمە رووتەکەم بە عەرەبو کوردو ئێرانییەوە بە پێی کاتی ئینگلیزی کاریان دەکرد. خۆ ئەگەر بیگ بنم بۆ وەرنەگیرایە، ئێستگەی ئیتالّی شوێنی دەگرت. کریکارەکان هیچ گوێیان نەدەدایە ئەگەر بە هەڵە کاژیرێک زیاد کاریان بکردایەو ئەوان بە خۆشییەوە کارەکانیان دەبردە سەر. لەو کاتانەدا شەپۆلی کورتی ئێستگەی ئینگلیزی وەک هی فەڕەنسیو ئەلّمانیو هۆلّەندی باش نەبوون. ئەمەش پێش ئەوەی ئێستگەی ئیمپراتۆری بە باشی دەستپێبکات. ئەمڕۆ گوێگرانی بەریتانی لە هەموو سوچێکی جیهانەوە دەتوانن بە شەوو بە رۆژ گوی لە ئێستگەی لەندەن بگرن. ئەگەر بتوانن شەپۆلەکان بە باسی جودا بکرێنەوە، ئەوسا باری گرانی دوورە ولّاتی گەڕیدەکان لە ولّاتانی دووردا دەتوانرێت سووکتر بکرێت.

لە بابەت تەکتیکەوە، وەرگرتنی ئیستگە لە ناو ئەو شیوە قولّانەی شاخەکاندا کاریکی سەیر بوو، لە رێگەی ئۆفیسی برادەرێکەوە لە BBC، توانیم بە چەند ریپۆرتێک لە وەرگرتنی G55W بەشداری بکەم، کە لەو کاتەدا تەنها شەپۆلی کورتی بەریتانی بووو هێشتا لەژێر تاقیکردنەوە دابوو. پێمگوترا کە ئەو ریپۆرتانەی لە هەرچوارلای ئیمپراتۆری بەریتانییەوە دەیانگەیشتێ، زۆر بەسوود بوون بۆ BBC لە دانانی پلانەکانیان. بە ناوی خۆمو ئەوانەی لە شوێنی دوور بووینو لە کێلّگەو رێگا پیشاندەری دەریاو قوتبەکانو دارستانەکانی ئیستیوادا بووبین، هەموو سوپاسی بێپایانیان دەکەین کە ئێمەیان لەبیر نەچووە.

هەندێک جار کە دەمخستە سەر شەپۆلی کورت، هەر هێلّی تەلەفۆنی سیدنی بۆ لەندەنم وەردەگرت. ئەو کەسەی کە ئەم تەلەفۆنەی بەکاردەهێنا لە ئوستورالیاوە بۆ ئینگلتەرە، لای سەیر بوو کە دەنگی ئەو لە شاخە بەرزەکانی ئاسیاوە دەبیسترێت ((بە سیستەمی نوێ ناتوانرێت گوێ لە وشەکانی تەلەفۆنی رادیۆیی بێت)). بێتەل دەستیکرد بە پێشکەوتن لەو کاتەدا بوو کە کو هێرەر بۆ یەکەمجار بۆی دەرکەوت کە لە دووری سی مەترەوە لە شوینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەخش، هەست بە شەپۆلی کارەبایی دەکرێت. بۆ یەکەمجار، کە کوردەکان گوێیان لەو سندوقە بوو کە بە زمانێکی نەزاندراو، دەنگ لە هەواوە وەردەگرێت، لە شوێنی دوورو نزیکەوە، دەستیانکرد بە هاتن بۆ سەیرکردنو گوێ لێگرتنی. حامید بە شێوەیەکی زۆر سەیر باسەکەی بڵاوکردبۆوە ((ئەو هەموو کاتێک ستایشی کارەکانی منی دەکرد)). هەرچەندە دەبوو داوای لیبوردن بکات کە سندوقەکە هەر مۆسیقای ناخۆشو خۆرئاوایی لێدەدات. زۆر کەم دەمتوانی بیخەمە سەر ئێستگەی تورکی کە چاڵغی لێدەدا، کوردەکان زەردەخەنەیان دەهاتیو ئەم پێخۆشبوونەیان وەک جێگەی سوپاس پێ وابوو.

خەلکانی خۆرهەڵات، زۆر حەزیان بە مۆسیقا سەیرەکەی خۆیانە. بۆ ئەوەی هەندێک فێری مۆسیقای کوردیبم، لە لاڕێیەکاندا لەگەڵ شمشاڵ ژەنەکاندا دادەنیشتمو گوێم لە ئاوازی گۆرانی ئەوینی دەگرت، یان ئاوازی گۆرانی شەڕو ئازایەتی، هەمووی لەسەر نۆتەی چوارینەی سۆفیگەریو دڵتەنگی بوو کە هندییەکان بەکاریدەهێنن بۆ یارییێکردن بە مار. هەرچەندە کوردەکان ئەوەندە گوێ نادەنە مۆسیقای خۆرئاوایی ((قەتیش گوێی ناداتێ)) بەڵام دڵیان بەوە خۆشبوو کە لە هەواوە گوێیان لە دەنگ دەبوو. زاندراوە کە باشترین کات بۆ گوێلێگرتن، شەو درەنگە. لەبەر ئەوە میوانەکانم دەهاتنو لە کامپەکە دەمانەوە هەتا ئەو کاتەی دەستمان بە بەکارهێنانی رادیۆکە دەکرد. هەر کە جارێک کە گوێیان لە ئاهەنگەکە دەبوو، داوای ئەوەیان دەکرد کە کوڕە بچووکەکانیان بهێننو ئەوانیش گوێیان لێبێت.

هەوڵبدە ئەو دیمەنە شەوڵییە لەو دۆڵە چۆڵەدا، بهێنیتە پێشچاوی خۆت کە کۆمەڵە بەردی ئەو بەرزاییانە، نیوەی رۆشنایی ئەستێرەکانی ئاسمانیان دەشاردەوە. ئاگر لە سوچێکی هۆدەکەدا کڵپەی دێتو بە دەوریدا میوانە کوردەکانم دانیشتوونو تفەنگە درێژەکانیان بە دیوارەکەوە هەڵپەساردووە. بە سەرسوڕمانەوە چاوەکانیان زەقکردۆتەوە. کاتێک میلی رادیۆکە دەسوڕێنم، وەک خێوی ناو ساخەکان هاوار بکات، هەندێک جار مۆسیقاو هەندیک جار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشەی زمانیکی نەزاندراوو هەندێک جاریش تەقەتەقی هەوایان گوی لێ دەبێت.

یەکێک لە سەرەک خێڵەکان دەپرسێت: ئەو شوێنەی ئەم دەنگەی لیوەدێت چەند رۆژە رێیەک دوور دەبێت؟ ((لە کوردستاندا هەموو دوورییەک بە چەند سەعاتە رێ یان بە چەند رۆژە رێ لێک دەدرێتەوە)). منیش وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم: ئۆ... سەد رۆژە رێیەک دەبێ، بە سواری ئەسپێکی خێرا.

چەندی پێ دەوێ ئەو دەنگە بگاتە ئێرە؟

کەمتر لەو کاتەی تۆ چاوت دەتروکێنیت.

هەموویان بە سەرسوڕمانەوە دەمیان دەکەنەوەو دەڵێن ماشا ئەڵڵا لەم کارە نایابە! بۆ ئەوەی دەریخەم چییان حەزلێیە، بە شێوەیەکی نهێنیو حەزیشم لێ بوو گاڵتەیان لەگەڵ بکەم، میلی رادیۆکەم دەگێڕا لەم ئیستگەوە بۆ ئەو ئێستگە، بەرلین، ڤییەنا، مۆسکۆ، مەدرید، یەکە یەکەو بێ ئەوەی لەسەر کامیان راوەستێم. ئەم کارە لای گوێگرانی بێتەل، زۆر ناشرینە، بەڵام بە ئاسایی بەسەر کوردەکاندا تێدەپەڕێت، هەرچەندە گوێگرانی شارستانیتر بێگومان شتێکیان پیادا دەدام. بە درێژیی میلی رادیۆکە لەسەر ئەو ئێستگەیە رادەگرم کە ژنە پەخش کەرەکە لە رۆماوە بەو دەنگە خۆشو ناسکەیەوە قسە دەکا.

محەمەد ئەمین ئاغاش دەڵێ: ئاە، هیچ شتێک نییە لە دەنگی ژنێکی گەنج خۆشتر بێت. منیش دەڵێم لەگەڵ ئەو هەموو ژنەی هەتە، من وامدەزانی تۆ لە دەنگی ژن بێزار بیت، چونکە ئەو نیو دەرزەن ژنی هەبوو. ئەویش دەڵێت: قەت نەو، هەرچەندە دڵ تەنگ دەبم کە بڵێم من پیاوێکی پیرم. لەگەڵ زەردەخەنەکەیدا روو دەکاتە دانیشتوانی هۆدەکەو سەری با دەدات. ئیسماعیل بەگ رادیۆکەی برد بۆ رەواندوز بۆ رەواندنەوەی ماندوێتی هێشکی نیوەشەویو منیش چووم بۆی دابمەزرێنم. زۆر ناخۆشبوو کە لەوێ زۆر بە گرانی کاری دەکردو زۆریش گران بوو لەوێ پاترییەکان پڕ بکەینەوە. کە پێم بکرایە دەچوم بۆ رەواندوز بۆ یارمەتیدانی ئیسماعیل بەگ لە بەکارهێنانی رادیۆکە. زۆر جێی خۆی بوو کە ئەو سندوقە پڕ لە تەنگژەیەم هێنا بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان. لەو ئێوارانەیەدا کە هەموو هەوڵەکانم بەکارهێنا بەڵام بێسوود بوون لە بەکارهێنانی رادیۆکە. ئیسماعیل بەگ دەیوت قەیناکاتو لە جیاتی رادیۆکە باسی خەڵکەکەی بۆ دەکردم، چونکە ئەو حەزی بە قسەکردن بوو. بەم شێوەیە زۆر لە بابەت ئەو پیاوەو وڵاتەکەی فێربووم. ئەو دەیگوت ئەگەر ئێوەی بەریتانی یارمەتیمان بدەن، وردە وردە لە کوردستاندا هەموو پێداویستییەکانی ژیانمان دەست دەکەوێت. لەوەتی ئێوە هاتوون ئێمە بەرەو پێش دەچین. بەڵام ئەگەر ئێوە برۆنو ئێمە بەجێ بهێڵن رووبەڕووی چارەنووسی خۆمان ببینەوە دەبێت هیوامان چی بێت؟ هیچ کام لە دراوسێکانمان یارمەتیمان نادەنو بە پێچەوانەوە، هەوڵ دەدەن رێگرمان بن. کوردستان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ وەک سویسڕای لێ بێت بۆ ئەوروپا. وڵاتێکی بچووک بەڵام بێلایەنو دوورە شەڕ: لە جیاتی ئەمە ئێمە دابەشکراوین بەسەر چوار وڵاتدا کە رەگەزو زمانی ئێمەیان نییە گوێنادەنە بەرژەوەندی ئێمەو هەمیشە تەڵەمان بۆ دەنێنەوە هەروەک ئێرانییەکان کردیان لەگەڵ سمکۆدا.

بۆ نمونە با باسی تورکەکان بکەینو وشە جوانەکانیان لەگەڵ هەڵسوکەوتیاندا بەراورد بکەین. دوای ئەوەی عەرەبەکان لە ساڵی ١٩١٧دا دژی ئیمپراتۆری تورکی شۆڕشێکیان کرد، بۆ ئەوەی تورکەکان پاڵپشتی ئێمەیان دەستبکەوێت، ئەم بانگەوازەیان لە شاخی ئەرەراتو چۆڵە مەرگدا بڵاوکردبۆوەو وێنەشی گەیشتبووە رەواندوز. ئەمەش دەقە وەرگێڕاوەکەیەتی بۆ ئینگلیزیو لەوەشەوە بۆ کوردی.

هاوڵاتیان: دەوڵەتی کۆماری تورکی لەگەڵ بەرپاکردنی تەواوی پێویستییە شارستانیەکاندا لە وڵاتە خۆشەویستەکەماندا ((کوردستانی تورکیا))، رێگەوبان دروست دەکرێن، گوندەکانتانو شارۆچکەکانتان بە ماوەیەکی کەم رێگای هێڵی شەمەندەفەری دەبینن. منداڵەکانتان بەجێ ناهێڵدرێن بێ فێرگەو مامۆستاو خێزانەکانتان دڵخۆش دەبن بە سامانێکی زۆرو پێشکەوتن. ئارامیو یاسا پەرە بە دەوڵەمەندی وڵاتەکەتان دەدات. ژیانو سامانی شەرەفی هاوڵاتیانمان، لەژێر پاراستنی راستەقینەی پاکی یاسای کۆماردایە. ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسانەی بەرهەڵستی ئەمە دەکەن، خۆیان دەخەنە ژێر بەرپرسیارییەکی توندوتیژەوە، بێ بەزەییانە سزای خۆیان وەردەگرن. هەر بەرهەڵستێک بکرێت، یەکسەر سەرکوت دەکرێت بێ ئەوەی دەرفەتیان بدرێتێ بۆ سەرکەوتنیان. هەموو لێپرسراوان بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی کارەکانیان بەپێی ئەم پێشنیارانە بۆ دڵخۆشیو بەرژەوەندی میللەت.

ئیسماعیل بەگ گوتی: جگە لە هەڕەشەکان بانگەوازەکە زۆر روونە، بەڵام ئایا تورکەکان ئەم پرەنسیپە نایابانە بەرپا دەکەنو دەیهێننە کایەوە؟ کوانێ رێگەی هێڵی ئاسنین لە کوردستانی تورکیادا؟ بۆچی ئاوارەی کوردی هەژار لە تورکیاوە دێنو دەپاڕێنەوە بۆ یارمەتی؟ بۆچی ئاشوورییەکان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکەیان لە شاخەکانی هەکاری ئەگەر تورکەکان وەک دەڵێن ئەوەندە لێبوردەن؟

باری ژیانی بەشی وڵاتەکەمان لە ئێراندا لەوە باشتر نییە. کوردەکان لە ئێراندا بە زۆر دەبێ کڵاویکی سەیر لەسەر بکەن وەک دەڵێن ئەمە دەیانکات بە ئێرانییەکی ملکەچ. شەڕێکی زۆر لەسەر ئەم کڵاوە کراوە. بەڵێ لەوانەیە تۆ پێبکەنی، بەڵام لە راستیدا لەسەر ئەو کڵاوانە شەڕ قەوماوە. سەرۆکە کوردەکان بێ بەزەییانە دەکوژران یان بەند دەکران هەر لەبەر ئەوەی ئەو کڵاوەیان لەسەر نەدەکرد. تۆ چاوت بە خورشید ئاغای هەرکییەکان کەوتبوو. ئەو سەرۆکێکی ئاشتی خواز بوو، بەڵام ئەو و گەلێک کوردی هەژاریش، بە دەستی ئارتەشی ئێرانی لەم مانگانەی رابردوودا کوژران. شێخ سەید تەها بە نەزانانە پار چووە ناو ئێرانەوە، قەت لەو بەندییە رزگاری نابێت، هەتاکو هێزی بەریتانیش ناتوانێت یارمەتی بدات. منیش گوتم، هەرچۆنێک بێت تۆ دەبێ ئەوە بسەلمێنیت کە کوردەکان لە عێراقدا هەڵسوکەوتی باشیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەویش گوتی: بەڵێ لەم چەند ساڵەی رابردوودا ئێمە لە جاران باشترین، بەڵام ئێستا ماندەیت کۆتاییمان پی دێت. بێداریو رقی رەگەز پەرستی جارێکیتر خەریکە خشکە دەکاتە ناوەوە. بۆ نمونە، دژایەتی لە نیوان کوردەکانو ئاشوورییەکاندا هەڵگیرساوە بۆ ئەوەی یەکتری بکوژین. ئێمە لە مێژە بە ئارامی پێکەوە دەژین. ئەگەر وازمان لێ بهێنن هەروا دەمێنینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیش پرسیم ئایا تۆ دەڵێیت کە ئاشوورییەکانو کوردەکان بەراستی دەتوانن پێکەوە بژین بێ ئەوەی یەکتری ببڕێننەوە؟ چونکە ئەمە وا دیار نییە وەک تۆ دەڵێیت.

وەڵامی بێ وەڵامەکەی ئەوە بوو، ئایا لە چ شوێنێکیتر ئاشوورییەکان توانیویانە بژین بۆ ماوەیەکی وەها درێژ لە کوردستاندا نەبێت؟ ئێمە لە گەلێک لاوە وەک یەکینو هەموو بە کوردی قسە دەکەین ئایا بیستووتە خەبەرێک بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە داوای جیهاد دەکات دژی ئاشوورییەکان؟ کابرایەکی موسڵی بەکاری بڵاوکردنەوەکە هەڵساوە، کە خۆی پیاوی پارتێکی سیاسییە لە بەغدا. ئێمە لە ڕەواندوز هەستمان بە ئامانجە خراپەکەی کردو بەرەنگاری ئەوە بووین کە بەشداری بکەین، بەڵام سەرۆکانی ناوچەکانیتر گوێ رایەڵبوون بۆ ئەم جۆرە بانگەوازە.

بۆ خۆت دەزانی لەبەر چی هەندێک لە لێپرسراوانی عێراق رقیان زۆر لە ئاشوورییەکانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، لەکاتی شۆڕشی عەرەبیدا، ئەوان وەک هێزی لیڤی خزمەتیان دەکرد.

منیش گوتم: بەڵام عێراق بەم زووانە دەبێتە یەک نیشتمانو هیچ تەنگژەیەکی رەگەزی نامێنێتو رژێمەکە بە هەڵبژاردن هاتۆتە کایەوەو هەموو رەگەزەکان تییدا بەشدارن.

بە سەرسوڕمانێکو توندیەکەوە ئیسماعیل بەگ گوتی: ئایا وایە؟ پار من بە ناوی رەواندوزەوە ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووم. ئەمساڵ من نەبووم، بەڵام هەموو کوردەکان دەنگیان بۆ من دا لەوەی کە پێیدەڵێن هەڵبژاردن. لەبەر ئەوەی لە بەغدا روویان لە من نەبوو، من دەرنەچووم. دەبێت پیی بڵێین دانان نەک هەڵبژاردن. منیش پرسیم بۆچی لە بەغدا روویان لە تۆ نییە؟

ئیسماعیل بەگ گوتی: من ئەمەت بۆ باس دەکەم. لە شوێنی من لە رەواندوز یەکێکیان هەڵبژاردبوو کەس ناوی نەبیستبوو. تۆ دەزانی لە ساڵی ١٩٣٠دا هەڵبژاردن لە سلێمانی بوو بە هەرایەکی وەها سەربازەکانی سوپای عێراقی تەقەیان لە خەڵکەکە کرد. کام مرۆڤە ئازادە ئەم هەڵبژاردنە بە درۆ ناخاتەوە؟ سەیر نییە کە شێخ مەحمود وەک ناڕەزایی هەڵسا بە شۆڕشەکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆچی خەڵکانی ئێوە زۆر لە نزیکەوە نەیانپرسی پێش ئەوەی بڕیاربدەن؟ تای بەغداد یان دژی کوردەکان؟ دوای دوو ساڵ شۆڕشی کوردەکان بە هێزی ئاسمانی ئیوە تیکشکێنران، بەڵام هیچ لێپرسینەوەیەک نەکرا لە هۆیەکانی ئەم تەنگژییانە. لە راستیدا ئیوە دەبینن دەبێ هۆکار هەبێت بۆ ئەم نارەزاییانە؟

منیش گوتم: ئێمە ئەوەی بتوانین دەیکەین بۆ عێراق، پرنسیپی هەڵبژاردنمان فێرکردن‌و عێراق بە پێی کات فێر دەبێت. ئەویش گوتی: نەخێر ئەمە وەها نابێت، لە کاتێکدا ئێوە بە هێز پاڵپشتی بێدادی دەکەن. کاتێک عێراق دەتوانیت کوردستان بەڕێوە بەرێت کە تێبگات چەوساندنەوە کاریکی سەرنەکەوتووە. وەزعەکە هەتا بڵێی خراپەو هەڵسوکەوتە کۆنەکانی تورکەکان سەر لە نوێ بەکاردەهێنرێن. لەم ناوچەیەدا شێخ ئەحمەدی بەرزان زۆری لێکراوەو عێراق هەر خەریکی بۆردومانی خێڵەکانە. تۆ زۆر جار پێت گوتووین رێگاکە ئاڵوگۆڕ دەهێنێت‌و ئێمەش بڕوامان پێکردی، بەڵام یەکەم بابەتەکانی ئاڵوگۆڕو بازرگانی چییە کە لەسەر رێگاکە بیانبینین؟ بە تالیۆنێکی زۆر لە سەربازی عەرەب‌و هێڵی درێژی لۆری کە تەقەمەنی‌و بۆمبای فڕۆکەو ئۆتۆمبێلی زرێپۆش لەگەڵ رەشاشدا دەهێنن، بەڕاستی بابەتی بازرگانی سەیرن.

منیش قسەم پێ بڕی‌و گوتم: ریپۆرتی میری دەڵێت کە شێخ ئەحمەد رێگری کاری دەوڵەتەو پەلاماری خێڵەکانی‌تری داوە. لەبەر ئەمانە دەبوو سوپای عێراق بنێردرێت بۆ ناوچەکەو شێخ ئەحمەد سەرکوت بکرێت. ئەویش لەسەری رۆیشتوو گوتی: بەڵام لەبیرت نەچێت، وا بۆ دوو ساڵ دەچێت بەرێوەبەرایەتی بەریتانی لەم ناوچەیەدا نییە بۆ ئەوەی ریپۆرت بدەن لە بارەی رووداوەکانەوە. کاپتن چاپمان کە هەموومان رێزی لێدەگرین‌و متمانەی پێدەکەین، زۆر دەمێکە لە کوردستان دوور خراوەتەوە. لەبەر ئەوە چۆن خەڵکانی ئێوە لە بەغداد دەتوانن رووداوەکان هەڵسەنگێنن؟ تۆ لەناو ئێمەدا دەژیت، بەڵام تۆ ئەندازیاریت‌و ئەوەندە گوێنادەیتە باری ژیانی خێڵەکییەکان‌و هەرچۆنێک بێت تۆ لەم بابەتەوە دەبێ شتێک بزانی‌و من بۆتی روون دەکەمەوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێخ ئەحمەد پیاوێکی گەنجەو باوەڕی سەیری هەیە لەسەر دینی ئیسلام. بۆ ماوەیەک بووبوو بە نیوە مەسیحییەکو داوای دۆستایەتی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا دەکرد. یەکسەر پڕوپاگەندە لە کوردستاندا بڵاو بووەوە کەوا شێخ ئەحمەد لەگەڵ ئاشوورییەکاندا پیلان دادەنێن بۆ سەرکوتکردنی هەموو موسوڵمانەکان. بێگومان ئەمانە هەموو درۆن. بەڵام شێخ رەشیدی توونددڕەوی دراوسێی لەلایەن یەکێکی نەناسراوە، پاڵی پێوە نراوە پەلاماری ئەو کافرانە بدات. پێیگووترابوو کە گوللەی دوژمن دەبێت بە ئاو. ئەو ئەوەندە بێهۆش بوو پەلاماری شێخ ئەحمەدی دابوو. وەک خۆتان دەزانن، ئەو لەم شەڕەدا جەزرەبەی باشی لێدرابوو. لەبەر ئەوە ئەوە سوپای عێراقی هێنرایە ئەم ناوە، وەک دەیانگووت بۆ بەرپاکردنی ئاشتیو هێمنی لە کوردستاندا. هەر لە کاتی گەیشتنیدا، هێزەکە توشی تەنگژە بوو بوو بەیارمەتی ران دەربازکرا بوون. منیش وەک پێشنیارێک گووتم: دەبووایە شێخ ئەحمەد رێیپێبدرایە سوپاکە بە شێوەیەکی ئاشتی ناوچەکە بگرێت. ئەوسا ئەوانیش بۆردوومان نەدەکران. ئیسماعیل بەگیش لەسەری رۆیشتو گووتی: ئایا ئەو هیچ ریگری ئەوە بوو کە دەوڵەت بە شێوەیەکی ئاشتی بچێتە ناو ناوچەکە؟ ئایا ئەو رێگری رێگاکەت بوو یان نەیهێشت خانووبەرە دروستبکرێت؟ قەت شتیوا نییە. هیچ کەسێک نەهات لەم کارە بکۆڵێتەوەو بە شێوەیەکی ئاشتی لەگەڵ شێخ رەشیدا چارەیەک بۆ ئەم تەنگژەیە بدۆزنەوە. لە جیاتی ئەوە سوپایان ناردو توشی زیانێکی زۆر بوو. بەو پارەیەی لەو پەلامارانەدا خەرج کرا لەوانە بوو کوڕانو کچانی کوردستانیان فێر بکردایەو ببوونایە بە پاڵپشتو بەم شێوەیە بیمتمانەیی نەهێشتایەو رەزامەندی بەرپا بووایە. ئێستاو وەزعەکە لە جاران گەلێک خراپترە، چونکە زۆر کەس کوژرانو گوندەکانیش وێرانکرانو برسێتیو چەوسانەوە بڵاو بووەوە، تەبیعەتی کوردیش وایە نەلە بیری دەچێتەوەو نە لێبوردنی هەیە.

من هیچ گومانێکم لە قسەکانی ئیسماعیل بەگ نەبووە، بەڵام وەک ئەندازیارێک خۆم لە سیاسەتو لایەنگری دوور دەگرت. زۆر جار قسەم لەگەڵ پیاوماقوڵانی ناوچەکە دەکردو هەوڵم دەدا بۆ هێمن کردنەوەیان کاتێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که توندوتیژ دەوەستان بەرامبەر ئەو کارانەی وایان دەژمارد خراپ بێت، که بەرامبەر خەڵکەکانیان دەکرێت. باشترینو سەرکەوتوترین ڕێگەیش بۆ چارەی ئەم هەڵسوکەوتانە ئەوە بوو که ئاخافتن بگۆڕینو خاویان بکەمەوەو پێکەنینیش باشترین دەرمان بوو.

منیش ئەم پرسیارەم ئاراستەیان کرد، ئایا ئێوە باسی مریشکەکانتان بیستووە؟

مریشک؟

بەڵێ مریشک- دەجاج

تۆ باسی چ مریشکێک دەکەیت؟

ئەو مریشکانەی لە بەهەشتەوە بەسەر سوپای عێراقدا فڕین کاتێک شێخ ئەحمەد دەری دابوونو ئەوانیش برسی بووبوون.

ئیسماعیل بەگیش بە تووڕەوییەوە گوتی: بۆچی قسەی وا بێمەعنا دەکەیت؟ منیش گوتم: هیچ بێمەعنا نینو ڕاستو ڕوونەو ئەمەش ڕووداوەکەیە. بێگومان ئێوە دەزانین پیاوەکانی شێخ ئەحمەد پەلاماری کاروانی ئازووقەی سوپاکەیان دابوو چوار سەد هێستریان بە بارەوە بردبوو که خواردەمەنیو پێخەفو تەقەمەنی بوون.

ئیسماعیل بەگیش گووتی: بەڵێ ئێمە ئەمانە دەزانین که چۆن سوپای عەرەب ئیفلیج بووبوو بەدەست سێ سەد لە پیاوەکانی شێخ ئەحمەدەوە، ئەوەیش ئەوە بوو که فڕۆکەکانی بەریتانی فەرمانیان درایە بەشداری لە شەڕەکەدا بکەنو لەکانی لینجە بۆردوومانی خێڵەکانی بەرزانیان کرد. منیش دەستم کردەوە بە قسە: بەڵام دەبوو لە پێشەوە بە فریای سوپاکە بکەون، بەتانیو خواردەمەنیو پێداویستییەکانیتر لە فرۆکەکانەوە بۆیان بەردرابوونەوەو هێزەکە ترسابوونو خۆیان پەنا دابوو، بەڵام کاتێک مریشکەکان بە لووسی هاتبوونەوە هۆشی خۆیان. دەبووایە ران (ناوی هاوڕێیەکی نووسەرە. وەرگێر) لەسەر بەردانەوەی مریشک، تاقی کردنەوە بکات. لە یەکەم کۆمەڵدا که بەردرابوونەوە، هەوای پەروانەی فرۆکەکە ئەوەندە توونـد بووە، باڵی مریشکەکانی لە بندا دەرهێنا بوو مریشکی بێباڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەر بووبوونەوە سەر عەرد. ئینجا رەشاشچییەکانی فرۆکەکە مریشکەکانیان خستبووە کیسەی کاغەزەوەو فڕێیان دابوونە خوارێ، لە ئاسماندا بڵاوبووبوونەوەو بەفڕین هاتبوونە خوارێو دەستیان کردبوو بە قیڕەو باڵەفڕێ.

ئیسماعیل بەگ دەستیکرد بە پێکەنینو بەقسەی خۆشەوە هاتەوە سەر خۆیو گووتی، زۆر لە بابەتی بەشەکانی جیهانەوە دەخوێنمەوەو لەو کاتانەدا ئەو پێویستییانەی بۆ کوردستان پێویستبن دەیاننوسمو ئەمەش لیستەکەمە((چەند لاپەڕەیەکی لە گیرفان دەرهێنا)). ئێمە پێویستمان بە نەخۆشخانەو قوتابخانەو پلانێک هەیە بۆ بەدورستکردنەوەی وڵاتەکەمان. مەڕو بزنی چاک، پێویستە بۆ گۆشتو خوریو موی باشتر. لە رووبارو زێیەکانمان دەبێ کارەبا دروست بکەین، چاک کردنی ریسو چنین کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی لە مافوور دروستکردندا لە بەرامبەر بە فارسەکان بووەستین. دەبێ هۆدەی ساردکراو دروست بکەین بۆ مانەوەی گۆشتو شیرو بەرهەمەکانیو میوەی جۆراوجۆر لە کاتی زۆریدا بۆ کاتی کەمییان. پلانی ئاودانی باشمان پێویستە بۆ ئەوەی زەوی بەراومان زۆرتربێت، بەشی ئاشوورییەکانیش بکاتو نەبنە رێگری ئێمە.

ئەگەر رەزو باخو باخاتمان باش بکرێن، کوردستان لە باکوورەوە بۆ باشوور دەبێت بە باخو باخات. لای ئێمە تووتنی باش پەروەردە دەکرێت کە بەرهەمێکی بەنرخە لە جیهاندا.

دەتوانرێت کوردستان بکرێتە باشترین شوێن لە ئاسیادا بۆ گەشتووگوزارو لە شوێنی زۆر دوورەوە گەشتیاران بێن بۆ بینینی دیمەنە جوانەکانیو بۆ راوەشکارو شاخ سەرکەوتنیو باری زستانەو چاوپێکەوتنی بە جوانی گوڵاڵەو بەهاری. لەم رۆژانەدا پیاو دەتوانێت بە دوو سێ رۆژ لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بگاتە کوردستان. بێگومان ئێمە هەموو ئەم شتانەمان بە یەکجارو کوتوپڕ دەستناکەوێت، بەڵام ئەو سامانە زۆرەی دەوڵەتی عێراقی چنگی دەکەوێت، دەبووایە بۆ یارمەتی ئێمە خەرجییان بکردایە، لە جیاتی ئەوەی لەو ناوچە شاخاوییانە شەڕی پێبکرێتو کوردیش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەها لێبکەین کە توندو دژ ڕانەوەستێت. لە بیرت نەچێت کە مەزراکانی نەوت هەمووی لە کوردستاندان. لەبەر ئەوە بە مافی خۆمانی دەزانین کە داوای بەشێکی بکەین، بەڵام وەک دەردەکەوێت، لە نەتەوەکەمان هەر گوللەو بۆمبامان دەست دەکەوێت.

ئەمجارەش قسەم پێبڕیت، بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ ئاشتی بەرپا بێت‌و بۆ ئەم کارە ڕاف یارمەتی دەوڵەتی عێراق دەدات هەرچۆنێک بێت، بۆردوومانی شێخ ئەحمەد بە مرۆڤایەتییانە بەرپاکرا. پێش بۆردوومانەکە بۆ ئەوەی ژن‌و مناڵ دەرفەتی ڕاکردنیان هەبێت، لە فرۆکەکانەوە بە مایکرۆفۆن، جاڕیان ڕاهێشت بەناو پیاوەکانی شێخ ئەحمەددا، کە ئەوەی شێخ بەجێبهێڵێت خۆیان‌و سەرۆکەکانیان لێیان دەبووردرێت.

ئەویش گووتی: تۆ ئەوەندە لە کوردستاندای، هێشتا تێنەگەیشتووی کە ژن‌و پیاوی کورد پێکەوە شەڕ دەکەن‌و ئایا منداڵ لە کوێ دەبێت ئەگەر لەگەڵ دایک‌و باوکی خۆیدا نەبێت؟ شێخ ئەحمەد لە ژێر درەختێکدا پیاوەکانی کۆکردبووەوەو گوریسێکی فڕێدابووە سەر عەردەکە گووتبووی، یان ئێوە من بەم گوریسە هەڵواسن‌و لەگەڵ ئەوانەی دەمانچەوسێننەوە ئاشتبینەوە، یان لەگەڵ مندا بمرن لە پێناوی سەربەستییاندا.

هەموو پیاوەکان سوێندیان خواردبوو کە هەتا مردن شەڕ دەکەن. لە فڕۆکەوانەکانتان بپرسە، ئایا پیاوەکانی شێخ ئەحمەد لەبەر قومبولەو گوللەی ڕەشاشەکانتان ڕایان دەکرد؟ لە بابەت ئەو پەڕانەی فڕێیاندابووە خوارێ، ئایا هیچ کەسێکی خوێندەوار لە گووندەکاندا هەبوو، تاکو ئەو لاپەرانە بخوێننەوە؟ کاتێک دەغڵ‌و دانیش بە بۆمبا گڕدارەکانتان سوتێنرا بوون، لە کاتی زستاندا برسێتی‌و قڕ تێکەوتن بڵاوبووبوونەوە. ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەرێشانی زۆرتر بۆ مرۆڤ، لەوەی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەرپا دەبێت. منیش گووتم: بەڵام ریپۆرتی فەرمی بەغداد دەڵێت کە زیانی کوردەکان زۆر کەمبووە چونکە بە مایکرۆفۆن بۆ خەڵکەکانیان ڕوونکردبووەوە کە ڕۆڵی سوپا ئاشتییەو شۆڕشگێڕەکان چەکیان دانا بوو. ئەو خێڵەکییانە چەند بەختەوەرن کە بەهۆی پێشکەوتنی زانستییەوە ئەم کارە نایابە بێتەکایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلای منەوە هەڵسوکەوتەکانمان بەزەیی پێهاتنبوون بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی تورکەکان. ئیسماعیل بەگیش گووتی: ئایا تۆ بڕوا بەو ڕیپۆرتانە دەکەیت؟ تۆ دەبێ لە پیاوەکانی خۆتان بپرسیت، وەرگێڕەکە لە مایکرۆفۆنەوە چی گووتوە. ئەمەش نامەی باش بوو، کە لە پێشەوە بە چەند ئایەتێکی قورئان دەستپێکردبوو کە هەموو موسوڵمانێک دەیانزانێت.

بسم الله الرحمن الرحيم. دەنگ لە ئاسمانەوە دێتو دەڵێت: بەناوی خوداوەندی لێبوردەو بەزەیی، ئێمە ئەم بۆمبایانەتان بەسەردا بەردەدەینەوە. ئایا هەڵسوکەوتی مەسیحییەتی خۆرئاوا پێیان باشترە لە هی تورکەکانی ئەو دیوی سنوور؟

شێخ ئەحمەد وانازانێت، خۆیدا بەدەست تورکەکانەوە، لە جیاتی ئەوەی لە عێراقدا بەرز بکرێت، هەرچەندە ئەو چاوەڕوانی بەزەیی پێداهاتنی ناکات لە تورکەکانو لەوانەشە هەڵیواسن. لەگەڵ ئەوەشدا پێش ئەوەی بڕوات، ئەو دوو بەندەی رافی بەردا بوو کە دەستگیر کرا بوون. زۆر بە جوانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرا بوو لە کاتی بەردانیاندا سفرەیان بۆ راخرا بوو شێخ بەدەستی خۆی خواردنی بۆ دانا بوون. کە نیشانەی ڕێزلێگرتنە لەلایەن شێخێکی کوردەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، کەلێنێکی گەورە بوو لە راستی و بێ هەڵەیی‌و دادپەروەری‌و نەبەردی‌و پیاوەتی خۆرئاواییەوە.

منیش نەمتوانی بەرپەرچی ئەم قسانە بدەم، چونکە ئەم ڕووداوانەم لە ئەفسەرێک بیستو لە شوێنێکی‌تردا لەم پەرتووکەدا باسمکردووە. ئەم ئەفسەرە زۆر تای شێخ ئەحمەدی دەگرت، چونکە ئەو نەیویست لە تۆڵەی پیاوو ژنو منداڵە کوژراوەکانی خێڵەکەی، ئەم ئەفسەرانە بکوژێت.

بۆ ئیسماعیل بەگم ڕوونکردەوە کە راف نەیویستبوو بۆردومانی خێڵەکییەکان بکات. ئەوان زۆر بە شانازییەوە باسی ئازایەتییان دەکردو هەرچی لە دەستیاندا بووایە کردبوویان بۆ ئەوەی زیانی گیانیان لێنەدەن.

لەسەری ڕۆیشتم کە کارێکی ئاسان نەبوو راف، لەوانەیە وا بزانێت کە بۆمبا بەردانەوە کارێکی یەکلایی‌بێت، بەڵام لە راستیدا زۆر لەوەوە دوورە. بەتایبەتی بەرامبەر ئەو پیاوە نەبەردانەی شێخ ئەحمەد. لەسەر بەرزایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاخەکانەوە تەقەیان رووبەڕووی ئەو فڕۆکانە دەکرد کە بەرەو روویان دەهاتن. ئێمە زۆر بەختەوەربووین کە هەر یەک رەشاشچییەکی بەریتانی کوژرا. زۆر لە فڕۆکەکانمان سەقەتکرانو هەندێکیان بەردرانەوەو سوتان. یەکێک لەو فڕۆکانە گەیشتبووەوە دیانەو کونێک لە بۆڕی بەنزینەکەی کرابووو ئەگەر گوللەکە کەمێک لایبدایە، فڕۆکەکە حسابی دەردەچوو. خۆشبەختانە لە کونەکەوە پڕیبووە مەکینەکەیەوەو فڕۆکەکە لە کار نەکەوتبوو. کاتێک فڕۆکەکە نیشتبۆوە مەکینەکەی کاری نەکردبوو یەک دڵۆپ بەنزینی تێدا نەمابوو، لەسەر سوچی گۆڕەپانی نیشتنەوەی فڕۆکەکە گیریانخواردبوو. وەک زاندراوە دابەزینی ناچاری لەو ناوچە شاخاویانەدا دەبێتە هۆی مردنی فڕۆکەوانەکە.

ئیسماعیل بەگ گوتی، دەزانم کە خەتەر هەبووەو ئەفسەرەکانی راف دژی کورد نەبوون، ئەوان فەرمانیان درابوویەو وەک هەموو سەربازێک بەجێیان دەهێنا. بڕوام پێبکەن شێخ ئەحمەدم خۆشناوێت، بەڵام هەموو کوردێک بێزاری خۆی دەردەبڕێت، کە بەریتانیا رێگەی باشتر دەزانێت لەوەی ئێستا بەکاریان دەهێنێت بۆ بەرپابوونی ئاشتی. ئێوە بۆچی بە هاواری عەرەبەوە دەچن؟ بە پاڵپشتیکردنی بوژاندنەوەی وڵات، دەتواندرێت کاری نایاب دەستگیربکرێت. بێئەوەی ئەم پارەیە بە فیڕۆ بچێتو بەکاریبهێندرێت بۆ شەڕو دیزاینکردن کە لە ستەم بەولاوە هیچ بەرپاناکات.

منیش پرسیم، ئایا ئەوسا ئێوەش کوردستانێکی سەربەخۆو بێ یاساتان دەبوو؟ ئێوە دەزانن دوژمنەکانتان لە هەموو لایەکەوە پەلامارتان دەدەن. لەبیرت بێتەوە ئەو قسەیەی تورکەکان دەیڵێن، یەک چارەیەک هەیە بۆ تەنگژەی کوردی، ئەویش قڕانی کوردانە.

ئیسماعیل بەگیش لە وەڵامدا گوتی، نەخێر، باشترین پلان ئەوەیە هاوپەیمانی ئاشووریو عەرەب بین. ئێمە هەموو پێشکەوتنمان دەوێ، بەڵام ئەو دەرەیەی ئێستا وڵات گرتوویەتی لە پەرەسەندنی سوپادا، هەموو بودجەی وڵات هەڵدەلوشێت. لە پەرلەمانی عێراقدا لێیانپرسیم، ئایا لە کوردستاندا خزمەتی سوپایی زۆرەملێ رەزامەندی لەسەر دەکرێت؟ منیش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتم: نەخێر، کوردەکان نایانەوێو پێویستیان بە زۆرە ملێیی نییە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمساڵ دەرنەچێندرێم بۆ پەرلەمانو ئەمەش وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتە.

لە راستیدا هەرچەندە لە بەغداد ویستیان رای من بزانن، بەڵام عەرەبەکان لە بەغداد ئەوەندە بایەخ بە ڕای کوردەکان نادەن. ئێمە دوژمنی کۆنیانین، ئینجا بۆچی رامان وەرگرن؟ پەندێکی کۆنیان هەیە کە هەموو شتێک لە خۆی کۆدەکاتەوەو دەڵێت: سێ نەخۆشی کوشندە هەن جرجو کوللەو کورد.

ئەمانەبوون قسەکانم لەگەڵ ئەم گەنجە کوردە سەردارەی رەواندوزدا. هەستە بەرزەکانی لەوانەبوو بەرێکی بە سامان بگرن بۆ وڵاتەکەی، ئەگەر بهاتایە کاتی پێبدرایە بۆ گەیشتنو پەرەپێدانی. لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتێکدا ژیانو پێشکەوتنی وڵاتانیتری هەڵدەسەنگاند بۆ گۆڕانکاریو پێشکەوتنی وڵاتەکەی خۆی، شیری ترسی هەر بەسەر سەرییەوە هەڵواسرابوو. رەخنەگرتنی لە دەستبلاویی دەوڵەتی عێراقو دەیان رەخنەی لە سیاسەتی بەریتانیا کە بڕیاریدابوو بە دواییپێهێنانی ماندێت، نەبووبوون بە رێگر لە گەیشتنی بە ئاواتەکانی، بەڵکو هۆی ئەم نەگەیشتنەی بە ئاواتەکانی، دوژمنایەتییە کۆنەکەی لەگەڵ خودی خۆییو میللەتی کورد بوو.

نوری چاوەڕوانی دەرفەتی دەکرد بۆی هەڵکەوێت، هەر لەبەر ئەوەی ئەگەر ئیسماعیل بەگ بکوژرێت، ئەویش هەڵدەواسرێت. ئەمە بووبوو بە رێگریو لە کاتێکدا ماندێت بەردەوامبوو ئەم دوژمنایەتییە خەفەبوو.

ئیسماعیل بەگ زۆرجار ئامۆژگاری کرابوو کە وڵات بەجێبهێڵێتو لە ئەوروپا بژێت، چونکە لە توانایدا هەبوو لەوێ بە باشی بژێت، بەڵام رازی نەبوو، چونکە کوردبوو، شاخەکانو وڵاتەکەی لا لە هەموو خاکێک خۆشەویستتربوو. بۆ ئەو، ئەو خێڵە دواکەوتووەی خۆی لە هەموو کەس باشتربوون لەسەر گۆی زەوی. لەبەر ئەوە لە ژیانیدا هەر چەکداربووو هێشکی لێدەگیراو هەمیشە لە ژێر سێبەری کوشتندا دەژیا.

لە لێپرسراوێکی بەرێوەبەرایەتیم پرسی، کە زۆری لە بابەت ئەم دوژمنایەتییەوە دەزانی، ئایا ناتواندرێت ئەم دوژمنایەتییە چارەبکرێت؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵامی ئەوەبوو نەخێر، ناتواندرێت. ئیسماعیل بەگ دوایی پێدێت، ئەگەر کوردستان بەجێنەهێڵێت. درەنگو زوو کەوتووە، نوری دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت. ئەو چاوەڕوانی لابردنی ماندێت دەکات، چونکە ئەوسا دەتوانێت داوای لێبوردنی خێڵەکی بکات. هەروەها پشتی بە بەشداریکردنی لە شۆڕشی دژی بەریتانییەکان ئەستوورەو ئەو لای نیشتمانپەروەرانی کورد لە ئیسماعیل بەگ خۆشەویستترە.

لە ساڵی ١٩٣٢دا ماندێت دوایی پێهێندرا. رۆژی دوای ئەوە لە کاتێکدا ئیسماعیل بەگ لەناو هەولێردا تێدەپەڕێت، یەکێک لە کوڕەکانی نوری پەلاماری دەداتو دەستەویەخە بەر دەمانچەی دابووو سەردارەکە بە خەستی سەری برینداربووبووو شەویلەی وردبووبوو. بەڵام دوای چەند هەفتەیەک مانەوە لە نەخۆشخانەدا، چاکبووەوەو کوڕەکەی نوریش دەستگیرکراو بە چەند ساڵێک حوکمدرا.

ئەم هەوڵی کوشتنە سەرنەکەوتووەو ناخۆشی بەندکردنی کوڕەکەی، زیاتر رقی نوری هەڵساندو سوێندی خواردبوو کە دەبێ بە دەستی خۆی دوای بە ژیانی ئیسماعیل بەگ بهێنێت.

دوای ئەم هەموو هەڕەشانە، ئیسماعیل بەگ هەر لەسەر ئەوە مایەوە، کە کوردستان بەجێناهێڵێت بۆ ئەوەی لە دوورە وڵات بە ئارامی بژێت. دوای هەفتەیەک لە دەرچوونی لە نەخۆشخانە، هەولێری بەجێهێشتو روویکردە رەواندوزو لە ئوتومبێلەکەیدا چەند چەکدارێکی خۆی لەگەڵدابوو. لەوانەیە زیاتر ئاگای لە خۆی بووایە، ئەگەر بیزانیایە، نوری وازی لە کاری پۆلیسی هێناوەو لەگەڵ تاقمە کۆنەکەی خۆیدا لە سپیلک چاوەڕوانی دەکات. دوای سیازدە ساڵ بۆ جارێکیتر دونیا لە بابەت نوریو رێگرەکانی خێڵی سورچی بیستەوە. ئەندازیارو رێگاو رادیۆ، لەوانەیە بە وچان بێین بۆ ئەم خاکە، بەڵام گیانی کوردستانو دەربەندی سپیلک وەهای دەردەخەن کە ئەم شتانە قەت روویاننەدابێت.

نەزاندراوە کە نوری چۆن زانیبووی کە ئیسماعیل بەگ ئەو رۆژە سەفەر دەکات. شتێکی راستە، کە ئاگادار کراوەو بە دڵنیاییەوە چاوەڕوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنەکەی کردووە. ئوتومبێلێک موچەی بردووە بۆ کاری ڕێگاکەو بەودیووی سپیلکدا دەڕۆیشتو بە تەنیشت کۆمەڵە داربەڕوویەکی پیرداو نزیک بە شیوەکە تێدەپەڕێت. تاقمێک تفەنگ چی نزیک بە سی کەسێک ڕێگاکەیان گرتبوو، شۆفێرەکە لە ناکاو ئوتومبێلەکەی لە ڕێگاکە لادابووو رایگرتبوو، نوری لێیانچووبووە پێشیو ڕێگەی بە ئوتومبیلەکە دابوو تێپەڕبێت. پیاوەکان زانیبوویان ئوتومبێلەکە ئەوەندەی پارە هەڵگرتووە کە هەموویان دەوڵەمەند بکات، چونکە ئەوان بە زگماگ جەردەبوون، بەڵام ئەو ڕۆژە بۆ ڕووتکردنەوە لە سپیلکدا چاوەڕوانیان نەدەکرد. لەوانەشە هەستی واجب هێشتا نوری بەرنەدابێت وەک ئەفسەرێکی پۆلیس، چونکە ئەو چەند ساڵێک بە شێوەیەکی لێهاتوو لە هێزی پۆلیسدا کاریدەکرد. لەوانەشە سورچییەکانی سپیلک لەبیریان نەچووبێتەوە، کە بە دۆستایەتی لەگەڵ منو ستافەکەمدا دەجولانەوەو ئەم ئوتومبێلەش هی ئەو بەشەبوو، کە من کارمتێداکردبوو، هەرچەندە من لەو کاتانەدا ئەو ناوچەیەم بەجێهێشتبوو. هەرچۆنێک بێت شۆفێرەکە دەرباز بووبووو سەری سوڕمابوو لەو هێزە گەورەیەی لەویَ چاوەڕوانیان کردبوو. دوای ئەوان بە کەمێک ئیسماعیل بەگ گەیشتبووە ئەویَو قەت لە بڕوایدا نەبوو، کە جارێکیتر لە ڕەواندوز ماڵەوەی نابینێتەوە. کوتوپڕ لە هەموو پەنا بەردێکەوە شێلنگیان لێکردبوونو ئەوانەی لەگەڵیاندابوون لەیەکەم شێلنگدا نەکوژرابوونو دەستیانکردبووەوە بە ئازایانە بۆ سەردارەکەیان شەڕیان کردبوو. چەند لە دوژمنەکانیان کوشتبووو نوریش بریندار بووبوو. پێش ئەوەیو دوایین پیاوی ئیسماعیل بەگ بکوژرێت، کە ئەویش هێشکچییە بەوەفاکەم سلێمان بەگی سەرسوورو ڕووخۆشبوو، کە بە تەنیشت گەورەکەیەوە کوژرابوو، نوری هەڵیکوتابووە سەر دوژمنەکەیو بە مردووییش هەر یەدەگێکی دەمانچەی لە سەریدا خاڵیکردبووەوە. لە دوایینەدا تۆڵە سەرکەوت.

ئەوهاش ئیسماعیل بەگ، کە دواترین سەرداری ڕەواندوز بوو دوایی پێهات. خوێنەکەی ئەو ڕێگەیەی سوورکردبوو، کە زۆر بە ئارەزووەوە هەوڵی دروستکردنی دەدا کەوابوو هیچ نەبێ با ئەو ڕێگایە یادێک بێت بۆ ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکردە گەنجەی کە خەوی بەوەوە دەدیت رۆژێک لە رۆژان ئەم ریگایە، پێشکەوتن‌و دەوڵەمەندی دەهێنێت بۆ میللەتەکەی‌و نیاز وایە ببێتە بیرەوەرییەکی باشتر لەو قەڵاو تەلارە رووخاوانەی باپیری، کە پاشاکوێرەی رەواندوز بوو.

ئەمجارەیان نوری راینەکردوو خۆی بە دەستەوەداو دادگای کرا. دوای چەند راوەستانێک‌و دواخستنێک، بڕیاری لە سێدارەدانی درابوو. بەڵام دوای داوای لێبوردنی پاشایی، لەسەر بناغەی یاسای خێڵەکی، بڕیاری لەسێدارەدانی گۆڕابوو بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی.

بەم شێوەیە ژیانی ئیسماعیل بەگ، کە سەردارێکی کوردی بەناوبانگ بوو، دوایی پێهات. ئەویش بۆی دانرابوو بەم شێوەیە دوایی بە ژیانی بێت، وەک زۆر لە باب‌و باپیرانی. بەڵام با هیوامان ئەوەبێت، کە خۆبەختکردنی ئەم دوایی بە ئەم دوژمنایەتییە خێڵەکییە بهێنێت‌و لەجیاتی ئەوە ئاشتی‌و ئارامی‌و پێشکەوتن لە وڵاتەکەدا بێتە دی، کە ئەم گەنجە هەمیشە هەوڵی بۆ دەداو ئاواتی ئەوەبوو.

نوری جەربەزەش کوردێکی وەهابوو، کە بەزەیی پێداهاتنی نەدەزانی، هەرچەندە یەکێکی سەرنجراکێشەری سەیربوو. دوانزە ساڵ لەمەوپێش کاپتن هەی ئەم وشانەی نووسیبوو کە ناهەقە ئەگەر لێرەدا نەنوسرێن. هەرچەندە نوری هەوڵی کوشتنی ئەویدابوو، لە شوێنێکدا زۆر دوور نەبوو لەو شوێنەی کە ئیسماعیل بەگی لێکوشت. ئەمەش دەقی قسەکانی کاپتن "هەی"ن:

من لە کوردستاندا دۆستی زۆرم پەیداکردبووو دوژمنی کەمیش نا، بەڵام لەناو هەموویاندا قەت ئەو شێوە سەیرەی نوریم لەیادناچێت. تەقەی بە هوبەکەوە دەکرد نەک بۆ حەزلێبوون، کە ئەمەش نەریتێکی رەگەزەکەیەتی. نیشتمان پەروەرێک‌و پاڵەوانێک بوو، کە پیاو دەیویست بە شێوەیەکی بەشەرەفانە ئاشتبکرایەتەوە، نەک بگاتە پەتی سێدارە. بێپارەو بێ پاڵپشتی خێڵ بە تەنیا بە شەخسیەتی خۆی، خۆی پێگەیاندبووو بووبوو بە هێزێکی وەها دەوڵەتی خستبووە ترسەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی بیستەم

## ئاشوورییەکان

له ساڵی ١٩٣٢دا ڕێگاکه تەواوبوو. له دوای جەژنی ڕەمەزانەوە، که لەو ساڵەدا کەوته زستانێکی درەنگەوە، ڕێگاکه دۆڵی بەرینی بەجێهێشت، هەردوو دوایین پردیش له شوێنی خۆیان جێگیر کران. ئەوەی مابوو، له سەر خۆ تەواومان کرد.

لەوکاتەدا ئێمه زۆر جیاواز بووین لەو تاقمه پیاوه نەزانانەی، که چوار ساڵ لەوەوپێش له سپیلکدا کارمان دەکرد. ئێستا ئێمه زانیاری باشمان هەیه، خاوەنی پیشەیەکی ڕەسەنین. لەوەش زیاتر، هەموو مەکینەیەکی جۆراوجۆرمان هەیه بۆ دروستکردنی ڕێگاو دامەزراندنی پرد، پیاوی لێزانمان هەیه بۆ بەکارهێنانیان. کرێکارەکان تەقەمەنیو بەردهەڵکەنەکانیان وەک شارەزا خۆرئاواییەکان بەکاردەهێنن. کاری ڕۆژانەمان ئەوەنده به ڕێکی دەچووه پێشەوە، هەستم بەوه دەکرد، ئەگەر بێتو داوامان لێبکەن، دەتوانین بەردەوام بین له سەر بڕینی ڕێگا بەرەو خۆرهەڵات، به درێژایی ئاسیادا هەتا دەگەینه دەریای چین.

هەتا له دوای وەرزی باران بڕانیشدا، ئەو ڕێگایەی به پێچاوپێچ بەو دۆڵانەدا دەڕۆیشتو بەرەو هەولێر بەو دەربانەدا تێدەپەڕێت، ئێستا وەک زستانەکانی جاران تاڵێکی قوڕاوی نییه. لەو ڕۆژه ناخۆشیو دابڕاوانەدا، ئۆتۆمۆبێلەکان سەقەت دەچوونو له سەر ڕێگاکه لەو قوڕەدا بەجێدەهێڵران، ئێستا وانەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆمان فێربووین. لەسەرخۆو کەمتر خێرایی باشترین چارەن بۆ دروستکردنی ڕێگا. ئەو ڕۆژە ڕەشانە دووایانهات. ئەو تاقمەی، کە لێپرسراوی ڕێگا داپۆشین بوون بە زیخو چەوو ووردە بەرد، ئێستا بەهۆی پەستێنەرە هەڵمییەکانەوە، دەتوانن بە فریای ئەوە بکەون بە تاقمە ڕێگا هەڵکەنەکە بگەن. دوای بەردوو چەووو زیخ ڕێژ، پەستێنەرە هەڵمییەکان بەسەر ڕێگاکەدا دەهاتنو دەچوونو دەیانپەستییەوەو تەختیاندەکردو لە ئەنجامدا ڕێگایەک دەهاتە کایەوە وەک لەپی دەستو بەشێوەیەکی کووڕ ڕێک دەخراو بە چینێک قیری کوڵاو دادەپۆشراو لمڕێژ دەکرا بۆ تووندبوونی. کرێکارەکان بەم کووڕییەیان دەگووت پشتەماسی، کە ناوێک بوو لە جێی خۆیبوو.

بەم شێوەیە ڕیگاکە ئامادەبوو بۆ بەکارهێنانی بە وشکانیو بە تەڕو توشی رووبارەکان بە کەیفی خۆیان با هەڵبسانایە، پردەکانمان زۆر قایم بوونو ترسی لافاومان نەبوو. خێڵەکییەکان ترسیان شکابوو لە پەڕینەوەی پردەکان. هەموو خێڵەکییەکان بووبوون بە دۆستمو هیچ جێگەی هەراسانیی نەبوون لە دروستکردنی ڕێگاکەدا.

ئێوارەیەکییان لە دۆڵی بەرسیریندا لە زنجەکەی خۆمدا لەگەڵ هیجەر پیرتندا دانیشتبووین قسەمان دەکرد. ئەو ئەفسەرێک بوو لە ناوچەکانی باشوورەوە هاتبوو بۆ سەردانم. زۆر نەبوو لە پیاسەیەکی ئەوناوە گەڕابووینەوەو لە کاتی تێپەڕبوونماندا بە تەنیشت کامپەکەدا یەکێک لە کرێکارەکان پەنجەی بۆ ئاسمان ڕاکێشاو بەسەر بەرزایی شاخەکەوە مانگی نوێ بە ئاسمانەوە دەرکەوتبوو، کە نیشانەی دوایی پێهاتنی ڕەمەزان بوو. دوای مانگێک لە برسێتی. ئەمشەو تاقمەکە جەژنیانە، منیش بە پیرنتم گوت ئەگەر بگەڕایانەوە بۆ ڕۆژنامە، بۆیاندەردەکەوت، کە دوو ڕۆژە مانگ لە ناو هەورەکاندا خۆی شاردۆتەوە.

پیریتنیش گوتی: ئەوە عێراقەکەتە، هەرچەندە ئێمە دەڵێین خەڵکی ئەم وڵاتەمان فێرکردووە وەک ڕیپۆرتەکانمان بۆ کۆمەڵەی وڵاتان نوسیوویانە. لە شوێنە پەناکاندا، بە لاقەد شاخەکانەوە، پەڵە بەفری زۆری پێوەمابوو، لە بەرزایی شاخەکانیشەوە، بایەکی ساردی بەرەو باکوور هەڵکردبوو. ئینجا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە کورسییەکانمان لە کورە ئاگرەکە نزیک خستەوەو پێمان خستە سەر لێواری کورەکەو دەستمانکرد بە جگەرەکێشان‌و قسەکردن. پیرتن پیاوێکی لێهاتوبوو. زانیارییەکی باشی هەبوو لە سەر خەڵک‌و ژیان‌و نەریتی عێراقییەکان. هەندێک کەس هەن ئەو بە گوێنەدەرو خۆپەرست دەناسن، هەرچەندە بە رووکەش وەها دیاربوو، بەڵام لە ژێر ئەو دەمارانەی گاڵتەجاڕی‌و خۆگێلکردندا، هەستێکی بەرپرسیاری هەبوو بۆ لێپرسراوەکانی‌و بۆ ئەو بیروباوەڕانەی ئەو بڕوای پێیان هەبوو، کە لە عێراقدا بیانهێنێتە کایەوە. لەناو ئەو ئینگلیزانەی لە عێراقدا دەمناسین هیچ کامیان وەک ئەو خۆرهەڵات‌و خۆرهەڵاتیی خۆشنەدەویست. پیرتن پێشەوایەکی لێهاتووی ئەو کێشە بزربووانەبوو، کە هیوایەکی بێ پاڵپشتیان هەبوو. پیاوێک بوو بڕوای بەوەبوو لە سەر بناغەی ئەو راستیانەی خۆی دەیدۆزینەوە، رای خۆی دروست بکات‌و بڕیاری خۆی بدات، لەبەر ئەوە پیاوێک بوو توندوتیژ بوو. بۆ هیچ کارێک دەستبەرداری پرەنسیپەکانی دادپەروەری خۆی نەدەبوو.

وەک زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی لە شوێنی دوورە دەستەکانی عێراقدا کاردەکەن، بڕیاردانی دواپێهێنانی ماندوێتی زۆر بە ناخۆشییەوە وەرگرت. لەبەر ئەوەی ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی بێچارەیی بۆ زۆر لە خەڵکی وڵاتەکە، کە پشتیان بە ئێمە بەستبوو. هۆیەکانی ئەم خێرا بەجێهێشتنەی ئەم وڵاتە، هیچ روونبەبوون. دەبووایە ملکەچی ئەم بڕیارەبین. بەڵام هەموو دەمانزانی کارەکە بە نیوەچڵی بە جێدەهێڵین‌و ئەگەر ئێستا ئێرە بەجێبهێڵین دوارۆژەکەی زۆر ترسناک دەبێ. هەستمان بەوە دەکرد ئەگەر لێپرسراوەکانمان وەک ئێمە زانیارییان هەبووایە، کە ئێمە لە کاری رۆژانەماندا لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەدا فێریانبووین، ئەوسا بەشێوەیەکی زۆرتر ئاگا لە خۆبوونەوە، ئەم بڕیارەیان دەدا. گەرداوی تەنگژە بە روونی لە پێشمانەوە چاوەڕوانی دەکردین، بەڵام لەبەرچی‌و لەکوێ ئەمانە روودەدەن، لە خافڵاندن بەولاوە هیچیدیکە نەبوو.

ئەم ئاخافتنەی وا دێت بە درێژی پێشکەشی خوێنەری دەکەم بۆ ئەوەی وێنەیەکی روونی هەبێت لە سەر باری ئاشووریی- عێراق، کە پێش ساڵێک لە بەسەرهاتە ناخۆشەکانی ساڵی دوایی بۆ منیان گێڕاوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیرتن دەیگوت: بەڵێ من دەترسم، کە رۆشنبیریو توانای خۆگرتن لە عێراقدا هەر وشەی بێماناییین. خەڵکی ئەم وڵاتە بە سەرزارەکی روویان لە ئێمەیە، بەڵام لە راستیدا من دڵنیام لەوەی ئەوان وەک هەڵخەڵەتێنەرێک تەماشای ئێمە دەکەن، کە راستی ئامانجەکانمان لەژێر پەردەی بەفریاکەوتنو مرۆڤایەتییەوە دەشارییینەوە. لەوانەیە لەبەر ئەمە رقیانلێمان بێت، بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە، کە ئەوان هیچی‌تر وەک هێزێکی بەتوانا رێزمان لێناگرن.

جارجار وەک تاکە کەس لەوانەیە ناومان دەرکەوێتو هەتاکو لەلایەن ئەم کۆمەڵ یان ئەو کۆمەڵ، ستایش بکرێین، ئەمەش لە سەر ئەوە راوەستاوە ئایا ئێمە هەڵسوکەوتمان لەگەڵیاندا باشە یان نا، بەڵام لەوە بدوێین، کە عێراق هەتا سەر هەر ملکەچی ئێمە دەبێت، بەرامبەر بە چاکەکانمان، ئەوە لە شێتی بەولاوە هیچ شتێکی‌تر نییەو نەزانیینە بۆ ئێمە ئەگەر بەو قسە پوچانە هەڵبخەڵەتێین. ئەم سیاسەتی بەجێهێشتنە، بێ ئەوەی ئامانجەکانمان هێنابێتە کایەوە، لە گوێنەدان بەولاوە هیچی‌تر نییە. ئێمە دۆستایەتیمان لەگەڵ پیاوانی وەک ئیسماعیل بەگی رەواندوزدا پەیداکردووە، بەڵام ئامادەین کەسانی وەک ئەو بەجێبهێڵین چاوەڕوانی رۆژی رەشی خۆیان بکەن. زۆر بە پەرۆشەوە باسی ئاساییشی کەمایەتییەکان دەکەین، لە کاتێکدا دەزانین، کە عێراقمان بەجێهێشت، ئەوان هیچیان دەستناکەوێت. ئەم هەڵسوکەوتە، نە رێزلێگرتنەو نە پێزانینمان بۆ دەهێنێت لە کۆمەڵگای عێراقەوە.

لەلایەن پێزانینەوە عەرەب زۆر بە هەستن لە زانینی بۆچونەکانمان. ئەوان بە سەرنجەوە شەخسیەتمان دەخوێننەوە. پێزانینی راستو بەردەوامی ئەوان، هەر بە خۆبەختکردنی ئێمە دەبێت. رێزلێگرتنمان هەر بە سەرکردایەتییەکی خاوەن هەڵسوکەوتی بێهاوتا دەبێت بۆ داواکارییەکانی ئەوان.

دوای ئەوەی ئەم قسانەی تەواوکرد پیرتن دانەوییەوەو قەننەکەی پاکردەوە. لەوکاتەدا دەنگێک لە دەرگاکەوە هات، حامید دەرگاکەی لە برادەرە کۆنەکەم راپ ترێمای ئاشووری لیڤیی کردەوە، کە ناوە راستییەکەی یاکو ئیسماعیل بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاکو لە بەرگی رازاوەی مێجەریدا بوو، لەگەڵ قایشی شیر هەڵواسینو دەمانچە. سمێڵەکانی بەرەو ژوور بادابوو، بە زمانێکی فسەوە قسەی دەکرد، یەکێکی ناسراوبوو لە ناو سەردانکەرانی کەمپەکەمان. لەو ناوچە شاخاویانەدا، هەموو کاتێک چاوەکانی دەگەشانەوە، کە گوێی لەوەبووایە سەرکێشەیەک چاوەڕوانی دەکات. من زۆر پشتم بەو قایمبوو، کە ئەوم لەگەڵدابووایە، بەڵام ئەمڕۆ زۆر بێتاقەت دیاربوو.

یاکو وتی: گەورەم مالیک ئیسماعیلی باوکم هێناوە بۆ ئەوەی چاوی پێتان بکەوێت. ئەو سەرۆکی ئاشوورییەکانی تیاری بالایە. منیش گوتم: بەخێر بێتو بیهێنە ژووری با چاوی بە مێجەر پیرتن بکەوێت، ئەوان یەکدی ناناسن، وەرنە نزیک ئاگرەکە دانیشن، با حامید شۆمان بۆ ئامادە بکات.

ئەو پیرەمێردە هاتە ژووریو کوڕەکەی دەستی گرتبوو. ئاشوورییەکی لێهاتوو دیاربوو. بەرگی خۆماڵی لەبەردابوو، کە زۆر بە جلوبەرگی کوردی دەچوو، هەرچەندە رەنگاورەنگتربوو لە جیاتی ئەو مێزەرە بۆرەی کوردەکان، شەپقەیەکی تایبەتی ئاشوورییەکانی لەسەردابوو. پیاوێکی موو سپیو بێدەنگ بوو، لەگەڵ دەمووچاوێکی پڕ لۆچی رەنگ بۆر، یەکێک بوو لە پیاوە ئایینییەکانی خەڵکەکەی بە ئاشووری سەلامی کرد، چونکە ئینگلیزی زۆر کەم دەزانی. یاکو گوتی: یەکێک بە ئۆتۆمبیل باوکمی بردبووە سەیری هەموو پردە تازەکانتو بەسەر رێگاکەتدا چووبوون هەتا نزیک بە سنووری ئێران. زۆر دلخۆشە بەوەی، کە بەم نزیکانە دەتوانێت بە ئۆتۆمۆبێل بچێت بۆ ورمێ. ئێمەش لەویانەوە بە ئۆتۆمۆبیل بە چەند کاژێرێک دەگەینە لای خزمەکانمان، کە هێشتا لە ئێراندا دەژین.

منیش گوتم: بەڵێ، لەوانەیە یەک دوو مانگێکی بوێت هەتاکو دەگەینە بەرزاییەکانی ئێران. بەشی کارەکەمان، بڕیاریداوە، کە ئەمیر غازی رێگا تازەکە بکاتەوە، هەرچەندە من لەو کاتەدا لێرە نابم. دەڵێن پاشا فەیسەڵ بە خۆیو وەزیرەکانییەوە دێن بۆ پشکنینی رێگاکە، من دڵنیام، کە دڵخۆش دەبێت بەوەی ئاشوورییەکانیش بەشداری دروستکردنی ئەم رێگایەیان کردووە. بە چەند شێوەیەک، ئێوە یارمەتی زۆرتان داوین. دڵتەنگی من ئێستا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەیە، کە ئەم کارە تەواو دەبێتو دەبێ من ئەمناوە بەجێبهێڵم، لەوانەشە بەمزووانە ئەم وڵاتە بەجێبهێڵم. لەمەودوا من ئێوە نابینمەوەو دەبێ هەر یادی ئەم ڕۆژانە بکەومەوە، کە لێرە پێکەوە ژیاوین.

یاکو بە دەنگێکی پڕ لە دڵتەنگییەوە گوتی: ئێمە گوێمان لە گەلێک گۆڕانکاری ئەم ناوە بووە، ئایا تۆ بڵێی پاشا فەیسەڵ ڕێ بە ئاشوورییەکان بدات لە دیانابمێننەوە لە کاتێکدا دەبیستین، کە ماندێت هەڵدەگیرێت!

منیش وەڵامم دایەوەو گوتم: لەوانەیە ئێوەی ئاشووری دیاناتان لە گوندێکی دووسێماڵەوە کرد بە شارۆچکەیەکی زیندوو. ئێستا پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەتانە هەروەک نەینەوا لە کۆندا پایتەختتان بوو. پێکەنیمو گوتم: وابزانم کەس نایەوێت شارۆچکە بچوکەکەتان لێ قەدەغەبکات.

ئەویش لەسەری ڕۆیشتوو گووتی: لەم یەک دوو مانگەی ڕابردوودا دەنگوباسی زۆر بڵاوبۆتەوە. ئەو ئارامیو ئاشتیو خۆشی ژیانەی، کە لە ناوماندا پەرەی سەندووە، ئێستا خەریکن لێمان تێکدەدەن. ئاواتمان ئەوەیە، ئەگەر ماندیتیش هەڵگیرێت، ئێمە لەم عێراقە پڕ لە ئاشووبەیەدا هەر دەمانەوێ لەژێر سایەی ئێوەداو هێزی ئاسمانی ئێوەدا بژیین.

پیرتن پێکەنیو لەسەرخۆ گوتی: بۆچی نا، هەڵبەت ئەمەش هەروەها دەبێت وەک کۆمەڵەی وڵاتان دەڵێت.

بەڵام یاکو بەم قسانە زیاتر شڵەژاو ڕوویکردە من، بۆ وەڵامی پرسیارەکەی، منیش گوتم: من هەر ئەندازیارێکمو ئەم کارانە لە منەوە دوورن، بەڵام ئایا ئەمە بۆ دەساڵ دەچێت ئێوەی ئاشووری سەربازی بەریتانی نین؟و هیچ با باسی خۆبەختکردنتان نەکەین بۆ هێزی هەوپەیمانەکان لە کاتی جەنگی جیهانیدا. هەموو پارێزگارییەکی ئەو کەسانە دەکرێت، کە لەژێر ئاڵای ئێمەدا کاریانکردووە. بەڵام با بزانم تۆ لە چی دەترسیت؟ یاسای عێراقی دەڵێت هیچ جیاوازی لەناو خەڵکی وڵاتاندا لە سەر بناغەی ڕەگەزو ئایین نییە. عەرەب، کوردو جولەکەو مەسیحی هەموو وەک یەک مافیان هەیە، کە لە ڕۆژگاری تورکدا نەیانبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەویش لەسەری ڕۆیشتو گووتی: بەریتانیا ئەو وەعدەی دا، کە لە یاسادا دیارە، بەڵام ئایا ئێمەی ئاشووری بەشێکین لە عێراق؟ ئێمە خاکی خۆمان هەیە وەک لە هەکاری هەمانبوو، کە شانزەساڵ لەمەوپێش بەجێیانهێشت بۆ ئەوەی بۆ ئازادی خۆمان تێبکۆشین؟ ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو وڵاتە کۆنەی خۆمان، هەرچەندە وڵاتە هاوپەیمانەکان دەمێکیشە سەرکەوتوون. من دەزانم هیچ مافێکم نییە پرسیار لە تۆو مێجەر پیرتن بکەم بۆ پاشەڕۆژمان، چونکە ئەم کارە دەبێ لە ڕێگای دەوڵەتەکەتانەوەو کۆمەڵەی وڵاتانەوە ڕێکبخرێت، بەڵام گوتم: بەڵکو ئێوە بتوانن شتێک بڵێن بۆ دڵنیاییکردنمان لەم ڕۆژە ڕەشەی، کە ئێمە تێیکەوتووین.

تۆ لە ناو ئێمەدا کارت کردووە، لەوانەیە بزانی، بەڵام وڵاتەکەت بە گشتی ئایا دەزانێت، کە ئێمە چیمانکردووە لەو کاتەوە لە ساڵی ١٩١٤دا پێوەندیمان لەگەڵ هێزی هاوپەیمانیدا کرد. ئێستاش وا ماندێت دواییپێدێت، ئایا ئەوان ئاگایان لەوە دەبێت وەزعی ئێمە بەشێوەیەکی سەربەرزانەو دادپەروەرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت وەک ئێوەی بەریتانی پێیناسراون؟ سی ساڵ لەمەوبەر، پیاوێکی نێردراوی ئایینی ئینگلیزی لە شاخەکانی هەکاریدا هاتە ناومانەوە، ئێمە ڕێزێکی بێپایانمان لێگرت، مەبەستم لە بەڕێز دکتۆر ویگرامە Wigram پیاوێکی زۆر مەرد بوو. ژیانی خۆی بەختکردبوو بۆ تێگەیاندن وباشکردنی دۆخی خەڵکی ئێمە. خوێندنگەی دروستکردو منداڵانی ئاشووری هەموو دەستیان بە خوێندن کرد. ئەو پێی گوتین، کە دەوڵەتی بەریتانی پاڵپشتی دادپەروەریو سەربەستییەو لە هەموو کاتێکدا خاوەنی قسەی خۆیەتی. ئێمە بڕوامان پێکردو لەبەر ئەوەش هاتینە ناو ڕیزی هاوپەیمانەکانییەوەو هەروەهاش ئێستا هیوامان ئەوەیە، کە بەریتانیا لێنەگەڕێت بکەوینە ژێر ڕەحمەتی دوژمنەکانمانەوە.

پیرتنیش گوتی: ئێوە زۆر هەقتانە، بەڵام ئەو شکستیانەی توشتانبووە، ئێوەی کردووە بە پەناهەندەو لەبەر ئەوەی ئێوە پاڵپشتی هێزی هاوپەیمانیەکانتان کردووە، ئێوە لەبیردەچنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاشوورییەکەش گوتی: بەڵام ئایا بە شەڕی خۆبەختکەرانەمانو بە خوێنی سەربازەکانمان، کە پشتی روسەکانمان گرت، نەبووە هۆی ئەوە دژایەتی تورکەکان لە فەلەستینو میزۆپۆتامیادا بەرپا بێت، کە ئەمەش یارمەتی سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانی بدات؟

پیرتنیش گوتی: میللەتە بچووکەکەتان لێرە لە ئاسیادا پیاوانە شەڕتانکرد وەک بەلجیکییەکان لە ئەوروپادا کردیان.

ئەویش گوتی: کارێکی زاندراوە، لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا، ئێمە زیانی زۆرمان لێکەوتو نیوەی خەڵکەکەمان فەوتان، زەویو زارمانو خانووبەرەمان لێداگیرکرا.

لێپرسراوانی بەریتانی ئێوە بە باشی ئاگاتان لەوەیە، کە ئێمە وا دەساڵە وەک سەربازی لیڤی کارمانکردووەو بەناوی ئێوەوە، شەڕمان دژی عەرەبو کورد کرد، بەڵام بە چ پاداشتێک؟ ئێمە یەک بست خاکمان نییە، کە پێی بڵێین هی خۆمانە. منیش گوتم: ئێمە هەموو هەست بە ملکەچی ئێوە دەکەین، ئایا رێگاکە دەتوانرا رێگاکە دروست بکرێت ئەگەر ئێوە نەبوونایە؟ کوردەکان نەیاندەوێرا بەر هەڵستی بەتالیۆنەکەی دیانا بکەن.

ئاشوورییەکەش گوتی: زۆر سەیرە عەرەب بەری ئەم هەوڵەیان خواردو پاشایەتیان بۆخۆیان دەستکەوت، لە کاتێکدا ئاشوورییەکان، کە پاڵپشتی بەریتانییەکان بوون، لە قسە بەولاوە هیچیان دەستنەکەوت.

ئێمە بیستمان مێجەر پیرتن سەردانت دەکاتو هاتین بۆلای بۆ ئەوەی دەنگوباسی وا بزانین لە دوارۆژدا چیمان بۆ دەکرێت. لە رابردوودا پێمانگوترا لە قوژبنێکی ئیمپراتۆرێتی بەریتانیدا شوێنێکی ئاوەدان نەکراوەمان بۆ تەرخان دەکەن، بۆ چەندەها سەدە ئێمە خەڵکی هەژاری شاخەکانی هەکاری بووین، کە وڵاتێکی بێفەڕەو هەتاکو ئێستاش لەوەتی بەجێمانهێشتووە، کوردەکان بەکاریان نەهێناوە. خراپترین شوێن لامان باشە، ئەگەر جێگەی ئارامی بێت. ئەگەر گران نەوەستێت لەم رۆژانەدا ئەو بیستو پێنج هەزارەمان کۆچ پێبکرێت، ئێمە دەمانەوێت لە عێراقدا لەژێر چاودێری بەریتانیادا بمێنینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەماشای وەزعی ئەم رۆژانەمان بکەن لە وڵاتێکی دژدا، کە ئێمەیان ناوێت. لێرەو لەوێ بە کۆمەڵی دابڕاو لەیەک دوورخراوینەتەوە. هەر بە ماندێت هێشکمان پێدەگیرێت، کە دەڵێن ئەویش دوایی پێدێت.

ئێمە بڕوامان وایە، کە ئەم بڵاوکردنەوەمان لە باکووری عێراق بە دەستی دوژمنەکانمان بێت، کە رایان وەرگێرابێت بۆ ئەوەی چ جێگایەکمان بۆ دابنێن.

بەشێوەیەکی گشتی شوێنی وایان بۆ تەرخان کردووین، کە ناتوانین بەرگری لێبکەین، یان مەلاریاوین‌و بۆ تەندروستی باشنین. لەبەر ئەوە زۆر روون‌و ئاشکرایە، کە هەموو ئەو شوێنانەی خاکی عێراق بەپیتن، خەڵکی تێدا دانیشتووەو ئاوەدانە. ئێمە پێویستمان بە پرۆژەی گەورەی ئاوەدانە، کە خاکی پشتاو ببێتە بەراو. هیچ بیر لەم بابەتەوە نەکراوەو ئێستاش ماندێت تەواو دەبێت. منیش گوتم: ئێوەی ئاشووری وەک کوردەکان خراپن. هەردووک لاتان وا دیارە لەماوەیەکی کەمدا بەتەمای زۆرن. ئایا ئێستا ئێوە هاوڵاتی عێراقی نین‌و سەربەست نین لە هاوبەشی وڵاتدا یان هیچ نەبێت دەتوانن پێیان بسەلمێنن، کە دانانی پرۆژەی ئاوەدانی بۆ ئێوە پێویستە یان هەرچی شتێک بێت بتانەوێت؟

یاکو وەڵامی دایەوەو گوتی: بۆ ئەوەی دڵنیابین، کە لەسەرمان دەکەنەوە، دەبێ ئەو جۆرە پرۆژانە لەژێر دەستی بەریتانیادا بێت‌و بۆ بەشداریمان لە دەوڵەتدا، ئێمە هیچمان نییە.

منیش بەسەرسوڕمانێکەوە گوتم: بەڵام ئێوە کەسی زۆرتان هەیە لە پۆلیس‌و بەشەکانی‌تری دەوڵەتدا.

ئەویش گوتی: بەڵێ وایە چەند کەسێک هەن لە شوێنی نزمدا، بەڵام نەک لێپرسراوی گەورە، وەک دادپەروەری‌و ئەفسەری سوپاو وەزیرو یان ئەندامی پەرلەمان، کە ژمارەیان رێی پێدەدات.

ئێمە گوێ نادەینە ئەوەی لە دەوڵەتدا بەشمان نییە، ئەگەر هەر دڵنیا بکرێین لە ئارامیمان لە ناوچەی باکووردا، کە ئێمە یارمەتی دروستکردنیمان داوە. ئێمە بەشداربووین لە دروستکردنی رێگاکەو لە هەندێک هێزی پۆلیسی باکووردا، ئێمە لەگەڵ کوردەکاندا نادۆست نین. بۆ نمونە ئیسماعیل بەگ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێوەیەکی زۆر باش مامەڵەمان لەگەڵ دەکات وەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێت. ئایا لەو بڕوایەدایت، کە عێراق بیەوێت لەم ناوچانەی باکووردا بمانهێڵێ، هێشکی ئەم سنوورەی باکوور بکەین؟ هیچ هێزێک لە ئێمە باشتر نییە ئەم کارە بباتە سەر.

منیش گوتم: من دڵنیام، کە شتێکتان بۆ ڕێکدەخەن، ئێوە هەر بڕوامان پێبکەن وەک کردوتانە.

پیرتنیش لەسەرخۆو بەهێواشی گووتی، زۆر دڵگرانم لەوەی، کە دڵتان تەنگبکەم، بەراستی هیوایەکی زۆر کەم هەیە بۆ ئێوە، کە لە دیانا بمێننەوەو لەجیاتی ئەوە هەمووتان دەگوازنەوە بۆ ناوچەکانی باشوور، زۆر لە خوار زێی بادینانەوە. عێراق چاک دەزانێت ئێوە شەرکەری شاخی باشن‌و ئێستا دۆستی زۆرتان لەناو کوردەکاندا هەیە. لەوەش زیاتر دەتوانم بۆتان روونبکەمەوە، کە بڕیاردراوە لە دیانا نەتانهێڵنەوە. هەتا پێش ئەوەی دوایی بە ماندێت بهێنرێت‌و بەم زووانە بە فەرمی پێتان دەگوترێت. ئەوسا دەبێ ماڵئاوایی لە شاخەکانی کوردستان بکەن.

بە دەنگێکی نزمەوە ئاشوورییەکە گوتی: بۆ باشووری عێراق‌و دوای هەناسەیەک گوتی: ئایا ئەمە راستە!

پیرتن گوتی: دەترسم ئەمە راستبێت، ئایا ئاگادار نەکراوی، کە بەتالیۆنەکەت هەڵدەوەشێندرێت‌و شوێنی فڕۆکە نیشتنەوەکەو یەنگەڵەکان‌و شارۆچکەکەش، کە ئێوە دروستتان کرد دەدرێتە دەست سوپای عێراق؟

ئەویش گوتی: من ئەمانەم وەک قسەو قسەڵۆک بیستووە، لەبەر ئەوەبوو لەم بابەتەوە پرسیارم لێکردن. بێزەحمەت ریم پێبدەن بە باوکم بڵێم. یاکو چەند وشەیەکی بە باوکی گوت، ئەو لە کاتی ئاخاوتنەکەدا وەک پەیکەرێکی بەردین، بێدەنگ لەوێ دانیشتبوو. لەوکاتەی یاکو لە قسەکانی بووەوە، باوکی رووی وەرسوڕان بەرەو لای ئێمەو بە دەنگێکی خنکاوەوەو بە هەستێکی پڕ سۆزی قووڵەوە وەڵامی ئێمەی دایەوە. پیاوێک بەسام دیاربوو. هیچ نیشانەیەکی هیوا دیارنەبوو، کە ژیان بدا بەو دەموچاوە چرچولۆچەی.

منیش گوتم: ئەوە چی دەڵێت؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاقو گووتی: دەڵێ ئەمە ڕۆژێکی ڕەشە بۆ خێڵەکەی، کە دوای ئەو کەوتوون بۆ شەڕکردن لە پێناوی ئازادی میللەتێکی بچووکو ئێستا لەدوای هەموو شتێک چاوەڕوانی مردن بکەین ئینجا با خۆمان ئامادە بکەین رووبەڕووی دوژمنان ببینەوە، کە خۆمان دەزانین کێیە، دەبێ بە زووترین کات بیرمان بچێتەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانەی بە دۆستمان ئەژمار کردبوون، ئێستا پشتیان تێکردووین.

پیرتنیش بە دەنگێکی زڕاوەوە گوتی: زۆر باشبوو لەوە خراپترمان پێنەگوترا لەلایەن ئەم پیرەمێردەوەو بەگوێمدا چرپاندی، بۆ خاتری خوا با ئاخافتنەکە بگۆڕین.

منیش پەتی زەنگەکەم ڕاکێشا، کە لەگەڵ موبەقەکەدا پەیوەندکرابوو، حامید یەکسەر هاتە پێشەوە لەگەڵ سینییەک خواردەمەنی کوردی بەتامەوە، کە لە گەرمی باسی ئاشووری کەمکردەوە.

وەک دەرکەوت بۆچوونەکانی پیرتن ڕاست دەرچوون، لە هەڵوەشاندنەوەی ئاشوورییەکان لە دیانادا، لە ڕۆژێکدا ئەم باسە بڵاوکرایەوە، کە تالیۆنەکە خەریکی جوان ڕەوتی Parade بوون بەبەردەمی خەڵکداو ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی تاڵبوو بۆ ئاشوورییەکانو یەکە بە یەکە ئەفسەرەکانیان پێیانگوترابوو، کە ئەمە دوا مانگی کاریان وەک ئەفسەری لیڤی بەریتانی.

هەموو ئاشوورییەکان هەستی بە گرنگی ئەم جوان ڕەوتەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەند جار بە دەوری فرۆکەخانەکەدا سوڕابوونەوە، بەو جوان ڕەوتەی، کە یانگو ماکو ینی ئەفەسەرەکانیکەش ساڵەهای ساڵە خۆیانیان پێوە ماندوو کردبوو.

مالیک ئیسماعیلو پیاوە ئایینییەکەو سەرۆکەکان هەموویان هاتنە پێشەوە بۆ سڵاوکردن لەو پیاوانەی، کە بۆ چەند ساڵ نموونەی خۆشەویستییان بوون. ئەو کۆلۆنێلە سکوتییەی، کە هەموویان دەیانناسی، پڕ بە دڵ ماڵئاوایی لە یەکە بەیەکەیان کرد، بەڵام بێدەسەڵاتانە لە یارمەتیدانیان. بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرن مالیک ئیسماعیلو هاوڕێکانی هاتنە پێشەوەو بە ڕێز ڕاوەستانو بەرگی ئەورووپایی نالەبارەوە دەستیانکرد بە شایی، هەروەک لە کاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەنجییاندا دەیانکرد، لە کاتێکدا چاوەڕوانی دەرچوونی بڕیارەکەیان دەکرد، کە بە سەریاندا سەپێندرابوو. ئەم پیاوانە سەرکردەبوونو سیازدە ساڵ لەمەوپێش خەڵکانی خۆیانیان لە هەکارییەوە هێنایە ناو جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، دەیانزانی، کە دوایین حەجی سەرنگوونی ئەو میللەتە دێرینەیانە.

لە ساڵانی شەڕی تورکیاو ئێرانیاندا، ئاشوورییەکان توشی دەردەسەریو سەرلێشێواویو قڕتێکەوتن بوون، بەڵام لە کاتی کاری لیڤییانو ژیانیان لە دیانا زۆر دڵخۆش بوونو بۆ ماوەیەک هیوایەکی نوێ هاتبووە کایەوە. ئێستاش هاتوون ڕێز لە سەربازە بەریتانییەکان بگرن، کە لێیان تێگەیشتبوونو یارمەتیان دابوون، هەرچەندە ئەو سەرکردەییەی ئەوانیان لە کیس دەچێت.

یەکە بە یەکە ئەو پیرەمێردانە کڕنوشیان بۆ کۆماندانەکە دەبردو بەبێ دەنگی چاوەڕوانی ئەو وشە کوشندانەیان دەکرد، کە بڕیاری دەرکردنیان دەردەخات لەژێر ئاڵای بەریتانیدا.

لەکاتی خوێندنەوەی ئەو ڕاسپاردانەی، کە پاشەڕۆژیان دیاریدەکات، باسی کاری ڕابردووی ئاشوورییەکانیان دەکردو بۆچوونە باشەکانی بەریتانیایان دەرخست بەرامبەر ئەوان. بانگەوازەکە دەیگوت بەپێی سیاسەتی دوایی پێهێنانی ماندیتی بەریتانی، ئەم هێزە نایابەی سەربازی لیڤی ئاشوورییەکان دەبێ هەڵبوەشێندرێت ((زۆر لەوان لە دواییدا دامەزران بە هێشکچی ئەو هێزە ئاسمانییەی بەریتانی، کە دوابەدوای دوایی پێهێنانی ماندێت هاتە کایەوە )) دەوڵەتی بەریتانی هەستی پێزانینی دەردەبڕێت بۆ ئەو ملکەچییەی ئاشوورییەکان، هەرچەندە، کە ئاگادارکراون، دیانا بە جێبهێڵنو شوێنیان بۆ تەرخانکراوە نزیک بە موسڵ. هەریەکە لە ئاشوورییەکان ڕێی پێدەدرێت تفەنگەکەی لابێتو سەد فیشەکی دەدرێتێ لەباتی ئەو تفەنگە ڕوسیو تورکییەی لەکاتی خۆیدا لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویانو تێکەڵی هێزی هاوپەیمانی بوون. دەوڵەتی بەریتانی لە سەر ئەوە دەڕوات چاودێری پێویستییەکانیان بکات لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. ئاشوورییەکان بۆیان دەردەکەوێت، کە بە دەستبڵاوییەوە لەگەڵیاندا باش دەبنو چاوەڕوانی ئەوە دەکەن هەموو ئاشوورییەکان تێکەڵی ژیانی کۆمەڵگای پاشانشینی عێراق بن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەم شێوەیە ئەم بڕیارە بەسەر ئەم خەڵکە بێبەختەدا سەپێندرا، کە بریتیی بوو لە کۆچێکی پڕ لە کارەساتی ناخۆش، کە بە بێدەنگی بەرپادەبوو، بێ ئەوەی هەستی پێبکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی ئەم سیاسەتەیان هێنایە کایەوە، هەرچەندە ئەم کارەساتە لەلایەن گەلێک لەو ئینگلیزانەی ناو عێراقدا هەستی پێدەکرا. یانگ بێدەنگو دڵتەنگ بوو، لەو رۆژەدا هیچ نوکتەیەکی نەبوو بۆ راب تریما. ئاشوورییەکان هیچ نارەزاییەکیان دەرنەبڕی، تەماشایەکی سەری حەسەن بەگیان کرد، کە بەسەر سەریانەوە بە ئاسماندا چووبوو، کە نیشانەی پارێزگاریو هەست بە ئارامی کردنی کوردەکانە لەگەڵ ئەو هەموو مەترسییانەی توشی دەبنو چەندین سەدە یەکێتیی رەگەزەکەیانو تایفەکەیانی پاراستووە.

دوای ووشەی لەکارخستنیان، ئەوان سڵاوی خۆیانکردو بزربوون ئەو پایە بەرزییەی بە هەوڵدانی بێماندوویی تاقمێکی بچووکی سەربازو لێپرسراوانی لەو پانزە ساڵەی شەڕو پێکدادانی ناو میزۆپۆتامیادا هاتبووە کایەوە، لەگەڵ رۆیشتنی ئەواندا فەوتا. ئاشوورییەکان هەوڵی ئەوەیاندا، بەسەرهاتە تازەکەیان سەربگرێت، بەڵام بۆ جارێکیتریش هەوڵەکانیان بەفیڕۆ چوونو سەرنگوونبوون. یاکو گوتی: بێگومان شتێکی گرنگی تایبەت هەیە لەم پێکهاتنەی بەریتانیو دەوڵەتی عێراقدا بۆ ئەوەی بچنە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی عێراقەوە. لەگەڵ ئەو شارەزاییەی لە سوپادا هەمە، دەبێ داوای ئەوە بکەم بچمە ناو سوپای عێراقەوە، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوا دەچمە ناو هێزی پۆلیسەوە.

منیش گوتم: بەڵێ هەوڵبدە من بڕوام وایە، کە عەرەبەکان زۆر پێیان خۆشدەبێت دۆستایەتی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا دروست بکەن. لە کاتێکدا ئەو رژێمە شارستانییەی بەریتانی لە عێراقدا دوایی پێهات.

بەڵام وەک دەرکەوت هیواکەی بێسوود بووو پلانەکانی لە هەموو لایەکەوە سەرنگوون بوون. کاتێک یاکوم بینییەوە، ئەوسا کارەکەم لە کوردستاندا نزیک بە تەواوبوون بوو. لە حەفتەیەکدا دەبوو خۆم ئامادە بکەمو شتوومەکەکانم بکەمە ناو ئۆتۆمبیلە کۆنەکەمەوەو بۆ دواجار بەرەو باشوور بچم بۆ سەرکردایەتی کارەکەم لە بەغداد. رێگایەکمان دروست کرد،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که هیوامان وابوو نەک هەر یارمەتی پەرەپێدانی ئالوگۆڕ دەدات لەگەڵ ئێراندا، بەڵکو یارمەتی بەڕێوەبردنێکی پڕ لە ئاشتیو ئارامی دەگەیەنێتە قوژبنە دوورەکانی پاشانشینە نوێیەکەی عێراق. بەلاّم کاتێک لەگەڵ یاکودا قسەمانکرد، سەرم لەوە دەرنەدەکرد ئایا باشتر نەدەبوو بۆ هەموو دانیشتوانی شاخەکان، کە ڕێگا دروستکەرەکان قەت بەلای ئەواندا تێپەڕ نەبوونایە! یاکو ئەنجامی داواکارییەکانیو چاوپێکەوتنەکانی پێگوتم.

لێپرسراوە گەورەکانی عراق دەڵێن هیچیتر ئاشوورییەکان لە کاری دەوڵەتدا دانەمەزرێنین، لە پۆلیسو سوپادا منیان ناوێ. لە ڕاستیدا زۆر لە ئاشوورییەکان کاری دەوڵەتیان هەبوو، ئێستا دەرکراون. دووان لە ئامۆزاکانم لە کۆلێجی سوپادابوون، ئەوانیش دەرکران. من لەوە تێناگەم بۆچی دژایەتی ئێمە دەکەن. هەرچەندە لەم دە ساڵەی دواییدا ئێمە کارکەری سەرەکی ماندێت بووین، لە سەر ئەوەیە عەرەب حەز بە ئێمە ناکەن. لە سەر ئەوەشەوە زۆر بە خێرایی ئاشوورییەکان لە هێزی پۆلیسدا کەمدەکەنەوە. بەڕاستی ئەم ڕووداوانەی ئەم دواییە زۆر سەیرن، بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی دەوڵەتی بەریتانی، کە لەم دواییەدا بەئێمەیاندا. سەر لەوە دەرناکەم کامە ڕاستەو کامە درۆیە.

منیش لام سەیربوو، زووزوو لە بەغداوە لێمدەپرسرا لە بەکارهێنانی ئەم ئاشوورییە یان ئەو ئاشوورییە. هیچ فەرمانێک نەبوو بۆ گواستنەوەی ئەو ئاشوورییانەی کاریان لە سەر ڕێگاکە نەدەما بۆ کارێکیتر لە بەشەکەماندا سەرم لەو هەڵسوکەوتانە سوڕمابوو. من هەمیشە بە پیاوەکانم دەگوت: بۆ خۆشم بڕوام وابوو، کە عێراق ئەرکەکانی سەرشانی بەجێدەگەیەنێت بۆ تێکەڵبوونی ئاشوورییەکانو کەمایەتییەکانیتریش بۆ ژیانی تەواوی وڵاتەکە. ئەمەش مەعنای چییە؟.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی بیستو یەکەم:

## بەئامانج گەیشتن

دوای ئەو هەموو کاتە لە سەر ئەو رێگایە، ئەو رۆژە هات دوایین کەمپی سەر رێگاکەو کرێکارەکانم بۆ دواجار بەجێبهێڵم. ئێمە بە ئامانجەکانمان گەیشتینو پرۆژەکەم دایە دەست عێراقییەکانو لە گەرمەی کاردا بە دزییەوە ئەوێم بەجێهێشتو ماڵئاواییم لە کەس نەکرد، لەو کرێکارانەی لە توندیو تەنگانەی کاردا بە درێژایی لەگەڵمدابوون. ئەندازیاریش مرۆڤەو نەمدەتوانی لەکاتی بەجێهێشتندا رووبەڕوویان ببمەوە.

حامید لەگەلمدا هاتو لەناو ئۆتومبیلەکەدا لە شتومەکەکانم بزربووبوو، لەکاتی دەرچوونماندا هەر هێشکچی کامپەکە چاوی لێمانبوو.

ئەو هێشکچییە یەک دەستو یەک چاوە ((لەکاتی خۆیدا کرێکاربووو بە تەقینەوەی گلیگنایت دەستێکو چاوێکی لەکیس چوو)) بە گەرمی ماڵئاوایی لێکردینو چاوم لێ بوو لە بەرسرین لەبەردەمی زنجەکەمدا راوەستابوو، ئەو تەنیا دەستەی بەرزکردبووەوەو خوا دەزانێت ئێستا ئەو پیاوە هەژارو گۆجە لەکوێ دەژێت؟ ئەو هێشکچییانەی محەمەد ئەمین ئاغای دەرگەڵە ناردبوونی بۆ کارکردن، لە تەنیشتییەوە راوەستابوونو تفەنگەکانیان بەرزکردبووەوە وەک نیشانەی ماڵئاوایی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگا قیرتاوەکە ئەوەندە بە لوسیو ڕێکی لەبەردەممدا کشابوو، وایلیٚ کردم بە خێرایی لێبخوڕم. من ناسراوم بە خراپ لێخوڕین لەو پێچانەی ئەو هەورازە سەختانەدا، ئەمڕۆش بە ڕاستی ئەو ناوە پڕ بە پێستێتی. پیٚ بە بەنزیندا بنێم خێراتر دوور دەکەومەوەو کەمتر بیردەکەمەوە. خۆ من لە سوچەکاندا دیوارم دروستنەکردووە بۆ ڕێگرتن لە خێراییو لە بەرچی ئۆتۆمبێل لە سەر چوار تایە لێبخوڕم، کە دەتوانرێت لە سەر دوو تایە بڕوات؟ هەرچی بیانوویەک ڕەچاوبکرێت بۆ خراپ لێخوڕین، هەر جێی خۆیەتی.

لەگەل حامیدا، کە خۆی بە کورسییەکەوە گرتبوو، سەر بەرەو خوار بووینەوە. بە سەر ئەو ڕێگایەداو بە تەنیشت ئەشکەوتی کۆسپی سپی ئاتەشگەی زەردەشتییەکاندا ڕەتبووین، کە هێشتا ئێسقانی مردووەکانیان لەو ناوە کەوتبوو، ئەو گڕناڵە بەردێک لەبەردەمماندا دیارکەوت، کە لە کاتی خۆیدا کرێکارەکان بەو ناوەدا وەربووبوون بۆ هەڵگرتنەوەی بلوری کوارترز، چونکە وایاندەزانی ئەڵماسە. بەم شێوەیە لە دۆڵی بەرسرین دەربازبووینو دەنگدانەوەش دوایی پێهات، هەروەک لە تونێلێک هاتبینە دەریو بیٚ ڕاوەستان بۆ کێڵگەو دارستانانەی زێویو جندیاندا تێپەڕبووین، کە شوێنی حەوانەوەی ئێمەی لیٚبوو، کە لە کاتی خۆیدا دروستم کردبووو بۆ وەرزێک تییدا ژیام. ئەمەش تەنیا بەنگەڵە بوو لە کوردستاندا بچمە ژێری.

ئەو باخچەیەی دامەزراند بوو هێشتا نەبوژابووەوەو کانییەکەش ئەو ئاوە ساردەی لێهەلدەقولاو دەچووە ناو گۆلاوەکەوە. لە سەر دووڕیانەکەی ڕەواندووزەوەو بەسەر ڕووبارەکەوە، ئاوە سیحراوییەکەی جندیان لە ئەشکەوتەکەوە وەک گەرداو دەڕژایە خواریٚ. هاتەوە یادم، کە دەمێکە لەم شوێنەدا لەگەڵ شێخ سەید تەها نانمان خواردو لە دوورەوە چاومان بە خانووە گەورەکەی شێخ کەوت، کە هێشتا ژنەکانیو نۆکەرەکانی تێیدا دەژین، هۆڵی سفرەکەی ئێستا چۆڵە لەبەر ئەوەی سەرۆک عێلەکە ئێستا لە خاکێکی دوور بەندکراوە.

لەسەر ڕازە شاخەوەو لەبەردی ڕووت، ستیدالی بۆرو ترسناکی ڕەواندووز بە ئاسماندا چووە، کە لەوێدا خەڵکانی کورد لەناودەچوون. خانووەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسماعیل بەگ بە جوانی دیاربوو، کە لەوێدا غەریبێکی وەک من لەوپەڕی دوونیاوە هاتمو لەویَ نانم خواردو دۆستایەتیم پەیداکرد. نەمدەزانی بەو زووانە خانەخویَ گەنجەکەم جوانەمەرگ دەبێت. لەدوایین چاوپێکەوتنمدا شارۆچکەکە بەو قەشەنگییە لەناو ئەو لوتکە بەفرینو چڕانەدا دامەزرابوو، کە وەک شاخەکانی مانگ وشک دیاربوون. وێنەیان هەتاهەتایە لە یادمدا دەمێنێتەوە.

بۆ هەناسەیەک رەواندووز لەپشت ئەو گردە رووتەوە شاردرابووەوە، ئەو گردەی، کە کەلاوەی تەلاری پاشا کۆرەی لەسەردا دیاربوو. نشێوبووینەوە بەرەو دەشتی دیانە، کە پڕبوو لە چادر عەمباری تەقەمەنی سوپای عێراق، کە تازە گەیشتبوونو هاتوون جێگەی بەتالیۆنی لیڤیو ئاشوورییەکان بگرن، ئاشوورییەکانیش شتومەکی خۆیان لێکنابوو بە شێوەیەک، کە بتوانن دیانا بەجێبهێڵنو ئامادەبن بۆ دوورکەوتنەوە بەرەو پێدەشتەکانی باشوور.

چوومە هۆدەی چاوەڕوانیو داوای یانگم کردو گوتیان چووە بۆ موسڵ. دوای ماڵئاوایی لە کۆلۆنێل کامیرۆنو چەند ئەفسەرێکیتر، کە لە دیانا مابوون، رووماکردە دۆڵی رەواندووز. لێرەدا بە دیمەنی کارە مەزنەکەماندا تیدەپەڕیم، کە بۆ دووساڵی رەبەقو بیَ وچان هەوڵی ئەوەمان دەدا، بەسەر ئەو لێرەوارو هەڵدێرانەدا زاڵبین.

نەزاندراوەکانو کاری دڵخۆشکەری ژیان هەمیشە جیَ پەنجەی خۆیان لە ژیانی مرۆڤدا بەجێدەهێڵن، بەڵام لەکاری رۆژانەماندا رووداوی ناخۆش دەهاتە رێگەمان، وەک دۆزینەوەی لاشەی کرێکارێکی کوژراو، تەنگژی دروستکردنی پردەکەی هوبکنس. ئینجا دەبووایە چاودێریم بکردایەو ئاگام لە هەموو شتێک بووایە، بۆ ئەمەش دەبووایە بەو پێچانەو نێو تونێلەکەدا بە خێرایی رەتبوومایە، ئەو شوێنەی پەرەسێلکە بە هەزاران دەهاتنو بە بنمیچی ئەو تونێلەوەو بەو بەردانەوە، دەستیان دەکرد بە دروستکردنی هێلانەو جێگەی ئارامیان.

بەسەر ئاوی ئالانەوەو بەودیوی تاڤگەکەوەو نزیک بە پۆلیسخانەکە، گەیشتمە شوێنی کامپە کۆنەکەی گەلی عەلی بەگ. هەمووی دووساڵ بەرەو دوا گەڕایەوە، کە ئەوسا لە گەرمەی کاردابووین، بەڵام ئێستا هەڵۆکانیش ئەوێیان بەجێهێشتووە. گەلی عەلی بەگ بۆ جارێکەو دواجار، چەند لەو دارکالپتوسانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناشتبوومانن مابوون‌و بەهۆی ئاگاداریمەوە لەژێر ساردی زستانی دۆڵەکەدا ژیابوون. لەوانەشە قەت نەگەنە بەرزی باڵایان، وەک لە ئوستورالیادا، کە شوێنی ژینگەی رەسەنی خۆیەتی. زۆرجار فیکرم لەوە دەکردەوە، کە لەوانەیە گەلی عەلی بەگ ببێتە گۆڕم وەک پێش من خەریکبوو ببێتە گۆڕی هەی‌و لتڵ دەیل. ئێسقانی زۆر لە بەریتانییەکان لە خاکی میزۆپۆتامیادا ماوەتەوە، بەڵام وادیارە ژیانم بە شێوەیەکی جیاواز دوایی پێبێت.

لە دەرچوونماندا لە گەلی عەلی بەگ بەناو ئەو داربەڕووانەدا رەتبووین، کە ئیسماعیل بەگی لێ کوژرابوو، بەم شێوەیە بە یەکەم کامپدا تێپەڕین، کە لە سپیلکدا دروستمانکردبووو بەدرێژایی شەو دەنگی تەقەو گیزەی مێشوولە تێکەڵ بووبوون‌و گۆرانیان دەگووت.

ئەمرۆ لەم بەشەی رێگاکەدا کرێکارەکان هیچ دیارنین‌و چاوەڕوانی رۆژانەکانیان ناکەن‌و جارێکی‌تر من کاریان پێناکەم. لەبەر ئەوە پێم بە بەنزیندناو بە خێرایی‌و بێ دواکەوتن بەرەو شەقڵاوە لێمخوڕی، لەوێشەوە چووم بۆ هەولێرو بەغدا.

دوای گەیشتنم بۆ ماوەیەک لە بەغداد توشی پیرتن بووم لەکاتی سەردانێکی تایبەتی بۆ شارەکە. لەکاتی ئاخافتنماندا. باسی ئاشوورییەکانم بۆکرد. بەتایبەتی لە ستافەکەماندا بوون‌و ئێستا بۆ کاردەگەڕێن. ئەویش گووتی، ئۆی، باشە پێیان بڵێ با داوابکەن لەکۆمپانیای نەوت کاربکەن. ئەوانەی شارەزایی ئەندازیاریان هەیە، لە سەر هێڵی بۆڕی نەوتی کەرکوک-دەریای سپی ناوەڕاستدا دادەمەزرێن. دوای تەواوبوونی هێڵەکە دەبێت بچن بۆ ناو ئەو لیڤییانەی، کە دوورخراونەتەوەو بەو ناوەدا بەسەرگەردانی دەسوڕێنەوە، یاکوی دۆستیشت وا لە دهۆکە. هەندێک دەڵێن دەنگۆی ئەوە هەیە، کە ئاشوورییەکان لە دیجلە بپەڕێننەوەو بچن بۆ سوریا، کە لەوانەیە فەرەنسییەکان بیانپارێزن، ئەو کارەی، کە ئێمە ئەمانویست بیکەین.

لەوە سڵماننەکردەوە، کە لەوانەیە جێگەی مەترسی بێت؛ ئێمە عێراقییەکانمان چەکدارکرد بە عەرەب‌و ئاشوورییەوە. زۆر سەیرە، کە ئێستا دێتەوە یادم، پێش چەند ساڵێک هەرچی چەکێکمان بگرتایە، دەستمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەردا دەگرت، بۆ ئەوەی ئاشتیو ئارامی بەرپابێت. تۆش دەزانی هەولێکی زۆرماندا، بەڵام نەمانتوانی رق لێبوونی رەگەزیو ئایینی لەم وڵاتەدا نەهێڵین. درەنگو زوویی کەوتووە، یەکێک شێت دەبێت، تفەنگەکان دەتەقێندرێنو خەڵکانێک زۆر دەکوژرێن.

زۆر بە جدی لەسەری رۆیشتنو گوتی: من حەزم بە وەزعەکە نییە. زۆرجار راپۆرتم ناردووەو ئەوانەم تێدا نووسییوە، کە ئێستا زۆر جێگەی مەترسینو خەڵکێکیتریش هەن وەک منیانکردووە، بەڵام لە سەرکردایەتی چارەی ئێمەیان ناوێت. ئێمەمانان، کە لە شوێنی دوور کاردەکەین، چاوەڕوانی کاری خراپ دەکەین، ئەوان لە سەرکردایەتی دەڵین، کە ئێمە کارەکانمان زۆر بە توندی گرتووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوای ساڵێک

من گەڕامەوە بۆ بەریتانیا وەک زۆربەی ئەوانەی لە کاری مندابوون. لە شەقامی ڤیکتۆریادا، کە مەکۆی ئەندازیاریانە، سەرقاڵی ئەوە بووم دونیای نوێ داگیربکەم، یان با بڵێین لەکار دەگەڕام. کارێک بۆ من دەست بدات. رێگا دروستکەرانی کوردی لە ساڵی ١٩٣٣دا لە شەقامی ڤیکتۆریادا ناویان نەبوو، چونکە ئەو ساڵە ساڵی نەهاتی ئابووری بوو.

ماندووبوونی رۆژانەو دڵتەنگی، لە هەراو هوریای رێگەوبانی ناو لەندەندا، عێراقو تەنگژەکانی کردە بەشێک لە بیرەوەرییەکی کزی ژیانی رابردوو. کوردستان بریتییە لە خەونێکی رۆمانسی ئەو شوێنانەی، کە قەت نەبوون‌و خەڵکانی قەت نەژیاون. ئیسماعیل بەگ، شێخ سەید تەها، سەید حوزنی ئەفەندی، یاکوو خەڵکانیتریش هەروەها. ئاشوورییەکان کوان؟ لەکوێن؟

شانم گوشی بەرەو ئەسکەلەی شەمەندەفەری ڤیکتۆریا.

ئاشوورییەکان

وەک دەرکەوت ناوەکە لەو کۆمەڵەی دەوروپشتمەوە هات. منیش کەوتمەوەو مردم، لە هەرچوارلاوە دەوریانگرتم.

تاکسی؟ نا، سوپاس، دەتوانم بە پێ بڕۆم. ئۆو. ببورن. من دوور دەکەومەوە. من نەمزانی بەرەو شەمەندەفەرەکە رادەکەیت. نا من هیچ باڵۆنێکم ناوێ وا بە خێرایی بە ئاسمانمدا بەرێت.

بەڕاستی دیاربوو من خەون دەبینم. ئێرە لەندەنە. کوردستان نییە. شوێنی رۆژنامە فرۆشێکە پڕ بە دەنگی هاواری دەکرد. هەموو دەنگوباسەکان، ئاشوورییەکان، جارێکیتر، کە هاتە بەر گوێم‌و هەتاکو لە سەر تەختەکەی نوسرابوو منیش رۆژنامەکەم کڕی، چاوم بە باسە سەرەکییەکاندا گێڕا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوشتاری ئاشوورییەکان لە عێراقدا

٣١٥ کوژراو دۆزراونەتەوە

بەندکراوەکان کوژراون

کوشتارێکی ئاشوورییەکان کرا نزیک بە شارۆچکەی سمێڵ ٦٥ کیلۆمەتر لە باکووری موسڵدا.

گوندەکان پڕبوون لە ژنو منداڵی سەیرانکەر

١٤ ئاشووری بەندکراو بە ئەنقەست کوژران

ئەوە بریتیی بوو لە مێژوویەکی رابردووی دڵ ناخۆشکەر. ئاشوورییەکان لە کورەی ئاگر دەربازیان بوو، کە تییدا راونرانو برژێنران، بەڵام هێشتا زیندوونو هێشتا رەگەزێکی یەک پارچەن. بەڵام هێشتا لە عێراقدانو بەزۆری لە کامپی ئاوارەییدا. هەوڵێکی پڕ بەڵێندرا بۆ نیشتەجێکردنیان لە سەر رۆخی ئورونتیس Orontesو ناوچەیەکیان بۆ تەرخان بکرێت، کە بەریتانییەکانو فەرەنسییەکان ئامادەبوون بۆ یارمەتیدانیان لە پێشکەوتنو بوژاندنەوەیاندا. بێبەختانە کاتێک فەرەنسییەکان بڕیاریاندا واز لە ماندێتیان بهێننو سوریا بەجێ بهێڵن، ئەو ئەو خێڵانەی دەوروبەری ئەو شوێنە هەڵبژێردراوە، دژی ئەم پرۆژەیە وەستان، لە دواییدا وازیان لە پرۆژەکە هێنا.

نیاز وایە، سوود لەم هەولانە وەربگرێت، چونکە بەریتانیا دەیتوانی لە ئیمپراتۆرییەکەیدا. ئەم هەڵەیە راستبکاتەوە، کە ئەو بەرپرسیاری سەرەکی بوو. گویانای بەریتانی British Guiana داندرابوون بۆ نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان، دوو ساڵ لەمەوبەر ئەم پرۆژەیە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلانەوە، لەوانەیە بە باس نەزاندرێت چونکە خاکەکە گەشەی پێنەدراوەو نەلواوە بۆ نیشتەجێی خەڵکانی شاخی، بەڵام لە کامپی ئاوارەیی ناو عێراق هەر باشترەو رێگەیەکی باشە بۆ گەشەپێدانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو قوژبنە دەوڵەمەندەی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیو بە یارمەتی نێوان بەریتانیاو هاوپەیمانەکانەوە دەبێتە کارێکی هاوبەش.

بەهیوایەکی بەتینەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەم، کە ئاشوورییە دۆستەکانم لە خاکێکی پڕ لە ئارامیدا نیشتەجێ بکرێن دوور لە ئازارو چەوسانەوەی رابردوویان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پاشکۆ

فەلسەفەو کار، هەموو کاتێک پێکەوە ناگونجێن، بەڵام سەرکەوتنی مادی ڕێگاکەی ڕەواندووز وایلێکردم، کە هەستم دەربڕم بەرامبەر بەو کارانەی بەرپاکراون‌و لەوە بگەڕێم بە چ شێوەیەک ئەم ڕیپێدانە سەیرەی، کە من بەم کارە هەستم، ئەو پێشکەوتنانەمان بۆ دەربخات، لە تەکنەلۆجیاو باشکردنی ژیانی مرۆڤ لەم وڵاتەدا، یان لە هەرچی وڵاتێکی‌تردا بێت. زاڵبوون بەسەر سروشتدا هەموو کارێکی ئەندازیار نییە. ئەگەر بتوانێت دەبێت ئاگای لەوەبێت‌و بزانێت، کە ئەو کارەی کردوویەتی، خەڵک باشی تێگەیشتوون‌و باشیشی بەکاردەهێنن. ئینجا ئەگەر لەم پاشکۆیەدا چیرۆکێک یان گۆڕانکارییەکی ئەدەبی هەبێت، کە پێوەندی بە پەرتووکەوە هەبێت ئەوا بۆ دەرخستنی نەریتە جوانەکانە.

دەتواندرێت کاری ئەندازیارێک بە باشی یان بە خراپی بەکاربهێندرێت، خەڵکیش کار هەڵدەبژێرن نەک ئەندازیار، بەڵام ئەندازیاریش هیچکە نەبێت دەتوانیت داواکانی‌و هیواکانی دەرببڕێت.

لەو چەند ساڵەی لە عێراقدا بووم، تێفکرینم لە کارەکەم، بڕوایەکی بە تینی تێدا دروستکردم، کە هەموو مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن بەیەک بگەن‌و بێ جیاوازی بەشداری لە بەرژەوەندییەکانی جیهاندا بکەن، هەرچەندە جیاوازی توندوتیژی لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام هەر ڕووکەشییە. ئەگەر ڕێگاکەی ڕەواندووز وا لە خەڵکانی جیاواز لە ڕەگەزدا بکات، کە پێکەوە کار بکەن بۆ گەیشتن بە شتێکی بەسوود نەک هەر بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ ئەو خەڵکانەش، کە بەسەر ڕێگاکەوەن لە ئاڵوگۆڕکەران‌و هاتووچۆکەران، ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاره ئەنجامدراوەی سەدەی بیستەم. دەبێتە نیشانەیەکی باڵاتر لە بنیاتنانی هەرەمەکانی میسر.

لە رۆژانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، هیچ بەشێکی وەک کوردستان دواکەوتوو نەبوو، چونکە خێڵەکییەکان بە توندی دژی هەر گۆڕانکارییەک بوون، بەڵام ئەو تێکەڵییەی سەر کارەکە، خێڵەکییەکان و ناخێڵەکییەکان بوونە یەک خێزانی یەکگرتوو لە لێزان و پیشەسازو کرێکار، بەشێوەیەک کاتێک کاتی خۆی هات، زۆر دڵگیر بووم بە دوورکەوتنەوەم و وابزانم ئەوانیش دڵگیربوون بە دوورکەوتنەوەم. هیچ لایەکمان کۆیلە نەبووین. ئەوەی کردمان کردمان هەر لەبەر ئەوەی خۆمان وامان حەزلێبوو، لاشمان خۆشبوو، هەستمان بە خۆشی دەکرد، کە لەگەڵ یەکداین. حەزمان بە بۆچوونی یەکدی هەبوو.

بەڵام کاتێک، کە حەزو هەست بە پێشکەوتن و ژیانی تازە دەکرا، ئایا دەکرێت جوانی و ساکاری ئەوها، ئاوا بێت و نەمێنێت؟ ئایا دەبێت ئێمە باشترین کەسبین و لە دواییدا لە جاران دڵخۆشتربین؟ ئێمەی ئەندازیاران گۆڕانکاری زۆرمان هێنایە کایەوە لە سەر خاک و ژیانی خەڵکانی ناوچەکەدا هیچکە ئەو دۆڵە بێهاوتایەی رەواندووز وەک جاران عاسی نامێنێت. ئەگەر بێت و پەنگاوی بێخەمە ئەو ناوچە نزیکانە داپۆشێت، بێهاوتایی ئەو شاخانەی کوردستان هەتا هەتایە هەر سەرنج راکێش دەمێنن، هیچ هەوایەک نییە روونترو هیچ گوڵاڵەیەک نییە جوانتر لە هی بەهاری دۆڵ و شیوەکانی کوردستان و لە هیچ شوێنێکی وەک بەرزاییەکانی کوردستان، میوەی نایاب و بەتامی لێنابێت. چەند هونەرمەندێک لە دۆڵەکان و شیوەکاندا نەخشیان کێشاوەو وێنەی رەنگاو رەنگیان گرتووە. بەفرە خلیسکێنە لە حاجی ئۆمەراندا دەستی پێکردووەو هەر ئەوەندەی ماوە فیلم دروستکەران و کارکەرانی گەشتوگوزار دەست بە کارەکانیان بکەن.

دۆڵەکان وەک جاران نامێنن، کاتێک، کە زەردی گەورە رووبەرووی دۆلەکان راوستابوون، وایان لە رێبوارەکان دەکرد، کە رێبازی خۆیان بگۆڕن و بەو لاقەد پاڵ و پلانەدا سەربکەون. ئەم دیوارە سروشتییانە، هیچی‌تر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگر نەماون. لە دوو وەرزی کاردا، ١٦ کیلۆمەتر لە درێژایی ئەو دیوارە سروشتییە ڕێگرانە لەژێر هێزی تەقەمەنییەکانماندا، توانەوە.

بەو شێوەیە، ئەو کرێکارە ناشارەزایانە ، توانیان ئاوها پێشکەونو بە هێزی بازووی ئەوانەوەو دەمی تیژی ئامێرە ئاسنینەکانمانەوەو درێلە هەواییەکانی لاقەد شاخەکانەوە توانیمان بەردی شاخەکان کون کون بکەینو تەقەمەنییەکانیشمان کارەکەیان تەواو دەکردو بەردە ڕێگرەکانیان پارچە پارچە دەکرد.

دوای تەقاندنەوەی بەردەکان، تاقمی بەرپاککردنەوە دەهاتن، بە خۆیانو پاچو خاکەنازەکانیانەوە، ئەو ڕێگایەیان پاکدەکردەوە.

لەدوای سالْی یەکەمی کاردا هەموو بابەتە تەقەمەنییەکانمان چنگ کەوت لە گلیگنایتو ئەمۆنالو باروت. لە سەرەتادا لە جیاتی فیوز، پەڕۆی تەرکراو بە شلاوی نایترۆمان بەکاردەهێنا، کە زۆر لە سەر خۆ دەسوتا هەتا دەگەیشتە تەقەمەنییەکەو دەیتەقاندەوە ((ئەم ڕێگە چارەیەکی ئەرتەشی تورکی بوو)) بۆ ئەوەی چارەی ئەم تێکەوتنە بکەین، خۆما دەستمانکرد بە دروستکردنو تاقیکردنەوەی تەقەمەنی.

بەمشێوەیە بەهۆی تەقەمەنی خۆمالْییەوە، توانیمان لە دۆلْی ڕەواندوزدا ئەو بەردە ڕەقانە پارچە پارچە بکەین، ئەو گاشە بەردانەی دۆلی گەلالْەش، کە هەر بەردە ئەستێ بوون (کوارتز) توانیمان بیانتەقێنینەوە. ئەو بەردە ئەستێیانە ئەوەندە ڕەقبوون، درێلەکانمان بە ئاسانی کاریان تێنەدەکردو پۆلای درێلەکانی دەبڕی. ئینجا ناچار وازمان لە درێل هێناو بە تەقەمەنی پارچەپارچەمان دەکرد. ئەو گاشە بەردە شینانە وەک چەکوشێکی گەورەیان پێدا بکێشرێت پارچە پارچە دەبوون. کارخانەیەکی دروستکردنی تەقەمەنی بەریتانی ئاگاداری فۆرمیولەی ئێمە بوون، کە بەکارمان دەهێنا، بەلاْم بڕوایان بە چاکی نەبوو. دیاربوو لەبەر ئەوەی هەندێک تێکەلْەی خۆمالْی بەشێکبوو لەو تەقەمەنیانە. ئەم فۆرمیلانەی ئێمە ئێستاش لە عێراقدا بەکاردێت.

دوای دە سالْو لە هاوینێکی ئینگلیزی خۆشی سالْی ١٩٤٠دا، هێزی بەرگری ناوچەیی، کە لە دواییدا کرا بە هێزی بەرگری میللی بانگکران بۆ



کتێبخانەی دیجیتالْی
www.rabari.org

خۆئامادەکردن، چونکە وا چاوەڕوان دەکرا ئەڵمانیای شێت، پەلاماری بەریتانیا بدات. بەتەمای ئەوەبوو نەک ئەورووپا وێران بکات، کە خۆی بەشێکە لێی، بەڵکو شوێنانی دووری وەهاش، کە کولتووری تایبەتی خۆیان هەیە. لە سەرەتاوە ئەم هێزە لە تفەنگ بەولاوە هیچ چەکێکیتریان نەبوو، منیش ئامادەیی خۆم پیشاندا بۆ بەشداریکردن لە کاتی دەست بەتاڵیمدا. هێزێکی خۆبەختمان لە ناوچەی کینت دروستکرد. لە کاتی مەشقدا ئەو زانیارییانەی لە کوردستان فێریان بووین هاتنەوە بیرم. دوای چەند هەفتەیەک، توانیمان بۆمبایەک دروستبکەین، خەڵکێکی زۆر لە خۆبەخشەکان لە یانەی گۆڵفی کنوڵ پارک لە سیڤن ئۆکدا دەستیانکرد بە دروستکردنی ئەم بۆمبایانە. لە تاقیکردنەوەکانماندا، ئەو زرێپۆشانە وەک بەردەکان پارچە پارچە دەبوون. بەمشێوەیە، ئەم تاقمە ئامادەبوون بۆ کاری تایبەتی، چونکە وا دیاربوو، کە پەلاماردانەکە لە رێگادا بێت.

زۆر سەیربوو، لەو مانگانەی هاویندا، هەرچەندە ئەندامانی تاقمەکە سەرقاڵی کاری جیاوازبوون، نە لە کاتی دروستکردنو نە لە کاتی عەمبارکردنو نە لە کاتی مەشقدا ئەم چەکە توشی زیانیان نەکردین. ئەمەش بووە هۆی سەربەرزی خەلکانی بەرگری کینت. لە رێگەی ئەندامی پەرلەمانی ناوچەکەوە، ئامادەیی بەرزکرایەوە بۆ سەرەک وەزیران بۆ دروستکردنی ئەم چەکە لە هەموو وڵاتدا، ئەگەر بە پێویست بزاندرێت. لەو کاتەدا هەر ناوچەی سیڤن ئۆکس، سەرقاڵی دروستکردنی ئەم بۆمبا لینجانەی رەواندووز بوو Rawanduz Stickies. بەشێوەیەکیتریش رێگاکەی رەواندووز، بەشداری هەبووە نەک هەر بۆ بەرگری، بەڵکو بۆ توانای گواستنەوەی هێزی زرێپۆشەکان. وەک باش زاندراوە دروستکردنی پردی سوپایی بەریتانی شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. لە یەکەم رۆژانی شەڕەکەوە پشتیوانێکی زۆر باش بوو بۆ گواستنەوەی سوپاو زرێپۆشە بەسەنگەکانو تۆپە بەسەنگەکانو ئەمەش بووە هۆی کردنەوەی هێڵی بەیەکگەیشتنو چاککردنەوەی ئەوانەی تێکدەچوون. (مێژووی پێش شەڕی ئەم پرد دروستکردنە لە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاوکرایەوەو ئەم پەرتوکەش لە ساڵی ١٩٣٧دا بڵاوکرایەوە، ئینجا بۆیە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەرتوکەکەیدا باس نەکراوە). لە دروستکردنی ڕێگاکەی ڕەواندوزدا، پرد دروستکردن وەک بەرد تەقاندنەوە ڕۆڵی هەبوو. بێ پرد نەدەتواندرا هیچ شتێک بگەیەندرێتە پێشەوەی ڕێگاکە. لە گەلێک شوێنیدا لە سەر ئەو ڕووبارو دۆڵانەدا، دەبووایە زۆر بە خێرایی ئەم پردانەمان دابمەزراندایە، ئەگەر بمانویستایە ڕێگا دروستکردنەکە ڕانەوەستێت. بە یارمەتی کرێکارەکانو بە بەکارهێنانی ڕێگەی پەتی ئاسمانیو پردی دارینەیی ماوە کورتەوە، توانیم بەسەر تەنگژەکاندا سەرکەوم. ئەمانە هەمووی لە پەرتوکەکەدا نوسراون. نزیک بە دوایی پێهاتنی کارەکەمان، ئەو هەموو جۆرە پردانەی سوپاییمان لەژێر دەستدا بوو بۆ تاقیکردنەوەیان، لە هوپکنزو ئیگلزو مارک ١١ی شەست پێ درێژ. بەڵام ئێمە هیچ کامێکیمان بە باشی نەدی بۆ کارەکەمان بگونجێت، ئێمە پردێکمان پێویستبوو، کە هیچ پارچەیەکی لەوە بەسەنگتر نەبێت، کە نەتواندرێت بەسەر پشتی هێستر هەڵبگیرێت لەم وڵاتە سەختەدا. لە هەمان کاتدا ئەم پارچانە، کە لێکدەدران، دەبووایە پردێکی وەهایان لێدروستبکرێت، ئەوەندە درێژبێت بەسەر ڕووبارەکاندا بگاتەوەو باری گرانیش هەڵبگرێت بۆ پەڕینەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی عێراق بۆ سەد ساڵەی وا دێت. ئێمە ئەگەر پردی بچوکی سوپایی شەڕی یەکەمی جیهانیمان هەبووایە، کە دامانمەزراندن. ئێستا وا بەسەر ئەو دۆڵانەدا رایەڵکراونو ئەو خێڵانەی هەرکیو لوریانەی سەر ڕێگایان بەسەردا دەپەڕێتەوە، بەڵام دەبێ بگۆڕدرێن بە پردی بەهێزترو فراوانتر ئەگەر بیانەوێت مەترسیان لە ڕێگا تازەکە نەمێنێت.

دروستکردنی پردێکی قاییمو توانای هەڵگرتنی باش، لەم پارچە سوکانە کارێکی ئاسان نەبوو لەو کاتانەی، کە خەریکی بەرد تەقاندنەوەو ڕێگا پشکنینو سەردانی سەرۆک خێڵەکان بووم، یان باسی کارەکەم لەگەڵ ئەفسەرە بەریتانییەکاندا دەکرد. ئەو پرسیارە هەر لە مێشکمدابوو، ئایا چۆن لەو پارچە سوکانە، پردێکی وا درێژو بەتوانا دروستبکەین؟ لە هەردوو سەری پارچە بچووکەکانەوە لاوانە هەبوون، ئەگەر ئەم لاوانانە لێک بدرێن لە یەکانەوە بۆ چوارینە، ئەوا دەتوانرێ توانای هەڵگرتنی باش بەدەست بهێندرێت، بێ ئەوەی بکەون یان بشکێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم ڕێکخستنانەم لە سەر پردی کورت تاقیکردەوەو سەرکەوتوو دیاربوو. پرسیاری دووەم ئەوەبوو ئایا ئەم ڕێکخستنانە پردی قاییم دروست دەکەن؟ ئەم بۆچونانە لە بەکارهێنانی پارچەی بچووک بۆ دروستکردنی پردی گەورە، لەلایەن زانیاری ئەندازیارییەوە شتێکی ڕاستنەبوو. سوودم لە کارەکەم وەرگرت، کە لە بەندەری لای تلتنی نیوزیلاند کارم دەکرد. ئەویش دروستکردنی مۆدێلی بچوککراوەبوو. ئەگەر بێتو عێراقیش بەجێبهێڵمو بچم بۆ بەریتانیا، دەتوانم بۆچوونەکانم بەم شێوەیە تاقیبکەمەوە.

خۆشبەختانە توانیم ئەو کەمووکوڕیانەی پردە سوپاییە بەریتانییەکان هەیانبوو لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی ئەندازیاری بەریتانی بوون، باسیان بکەم کاتێک، کە دەهاتن بۆ سەردانی کارەکەم، وەک کۆلۆنێل تایلەرو گولاند، کە هەردوکیان دەگەڕانەوە بۆ لەندەن بۆ کاری بەرزی ئەفسەری شەڕ. ئەوان حەزیان لە بۆچوونەکانم دەکرد، داوای ئەوەیان لێکردم، کە نەخشەکانم بنێرم بۆ دەزگای ئەندازیاری پاشایی بۆ تاقیکردنەوەی. ئەوان پێیانگوتم، کە لە ناو هەموو بەشەکانی ئیمپراتۆری بەریتانیادا، عێراق باشترین لێزانینی ئەندازیاریی پرد دروستکردنی پێشکەش کراوە. ئەم بۆچوونەم لەگەڵ میوانە بەڕێزەکەمدا سیر ڕۆبەرت بروک پۆنام مارشاڵی ئاسمانیدا باسکرد زۆر جێگەی سوپاسە. ئەو وێنانەی بۆ ناردم، کە لە یەن (راف)ەوە وەرگیرابوون بۆ دۆڵەکەو ڕێگاکەمو لەم پەرتوکەدا دەبینرێت.

لە ساڵی ١٩٣٢ ەوە، ڕێگاکەی ڕەواندوزو کاری عێراقم بوون بە بەشێکی ژیانی ڕابردوومو دوایی بە کارکردنی ئیمپریالیم هات. من وام هەستکرد، کە ئەو کارەی لە پێشمەوە بوو زۆر گرنگ بوو لە هێنانە کایەیی پردی باشتر لە شوێنی ئەوانەی کۆنن. بۆ ئەوەی توانای بەرهەڵستی هەڕەشەی ئەڵمانییەکان بکات. ئەگەر شەڕ بقەومێت ئەوا زرێپۆش بە سەنگ بەکاردەهێنرێت، ئەم پردەی من باسی دەکەم، نابێت هەر بۆ کاری سوپایی بێت. پردی مەدەنی زۆر لە فەرەنساو هۆلامدا تێکدراون، ئینجا دەبێ ئەم پردانە توانای هەڵگرتنی سەنگی زۆریان هەبێتو نزیک بە ٢٠٠ تەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەنگاوی دووەم لە لەندەن دەستی پێکرد. لە چاوگەیەکدا لە سەر شەقامی هوگارت، بێجگە لە تەختە نەخشەکردن‌و تیسکوێر، لە سوچێکی هۆدەکەدا ماتۆری کارەبایی، پارچەی بچووککراوەی Miniature پردەکەی هەڵدەکەند. لەگەڵ هاوکارمدا دوگلاس وایت پارتونس‌دا، کە ئەویش کاری لە لایتلتن کردبوو، پێکەوە لە چاوگەکەدا دەژیاین‌و ئەویش هاوبەشی بۆچوونەکانم بوو.

دوای دانانی دیزایینی ماتماتیکی، هەموو پارچە بچووککراوەکانی پردەکە دروستکران‌و تاقیکرانەوە. ئەمەش کارێکی گرانبوو، کە ئەم پارچە وردانە بە یەکەوە بنوسێنین. لە کارەکەماندا ئەو بورغییانەی توندکەری لێدان Frictiongripمان بەکارهێنا، کە دەبووایە ١/٢٤ بچووکبکرانایەوە. پێکەوەنان بە موکێش‌و سپانەی زۆر بچووک دەکرا. ئەم کارەش خۆگرتن‌و پشت ئێشەی پەیدا دەکرد، دەبووایە هیچ بورغییەک بەجێنەهێڵرایە، دەبووایە توند بکرانایە بۆ تاقیکردنەوەی تواناو چەوتی‌و راوەستان، کە گرنگن بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکە.

ئەو مۆدێلە راستەقینانەی، کە کەمکراوەی قەبەیی‌و ماددەن، زۆر کەم دەکرێن، لەبەر زەحمەتی بەدەستهێنانی شێوەی مەعدەنەکە وپێکەوە بەندکردنیان،، کە مۆدێلێک دروست دەکرێت هەر بۆ چاوپێکەوتنی شێوەکەیەتی، نەک بۆ تاقیکردنەوەی تواناو چەوتی‌و راوەستان، کە گرنگن بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکە.

ئەو مۆدێلە راستەقینانەی، کە کەمکراوەی قەبەیی‌و ماددەن، زۆر کەم دەکرێن، لەبەر زەحمەتی بەدەستهێنانی شێوەی مەعدەنەکەو پێکەوە بەندکردنیان،، کە مۆدێلێک دروست دەکرێت هەر بۆ چاوپێکەوتنی شێوەکەیەتی، نەک بۆ تاقیکردنەوە، لێکدانەوەی ماتماتیکی تەنیا مەرجە، کە ئەم کارەی لە سەر راوستاوە. بەڵام بۆ ئێمە باشترین دەستگیر ئەوەیە مۆدیلی ماتماتیکی لەگەڵ مۆدێلی بچوککراوەی پردەکان یەکبگرن، ئەگەر بمانەوێت ئەو پردانە لەلایەن سوپاوە وەربگیرێن‌و لە دواییدا لە هەموو جیهاندا بڵاوببنەوە، وەک خۆمان دەمانەوێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆدێلەکان سودێکی‌تریان هەبوو، کە لە لایەن خەڵکی ناسراوی ئۆفیسی شەڕو وەزیرانو برادەرانی ئەندازیارانی کۆمەڵگای پێشانگای ئەندازیارییەوە دەبینران. دەبووایە مۆدێلەکان پیشانی ئەم گوێگرە تێگەیشتووانە بدەین، بۆ دەرخستنی دیزایینەکەو تاقیکردنەوەیان، لە هەمان کاتدا مۆدێلی حەشارگەی فڕۆکەمان Aero- Hougen پیشاندا، کە لە سەر داوای وەزارەتی هێزی ئاسمانییەوە دروستمانکرد بوو. حەشارگەی فڕۆکە بەقەدەر پرد دروستکردن گرنگە لە پرۆگرامی پاراستنی بەریتانیادا. بۆمان دەرکەوت، کە دروستکردنی مۆدێلی ئەو حەشارگانە لە دروستکردنی مۆدێلی پردەکان گرانترن.

لەم دواییەدا، ئەم مۆدێلانەی پردو حەشارگەی فڕۆکە زۆر سەرنجی خەڵکیان راکێشا. خەڵک لە ناخی دڵیانەوە هەر منداڵنو حەزیان لە مۆدێلە. گەورەترین مۆدێل هی پردێکی ٦٠ مەتر درێژبوو، هەزاران بورغی بچووکی هەبوو، مۆدێلەکە ٢.٥٤ مەتر درێژبوو ٢٥ سانتیمەتر پانیبوو. بۆ نیشانەی قاییمی پیاو لەسەری دادەنیشت، یان رادەوەستا. ئەو ئەندازیارانەی تەماشایان دەکردو هیچ گومانیان نەدەما، ئەگەر پارچەی بچوکی لێکبدرێت، پردی قایمو راست راوەستاوی لێدروست دەکرێت.

حەشارگەی فڕۆکە لە سەر توانای رەوستان بەرانبەر بەفرو با، تاقیدەکرانەوە. وەزارەتی هێزی ئاسمانی ئیمپریالی، یارمەتی ئێمەیان داواکرد بۆ دروستکردنی حەشارگەی زۆر گەورەو ژمارەیەکی زۆریان لێدروستکرد لە بەریتانیاو هیندستاندا. لەراستیدا هەموو کارگەکانی پۆڵای هیندستانی، خەریکی پرد دروستکردن یان حەشارگەی فڕۆکەبوون، کە سوودێکی باڵایان هەبوو بۆ پێداویستییەکانی شەڕو بوونە هۆی پێشکەوتنی ئەم کارگانە. لە ئەفریقای باشووریشدا دەستکرا بە دروستکردنی پردو کاتێک شەڕ دەستی پێکرد، منو هاوڕێیەکانم رێکخراوێکی باشمان هێنایە کایەوەو توانیمان پردی رێگاو پردی شەمەندەفەرو حەشارگەی فڕۆکە نزیک بە گۆڕەپانەکانی شەڕ دروستبکەین لەو شوێنانەدا، کە پێویستبوونو بەم هۆیەوە مەترسی کاری دوژمنان لە دەری کەمترکردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم کارانەیان ناونابوو بنیادنراوەکانی کالیندەر- هاملتن، چونکە بە پێی داوای ئۆفیسی شەڕ، دەبووایە کارگەیەکی ئەندازیاری بدۆزینەوە بۆ پشتگیری پرۆژەکەمانو لەم بارەوە ئەندازیارە شارستانییەکان پەیدا بکەن. بۆمان دەرکەوت، کە کارگەکانی پرد دروستکردن، گوێیان نەدایە ئەم کارە بەهۆی هەرەسی ئابوورییەوە. بەڕێز ئەسی پۆیس لێپرسراوی کۆمپانیای کەیبڵی کارەبایی لەگەڵ دوو کەسی بەناوبانگ، کە برایانی بۆیاخچی هیرفورد بوون، ئەم بەتاڵییەیان پڕکردەوە.

کارگەکەیان مافی دروستکردنی پێدراو لە سەر ئەم شێوە تازەیە دەستیانکرد بە دروستکردنو تاقیکردنەوەی پردو حەشارگەی فڕۆکە. ئەم پردە نوییانە ناسراون بە بنیاتی هەمە لاوانە Mutitruss و هەمە چین Multitier. لەم شێوە پردەی کالیندەر_ هاملتن پردی ١.٥ مەتری لاوانە بەرز دروستکران لە جیاتی ٣ مەتر لاوانە بەرزی بەیلی. ئەم پردانە وەک پردی ئاسایی قایمبوون بەڵام پارچەکانی سوکتربوون بۆ گواستنەوە، لەجیاتی بورغی، تێکهەڵکێشان بەکارهێنرا Pin Connectiom ، کە جینراڵ گیبارد مارتیل بەکاریهێنابوو لە دروستکردنی پردی بوکسی کردەر Box Girder Bridgeو دامەزراندنیشی زۆر هێندرابوو. تێکەڵاوکردنی ئەم دوو بابەتە پردە لە یەک بابەتدا، کە پێی دەڵێن پردی کالیندەر- هاملتن- مارتیل زۆر بەسوود بوو بۆ دروستکردنی پردی کاتی Temporary Bridgeبۆ کاری کتوپڕ ئەوەش بزاندرێت، کە پردی کالیندەر_ هاملتن هەر بۆ دامەزراندنی پردی کاتی نییە. بەڵکو بۆ پردی هەمیشەییش دەستدەدات.

بەم شێوەیە. ئەو بابەتە پردەی بۆ یەکەمجار بە دیار رووبارە بەتەوژمەکانی کوردستانەوە، خەومان پێوە دەدی، ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان هاتۆتە کایەوەو لە ساڵی ١٩٣٨- ١٩٥٣دا نیشانەی باشی پێبەخشرا.

زۆر گرانبوو بزانین شەڕەکە روو لە کوێ دەکات، ئەگەر ئەو پردە خێرا دامەزراندنانە نەبوونایە، زرێپۆشەکان ئەوەندە لە شەڕەکاندا سوودیان نەدەبوو، ئەگەر پردەکان هەر ئەو پردە سەر ئاوییە کۆنانە بوونایە، کە لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بەکاردەهێنران گواستنەوەی سوپاو ئامێری شەڕ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێواشتر دەبوون. بۆ ماوەیەکی زۆر هێزی سەر عەرد لەدوای هێزی ئاسمانییەوە بووایە، بەڵام لە شەڕی دووەمی جیهاندا بەلای کەمەوە لە دوایینەکانیدا شەڕ لە سەر عەرد دەکراو دوژمن بۆی دەرکەوت، کە زییەکان‌و رووبارەکان هەر بەرگری کاتین، بۆ هێزێک، کە مەکینە پاڵی پێوە دەنێت. هیوام ئەوەیە، کە مێژوونووسانی سوپای دوارۆژ ئەم گۆڕانکارییانەی لە پرد دروستکردندا هێنامە کایەوە، تۆماریبکەن، لە کاتێکی گرنگدا سودێکی چاوەڕواننەکراوی دایە بەریتانیا لە شەڕی زرێپۆشیداو هەرچەند رووی شەڕی نەگۆڕی، بەڵام ماوەی شەڕی کورتکردەوە.

لە کاتی شەڕەکەوە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر پرد دروستکردندا بەرپابوون سوودێکی زۆریان هەبوو بۆ کاری شارستانی. ئەم سستەمە نوییەی پرد دروستکردن منی سەرقاڵکردبوو، بۆم دەرکەوت، کە قایمترو هەمیشەییتریشە، لەوەی چاوەڕوانی لێدەکرا. دوای ئێمە فەرەنسییەکانیش دەستیانکرد بە دروستکردنیان.

ئەگەر ئەمەی سەرەوە بەشیک بێت لە چیرۆکی من، هەتا بڵاوکردنەوەی ئەم چاپەی پەرتوکەکە، ئایا چی بڵێین لە بابەت ئەو کەسانەی لەم پەرتوکەدا باسم کردوون؟ لە چاپی یەکەمی پەرتوکەکەدا چەند کەسانێکمان بە ناوی راستی خۆیانەوە تۆمار نەکردووە، چونکە لە کاتی خۆیدا زۆر لە دۆستەکانم وایان بە باش دەزانی، کە ناوی راستەقینەیان بڵاو نەبێتەوە، چونکە لەو کاتەدا لە عێراقدا کاریاندەکرد. بەڵام دوای بیست ساڵ ئەم شێوەیە گۆڕا ((لەم وەرگێڕانەدا ناوە راستییەکان لە ناوەڕۆکی پەرتوکەکەدا نوسراون، ئەم بەشەش هەر وەک خۆی ماوەتەوە. وەرگێڕ)) ئایا ئەم پیاوانە کێن‌و لەوکاتەوە ئەم پەرتوکە بۆ یەکەمجار نوسراوە، ئەوان چییان لێ بەسەرهاتووە؟ کلوڤەری بیابان لە هەموویان بەناوبانگترەو ناوی راستەقینەی لەتنانت-جەنەراڵ سێر جۆن گلوب پاشایە، کە رێکخەرو سەرکردەی هێزی عەبدوڵڵا پاشای ئوردون بوو. ئەم هێزە رۆڵێکی باشی هەبوو لە شەڕدا. لێرەدا ناتوانی باسی ژیانی ئەم پیاوە لێهاتووە بکەین. قسەکانی‌و نووسراوەکانی‌و پەرتوکەکەی بە ناوی چیرۆکی هێزی عەرەب The Story of the Arab



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

.legion زۆر باش نووسراون. دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستیندا، بووە هۆی دورکەوتنەوەو ناحەزی عەرەب لەگەڵ گەلێک لە دۆستە بەریتانییەکانداو جینراڵ گلۆبیش یەکێک لەوانە بوو، هەرچەندە ئەو رۆڵی باڵای هەبوو لە گۆڕانو پێشکەوتنی عەرەبەکانداو رۆژێک لە رۆژان هەموو عەرەب دەبێ هەستی پێبکەن.

ئینجا بینە سەر باسی فرانکلن، کە سەرکردەی هێزی پۆلیس بوو. ئەمیش کاپتن تی. ئی. فورنوکس بوو Captain T. E. Furneaux، کە لە ساڵی ١٩٣٢دا لە بەسرە کاری بازرگانی دەکردو لە شەڕی عیمارەدا دەستگیرکرابوو. لە عێراقدا کاری هەمیشەیی پێسپێردرابوو بۆ رێکخستنی هێزی پۆلیس لە سەر بناغەیەکی خۆرئاواییو لە دواییدا کرا بە لێپرسراوی کۆمپانیای گەشەپێدانو دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە موسڵدا.

یەکێک لە ئامۆژگاریکەرانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە عەماندا، پیاوێکی بەناوبانگ بووو لە کاتی خۆیدا لە عێراقدا ئەفسەری پۆلیس بوو لە دواییدا بۆ ئەفسەری لیڤی ئەدیشی لایمنگتن بوو Lymingtonکە ناوە راستەقینەکەی کاپتن سی. ئی. لیتڵ دەیل بوو Captain C. E. Little Daleو هێشتا هەر لە کاردایە.

لەوانەیە بڵێم لە هەموو ئەو ئەوروپییانە سەیرتر، کە لەم پەرتوکەدا ناویان هاتووەو خۆی بەختکردبوو بۆ عێراقو کوردستان، ئەو پیاوەبوو، کە پێمان دەگوت لاپتتەن کلارکو کوردەکان ناویاننابوو جاکبۆ، ئەویش ئەی. جەی. چاپمان بوو A. J. Chapman، کە ئەفسەری بەشی کوردی بوو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک. کورد وتەنی چاپمان ئێستا رەشماڵەکەی خۆی پێچاوەتەوە. بەسەرهاتی مردنی چیرۆکێکی ئەوەندە سەیرە، دەبێ خوێنەر بیزانێت.

ئەو لە وەسێتەکەیدا داوای کردبوو، کە خۆڵەمێشەکەی بە شوینێکدا لە کوردستان بڵاوبکرێتەوە. ئەویش گوندی (والاتی)مە، کە لە بەرزاییدا بەسەر رەواندوزدا دەڕوانێت. ئەمەش سەفەریکی دوورو ناخۆشبوو بۆ ئەو کەسەیی، کە ئەم ئەرکەی ئەنجامدابوو. وابزانم ئەم شوێنە لەویوە نزیکبێت، کە ئەوی لێی بەربووبووەوەو رانی شکابوو، خێڵەکییەکانی والاش بە دارە مەیت هەڵیانگرتبووەوەو بەو شاخانە بەرەو هەولێر بردبوویان، پێش ئەوەی رێگاکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستبکرێت. ئەو داوای ئەوەی کردبوو خۆڵەمێشەکەی لەوێ بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەو زۆر دڵی بە خەڵکی شاخەکانی ئەو ناوەوە بوو. لەوێش بڕوای ئاسایی متمانەو دۆستایەتی دۆزیبووەوە، ئەمانەش لای ئەو باڵاترین بەخشین بوون، کە خاک بە مرۆڤی داوە.

دەبێ باسی ئەو دوو ئەندازیارانە بکەین، کە لێپرسراوی من بوونو پلانو ئامۆژگارییو پاڵپشتیان، پرۆژەی ڕێگاکەیان لە سەر لاپەڕەوە گەیاندە راستەقینە. یەکەمیان ئەی. ئێس. کلای A. S. Clay بوو، کە بەڕێوەبەرو مێشکی سەرکردایەتی پرۆژەی ڕێگاکەی ڕەواندووزو ڕێگاکانیترو بنیاتنانی ناو عێراق بوو، دووەمیان پیری Perry بوو، کە ناوە راستەقینەکەی ربلیو ئەی. پوڤەر بوو W. A. Poverو ئەندازیاری بەشی باکووری عێراق بوو وایکرد تەنگژییەکانم زۆر کەمبن لە ستافو ئامێرەکانی بەکارمان دەهێنانو زۆر ئاگای لە دڵی کرێکارەکان بوو، بوو بە هۆی ئەم سەرکەوتنە بێ پایانە.

هەردووکیان لە دواییدا بوون بە لێپرسراوی نەوتی ئینگلیزی- ئێرانی، کە ئەوەندە سەرکەوتووبووو لە دوای چەند ساڵێک لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە نیشتمانیکرا National zationو سامانێکی زۆریان لەم کۆمپانیا سەرکەوتووەی بەریتانییەوە دەستکەوت. لە رۆژانی سەرەتایی کارەکەمدا، کە سەرقاڵی دروستکردنی ڕێگاکە بووم بە پردەکانییەوە، ئەوان پاڵپشتی چاکی ئەم پرۆژەیەبوون. لە راستیدا ئەوان یەکەم ئەندازیاری مەزرابوون، کە پشتگیری بەکارهێنانی ئەم بابەتە نوێیەی پرد دروستکردنە بکەن، کە ئێمە هێناومانە کایەوە.

لە ئەفسەرانی بەتالیۆنی یەکەمی لیڤی ئاشوورییەکان، کە زۆر قەرزاری دۆستایەتیو یارمەتیانمو پاراستنی ڕێگاکەی ڕەواندووز بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، لەوانە کۆماندانەکەیان کۆلۆنێل ماکدۆناڵد، کە ناوە راستەقینەکەی کۆلۆنێل سوریل کامیرۆن Colonel Sorel Cameron ئێستا خانەنشینەو لە سکوتلاند دەژێت.

سیان لەو ئەفسەرە گەورانەی، کە ناسراون بە بیو، ئەلف، دیماک (Beau، weemac،alf ) یان سێ سوارەکەی لیڤی Three Musketeers هەرسێکیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پلەی بەرزیان وەرگرت لە بەتالیۆنەکەدا کاتێک، کە هێزێکی بەریتانی بوو. ئەم هێزە رۆڵێکی بەرزی پیشاندا لە بەرگری حەبانیەدا لە ساڵی ١٩٤١داو بەشێک لەم سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەیی‌و مەشقیان. خوێنەر لە یادێتی، کە لە بەغدا لەژێر کۆنترۆڵی یەکگرتووی هێزی بەریتانی‌و لیڤی‌و عێراقیدا بوو بەیارمەتی هێزی عەرەبی توانیان رەشید عالی گەیلان بشکێنن، کە سەر بە نازییەکان بووو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو هیندوستان دووربخەنەوە لە مەترسی چلێسی هیتلەر.

ئەم سێ پیاوە لوتانینت- کۆلۆنێل بوون بە ناوی. ئار. میری. ئێم. سی. R. Merry M. C.و ئیچ، پی. یانگ H. P. Youngو ئێف. جەی. ماک وینی F. J. Macwhinnieو هەرسێکیان لە کاری سەربازی خانەنشینبوون زۆر سەیرە، کە دەوڵەتی بەریتانی موچەی خانەنشینی بەو ئەفسەرانەی لیڤی نەدا وەک ئەفسەرانی سوپای ئاسایی دەیاندرێتێ. وا دیارە لای ئەوانەی هێزیان بەدەستە، ئەو خزمەتەو ئەو هەموو تەمەنەی، کە ئەم ئەفسەرانە کردوویانە، ئەوەندە درێژ نییە، کە ئەم کارە بێهاوتایەی ئەوان کردوویانەو ئەو بەرێوەبەرێتییەی کردوویانە، کە وەک سەربازێک یان موچەخۆرێکی تاجی پاشایی تەماشابکرێن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یاسای خانەنشینی سوپا.

دوای ئەو هەوڵانەی کۆلۆنێل پێری‌و من لە بری ئەوان لە پەرلەماندا دامان، توانیمان موچەی خانەنشینی بدرێت بەو سەربازە ئاشووریانەی، کە ماوەیەکی درێژ لە لیڤیدا کاریانکردووە.

لە خانە نشینییەکەیدا ئەلف ئاگاداری ئەفسەرێکی هاوڕێی دەکرد.، کە ئەو سەر بە هێزی میویل سیکسی بووو لە کۆمەڵێکی تایبەتدابوو بە ناوی Die Hard ەوە. ئەم هاورێیەی ئەلف توشی نەخۆشییەکی هەمیشەیی بووبوو. لە ساڵی ١٩١٦دا ئەوان هاوڕیی چەکبوون. من دڵخۆشبووم بەوەی، کە بڵێم ئەلف یورک هەروەک جاران نوکتە خۆشەکانی بەردەوامن. کاپتن بەیکەر، ناوە راستەقینەکەی مێجەر ئیچ. ئێم. بپرتن بوو Major H. M. Burton، کە لە دەستەی نورفۆلکی پاشاییەوە هاتبوو وەک ئەندامی پێوەندی کارخانەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەریتانی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کاریدەکرد، بۆ زانینی پێویستییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

پیاوێکیتریش بە هەمان ناوەوە سیر ریچارد یورتن Sir. Richard Durton بوو، کە زمانزانیکی بەتوانا بووو پێیگوتم، کە ئەم رۆژانە، زۆر لە بازرگانەکانی تورکیاو عێراقو بەشەکانیتری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بە ئینگلیزی قسە دەکەن وەک جاران کاری فرۆشتن پێویست بە وەرگێرانی زمان نییە. هەموو وڵاتانی جیهان خۆیان لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نزیکدەکەنەوە. لەوکاتەوەی کارکەرانی بەریتانی سامانێکی زۆریان دۆزییەوەو هێنایانە کایەوە، بۆ ئەوەی بە خەڵکانی ئاسایی بگەین لە رێگای بانگەوازەوەو بۆ ئەوەی ناوی خۆمان لە پڕوپاگەندەیەکی گەرمدا بهێڵینەوە، کە لە رادیۆ عەرەبییەکاندا پەخش دەکرێن، ئێمەش دەبێ لە رادیۆکانماندا پەخشی عەرەبیمان هەبێت. جەنەراڵ گڵۆبیش هەر وەهای بۆ دەچوو. بانگەوازەکانمانو پەخشەکانمانو فرۆشتنەکانیشمان دەبێ لەگەڵیدا لە پلەیەکی نوێترو فراوانتردا بن. دەبێ لە جیاتی پڕو پاگەندەی درۆ، رای راستی پیشان بدەین. ئەگەر بمانەوێت ئەو پایەی بەریتانیا هەیەتی هەر بمێنێت، دەبێ ئێمە بە ئاشکراو روون، نەک هەر ئەو شتانەی کردوومانە، بەڵکو ئەو شتانەی دەشیانکەین، بە جیهانی رابگەیەنین.

بێجگە لە چاکەی کۆلۆنیالییو دامەزراندنی خزمەتگوزاری شارستانین لە هەموو شوێنێک، کە بەریتانییەکان بۆی چوون، دیاری زمانی ئینگلیزی بۆ ئەمریکاو هیندستانو ئێستاش بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست، لە گەیاندنی ئەو هەموو کارە تەکنەلۆجیو ئەندازیاریانەدا، زمانەکە بووەتە شتێکی بەنرخ لە پێشکەوتنی جیهاندا، هەرچەندە وەک لە کاتی کپلنگدا خۆرهەڵات هەر خۆرهەڵاتبووو خۆرئاواش هەر خۆرئاوابوو، بەڵام لەگەڵ کاتدا، ئێستا زۆر بە خێرایی لە یەکدی نزیکدەبنەوە، لە هاتووچۆو زمانو شێوەی ژیاندا، بە بەراورد لەگەڵ جاراندا.

لە کەسانی ناوچەکەدا کەم کەس لە گەورە پیاوانی کورد بەولاوە، لە کاتی حوکمڕانی بەریتانیادا توشی زیان بووبێتن. شێخ مەحمود مردووەو شێخ سەید تەها دوای زیندانییەکی دوورو درێژ لەلایەن ئێرانییەکانەوە، لە زیندانی تاراندا مردو شێخ ئەحمەدی بارزانیش هێشتا بە بەندێتی لە دووری وڵاتەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەژێت. نابێ پێی لێ نەدرێت، کە ئەم پیاوانە هەر لە بەر ئەوەی کورد بوون توشی زیانبوون‌و وەک خۆبەختکەر دەژمێردرێن بۆ رەگەزە کۆنەکەیان، کە لە لایەن هەندێک پسپۆرانەوە، دەگەڕێنەوە بۆ میدییەکان، کە لە پەرتوکە کۆنە ئایینییەکاندا باسکراوە. بەلای من، ئەمەش بەبیرهێنانەوەیەکی ئەو لێقەوماوانەیە، کە لە پەرتوکەکەدا باسمکردوون (بەشی ٧)و ئەمەش رووی بەریتانیاو عێراق سپی ناکات، من ئاواتم ئەوەیە، کە شێخ ئەحمەد بەم پیرییەش بەربدرێت‌و بگەڕێتەوە بۆ شاخەکان.

بە بۆچوونی من ئەو ملیۆنە کوردەی عێراق، باش هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵسوکەوت لەگەڵداکردنی سێ ملیۆن کوردی تورکیاو سێ تا چوار ملیۆن کوردی ئێران باشترە. ئەگەر عێراق ئەوەندە بەهۆشبێت کێشەی کورد بە پاکییەوە وەربگرێت ((لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم، کە پەرتوکەکە کاری لە رای عێراق کردووە))و ناوچە کوردییە شاخاوییەکان پێشبخات، پاڵ بە کوردەکانەوە وەک وێلشییەکان ویلشین، ئەوهاش کوردەکان کوردستانین‌و ببن بە سەرپەرشتکەری ناوچە فراوان‌و شاخاوییەکانی خۆیان، ئەوسا عێراق دەبێت بە مەشخەڵی نوێی پێشکەوتن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو ناوبانگ‌و رۆڵی زیاتر پەرە دەسێنێت.

لەو بڕوایەدام کوردەکان لەلای خۆیانەوە، لەگەڵ ئاشوورییەکاندا بەرچاو فراوان دەبن، کە کەمایەتییەکی بچوکن، بەڵام وەک ئەوان خەڵکی شاخن. زۆر سەیرە، کە سەرکردەی رۆژێ لە رۆژانی هەردووک رەگەزە مێژووییەکە ئەمڕۆ لە لەندەندا دەژین. حەمید بەگی بابان، کە پشتاو پشت دەگەڕێتەوە بۆ سەلاحەدین‌و پەتر پارکی ئاشوورییەکان لە خێزانی مار شەمعوونە، کە باپیرانی رۆژێک لە رۆژان هەڵگری ئەو فەرمانە بوون، کە ئیسلامەکان سەربەستییان دابوو بە مەسیحییەکان‌و دەڵێن لە کاتی خۆیدا پێغەمبەر خۆی ئەم سەربەستییەی داونەتێ. ئاوارەییان، گوێنەدانی ئێمەی بەریتانی پیشاندەدات بەرانبەر سەرکردەکانی ئەم رەگەزە کۆنە، سەرکردەی خەڵکێک، کە لە تەنگانەو ناخۆشیدا دۆستمانبوون. ئایا لە شوێنی ئەمەدا چییان بە چنگ کەوت؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناو ستافە تەکنیکییەکەی رەواندووزدا جورج میخائیل‌و بنیامین یۆنان کاریان دەکرد، ئێستا بازرگان‌و بەڵێندەری دەوڵەمەندن. سێیەمین چاودێریکەر، کە لەوەوپێش ناویم نەهێنابوو رەشید عارف بوو. ئەویش ئێستا گەورەترین بەڵێندەری ئەندازیاری بەغدادە. جێگەی دلخۆشییە، کە بڵێم ئەم پیاوانە لەوانەیە سودیان لەو کارە سەختەی بیست ساڵ لەمەوبەر وەرگرتبێت، کە من پێمدابوون. رەشید عارف‌و موحەمەد ئەنوەر سائیب، کە ئەویش یەکێک بوو لە چاودێرکەرانی رێگاکە، هەردووکیان دەمێک نییە سوودیان لە نەخۆشخانەکانی لەندەن وەرگرت بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشی‌و برینداربوونیان‌و ئەمەش ئەو پێوەندییانە دەردەخات، کە ئێمەیان بە یەکەوە بەستبووەوە. سەید حوزنی ئەفەندی سەرنوسەری گۆڤاری هاواری کوردستان ئێستا مردووەو چاپخانە دەستییەکەی راوەستاوە، بەڵام رەشید عارف دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی کوردی، ئەمجارە لە بەغدا نەک لە رەواندووز. هەروەها تیپی مۆسیقای کوردی هاتۆتە کایەوەو گیان خەڵکی کوردستان بەسەر بەرزی‌و توانای تازەوە دەژێت.

وەستا ئەحمەدی ئاسنگەری لێزان، کە دەیتوانی دەمی خەنجەرو نووکی درێلە هەواییەکان تیژبکاتەوە، ئێستا هەر خەریکی پیشەکەیەتی. من شەفقەکەم بەرزدەکەمەوە بۆ وەستا ئەحمەد چونکە ئەو پیاوێک بوو من فێرم نەکرد، ئەو شارەزایەک بووو منیش خەڵکێکی ئاسایی.

بیستم، کە سولکەرە کوێرەکەی سەر رێگای کەرکوک، وەک جاران هەر خەریکەو ئەم پەرتوکە بەناو بانگی کردووەو بووە بە پیاوێکی ناسراوە. من بەختەوەر بووم، کە لە ناو ئەو دژایەتییە کۆنانەی، کە لە خۆرهەڵاتدا باون، توشی چاکەی وەهابووم، کە لە خۆرئاوادا شێوەیان کەمە، یان وایان دابنێین بە بەشێک لە نەریتی چەسپاوی خەڵکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. موسوڵمان بە کوردو عەرەبییەوە، یان مەسیحی، وەک دەمناسین هەموو وەک یەک بەرچاوفراوان بەرانبەر بە هەژارو بە خزمەت بوون بۆ میوان.

وەک دەزانین پەرتوکی دێرین Old Testameut)) بریتییە لە یەکێک لە دوو بەشی ئینجیل، کە مێژووی میللەتی ئیسرائیلی تێدا باسکراوە، پێش ئەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەزرەتی مەسیح بێتە کایەوە، وەرگێڕ)) بۆ هەرکەسێک ئایینە ئاسمانییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک یەک فەرمانی تێدایە دەبێ ملکەچی بن‌و ئەو جیاوازیانەی لە ژیانی موسوڵمان‌و مەسیحی‌و یەزیدی‌و جولەکەدا هەیە، زۆر کەمن، ئەگەر بێت‌و لێکیان بدەینەوە.

ناخۆشی ژیانی خەڵک بوو، کە بۆ یەکەمجار، بووە هۆی نووسینی ئەم پەرتوکە. بەشەکانی سەرەتای، بریتیین لە کورتەیەکی ئەو تەنگژییانەی کوردەکان‌و ئاشوورییەکان توشی بوون، منیش چەند پێشنیارێکم هەیە بیانکەم.

وەک سکوتلەندییەک یان نیوزلەندییەک، زۆر هەستم بە نزیکی دەکرد لەگەڵ ئەو خەڵکە بەتوانایانەی ناوچە شاخاوییەکاندا. لە کاتی راماڵکردنی زنجیرە شاخەکەی مەکەنزیدا، کە بە تەنیشت ئەلپی باشووری نیوزلەنداوەیە، فێری شاخەوانی بووم‌و بەو لاقەدو پاڵانەدا بە خێرایی هەڵدەگەڕام. بەم شێوەیە هەموو کاتێک دەمتوانی بە سەرکەوتوویی بەرامبەری ئاشوورییەکان‌و کوردەکان رابووەستم. لەو شوێنە چرانەی خۆیاندا. لەپێش ئەوانەوە بگەمە سەر شاخەکان. لام وایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد کارێکە عێراق دەتوانێت لەپێش دراوسێکانیدا چارەی بکات، بە شێوەیەکی راستەقینە ئەگەر بیەوێت. من هیوام وایە، کە وەها بکەن. دوای بیست ساڵ، هەتاکو ئێستا من هیچ پێشکەوتنێک بەدیناکەم لە پێکهێنانی یەکبوونی نیشتمانی وک کوردستانێکی سەربەخۆ، یان خاک لە دەرەوەی عێراقدا بۆ نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان. تێڕوانین‌و سەرقاڵییەکی زۆر لە سەر کێشەی ئاشوورییەکان کراوە. وەک لە پێشدا گوتم: ئاشوورییەکان لە عێراقدا تاکن Unique. ئیمڕۆ ئەوان لەگەڵ کڵێسەی ئینگلتەرادا، دوای شەڕی یەکەمی جیهان، پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا بەسترا بە چاولێ پۆشینێک، ئاشوورییەکانیش بوون بە ئاوارە. لەبەر توانای سروشتیی شەڕکەرییان. ئەوان بە ملکەچی‌و زۆر چاک وەک لیڤییەکی بەریتانی خزمەتییانکرد، بەتایبەتی وەک پارێزەری فڕۆکەخانەی جەنگی‌و هێزی ئاسمانیی پاشایی بەریتانی، لەسەرەتادا لە هەموو عێراقداو لە دواییدا لە حەببانییەو شوعەیبەدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له کاتی خۆیدا باسی بەشداری ئاشوورییەکانم کرد له شەڕەکانی حەبانییەدا. لەو شەڕەدا ئەوان یەک بەرانبەر بە دە بوون لە شەڕکەرو تەقەمەنیدا لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نابەرانبەرییە بۆ ئاشوورییەکان، کارێکی ئاسایی بوو. من شانازی بەوەوە دەکەم، کە داوام لێکرا لەگەڵ تاقی سەرکەوتووەکاندا بچم بۆ لەندەن بۆ پێشوازی رۆژی سەرکەوتن، توانیم گەلێک لە دۆستە کۆنەکانی دیاناو رەواندووزم ببینمەوە. کۆمیتەی نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان، کە من سکرتێری رێزلێگیراوی بووم Honory Secretary، لە ئەندامانی ناسراوی کڵێسەو هێزی ئاسمانی پاشایی کۆماندانی لیڤیی له عێراقدا پێکهاتبوو. بۆ چەند ساڵێک هەوڵدرا بۆ پەیداکردنی پارەو خاکێکی گونجاو بۆ نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان له کەنەداCanada و گویانای بەریتانی British Guianaو ئوستورالیا Australiaو ئەفریقیای خۆرهەڵات East Africaدا. بەڵام له هەریەکەیان چەند رێگیرێک هاتە پێشەوە، لەبەر حەزنەکردن بە وەرگرتنی کۆمەڵێک لە سەر بناغەی رەگەزی، هەر چەند هەزارێک دەیانویست بچن بۆ هەر یەکە لەم وڵاتانە، ئەوسا بە خێرایی تێکەڵاوی ژیانی خەڵکی ئەو شوێنانە دەبوون ((با بزاندرێت، کە ئەم وڵاتانە داوایان لێکرابوو ئەگەر رازیبن بەوەی هەر کۆمەڵی بچووکی ئاوارە وەرگرن، بەڵام ئەوان نارازی بوون، ئایا دەبێ رای عەرەب چی بێ له سەر فەڵەستین، کە رەگەزێکی نامۆ بەسەریاندا سەپێندراوە؟)). بێجگە لەو کەسانەی، کە بۆ خۆیان عێراقیان بەجێهێشت، پرۆژەی گواستنەوەی ئاشوورییەکان بۆ دەرەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وازی لێ هێندرا. هەر ئەوەندە دەتوانم، کە ئەو وڵاتانەی دەبووایە کۆتەی ئاشوورییەکان وەربگرن، هەر ئەوانە خەسارەتمەندن.

دەتواندرێت جارێکیتر چاو بە پرۆژەی گواستنەوەی ئاشوورییەکاندا بخشێندرێت ئەگەر ئەو شوێنانە توانی باشیان پێویستی، له هەر شوێنێکی کۆمۆنوێلتی بەریتانیاداو ئێمە چاوەڕوانی ئەم کارەین. ئەوەی من دەیبینم، پاشە رۆژی کورد یان ئاشووری هێشتا له عێراقدا بزربووە. بەم هەموو کاری ئەندازیارییەی، کە ئێستا له ئارادایە ئەوان دەبێ لەو سامانەدا هاوبەشبن.، کە بۆ بۆری له بیابانەکانەوە بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست دەچێت بۆ هەڵگرتنی بە پاپۆڕی بارهەڵگر. ئەوسا ئەوان سوود له پرۆژەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوەدانکردنەوەو هێزی کارەبای ئاوو کانزاکانی شاخەکان وەردەگرن، بەشداری لە گەشەپێدانی وڵاتێک دەکەن، کە دەبێتە یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتانی سەر رووی زەوی. چۆنێتی ئەو خەڵکەی سێ هەزار ساڵ دێرینانە، دەبێت جارێکیتر بیانکاتەوە بە خەڵکێک، کە ئاماژەیان بۆ بکرێت. بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەوان مافی ژیانیان هەبووە لە چەقی کێشی هەموو خەڵکانی جیهانداو لە ناوەراستی خۆرهەڵاتو خۆرئاواو باکوورو باشووردا، لەگەڵ توانای هەڵگرتنی بارگرانییەکن، کە خەڵکانی شاخ پێی بەناوبانگنو هەمیشە بەهەستو سرکن. ئەم چۆنێتییە لێزانینە قەت پیر نابێت، هیچ کەموکوورییەکیان نییە لە توانای فێربوونی بزنسو ژیانی نوێدا.

بەڵام لە بردنی ئەم رێگایە بەناوچە پانو بەرینەکەیاندا، کە قەد لەمەوبەر بەم شێوەیە نەکراوە، وای لێکردمو ئێستاش هەروەهام، دەبێت بڵێم، کە ئەم هەموو رێگا دروستکردنو گۆرانکارییە، هیچ شتێک نییە لە ئابروبردنێکی Rape سەدەی بیستەم دەبێ بۆ ئەم میللەتە سەربەرزو پیرۆزە. لە راستیدا رێگەکەی رەواندووز لە لایەن وێرانکەرو داگیرکەر بەکاردێت هەروەک لەلایەن رێبواری بێدەنگو بازرگانیشەوە. لە راستیدا لە یەکەمجار هەر لە کاتی تەواوبوونیدا، ئەم رێگایە بۆ سەرکووتکردنی خێڵی بێ گوناهی شێخ ئەحمەدی بارزان بەکارهێنران. شێخ بۆ بەسرە دوورخرایەوە، بەڵام سەرکردەی شەڕ مەلا مستەفا بوو، لە جیاتی ئەوەی داوای لێبووردن یان حەوانەوە لە عێراقو تورکیاو ئێران بکات، خۆیو هاوڕێیەکانی داوای مافی سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی بوو بۆ روسیا. ئەمەش کارێکی مەترسیدارەو دوورخرانەوەی ئەم خێڵە، بەهۆی ئەم رێگایەوە بوو.

لە خاکێکی وەهادا، کە بەجێماوەی مێژووی وەها لە پێشکەوتنی مرۆڤدا بەجێبهێڵێت وەک ئەو یاسایانەی حامورابی، کە پێش سێ هەزار ساڵ لە سەر بەرد هەڵکەندراون وەک پێدەرێکی یاساو دروستکەرێکی بابلی کۆن، تەشوێ تاشەکەی بێستوون، کە بە مێخی بە سێ زمان داریوش Darius باسی سەرکەوتنەکانی دەکات، کە کێی هەڵواسییوە (( ئەمەش نیشانە بۆ زمانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک بەردەکەی ڕەشید Rosetta Stone، کە باسی میسری کۆن دەکات لە سەر حیسابی کوژراوە بێبەختەکان)).

دەبێت شاکارییەکی ئاسایی Simple Monumentدابنرێتو بە کورتی باسی پێهەڵسانەکانی ئیمپریالیزمو کولونیالیزمی بەریتانی بکات، کە لەم سەدەی بیستەمەدا بەرپای کردووە. پیشانی بدات، کە چ کەسانێک بووینو چ نموونەیەکین. لە دوای خۆمانەوە لە جیهاندا چیمان بەجێ هێشتووەو لە شاخەکانی کوردستانیش باشتر دەستناکەوێت بۆ پیشاندانی، لەشوێنێکدا زۆر دوورین لەو شارەی لای من وایە کۆنترین شاری جیهانە، ئەویش شاری هەولێرە، کە بڕوا وایە هەموو ئایینەکانی ئاسیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەم شوێنەوە دەستی پێکردووە لە سەر بەردێک ئەمانەی خوارەوە نەخش بکرێنو لە دیواری دۆڵی ڕەواندووزدا چەسپ بکرێن، کە دەڵێن:

لەژێر ماندێتی بەریتانیادا لە ساڵانی ١٩٢٨ بۆ ١٩٣٢دا

ئێمەی هەزار پیاو، کە بەم زمانانەی خوارەوە ئاخافتنمان دەکرد:

ئەم ڕێگایەمان دروستکرد بۆ بەکارهێنانی لەلایەن ڕێبوارانی ئاشتی خوازەوە، کە بەسەریدا رادەبوورن،

دیاریمان بۆ هاوەڵانی مرۆڤمانە. ئەوەش گرانە، کە ژمارەی زمانەکان زۆرن، دەبێ بەم زمانانە بنوسرێن: ئینگلیزی، فەرەنسی، کوردی، عەرەبی، سریانی، ئەرمەنی، هیندوستانی، تورکیو رووسی، چونکە پیاوەکانم بەم هەموو زمانانە قسەیان دەکرد. ئەم هەڵکەندراوە لە دەرەیەکی بەردینی بەرەو بەرزاییەکانی ئاسیادا چەسپ کرد وەک نیشانەی بەدەستهێنانێکی بچووک، کە یەکێک لە شوێنە هەرە دوورەکانی گەورەترینو دروستکەرترین ئیمپراتۆرییەت، کە هەتا ئێستا لە سەرە گۆی زەویدا زاندراوە. لە شوێنێکی جوانی جیهاندا چەسپ دەکرێت، کە ئێستا دەبێتە شوێنی سەیرانو گەشتو گوزارو بەناوبانگ دەبێت. هەرچەندە دەمێک نییە شوێنێکی دوورو کێوی بوون، ئەم هەڵکەندراوە بۆ سەدان ساڵی وا دێت دەخوێندرێتەوەو رووبەرووی هەموو ئەو کەسانە دەبێتەوە، کە بەوێدا تێدەپەڕن بۆ ئەوە ملکەچی ئەم کارەین، زۆر دوای ئەوەی ئیمڕۆ ئێمە ئەم شانۆیە بەجێدەهێڵین بۆ چاوتروکاندنێک توانای پێهەستانی خۆمانمان لە سەر تۆمارکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پاشکۆی یەکەم

ئەم سێ گوتارەی، کە لە رۆژنامەی بەغداد تایمز Times **Baghdad** دا لە رۆژانی ١٨و ٢٩ی ئابو ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢دا بڵاوکراوەتەوە ((یەکەم گوتار لە گۆڤاری فەڵەستیندا Palestine Bulletin لە ٢١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٢دا بڵاوکرایەوە.))

لەوانەیە خوێنەرانی پەرتوکەکە حەزیان لێبێت بیانخوێننەوە، چونکە لەسەر بابەتی ئاوەدانکردنەوەیەو بەتایبەتی گەشەپێدانی پرۆژەی ئاودانە، کە لەوانەیە لە عێراقدا بێتە کایەوە.

بێجگە لە ئاودانو دابینکردنی لافاو Food Coutrolو ئاوو ماڵکردنی Drianaqe شێوەکانی دیجلەو فورات، من دەزانم گەشەپێدانی تەکنیکی هەن، کە دوای ئەمانە دێن، لەناو ئەوانەدا کارەبای ئاوی Hydro- Electriciyو سوودەکانی، هاتووچۆی ئاوی ناوەوە Inland Navigaitionو بنیاتنانی خانووبەرە Building Construction.

بە درێژی باسی ئەم بۆچوونانەم کردووە لەگەڵ نەخشەو هۆیەکانی، هەندێکیان ئێستا لە لێکۆڵینەوەدان، لە کۆمیتەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق IRAQ. Development Bourd. هەرچەندە بیستو پێنج ساڵ لەمەوبەر نوسراون، بەڵام هێشتا هەر پەسەندو بەسوودن.

ئامانجی ئەو گوتارانە هەروەک ئامانجی پەرتوکەکەن، ئەویش بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک بەرەو ئاوەدانکردنەوە رابکێشن، لەم وڵاتە بێهاوتایەدا بەلای کەمەوە بەشێک لەم ئامۆژگارییانە هێشتا هەر لە باودان، بەتایبەتی، کە ئێستا لە عێراقدا پارە لەژێر دەستتدا هەیە، خەڵکیش هەن هەست بە پێویستی ئاوەدانکردنەوەی هەموو وڵاتەکە دەکەن، یان وەک عێراقییەک پێی گوتم: ئەگەر بۆیان بکرێت بە شەوێک بیکەن بە یورک شایر! من سەرم سوور دەمێنێت لەم باخچەی عەدنە نوێیەی عێراق، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باخچە کۆنەکەدا. راستە ڕێگا لە پێشکەوتن ناگرێت، ژیان بەرەو پێش دەڕوات و ئێمەش لەگەڵیداو عێراقیش لەگەڵ هەستێکی نوێدا.

Hydro. Electric schemes for IRAQ

Making the couutry more productine

پرۆژەی کارەبایی ئاوی بۆ عێراق، وڵات بە بەرهەمهێنتر دەکات.

لە وتاری خوارەوەدا، دریژی پرۆژەی کارەبای- ئاوی عێراق لە لایەن نووسەری تایبەتمانەوە باسکراوە.

ئەو دەریخستووە، کە دەتواندرێت بە هەرزان، هێز لە رووبارەکانی کوردستانەوە بێتە کایەوە، ببێتە هۆی نیشتەجێکردنی خەڵکێکی زۆر لە ڕێگەی پیشەسازیو کاری مەکینەوە، کە لەم ناوچەیەداو لەم رۆژانەدا، بێ ئەوەی ئەم کارانە لە کردن نایەن. پرۆژەکە دەریخستووە، کە لە رۆژانی وشکیدا ٥٠٠٠٠٠ هێزی ئەسپ پەیدا دەکرێتو بە درێژی ساڵیش زۆرتر دەبێتو ساڵ لە دوای ساڵیش نرخەکەی کەمتر دەکات.

نوسەرەکەمان وای بۆ دەچێت، کە پیشەسازی نوێش دادەمەزرێنو دەبنە هۆی فرەکردنی سامانی وڵاتەکە، وەک دەرهێنانی ئەلەمنیۆمو نیتراتو دامەزراندنی پرۆژەی ساردکردنی خۆراکو خواردەمەنی، کە ئێستا هەتا لە رۆژانی سارددییشدا توانای گواستنەوەی دووریان نییە.

## هێنانی پیشەسازی نوێ بۆ عێراق

ناوچە شاخاوییەکانی عێراق لە زاخۆوە بۆ سلێمانی، کانگای هێزی کارەبایی- ئاوی هەیە، کە هەتا ئێستا بەکار نەهاتوون، لە زۆر شوێندا. رووبارەکانو زێیەکان بە دۆڵی تەنگەبەری تەنگاوی گونجاودا تێدەپەڕن، کە زۆر ئاسانە لەو شوێنانەدا، بە بەرزییەکی باشو تێچوونێکی کەم بەرگری ((بەربەست)) کۆنکرێتی لێدروست بکرێت. ئەم بەربەستانە، هەر سەرچاوی هێزە هەرزان نابن، بەڵکو لە هەردوو بەری رووبارەکەوەو لە خوار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربەستەکەوە ڕێگۆڕکە بە ئاو بکرێتو جۆگای لێهەڵدەگیرێت بۆ ئاودانی ئەو زەوییە بیرو ناتەی دامێنی بەرگرەکە. بە بەکارهێنانی مەکینەی بەرد هەڵکەندنو تەقەمەنییەوە دروستکردنی جۆگە ئاو بەم بەرو بەری دۆڵەکەدا زۆر گران ناوەستێت ئامانجی سەرەکی بەربەستەکە دەبێ کارەبا بێ.

### پێشنیاری ئابووری

دەتواندرێت هێزی کارەباکە بۆ سەرخستنی ئاو لە ڕووبارەکەوە بەکاربهێندرێت بۆ سەر ئەو زەوییە تەختانەی نزیکی پرۆژەکە، ئەم پرۆژەی ئاودانە دەتواندرێت ٢٠٠ – ٣٠٠ کیلۆمەتر لە ئەسکەلەی (وێستگە) هێز دروستکردنەوەکە دووربێت. وێستگەکان لە هەر چ شوێنێکدا بن هێزی کارەباکە دەتواندرێت بۆ شوێنی دوور بگوازرێتەوە بۆ بەکارهێنانی لە شارەکانی موسڵو هەولێرو کەرکوکو سلێمانی هەتاکو بەغدادیش. لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانی هێزی کارەبا لە عێراقدا هێشتا هەر بۆ ڕۆشنکردنی ماڵانو شەقامەکانە. بەڵام ئەگەر بێتو پێویستی کارەبا زۆرتر بێت ئەوا ئەم پرۆژەیە سەرکەوتووتر دەبێت. بەرزکردنەوەی ئاوی ئاودان بەشێکی زۆرهێزەکە دەبات بەکارهێنانی هێزی کارەبا بۆ هەڵکێشانی ئاوی ئاودان، لە کاتیکدا دەگونجێت، کە پێویستی شارەکان بۆ کارەبا کەمدەبێتەوە.

لەم ڕۆژانەدا وڵاتان سەرقاڵی زیادکردنی هێزی کارەبای ئاویین. ئەم گوتارەی لای خوارەوە پرۆفیسۆر ئەی. ئێچ. گیسۆن نوسیویەتیو شوێنی خۆی لێرەدا کردۆتەوە،، کە لە کالیفۆرنیادا سیستمێکی گەورە هەیە بۆ دروستکردنی هێزی کارەبا، کە درێژایی ١٣٠٠٠ کیلۆمەتر دەرواتو لەمەشدا ١٠١٦٠ کیلۆمەتری تەوژمی بەرزە High Tension. ئەم سیستەمە لە ١١٤ وێستگەی هێزی کارەبایی ئاوی سی وێستگەی هێزی کارەبایی هەڵمی پێکهاتووە، کە سەرجەمی داهاتەکەی ٢٥١٠٠٠٠ کیلۆ واتە. بەشێکی زۆر ئەم هێزە لە کشتوکاڵدا بەکاردێت رامالیک Surray دەریخستووە لە ساڵی ١٩٢٥دا کشتوکاڵ بە تەنیا لە کالیفۆڕنیادا ٦٣٦٠٠٠ هێزی ئەسپی پێویست بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کالیفۆرنیا نەوتێکی زۆر دەردەهێنێتو دەتوانێت بەکاریبهێنێت بۆ دروستکردنی کارەبا، بەڵام بۆیان دەرکەوتووە، کە هێزی کارەبای ئاوی گەلێک هەرزانترە. لە عێراقدا وا باوە، کە نەوت باشترین سەرچاوەیە بۆ بەدەستهێنانی هێزی کارەبا. نەوت گاڵۆنی بە دوو عانەیە ((عانەیەک چوار فلوس بوو، واتە ١/٢٠٠ دینارێک عەبدولکەریم قاسم عانەی کرد بە پێنج فلوس. وەگێر)) بێجگە لە کرێی گواستنەوەی هەرچەندە نەوت سوتەمەنییەکی هەرزانە، بەڵام مەکینەکانو بەکارهێنانیانو تەمەنی مەکینەکان بۆ ماوەیەکی کورت پارەیەکی زۆری تێدەچێتو نرخی نەوتیش هەر لە بەرزبوونەوەدایە. لەسەرەتاوە پرۆژەی دانانی وێستگەی کارەبایی- ئاویی دووجار بەقەدەر وێستگەی کارەبای نەوتی تێدەچێت بەڵام بەکارهێنانی ئاو پارەی تێناچێتو سەرپەرشتیو چاککردنەوەی وێستگەی کارەبای ئاوی زۆری تێناچێت. دوای پێنج هەتا ١٠ ساڵ وێستگەی کارەبای ئاوی دەست دەکات بە دروستکردنی کارەبای هەرزانترو هەتا تەمەنی وێستگەی کارەبایی- ئاویی درێژتر بێت نرخی کارەباکەی دادەبەزێت بەراورد بە نرخی کارەبای نەوتی.

لە پرۆژەی گەورەی کارەبا دروستکردندا چەند وێستگەیەکی کارەبا دروستکردن بە نەوت بە خەلوزی بەردی کار بکات دەخرێتە ناو پرۆژەکەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە، کە لە کاتی ئاو کەمیدا کارەبای وێستگەی ئاوی کەمتر دەبێت.

لە عێراقدا هەتا لە کاتی ئاو کەمیشدا ئەوەندە کارەبا دروست دەبێت، کە بەشی ساڵانێکی داهاتووی زۆر بکات ئەگەر کارگەکان ئەوندە زۆر نەبن. ئەگەر زێی بادینان بە نمونە وەربگرین، کە گەورەترین زێیەو لە دۆڵێکی رەخسیودا تێدەپەڕێتو لە بێخەمدا دەتوانرێت بەربەستێکی ٢٤ مەتر بەرزی لێ دروست بکرێت، کە لەو شوێنە بەرداوییەدا زۆری تێناچێت، بەلای کەمەوە ١٥٠٠٠ هێزی ئەسپ هایزی کارەبا دروست دەکات، ئەم هێزەش بەشی ناوچەیەکی فراوان دەکات هەردوو زێیەکەش، زێی بادینانو زێی دوکانو رووبارەکانیش ئەگەر بەربەستیان لە سەر دروست بکرێت لەو شوێنانەی گونجاون لەوانەیە، کە سەرجەمی هێزی رۆژانی وشکانی نزیک بە نیو ملیۆن هێزی ئەسپی لێ پەیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بكرێتو هەموو ساڵەکەش بە گشتی لەوە گەلێک زۆرتر دەبێت. بێ راماڵینی باشی ئەم سەرچاوە ئاوانە، بە درێژایی ماوەیەکی پێویست بۆ لێکدانەوەی تەوژمو چەندێتی ئاو ئەم جۆرە لێکدانەوانە ناتەواو دەبێتو ئەم بابەتە بۆچوونانەش لە عێراقدا دەستی پێکردووە. لە گەلێک شوێندا سەرچاوەی ئاوی بچووک هەیە، کە دەتوندرێت دابین بکرێت بۆ پەیداکردنی کارەبای ئاوی لەمانەش سەرچاوی ئاوی کانی بێخێرەو لە هاوینو زستاندا وەک یەکە، ئەم ئاوە هەیە. لەم ئاوە دەتواندرێت پتر لە هەزار هێزی ئەسپی لێ پەیدا بکرێتو دەتوانێت کارەبای هەردوو شارۆچکەی رەواندووزو دیانا دابینبکات، بەو کارەبایەی، کە لە کانی بێخێر دروست دەبێت. ئاوی کانی بێخێر بۆ ئەو زەویە پشتاوانەی خوار رەواندووز دابین دەکاتو دەکرین بە باخو دارستان. دەتواندرێت کارگەی تەنین لەو ناوچەیەدا دابندرێت بۆ مافور دروستکردنو بەکارهێنانی خوری مەڕی ناوچەکە. هەروەها دامەزراندنی کارگەی مەرمەڕ برین، کە ئەو ناوچەیە پێی بەناوبانگە. بەم شێوانە ئەو سەرچاوەیەی، کە ئاوی کانی بێخێرە دەبێت بە سەرچاوەیەکی خێر.

### کارگەی ئەلەمنیۆمو نیترات

لەو کارگانەیە، کە هێزێکی زۆریان پێویست دەبێت. بە هێزە دروستکراوەکانی زێیەکانو رووبارەکان دەتواندرێت کارگەی ئەلەمنیۆم دابنرێت بۆ دەرهێنانی ئەلەمنیۆم لە گڵی تایبەت، کە لەوانەیە لە عێراقدا هەبێت. زبڵی کیمیایی نیترات لە هەوادا پەیدا دەکرێتو بەهۆی کارەبای ئاوییەوە وەک سەرچاوەی وزە دانانی ئەم بابەتە کارگانە دێنە کایەوە.

ساردکردنو بەستنی خواردەمەنی بۆ مانەوەو گواستنەوەی کارێکی پێویستە، چونکە بەرووبوومی باخداری کوردستان وەک سێوو ترێو هەڵوژەو میوەکانیتر دەبێت ساردبکرێن بۆ هەڵگرتنو گواستنەوەیان. سەرچاوەی ئەم کارەبایەش لە وێسگەکانی کارەبای ئاوی رووبارو زێیەکاندا دەبێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گواستنەوە بە ئاودا، وەک ڕێگاکانی شەمەندەفەرو فڕۆکە خێرا نییە، بەڵام لە دنیادا لە شوێنی خۆی ماوە. دەرکەوتووە دە هێندەی ئەو پارەیەی خەرجدەکرێت بۆ دروستکردنی کەناڵی گەورەو جومالّکردنیان‌و ڕێکخستنی رووبارو زێیەکان بۆ کاری گواستنەوە. هەرچەندە شێوەکانی‌تری گواستنەوە خێراترن.

بۆ نمونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەم ساڵانەی دواییدا چل رووبارو زێ ڕێکخراون‌و ئامادەکراون بۆ بەکارهێنانیان بۆ گواستنەوەی ئاوی. هەتا ساڵی ١٩٢٠ سەد ملیۆن دۆلار خەرجکراوە بۆ ڕێکخستنی رووباری ئۆهایۆ. لە نیویۆرکدا کەناڵێک دروستکراوە بۆ بەندکردنی رووباری هاتسن بە هۆلاوی ئیرییەوەو زاد لە ١٧٠ ملیۆن دۆلاری تێچووە.

لە فەرەنسا بۆ بەندکردنی شاری مارسێ Marseillesبە رووباری رۆنەوە تونێلێکی پاپۆڕبەر لە شاخەکەدا بڕاوە، کە ٧٠٢٦ کیلۆمەتر درێژییەتی. هەموو زێیە گەورەکانی ئەوروپا چاککراون‌و ئامادەکراون بۆ گواستنەوەی ناو ئاوو بە کەناڵ بە یەکەوە بەندکراون. هەندێکیان بارهەڵگری هەزار تەنی پێدا دەڕوات، راین‌و رون‌و مەین‌و رانوب نمونەن، بەڵام رووبارەکانی‌تریش سودیان لێوەردەگیرێت.

گەورەترین ڕێگای ئاوی ئینگلتەرە رۆناوەکانێتی، کەناڵ‌و رووبارەکانی نزیک بە سەرجەمی ٦٤٥٠ کیلۆمەتر درێژن‌و زۆربەیان لە لایەن کۆمپانیای شەمەندەفەرەوە کڕدراون بۆ ئەوەی بەرامبەر گواستنەوەی شەمەندەفەری نەوەستیت.

لە عێراقدا، لە بەندەری بەسرا بەو لاوە هیچ دەراوێکی‌تر خۆشنەکراوە بۆ هاتووچۆ، لە کاتی شەڕدا ڕێگای هاتووچۆی ئاوی بەسراو بەغداد بەکارهێنرا بەڵام لە عێراقدا هیچ پرۆگرامێکی ڕێگای هاتووچۆی ئاوی دانەمەزراوە.

زۆر کەم لە وڵاتانی جیهان لە عێراق باشترن، لە توانای هاتوچووی ئاویدا. بەو دوو زێیە گەورانەی، کە بە لێژییەکی زۆر باشەوە دەچنە ناو دەریاوەو بە ناو گەلێک شارو شارۆچکەدا تێدەپەڕن‌و دەکرێت ببنە هۆی گواستنەوەی زۆر باش، بێجگە لەوەی، کە کشتوکال ژیانی خەڵکی ناوچەکە لە سەر ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو زێیە بەندن. لە مێژەوە بۆ گواستنەوەی سەربەرەوخوار بەکارهێنراونو دەتواندریت بۆ هاتوچۆی دوو سەرەی لە هەموو وەرزەکاندا ریکبخرینو بەکاربهێنرێن، بە تایبەتی دیجلە، کە یەک ئاورگەی هەیە، هەرچەندە شوێن گۆڕکە دەکاتو چەند دواوانێکی هەیە لەگەڵ زێیەکاندا وەک زێی بادینان لە بێخەمەدا لەگەڵ ریگای عەردی رەواندووز تەوریزدا یەکدەگیرتەوە. بەم شیوەیە عێراق زۆر بە هەرزان ریگای ئاوی دەبیت، بۆ گواستنەوەی شتومەک بەرەو بەغداو بەسرا.

بەمشیوەیە لە عیراقەوە دەتواندریت شتومەک بگوازریتەوە بەرەو باکووری ئیران، بە گومرگیکی گەلیک هەرزانتر لەو ریگا دوورەی ناو ئیران خۆی. بە هەمان شیوە دەتواندریت لە موسلەوە بە هەرزان شتومەک بگوازریتەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی خۆرهەلاتی تورکیا.

فورات زۆر ئاسان ریک ناخریت بۆ هاتوچۆی ناو ئاو، لەبەر ئەوەی جۆگە ئاوەکانی، کە لیوەی هەلگیراون بۆ ئاودانو بەکارهینانی مرۆڤەوەو لە باشووریشدا بە ناو زەلکاوەکاندا تیدەپەریت. بەشەکانی ئەم ولاتە هەمەرەگەزییەو قەت بە یەکەوە بەند ناکرین لەوە بەولاوە، کە پارە خەرج بکریت بۆ پیشخستنی ناوچە شاخاوییەکانو بیابانەکان پیکەوە، بەم شیوەیە ولاتەکە دەبیتە یەکپارچەی جوگرافیو پیشەسازیو بەری هەرەوەزو یارمەتی یەکدی دیتە کایەوەو بۆ خەلکی ولاتەکە دەبیت.

## بنیاتنانی نوێ لە عێراقدا

هەلەکانی رابردووو ریپیشاندانیش بۆ دوارۆژ: ئەو شارەزاییەی، کە لە میژووی دیرینی بابلو داگیرکەرانو شارستانییەی چوارهەزار سالەی رابردووی ئەم خاکە دەستکەوتوون، بەشیوەیەکی سەرەکی لە خانوو بەرەو بەردو خشتەکانی پەیداکراون، کە بە شیوەی میخی لە سەریان تۆمارکراون.

لە بابلو دەوروبەرەکەیدا بۆ هەزار سال پات کان حکومرانیان کردووە، لەگەل ئەوەشدا هیچ لە بارەی کاری خەلکەوە نەزاندراوە، لەو خشتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوتاوانە بەولاوە، کە بە جییانهێشتووە. ئەگەر ئەم خەتی بنیاتنانە نەبووایە، ئەوا هیچ دیاردەیەک نەدەبوو بزاندرێت، کە مرۆڤ لەم شوێنەدا ژیابێت.

پێش سێ هەزار ساڵ لە نەینەوادا هەڵکەندراوی کۆن، لە سەر بەرد نەخشکراوە، وردە وردە بەهۆ باو بارانەوە سواوەتەوەو تواوەتەوە، هەر ئەوانە دەبیندرێن، کە لە ژێر گڵو لمی خانووە چین لە سەر چین دروستکراوەکاندا ماونەتەوە.

## بنیاتنەرانی بالبەک

لە رۆژانی داگیرکردنی خۆرهەلاتی نزیکدا لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە، بە جوانی بیناکردن باشتر دێنە پێشچاو، کە لەوەو پێش خەڵکی ناوچەکە نەیانزانیوە. هەنزا نمونەیەکی باشە بەڵام بالبەک (بلبک) لە سوریادا لەوێش باشترە. هیچ شتێک وەک بنیات نیشانە نییە بۆ نەریتی میللەتان. بەشێک لەم بنیاتانە بەری تێکدانو وێرانکردنی داگیرکەرانی گرتووە. زۆربەی ئەو بەردانە، کە بۆ دروستکردنی پەرستگاکانی بەلبەک بەکارهاتوون ئەوەندە بە نەقارییەکی جوان رێکخراون، کە بە میللی مەتر درزەکانیان دیار نینو هەر بە ووشکە کەڵکیش دروستکراون. هەندێک لەو بەردانە، کە پیتر لە ٦٠٠ تەن سەنگیانە. ئەو بەردانەی بەکارهاتوون، بەردێکی رەقە بە ناوی لایم ستون Limestone. بەڵام هەندێک لە ئەستوونەکان لە گرانێتی سوورن، کە بە دەریادا هێندراونو بە لوبناندا گەیاندراونەتە سوریاو هیچ زانیارییەک لە سەر ئەم بنیاتنانە تۆمارنەکراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مەترسی بوومەلەرزە

ئەم جۆرە بنایتنانی بەردە، بە ئاسانی بە بوومەلەرزە دەڕوخێت، کە لە سوریاو ئێران‌و عێراقیشدا ڕوودەدات.

لە دوو هەزار ساڵەی ڕابردوودا وا دیارە هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی باشتر لەوەی یۆنانی‌و ڕۆمانییەکان روینەداوەو بە شێوەیەکی گشتی بەرەو دوا گەڕاوەتەوە.

بنیاتنانی بابل لەوانەیە زۆر بە مەزنی لە خشت دروستکرابن، بەڵام بە ئاسانی دزراون. تاقی کیراش، کە بەو شێوە لێزانیەش گەچیان بەکارهێناوەو بە خێرایی خشتەکانی ڕاگرتووە. بەڵام وردە وردە دادەخورێن‌و باران دەیانشواتەوە. زۆربەی مزگەوتەکانی عێراق بنیاتی بەردەوام نین هەر لەبەر ئەو هۆیە.

## ڕێگە نوێیەکانی بیناکردن

لە دە ساڵی ڕابردوودا یەکێک لە هەوڵەکانی ئەندازیەرەکانی دەوڵەتی عێراق، ئەوەبوو، کە کەرەستەی وەها بەکاربهێنن خانووی هەمیشەییان لێدروستبکرێت. خشتی سوورەوەکراوی نزیک بە خشتەکانی بابل لە باشیدا، بەکاردەهێنن.

ئێستا لە جیاتی گەچ‌و قوڕ چیمەنتۆی پورتلان بەکاردەهێندرێت بۆ نەخشکاری‌و ڕازاندنەوەی خانووبەرە. بەکارهێنانی دار لە خانووبەرەدا، قەدەغەکراوەو لەجیاتی ئەوە کۆنکریت بەکاردەهێندریت، بەڵام جێگەی داخە، کە ئەم کەرەستانە بەشێوەیەکی نالەبار بەکاردەهێندرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## رەخنەی تاڵ

زۆر سەیرە، کە ئەو هەوڵانەی لە کاتی خۆیدا بەشەکەی ئێمە رادیۆی بۆ باشکردنی رێگەی بنیاتنان، بەزۆری رەخنەی لێگیراوە. گرانی نرخی ئەو کەرەستانەی بەکاردەهێندرێن هۆی سەرەکی بوون، هەرچەندە بنیاتەکان زۆر نایاب بوونو باڵاترن لەوانەی پێش خۆیان. کەرەستەی بەکارهێنانو شێوەی دروستکردن لەژێر چاودێری بەرێوەبەرەکانی بنیاتنانەکاندابوو. لە گەلێک شوێنی عێراقدا، لە بیابانەکانو ناوچەکانی باشووردا خانووبەرەی باش لە کەرەستەی هەمیشەیی دروستکراون. لە هەر شارۆچکەیەکی ناسراودا، یەک دوو بنیاتی جوانی لێدروستکراوە. هەندێک لەو بنیاتانە لە رۆژانێکی ناخۆشدا دروستکراون.

## سەرکەوتنی بنیاتنەران

یەکەم تاقمی بنیاتنەران، کە نێردرا بۆ بیابانی باکووری عێراق لەلایەن رێگرەکانەوە کوژران. بنیاتنەرانی سەرای بارزان رێگەیان لێنەگیرا لەلایەن خێڵەکییەکانەوە ((هەرچەندە زۆر سەیرە)) بەڵام پێداویستییەکانی زۆر گران دەگوازرانەوە، چونکە زیاتر لە ١٦٠ کیلۆمەتر دوور بوو لە هێڵی شەمەندەفەرەوەو بەسەر دوو زنجیرە شاخی گەورەوەو رووباری بێ پرد دا، ئەم پێهەڵسانە کارێکی ئاسان نەبوو. ئەندازیاری بنیاتنان ئێچ. سی. مەیسن پلانی دوو هەزار بنیاتی جۆراوجۆری بۆ عێراق دانابووو زۆربەی ئەوانەی ئێستا بە پێوەن لەو بنیاتانەن. نرخی ئەم بنیاتە هێشتا بۆ دەوڵەت دەرنەکەوتووە.

خانووبەرە لە هەموو شوێنێکو کاتێکدا، کارێکی گەورەی هەیە لە سەر مێشکی مرۆڤ. زۆربەی ئایینەکان لە سەر بنیاتی پەرستگاکانیان راوەستاون، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک رابکێشن. باڵەخانە هەمە نهۆمەکانی نیویۆرک جێگەی سەربەرزی ئەمریکییەکانە چونکە نیشانەی پێشکەوتنی میللەتە. ئێمە چەند رۆژێک دەژینو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرباز دەبین بەڵام بنیات هەر دەمێنێت، ئەگەر بێتو بە باشی دروست بکرێت. لەجیاتی قوللەو قەڵا، کە نیشانەی ترسو سامی دەوڵەتییە، بەڵام لە شوێنە دوورەکانی عێراقدا بنیاتێکی زۆر پێویستە وەک خوێندنگەو نەخۆشخانەو هۆڵی کۆبوونەوەو کتێبخانە شوێنی لێکۆڵینەوەی پیشەسازی کشتوکاڵو شوێنی کاری خەڵک. پێویستە بنیاتنان لە سەر شێوەی ئەندازیاری باش بێت، بەڵام بە داخەوە پلەی باشی بنیاتنانی وڵاتەکە هیچ پێش نەکەوتووە.

## بابەتی خراپ

لە بەغداد خانووبەرەی زۆر هەیە، بەڵام بابەتەکانیان زۆر خراپن لەرووی ئەندازیارییەوە ((ئەم پەرتووکە لە ساڵی ١٩٣٢ دا بڵاوکرایەوەو ئەمڕۆ لە ساڵی ١٩٥٨دا لە بەغدا خانووبەرەی زۆر تازەو نایابی لێدروستکراوە)) رایەڵی شێلمانە ئاسنەکان بەدەرەوەنو بە رەنگی زەق بۆیاخکراونو بناغەی باشیان بۆ نەکراوە، خشتەکان ناسکو کوناوینو خێرا خوێیاوی عەردەکە هەڵدەمژن، کە ئاوەکە بە هەڵم رۆیشت هێڵێکی خوێینی سپی بە دیوارەکەوە بەجێدەمێنێتو لە دواییدا خشتەکان وردە وردە ورد دەبنو دیوارەکانیش هەرەس دەهێنن. خشتی باشی سوورەوەکراو زۆر پێویستە بۆ عێراق، بۆ ئەوەی خوێ کاری تێنەکات. لەم لایەنەوە بەرد لە خشت باشترە. دار هێشتا هەر بەکاردێت لەگەڵ خشتدا بەتایبەتی بۆ سەر دەرگاو پەنجەرەو بانەکانیش زۆری بە دار رایەڵکراون، کە دەبنە مایەی زوو رزینو حەشارگەی مارو مێروو جرجو مشک.

## تێکەڵەی بەرد

ئەستووری دیوارو توانای هەڵگریو چەمانەوەی کولکەکان، رێ بەوە نادەن، کە شێلمان بەکاربهێندرێت بۆ رایەڵکردن لە جیاتی دار، بەتایبەتی، کە سەرجەمی شێلمانەکان بە گەچو خشت چەسپ دەکرێنو لەگەڵ بوونی رێژەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیَدا گەچەکە ژەنگ بە ئاسنەکە دێنێتو رەنگێکی بۆری چڵکنی لێدروست دەبێت.

## بەرگرتنی بوومەلەرزە

بەکارهێنانی چوارچێوەی ئاسنین، بریتییە لەوەی، کە چوارچێوە ئاسنینەکە بەشێوەیەکی دوور لە ژەنگ هێنان بە بەرد، یان بە خشت، یان بە چیمەنتۆ دابپۆشرێت. دیزایینو دامەزراندنی ئەم جۆرە بنیاتانە لە سەر بناغەیەکی ماتماتیکی تایبەت لە هەموو وڵاتاندا دادەمەزرێت. رێگەیەکی بنیاتنانی نوێ بریتییە لە بەکارهێنانی کۆنکرێتی تەندراو، ئەمەش بەوە پێک دیت، کە شیشە ئاسنەکان لە گیراوەیەکی چیمەنتۆو لمی پاکدا نوقم بکرێتو زۆر بە رێکی دابنرێت ئەم شێوەیە زۆر باش خۆی رادەگەرێت بەرامبەر بە بوومەلەرزەو ئاگرو کوونبوونو رزین هەتاکو تێکدانیشی. زۆر بە داخەوە بنیاتنانو کاری ئەندازیاری لە عێراقدا زۆر دواکەوتووە. دەتواندرێت کاری ئەندازیاری باشو جوان بێتە کایەوە لە بەکارهێنانی بەردی جوان، کە لە کوردستاندا پەیدابوون وەک مەرمەری سپیو پەمەیو بەڵەکو سەرپنتینی سەوز Green Serpentine ((جۆرە بەردێکە بریتییە لە سلیکاتی مەگنسیۆمی ئاودار. وەرگێڕ))و ئۆپسدیانی رەش Black Obsidian (بەردێکی ڤوڵکانییە. وەرگێڕ) و گرانایتی بەڵەک Mottled granitesعێراق هیچ کەموکورییەکی نییە لە کەرەستەی دروستکردنی خانوو بەرەو زۆر کەمو وڵات هەیە لە عێراق باشتر بێت.

لە کاتی دروستکردنی خانووبەرەدا دەبێ رێکخستنی ناوەوەی زۆر باش ئەنجام بدرێت. لە وڵاتێکی وەها گەرمدا، کە بۆ چەند مانگێک توانای مرۆڤ بۆ کارکردن ئەوەندە کەم دەبێتەوە فێنککردنی خانووبەرە کارێکی پێویستەو ئەوەندەش کارێکی گران نییە. بە ئاسانی دەتواندرێت رادیتەری شێوەی خۆرئاوایی دابمەزرێندرێت بۆ خولدانی ئاوی گەرم لە زستانداو ئاوی ساردیشی لە هاویندا. باشتریش لەم شێوەیە بردنی هەوا بە بۆری بەرەو ژێرزەمینییەکانو یەک کردنەوەیانو گەرمکردنیان، یان ساردکردنیانو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خولدانی بەناو خانووەکەداو لەپێش هەموو شتێکدا دەبێت دەستبکرێت بە دانانی یاسای تایبەت بە بنیاتنان.

## پاشکۆی دووەم

کورتەی تێچوونی دروستکردنی ریگای رەواندوز
درێژی رێگاکە: لە هەولێرەوە بۆ سەر سنوری ئێران ١٨٥ کیلۆمەتر، کەمترین پانی ٥.٥ مەترو زۆرترین پانی ٦.١ مەتر. رێژەی لێژیی ١/٢٠ قوولی داپۆشینی ٤٥ سانتیم.
هەڵکەندنی نزیک بە ملیۆن یاردی سێ لایی ((٢٠% بەردە))
تێچوونی بەپێی راپۆرتی سەرکردایەتی نزیک بە ٢٠٠٠٠٠ پاوەندی ئیستەرلینی لەگەڵ پردو مەکینەو تەقەمەنیو چادرو کەرەستەو کرێو مووچە، لەناو عێراقداو تێچوونەکانی دەرەوەی عێراق.
کارەکە لە ١٩٢٧دا دەستی پێکردو لە ١٩٣٢ تەواوبوو.

ئەندازیارە بەرپرسیارکان:
دەبلیو جەی. موفات W. j. Moffat
ئارِ ئیلیس R. Ellis
ئەی ئێم هاملٚتن A. M. Hamlton
سەید ئەحمەد شەوقی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی وێنەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



Hewler (Irbil)




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Shaikh Ahmad of Barzani with his Cheiftains



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



The Balkian Bridge



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



Rowanduz from the Air



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




An Altun Keupri Fish




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



The Town of Rowanduz



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Coolies taking their Midday rest, asleep on the Rock




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Assyrian Children



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Half-tunnelled Roadway in the Rowanduz Gorge



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Trewhella Winch Operators controlling bridge erection



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Sayed Huesni Effendi (third from the right) and Shabanas of Shaikh Sayed Taha



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





lurking in these mountains than you are aware of,' he concluded sententiously.

There were certainly risks that I did know about and I had proved the loyalty of these tribal guards on many occasions. They had gone with me on dark nights to arrest armed malefactors among the coolies; they had kept the camp calm when the country was alarmed by a sequence of mysterious murders on the Bazian Pass to Persia, and they had stood by me when the Kurds spoke bitterly of oppression at the hands of the Baghdad Administration and of the indifference of the British to their welfare—even though I was the representative of those powers.


At that time there was much unrest in the land. In 1930 and again in 1931 Sulaimaniyah had risen under Shaikh Mahmud. In 1932 there had been fighting between Shaikh Ahmad, chief of the tribes of Barzan, and a certain Shaikh Raschid, a religious fanatic who, it was said, fought against Shaikh Ahmad because of the latter's leanings towards Christianity. It is true to say that both the combatants were equally fanatical though of very divergent views. Shaikh Raschid had recently made his headquarters in a village not far from my camp. He was a man whom no one trusted. Perhaps it was only because some of his wounded men attended my 'hospital' for treatment that he made no demonstration against us, though doubtless he hated me as an unbeliever. His men came often enough for their dressings, but the chief himself never visited me as most others did.

In these times of disturbance the workmen in the camps were apt to get excited and even my most trusted men would occasionally run amok. A certain 'tindal,' of a road gang one day drank more than was good





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Diwaniyah



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




Kurdish Villagers


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




A Kurdish Ploughman



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




THE ROWANDUZ ROAD



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ROAD
# THROUGH KURDISTAN

*The Narrative*
*of an Engineer in Iraq*

by


A. M. HAMILTON

with a foreword by
Major-General
Rowan-Robinson
C.B., C.M.G., D.S.O.


FABER AND FABER LTD
24 Russell Square
London



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org